فاروق محەمەد محەمەدئەمین

منتدى إقرأ الثقافي
للكتب (كوردى - عربي - فارسي)
www.iqra.ahlamontada.com

منتدى إقرأ الثقافي
----
ww.iqra.ahlamontada.com

سیاسەتی ئێران

بەرامبەر جوڵانەوەی ڕزگاریخوازی کورد لە باشوری کوردستان

(١٩٨٩ - ١٩٧٥)

لتحميل أنواع الكتب راجع: (مُنتَدى إقْرَأ الثَقافِي)

براي دانلود كتابهاى مختلف مراجعه: (منتدى اقرأ الثقافى)

بۆدابەزاندنی جۆرەها کتێب:سەردانی: (مُنتَدى إقْرَأ الثَقافِي)

www. Iqra.ahlamontada.com

www.iqra.ahlamontada.com

للكتب (كوردى ,عربي ,فارسي)

سیاسەتی ئێران بەرامبەر جوڵانەوەی ڕزگاریخوازی کورد لە باشوری کوردستان

(1975 -1989)

فاروق محەمەد محەمەدئەمین

1435 کۆچی   2014 زایینی

ناوی کتێب: سیاسەتی ئێران بەرامبەر جوڵانەوەی ڕزگاریخوازی کورد لە باشوری کوردستان

نووسینی: فاروق محەمەد محەمەدئەمین

نەخشەسازی بەرگ: رەوشت محەمەد

نەخشەسازی ناوەوە: ئیدریس سیوەیلی

نۆرەی چاپ: یەکەم

ساڵی چاپ: 2014

شوێنی چاپ: سلێمانی، چاپخانەی ڕێ نوێ.

تیراژ: (1000) دانە.

نرخ: (7000) دینار

ژمارەی سپاردن: (1095) ساڵی (2014) لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان.

ئەم کتێبە لە بنەڕەتدا نامەیەکی ماستەرە، پێشکەشی بەشی مێژووی کۆلێجی ئەدەبیات/ زانکۆی سەلاحەددین کراوە، لە (2013/5/4) گفتوگۆی لەسەر کراوەو بە پلەی زۆر باشە وەرگیراوە، لیژنەی گفتوگۆ پێکهاتبوو لە: 1ـ د. حەسەن کەریم جاف (سەرۆکی لیژنە). 2ـ د. نازم یونس ئەلزاوی (ئەندام). 3ـ د. ئیسماعیل محەمەد حەساف (ئەندام). 4ـ د. خەلیل عەلی موراد (ئەندامو سەرپەرشتیار).

پێشکەشکردن

ئەم بەرهەمە پێشکەشە

- ❖ بە باوکی بەڕێزو دایکی خۆشەویستم.

- ❖ بە (م. شەهێن) هاوسەری ژیانم، بە (ئەحمەد و ئاران)ی کوڕم کە لەماوەی نووسینی ئەم ماستەرنامەیەدا بێ نازم کردن.

- ❖ بە هەموو ئەو کەسانەی بە دوای ڕاستیدا دەگەڕێن.

- ❖ بە هەموو کوردێکی دڵسۆز.

سوپاس و پێزانین

❖ سوپاسی بێپایانی خوای پەروەردگار دەکەم کە دەرفەتو توانای پێبەخشیم بۆ تەولوکردنی خوێندنم لە سەرجەم قۆناغەکانی خوێندنو نووسینی ئەم ماستەرنامەیەدا.

❖ سوپاسی بەڕێز پ. د. خەلیل عەلی موراد دەکەم کە ئەرکی سەرپەرشتی کردنی ئەم توێژینەوەیەی گرتە ئەستۆی خۆیو بە سەرنجو تێبینیەکانی نامەکەی دەوڵەمەندتر کرد، کە بەبێ هەوڵو ماندووبوونی بەڕێزیان، ئەم کارە بەم شێوەیە نەدەبوو کە ئێستا لەبەر دەستدایە.

❖ سوپاسو پێزانین بۆ سەرۆکی بەشی مێژوو (پ. د. ئەرسن موسا ڕەشید)و مامۆستایانی بەشی مێژووی کۆلێژی ئادابی زانکۆی سەلاحەدین، کە لە ماوەی خوێندنی ئامادەکاری ماستەردا وانەیان پێوتمو ئەرکیان لەگەڵ کێشاوم (پ. د. عیماد عەبدولسەلام ڕەووف، پ. ی. د. ئیسماعیل محەمەد حصاف، پ. ی. د. محەمەد عەبدوڵڵا کاکەسور، د. عوسمان عەلی، د. ئەحمەد عەبدولعەزیز، د. محەمەد جاسم نەداوی).

❖ سوپاس بۆ مامۆستایانی بەشی مێژووی کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتیەکانی زانکۆی سلێمانی کە لە خوێندنی بەکالۆریۆس وانەیان پێ وتووم.

❖ سوپاس بۆ کاك ڕزگار عەبدوڵڵا و م. ڕەسوڵ محەمەد خدر کە ژمارەیەك بەڵگەنامەیان لە ئەرشیفی بەریتانیەوە بۆ ناردم.

❖ سوپاسو ڕێزم بۆ بەڕێزان (د. هێرش عەبدوڵڵا، د. عەبدولسەوەر بارزانی، م. هاوار کەمال میرزا عەبدوڵڵا، کاك نەوزاد عەلی ئەحمەد، کاك ڕەفیق ساڵح (بنکەی ژین)، م. کامەران بابان زادە، م. ئەرکان ئەحمەد، م. ژیلوان عەبدوڵڵا، م. ئیدریس سیوەیلی، کاك محەمەد جەمال، م. فاخر عالیو م. فەهمی کەریم کوردە) کە هەریەك بە شێوەیەك هاوکاریيان کردم.

❖ ڕێزو پێزانینم بۆ ئەو بەڕێزانەی چاوپێکەوتنم لەگەڵیان ئەنجامدا.

❖ سوپاسو پێزانینم بۆ کارمەندە بەڕێزەکانی (کتێبخانەی کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتیەکانی زانکۆی سلێمانی، کتێبخانەی سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجی، کتێبخانەی گشتی سلێمانی، کتێبخانەی مەڵبەندی ڕێکخستنی سلێمانی ی. ن. ك)

لیستی ناو و هێما کورتکراوەکان

کوردییەکان

پ. د. ك، پارتی	پارتی دیموکراتی کوردستان
پاسۆك	پارتی سۆسیالیستی کورد
حدکا	حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران
حسك	حزبی سۆسیالیستی کوردستان
حسیك	حزبی سۆسیالیستی یەکگرتووی کوردستان
حشع	حزبی شیوعی عێراق
س. ك	سەرکردایەتی کاتی
کۆمەڵە	کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران
لاك	لەشکری ئیسلامی کورد
ی. ن. ك، یەکێتی	یەکێتی نیشتمانی کوردستان
س. پ	سەرچاوەی پێشوو
ب. س	بێ ساڵی چاپ
ب. ش	بێ شوێنی چاپ
د.	دکتۆر
هـ. س	هەمان سەرچاوە

عەرەبییەکان

جود	جبهة الوطنية الديمقراطية العراقية
جوقد	جبهة الوطنية القومية الديمقراطية العراقية
د. ت	دون تاريخ
د. م	دون مكان الطبع
م. س	المصدر السابق
م. ن	المصدر نفسة

فارسییەکان

ساواك	سازمان اطلاعات و امنيت كشور، ئاژانسی پاراستنو ئاسایشی وڵات

م. پ   منبع پشین

هـ. م   همان منبع

ئینگلیزییەکان

ئەرشیفی نیشتیمانی بەریتانی   B.N.A: British National Archives

دەزگای هەوالگری ناوەندی ئەمریکا   CIA: Central Intelligence Agency

وەزارەتی دەرەوەو کومنویلثی بەریتانی   F.C.O Foreign & Commonwealth Office

پێڕست

بابەت	لاپەڕە
پێشەکی	9
دەروازە: کورتەیەکی مێژووی سیاسەتی ئێران بەرامبەر جولانەوەی رزگاریخوازی کورد لە باشوری کوردستان (1921- 1975)	19
بەشی یەکەم: سیاسەتی ئێران بەرانبەر جولانەوەی رزگاریخوازی کورد لە باشوری کوردستان (1975-1979)	61
باسی یەکەم: دامەزراندنی پارتە سیاسیەکان لە باشوری کوردستانو هەلگیرساندنەوەی شۆڕش.	63
باسی دووەم: سیاسەتی ئێران بەرامبەر هەلگیرسانەوەی شۆڕش لە باشوری کوردستان.	88
باسی سێیەم: سیاسەتی ئێران بەرامبەر پەنابەرانی باشوری کوردستان لە ئێران.	104
بەشی دووەم: شۆڕشی ئێرانو پەیوەندییەکانی کۆماری ئیسلامی لەگەڵ پارتە سیاسیەکانی باشوری کوردستان (1979- 1980)	125
باسی یەکەم: شۆڕشی ئێرانو سیاسەتی دەرەوەی کۆماری ئیسلامی ئێران.	127
باسی دووەم: کاریگەری شۆڕشی ئێران لەسەر جولانەوەی ڕزگاریخوازی کورد لە باشوری کوردستان.	147
باسی سێیەم: پەیوەندییەکانی ئێرانو پارتە سیاسیەکانی باشوری کوردستان.	158
بەشی سێیەم: کاریگەری جەنگی عێراق- ئێران لەسەر سیاسەتی ئێران بەرامبەر جولانەوەی ڕزگاریخوازی کورد لە باشوری کوردستان (1980-1985)	185
باسی یەکەم: جەنگی عێراق- ئێرانو کاریگەری لەسەر جولانەوەی ڕزگاریخوازی کورد لە باشوری کوردستان.	187

205	باسی دووەم: هەردوو بەرەی (جوقد) و (جود) و ڕۆڵی ئێران لە قوڵبوونەوەی ناکۆکیەکاندا.
240	باسی سێیەم: هەڵوێستو هۆکاری ئێران لە دانوستاندنی نێوان یەکێتیو حکومەتی عێراقدا.
253	بەشی چوارەم: قۆناغێکی نوێ لە سیاسەتی ئێران بەرامبەر جوڵانەوەی ڕزگاریخوازی کورد لە باشوری کوردستان (1985- 1989)
255	باسی یەکەم: کۆتاییهاتنی دانوستاندنی یەکێتیو حکومەتی عێراقو قۆناغی هاوپەیمانێتی کوردو ئێران.
279	باسی دووەم: ڕۆڵی ئێران لە پێشهاتەکانی باشوری کوردستاندا.
310	باسی سێیەم: وەستاندنی جەنگی عێراق- ئێرانو کاریگەری لەسەر جوڵانەوەی ڕزگاریخوازی کورد لە باشوری کوردستان.
323	ئەنجام
327	لیستی سەرچاوەکان
357	پاشکۆکان

پێشەکی

گرنگی توێژینەوەکە:

مێژووی خەباتی جولانەوەی ڕزگاریخوازی کورد لە باشوری کوردستان چەندین قۆناغی یەك لە دوای یەکی بڕیوە، ولاتانی هەرێمیش کە هەریەکەیان پارچەیەکی کوردستانی بە سەردا دابەشکراوە، بە تایبەتی ئێران کاریگەری دیارو بەرچاوی لەسەر جولانەوەی ڕزگاریخوازی کورد لە باشوری کوردستاندا هەبووە، تا ئەو ڕادەیەی چەند جار سیاسەتو هەلویستەکانی کاریگەری ڕیشەیی لەسەر چارەنووسی شۆڕشی کورد لە باشوری کوردستاندا هەبووە.

دامەزراندنی چەند پارتێکی سیاسیو هەلگیرساندنەوەی شۆڕش لە باشوری کوردستان لەلایەن ئەو پارتانەوە، لە ساتەوەختێکی مێژوویی وەك دوای ڕێکەوتننامەی جەزائیرو هەرەسی شۆڕشی ئەیلولی سالی 1975، بە خالێکی وەرچەرخانی گرنگو بە دەستپێکی قۆناغێکی نوێ لە مێژووی خەباتی جولانەوەی ڕزگاریخوازی کورد لە باشوری کوردستان دادەنرێت.

لەبەرئەوە جولانەوەی ڕزگاریخوازی کورد لە باشوری کوردستان لە نێوان سالانی 1975 – 1989، بە یەکێك لە قۆناغە گرنگەکانی مێژووی جولانەوەی ڕزگاریخوازی کورد دادەنرێت، کە تیایدا چەندین هەلکشانو داکشانو ڕووداوی گرنگو نەخوازراو و کارەساتی گەورەی بەخۆوە بینیوە، بە جۆرێك خاوەنی چەند سیمای تایبەتو لایەنی ئەرێنیو نەرێنی خۆیەتی.

ئێران وەك ولاتێکی دراوسێ کە سنورێکی زۆری لەگەل باشوری کوردستاندا هەیە، بە پێی قۆناغەکانیو جۆری سیستەمی فەرمانڕەواییو ڕووداوە ناوخۆییەکانی ئەو ولاتەو جۆری پەیوەندییەکانی لەگەل دەولەتی عێراقدا، کاریگەری گەورەو ڕاستەوخۆی لەسەر جولانەوەی کورد لە باشوری کوردستان لەو ماوەیەدا هەبووە، چ لە پەرەگرتنو گەشەکردنی شۆڕش، یاخود لە خامۆشبوونو جارێکی تر هەرەسی شۆڕش بە شێوازێکی ترو لە فۆڕمێکی تردا.

لەلایەکی ترەوە بە هەند وەرنەگرتنی ئێران وەك هۆکارێکی گرنگ لە ڕووداو و کارەساتەکانی باشوری کوردستانو شێوازی خەباتی پارتەکانی نێو جولانەوەی ڕزگاریخوازی کورد لە بەرامبەر ڕژێمی عێراقو تەنانەت لە پەیوەندی نێوان پارتەکانی باشوری کوردستان لە ناکۆکیو ململانێی نێوانیان، یاخود لە ئاسایی بوونەوەو ئاشتی

نێوانیان، وەك توێژەر ناتوانین بگەین بە وێنەیەکی ڕاستو شیکردنەوەیەکی دروستی ڕووداوەکانو چارەسەرکردنی کێشەکان، بەشێوەیەکی زانستیانە.

هۆکارەکانی هەڵبژاردنی توێژینەوەکە:

خەباتی جوڵانەوەی ڕزگاریخوازی کورد لە نێوان ساڵانی 1975- 1989، لەگەڵ ئەوەی قۆناغێکی گرنگە، بەڵام تا ئێستا لە چوارچێوەی سیاسەتی هەرێمایەتیو بەتایبەتی سیاسەتو هەڵوێستی ئێران بەرامبەریو کاریگەری لەسەر ڕووداو و کارەساتەکانو چارەنوسی خەباتی ئەو قۆناغە توێژینەوەی لەسەر نەکراوە، کە بە وردیو بە شێوەیەکی زانستیانە توێژینەوەی لەسەر بکاتو خاڵ بخاتە سەر پیتەکان، جگە لەوەی کە لە چوارچێوەی توێژینەوەی تری وەك (بزافی ڕزگاریخوازی نەتەوەی کورد لە کوردستانی عێراق لە ساڵەکانی جەنگی عێراقو ئێران دا 1980- 1988)ی (عەلی تەتەر نێروەیی) و (بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد لە باشوری کوردستان 1975- 1980)ی (جەمال فەتحوڵڵا) هەندێك ئاماژە بە سیاسەتی ئێران بەرامبەر جوڵانەوەی کورد کراوە، بەڵام بە شێوەیەکی ورد هەموو قۆناغەکانی ئەو ماوەیەی نەگرتووەتەوەو گشتگیر نیەو زیاتر جەختیان لەسەر لایەنێکی دیاریکراو کردووەتەوە.

هەر بۆیە توێژەر بە پێویستی زانی بە شێوەیەکی وردو گشتگیرانە بۆ دەرخستنی سیاسەتی ئێران بەرامبەر جوڵانەوەی ڕزگاریخوازی کوردو کاریگەری لەسەر ڕووداوەکانی باشوری کوردستان لە هەموو ئەو ماوەیەدا، و هەڵوێستی بەرامبەر هەموو پارتە سیاسیەکانی باشوری کوردستانو جۆری پەیوەندی ئێران لەگەڵ هەریەك لەو پارتانەدا بە پێی قۆناغەکانو سیستەمە سیاسیەکانی ئێرانو کاریگەری ڕووداوە ناوخۆییەکانی ئێران لە سەریو دەرخستنی بەرژەوەندیو هۆکارو ئامانجەکانی ئێران لە گرتنەبەری ئەو سیاسەتو جۆری پەیوەندییانەدا، و خستنەڕووی کاریگەرییەکانی ئێران لە زۆربەی ڕووداو و پێشهاتەکانی باشوری کوردستاندا بە شێوەیەکی وردو زانستیانەو بە پشتبەستن بە سەرچاوە جیاوازەکانو ئەدەبیاتو بەڵگەنامەکانی پارتەکانی باشوری کوردستانی نێو جوڵانەوەی ڕزگاریخوازی کورد، لە دوای هەرەسی شۆڕشی ئەیلول لە ساڵی 1975ەوە تاوەکو داوی وەستاندنی جەنگی عێراق- ئێرانو شکستهێنانی هەوڵەکانی د. موکەرەم تاڵەبانی بۆ گفتوگۆی نێوان پارتە کوردستانیەکانو حکومەتی عێراقیدا لە ساڵی

1989دا، ئەم توێژینەوەیە لەژێر ناونیشانی (سیاسەتی ئێران بەرامبەر جوڵانەوەی ڕزگاریخوازی کورد لە باشوری کوردستان 1975- 1989) بە ئەنجام بگەیەنێت.

میتۆدی توێژینەوەکە:

لە ئەنجامدانی ئەم توێژینەوەیەدا ڕێبازی مێژوویی شیکاری هەڵێنجانمان گرتووەتەبەر، بەوەی لە سەرەتادا ڕووداوەکانو سیاسەتی ئێرانمان بەرامبەری خستووەتە ڕوو و پاشان شیکردنەوەمان بۆ کردووەو دواتر لەبەر ڕۆشنایی ئەو زانیاریو هەڵوێستانەدا چەند ڕاستیو ئەنجام هەڵێنجراوەو لە کوێ توێژەر بە پێویستی زانیبێت سەرنجو ڕەخنەی خۆی خستووەتە ڕوو.

گرفتەکانی بەردەم توێژینەوەکە:

بێگومان هیچ کارێکی زانستیو توێژینەوەی ئەکادیمی بێ کێشەو گیروگرفت نابێت، لە ئەنجامدانی ئەم توێژینەوەیەشدا چەند ئاستەنگێك لە ڕێدابوون، لە سەروی هەموویانەوە، دەست نەگەیشتنی توێژەر وەك پێویست بە ئەرشیفی پارتە سیاسیەکان، لەبەر ئەوەی لە کوردستاندا ئەرشیفێکی نیشتمانی بوونی نییە تا هەلی یەکسان لە بەردەم هەموو توێژەراندا بڕەخسێنێت بۆ گەیشتن بە بەڵگەنامەو دۆکیۆمێنتەکان، جگە لەوەی دەست گەیشتنیش بە ئەرشیفی پارتە سیاسیەکان بەستراوەتەوە بە ئاستی پەیوەندییە حزبیو کەسیەکانەوە، ئەوە جگە لەوەی هەوڵدراوە چەند کەسایەتیەکی بەشدار لە خەباتی جوڵانەوەی ڕزگاریخوازی کورد، کە بەشدار بوون لە دروستکردنی ئەو مێژووەدا ببینرێن، بەڵام بە هۆکاری جیاواز نەتوانرا چاوپێکەوتنیان لەگەڵدا ئەنجام بدرێت، لەگەڵ ئەوەی بەشێك لەو کەسانە یاداشتو بیرەوەرییەکانی خۆیان نوسیوەتەوەو،هاوکات ژمارەیەك بەڵگەنامەیان لە دووتوێی کتیبەکانیاندا بڵاو کردووەتەوە.

پێکهاتەی توێژینەوەکە:

ناوەڕۆکی ئەم نامەیە پێکهاتووە لە دەروازەو چوار بەشو ئەنجام، هەر یەك لە بەشەکانیش بەسەر سێ باسدا دابەشکراون.

لە دەروازەدا لە ژێر ناونیشانی "کورتەیەکی مێژووی سیاسەتی ئێران بەرامبەر جوڵانەوەی ڕزگاریخوازی کورد لە باشوری کوردستان تاکو ساڵی 1975" باس لە

سیاسەتی ئێران لەو ماوەیەداو لە دامەزراندنی دەوڵەتی عێراقەوە تاکو هەرەسی شۆڕشی ئەیلول، بە پێی قۆناغەکان بەرامبەر جوڵانەوەی ڕزگاریخوازی کورد کراوە.

بەشی یەکەم بە ناونیشانی "سیاسەتی ئێران بەرامبەر جوڵانەوەی رزگاریخوازی کورد لە باشوری کوردستان 1975-1979" دابەشکراوە بۆ سێ باس، لە باسی یەکەمدا بە کورتی باس لە دامەزراندنی پارتە سیاسیەکان لە باشوری کوردستان کراوە، پاشان ئاماژە بە هەڵگیرساندنەوەی شۆڕش لە ساڵی 1976دا لەو دۆخە سەختو دژوارەدا کراوە کە باشوری کوردستان لە دوای رێکەوتننامەی جەزائیر بەخۆیەوە بینیوە، باسی دووەمیش تەرخان کراوە بۆ سیاسەتی ئێران بەرامبەر هەڵگیرسانەوەی شۆڕش لە باشوری کوردستان، کە سیاسەتی ئێران بەرامبەر هەڵگیرساندنەوەی شۆڕش لە ساڵانی کۆتایی سەردەمی فەرمانڕەوایی شای ئێراندا خراوەتە ڕوو، هەرچی باسی سێیەمیشە تایبەت کراوە بە سیاسەتی ئێران بەرامبەر پەنابەرانی باشوری کوردستان لە ئێران، کە لە دوای هەڵگیرساندنەوەی شەڕ لە ساڵی 1974داو دوای هەرەسی شۆڕشی ئەیلول ژمارەیەکی زۆر لە پێشمەرگەو خەڵکی باشوری کوردستان وەك پەناهەندە ڕوویان لە ئێران کردو، سیاسەتی ئێران بەرامبەر پەناهەندەکان ڕوون کراوەتەوە، کە سیاسەتێکی خراپی بەرامبەریان گرتبووە بەر، کە خۆی لە هەوڵدان بۆ گەڕاندنەوەیان بۆ عێراقو دوورخستنەوەیان لە ناوچەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بۆ قوڵایی ئێران دەبینیەوە، هەروەها تیشك خراوەتە سەر گوزەرانی سەختی پەنابەران لەو وڵاتەدا.

بەشی دووەمی توێژینەوەکە بە ناونیشانی "شۆڕشی ئێرانو پەیوەندییەکانی کۆماری ئیسلامی لەگەڵ پارتە سیاسیەکانی باشوری کوردستان 1979- 1980" یە، بە هەمان شێوە بۆ سێ باس دابەشکراوە، باسی یەکەم بریتییە لە (شۆڕشی ئێرانو سیاسەتی دەرەوەی کۆماری ئیسلامی ئێران) بە کورتی باس لە شۆڕشی ئێرانو سەرکەوتنی ئەو شۆڕشەو ئەنجامەکانی کراوە کە دواجار کۆماری ئیسلامی ئێرانی لێکەوتەوە، بەوەش سیاسەتی دەرەوەی ئێران گۆڕانی گرنگو بەرچاوی بەسەردا هات، باسی دووەم تەرخان کراوە بۆ (کاریگەری شۆڕشی ئێران لەسەر جوڵانەوەی ڕزگاریخوازی کورد لە باشوری کوردستان)، کە تیایدا قسە لەسەر ئەو کاریگەرییە بەرچاوە کراوە کە شۆڕشی ئێران کردوویەتیە سەر جوڵانەوەی کورد، بە شێوەیەك کە بووەتە هۆی بوژاندنەوەو زیاتر پەرەگرتنی، لە باسی سێیەمی ئەم بەشەدا کە تایبەتە بە (پەیوەندییەکانی ئێرانو پارتە

سیاسیه کوردییه‌کانی باشوری کوردستان) به وردی باس له په‌یوه‌ندییه‌کانی ئێران‌و هه‌ریه‌ك له پارته‌کانی نێو جولانه‌وه‌ی ڕزگاریخوازی کورد له باشوری کوردستاندا کراوه و هۆکاری دروستبوون یاخود دروست نه‌بوونی په‌یوه‌ندییه‌کانیش خراوه‌ته ڕوو.

به‌شی سێیه‌می نامه‌که تایبه‌ته به قسه‌کردن له‌سه‌ر "کاریگه‌ری جه‌نگی عێراق- ئێران له‌سه‌ر سیاسه‌تی ئێران به‌رامبه‌ر جولانه‌وه‌ی ڕزگاریخوازی کورد له باشوری کوردستان 1980- 1985"، ئه‌ویش له سێ باسدا خراوه‌ته ڕوو، باسی یه‌که‌م ته‌رخان کراوه بۆ (جه‌نگی عێراق- ئێران‌و کاریگه‌ری له‌سه‌ر جولانه‌وه‌ی ڕزگاریخوازی کورد له باشوری کوردستان)، له‌م باسه‌دا توێژه‌ر تیشکی خستووه‌ته سه‌ر هه‌لگیرساندنی شه‌ڕی عێراق- ئێران، و کورد وه‌ك هۆکارێکی هه‌لگیرساندنی ئه‌و شه‌ڕه، پاشان ئاماژه‌ی به کاریگه‌رییه‌کانی ئه‌و جه‌نگه له‌سه‌ر خه‌باتی جولانه‌وه‌ی ڕزگاریخوازی کورد له باشوری کوردستان کردووه، هه‌رچی باسی دووه‌مه بریتییه له (هه‌ردوو به‌ره‌ی (جوقد) و (جود) و ڕۆڵی ئێران له قوڵبوونه‌وه‌ی ناکۆکیه‌کاندا)، لێره‌دا هه‌وڵدراوه قسه له‌سه‌ر دامه‌زراندنی ئه‌و دوو به‌ره‌یه بکرێت‌و تیشك خراوه‌ته سه‌ر دابه‌شبوونی پارته کوردییه‌کان به‌سه‌ر ئه‌و دوو به‌ره‌یه‌داو کاریگه‌ری وڵاتانی هه‌رێمی به‌سه‌ر هه‌ریه‌ك له‌و دوو به‌ره‌یه، که دواجار ململانێ‌و شه‌ڕی توندی ناوخۆیی لێکه‌وته‌وه‌و ڕۆڵی ئێرانیش له قوڵبوونه‌وه‌ی ئه‌و ناکۆکیانه‌دا خراوه‌ته به‌رباس، له باسی سێیه‌میشدا که تایبه‌ت کراوه به (هه‌ڵوێست‌و هۆکاری ئێران له دانوستاندنی نێوان یه‌کێتی‌و حکومه‌تی عێراقدا)، هۆکاره‌کانی دانوستاندن به‌تایبه‌تی ئێران وه‌ك هۆکارێکی سه‌ره‌کی دانوستاندنی نێوان یه‌کێتی‌و حکومه‌تی عێراق باسکراوه، هه‌روه‌ها هۆکاره‌کانی هه‌ریه‌ك له یه‌کێتی‌و حکومه‌تی عێراق بۆ ئه‌و دانوستانه خراوه‌ته ڕوو، پاشان په‌یوه‌ستبوونی ئه‌و دانوستانه به جه‌نگی عێراق- ئێران له‌لایه‌نی حکومه‌تی عێراق‌و دواتر باس له هۆکاره‌کانی شکستهێنانی کراوه.

به‌شی چواره‌می ئه‌م توێژینه‌وه‌یه له ژێر ناونیشانی "قۆناغێکی نوێ له سیاسه‌تی ئێران به‌رامبه‌ر جولانه‌وه‌ی ڕزگاریخوازی کورد له باشوری کوردستان 1985- 1989"دایه، که گرنگترین‌و پڕ کاره‌ساتترین قۆناغی جولانه‌وه‌ی ڕزگاریخوازی کورده، توێژه‌ر هه‌وڵیداوه به وردی شیکردنه‌وه بۆ ڕووداوه‌کانی ئه‌و ماوه‌یه بکات، له هه‌مان کاتدا ڕۆڵی ئێران له هه‌ریه‌ك له‌و ڕووداو و پێشهاتانه‌دا به به‌ڵگه‌وه خراوه‌ته ڕوو. ئه‌ویش به دابه‌شکردنی بۆ سێ باس.

باسی یەکەم تایبەتە بە (کۆتاییهاتنی دانوستاندنی یەکێتیو حکومەتی عێراقو قۆناغی هاوپەیمانێتی کوردو ئێران)، تیایدا باس لە هەوڵەکانی یەکێتی بۆ دروستکردنی پەیوەندی لەگەڵ ئێراندا لە دوای کۆتایی هاتنی دانوستاندنی لەگەڵ حکومەتی عێراقدا کردووە، کە لە کۆتاییدا ڕێکەوتننامەی نێوان یەکێتیو ئێرانی لێکەوتەوە، بەوەش پارتە سیاسیەکانی کورد بەگشتی بوون بە هاوپەیمانی ئێران.

باسی دووەمی بەشی چوارەم کە بریتییە لە (ڕۆڵی ئێران لە پێشهاتەکانی باشوری کوردستاندا) بەسەر دوو تەوەردا دابەش کراوە، تەوەری یەکەم (ڕۆڵی ئێران لە ئاشتبوونەوەی گشتیدا)، تێیدا تیشک خراوەتە سەر ئاشتبوونەوەی پارتەکانی کوردستان، لە نێوان یەکێتیو لایەنەکانی بەرەی (جود)دا، لەو بوارەشدا ڕۆڵی ئێران خراوەتە بەر باسو گفتوگۆ، کە دواجار لەسەر دەستی ئێران یەکێتیو پارتی دوای چەند شەڕو ململانێی نێوانیان ئاشتبوونەوەو ئاشتبوونەوەی گشتی هاتە کایەوە، لە تەوەری دووەمیشدا (ڕۆڵی ئێران لە کارەساتەکانی باشوری کوردستاندا)، توێژەر باسی لە ڕۆڵو هۆکاری ئێران لە کارەساتەکانی باشوری کوردستاندا وەك ئەنفالو کیمیایی بارانو ڕاگواستنی گوندەکانی کوردستاندا کردووە، کە لە ئەنجامی ئەوانەشدا خەڵکێکی زۆری باشوری کوردستان بوونە قوربانی ئەو ڕووداو و کارەساتانە.

کۆتا باسی بەشی چوارەم تەرخان کراوە بۆ (وەستاندنی جەنگی عێراق– ئێرانو کاریگەری لەسەر جوڵانەوەی ڕزگاریخوازی کورد لە باشوری کوردستان)، کە لەم باسەدا توێژەر بە کورتی ئاماژەی بە هۆکارەکانی بڕیاری ڕاگرتنی جەنگ لەلایەن ئێرانو ڕابەری کۆماری ئیسلامی ئێرانەوە کردووە، پاشان بە وردی باس لە کاریگەری وەستاندنی جەنگو پاشەکشەی هێزەکانی ئێران لەسەر جوڵانەوەی ڕزگاریخوازی کورد کراوە کە دوای ماوەیەکی کەم جارێکی تر کۆتایی بە خەباتی جوڵانەوەی ڕزگاریخوازی کورد لە باشوری کوردستاندا هات.

شیکردنەوەی سەرچاوەکانی توێژینەوەکە:

لە ئەنجامدانی ئەم توێژینەوەیەدا توێژەر سوودی لە چەندین جۆر سەرچاوە بە زمانە جیاوازەکان وەرگرتووە، کە هەندێکیان خۆیان لە بەڵگەنامە مێژووییەکاندا دەبیننەوە، ئەوانیش بۆ دوو جۆر دابەش کراون، بەڵگەنامە بڵاونەکراوەکان کە بریتین لە نامەی

کەسـایەتیو بەیاننامـەو ڕاگەیانـدراوە حزبیـەکانو ژمارەیـەك بەڵگەنامـەی ئەرشـیفی بەریتانیو ڕاپۆرتی "CIA"، جۆری دووەمیان کە بریتین لە بەڵگەنامە بڵاوکراوەکـان کـە خۆیان لە نامەی کەسایەتیو بەرنامەو ڕاپۆرتی سیاسی کۆنگرەو کۆنفراسو ڕێکەوتننامەو بەیاننامەو ڕاگەیەندراوی پارتـە سیاسـیەکاندا دەبیننـەوە، کـە هەنـدێك لـەو بەڵگەنامانـە ڕاستەوخۆ بەکارمان هێناونو لە پاشکۆی نامەکـەدا داماننـاونو هەندێکیشـیان سـوودمان لێوەرگرتوون، لە هەردوو بارەکەشدا وەك پاراستنی ئەمانەتی زانستی ئاماژە بـەو کـەسو شوێنو سەرچاوانە دراوە کە دەقی بەڵگەنامەکانیان لێوەرگیراوە، لەگەڵ ئـەوەی توێـژەر هەوڵیداوە ئەوەندەی دەستی کەوتبێت لە کاتی قسە کردن لەسەر هەر پـارتێکی سیاسـی بۆ پشتگیری قسـەکانی سـود لـە بـڵاو کـراوەو ئـەدەبیاتی ئـەو پارتـە خـۆی وەربگرێـتو قسەکانیان بە بەڵگە بهێنێتەوە. کە ئەو بەڵگەنامانە بایەخێکی گرنگیان هەیە.

ئەمە جگە لە سوود وەرگرتن لـە چـەندین سەرچـاوەی گـرنگ بـە زمانـە جیاوازەکـانی کوردی، عەرەبی، فارسیو ئینگلیزی، کە بە گشـتی ئـەوانیش بەسـەر دوو جـۆردا دابـەش دەبن کە بریتین لە یاداشتو بیرەوەریو کتێب.

بەشێك لەو سەرچاوانەی کە تا ئەندازەیـەکی بـاش سـوودیان لێـوەرگیراوە بـریتین لـە یاداشتو بیرەوەریـەکانی سـەرکردە سیاسـیو بەشـداربووانی ئـەو ماوەیـەی جوڵانـەوەی ڕزگاریخوازی کورد، لەگەڵ ئەوەی ئەو کەسانە هەریەکەیان سەرکردەو ئەندامی لایـەنێکی سیاسی دیاریکراو بوونو لایەنگرییان پێوە دیارەو هەندێکیان بە ئاشکراش ئاماژەیان بەو لایەنگیرییە کردووە، بۆیە توێژەر بە وریاییەوە مامەڵەی لەگەڵ ئەو سەرچاوانەدا کردووە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئەو سەرچاوانە بەهای خۆیان هەیەو سەرچاوەی گرنگی زانیاری ئەو قۆناغە مێژووییەن کە تیایدا بوون، چونکە ئەوانە لەناو ڕووداوەکاندا ژیاونو دروسـتکەری ئەو مێژووەن.

لە گـرنگترین ئـەو یاداشـتو بیرەوەرییانـەی توێـژەر سـوودی زۆری لێوەرگرتـوون بـە زمانی کوردی بریتین لە کتێبی (لە کەناری دانوبـەوە بـۆ خـڕی نـاو زەنـگ) و (پەنجـەکان یەکتری دەشکێنن) و (خولانەوە لەناو بازنەدا)ی نەوشـیروان مسـتەفا ئـەمین، و هەرسـێ بەرگی کتێبی (چەند لاپەڕەیەك لـە مێـژووی گـەلی کوردمـان) ی (فـاتح ڕەسـوڵ)، بـەرگی یەکەمو دووەمو سێیەمی کتێبی (ڕۆژ ژمێری پێشمەرگەیەك)ی محەمەدی حاجی مەحمود، ئەو سەرچاوانە وێڕای ئەوەی ڕووداوەکانی ئەو سەردەمەیان بە وردی تۆمـار کـردووە، لـە

هەمانكاتدا ژمارەیەكی زۆر نامەو بەڵگەنامەیان لەخۆ گرتووە، كە سوودێكی بەرچاویان بۆ توێژەران هەیە، لەگەڵ بەشی یەكەم‌و دووەمی كتێبی (قەندیل بەغدای هەژاند)ی ڕێباز (ڕەفعەت عەبدوڵلا پیرداود)، و (ئەزموون‌و یاد)ی پشكۆ نەجمەدین.

هەروەك لە یاداشت‌و بیرەوەرییەكان بە زمانی فارسی توانیویەتی كەڵك لە كتێبی (امیدو دلواپسی كارنامەو خاگرات سال 1364) و (اوج دفاع كارنامەو خاگرات سال 1365) و (دفاع‌و سیاست كارنامەو خاگرات سال 1366)ی هاشمی ڕەفسەنجانی وەربگرێت.

هەروەها لە كتێبەكان بە زمانی كوردی كەڵك لە بەرگی سێیەمی كتێبی (بارزانی‌و بزوتنەوەی رزگاریخوازی كورد شۆڕشی ئەیلول 1961– 1975)ی مەسعود بارزانی وەرگیراوە، وێڕای ئەوەی توێژەر توانیویەتی سوود لە چەند سەرچاوەیەكی گرنگی نوسەرانی بیانی كە بۆ سەر زمانی كوردی وەرگێڕدراون وەربگرێت، وەك (مێژووی هاوچەرخی كورد)ی دیڤید ماكداول، (ئیتنۆ نەتەوایەتی كوردی)ی نادر ئینتسار، هەروەك كەڵك لە چەند نامەو تێزی زانستی چاپكراوی وەك (بزاڤی ڕزگاریخوازی نەتەوەی كورد لە كوردستانی عێراق لە ساڵەكانی جەنگی عێراق‌و ئێران دا (1980– 1988)ی عەلی تەتەر نێروەیی، (یەكێتی نیشتمانی كوردستان دامەزراندن‌و دەست پێ كردنەوەی شۆڕش 1975–1976)ی سەروەر عەبدوڕەحمان عومەر، (ژیانی سیاسی لە باشووری كوردستان 1975– 1991) ی سەلام عەبدولكەریم وەرگیراوە.

بێجگە لەوەی لە سەرچاوەكان بە زمانی عەرەبی توێژەر سوودی لە بەشی دووەم‌و سێیەمی كتێبی (القضية الكوردية و حزب البعث العربي الاشتراكي في العراق)ی عەلی سنجاری وەرگرتووە، لەگەڵ لە كتێبی (التيارات السياسية في كردستان العراق)ی صلاح الخرسان، كە بە وردی باس لە دامەزراندن‌و مێژووی پارتە سیاسییەكانی باشووری كوردستان دەكات، هەروەها كەڵكی لە كتێبی (جلال طالباني احداث ومواقف)ی سالار اوسی، كە ئاماژە بە هەندێك لە پەیوەندییەكانی جەلال تاڵەبانی‌و ئێران دەكات، وەرگرتووە.

لە سەرچاوەكان بە زمانی فارسی توانراوە كەڵك لە كتێبی (شلمچه تا حلبچه سيری در جنگ ايران‌و عراق) كە لە لایەن سپاه پاسداران انقلاب اسلامیەوە نوسراوە، و (روز شمار انقلاب اسلامی 1356/1/1 تا 1356/6/31)ی دفتر ادبيات انقلاب اسلامی، و كتێبی

(نقش گروه‌های معارج در روابگ ایران‌و عراق 1375 – 1378)ی حبیب الله ابو الحسن شیرازی و کامران گارمی وەربگیرێت، کە بیرو بۆچوونی لایەنی ئێرانی لەو سەرچاوانەدا ڕەنگیداوەتەوە.

لە سەرچاوەکانیش بە زمانی ئینگلیزی توێژەر توانیویەتی سوود لە کتێبی (essential Histories, The Iran- Iraq war 1980- 1988)ی Efraim Karsh و (The Kurdish Nationalist Movement)ی David Romano وەربگرێت.

لە جۆرەکانی تری سەرچاوە توێژەر سوودی لە چەندین گۆڤارو ڕۆژنامە وەرگرتووە، وەك گۆڤاری (هەواڵنامەی کوردستانی عێراق) و گۆڤاری (کۆمەڵە)، هەروەها ڕۆژنامەکانی (ئیتلاعات) و (کەیهان) و (کوردستانی نویَ)و (خەبات) و (ڕێگای ڕزگاری)، وێڕای ئەوەی کەڵکی لە چەند پێگەیەکی ئەلکترۆنی (ئینتەرنێتی) وەرگرتووە.

بەدەر لە هەموو ئەوانە، توێژەر توانیویەتی سوود لە چەند نامەی ماستەرو تێزی دکتۆرای بڵاو نەکراوە وەربگرێت، ئەمە بێجگە لە چەندین سەرچاوەی تر بە زمانەکانی کوردیو عەرەبیو فارسیو ئینگلیزی.

لە کۆتاییدا ماوەتەوە بڵێین هیچ کارێکی زانستی بێ هەڵەو کەموکورتی نابێت، هەر هەڵەو کەموکورتیەك ڕوویدابێت لە دەرەوەی ویستو ئیرادەی توێژەر بووە، هەوڵمداوە لە پێناو گەیشتن بە ڕاستیەکاندا توێژینەوەیەکی بێلایەنانەو ئەکادیمیانە ئەنجام بدەم، هەر ڕەخنەو سەرنجو تێبینییەکیش خرابێتە ڕوو لە ڕوانگەی دڵسۆزیو خۆشەویستی بۆ نیشتمانو نەتەوەکەمانو بە هیوای سوود وەرگرتن لە ئەزموونەکانی مێژوو و هەوڵدان بۆ دووبارەنەبوونەوەیاندا بووە.

دەروازە:

کورتەیەکی مێژووی سیاسەتی ئێران بەرامبەر جوڵانەوەی رزگاریخوازی کورد لە باشووری کوردستان

(1975 -1921)

دوای هەڵگیرسانی شۆڕشی ساڵی 1920 لە عێراق، بەریتانیا ناچار بوو سیاسەتی خۆی لە عێراقدا بگۆڕێت[1]. بۆ ئەو مەبەستەش یەکەم حکومەتی کاتی بە سەرۆکایەتی عەبدولڕەحمان نەقیب لە 25ی تشرینی یەکەمی 1920دا دامەزراند[2]، کە هیچ وەزیرێکی کورد لەو حکومەتەدا بەشدار نەبوو[3].

لە کۆنگرەی قاهیرەدا کە لە ئازاری ساڵی 1921دا بەڕێوەچوو، فەیسەڵی کوڕی حوسێن (1883-1933) بە پادشای عێراق دەستنیشان کرا، پاشان لە ڕاپرسیەکی گشتیدا کە لە عێراق ئەنجامدرا، کوردانی کەرکوك دژی دەنگدانەکە وەستان و سلێمانیش بەشداری دەنگدانەکەی نەکرد[4]، فەیسەڵ لە 23 ئابی 1921دا لە ئاهەنگێکی گەورەدا تاجی پاشایەتی لەسەر نرا، بەبێ ئەوەی هیچ وەفدێکی کوردی سلێمانی و کەرکوك بەشداری تیادا بکەن[5].

یەکێك لە وڵاتانی دراوسێی عێراق وڵاتی ئێران بوو، کە سنورێکی زۆرو بەرچاویان لەگەڵ یەکتردا هەبوو[6]، لە ئێران ڕەزاخان (1878- 1944) توانی لە شوباتی 1921دا کودەتایەکی سەربازی ئەنجام بدات[7]، و لە ئۆکتۆبەری 1923دا خۆی گەیاندە پۆستی سەرۆك وەزیران، پاشان لە کۆتایی ساڵی 1925دا لە ڕێگەی پەرلەمانی

([1]) سروة اسعد صابر: كوردستان من بداية الحرب العالمية الاولى الى نهاية مشكلة الموصل 1914-1926، الطبعة الاولى، مطبعة وزارة التربية، اربيل، 2001، ص228.

([2])عبدالرزاق الحسني: تاريخ الوزارات العراقية، الجزء الاول،الطبعة السابعة، دار الشؤون الثقافية العامة "افاق عربية" بغداد، 1988، ص 18.

([3]) سروه اسعد صابر: م‌س، ص229.

([4]) مەهدی محەمەد قادر: پێشهاتە سیاسیەکانی کوردستانی عێراق 1945-1958، سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجی کوردستان، سلێمانی، 2005، ل40.

([5]) هـ. س، ل40؛ سروه اسعد صابر: كوردستان الجنوبيه 1926-1939، الطبعة الاولى، دەزگای چاپ و پەخشی حەمدی، السليمانيه، 2006، ص24.

([6]) ئەحمەد محەمەد ناسر باوەڕ: دۆزی کورد لە پەیوەندییەکانی عێراق- ئێراندا (1937-1947)، سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجی کوردستان، سلێمانی، 2010، ل17.

([7]) بۆ زانیاری زیاتر لەو بارەیەوە بڕوانە، حسن كريم الجاف: الوجيز فى تاريخ ايران، دراسة فى التاريخ السياسى من سقوط الدولة القاجارية وظهور رضاه شاه الى سقوط النظام البهلوى فى عهد محمد رضا شاه وقيام الجمهورية الاسلامية، الجزء الرابع، الطبعة الاولى، مطبعة مؤسسة اراس، اربيل، 2008، ص ص42-56.

ئەوکاتی ئێرانەوە توانی کۆتایی بە دەسەڵاتی قاجاری بهێنێو ئەحمەد شای قاجار (1909– 1925)ی لە دەسەلات دوور خستەوەو لە 25 نیسانی 1926دا بەناوی (ڕەزا شای پەهلەوی)ەوە تاجی پاشایەتی لەسەرنا[1].

لە ماوەی ئینتیدابی بەریتانیا لە عێراقدا (1920– 1932)، بەریتانیا بە فەرمی بەرپرس بوو لە بەڕێوەبردنی پەیوەندییەکانی دەرەوەی عێراق[2]، لەگەڵ ئەوەشدا کە ئێران پەیوەندییەکی سیاسیو دیبلۆماسی باشی لەگەڵ بەریتانیادا هەبوو[3]، بەلام بۆ ماوەی چەند ساڵێك دانی بە دەوڵەتی عێراقی تازە دامەزراودا نەنا[4].

کێشەی سنووری نێوان عێراقو ئێران هۆکاری گرژی پەیوەندییەکانی نێوانیان بوو[5]، ئەوەش لە ئەنجامی کێشەو پەیمانە سنوورییەکانی نێوان دەوڵەتی عوسمانیو ئێرانیدا بە میرات بۆ عێراق مابووەوە[6]، کە زۆر جار ململانێی چەکداری لێدەکەوتەوە[7].

هەردوولا بۆ تەنازولی سیاسیو ستراتیژی بە لاکەی تر پەنایان بۆ وروژاندنی کێشە ناوخۆییەکانی یەکتر دەبرد، پرسی کوردیش لە پێشەنگی ئەو کێشانە بوو، کە ڕەهەندی سیاسی لە عێراقدا قوڵتر بوو، بۆیە بۆ ئەو مەبەستە پرسی کورد لە عێراقدا لەلایەن حکومەتە یەك لە دوای یەکەکانی ئێرانەوە قۆسترایەوە[8].

زۆربەی توێژەران پێیانوایە کە هۆکاری کورد زۆرترین کاریگەری لەسەر گرژبوونی پەیوەندییەکانی نێوان هەردوو وڵات هەبووە، لەبەر ئەوەی هۆکارێکی ئامادە بووە بۆ

([1]) کمال مظهر احمد: دراسات فی تاریخ ایران الحدیث والمعاصر، بغداد، 1985، ص ص171–172؛ یاسین سەردەشتی: کوردستانی ئێران لێکۆڵینەوەیەکی مێژوویی لە جووڵانەوەی رزگاریخوازی نەتەوەیی گەلی کورد (1939-1979)، چاپی دووەم، چاپخانەی سیما، سلێمانی، 2011، ل47.

([2]) سعید خدیدة علو: العلاقات الایرانیة العراقیة واثرها فی القضیة الکوردیة فی العراق 14 تموز 1958–8 شباط 1963، الطبعة الاولی، مطبعة حجی هاشم، اربیل، 2006، ص21.

([3]) ئەحمەد بارەڕ: س.پ، ل17.

([4]) سعید خدیدة علو: م.س، ص21.

([5]) خالد سعید توفیق: الموقف الدولی من القضیة الکوردیة فی العراق، مجلة جامعة دهوك، عدد خاص (1)، مایس 1999، ص28.

([6]) سعید خدیدة علو: م.س، ص21.

([7]) خالد سعید توفیق: م.س، ص28.

([8]) م. ن، ص28.

تەقینەوەو تصفیەی حساباتو بەرێوەبردنی ململانێو جەنگەکان، تەنانەت ئەگەر هۆکارەکەش بە هیچ جۆرێك پەیوەندی بە کوردەوە نەبووبێت[1]. ئەمەش بە هۆی درێژبوونەوەی کورد لە سەر سنوری هەردوولا، کە لە سەرەتای مێژووی عێراقی نوێوە سەرچاوەی نیگەرانیو هۆکار بووە بۆ سەرهەڵدانی ململانێو جەنگەکانی نێوان هەردوو وڵات[2].

بەر لە دامەزراندنی حکومەتو دەوڵەتی عێراق، لە 1918/11/17دا (مێجەر نوئێل)ی حاکمی سیاسی بەریتانیا لەبەر دەرکی سەرای سلێمانی لەبەردەم جەماوەرێکی زۆری چینو توێژەکانی سلێمانیدا، بە بەشداری چەندین هۆزی باشوری کوردستانو ئامادەبوونی هەندێك سەرۆك خێڵی کوردی رۆژهەڵاتیش، حوکمداری شێخ مەحمودی (1881- 1956) راگەیاند[3]. دوای گۆڕینی سیاسەتی بەریتانیا بەرامبەر بە حکومەتی شێخ مەحمودو گۆڕینی مێجەر نوئێل بە مێجەر سۆنو هەوڵدانی بۆ نەهێشتنی دەسەڵاتی شێخ مەحمود[4]، لە ئاکامدا راپەڕینی شاری سلێمانی لە دژی بەریتانیای لێکەوتەوەو دواجار لە شەڕی دەربەندی بازیاندا لە حوزەیرانی 1919دا لەشکری شێخ مەحمود شکاو شێخ بە برینداری دەستگیر دەکرێو بۆ بەغداد دەگوێزرێتەوە، لەپاش گۆڕینی حوکمەکەی لە سێدارەوە بۆ بەندی هەتاهەتایی بۆ دورگەی (ئەندامان) لە هیندستان دوور دەخرێتەوەو کۆتایی بە حکومەتی یەکەمی شێخ مەحمود دێت[5].

دوای گەیشتنی هەواڵی شکانی لەشکری شێخ مەحمودو دەستگیرکردنی بۆ سلێمانی، خانەوادەی شێخ مەحمود شاری سلێمانی بەرەو ئێران بەجێدەهێڵنو لەسەرەتادا رووەکەنە مەریوان لە کوردستانی رۆژهەڵاتو پاشان دەچن بۆ سەقزو بانەو بۆ کۆنەشار بۆ لای سمکۆ، لەلایەن دانیشتوانی ئەو ناوچانەوە پێشوازی گەرمیان لێدەکرێتو مێرو

([1]) مثنى امين قادر: قضايا القوميات واثرها على العلاقات الدولية (القضية الكردية نموذجا)، مركز كردستان للدراسات الاستراتيجية، الطبعة الاولى، السليمانية، 2003، ص164.

([2]) م. ن، ص164.

([3]) جەرجیس فەتحوڵلا: وریابوونەوەی کورد مێژووی سیاسی 1900- 1925، بەشی یەکەم، وەرگێڕانی، حەسەن جاف، چاپی یەکەم، چاپخانەی خانی، دهۆك، 2009، ل236؛ سدیق ساڵح: حکومەتی کوردستان 1918- 1924، چاپی دووەم، چاپخانەی شڤان، سلێمانی، 2006، ل31.

([4]) سروة اسعد صابر: كوردستان من بداية الحرب العالمية الاولى...، ص196.

([5]) عەلائەدین سەجادی: مێژووی راپەڕینی کورد، چاپی دووەم، چاپخانەی شاری کورد، ئینتیشاراتی محەمەدی، سەقز، 1996، ل ل58-59.

سەرانی کوردیش لە ناوچەکەدا دەیانپارێزن، لەو ماوەیەدا حکومەتی ئێران بە دوایانەوە دەبێتو داوای ڕادەستکردنەوەیان دەکات، بەڵام ئامادە نابن بیاندەن بەدەستەوە، هەر لەبەر ئەوە حکومەتی ئێران هەریەك لە (سەیفەدین خان) فەرمانڕەوای سەقزو (ڕۆستەم خان) یەکێك لە میرانی ناوچەی بانە، دەگرێتو فەرمانی لەسێدارەدانیان بەسەردا جێبەجێ دەکات[1]. هەر لەو ماوەیەدا شێخ قادری حەفید لە ناوچەی موکریان لەلایەن حکومەتی ئێرانەوە دەستگیر دەکرێتو دەینێرن بۆ هیندستان[2].

بۆ هێورکردنەوەی بارودۆخی شاری سلێمانی بەریتانیا بە ناچاری شێخ مەحمودیان وەك حوکمدار بۆ شاری سلێمانی گەڕاندەوە، و لەلایەن خەڵکی شاری سلێمانیەوە پێشوازیەکی گەرمی لێکرا[3]، و لە 1922/10/10 بە سەرۆکایەتی (شێخ قادری حەفید)ی برای، دووەم حکومەتی کوردستانی ڕاگەیاند[4]، پاشان لە 1922/11/18 وەك مەلیکی کوردستان خۆی ناساند[5].

جوڵانەوەکەی شێخ مەحمود لە باشوری کوردستان کاریگەری خۆی هەبوو لەسەر کوردانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان[6]، هەروەها (سمکۆ شکاك)* لە تشرینی یەکەمی 1922

([1]) کەمال نوری مەعروف: یادداشتەکانی شێخ لەتیفی حەفید لەسەر شۆڕشەکانی شێخ مەحمودی حەفید، چاپی یەکەم، ب. ش، 1995، ل66-75. (لێرە بەدواوە بە یادداشتەکانی شێخ لەتیفی حەفید ناوی دەهێنین).

([2]) هـ. س، ل70 ؛ رفیق حلمی: یادداشت، کوردستانی عێراقو شورشەکانی شیخ مەحمود، بەشی دووەم، ب. ش، ب. س، ل598.

([3]) عەلائەدین سەجادی: س.پ، ل ل63-64.

([4]) یادداشتەکانی شێخ لەتیفی حەفید، ل91.

([5]) ئەحمەد باوەڕ: س. پ، ل44.

([6]) نازناز محەمەد عەبدولقادر: سیاسەتی ئێران بەرامبەر بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی نەتەوەیی کورد لە کوردستانی عێراق 1961-1975، لێکۆڵینەوەیەکی مێژوویی- سیاسییە، چاپی یەکەم، دەزگای ئاراس، هەولێر، 2008، ل69.

* ئیسماعیل ئاغا سمکۆ، کوڕی محەمەد ئاغای کوڕی عەلی ئاغا، سەر بە تیرەی (عەبدۆیی)یە، یەکێکە لە تیرەکانی هۆزی گەورەی شکاك، لە ساڵی 1875 لەدایك بووە، لە دوای جەنگی یەکەمی جیهانیەوە شۆڕشو ڕاپەڕینی دژی دەسەڵاتی قاجاریو ڕەزا شا بەرپا کردووە، توانیویەتی چەند شارێکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان ئازاد بکات، بە ئامانجی دروستکردنی کوردستانێکی سەربەخۆ، ڕۆژنامەیەکی بە ناوی (ڕۆژی کورد - شەوی عەجەم) دەرکردووە، دوای ئەوەی لە لایەن تورکەو ئێرانەوە هێرشی دەکرێتە سەر، لە کۆتایی تشرینی یەکەمی 1922

دێته باشوری کوردستان و ماوەیەك لە پشدەرو پاشان لە هەولێر بەسەر دەبات و لە کانونی دووەمی 1923دا دەگاتە سلێمانی[1]، لەوێ لەلایەن شێخ مەحمودو حکومەتەکەی و چین و توێژەکانی شاری سلێمانیەوە پێشوازییەکی بێ وێنەی لێدەکرێت و لەسەر فەرمانی مەلیکی کوردستان خانووی شێخ مستەفای نەقیبی بۆ تەرخان دەکرێت[2].

لەو ماوەیەدا پەیوەندی نێوان بەریتانیاو شێخ مەحمود بەتەواوی تێکدەچێت و بەریتانیەکان پلان بۆ ڕووخاندنی حکومەتی کوردستان دادەڕێژن و داوا لە سمکۆ دەکەن سلێمانی بەجێبهێڵێت و لە بەرەبەیانی ڕۆژی 1923/3/4دا شاری سلێمانی لەلایەن فرۆکەکانی بەریتانیاوە بۆمباران دەکرێت[3].

شێخ مەحمود بە ناچاری لە 1923/3/4 دا سلێمانی بەجێدەهێڵێت و ڕوودەکاتە جاسەنە لە نزیکی سورداش[4]، لەوێش ئینگلیزەکان لێی ناگەڕێن و ناچار دەبێت سورداشیش بەجێبهێڵێت و ئەمجارەیان بەرەو ئێران دەڕوات و لە ناوچە سنورییەکان دەکەوێتە ململانێ لەگەڵ حکومەتی عێراقدا[5]، هەروەها خانەوادەی شێخ مەحمودیش سلێمانی بەجێدەهێڵن و جارێکی تر ڕوو دەکەنەوە وڵاتی ئێران و لە ناوچەی (دزلی) لە هەواری (هانە ساوا)

دێته باشوری کوردستان و لە کانوونی دووەمی 1923دا دەگاتە شاری سلێمانی و نزیکەی دوو مانگ لەو شارەدا دەمێنێتەوە، لە ساڵی 1926 جوڵانەوەیەکی تری چەکداری دژی دەسەڵاتی حکومەتی ناوەندی ئێران لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەرپا دەکات، دواجار لە تەمموزی 1930 بە پیلانێك لە لایەن حکومەتی ئێرانەوە دەکوژرێت. (ئەحمەد باوەڕ: س. پ، ل ل26- 33).

([1]) عثمان علي: دراسات في الحركة الكردية المعاصرة 1833- 1946 دراسة تاريخية وثائقية، الطبعة الاولى، مطبعة الثقافة، اربيل، 2003، ص419؛ محمد ڕەسوڵ هاوار: سمکۆ (ئیسماعیل ئاغای شکاك) و بزوتنەوەی نەتەوایەتی کورد، چاپی دووەم، چاپخانەی شڤان، سلێمانی، 2005، ل584.

([2]) رفيق حلمي: س.پ، ل ل600-603.

([3]) نەوشیروان مستەفا ئەمین: کوردو عەجەم مێژووی سیاسی کوردەکانی ئێران، چاپی دووەم، سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجی، سلێمانی، 2005، ل ل469-470.

([4]) م. ر. هاوار: شێخ مەحمودی قارەمان و دەوڵەتەکەی خوارووی کوردستان، بەرگی دووەم، چاپی یەکەم، لەندەن، 1991، ل501.

[5]) ئەحمەد باوەڕ: س.پ، ل ل46-47.

دەمێننــەوە[1]، شــێخ مــەحمودیش لــە 1923/5/28دا دەچــێتە گونــدی (پــیران)ی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە دووری (2) میل لە سنوری ئێرانو (10) میل لە پێنجوێنەوە[2].

شـێخ مـەحمودو هێزەکـەی بـە هاوکـاری سـەرۆك هۆزەکـان لـە 11ی تـەموزی 1923دا سلێمانی دەگرنـەوەو ئینگلیزەکانی لێ وەدەردەنێن[3]، و دوای تێپـەڕبوونی چەند ڕۆژێك سێیەم حکومەتی کوردستان پێکدەهێنێت.[4] دواجار سوپای عێراق بە پاڵپشتی هێزی لیڤی ئاسـوریو هێـزی ئاسمـانی بـەریتانیا لـە 1924/7/19دا سـلێمانی دەگرێتـەوەو (چـاپمان) دەکرێتـە سەرپەرشتیاری بەڕێوەبردنی شار[5]، بەمەش سێیەم حکومەتی شێخ مەحمود کۆتایی دێت.

شـێخ مـەحمود بـە ناچـاری جـارێکی تـر لـە تـەمموزی 1924دا ڕوودەکاتـە ناوچـە شاخاویەکانی سنوری ئێرانو لەوێوە جەنگی پـارتیزانی دژی سـوپای عێـراق بـەرپا دەکـات[6]، لەو کاتەشدا پەیوەندییەکانی عێراقو ئێران لە بارێکی خراپدا بوو[7]، بۆیـە ئێـران دانـی بـە دەوڵـەتی عێراقـدا نـەنابوو، لەبـەر ئـەوە کاربەدەسـتانی ئێـران چاوپۆشـییان لـە کـوردانی باشـوری کوردسـتان دەکـرد کـە لـە دژی عێـراق یـاخی دەبـوونو دەچـوونە نـاو خـاکی ئێرانەوە[8].

([1]) م. ر. هاوار: س.پ، ل501.

([2]) هـ. س، ل505.

([3]) عەلائەدین سەجادی: س.پ، ل ل67-68.

([4]) سدیق ساڵح: س. پ، ل160.

([5]) هـ. س، ل172.

([6]) محمود هاتف: روابط ایرانو عراقو مساله اروندرود، چاپ اول، چـاپ مـروی، تهـران، 1371هـ؛ حەسـەن ئەرفەع: کوردەکان، لێکۆڵینەوەیـەکی مێـژووییو سیاسـی، وەرگێرانـی، سـامان عەبـدوڵلا، چـاپی یەکـەم، چاپخانەی گەنج، سلێمانی، 2009، ل182.

([7]) گرژی پەیوەندی نێوان عێراقو ئێران بۆ چەند هۆکارێـك دەگەڕایـەوە، لەوانـە: 1- عێـراق داوای ئێرانـی ڕەتکردەوە بەوەی چاودێرانی لە عێـراق جیـاکی بێگانـە بیانگرێتـەوە، کـە چـاودێرانی چـەند وڵاتێـك لێـی بەهرەمەند بوون، 2- یاسای ڕەگەزنامەی عێراقی کە لە ئابی 1924دا دەرچوو، حکومەتی ئێـران داوای لـە حکومەتی عێراق کرد ماوەکەی درێژ بکاتەوە تا چاودێرانی ئێرانی نیشتەجێ لـە عێـراق هەڵوێسـتی خۆیـان دیاری بکەن لە هەڵبژاردنی ڕەگەزنامەی عێراقی یان ڕەتکردنەوەی، بەڵام عێراق داواکـەی ئێرانـی ڕەتکـردەوە، بڕوانە، (ابراهیم خلیل احمد و خلیل علی مراد: ایران و ترکیا دراسة فی التاریخ الحدیث والمعاصر، دار الکتب للطباعة والنشر، الموصل، 1992، ص159).

([8]) م. ر. هاوار: س.پ، ل566.

شێخ مەحمود بە چاوپۆشی حکومەتی ئێران لە هەردوو ناوچەی هەورامان‌و مەریوان جێگیر بوو بوو و لەوێوە سەرپەرشتی شۆڕشەکەی دەکرد، وێڕای ئەوەی شای ئێران بە باشی مامەڵەی لەگەڵ دەکردن‌و دەیانتوانی خاکی ئێران بەکاربهێنن بۆ هاتوچۆو پێداویستی لەشکرەکەیان لە بازاڕەکانی ئێراندا بکڕن، هەروەها ڕێگری نەدەکرد لەوەی چەند جارێك ئازوقەو یارمەتی جەنگیان لە تورکیاوە پێدەگەیشت[1]. تەنانەت بەپێی بەڵگەنامەیەکی فەرەنسی بە مێژووی 14ی شوباتی 1925 حکومەتی ئێران پشتگیری شێخ مەحمود دەکات‌و چەك‌و جبەخانەی بۆ دەنێرێت، بەدەر لەوەش شێخ دوو تۆپی چیایی لە دەسەڵاتدارانی ئێران دەکڕێت[2]. جگە لەوەی کوردانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان یارمەتیەکی زۆری شێخ دەدەن[3].

ئەم هەڵوێستەی حکومەتی ئێران زۆری نەخایاند، سیاسەتی خۆی بەرامبەر شێخ مەحمود گۆڕی[4]، نەك هەر یارمەتیان لە شێخ بڕی، بەڵکو لەشکریان هێنایە سەری‌و لە پشتەوە گەمارۆی بارەگای شۆڕش‌و ماڵ‌و منداڵەکانیان دان[5]. ئەوەش لەبەر ئەوەی چالاکی‌و هێرشە بەردەوامەکانی شێخ مەحمود، فەرماندەکانی حکومەتی عێراق‌و بەریتانیایان بە ڕادەیەك خستبووە مەترسیەوە، کە بەریتانیاو عێراق داوایان لە ئێران کرد سنورێك بۆ ئەو هێرش‌و پەلامارانە دابنێت کە شێخ مەحمود لەسەر سنورەوە دەیکاتە سەر سەروەری دەوڵەتی عێراق لە سنوری سلێمانی[6].

لە نامەیەکی وەزارەتی دەرەوەی ئێراندا کە لە 1927/1/26دا بۆ وەزارەتی کاروباری دەرەوەی بەریتانیا نێردراوەلە بەشێکیدا دەڵێت: " نیشانە بە نامەی تایبەتیتان کە لە 1927/1/16دا ناردبووتان دەربارەی شێخ مەحمود گەیشت. خۆتان دەزانن شێخ مەحمود یەکێکە لەو دەسەڵاتدارانەی هەتا ئێستە بۆتە هۆی ئاشارامی لەسەر

([1])یادداشتەکانی شێخ لەتیفی حەفید، ل151.

([2]) نەجاتی عەبدوڵلا: شێخ مەحمودی حەفید زادە لە بەڵگەنامەی فرانسی دا 1919-1934، بەرگی یەکەم، چاپخانەی شڤان، سلێمانی، 2006، ل69.

([3]) کامەران ئەحمەد محەمەد ئەمین: کوردستان لەنێوان ململانێی نێو دەوڵەتی‌و ناوچەییدا 1890-1932، چاپی یەکەم، دەزگای چاپ‌و پەخشی سەردەم، سلێمانی، 2000، ل263.

([4]) ئەحمەد باوەڕ: س.پ، ل53.

([5])یادداشتەکانی شێخ لەتیفی حەفید، 158.

([6]) ئەحمەد باوەڕ: س.پ، ل55.

سنووردا. ئەگەر تا ئێستە زیانی لە حکومەتی عراق دابێ ئەوندەش زۆرتر زیان بە ئێرانیش گەیشتووە، لەبەر ئەوە حکومتی ئێران ئەوەی خستۆتە بەرچاو کە پێویستە کۆتایی بەوە بهێنرێ"[1]. پاشان بە مەبەستی لێدانی شۆرشی کورد، ڕێکەوتنێکی سێ قۆڵی لە نێوان هەریەك لە ئێرانو عێراقو بەریتانیادا ئەنجامدرا، بۆیە بە ناچاری شێخ مەحمود داوای کرد دانوستان لەگەڵ کاربەدەستانی عێراقو ئینگلیز بکات لە پێنجوێن[2].

لە ئاکامدا شێخ مەحمودو حکومەتی عێراقی لە حوزەیرانی 1927 ڕێکەوتنێك مۆر دەکەن، بە پێی ئەو ڕێکەوتنە شێخ مەحمود دەبوو لە گوندی (پیران)ی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دابنیشێتو نابێت هیچ چالاکیەکی سیاسی ئەنجام بدات، بێ ڕەزامەندی کاربەدەستانی عێراق– بەریتانیا بۆی نییە بێتە ناو خاکی عێراقەوە، هەروەها یەکێك لە کوڕەکانی بۆ خوێندن بۆ بەغدا بنێرێت، لە بەرامبەردا حکومەتی عێراق بەڵێنیدا بە گێڕانەوەی سەرجەم موڵکەکانی شێخ مەحمود[3]. هەروەها هەر بە پێی ئەم ڕێکەوتنە پەیمانیان پێدابوو دەتوانێت دوای چوار ساڵ بە ڕێگەی دیبلۆماسی سەر لەنوێ داوای مافەکانی کورد بکاتەوە[4].

پەیوەندییەکانی نێوان عێراقو ئێران ئاسایی بۆوە کاتێك لە 24ی نیسانی 1929دا لە ئاهەنگێکی تایبەتیدا کە بۆ وەفدی عێراقی ڕێکخرابوو، ڕەزا شا بە فەرمی دانی بە عێراقدا نا[5]، بەمەش پەیوەندی دیبلۆماسی لە نێوان هەردوو وڵاتدا دامەزرا[6]، لە 22ی تەمموزی 1929دا (عنایت الله سمیعی) یەکەم نوێنەری دیبلۆماسی فەرمی ئێران لە عێراق گەیشتە بەغداد[7].

([1]) وەرگیراوە لە م. ر. هاوار: س.پ، ل676.

([2])یادداشتەکانی شێخ لەتیفی حەفید، ل ل173- 174.

([3]) کەمال مەزهەر: چەند لاپەڕەیەك لە مێژووی گەلی کورد، بەرگی دووەم، چاپی یەکەم، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر، 2001، ل172؛ یاداشتەکانی شێخ لەتیف، ل ل174-175؛ سروە اسعد صابر: کوردستان الجنوبیە 1926-1939، م. س، ص ص34-35.

([4]) یاداشتەکانی شێخ لەتیف، ل174.

([5]) سعید خدیدة علو: م.س، ص29.

([6]) نەوشیروان مستەفا ئەمین: کوردستانی عێراق سەردەمی قەڵەمو موراجەعات 1928-1931، چاپی یەکەم، دەزگای چاپو پەخشی سەردەم، سلێمانی، 1999، ل148.

([7]) سعید خدیدة علو: م.س، ص30.

عێراقیش لەلایەن خۆیەوە لە ئازاری 1931دا نوێنەرایەتی لە تاران کردەوەو تۆفیق سویدی بە نوێنەری دیبلۆماسی بە پلەی وەزیری ڕێپێدراو دانرا[1]، هاوکات دوو قونسولگەری لە کرماشانو محەمەرە کردەوە[2].

تۆفیق سویدی باس لەوە دەکات کە لە کاتی چاوپێکەوتنو گفتوگۆی لەگەڵ تەیمور تاشی وەزیری کۆشکی شاهانەدا (دەربار) بۆی دەرکەوتووە کە پرسی کورد تا ئەندازەیەکی زۆر ئێرانیەکانی سەرقاڵ کردووە، سیاسەتی ئێران لەو کاتەدا دژی کورد بوو و پێداگرییان دەرکرد لەسەر کۆتاییهێنان بە شۆڕشی شێخ مەحمودو پێیان وابوو بەریتانیەکان پشتگیرو هاندەریانە[3].

دوای جێگیر بوونی توفیق سویدی وەك نوێنەری دیبلۆماسی عێراق لە تاران، مەلیك فەیسەل سەردانی تاران دەکاتو لە 25ی نیسانی 1931دا بە سەرۆکایەتی وەفدێك بەغداد بەرەو تاران بەجێدەهێڵێت[4]، لە یەکەم کۆبونەوەی نێوان هەردوولادا لە 28 نیسانی 1931دا وێڕای پرسی (شەتولعەرەب)[5] و نەوت، یەکێك لەو بابەتانەی گفتوگۆی لەسەر دەکەن پرسی کورد دەبێت، تەیمور تاش پێی وایە سیاسەتی عێراق لەگەڵ کوردا سیاسەتێکی نەرمو لێبوردەیە، بۆیە هەوڵدەدات لایەنی عێراقی بە گرتنەبەری سیاسەتێکی هاوشێوەی ئێرانو تورکیا بەرامبەر بە کورد ڕازی بکات[6].

---

(1) توفيق السويدي: مذكراتي نصف قرن من تاريخ العراق والقضية العربية، المؤسسة العربية للدراسات والنشر، لبنان، 2011، ص175.

(2) عبدالرزاق الحسني: تاريخ العراق السياسي الحديث، الجزء الثالث، مطبعة دار الكتب، 1982، لبنان، ص351.

(3) توفيق السويدي: م. س، ص ص181-182.

(4) توفيق السويدي: م. س، ص201.

(5) پرسی شەتولعەرەب یەکێك بوو لە خاڵی ناکۆکی نێوان هەردوو وڵاتی عێراقو ئێران، کە ئەمەی دووەمیان چاوی تێبڕیبوو، بۆ ئەوەش داوای دەکرد هێڵی تالۆك Thalwege "ناوەڕاستی قوڵایی شەتولعەرەب" ببێتە سنوری جیاکەرەوەی نێوانیان لە ئاوی شەتولعەرەب، ئەوەش لە لایەن مەلیك فەیسەڵو دەسەڵاتدارانی عێراقەوە ڕەتکرایەوەو بووە مایەی هەڵکشانی ناکۆکی نێوانیان، تاکو دوای کودەتای سەربازی بەکر سدقی، پەیماننامەی سنوری نێوانیان لە 4ی تەموزی 1937دا واژۆ کرد، لە بەرامبەر داننانی ئێران بە پەیماننامەی ئەستەنبوڵی 1913دا، عێراق ڕازی لە بەشێك لە ئاوی شەتولعەرەب گونجاو بۆ کەشتیوانی (تالوك) بە ئەندازەی 4 میل درێژی لەبەردەم عەبادانداا بۆ ئێران هێنا. بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە، (ابراهیم خلیل احمد و خلیل علي مراد: م. س، ص ص159- 162).

(6) توفيق السويدي: م. س، ص ص206-207.

دوای سەرکوتکردنی ڕاپەڕینی بەردەرکی سەرای سلێمانی لە (6 ئایلولی 1930) داو کوژرانی (12- 13) کەس‌و برینداربوونی چەندین کەسی تر[1]، و دەستگیرکردنی (شێخ قادری حەفید) و چەند کەسێکی تر، کەسوکاری هەندێك لە کوژراوەکان پەنایان برد بۆ (شێخ مەحمود) لە (پیران) و داوایان لێکرد تۆڵەی خوێنی کوژراوەکانیان بۆ بسێنێت[2].

بۆ ئەو مەبەستە شێخ مەحمود لە ئەیلولی 1930دا پیرانی بەجێهێشت‌و بۆ عێراق گەڕایەوەو پێنجوێنی گرت[3]، پاشان بەرەو شارباژێر بەرێکەوت‌و دەستی بە چالاکی سیاسی‌و سەربازی کرد[4]. دواتر شێخ مەحمود هێزەکانی بۆ گەرمیان گواستەوە، بە مەبەستی فشار خستنە سەر کەرکوك‌و گرتنی[5]، لە نزیك گوندی ئاوباریك لە 5ی نیسانی 1931دا شەڕێکی گرنگ‌و یەکلاکەرەوە لە نێوان هێزەکانی شێخ مەحمود لە لایەك‌و سوپای حکومەتی عێراقی‌و هێزە ئاسمانیەکانی بەریتانیا لە لایەکی تر ڕوویدا[6]. شایانی باسە لەم شەڕەدا بێجگە لە زۆربەی عەشیرەتەکانی ناوچەکە، وەك داودەو زەنگەنەو بەشێکی لە تاڵەبانی، هۆزی جاف بە سەرۆکایەتی کەریم بەگی فەتاح بەگی جاف‌و داود بەگی برای بەشداربوون‌و پشتگیری‌و هاوکاری شێخ مەحمودیان کرد، ئەوەش بە خاڵێکی وەرچەرخانی گەورە لە مێژووی جوڵانەوەی ڕزگاریخوازی کورد لە باشوری کوردستان دادەنرێت، بەتایبەتی کە هۆزی جاف یەکێك لە ئێلە بەناوبانگەکانی باشوری کوردستان بوو، لەلایەکی ترەوە پیشتر لەسەردەمی مەحمود پاشای کوڕی حەمە پاشای جافدا لەسەر دەسەڵات‌و خاك‌و ئاو ململانێ لەنێوان بنەماڵەی بەگزادەی جاف‌و بنەماڵەی شێخاندا هەبوو[7].

([1]) بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە، ئاکۆ عەبدولکەریم شوانی: شاری سلێمانی1932-1945، چاپی یەکەم، چاپخانەی تیشك، سلێمانی، 2008، ل ل230- 249.

([2]) نەوشیروان مستەفا ئەمین: کوردستانی عێراق...، ل144؛ سروە اسعد صابر: کوردستان الجنوبیە 1926-1939، ص166.

([3]) محمود هاتف: م. پ، ص27.

([4]) نەوشیروان مستەفا ئەمین:کوردستانی عێراق....، ل144.

([5])هـ. س، ل 149.

([6]) سروە اسعد صابر: کوردستان الجنوبیە 1926-1939، ص187.

([7]) حەسەن جاف: گرنگی شەڕی ئاوباریك 1931 لە مێژووی شۆڕشەکانی شێخ مەحمودی حەفیددا، گۆڤاری مێژوو، ژمارە (6)، هەولێر، چاپخانەی منارە، ساڵی دووەم، بەهاری2008، ل ل 98-99، 105.

حکومـەتی ئێـران لـە سـەر داوای مـەلیك فەیسـەڵ ڕەزامەنـدی لەسـەر ئەنجامـدانی کۆبونەوەیەکی هاوبەش نواند، بۆ ئەو مەبەستەش وەفدێکی هاوبەشـی عێـراق و بـەریتانیا بە فرۆکەی تایبەتی مەلیك گەیشتنە ئێران و هەر سێ لا ڕازیبوون دژی خەباتی گەلی کـورد هاوکاری یەکتر بکەن و کۆبونەوەکە لـە مـەریوان ئەنجامـدرا[1]، بڕیاریانـدا لـە ڕۆژی 14ی مایسـی 1931دا دژی شـێخ مـەحمود لەشکرکێشـی هاوبـەش دەسـتپێبکەن[2]. چـونکە بەدەستهێنانی هەر دەستکەوتێك لەلایەن کوردانی باشـوری کوردسـتانەوە دەبـووە هـۆی جوڵاندنی کوردستانی ئێـران، ئەمـەش بـووە هـۆی هەڵوێسـت وەرگرتنـی ئێـران بەرامبـەر ڕاپەڕینی شێخ مەحمود و هاوکاریکردنی حکومەتی عێراقی کە سەرکوتکردنی شۆڕشـەکەی ئاسـان کرد[3]. ئەمەش یەکەم هاوکاری سەربازی نێوان سوپای عێراق و ئێران بوو، کە بوو بە سـەرەتایەك بۆ کاری لەوەو دوایان[4]، کە چەندین هاوکاریِ تری هەردوولای بۆ یەکتر بە دوادا هات.

دوای ئـەوەی لەشـکری شـێخ مـەحمود لـە شـەڕی ئاوباریـك زیـانی (16) کـوژراو و ژمارەیەك بریندراری لێکەوت و شکا، بەرەو ناوچەکانی سەر سنور پاشەکشەی کردو لە 21 نیساندا چووە نـاو خـاکی ئێـران و لـە گونـدی (پـیران) نیشـتەجێ بـوو[5]، بـەڵام هاوکـات حکومەتی ئێران بە هەماهەنگی لەگەڵ حکومەتی عێراق، هێزەکانی خـۆی لـە مەریوانـەوە هێنـابووە سـەر سـنور بـە مەبەسـتی ئەنجامـدانی لەشکرکێشـی هاوبـەش، بەمـەش شـێخ گەمارۆ درابوو[6]. بۆیە بە ناچاری لە 13ی مایسدا بڕیاریدا خۆی بدات بە دەستەوە و هەر

([1]) کەمال مەزهەر: چەند لاپەڕەیەك لە مێژووی گەلی کورد، ل56.

([2]) نەوشیروان مستەفا ئەمین: کوردستانی عێراق...، ل 149.

([3]) اسکندر مرادی: نقش قدرت های منطقەای و فرا منطقەای در تقسیم کردسـتان (قرائـت ژئوپـولیتیکی)، پایان نامه برای اخذ درجه کارشناسی ارشد در رشته جغرافیای سیاسی، دانشکده جغرافیا، دانشـگاه تهـران، تابستان 1383، ص133.

([4]) نەوشیروان مستەفا ئەمین: کوردستانی عێراق ....، ل 149.

([5]) سـروە اسـعد صـابر: کوردسـتان الجنوبیـە 1926-1939، ص ص187-188؛ عثمـان علـی: م. س، ص570.

([6]) نەوشیروان مستەفا ئەمین: کوردستانی عێراق...، ل150.

ئەو شەوە هاتەوە ناو خاکی عێراق و لە پێنجوێن خۆی بەدەستەوەدا[1]، لەوێوە بە فڕۆکە بۆ خواروی عێراق گواستیانەوەو لە سەماوە دایاننیشاند[2].

کودەتای بەکر سدقی* لە 29ی تشرینی یەکەمی 1936دا ئاسۆیەکی نوێی لەبەردەم ئێراندا کردەوە بۆ گەیشتن بە چەند دەستکەوتێکی نوێ لەسەر حسابی عێراق، دوای تێپەڕبوونی چەند مانگێك بەسەر کودەتاکەدا، پەیماننامەی سنوری لە 4ی تەموزی 1937دا لە نێوان هەردوو وڵاتدا واژۆ کرا[3]. بە پێی ئەم پەیمانە عێراق وازی لە بەشێکی بچوکی شەتولعەرەب لە بەردەم عەبادان بە درێژی نزیکەی 4 میل بۆ ئێران هێنا[4].

دوای تێپەڕبوونی تەنها چوار ڕۆژ بەسەر واژۆکردنی پەیمانی سنوری نێوان عێراق و ئێران، لە 8ی تەموزی 1937دا (پەیمانی سەعد ئاباد) لە نێوان هەر چوار وڵاتی تورکیاو عێراق و ئێران و ئەفغانستاندا واژۆ کرا[5]، کە پێکهاتبوو لە پێشەکیەك و دە بەند، بۆ ماوەی پێنج ساڵ واژۆ کرابوو، لە ساڵی 1942دا کۆتایی دەهات و شایانی تازەکردنەوە بوو[6].

([1]) کەمال مەزهەر: چەند لاپەڕەیەك لە مێژووی گەلی کورد، س.پ، ل60.

([2]) نەوشیروان مستەفا ئەمین: کوردستانی عێراق....، ل150.

* بەکر سدقی کوڕی شەوقی لە ساڵی 1890 لە بەغدا لە دایك و باوکێکی کورد لەدایك بووە، ساڵی 1908 کۆلێژی سەربازی لە ئەستەنبوڵ تەواوکردووە، لە جەنگی یەکەمی جیهانیدا پلەی بۆ موقەدەم بەرزبووەتەوە، ساڵی 1921 پەیوەندی بە سوپای عێراقیەوە کردووەو ساڵی 1928 پلەی بۆ عەقید و دواتریش بۆ فەریق بەرزبووەتەوە، لە ساڵی 1936دا کودەتای ئەنجامداوە، لە ئابی 1937دا لە موسڵ کوژراوە. (ئەحمەد حەمەدئەمین: چەند لاپەڕەیەك لە مێژووی نوێ و هاوچەرخی عێراق، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر، 2010، ل120).

([3]) سعيد خديدة علو: م.س، ص ص40-41.

([4]) ابراهيم خليل احمد و خليل علي مراد: م. س، ص162.

([5]) سروة اسعد صابر: كوردستان الجنوبية 1926-1939، ص311؛ محسن محمد المتولي: كرد العراق منذ الحرب العالمية الاولى عام 1914 حتى سقوط الملكية في العراق عام 1958، الطبعة الاولى، الدار العربية للموسوعات، بيروت، 2001، ص132.

([6]) سروة اسعد صابر: كوردستان الجنوبية 1926-1939، ص313.

ئامانجی سەرەکی بەستنی پەیمانی سەعد ئاباد لێدانی جوڵانەوەی ڕزگاریخوازی کورد بوو، لە کوردستانی عێراق‌و تورکیاو ئێران[1]، چەند مادەیەکی دژی کوردی تێدا بوو، لەوانە مادەکانی (2) و (7)، لە مادەی دووەمدا جەختیان لەسەر ئاسایشی سنور دەکردەوە[2]. مادەی حەوتەم دەڵێت: "هەموو لایەنە هاوپەیمانە سامیەکان بەڵێن دەدەن، لەناو سنورەکانی خۆیاندا، بوار نەدەن بە دامەزراندنی گروپ‌و کۆمەڵە چەکدارەکان، یان هەر ڕێکخستنێك ئامانجی لەناوبردنی دامودەزگاکان بێ کە بونیان هەیە، یان هەستن بە چەند کارێك بە مەبەستی زیان گەیاندن بە ڕژێم‌و ئاسایشی گشتی لە بەشێك لە وڵاتی لایەنەکەی تردا. چ لە ناوچە سنوریەکان بێ یان ناوچەکانی تر، یان زیان بە ڕژێمی فەرمانڕەوای باو بگەیەنێت لە وڵاتی لایەنەکەی تردا"[3].

دوای دەستلەکارکێشانەوەی حیکمەت سلێمان لە پۆستی سەرۆك وەزیران، جەمیل مەدفەعی وەزارەتی چوارەمی لە ساڵی 1937دا پێکدەهێنێت[4]، بڕیار دەدات بە دروستکردنی پەیکەری ئیداری لە ناوچەی پشدەر، بە دروستکردنی قەزایەك‌و دوو ناحیە[5]، بەمەش کێشە دەکەوێتە نێوان حکومەتی عێراق‌و پشدەرییەکانەوە، حکومەتی عێراق بۆ ئەو مەبەستە سوپایەکی زۆر ڕەوانەی ناوچەکە دەکات، سەرۆك هۆزەکانی پشدەریش داوای یارمەتی تفاقی سەربازییان لە حکومەتی ئێران کرد، بەڵام ئەمەی دواییان بەدەم داواکاری کوردەوە نەهات، هۆکاری ئەوەش دەگەڕایەوە بۆ پابەندبوونی هەردوو وڵات بە پەیمانی سەعد ئابادەوە[6]، بەمەش دوای گفتوگۆو ڕێککەوتن لە

([1]) اسکندر مرادی: م. پ، ص134-135؛ عبدالرحمن قاسملو: کوردستان‌و کورد لێکۆڵینەوەیەکی سیاسی‌و ئابوری، وەرگێڕانی، عبدالله حسن زادە، چاپی دووەم، چاپخانەی منارە، هەولێر، 2006، ل71.

([2]) اسکندر مرادی: م. پ، ص134.

([3]) بڕوانە دەقی پەیمانەکە لە: عبدالرزاق الحسنی: تاریخ الوزارات العراقیة، الجزء الرابع، ص ص330-334.

([4]) عبدالرزاق الحسنی: تاریخ الوزارات العراقیة، الجزء الخامس، ص7-9.

([5]) م. ن، ص ص26-27.

([6]) عبدالله احمد رسول پشدەری: یاداشتەکانم لە کۆماری کوردستان، چاپی دووەم، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر، 2009، ل32-33.

نێوانیاندا، حکومەتی عێراق توانی مەبەستی خۆی بهێنێتەدیو دەسەڵاتی بگەیەنێتە ئەو ناوچانە [1].

لە میانەی جەنگی دووەمی جیهانیدا (1939- 1945) دەرفەت بۆ کوردی باشور رەخسا جارێکی تر جوڵانەوەی چەکداری بەرپا بکات، وەك شۆڕشی بارزان ڕوویدا (1943- 1945). کاتێك دوای سەرکوتکردنی ڕاپەڕینی بارزانی (1931- 1932) بە سەرۆکایەتی شێخ ئەحمەدی بارزان لە حوزەیرانی 1932دا پەنایان بۆ تورکیا برد، دوای دەرکردنی بڕیاری لێبوردن لە لایەن حکومەتی عێراقیەوە، لە ساڵی 1934دا خۆیان ڕادەستی حکومەتی عێراق کرد[2]، لە سەرەتادا بۆ موسڵو پاشان بۆ بۆ شارەکانی باشوری عێراق دوور خرانەوەو پاشان بۆ سلێمانیو نزیکەی حەوت ساڵیان لەوێ بردەسەر[3].

دواجار مەلا مستەفا بارزانی (1903- 1979) توانی لە 11ی حوزەیرانی 1943دا بەهۆی شێخ لەتیفی حەفیدو (کۆمەڵەی برایەتی)* لە سلێمانی خۆی دەرباز بکاتو لە ڕێگەی ئێرانەوە خۆی گەیاندەوە ناوچەی بارزان[4].

دوای گەیشتنەوەی مەلا مستەفا بۆ ناوچەی بارزان، لە 2ی تشرینی یەکەمی 1943 شۆڕشی دەستپێکرد[5]، و تا تشرینی یەکەمی 1945 بەردەوام بوو، ئەوە بوو کۆتا

---

(1) عبدالرزاق الحسنی: تاريخ الوزارات العراقية، الجزء الخامس، ص27.

2 عزيز حسن البارزانی: الحركة القومية الكردية التحررية فی كوردستان العراق 1939-1945، الطبعة الاولى، مطبعة وزارة التربية، هەولێر، 2002، ص39.

(3) بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە، ئاکۆ عەبدولکەریم شوانی: شاری سلێمانی1932-1945، چاپی یەکەم، چاپخانەی تیشك، سلێمانی، 2008، ل ل68-69؛ .مەعروف چیاوك: کارەساتی (بارزان)ی زوڵملێکراو، وەرگێرانی ئەبوبەکر ساڵح ئیسماعیل، چاپی دووەم، چاپخانەی ڕۆشنبیریو لاوان، هەولێر، 2009، ل ل161-163.

* کۆمەڵەی برایەتی: ئەم کۆمەڵەیە لە 10ی ئازاری 1937 لە ماڵی شێخ لەتیفی حەفید لە سلێمانی دامەزراوە، بە شێوەی نهێنی کاری کردووە، ئامانجی سەرەکی بریتی بووە لە کوردستانێکی سەربەخۆو دەستەبەرکردنی مافەکانی کورد، تا ناوەڕاستی ساڵانی چلەکانی سەدەی بیست بەشێوەیەکی بەرچاو لە نواندنی چالاکی بەردەوام بووە، پاشان وردە وردە چالاکیەکانی بەرە لاوازی دەچێتو دوای تێپەڕبوونی حەوت ساڵ بەسەر دامەزراندنیدا کۆتایی بە تەمەنی دێت. (ئاکۆ عەبدولکەریم شوانی: س. پ، ل ل164- 171).

(4) هـ. س، ل83؛ مەعروف چیاوك: س.پ، ل166.

(5) عزيز حسن البارزانی: م. س، ص134.

شەڕی سەخت لە 8/8-10/11/ 1945 لە نێوان حکومەتی عێراقو بارزانیەکاندا ڕوویدا، لە کۆتاییدا حکومەتی عێراق توانی بە پاڵپشتی هێزی ئاسمانی بەریتانیا شۆڕشەکە سەرکوت بکاتو بارزانیەکان ناچار بوون لە سنوری عێراق بپەڕنەوەو پەنایان بردە بەر ڕۆژهەلاتی کوردستان(1). دوابەدوای ئەوەش حکومەتی عێراق بە فەرمی داوای لە حکومەتی ئێران کرد بارزانی ڕادەست بکاتەوە، بەلام حکومەتی ئێران رایگەیاند کە لە دەرەوەی دەسەلاتی ئەوانو لە ناوچە داگیرکراوەکانی ژێر دەسەلاتی یەکێتی سۆڤێتدایە(2). بەلام دوای دامەزراندنی کۆماری کوردستان لەسەر بانگهێشتی قازی محەمەد (1901- 1947)، بارزانی دەچێت بۆ مەهابادو لەلایەن سەرکردایەتی حزبی دیموکراتەوە پێشوازی لێکراو لەپلەی ژەنەراڵی کۆماردا خزمەتی کۆماری کوردستانی کرد(3).

دوای کۆتایی هاتنی جەنگی دووەمی جیهانیو ڕێکەوتنی ئێرانو سۆڤیەت، لەسەر کشانەوەی هێزەکانی سۆڤیەت لە هەریەك لە ئازەربایجانو کوردستانی ئێران(4)، هێزکانی ئێران توانیان لە 17ی کانونی یەکەمی 1946دا مەهاباد داگیر بکەنو کۆتاییان بە تەمەنی کورتی کۆماری کوردستان هێنا(5)، پاشان لە دوای دادگایی کردنێکی رواڵەتیانە لە دادگایەکی سەربازییدا، لە 31ی ئازاری 1947دا (قازی محەمەد، سەیفی قازیو سەدری قازی) لە مەیدانی چوارچرا لە مەهاباد لە سێدارە دران(6).

---

(1) ئازناز محەمەد عەبدولقادر: س. پ، ل79؛ مسعود بارزانی: بارزانیو بزوتنەوەی رزگاریخوازی کورد، بەرگی یەکەم 1931- 1958، ب. ش، هەولێر، ب. س، ل ل109، 150- 166.

(2) ئەحمەد باوەڕ: س. پ، ل200. لە (ئابی 1941)ەوە ئێران لەلایەن بەریتانیاو یەکێتی سۆڤیەتەوە داگیر کرابوو، ناوچەکانی باشور لەژێر دەسەلاتی بەریتانیاو ناوچەکانی باکور لەژێر دەسەلاتی یەکێتی سۆڤیەتدا بوون، تەنها شارەکانی تارانو ئەسفەهانو مەشهەد لەژێر دەستی حکومەتی ئێراندا مابووەوە. بڕوانە، (ابراهیم خلیل احمد و خلیل علی مراد: م. س، ص ص163- 165).

(3) ئازناز محەمەد عەبدولقادر: س. پ، ل80؛ ل51. نەوشیروان مستەفا ئەمین: حکومەتی کوردستان کورد لە گەمەی سۆڤێتی دا، چاپی دووەم، سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجی، سلێمانی، 2006. ل184.

(4) سعید خدیدة: م. س، ص49.

(5) عبدالرحمن قاسملو و عبدالله حسن زادە: کورتە مێژووی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران، چاپی یەکەم، 2002، ل ل97-101؛ عبدالرحمن قاسملو: س. پ، ل90.

(6) یاسین سەردەشتی: س. پ، ل370؛ مسعود بارزانی: س. پ، بەرگی یەکەم، ل213.

پاش دەستگرتنی تەواوی حکومەتی ئێران بەسەر ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا، لە 17ی کانونی یەکەمی 1946دا داوای لە سەرجەم هۆزە کوردییەکان کرد لە ماوەی کەمتر لە بیست ڕۆژدا چەکەکانیان ڕادەستی هێزەکانی حکومەت بکەن، هەندێك لە سەرۆك هۆزەکانی کورد بەدەم ئەم داوایەوە چوون[1]. بەڵام بارزانیەکان ئەم داوایەی حکومەتی ناوەندی ئێرانیان ڕەتکردەوەو نەك هەر چەکیان دانەنا، بەڵکو لەگەڵیاندا کەوتنە شەڕێکی نابەرامبەرو دژوارەوە[2].

لە 17ی ئازاری 1947دا هێزێکی گەورەی سوپای ئێران هێرشیان بۆ سەر بارزانیەکان دەستپێکردو دوای ڕوودانی چەندین شەڕ لە نێوانیانداو بەرگرییەکی بێ وێنەی بارزانیەکان لەو شەڕانەدا[3]. دواجار بارزانیەکان بەدەم شەڕو لەژێر بۆمبارانی تۆپخانەو فڕۆکەکانی ئێراندا، لە 1947/4/17دا گەیشتنە سەر سنوری عێراق، حکومەتی عێراق لەلای خۆیەوە ئامادە نەبوو لێبوردنی گشتیان بۆ دەربکات، بۆیە بە ناچاری بوون بە دوو بەشەوە، بەشێکیان کە چەند هەزار کەسێك دەبوون، زۆربەیان پێکهاتبوون لە ژن‌و منداڵ‌و پیرو نەخۆش، لەگەڵ شێخ ئەحمەد بارزانی‌و ئەفسەرە کوردەکان جگە لە میرحاج خۆیان ڕادەستی حکومەتی عێراق کردەوە، ئەمانە لە دیانە بە دەسبەسەری خرانە ناو تەلبەندو ژێر چاودێریەوە، بەشەکەی تریشیان کە پێکهاتبوون لە نزیکەی (500) چەکدار بە سەرۆکایەتی مەلا مستەفا، خۆیان ئامادە کرد بۆ ڕۆیشتن بەرەو یەکێتی سۆڤیەت[4].

ئەوە بوو دوای بڕینی سنوری عێراق– ئێران چوونە ناو خاکی تورکیا، لەوێوە جارێکی تر هاتنەوە ناو سنوری ئێران بۆ ڕۆژهەڵاتی کوردستان[5]، پاش بڕینی ماوەی نزیکەی

---

[1]) سعيد خديدە: م. س، ص49.

([2]) عبدالرحمن قاسملو: س. پ، ل90.

([3]) هـ. س، ل ل90-91؛ ئەحمەد باوەڕ: س. پ، ل ل256-257.

([4]) زرار سلێمان بەگ دەرگەڵەیی: بیەوەریەکانم لە ساڵانی 1943-1977، چاپخانەی ڕەهەند، سلێمانی، ب. س، ل152؛ ئەحمەد باوەڕ: س. پ، ل259؛ نەوشیروان مستەفا ئەمین: حکومەتی کوردستان...، س. پ، ل283.

([5]) نازناز محەمەد عەبدولقادر: س. پ، ل82.

(300) کیلۆمەتر بەپێو چەندین شەڕی سەخت لەگەڵ حکومەتی ئێراندا[1]، لە 18ی حوزەیرانی 1947دا بەتەواوی لە ڕووباری ئاراس دەپەڕنەوەو دەچنە ناو خاکی یەکێتی سۆڤێتەوە[2].

لە 24ی شوباتی 1955دا پەیماننامەیەك لە نێوان عێراقو تورکیادا بەسترا، کە بوو بە بناغەی پەیمانی بەغداد لە دواتردا[3]، ئەم پەیماننامە دووقۆڵیە لەنێوان هەریەك لە عەدنان مندریس (1899- 1961) سەرۆك وەزیرانی تورکیاو نوری سەعید (1888- 1958) سەرۆك وەزیرانی عێراقەوە واژۆ کرا[4].

بەریتانیا لە پشت پەیمانی بەغداوە بوو، کە لە 4ی نیسانی هەمان ساڵدا لە ڕێگەی ڕێکەوتننامەیەکی تایبەتەوە لەگەڵ عێراقدا بوو بە ئەندام تیایدا[5]، پاشان پاکستان لە 22 ئەیلولی 1955 بوو بە ئەندام تیایداو دواجار ئێرانیش لە 11ی تشرینی یەکەمی 1955 چووە ناو پەیمانی بەغداوە[6].

یەکێك لە هۆکارو ئامانجە سەرەکیەکانی بەستنی ئەم پەیمانە لەلایەن هەریەك لە عێراقو تورکیاو ئێران، لێدانی جولانەوەی کورد بوو[7]، یەکەم بەرهەمی پەیمانەکەش لێدانی هۆزی (جوانرۆ) بوو لەلایەن حکومەتی ئێرانەوە، بە ئامانجی سەرکوتکردنی جولانەوەی بەرگری کورد، کە لەلایەن جولانەوەیەکی نیشتیمانی یەکگرتووەوە سەرکردایەتی دەکرا[8].

لەژێر کاریگەری شۆڕشی 23ی تەمموزی 1952ی میسر، یەکەم شانەی نهێنی (ئەفسەرە ئازادیخوازەکان)[9] لە نێو ڕیزەکانی سوپای عێراقدا لە هەمان ساڵداو لەلایەن

---

(1) عبدالرحمن قاسملو: س. پ، ل91.

(2) مسعود بارزانی: س. پ، بەرگی یەکەم، ل229- 230.

(3) محسن محمد المتولي، م. س، ص138.

(4) محمود هاتف: م. پ، ص36.

(5) مەهدی محەمەد قادر: س. پ، ل310.

(6) اسكندر مرادي: م. پ، ص127.

(7) جليلي جليل واخرون: الحركة الكردية في العصر الحديث، ترجمة، عبدي حاجي، الطبعة الاولى، دار الرازي، بيروت، 1992، ص216.

(8) محسن محمد المتولي، م. س، ص138.

(9) بۆ زانیاری زیاتر لەمەڕ ڕێکخراوی ئەفسەرە ئازادیخوازەکانو شێوازو پێکهاتەیان، ئامانجیان، بەشداری کورد تیایدا، بڕوانە، (مەهدی محەمەد قادر: س. پ، ل329- 339).

هەندێ لە ئەفسەران بە سەرۆکایەتی (رەفعەت حاج سری) پێکهێنرا[1]. دواجار لە کاتژمێر 6ی بەرە بەیانی رۆژی 14ی تەممووزی 1958، لە ئێزگەی رادیۆی بەغداد ئەنجامدانی شۆڕش لەلایەن سوپاو ڕووخاندنی ڕژێمی پاشایەتیو هاتنە کایەوەی کۆماریان راگەیاند[2].

شۆڕشی 14ی تەمموز بە وێستگەیەکی گرنگی مێژووی هاوچەرخی عێراق دادەنرێت، کە کۆتایی بە ڕژێمی پاشایەتی هێنا کە لە سالی (1921-1958) بەردەوامبوو، و یەکەم کۆماری عێراق دامەزرا[3]. عەبدولکەریم قاسم (1914- 1963) بوو بە سەرۆک وەزیرانو وەزیری بەرگریو هاوکات فەرماندەی هێزە چەکدارەکانیش بوو، عەبدولسەلام عارفیش (1921- 1966) بوو بە جێگری سەرۆک وەزیرانو وەزیری ناوخۆو لەهەمانکاتدا جێگری فەرماندەی هێزە چەکدارەکانیش بوو[4].

هەر لەدوای ڕاگەیاندنی شۆڕش بە کەمتر لە کاتژمێرێك پارتی دیموکراتی کوردستان لە کەرکوك بروسکەیەکی پیرۆزباییان بۆ سەرکردایەتی شۆڕش ناردو پشتیوانی خۆیان بۆ شۆڕش دەربڕی، هاوکات هەر لە یەکەم رۆژی ڕاگەیاندنی شۆڕشدا جەماوەری شارەکانی کوردستان بۆ پالپشتی شۆڕش خۆپیشاندانیان ئەنجامدا[5].

([1]) عبدالفتاح علی البوتاني: التطورات السياسية الداخلية في العراق 14تموز 1958-8شباط1963، الطبعة الاولى، مطبعة خاني، دهوك، 2007، ص41؛ مەهدی محمد قادر: س. پ، ل ل329-330.

([2]) مەهدی محمد قادر: س. پ، ل339.

([3]) میڤان عارف بادی: موقف الاحزاب السياسية العراقية من القضية الكوردية (1946-1970)، الطبعة الاولى، مطبعة خاني، دهوك، 2008، ل164.

([4]) فیبی مار: مێژووی نوێی عێراق، وەرگێرانی، حەمە شەریف حەمە غەریبو شێرکۆ ئەحمەد حەویز، چاپی یەکەم، چاپخانەی رۆژهەلات، هەولێر، 2011، ل139.

([5]) بۆ زانیاری زیاتر لە بارەی هەلوێستی پارتی دیموکراتی کوردستانو خەلکی کوردستان بەرامبەری شۆڕشی 14ی تەمموز، بڕوانە، جەلال تالەبانی: کوردستانو بزوتنەوەی نەتەوەیی کورد، وەرگێرانی، ح-ا، کتێبخانەی جەمالی عەلی باپیر، 2011، ل ل281- 283؛ سعد ناجي جواد: العراق والمسالة الكردية 1958- 1970، د. م، د. ت، ص ص35- 37؛ میڤان عارف بادی: الحركة القومية الكردية التحررية في كردستان العراق 1958- 1963، الطبعة الاولى، الدار العربية للموسوعات، بيروت، 2006، ص ص49- 56.

لەلای خۆیەوە عەبدولکەریم قاسمیش لە سەرەتادا هەڵوێستی باشی هەبوو بەرامبەر بە کورد، ئەنجومەنی سەروەری پێکهێنا کە دەسەڵاتی سەرۆکایەتی کاتی کۆمار بوو، سێ کەسایەتی لەخۆ دەگرت ئەوانیش: محەمەد نەجیب روبەیعی (عەرەبی سوننی)و محەمەد مەهدی کوبە (عەرەبی شیعە)، و خالید نەقشبەندی (کوردی سوننی)، بە تێڕوانینی عەبدولکەیم قاسم ئەنجومەنێکی نمونەیی بوو، لەبەر ئەوەی سێ کەسایەتی دیاری ئەو کاتەی کۆمەڵگەی عێراقی لەخۆ دەگرت(1)، ئەمەش بۆ ڕازیکردنی هەرسێ پێکهاتە سەرەکیەکەی عێراق دانرابوو(2). وێڕای ئەوەی لە دەقی مادەی سێی دەستوری کاتی عێراقدا کە لە 27ی تەمموزی 1958 دا ڕاگەیەندرا، هاتووە کە "عەرەبو کورد لەم نیشتمانەدا هاوبەشنو ئەم دەستورە دان بە مافە نەتەوەییەکانیاندا دەنێت لە چوارچێوەی یەکێتی عێراقدا" ئەوەش هەنگاوێ بوو کە لە یاسای بنەڕەتی، دەستوری سەردەمی پاشایەتیدا بوونی نەبوو(3).

دوای شۆڕشی 14ی تەمموز، زەمینە بۆ گەڕانەوەی مەلا مستەفا بارزانی سازکراو لە 6 تشرینی یەکەمی 1958 گەیشتە بەغدا(4)، ئەمە وێڕای دەستەبەرکردنی چەند مافێکی فەرهەنگیو نەتەوەیی بۆ کورد، لە بەرامبەریشدا پارتیو مەلا مستەفا پشتگیری (عەبدولکەریم قاسم)یان دەکرد دژی ڕکابەرو نەیارانی حکومەتو ڕژێمەکەی(5).

دواجار لە ئەنجامی چەندین هۆکار لە کۆتایی ساڵی 1959 و سەرەتای ساڵی 1960ەوە پەیوەندییەکانی نێوان کوردو قاسم بەرەو گرژیو ئاڵۆزی ڕۆیشت، بە جۆرێك

---

(1) سعد ناجي جواد: م. س، ص35؛ میڤان عارف بادی: موقف الاحزاب السياسيه...، ص164.

(2) فیبی مار: س. پ، ل139.

(3) عبدالخالق حسين: ثورة14 تموز 1958 العراقية و عبدالكريم قاسم، الطبعة الاولى، دار الحصاد للنشر والتوزيع، دمشق، 2003، ص ص100-101.

(4) میڤان عارف بادی: الحركه القوميه الكرديه، م. س، ص60؛ واحید عومەر محێدین: دانوستانەکانی بزوتنەوەی رزگاریخوازی نەتەوەیی کوردو حکومەتەکانی عێراق (1921-1968)، سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجی کوردستان، سلێمانی، 2006، ل82؛ مسعود بارزانی: بارزانیو بزوتنەوەی رزگاریخوازی کورد، بەرگی دووەم 1958- 1961، ب. ش، هەولێر، ب. س، ل51.

(5) بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە، میڤان عارف بادی: موقف الاحزاب السياسيه...، ص ص167- 168؛ عبدالخالق حسين: م. س، ص 102؛ عبدالفتاح علي البوتاني: التطورات السياسية...، ص ص290- 291؛ جەلال تاڵەبانی: س. پ، ل276.

گرتنەبەری سیاسەتێکی دژ بە گەلی کوردی لەلایەن قاسمەوە لێکەوتەوەو لە هەموو ئەو بەڵێنانەی بە کوردی دابوو پاشگەزبووەوە، بە ڕادەیەك لە ساڵی 1961 دا گرژیو ئاڵۆزی نێوان قاسمو کورد گەیشتە لوتکە، لە ئاکامی ئەوەشدا شەڕی نێوان حکومەتی قاسمو گەلی کورد سەریهەڵداو لە 11ی ئەیلولی 1961دا شۆڕشی ئەیلول هەڵگیرسا[1].

کۆتاییهێنان بە ڕژێمی پاشایەتیو کشانەوەی عێراق لە پەیمانی بەغدا لە ئازاری 1959و نزیکبوونەوەی لە یەکێتی سۆڤیەت، بوونە مایەی نیگەرانی شای ئێرانو پەیوەندییەکانی نێوان عێراقو ئێران بە خێرایی بەرەو تێکچون دەچوو[2]، شای ئێران لە چاوپێکەوتنێکدا لە تشرینی دووەمی 1959دا ڕایگەیاند: "ڕووبارێك کە سنوری دوو وڵاتە ناکرێ تەنیا یەك لایەن کەڵکی لێ وەربگرێ"، لە وەڵامدا عەبدولکەریم قاسم ووتی: "ڕێکەوتننامەی 1937 بەسەر عێراقدا سەپێندراوەو عێراق وەك بەخشش نزیکەی 5 کیلۆمەتر [وەك هاتووە] لە ڕووباری شەتولعەرەبی بە دراوسێکەی داوە"[3]. هەروەها قاسم لەلای خۆیەوە ڕێکەوتننامەکەی هەڵوەشاندەوەو فەرمانی بە هێزەکانی عێراق کرد ڕێگە نەدەن تانکەرە ئێرانیەکان سوود لە شەتولعەرەب وەربگرن[4].

---

(1) بۆ زانیاری زیاتر لەسەر هۆکارەکانو چۆنێتی هەڵگیرسانی شۆڕشی ئەیلول بڕوانە، مسعود بارزانی: بارزانیو بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد شۆڕشی ئەیلول 1961-1975، بەرگی سێیەم، بەشی یەکەم، چاپی یەکەم، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر، 2004، ل ل30- 37؛ ڕاحید عومەر محێدین: س. پ، ل ل85-94؛ نازناز محەمەد عەبدولقادر: س. پ، ل ل103- 109؛ نامانج حەسەن ئەحمەد: برایم ئەحمەد ڕۆڵی لە بزاڤی ڕزگاریخوازیو ڕووناکبیریی گەلی کورددا 1914-2000، چاپخانەی ڕەنج، مەڵبەندی کوردۆلۆجی، سلێمانی، 2009، ل ل162- 174؛ هاوکار کریم حمه شریف: شۆڕشی ئەیلول، لێکۆڵینەوەیەکی مێژوویی لە ڕێکخستنو چالاکییە سەربازییەکان (1961- 1970)، چاپی یەکەم، چاپخانەی زانکۆی سەلاحەددین، هەولێر، 2012، ل ل44- 66.

(2) فیبی مار: س. پ، ل175.

(3) وەرگیراوە لە نازناز محەمەد عەبدولقادر: س. پ، ل33.

(4) نادر انتصار: سیاست کردها در خاورمیانه، ترجمه، عرفان قانع فرد، چاپ اول، چاپ رامین، تهران، 1390، ص ص234- 235.

حکومەتی ئێران کاری دەکرد بۆ ڕووخاندنی ڕژێمی نوێو گێڕانەوەی ڕژێمی پاشایەتی لە عێراقداو بۆ ئەو مەبەستە ساواك پرۆژەیەك ئامادە دەکاتو (عیسا پەژمان)* کە لێپرسراوێکی ساواك بوو بۆ ئەو کارە رادەسپێرێت[1]. هەروەها شای ئێران دەڵێت: "هەموو ڕۆژێ لە ڕۆژنامەو گۆڤارو جاروباریش بە شەو لە رادیۆی بەغداد هێرشمان دەکەنە سەرو ڕۆژنامەی خەبات ئۆرگانی پارتی دیموکراتی کوردستانی عێراق نە تەنیا هێرش بەڵکو سوکایەتیشمان پێ دەکاتو ئەوەمان پێ قبوڵ ناکرێ"[2].

گەڕانەوەی مەلا مستەفا بۆ عێراقو سەردانی بۆ ناوچەکانی باشوری کوردستان کاریگەری زۆری هەبوو لەسەر کوردانی ئێران[3]، ئەمەش دەبێتە مایەی نیگەرانیو مەترسی حکومەتی ئێران لە جوڵاندنی کوردستانی ئێران لە ڕووی هەستی نەتەوەییو ڕزگاریخوازییەوە، بۆیە بە بایەخەوە لەم پرسە دەڕوانێو ساواك کار دەکات بۆ ڕێگرتن لە ئەگەری هەر مەترسییەکی چاوەڕوانکراو[4].

---

* عیسا پەژمان: باوکی ناوی عەبدوڵلایە لە ساڵی 1924 لە شاری سنە لەدایك بووە، باوکی خەڵکی کرماشانو دایکی خەڵکی شاری سنەیە، کۆلێژی ئەفسەرانی لە ساڵی 1943 تەواو کردووە، دوای دروستکردنی ساواك، بۆ ئەوێ دەگوێزرێتەوەو لە ئیدارەی دەرەوەی ساواكو دواتر لە بەشی کوردستان کاردەکات، پاشان بە بەرپرسی بەشی کوردستان دادەنرێت، بەرپرسی نوێنەرایەتی ساواك لە عێراق بووە، دوای شۆڕشی عەبدولکەریم قاسم بە ئامانجی سازدانی کودەتا بەسەریدا هاتۆتە عێراق، لەسەر پێشنیاری ئەو بە مەبەستی ڕاکێشانی کورد بە لای ئێراندا، ڕۆژنامەی کوردستان لە ئێرانو بەرنامەی کوردی لە ڕادیۆو تەلەفزیۆن دادەنرێت، لەسەر داواو پێشنیاری ئەو، شا پەیوەندی بە کوردەوە دەکات، ئەندازیاری دروستکردنو بەرپرسی پەیوەندییەکانی ساواكو شۆڕشی ئەیلول بووە، دژی مەلا مستەفاو لایەنگری باڵی مەکتەب سیاسی بووە، لە ساواك دەگاتە پلەی سەرهەنگ، ئێستا لە وڵاتی فەرەنسا دەژی. (عیسی پەژمان: س. پ. عرفان قانعی فرد: : تندباد حوادث، بررسی رخدادهای تاریخ معاصر، گفتوگو با عیسی پژمان مامور ویژە شاە و ساواك در کردستان عراق، چاپ اول، چاپ رامین، تهران، 1390، ص ص15- 18).

(1) عیسی پەژمان: نهێنیەکانی پەیمانی شومی ئەلجەزائیر-1975، وەرگێرانی: ناصری ئیبراهیمی، سوئید، 1997، ل37.

(2) وەرگیراوە لە عیسی پەژمان: س. پ، ل18.

(3) هـ، س، ل32.

(4) نازناز محەمەد عەبدولقادر: س. پ، ل95؛ ڕەفیق ڕەحمان مام خول: مستەفا بارزانی، ژیانو ڕۆڵو هەڵوێستی لە پێشهاتە سیاسیەکاندا 1958- 1970، چاپی یەکەم، چاپخانەی شەهاب، هەولێر، 2012، ل200.

لـه سـەرەتای هەلگیرسـانی شۆڕشـی ئەیلولـدا حکومـەتی ئێـران بـە نیـازی هـیچ هاوکارییـەکی شۆڕشـی ئـەیلول نـەبوو، تەنانـەت سنورەکانیشی بـە ڕویانـدا داخسـتبوو، هـەروەها خوازیـاری دامرکاندنـەوەی ئـەو شۆڕشـە بـوو، چـونکە لەلایـەن بارزانیـەوە سەرپەرشـتی دەکـرا، ئێـران پێـی وابـوو بارزانیـەکان لایـەنگری سۆڤێتن[1]. بۆیـە دوای دەستپێکردنی شۆڕشی ئەیلول ئێران سوپای هێنایە سەر سنوور لەلای پێنجوێن، پارتیش پێی ڕاگەیاندن کە ئێمـە بـۆ شـەڕی ئێـوە نـەهاتوین، بـەڵکو گرفتـی تایبـەتی خۆمـان لـە عێراقـدا هەیـەو هەوڵیانـدا پەیوەنـدی لەگـەڵ ئێرانـدا دروسـت بکـەن، بـەڵام سـەرکەوتوو نەبوون[2].

گۆڕانێکی تری سیاسەتی قاسم بە بەراورد لەگـەڵ سیاسـەتی ڕژێمـی کۆنـدا، پێـداگری لەسەر بەرژەوەندییەکانی عەرەب دەکرد لـە کەنـداوداو داوای عەرەبسـتان (خوزسـتان)ی دەکرد، ئەمەش زیاتر ئێرانی بێزار کرد[3]. شای ئێران دەیزانی کە هێرش بـۆ سـەر عێـراق لە ڕێی شەتولعەرەبەوە دەبێتە هۆی بەزاندنی سنوری فـەرمی نێـوان دوو وڵات، هـەروەها پاڵاوگەی نەوتی عەبادان دەکەوتە ژێر مەترسی تۆپبارانی حکومەتی عێراقەوە[4]. ئەمەش پاڵی بە ئێرانەوە نا بیر لـەو کارتانـە بکاتـەوە کـە دەتوانێـت وەك فشـار دژی حکومـەتی عێراق‌و بۆ ڕووخاندنی بە کاریان بهێنێت، بۆیە بڕیاریدا پەیوەندی بـە کـوردەوە بکـات[5].

([1]) کەمال مەزهەر: کوردو کوردستان لە بەڵگەنامە نهێنییەکانی حکومـەتی بـەریتانیادا، بـەرگی یەکـەم، چاپی دووەم، چاپخانەی گرین گلۆری، لوبنان، 2009، ل375.

([2]) حوسێن محەمەد عەزیز: پێنج کاتژمێر لەگەڵ (برایم ئەحمەد)دا، چاپی سێیەم، چاپخانەی سیما، سلێمانی، 2002، ل55.

([3]) فیبی مار: س. پ، ل176.

([4]) كمال مجيد: النفط والاكراد دراسـة العلاقـات العراقيـة– الايرانيـة– الكويتيـة، الطبعـة الاولى، دار الحكمـة، 1997، ص45.

([5]) تشارلز تريب: صفحات من تاريخ العراق، ترجمة، زينة جـابر ادريـس، الطبعـة الاولى، دار العربيـة للعلـوم، بيروت، 2006، ص227.

ئەمەش باشترین ڕێگە بوو بۆ ئێران، لە هەردوو ڕووی مرۆیی‌و ماددییەوە کەمی تێدەچوو، وێڕای ئەوەی کەمتر دەبووە مایەی ناوزڕاندنی‌و زۆر لەسەری نەدەکەوت[1].

ئێران لە کۆتایی تشرینی یەکەمی 1962دا پەیوەندی بە شۆڕشی کوردەوە کردو ئامادەیی خۆی بۆ هەموو هاوکارییەکی ماددی‌و سەربازی‌و تەندروستی دەربڕی‌و ئەمەش بە سەرکەوتنێکی گەورە لێکدرایەوە لەبەر هەژاری شۆڕش لە ڕووی پێداویستیەکانەوە[2].

لەسەر داوای ئێران وەفدێکی پارتی لە هەردوو باڵەکەی پارتی کە پێکهاتبوو لە دوو ئەندامی مەکتەبی سیاسی پارتی، عەلی عەسکەری بە نوێنەرایەتی بارزانی‌و عومەر دەبابە بە نوێنەرایەتی مەکتەبی سیاسی‌و لە شوباتی 1963دا سەردانی تارانیان کرد[3]، دواتریش لەسەر داوای بارزانی‌و مەکتەبی سیاسی، ئیبراهیم ئەحمەد (1914–2000) بە مەبەستی بینینی شا بۆ تاران چوو، هەرچەندە نەیتوانی شا ببینێ، بەڵام (100) هەزار دینارو چەند تفەنگێك دەستکەوتی ئەم سەردانە بوو بۆ شۆڕش[4].

بۆ کارئاسانی پەیوەندی نێوان سەرکردایەتی پارتی‌و تاران بڕیاردرا دەزگایەکی بێسیمی بەهێز لە بارەگای پارتی دابمەزرێنرێت، بۆ ئەو مەبەستە ئەو دەزگایە بە نهێنی لە ڕێگەی عیسا پەژمانەوە دەهێنرێتە کوردستان‌و دادەمەزرێنرێت‌و سەرهەنگ – عەقید- (مەنسور)ی کارمەندی ساواك دەکرێتە بەرپرسی‌و یەکەم پەیوەندی ئەم دەزگایە لەگەڵ سەرۆکی ساواك لە تاران دەگیرێت، بۆ ئاگادارکردنەوەی لە گەیاندنی کەلوپەلەکان بە بارەگای پارتی‌و ڕادەستکردنیان[5].

حکومەتی ئێران لە دروستکردنی پەیوەندی لەگەڵ کورددا چەند مەبەستێکی خۆی هەبوو، لەوانە ڕێگری لەو پەیوەندی‌و هاوکارییە زۆرەی کوردانی ئێران بوو بۆ شۆڕش،

---

(1) کریس کۆچێرا: کورد لە سەدەی نۆزدەو بیستەم دا، وەرگێڕانی، حمە کریم عارف، چاپی سێیەم، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر، 2006، ل349.

(2) عەبدوڵڵا ئەحمەد ڕەسول پشدەری: شۆڕشی ئەیلولی ساڵی 1961 دژی ڕژێمی قاسم، بەشی دووەم، چاپی دووەم، چاپخانەی شەهید ئازاد هەورامی، سلێمانی، 2007، ل ل140-141.

(3) عەلی کەریمی: ژیان‌و بەسەرهاتی عەبدولرەحمان زەبیحی (مامۆستا عولەما)، چاپی دووەم، چاپخانەی کارین، سلێمانی، 2005، ل313؛ عیسی پەژمان: س. پ، ل56.

(4) حوسێن محەمەد عەزیز: س. پ، ل56.

(5) عیسی پەژمان: س. پ، ل60.

باشترین ڕێگەش بۆ کۆنترۆڵ کردنی ئەوەبوو خۆی سەرپەرشتی بکات[1]، هەروەها ئامانجێکی تری دروستکردنی ناکۆکیو دووبەرەکی بوو لەناو شۆڕشدا یاخود، قوڵکردنو گەورەکردنی ناکۆکی نێوان دوو باڵەکەی شۆڕش لە کاتی ڕوودانیدا[2]. لەلایەکی ترەوە ڕژێمی قاسم کۆماری بوو شا خۆشی نەدەویستو دەیویست لە ناوی بەرێت، هەروەها دەیویست سنورەکانی ئێران بپارێزێتو هێزەکانی عێراق زیاتر لاواز بکات[3].

مەسعود بارزانی لەم بارەیەوە دەڵێت: " شا لە یارمەتیدانی شۆڕشدا دوو ئامانجی هەبوو: یەکەمیان ئەوە بوو کە شۆڕش دژی ڕژێمی قاسم بوو کە شا ڕقی لێی بوو و بە شومی دەزانی بۆ خۆی. دووەمیش بۆ ئەوە بوو ڕێگەی خەبات لە ڕووی گەلی ئێران بگرێ"[4].

هەروەها عیسا پەژمان لەمەڕ پێشنیاری یارمەتیو پەیوەندی بە کوردەوە بە محەمەد ڕەزا شا دەڵێ: " ئەگەر ئەو [بارزانی] و سەرانی پارتی دیموکراتی کوردستانی عێراق پێشنیازی ئێمە وەربگرن بە سودی ئێمەیەو دەتوانین زۆریان کەڵك لێ وەربگرین. ئێمە لە سەرەتاوە هەندێکیان کۆمەك دەکەین. ئەگەر باش جوڵانەوە یارمەتیان دەدەین. دەنا لێیان دەبڕین. تازە ئەگەر چەندانە تفەنگی بڕنەو کە بە هەزاران لەوانە لە ئەمبارەکاندا بێ کەڵك کەوتبوون، چەند ملیۆن فیشەكو کەمێکیش پارە. ئەوەندە بۆ ئێمە گرنگ نیە لەو بابەتەوە یارمەتیان بدەین. ئەمە تاقیکردنەوەیە تا بزانین چەندیان کەڵك لێوەر دەگرین"[5].

لە 8ی شوباتی 1963دا بەعسیەکان بە هاوکاریو پاڵپشتی ئەمریکا لە ڕێگەی ئەنجامدانی کودەتایەکی سەربازییەوە کۆتاییان بە فەرمانڕەوایی قاسم هێناو

([1]) کریس کوچیرا: س. پ، ل333.

([2]) نازناز محەمەد عەبدولقادر: س. پ، ل ل115-116.

([3]) شکریة رسول: البارزانی والقضیة الکردیة بین مصلحة الدول العظمی والدول الاقلیمیة 1945–1975، فی کتاب مؤتمر الذکری المئویة لمیلاد البارزانی الخالد، اعداد واشراف، ممتاز حیدری، کوردستان موکریانی، دلێر اسماعیل حقی شاویس، مطبعة وزارة التربیة، الجزء الاول، هەولێر، 2003، ص ص347–348.

([4]) مسعود بارزانی: بارزانیو بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد شۆڕشی ئەیلول 1961- 1975، بەرگی سێیەم، بەشی دووەم، چاپی یەکەم، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر، 2004، ل203.

([5]) پەیمانی شومی ئەلجەزائیر، ل53؛ عرفان قانعی فرد: م. پ، ص117.

عەبدولسەلام عارف چووە شوێنی، شۆڕشی کورد یەکێك بوو لەو هۆکارە کاریگەرو گرنگانەی بووە هۆی ڕووخانی ڕژێمی عەبدولکەریم قاسم[1].

هەرچەندە پێشتر بەعسیەکان بە شێوەی زارەکی بەڵێنیان بە کورد دابوو، ئەگەر لەگەڵ قاسمدا ڕێکنەکەون‌و سوپاکەی بە شەڕکردنەوە سەرقاڵ بکەن لەکاتێکدا چوونە سەر حوکم، داواکارییەکانی کورد بە شێوەی ئاشتی‌و لە چوارچێوەی لامەرکەزیدا جێبەجێ دەکەن، دوای تێپەڕبوونی تەنها کاتژمێرێك بەسەر سەرکەوتنی کودەتاکەشدا، کورد بروسکەی پیرۆزبایی بڵاوکردەوە[2]. هەر لە ئێوارەی هەمان ڕۆژدا بڕیاری ڕاگرتنی شەڕ لە لایەن بارزانیەوە ڕاگەیەندراو ئاگربەستی نێوانیانی لێکەوتەوە[3]. وێڕای ئەوەی دانوستاندن لە نێوان کوردو سەرانی بەعس‌و حکومەتی نوێ دەستی پێکرد، بەڵام ئەوە تەنها بۆ دەستخستنی کات بوو لەلایەن بەعسیەکانەوە، هەر بۆیە لە حوزەیرانی 1963دا هێرشی بەعس بۆ سەر کوردستان بە توندی دەستی پێکرد[4].

ڕووخاندنی ڕژێمی قاسم‌و کوشتن‌و ڕاوەدونانی شیوعیەکان لەلایەن بەعسیەکانەوە بووە مایەی خۆشحاڵی شای ئێران، و بەرژەوەندییەکانیان یەکی دەگرتەوە، بۆیە شا هەوڵیدا پەیوەندی بە بەعسەوە بکات‌و هانی حکومەتی بەعسیدا بۆ هێرشکردنە سەر کوردستان، شا خوازیاری لاوازبوونی شۆڕشی کورد بوو، نەك لەناوچوونی[5].

ئێران خۆشحاڵ بوو بە شەڕی حکومەتی عێراق دژی کورد، چونکە ئەمە دەبووە هۆی وێران بوونی هەموو عێراق‌و لاوازبوونی سوپاکەی، لەلایەکی ترەوە دەیویست درز بخاتە نێوان بەرەی یەکگرتووی وڵاتانی عەرەبی، بە تایبەتی کە جەمال عەبدولناسر سەرۆك کۆماری میسر (1954– 1970) دژی شەڕی کورد بوو و سەرزەنشتی ڕژێمی بەعسی

([1]) واحید عومەر مُحێدین: س. پ، ل103.

([2]) ئیبراهم جەلال: خوارووی کوردستان‌و شۆڕشی ئەیلول بنیاتنان‌و هەڵتەکاندن 1961- 1975، دەزگای چاپ‌و بڵاوکردنەوەی شینێ، بەرلین، 1998، ل105.

([3]) واحید عومەر مُحێدین: س. پ، ل126.

([4]) ئیبراهیم جەلال: خوارووی کوردستان...، ل ل102- 121؛ واحید عومەر مُحێدین: س. پ، ل ل123- 166؛ مەعد فەیاز: بەشێك لە بیرەوەرییەکانی مام جەلال، وەرگێڕانی، سۆران عەلی، چاپی یەکەم، چاپخانەی ئاراس، هەولێر، 2009، ل ل178- 201.

([5]) شکیب عقراوی: سنوات المحنة فی کردستان. أهم الحوادث السیاسیة والعسکریة فی کردستان والعراق من 1958 الی 1980، الطبعة الاولی، مطبعة منارة، أربیل، 2007، ص119.

دەکرد[1]، هەروەها لە کاتی سەردانی وەفدی کوردیدا بۆ میسر عەبدولناسر بە ئۆتۆنۆمی بۆ کورد رازی بوو، داواشی لێکردبوون کە شەڕ دەست پێنەکەنەوەو دەرفەتێك بدەن بە حکومەتی عێراق، ئاگاداریشی کردبونەوە دەرفەت نەدەنە شای ئێران، چونکە کێشەی کورد دەقۆزێتەوە[2]، لە لایەکی ترەوە ئێران لە عەبدولسەلام عارف کە لە دوای 8ی شوباتی 1963ەوە بوو بە سەرۆك کۆمار نیگەران بوو، لەسەر نزیکبوونەوەی لە ناسرو هەوڵدانی بۆ دروستکردنی بەرەیەکی یەکگرتووی عەرەبی[3].

کاتێك لە مانگی حوزەیرانی 1963دا هێرشی بەعس بۆ سەر کوردستان بە شێوەیەکی سەختو بەربلاو دەستی پێکرد[4]. و ئابلۆقەی ئابوری خستە سەر کوردستان، ئێران سنورەکانی بە ڕووی کوردستاندا کردەوەو پێداویستیەکانی ژیانی خۆیان لە بازاڕەکانی ئێراندا دابین دەکرد، ئەمەش کاریگەری لە سەر بەرەوپێشبردنی پەیوەندییەکانی نێوان شۆڕشو ئێران هەبوو[5].

شۆڕشی کورد لە ڕووی بڵاوکراوەو ڕاگەیاندنەوە لاواز بوو، بۆیە لە ڕێگەی عیسا پەژمانەوە حکومەتی ئێران ڕەزامەندی نیشان دەدات لەسەر دامەزراندنی رادیۆ بۆ شۆڕشی کورد، بۆ ئەو مەبەستە عیسا پەژمان بە هاوکاری ساواك لە ئەڵمانیا دەزگایەکی رادیۆ دەکڕێتو بە هاوکاری ئەندازیارێکی ئەڵمانی شارەزای دەزگاکە بە ناوی (ئێشمیت) لە یەکێك لە ئەشکەوتەکانی چیا بەرزەکانی کوردستان رادیۆکە دادەمەزرێنن[6].

جەنگی بەعس دژی کورد لە 1963/6/10 – 1963/11/18 بەردەوام بوو، تا دەرفەت بۆ عارف ڕەخسا بەعسیەکانی لە دەسەڵات دوورخستەوەو دەسەڵاتی بۆ خۆی قۆرخ کردو حکومەتێکی نوێی بە سەرۆکایەتی تاهیر یەحیا پێکهێنا[7]. دانوستاندن لە نێوان حکومەتی نوێو کورد دەستی پێکردەوەو بەردەوامبوو تا ڕێکەوتنی 10ی شوباتی 1964ی نێوان هەردوولای لێکەوتەوە[8].

---

(1) نازناز محەمەد عەبدولقادر: س. پ، ل122.

(2) مەعد فەیاز: س. پ، ل189.

(3) نازناز محەمەد عەبدولقادر: س. پ، ل122.

(4) ئیبراهیم جەلال: خوارووی کوردستان....، ل121.

(5) هـ. س، ل189.

(6) عیسی پەژمان: س. پ، ل69-70؛ عرفان قانعی فرد: م. س، ص ص133-134.

(7) واحید عومەر محێدین: س. پ، ل213.

(8) هـ. س، ل ل214-217.

ئێران دژی ڕاگرتنی شەڕو ئەم ڕێکەوتنە بوو، بۆ ئەو مەبەستە عیسا پەژمان سەردانی بارزانی دەکاتو ڕەخنەی ئەوەی لێدەگرێت چۆن بێ ئاگادارکردنەوەی دەوڵەتی ئێران دانوستانی لەگەڵ حکومەتی عێراقدا کردووەو پاش گەڕانەوەی پەژمان بۆ تاران لە بەرامبەر ئەم کارەی بارزانیدا، شا فەرمان دەکات بەوەی هەموو هاوکارییەکی لێببڕن[1]، لەلایەکی ترەوە ئێران ئامادەیی هەموو هاوکارییەکی پیشاندا بەو مەرجەی پارتی شەڕ ڕانەگرێت، ئەم هەڵوێستەشی لەگەڵ مەکتەب سیاسیدا یەکیدەگرتەوە کە دژی ئاگربەستی بێ مەرج بوو لەلایەن بارزانییەوە، ئەمەش کاریگەری هەبوو لەسەر بەهێز کردنی پەیوەندیەکانی نێوان ئێرانو مەکتەب سیاسی[2].

ئێران ڕۆڵێکی دیاری لە دووبەرەکی* نێو پارتیدا هەبوو[3]، لەم بارەیەوە ئیبراهیم ئەحمەد دەڵێت: سەرانی حکومەتی عێراقو تورکیاو ئەمریکا، دەستێکی زۆریان لە دروستکردن یان قوڵکردنەوەی دووبەرەکیەکەدا هەبوو، بەڵام دەستی ئێران زۆر زیاتر بوو[4].

ئێران سیاسەتێکی دووفاقی لە بەرامبەر هەردوو باڵەکەی پارتیدا گرتە بەر، لەلایەك یارمەتی باڵی مەکتەب سیاسی دەدا، لەلایەکی ترەوە لە هەوڵی دروستکردنی پەیوەندی

([1]) عیسی پەژمان: س. پ، ل67.

([2]) ئیبراهیم جەلال: خوارووی کوردستان....، ل ل189-190.

* پارتی بۆ دوو باڵ دابەش بوو بوو، باڵی بارزانیو باڵی مەکتەب سیاسی بە سەرۆکایەتی ئیبراهیم ئەحمەد سکرتێری پارتی، ئەم دوو باڵە بیروڕای جیاوازیان هەبوو لە سەر هەڵگیرساندنی شۆڕشی ئەیلولو تێڕوانیان بۆ پارتیو کاری حیزبایەتی، لە کاتی شۆڕشی ئەیلول بەشی باکوری گۆرەپانی شەڕ لەلایەن بارزانیو بەشەکەی تریش لەلایەن مەکتەب سیاسییەوە سەرپەرشتی دەکرا، بەڵام دوای واژۆکردنی ڕێکەوتننامەی 10ی شوباتی 1964ی نێوان عەبدولسەلام عارفو بارزانی، ناکۆکی نێوان دووباڵەکەی پارتی تەقیەوە، کاتێك باڵی مەکتەبی سیاسی دژی ئەو ڕێکەوتنە بوو، بەوەی پێیان وابوو بارزانی بەبێ گەڕانەوە بۆ مەکتەبی سیاسی بەناوی خۆیەوە ئەو ڕێکەوتنەی واژۆکردووە،و کەمترین ئاستی مافە نەتەوەییەکانی کورد دابین ناکات، کە دواتر ئەو ناکۆکیە شەڕی نێوان هەردوو باڵەکەی لێکەوتەوە. بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە، (ئیبراهیم جەلال: خوارووی کوردستان...؛ دیڤید ادامسن و جرجیس فتح الله: الحرب الكردية وانشقاق 1964، الطبعة الثانية، مطبعة الوزارة التربية، اربيل، 1999؛ ئامانج حەسەن ئەحمەد: س. پ؛ کوردۆ عەلی: سۆڤیەتو بزوتنەوەی نیشتمانی کورد هەڵسەنگاندنو پێداچوونەوەیەکی ڕەخنەگرانە بە کارنامەی دکتۆراکەی کاك (فازڵ ڕەسوڵ)دا، چاپی دووەم، دەزگای چاپو پەخشی حەمدی، 2009).

([3]) التقرير السياسي للقيادة الموقتة للحزب الديمقراطي الكوردستاني والمصادق علية من قبل كونفراس الحزب المنعقد من 11 الى 15 اب 1976، ص31.

([4]) حوسێن محەمەد عەزیز: س. پ، ل57.

دۆستانە لەگەڵ بارزانیدا بوو[1]، بەتایبەتی دوای ئەوەی باڵی مەکتەب سیاسی لە بەرامبەر باڵی بارزانیدا شکستیان هێناو لە ئابی 1964دا پەنایان بۆ ئێران بردو لەوێ نیشتەجێ بوون[2].

کاتێك باڵی مەکتەب سیاسی پەنایان بردە بەر ئێرانو گەیشتنە سەردەشت، بە پاساوی ئەوەی ئەگەر چەکەکانیان تەسلیم نەکەن ناتوانن وەك پەنابەر وەریان بگرنو دەبێ لە سنوری خاکی ئێران بچنە دەرەوە، لەلایەن سوپای ئێرانەوە چەك دەکرێنو بۆ هەمەدان دەبردرێن[3]. دواتر لەسەر داواو میانگیری ئێران، لە کۆتایی ساڵی 1965دا مەلا مستەفا ڕەزامەندی لەسەر گەڕانەوەیان نیشان دەداتو بۆ کوردستان دەگەڕێنەوە[4].

لە مانگی تشرینی یەکەمی 1964دا پەیوەندی نێوان ئێرانو بارزانی دامەزرا، عەبدولوەهاب ئەتروشی لە سەرەتاوەو پاش ماوەیەك شەمسەدین موفتی بوو بە نوێنەری بارزانی لە تاران، لەلایەن ئێرانیشەوە (تیمسار پاکرەوان) بە نوێنەر دەستنیشان کرا[5].

لە ئەنجامی جێبەجێنەکردنی بەڵێنەکانی حکومەتو بە بنبەست گەیشتنی دانوستانەکانی نێوانیان لە شوباتی 1965دا سەر لە نوێ شەڕ لە نێوان حکومەتی عێراقیو کوردا هەڵگیرسایەوە[6]، ئێرانیش دەستیکرد بە یارمەتیدانی شۆڕش بە ناردنی کۆمەکی سەربازی، وێڕای چارەسەرکردنی بریندارەکان لە نەخۆشخانەکانی ئێران[7]. بە شێوەیەك یارمەتیەکان لە چاو پێشتردا زیاد دەبێت لە ڕووی چەندێتیو لە ڕووی چۆنێتیشەوە چەکی نوێو قورس دەگاتە کوردستان، کە پەیامنێرانی ڕۆژنامە جیهانیەکان دەیانتوانی تێبینی بکەنو بیانبینن[8].

---

(1) ئامانج حەسەن ئەحمەد: س. پ، ل27.

(2) ئیبراهیم جەلال: خوارووی کوردستان....، ل195.

(3) عیسی پەژمان: س. پ، ل72، عرفان قانعی فرد: م. س، ص ص151-152.

(4) عیسی پەژمان: س. پ، ل73؛ فاتح ڕەسول: بنچینەی مێژووی بیرۆکەی چەپ لە کوردستاندا، چاپی یەکەم، ستۆکهۆلم، 2001، ل344.

(5) ئیبراهیم جەلال: خوارووی کوردستان....، ل210.

(6) واحید عومەر محێدین: س. پ، ل269.

(7) مەسعود بارزانی: س. پ، بەشی یەکەم، ل ل190-191.

(8) کریس کۆچێرا: کورد لە سەدەی....، س. پ، ل334.

فوئاد الركابی* لە لێدوانێکیدا بۆ گۆڤاری (الکاتب المصری) ژمارە (5)ی مایسی 1965دا وتبووی: "سۆڤیەتیش هاودەنگ بوون لەگەڵمان لەسەر پەیوەندی بارزانی بە ئێران و ئەمریکاو ئیسرائیلەوە و کارتێکەریان لە بارزانی بۆ شەڕ هەڵگیرسانەوە"[1].

جەنگی عێراق لە دژی گەلی کورد بەردەوام بوو کاتێک سەرۆک کۆمار عەبدولسەلام عارف لە 1966/4/13دا لە ڕووداوی کەوتنە خوارەوەی هەلیکۆپتەرەکەیدا کە دەیویست لە قورنەوە بەرەو بەسرە بڕوات گیانی لە دەستدا[2].

دوای تێپەڕ بوونی چوار ڕۆژ بەسەر مردنی عەبدولسەلام عارفدا، لە 1966/4/17 دا عەبدولڕەحمان عارفی برای لە کۆبونەوەی نێوان ئەنجومەنی وەزیران و ئەنجومەنی بەرگری نیشتمانیدا بە سەرۆک کۆماری عێراق دیاریکرا، و لەڕۆژی دواتردا (عەبدولڕەحمان بەزاز)* ی بۆ پێکهێنانی حکومەتێکی نوێ ڕاسپارد[3].

---

* فوئاد الرکابی: سیاسیەکی عێراقیە لە ساڵی 1931 لەدایك بووە، دامەزرێنەری سەرکردایەتی هەرێمی پارتی بەعسە لەعێراق لە 24ی تەموزی 1958، یەکەم سکرتێری پارتی بەعسی عێراق بووە، دوای شۆڕشی 14ی تەموزی 1958 کراوە بە وەزیری ئاوەدانکردنەوە، لە تشرینی دووەمی 1959دا دەستی لەکار کێشاوەتەوەو دوای دەرکردنی فەرمانی گرتنی پەنای بردۆتە بەر سوریا، لە ئازاری 1960دا بەهۆی داڕشتنی پلانی هەوڵە سەرنەکەوتووەکەی کوشتنی عەبدولکەریم قاسم بە غیابی فەرمانی لەسێدارەدانی بەسەردا دراوە، دوای ئەوەی عەبدولسەلام عارفەوە لە 18ی تشرینی دووەمی 1963دا دەسەڵاتی بۆخۆی یەکلایی کردەوە بۆ عێراق گەڕاوەتەوە، لە تشرینی یەکەمی 1964- تەموزی 1965 پۆستی وەزیر کاروباری شارەوانی گرتۆتەدەست، تا دژی سیاسەتی تاکڕەوانەی عەبدولسەلام عارف دەستی لەکارکێشاوەتەوە، لە ساڵی 1965دا لەگەڵ چەند هێزێکی نەتەوەیی تردا لە دامەزراندنی بزوتنەوەی سۆسیالیستی عەرەبیدا بەشداری کردووە، دوای گرتنەدەستی دەسەڵات لەلایەن بەعسیەکانەوە لە 17ی تەموزی 1968دا زیندانی کراوە، لەساڵی 1971دا دوو هەفتە بەر لە کۆتاییهاتنی حوکمەکەی لەلایەن یەکێك لە زیندانیەکانەوە بە چەقۆ دەکوژرێت. (http://ar.wikipedia.org).

[1] وەرگیراوە لە ئیبراهیم جەلال: خوارووی کوردستان....، ل213.

[2] واحید عومەر محێدین: س. پ، ل274.

*عەبدولڕەحمان بەزاز: لە ساڵی 1913 لە بەغدا لەدایك بووە، لە ساڵی 1935 کۆلێژی مافی عێراقی تەواو کردووە، لە ساڵی 1950 کراوەتە ڕاگری کۆلێژی ماف، دواتر لە ساڵی 1962 بووەتە باڵیۆزی عێراق لە قاهیرەو پاشان لە لەندەن، تاوەکو کراوەتە جێگری سەرۆك وەزیران و وەزیری دەرەوە، لە ماوەی 21 ئەیلولی 1965- ئابی 1966دا دوو جار پۆستی سەرۆك وەزیرانی وەرگرتووە، لە 26ی حوزەیرانی 1973دا کۆچی دوایی کردووە. (میڤان عارف بادی: موقف الاحزاب السیاسیە....، ص292).

[3] واحید عومەر محێدین: س. پ، ل277.

لەلای حکومەتی عێراق ئاشکرابوو کە ئێران سنوری بە ڕووی شۆڕشدا کردووەتەوەو یارمەتی سەربازیو خواردەمەنی بۆ کورد دەنێرێت، ئەمەشی بە هەڵوێستێکی دوژمنکارانەی دژی عێراق بەتایبەتیو جیهانی عەرەبی بەگشتی دەزانی. لەلایەکی ترەوە هەستی بەوە کردبوو ململانێی نێوان شاو ناسر کاریگەری لەسەر ڕەوشی ناوخۆی عێراق هەیە، بەوەی تاوەکو ناسر بەردەوام بێت لە پیلانگێڕی هێرشی ڕاگەیاندن دژی شا، لە بەرامبەردا شای ئێران زیاتر پشتگیری شۆڕشی کورد دەکات لە دژی عێراق، لەبەر ئەوەی عێراق پەیوەندییەکی نزیکی لەگەڵ میسردا هەبوو، بۆیە لەسەر داوای عێراق، ناسر هەڵمەتی ڕاگەیاندنی دژی شا ڕاگرت[1].

حکومەتی نوێ بە هەمان شێوەی حکومەتەکانی پێش خۆی لەگەڵ سەرکردایەتی شۆڕشی کورددا کەوتە دانوستاندنو لە ئەنجامدا بەیاننامەی (29 حوزەیرانی 1966)[2]ی لێکەوتەوە[3]، ئەمەش دوای ڕێکەوتنی عەبدولڕەحمان بەزاز لەگەڵ هەردوو باڵی مەکتەب سیاسیو بارزانیدا[4]. ڕاگەیاندنی بەیاننامەی 29ی حوزەیرانی 1966، بەهەمان شێوەی ڕێکەوتننامەی شوباتی 64 بووە مایەی دڵخۆشیو تووڕەبوونی ئێرانو لە کاردانەوەیدا شای ئێران بڕیاری داخستنی سنورەکانی لە شۆڕش دا[5].

دوای ئەوەی بەعسیەکان لە 1968/7/17دا کودەتایان ئەنجامداو (عەبدولڕەحمان عارف)یان لە سەر دەسەڵات لابرد، لە 1968/7/30دا هەستان بە دورخستنەوەی ئەوانەی کودەتای یەکەمیان لەگەڵ ئەنجامدا بوونو لە دەرەوەی پارتی بەعس بوون[6]. لە بەیانی یەکەمی بەعسدا بەڵێنی بەهێزکردنی پەیوەندییان لەگەڵ سۆڤیەتدا دابوو[7]، هەروەها سوربوونی خۆیان لەسەر چارەسەری ئاشتیانەی پرسی کورد ڕاگەیاند[8].

([1]) نازناز محەمەد عەبدولقادر: س. پ، ل151.

([2]) بۆ ناوەڕۆکی بەیانی ناسراو بە بەیانی بەزاز، بڕوانە، ئیبراهیم جەلال: خوارووی کوردستان....، ل ل239-243؛ مەسعود بارزانی: سز پ، بەرگی سێیەم، بەشی یەکەم، چاپی یەکەم، ل ل388- 390.

([3]) سعد ناجی جواد: م. س، ص130؛ نازناز محەمەد عەبدولقادر: س. پ، ل154.

([4])ڕاحید عومەر محێدین: س. پ، ل283.

([5]) نازناز محەمەد عەبدولقادر: س. پ، ل154.

([6]) هـ. س، ل163.

([7]) سۆزان کەریم مستەفا: بەعسیزمو کورد 1947-1975، توێژینەوەیەکی مێژوویی، سیاسی یە، چاپی یەکەم، دەزگای چاپو پەخشی حەمدی، مەکتەبی بیروهۆشیاری (ی.ن.ک)، سلێمانی، 2007، ل199.

([8]) عبدالفتاح علي البوتاني: موقف الاحزاب السياسية العراقية من القضية الكوردية 1946-1970، الطبعة الاولى، مطبعة خاني، دهوك، 2007، ص140.

دوای ئەنجامدانی کودەتا، حکومەتی بەعس هەوڵیدا بۆ چارەسەر کردنی کێشەکانی لەگەڵ ئێراندا، بۆ ئەو مەبەستەش چەند دانیشتنێك لە نێوانیاندا ئەنجامدرا، بە مەبەستی چارەسەر کردنی کێشەی سنوری نێوانیان، بەڵام نەگەیشتنە هیچ ئەنجامێك[1]، بۆیە لە ساڵی 1969 دا ناکۆکیەکان سەریان هەڵدایەوەو عێراق رایگەیاند شەتولعەرەب بەشێکە لە ناوچەی قەڵەمڕەوی عێراقو ئێرانیش لە لایەن خۆیەوە رێکەوتننامەی سنوری 1937ی هەڵوەشاندەوە[2].

لە سەرەتای ساڵی 1969دا شەڕ دەستیپێکردەوە، لە میانەیدا بە هاوکاری باڵی مەکتەب سیاسی هێرش کرایە سەر باڵی بارزانی[3]، ئەمەش بووە مایەی نیگەرانی ئێرانو دەستیکرد بە هاوکاری باڵی بارزانی بە چەكو تەقەمەنی، لە 1969/3/1 باڵی بارزانی بە هاوەنو تۆپو یارمەتی شارەزایانی ئێرانی کۆمپانیای نەوتی کەرکوکیان تۆپباران کرد[4]. بەوەش زیانێکی زۆریان بە حکومەت گەیاند، کە بە چەند ملیۆن دۆلارێك مەزەندە دەکرا، وێڕای ئەوەی بۆ ماوەی چەند هەفتەیەك دەرهێنانی نەوت بە رێژەیەکی بەرچاو کەمبووەوە[5].

کاتێك حکومەتی بەعس نەیتوانی بە رێگەی سەربازی پرسی کورد چارەسەر بکات، بە ناچاری لە کۆتایی ساڵی 1969دا پەنای بردە بەر دانوستاندن[6]، پاش دەستپێکردنی دانوستاندنو هاتوچۆی چەند وەفدێك لە نێوان حکومەتی عێراقو سەرکردایەتی شۆڕشی کورددا، دواجار لە شەوی 10-11/ ئازاری 1970 دابەندەکانی بەیاننامەی ناسراو بە (بەیاننامەی 11ی ئازار)[7] لە ناوپردان دارێژراو لەلایەن (بارزانی)و جێگری سەرۆك کۆماری عێراق سەدام حسین (1937- 2006)ەوە واژۆ کراو لە 11ئازاری 1970 لە

([1]) سۆزان کەریم مستەفا: س. پ، ل291.

([2]) نازناز محەمەد عەبدولقادر: س. پ، ل35.

([3]) نازناز محەمەد عەبدولقادر: س. پ، ل164.

([4]) ئیبراهیم جەلال: خوارووی کوردستان...، ل272.

([5]) موحسین دزەیی: وێستگەکانی ژیانم، وەرگێڕانی، ئیسماعیل بەرزنجی، بەشی دووەم، چاپی یەکەم، دەزگای ئاراس، هەولێر، 2009، ل200؛ کریس کۆچێرا: کورد لە سەدەی، س. پ، ل348.

([6]) عبدالفتاح علی البوتانی: موقف الاحزاب السیاسیە....، ص143.

([7]) بۆ ناوەرۆکی بەیانی 11ی ئازاری 1970، بڕوانە، ئیبراهیم جەلال: س. پ، ل ل286- 294؛ مەسعود بارزانی: بەشی دووەم، س. پ، ل ل334- 342.

بەغدا ڕاگەیەندراو لەلایەن ئەحمەد حەسەن بەکر سەرۆك كۆماری عێراق (1968-1979)ەوە خوێندرایەوە[1].

لە بەرامبەردا شای ئێران زۆر بە توندی دژی ئەم بەیاننامەیە وەستایەوە، پێی وابوو بارزانی پێچەوانەی بەڵێنەكەی لە بەرانبەر ئێران، لەگەڵ حكومەتی عێراق شەڕی ڕاگرتووە، بەمەش شای ئێران لەلای خۆیەوە بەڵێنیدا تۆڵە لە ڕابەری شۆڕشی كورد بكاتەوە[2]، لە پێناو بەرگرتن بەم ڕێكەوتنە هەموو هەوڵێكی خۆی دا، تەنانەت ئامادەیی دەربڕی بە هاوكاری ئەمریكا هەموو پێداویستیەكانی شۆڕشی كوردو بارزانی دابین بكات، تەنیا ئەم ڕێكەوتنە واژۆ نەكرێت[3]. بەڵام بارزانی داواكەی ڕەتكردەوە، بەوەش پەیوەندی نێوان جوڵانەوەی ڕزگاریخوازی كوردو ڕژێمی شای ئێران بۆ ماوەیەك ڕووی لە گرژی كرد[4].

هەروەها دوای بەیانی ئازار هەردوو باڵەكەی پارتی یەكیانگرتەوەو بۆ جێبەجێكردنی ئەم هەنگاوە باڵی مەكتەب سیاسی كۆنگرەیەكیان بەستو ناوی پارتەكەیان گۆڕی بۆ پارتی شۆڕشگێری كوردستانو پاشان چوونە ناو پارتی دیموكراتی كوردستانەوە بە سەركردایەتی بارزانی[5].

دوای هاتنە سەر كاری پارتی بەعس، پەیوەندییەكانو لێك نزیكبوونەوەی عێراقو سۆڤێت لە بەهێزبووندا بوو، وەفدێكی سۆڤێت لە 7 نیسانی 1972دا بە سەرۆكایەتی الیكسی كۆسیجین (A. Kosegen)ی سەرۆك وەزیرانی سۆڤێت گەیشتە بەغدادو لە 9ی نیساندا پەیمانی دۆستایەتیو هاوكارییان بۆ ماوەی 15 ساڵ واژۆ كرد، وێڕای ئەوەی دەستی لە پەترۆڵی عێراق گیركرد، هەروەها نزیكەی هەموو چەكو تفاقی جەنگی عێراق لە سۆڤێت دەكڕدرا[6]. دوای بەستنی ئەم پەیمانەو ململانێی نێودەوڵەتی لە

([1]) ئیبراهیم جەلال: خوارووی كوردستان....، ل281؛ مەسعود بارزانی: بەشی دووەم، س. پ، ل43؛ شكیب عقراوی: م. س، ص ص267-269.

([2]) فەرەیدوون عەبدولرەحیم عەبدوڵلا: بارودۆخی سیاسی كوردستان-عێراق 11ی مارتی 1970-11ی مارتی 1974، چاپی یەكەم، چاپخانەی منارە، هەولێر، 2008، ل68.

([3]) نازناز محەمەد عەبدولقادر: س. پ، ل179.

([4]) ڕەفیق ڕەحمان مام خول: س. پ، ل ل203- 204.

([5]) شكیب عقراوی: م. س، ص306.

([6]) سۆزان كەریم مستەفا: س. پ، ل 301.

ڕۆژهەلاتی ناوەڕاستدا، عێراق و ئێران بوون بە دوو جەمسەی سەربازی دژ بەیەك لە ناوچەکەدا. هەروەها زیادبوونی قەڵەمڕەوی سۆڤیەت لە عێراق بەهۆی ئەو پەیمانەوە بووە مایەی زیادبوونی مەترسی شا، بۆیە هەستیکرد زیاتر پێویستی بە بارزانی و شۆڕشی کورد دەبێت، لەبەر ئەوە بڕیاریدا بەشێوەیەکی جددی ئێران هاوکاری شۆڕش بکات[1].

هاوکات بەغداو تاران بوونە دوو ناوەندی داڵدەدان و هاوکاری و پشتگیری ئۆپۆزسیۆن و نەیارانی یەکتری[2].

تاران و واشنتۆن لەلای خۆیانەوە بە گومان و دوودڵییەوە لەو پەرەسەندنەی پەیوەندییەکانی (عێراق–سۆڤیەت)یان دەڕوانی، و لەم کاتەشدا دەرکەوت کە گەڕانی کورد بە دوای هاوپەیماندا لەگەڵ بەرژەوەندی ئێرانی– ئەمریکیدا، کە بریتی بوو لە کەمکردنەوەی دەسەلاتی سۆڤێت لە ناوچەکەدا یەکیدەگرتەوە[3].

ریچارد نیکسۆن (R. Nixon)* سەرۆك کۆماری ئەمریکا، مانگێك دوای واژۆکردنی ڕێکەوتننامەی دۆستایەتی و هاوکاری سۆڤیەت و عێراق، لە مایسی 1972دا سەردانی مۆسکۆی کردو لەوێشەوە لەسەر بانگهێشتی شا تەنیا بۆ ماوەی 24 کاتژمێر بۆ داڕشتنی

([1]) شکیب عقراوی: م. س، ص 328.

([2]) نازناز محەمەد عەبدولقادر: س. پ، ل174.

([3]) گورینتەر دێشنەر: کورد: گەلێکی لە خشتەبراوی غەدرلێ کراو، وەرگێڕانی، حەمە کەریم عارف، چاپی دووەم، چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری، هەولێر، 1999، ل 235.

* ریچارد نیکسۆن: لەساڵی 1913 لە شاری یوربالندەی سەر بە ویلایەتی کالیفورنیا لە خێزانێکی بە ڕەچەڵەك ئەڵمانی لەدایکبووەو سەر بە پارتی کۆمارییە، لە ساڵی 1937دا کۆلێژی یاسای لە زانکۆی (دیۆك) تەواو کردووەو خەریکی کار پارێزەری بووە پاش هێرشی سەر بیل هاربر پەیوەندی کردوە بە هێزی دەریاییەوەو لە میانەی جەنگی دووەمی جیهانیدا پلەی بۆ فەرماندەی هێز بەرزبووەتەوە، لە ساڵانی (1947-1953) ئەندامی کۆنگرێس بووە.لە دوو خولی یەك لە دوای یەك لەسەردەمی سەرۆك ئەیزنهاوردا (1953-1961) جێگری سەرۆك کۆماری ئەمریکا بووە، لە ماوەی ساڵانی 1969-1974 بووەتە سیی و شەشەمین سەرۆکی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بەهۆی ڕیسوایی (واترگیت) ەوە لە ڕۆژی 8 ئابی 1974 دەست لە کار دەکێشێتەوە، نیکسۆن لە ساڵی 1994داو بە نەخۆشی نەزیفی مێشك لە تەمەنی 81 ساڵیدا کۆچی دوایی دەکات. (فاروق محەمەد محەمەدئەمین: ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لە سەردەمی سەرۆکایەتی ریچارد نیکسۆن دا 1969-1974، گۆڤاری مێژوو، ژمارە (21)، چاپخانەی ڕۆژهەلات، هەولێر، ساڵی شەشەم زستانی 2012، ل ل323- 324).

پلانێك بۆ ڕووبەڕوو بوونەوەی ئەو ڕێکەوتننامەیە گەیشتە تاران، یارمەتیدانی کوردیش یەکێك لە پلانە سەرەکیەکان بوو لە سەر پێشنیارو داخوازی شا[1].

ئیدارەی (ریچارد نیکسۆن) وەڵامی پێشنیاری شای ئێرانی لە 1972دا دایەوە بە یارمەتیدانی بزوتنەوەی کوردی بە پارەو چەك[2]. وەزیری دەرەوەی ئەمریکا هنری کیسنجەر (H.Kissinger) لە یاداشتەکانیدا بە ناوی "ساڵانی کۆشکی سپی" نوسیویەتی: "کۆمەکیکردنی بارزانی سیاسەت یاخود دەستپێشخەریەکی ئەمریکی نەبوو، بەڵکو ئامانج لێی ڕازیکردنی هاوپەیمانی هەرێمی بوو، کە هەستی بە مەترسی دەکرد لە لایەن ڕژێمی عێراقی شوێنکەوتووی سۆڤێتەوە"[3].

دوای ئەوەی شای ئێران بە نامەیەك بارزانی لە ڕەزامەندی سەرۆکی ئەمریکای لە یارمەتیدانی شۆڕش ئاگادار کردەوە، لە 26ی حوزەیرانی 1972دا "د. محمود عوسمان"و "ئیدریس بارزانی" چوون بۆ تاران و پاش پێشوازی کردنی شا لێیان بەرەو واشنتۆن بەڕێکەوتن[4]. لەوێ لە 30 حوزەیرانی 1972دا چاویان بە هەریەك لە ریچارد هێڵمز (R. Helms)ی بەڕێوەبەری ئاژانسی هەواڵگری ناوەندی (C.IA)و ریچارد کەنەدی (R. Kennedy) یاریدەدەری (هنری کیسنجەر) لە ئەنجومەنی ئاسایشی ئەمریکی کەوت، لە ئەنجامی گفتوگۆکانی نێوان هەردوو لاشدا، واشنتۆن بڕیاریدا کە یارمەتیو کۆمەکی کورد بکاتو پەیوەندی لە گەڵیان هەبێت، بەو مەرجەی پەیوەندییەکە تەواو نهێنی بێت[5]. ئەم پشتگیرییە داراییە کاتیەش لەلایەن ئاژانسی هەواڵگری ئیسرائیل (مۆساد) و ئاژانسی هەواڵگری ئێران (ساواك)ەوە پێشکەش بە کورد کرا[6].

---

(1) نازناز محەمەد عەبدولقادر: س. پ، ل ل 196-197.

(2) ریبوار کریم محمود: العلاقات العراقية-الامريكية منذ عام 1989و افاقها المستقبلية، مركز كردستان للدراسات الاستراتيجية، السليمانية، 2007، ص 25.

(3) وەرگیراوە لە عوسمان عەلی: ئاییندەی پەیوەندییەکانی ئەمریکاو کورد ئایا کوردستان دەبێتە کۆلۆنییەکی ئەمەریکی، وەرگێڕانی بەرزانی مەلا تەها، چاپی یەکەم، چاپخانەی سیما، سلێمانی، 2010، ل ل 49-50.

(4) مسعود بارزانی: س. پ، بەرگی سێیەم، بەشی دووەم، ل ل211-212.

(5) گۆران ئیبراهیم سالح: دۆزی کورد لە بازنەی پەیوەندییەکانی ئەمریکاو عێراقدا، نامەیەکی ماستەری بڵاونەکراوەیە پێشکەشی بەشی مێژووی کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتیەکانی زانکۆی سلێمانی کراوە، 2010، ل 48.

(6) عوسمان عەلی: س. پ، ل50.

به پێی ئەو بڕیارە 16 ملیۆن دۆلار بە شێوەیەکی سەرەتایی بۆ یارمەتی کورد تەرخان کرابوو، لە کۆتاییەکانی 1972دا ئەو بڕیارە جێبەجێکرا، 6 ملیۆن دۆلاری بە شێوەی نەختینە وەرگیراو ئەوی تریشی تەرخان کرا بۆ نرخی ئەو چەکانەی دەکڕدریٚ[1]. یارمەتیەکانی کورد سنوردار بوو، مەبەستی نیکسۆن‌و شا سەرکەوتنی کورد نەبوو، بەڵکو بەردەوام بوونی شۆڕشی کورد بوو بۆ لاوازکردنی حکومەتی عێراق[2]. تەنانەت ئێران بە هیچ جۆرێك نەیدەهێشت شۆڕشگێرانی کورد لە بەشی سیٚ ڕۆژ زیاتر تەقەمەنی‌و تفاقی جەنگیان لەبەر دەستدا بێت، بۆ ئەوەی نەتوانن بۆ ماوەیەکی زۆر درێژە بە جەنگ بدەن[3]، بۆ ئەوەی هەمیشە چاویان لە دەستی ئێران بێت‌و چارەنووسی شۆڕشی کورد لە ژێر دەستی ئێراندا بمێنێتەوە.

بارزانی بە هیچ شێوەیەك باوەڕی بە (شا) نەبوو، بەڵام متمانەی تەواوی بە ئەمریکاو بەڵێنەکانی هەبوو، پێی وابوو هاتنەپێشەوەی ئەمریکا لە جوڵانەوەی کورد ڕێگر دەبێت لەوەی (شا) پشتی کورد بەر بدات[4]، ئەمەش کاریگەری هەبوو لەسەر ڕەتکردنەوەی پڕۆژەی ئۆتۆنۆمی بەغداو دەستپێکردنەوەی شەڕ لە ئازاری 1974دا[5]. هەروەك لەدوای بەستنی ڕێکەوتنی جەزائیرو گەڕانەوەی شا بۆ ئێران (اسدالله علم) وەزیری کۆشکی شاهانە بە شا دەڵێت: "بەڵام عێراقیەکان لە ساڵی ڕابردوودا خەریکبوو داواکاریەکانی کوردیان جێبەجیٚ دەکرد، لەڕاستیدا کورد خستنەڕووی عێراقیان لەسەر داوای جەنابت ڕەتکردەوە"[6].

([1]) مسعود بارزانی: س. پ، بەرگی سێیەم، بەشی دووەم، ل212.

([2]) بيتر جي. لامبرت: الولايات المتحدة والكورد دراسة حالات عن تعهدات الولايات المتحدة، ترجمة، مركز الدراسات الكوردية وحفظ الوثائق/ جامعة دهوك، الطبعة الاولى، مطبعة خاني، دهوك، 2008، ل70؛ کریس کۆچێرا: کورد لە سەدەی....، ل ل273-274.

([3]) عیسمەت شەریف وانلی: کوردستانی عێراق، لە کتێبی گەلێکی پەژموردەو نیشتمانێکی پەرت (کوردو کوردستان)، وەرگێرانی، م. گۆمەیی‌و حەوێزی، سوید، 1998، ل315.

([4])کریس کۆچێرا: کورد لە سەدەی....، ل368.

([5]) کامەران قەرەداغی: دوو جەنگی کەندار، کورد لەسەر شانۆی جیهانیدا 1979- 1992، لە کتێبی گەلێکی پەژموردەو نیشتمانی پەرت (کوردو کوردستان)، ل ل411-412.

([6])أسدالله علم: الشاه..وأنا، المذكرات السرية لوزير البلاط الايراني "أسد علم"، اعداد، علی ناغی علی خانی، ترجمة، فريق من الخبراء العرب، اشراف وتقديم، رفعت سيد احمد، الطبعة الثانية، مكتبة مدبولي، القاهرة، 2011، ص549.

ئەم پرۆسە نهێنییە لە ئازاری 1975 کۆتایی پێهات، کاتێك شای ئێران لەگەڵ سەدام حسێندا رێکەوتنی جەزائیریان واژۆ کرد، بە ئامانجی چارەسەرکردنی کێشە سنورییە هەڵپەسێردراوەکانی نێوانیان، بەمەش کۆتایی بە شۆڕشی ئەیلول هات [1].

سۆڤیەت هەوڵیدا رێگە لە سەرهەڵدانی شەڕ بگرێتەوە، بۆ ئەو مەبەستە گەشتەکانی نوێنەری یەکێتی سۆڤیەت یفغینی بریماکۆف (Y. Brimakov) بۆ شاری بەغداد بەردەوامبوو، بەڵام ئەنجامێکی ئەرێنی لێنەکەوتەوە [2]، چونکە سەرهەڵدانەوەی شەڕ لە بەرژەوەندی سۆڤیەت نەبوو، سەرکەوتنی کورد مانای سەرکەوتنی بلۆکی رۆژئاوا بوو بەسەر بلۆکی رۆژهەلات (سۆڤیەت)دا، لەولاشەوە لە عێراق دڵنیا نەبوو لە کاتی سەرکەوتنیداو بەو داهاتە زۆرەی لە نەوت بەدەستی دێنێت بە هەمان شێوەی میسر پشتی تێنەکاتو باروبۆخی ناوچەکە گرژ نەبێت [3]. بەلام لەگەڵ ئەوەشدا سۆڤیەت بەردەوامبوو لە یارمەتیدانی عێراقو پێشکەوتووترین چەکی خۆی پێدا، وەك فرۆکەی tu22 سۆخۆیو میگی 25و تۆپی 130ملمو 152ملم موشەکی سامو تانکی T62 کە دوایین جۆری سۆڤیەت بوو. وێڕای ئەوەی ئەفسەرو کادیری بواری سوپاو فرۆکەوانی سۆڤیەت هاوکاری سوپای عێراقو سەرپەرشتی ئەو بۆردومانانەی کوردستانیان دەکرد [4].

بە شێوەیەکی گشتی سەرهەڵدانەی جەنگ لە کاتێکدا بوو کە کورد پشتیوانی یەکێتی سۆڤیەتو حزبی شیوعی لە دەست دابوو، بە هۆی دژایەتی پارتی بۆ شیوعیەکانو قەدەغەکردنی چالاکیەکانیان بەهۆی چوونی شیوعی بۆ ناو بەرەی نیشتمانیو نزیك بوونەوەی زیاتری پارتی لە ئێرانو هاوپەیمانەکانی [5].

لە بەرامبەردا لەم جەولە نوێیەی شەڕدا، ئێران بە هەموو شێوەیەك پاڵپشتی جوڵانەوەی کوردی دەکرد، کە پێشتر وێنەی نەبوو [6]، بە شێوەیەك لە دوای ئەمریکا لە

([1]) عوسمان عەلی: س. پ، ل54-55.

([2]) شکیب عقراوی: م. س، ص 356.

([3]) نازناز محەمەد عەبدولقادر: س. پ، ل203.

([4]) سۆزان کەریم مستەفا: س. پ، ل304.

([5]) ایوب بارزانی: الحركة التحررية الكوردية و صراع القوى الاقليمية والدولية 1958-1975، دار نشر حقائق المشرق، جنیف، 2011، ص 353.

([6]) مثنى امين قادر: م. س، ص169؛ عیسی پەژمان: س. پ، ل89.

ڕووی داراییـەوە یارمـەتی شۆڕشـی کـوردی دەدا، لـە مـانگی کـانوونی دووەمـی74 - حوزەیرانی74، مانگانە 20 ملیۆن تومەن‌و لە مانگی تەمموزی1974 – ئـازاری 1975 دوو بەرامبەری کرد، واتە (دوو ملیۆن دینـار) بـە نرخـی ئـەو کـات[1]. هـەروەها لـە ڕووی سـەربازییەوە ئێـران بـە ئاشـکرا کەوتـە یارمەتیـدانی شۆڕشـی ئـەیلول‌و تۆپخانەیـەکی پێکهاتوو لە 12 تۆپی 155 ملم بـە 400 سـەربازی ئێرانیـەوە لـە کوردسـتان لـە نزیـك بارەگای بارزانی جێگیر کـران‌و بـەردەوام تۆپبـارانی سـەربازگەو هێزەکـانی حکومـەتیان دەکرد، وێڕای ئەوەی لە خـاکی ئێرانیشـەوە چـەکە دژە هەواییـەکان موشـەکی زەوی بـە ئاسمانیان دژی فرۆکەکانی عێراق بەکار دەهێنا[2].

مەسعود بارزانی لەسەر هاتنی ئەو یارمەتیە سەربازیانە دەڵێت: "خۆزیا نەگەیشـتایە، بە هاتنی ئەم موشەك‌و تۆپانە پێشمەرگە پشتیان لێکردەوەو هەموو پشت پێ بەستنێکی خۆیان خستە سـەر ئـەم موشـەك‌و تۆپانـە کـە لـە کـاتی تەنگانـەو پێویسـت پـێ بوونـدا دەرکەوت هیچ سودێکیان نیە، چونکە ڕۆڵێکی کاریگەریان نەبینی"[3].

لەسەر جەنگی 74، نەوشیروان مستەفا دەڵێت "جـەنگی 1974–1975ی کـورد– بەعس ئەگەر چی لە نێوان هێزە چـەکدارەکانی کـوردو جەیشـی عێراقـی دا بـوو، لەسـەر ئەرزی کوردستان ئەکرا، لە پێناو ئامانجە نەتەوەییەکانی گەلی کوردا بو، بەڵام لە راسـتی دا ململانێی سیاسی– جەنگی، ئێران– عێراق بو، هێزەکانی کورد بـە چـەك‌و ئیمکانیـاتی ئێرانی ئەجەنگان‌و بەعس بە چەکی ڕوسی‌و ئیمکانیاتی نەوتی کەرکوك، لەم ململانێ یەدا عێراق باڵا دەستی بەسەر کورداو، ئێران باڵا دەستی بەسەر عێراق دا هەبو"[4].

چەند وڵاتی هەرێمی‌و عەرەبی وەك (تورکیا، ئەردەن، میسرو جەزائیر) ڕۆڵیـان هـەبوو لـە چارەسـەرکردنی نـاکۆکی نێـوان عێـراق‌و ئێرانـدا[5]، سـەرەڕای ڕەزامەنـدی‌و هانـدانی

([1]) نازناز محەمەد عەبدولقادر: س. پ، ل 304.

([2]) ئیبراهیم جەلال: خوارووی کوردستان....، ل425؛ کریس کۆچێرا: کورد لە سەدەی، س. پ، ل409.

([3]) مسعود بارزانی: س. پ، بەرگی سێیەم، بەشی دووەم، ل159.

([4]) نەوشیروان مستەفا ئەمین: لە کەناری دانوبەوە بۆ خڕی ناوزەنگ، دیوی نـاوەوەی ڕووداوەکـانی کوردسـتانی عێراق 1975-1978، بەرلین، 1997، ل23.

([5]) بڕوانە، اسکندر مرادی: م. پ، ص، 141؛ بیتر جی. لامبرت: م. س، ص83؛ نادر انتصار: م. پ، ص249.

هەریەك لە ئەمریكاو یەكێتی سۆڤیەت بۆ چارەسەركردنی ناكۆكیەكانی نێوان عێراقو ئێران بە شێوەیەكی ئاشتیانە[1].

سەرئەنجام لە رۆژی 6ی ئازاری 1975دا رێكەوتننامەی جەزائیر لە نێوان (سەدام حسێن) جێگری سەرۆك كۆماری عێراقو (محەمەد رەزا) شای ئێران بە ئامادەبوونی (هەواری بومدین)ی سەرۆكی جەزائیر لە پەراوێزی كۆبوونەوەی رێكخراوی ئۆپێك لە وڵاتی جەزائیر واژۆ كرا[2]. بەپێی ئەم رێكەوتننامەیە عێراق دەستبەرداری نیوەی شەتولعەرەبو زەویە كێشە لەسەرە سنوریەكانی خۆی بوو لە بەرامبەر لەناوبردنی بزوتنەوەی رزگاریخوای كورددا[3].

پرسی كوردو جوڵانەوەی رزگاریخوازی كورد هۆكاری سەرەكی بەستنی رێكەوتننامەی جەزائیر بوو، بەهۆی شەڕی لەگەڵ كورد چەكو جبەخانەی حكومەتی عێراق بە تەواوی كەمی كردبوو، دواتر سەدام حسێن دانی بەوەدا نا، لەوكاتەدا تەنها سێ موشەكی قورسو چەند گوللە تۆپێكی كەمی مابوو[4]، بۆیە رایگەیاند ئەوە هۆیەك بوو تا عێراق بەو مەرجانە رازی بێت كە ئەو دەمە بەسەریا سەپێنراو رێكەوتننامەی جەزائیری لەگەڵ شادا مۆر كرد[5]، وێڕای ئەوەی ئاشكرایكرد لە نێوان (ئازاری 1974– ئازاری 1975) سوپای عێراق 16 هەزار كوژراوی دا،و تێكڕای ژمارەی كوژراوی سەربازو هاووڵاتیان گەیشتووەتە (60) هەزار كەس، هەروەها لە حاڵەتی بەردەوامبوونی جەنگدا دوور نەبوو ناوچە نەوتیەكانی باكوری عێراق بكەوتایە ژێر دەستی كوردەوە[6]. بەڵام پێدەچێت (سەدام حسێن) زیادەڕۆیی لەو ژمارانەدا كردبێت، ئەویش بۆ هێنانەوەی پاساو بۆ

([1]) نەوشیروان مستەفا ئەمین: لە كەناری....، ل25؛ اسكندر مرادی: م. پ، ص139.

([2]) بڕوانە ناوەڕۆكی رێكەوتننامەی جەزائیر لە پاشكۆی ژمارە (1).

([3]) عادل مراد: الاتحاد الوطنی الكردستانی الانطلاقة .. من طلیطلة الی بغداد .. خواطر بعد ثلاثین عاما، مطبعة زانا، دهوك، 2006، ص11.

([4]) وەرگیاوە لە اسكندر مرادی: م. پ، ص140؛ نادر انتصار: م. پ، ص248.

([5]) وەرگیاوە لە گورینتەر دیشنەر: س. پ، ل294.

([6]) وەرگیاوە لە اصغر جعفری ولدانی: بررسی تاریخی اختلافات مرزی ایرانو عراق، دفتر مطالعات سیاسیو بین المللی، چاپخانە دفتر نشر فرهنگ اسلامی، تهران، 1367، ص481؛ منوچهر پارسادوست: : ریشەهایی تاریخی اختلافات ایرانو عراق (1514-1980)، چاپ چهارم، چاپخانە حیدری، تهران، 1369، ص423 ص- 424؛ نەوشیروان مستەفا ئەمین: لە كەناری....، ل21؛ اسكندر مرادی: م. پ، ص140-141.

ڕێکەوتنی جەزائیر[1]، وێڕای ئەوەی زێرخانی ئابوری عێراقی بەرەو داڕمان بردبوو، زیاتر لە 4 ملیار دۆلار تێچوونی جەنگەکەی بوو لەگەڵ کورددا[2].

لەلایەکی تریشەوە شای ئێران ناچار بوو لەگەڵ عێراق ڕێکبکەوێت و کۆتایی بە ناکۆکیەکانی نێوانیان بهێنێت، بۆ ئەوەی کورد بە ئامانجی خۆی نەگات کە خۆی لە ئۆتۆنۆمیدا دەبینیەوە[3]، چونکە عێراق هیچ هیوایەکی بە سەرکەوتن نەمابوو، جەنگ بە تەواوی عێراق و سوپاکەی لاواز کردبوو، دواجار حکومەتی عێراق دەبوو مل بدات بۆ ماف و خواستەکانی کوردو بە ناچاری پەسەندیان بکات[4].

لە ڕۆژی 6ی ئازاری 1975 دا بە گەیشتنەوەی شا بۆ تاران بەستنی ڕێکەوتننامەکەی ڕاگەیاند، پاشان فەرمانیکرد بە کشاندنەوەی سەرجەم تۆپ و موشەکەکان لە باشوری کوردستان، بۆ ڕۆژی دواتر بێ ئاگادارکردنەوەی سەرکردایەتی سیاسی کورد دەست بە جێبەجێ کردنی ئەو پلانە کرا[5].

دوای چەند ڕۆژ چاوەڕوانی بارزانی لە تاران لە 1975/3/11 چاوی بە شا کەوت، شا بە ئەنقەست ڕۆژی 11 ئازاری بۆ ئەو چاوپێکەوتنە دیاری کردبوو وەك تۆڵە سەندنەوەیەك لە شۆڕش و لە بارزانی، کە ئەو ڕۆژە یادی واژۆکردنی ڕێکەوتننامەی 11ی ئازای 1970 بوو کە شا پێی ڕازی نەبوو[6]. هەروەها شا لەو کۆبوونەوەیەدا سێ بژاری خستە بەردەمیان، یەکەم: سوود لە لێبوردنە گشتیەکەی حکومەتی عێراق وەربگرن و پێش کۆتایی مانگ دەتوانن خۆتان ڕادەستی عێراق بکەنەوەو بگەڕێنەوە، دووەم: لە ئێران ببنە پەنابەر، سێیەم: دەتوانن درێژە بە شەڕ بدەن، بەڵام ئێمە هیچ یارمەتیەکتان نادەین و لە کۆتایی مانگی ئازاردا سنورتان لێدادەخەین[7].

---

[1] نەوشیروان مستەفا ئەمین: لە کەناری...، ل21.

[2] اسکندر مرادی: م. پ، ص140.

[3] عیسی پەژمان: س. پ، ل89.

[4] عبدالله شهبازی: ضهورو سقوط سلطنت پهلوی، خاطرات ارتشبند سابق حسین فردوست، چاپ بیست و هفتم، انتشارات اطلاعات، تهران، 1378، ص503.

[5] مسعود بارزانی: س. پ، بەرگی سێیەم، بەشی دووەم، ل 170.

[6] هـ س؛ موحسین دزەیی: س. پ، ل339؛ کامەران قەرەداغی: س. پ، ل396.

[7] موحسین دزەیی: س. پ، ل340؛ عیسمەت شەریف وانلی: س. پ، ل316.

دوای گەڕانەوەی بارزانی لە 13ی ئازاری 1975 بۆ کوردستان، بۆ بڕیاردان لە چارەنووسی شۆڕش و دیاریکردنی هەڵوێستی سەرکردایەتی شۆڕش بەرامبەر بە ڕێکەوتننامەی جەزائیر. کۆبوونەوەی مەکتەبی سیاسی و کۆمیتەی ناوەندی و سەرکردەکانی شۆڕش دەستیپێکردو تا 19ی ئازار بەردەوام بوو[1]، لەو ماوەیەداو لە 17ی ئازاردا پارتی لە ڕێگەی بروسکەیەکەوە داوای گفتوگۆو دانوستاندنی لە حکومەتی عێراق کردو ڕایانگەیاند ئەوان بە بەندەکانی یاسای ئۆتۆنۆمی عێراق بۆ کوردستانی عێراق ڕازین، بەلام بەغدا وەڵامی نەدایەوە[2]، بارزانی تا 19ی ئازاری 1975 بڕیاری لەسەر بەردەوامبوونی شۆڕش دابوو، بەلام دواجار لە شەوی 19ی ئازاردا بارزانی بڕیاری کۆتاییهێنان بە شۆڕش و خەباتی چەکداری و کشانەوەی بۆ ئێران دا[3].

بەمەش کۆتایی بە گەورەترین شۆڕشی گەلی کورد لە باشوری کوردستان هات کە قۆناغێکی گرنگ بوو لە خەباتی جوڵانەوەی ڕزگاریخوازی کورد، نزیکەی 14 ساڵ بوو بەردەوام بوو.

([1]) نەوشیروان مستەفا: لە کەناری....، ل30.

([2]) عیسمەت شەریف وانلی: س. پ، ل317.

([3]) صلاح الخرسان: م. س، ص233؛ شکیب عقراوی: م. س، ص415.

بەشی یەکەم:

سیاسەتی ئێران بەرانبەر جوڵانەوەی رزگاریخوازی کورد لە باشوری کوردستان

(1979-1975)

دوای هەرەسی شۆڕشی ئەیلول قۆناغێکی نوێ لە خەباتی جولانەوەی ڕزگاریخوازی کورد لە باشوری کوردستان هاتەکایەوە، دوای تێپەڕبوونی ماوەیەکی کەم چەند پارتێکی سیاسی لە گۆڕەپانی سیاسی کوردستان سەریانهەڵدا، و دوای تێپەڕ بوونی نزیکەی ساڵێك بەسەر هەرەسی شۆڕشی ئەیلولدا، لە هەلومەرجێکی سەختو دژواردا شۆڕشی نوێی چەکداری لە باشوری کوردستان هەڵگیرسایەوە، بەڵام ئەمجارەیان لە لایەن چەند پارتێکی کوردستانەوە، کە دواجار شەڕی ناوخۆ لە نێوان ئەو پارتانەدا هەڵگیرسا.

باسی یەکەم: دامەزراندنی پارتە سیاسیەکان لە باشوری کوردستانو هەڵگیرساندنەوەی شۆڕش:

دوای هەرەسی شۆڕشی ئەیلول لە کۆتایی مانگی ئازای 1975دا، ڕەوشێکی ناهەموارو دژوار هاتە ئاراوەو نائومێدی باڵی بەسەر چینو توێژەکاندا کێشابوو[1]، ئەمەش نەك تەنها باشوری کوردستان، بەڵکو هەموو پارچەکانی کوردستانی گرتبووەوە، تا ئەو ڕادەیەی زۆرینەی کەسانی سەربازیو سیاسیەکانی نێو شۆڕش ورەیان بەردابوو، تەنانەت گەیشتبونە ئەو باوەڕەی چیدی جولانەوەی ڕزگاریخوازی کورد سەرهەڵنادااتەوە[2].

لەلایەکی ترەوە لە نێو کاربەدەستانی ڕژێمی بەعسدا کەسانێك هەبوون شانازیان بەو سەرکەوتنەوە دەکرد، کە لە بنەڕەتدا ئەوان بەدییان نەهێنابوو، بەڵکو سەرکردایەتی جولانەوەی ڕزگاریخوازی کورد لە باشوری کوردستان خۆی بڕیای کۆتایهێنانی شۆڕشی دابوو[3]، ئەوەش لە ئەنجامی کۆمەڵێك هۆکار.

هەندێك لە کاربەدەستانی حکومەتی عێراق گرەویان لەسەر ئەوە دەکرد کە مەحاڵە جارێکی تر چیاکانی کوردستان باوەش بۆ پێشمەرگە بکەنەوە[4]، تا ئەو ڕادەیەی

([1]) گورینتەر دیشنەر: س. پ، ل297.

([2]) کەمال فوئاد: سەرەتاکانی دامەزراندنو دەستپێکردنەوەی شۆڕش، لە کتێبی چەند لاپەرەیەك لە مێژووی یەکێتی نیشتمانی کوردستان، کۆمەڵێك گوتارو چاوپێکەوتن، چاپی دووەم، ب. ش، 2005، ل29.

([3]) هـ. س ، ل29.

([4]) هـ. س، ل ل29-30.

ئەحمەد حەسەن بەکر سەرۆك کۆماری عێراق (1968- 1979) سێ جار لەسەر یەك وتبووی: "تەواو بوو بۆ هەتا هەتایە"[1]. هەروەها سەدام حسێن بە جۆرج حەبەش سکرتێری گشتی بەرەی میللی رزگاریخوازی فەلەستینی (1967-2000) وتبوو: "جەلال دار خورما لەسەری ئەروی بەلام جاریکی تر ناتوانی حەوت کەس بنێریتە شاخ"[2].

لەو بارودۆخە سەختو دژوارەدا نەك هەر قسەو پێشبینیەکانی کاربەدەستانی رژێم پوچەڵکرایەوە، بەڵکو قۆناغێکی سیاسی نوێ لە سیستەمی حیزبایەتی لە باشوری کوردستاندا هاتە کایەوە، کە ئەویش بریتی بوو لە سیستەمی فرە پارتایەتی‌و کۆتایی بە قۆناغی سیستەمی تاك حزبی هات، لەو ڕووەشەوە چەند پارتێکی سیاسی لە کوردستاندا دامەزران‌و هاتنەکایەوە وەك:

1. یەکێتی نیشتمانی کوردستان:

بیرۆکەی دامەزراندنی یەکێتی نیشتمانی کوردستان دەگەڕێتەوە بۆ جەلال تاڵەبانی، کە هاوکات سکرتێری (کۆمەڵەی مارکسی لینینی کوردستان) بوو، جگە لەوەی کە خۆی لە ئەوروپا هەستا بە پەیوەندیکردن‌و کۆکردنەوەی زۆرترین کەس، لە ڕێگەی نامەوە ڕاوێژی لەگەڵ ناوەندی کۆمەڵە کرد، بە دوو نامەی جیا لە ڕێگەی (شازاد سائب)* ەوە لە ئازاری 1975دا سەرکردایەتی کۆمەڵەی لە ناوەوەی وڵات لە بیروڕاکانی خۆی ئاگادار

(1) وەرگیراوە لە عەلی تەتەر نێروەیی: سیاسەتی حکومەتی عێراق لە کوردستان، لە سایەی بەڵگەنامە فەرمییەکاندا 1975-1991، بەرگی یەکەم، چاپی یەکەم، چاپخانەی زانکۆی دهۆك، دهۆك، 2010، ل50.

(2) وەرگیراوە لە ئەرشیروان مستەفا ئەمین: لە کەناری...، ل93.

* شازاد سائب ساڵی 1946 لە شاری سلێمانی لەدایك بووە، ساڵی 1968 کۆلێژی مافی لە بەغدا تەواو کردووە، لە نێوان ساڵانی 1970- 1975 ئەندامی کۆمەڵەی مارکسی لینینی کوردستان بووە، دوای دامەزراندنی یەکێتی ڕۆڵی هەبووە لە ئاڵوگۆڕی زانیاری لەنێوان سەرکردەو کادیرانی ئەو پارتە لە ناوەو دەرەوەی وڵات، لە ساڵانی 1978- 1983 نوێنەری (ی. ن. ك) بووە لە سوریا، هەروەها نوێنەری پارتەکەی بووە لە ئەوروپاو دواتر لە ساڵی 1994 نوێنەری (ی. ن. ك) بووە لە تورکیا، ساڵی 2001 لە ئیدارەی سلێمانی بووە بە وەزیری کشتوکاڵ، لە 21ی مایسی 2001 بە ڕووداوی هاتووچۆ کۆچی دوایی کردووە. (http://www.kurdsat.tv).

کردبـوو، ئـەوانیش پـاش تـاوتوێکردن‌و لێکۆڵینـەوە کـۆك بـوون لەسـەر دامەزرانـدنی ڕێکخراوێکی نیشتمانی فراوان کە کۆمەڵە بە نهێنی داینەمۆکەی بێت[1].

بـۆ ئـەو مەبەسـتە جـەلال تاڵـەبانی کۆمیتەیـەکی بـە نـاوی "دەسـتەی دامەزرێنـەری یەکێتی نیشتمانی کوردستان" لـە (خـۆی، فوئـاد مەعسـوم، عـادل مـوراد، عەبـدولڕەزاق فـەیلی، کـەمال فوئـاد، عومـەر شـێخ مـوس‌و نەوشـیروان مسـتەفا" پێکهێنـابوو[2]، دوای ئەنجامدانی چەندین کۆبونەوە لە چەند ناوچەیەکی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بە ئامـادەبوونی (جەلال تاڵەبانی، فوئاد مەعسوم، عادل موراد، عەبدولڕەزاق فەیلی‌و چەند کەسێکی تـر)، دوا جار ڕێکەوتن لەسەر ئەوەی لە 22ی ئایاری هەمانساڵدا (تـەنها بـە دوو مـانگ دوای هەرەسی شۆڕشی ئەیلول) کۆبونەوەیەك گرێبدەن[3].

سـەرئەنجام کۆبونەوەکـە لـە وادەی دیـاریکراودا لـە 1975/5/22 لـە قاوەخانـەی (طليطلة) لە گەڕەکی (ابو رومانه)ی ناوەراسـتی دیمەشـقی پایتـەختی سـوریادا، بەسـەر کردایەتی جەلال تاڵەبانی‌و ئامادە بوونی هەریەك لە فوئاد مەعسوم، عەبدولڕەزاق فەیلی‌و عادل موراد، کۆبونەوەکـە گرێـدراو دوای گفتوگـۆو بـیرورا گۆڕینـەوە بڕیـاردرا ڕێکخسـتنە نوێکە ناو بنرێت، (یەکێتی نیشـتمانی کوردسـتان)[4]، و یەکـەم بەیاننامـەی دامەزرانـدنی یەکێتی نیشتمانی کوردستان کە جـەلال تاڵـەبانی ئامـادەی کردبـوو، پـاش گفتوگۆکردن لەسەر ناوەڕۆکەکـەی بڕیـاری لەسـەر دراو ڕاگەیەنـدرا[5]، و دەزگاکـانی ڕاگەیانـدنیش لـە سوریا بەیاننامەکەیان بڵاو کردەوە[6].

---

[1]) فەرەیدون عەبدولقادر: لە زەمینەو سەرەتاو دامەزراندنی یەکێتی نیشتمانی کوردستان دەدوێ، لە کتێبی چەند لاپەرەیەك لە مێژووی یەکێتی نیشتمانی کوردستان، ب. ش، ب. س، ل ل58-59.

([2]) نەوشیروان مستەفا ئەمین: لە کەناری....، ل ل42-43.

([3]) کەمال فوئاد: س. پ، ل ل30-31.

([4]) عادل مراد: م. س، ص28؛ چاوپێکەوتن لەگەڵ جەلال تاڵـەبانی: کوردسـتانی نـوێ، ژمـارە (1298)، 1996/6/2، ل2.

([5]) فوئاد مەعسوم: یەکێتی نیشتمانی کوردستان .. سەرەتاکان، لە کتێبـی چـەند لاپەرەیـەك لـە مێـژووی یەکێتی نیشتمانی کوردستان، ل25.

([6]) نەوشیروان مستەفا ئەمین: لە کەناری ....، ل43.

پاشان جەلال تاڵەبانی سەفەری کرد بۆ ئەورووپا، لە ڕۆژی 1975/5/27 بە سەرپەرشتی جەلال تاڵەبانیو بە ئامادەبوونی نزیکەی (20) کەس کۆبونەوەیەکیان لە گەڕەکێکی کەناری بەرلین ئەنجامداو پاش زیاد کردنی برگەیەك بۆ بەیاننامەکە، دوا جار لە ڕۆژی 1975/6/1دا بەیاننامەکە بڵاوکرایەوە[1]، بەمەش ڕۆژی (1975/6/1)* کرا بە ڕۆژی ڕاگەیاندنی یەکێتی نیشتمانی کوردستان[2].

لەسەر ڕۆژی دامەزراندنی یەکێتی نیشتمانی کوردستان ڕاجیایی هەیە، تەنانەت ئەندامانی دەستەی دامەزرێنەری یەکێتیش لەسەر ڕۆژەکەی کۆك نین، فوئاد مەعسوم پێی وایە ڕاگەیاندنی دامەزراندنی یەکێتی نیشتمانی کوردستان بۆ ڕۆژی1975/5/22 دەگەڕێتەوە، نەك ڕۆژی 1975/6/1[3]، ئەمە لە کاتێکدا کەمال فوئاد پێی وایە 1975/6/1 ڕۆژی بە فەرمی ڕاگەیاندنی (ی. ن. ك)ە[4].

یەکەم بەیاننامەی (ی. ن. ك) جەلال تاڵەبانی بە زمانی عەرەبی نوسیبووی، پاشان بۆ چەند زمانێکی تر وەرگێڕدرا، لەوانە: عومەر شێخموس کردی بە ئینگلیزیو کەمال فوئاد بە ئەڵمانیو حەسەنی قازی بە فارسیو هەروەها کەمال بۆرقای کە ئەو کات لە تورکیا مانگنامەیەکی بە ناوی ڕێگای ئازادی (Ozgurluk yolu) دەردەکرد وەریگێڕایە سەر زمانی تورکی، ئەم بەیاننامەیە ژمارەیەکی زۆری لێ چاپو بڵاوکرایەوە[5].

یەکێتی نیشتمانی کوردستان وەك ڕێکخراوێکی نیمچە بەرەیی، لە چەند ڕەوتو بیروبۆچونی جیاواز پێکهاتبوو، کە لە چەند ڕێکخراوێکدا بەرجەستە بوون، ئەوانیش:

([1]) بڕوانە بەیانی دامەزراندنی ی. ن. ك لە پاشکۆی ژمارە (2).

* لەسەر ڕۆژو شوێنی دامەزراندنی (ی. ن. ك) تێکەڵییەك هەیە، ئەگەر ڕۆژی 1975/5/22 دابنرێت ئەوا دەبێت ئاماژە بە دیمەشق بکرێت، ئەگەر 1975/6/1 بە ڕۆژی ڕاگەیاندنی دابنرێت لەم حاڵەتەدا دەبێت ئاماژە بە بەرلین بکرێت وەك شوێنی ڕاگەیاندنی (ی. ن. ك)، نەك وەك دەوترێت (ی. ن. ك) لە 1975/6/1 لە دیمەشق دامەزراوە.

([2]) کەمال فوئاد: س. پ، ل ل32-33.

([3]) فوئاد مەعسوم: س. پ، ل26؛ چاوپێکەوتن لەگەڵ جەلال تاڵەبانی: کوردستانی نوێ، ژمارە (1298)، 1996/6/2، ل2.

([4]) کەمال فوئاد: س. پ، ل ل32-33؛ چاوپێکەوتن لەگەڵ جەلال تاڵەبانی: کوردستانی نوێ، ژمارە (1298)، 1996/6/2، ل2.

([5]) نەوشیروان مستەفا ئەمین: لە کەناری .. ، ل71.

أ. كۆمەڵەی مارکسی لینینی کوردستان:

سەرەتای دامەزراندنی (کۆمەڵە) دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی دوای جیابوونەوەی باڵی مەکتەبی سیاسی، ئەویش بەهۆی کاریگەری جەلال تاڵەبانی بە بیری ماوی و ئەزمونی چین لە جێبەجێکردنی سۆسیالیزمدا، کە پێی وابوو جێبەجێکردنی لە باشوری کوردستاندا گونجاوترە لە ئەزموونی سۆڤیەت کە پشت بە چینی کرێکار دەبەستێت، ئەمەش لە کوردستاندا بوونی نییە، بەڵکو پێی وابوو کۆمەڵگەی کوردی سروشتی جوتیاری هەیەو لەوەشدا لە کۆمەڵگەی چین دەچێت[1].

لەو بارودۆخە سیاسیی و فیکریەدا جەلال تاڵەبانی کەوتە ژێر کاریگەری (کورش لاشائی)* کەسایەتی سیاسی ئێرانی[2]، کاتێك ناکۆکی کەوتە نێوان حیزبی تودەوە، باڵێکیان بە ناوی (سازمانی ئینقلابی حیزبی تودەی ئێران) لێ جیا بووەوە، دواتر ئەوانە لە ساڵی 1968دا هاتنە باشوری کوردستان و لە بەکرەجۆ میوانی جەلال تاڵەبانی بوون، ئەمانە لە ڕێگای کۆڕو کۆبونەوەوە کاریگەری زۆریان کردە سەر ئەندامانی باڵی مەکتەب سیاسیی و زیاتر ئاشنابوونیان بە بیری چەپ بەگشتی و بیروباوەڕی (ماوتسی تۆنگ) بەتایبەتی[3].

کۆمەڵە لە سەرەتادا وەك ڕەوتێکی فکری هاتە ئاراوە، بە دەستپێشخەری هەریەك لە (شەهاب شێخ نوری، فازیلی مەلا مەحمود، فەرەیدون عەبدولقادر)، بڕیاریاندا بە دامەزراندنی ڕێکخراوێکی سیاسی، کە هەڵگری بیرو ڕێبازێکی سیاسی نوێ بێت، لەبەر ئەوەی ئەمانە هەموویان گەنج و لاو بوون و زۆربەشیان قوتابی و خوێندکار بوون، وەك پێویست ناسراوی و ناوبانگیان نەبوو، لەو ڕووەوە پێویستیان بە کەسێکی بە ئەزموون و ناودار لە خەباتی جوڵانەوەی ڕزگاریخوازی کورددا هەبوو، بۆ ئەو مەبەستە پەیوەندی بە

([1]) صلاح الخرسان: التيارات السياسية فى كردستان العراق قراءة فى ملفات الحركات والاحزاب الكردية فى العراق 1946–2001، الطبعة الاولى، مؤسسة البلاغ، بيروت، 2001، ص ص326–327.

* کورش لاشائی ناسراو بوو بە دکتۆر جەلال، سکرتێری سازمانی ئینقلابی حزبی تودەی ئێران بوو، ساڵی 1965 لە حیزبی تودە جیابووەوە، دواتر پەنای بۆ عێراق برد، پاشان بە نهێنی لە سنور پەڕییەوەو بۆ ئێران گەڕایەوەو لەلایەن (ساواك)ەوە دەستگیرکرا. (صلاح الخرسان: م. س، ص ص327، 340).

([2]) م. ن، ص327.

([3]) فەرەیدون عەبدولڕەحیم: س. پ، ل111.

(جەلال تاڵەبانی)یەوە دەکەن و داوای ڕێنمایی و سەرپەرشتیکردنی کۆمەڵەی لێدەکەن[1].
هاوکات پەیوەندی بە چەند کەس لە هاوڕێیانی تریانەوە دەکەن[2].

دوای ڕاگەیاندنی بەیانی 11ی ئازاری 1970 زنجیرەیەك کۆبونەوە لە بەغدا لە ماوەی نێوان ئازار- تەمموزی 1970 ئەنجامدرا، تیایدا جەلال تاڵەبانی جەختی لەسەر پێویستی بوونی ڕێکخراوێکی مارکسی نهێنی کردەوە، دواجار لە کۆتایی ئەو کۆبونەوانەدا لە 1970/7/10دا بڕیاریاندا بە پێکهێنانی (ڕێکخستنی مارکسی لینینی کوردستانی) لەژێر ناوی (کۆمەڵەی مارکسی لینینی کوردستانی) کورتکراوەکەی (کۆمەڵە) بوو، وا دانرا ئەم ڕێکخستنە نوێیە جێگرەوەی حزبی شیوعی بێت لە باشوری کوردستاندا[3]. جگە لە جەلال تاڵەبانی، ئەوانەی کە لە کۆبونەوەی دامەزراندنی کۆمەڵەدا بەشدار بوون، بریتیبوون لە هەریەك لە (شەهاب شێخ نوری، فەرەیدون عەبدولقادر، دلێر سدیق و فوئاد قەرەداغی)، لەبەر ئەوەی زۆربەیان خوێندکار بوون لە بەغدا یاخود لەوێ نیشتەجێ بون، بۆیە کۆبونەوەکە لەو شارە ئەنجامدرا[4].

ئەندامانی سەرکردایەتی کۆمەڵە لە ساڵی (1970) دا بریتیبوون لە:

1. جەلال تاڵەبانی: سکرتێری کۆمەڵە، لەگەڵ ئەوەی لە ڕووی فکری و نوسینەوە کاریگەری زۆری هەبوو، بەڵام بەهۆی بارودۆخی ئەو کاتەوە، لە ڕێکخستنەکانی کۆمەڵە دوور بوو و زۆربەی کات لە دەرەوەی وڵاتەوە ڕێنمایی و ئامۆژگاری دەکردن[5].
2. شەهابی شێخ نوری: سکرتێری کۆمیتەی سەرکردایەتی (لە ناوەوەی وڵات).
3. موحەممەد میرزا سەعید عەباس: لێپرسراوی لیژنەی بەغدا.
4. جەعفەر عەبدولواحید: لێپرسراوی لیژنەی هەولێر.
5. ئاوات عەبدولغەفور: لێپرسراوی لیژنەی سلێمانی.

([1]) فەرەیدون عەبدولڕەحیم: س. پ، ل118؛ جمال فتح الله: بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد لە باشوری کوردستان 1975-1980، تێزێکی دکتۆرای بڵاونەکراوەیە پێشکەشی بەشی مێژووی کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتیەکانی زانکۆی سلێمانی کراوە، 2009، ل33.

([2]) فەرەیدون عەبدولڕەحیم: س. پ، ل119.

([3]) صلاح الخرسان: م. س، ص ص327-328.

([4]) فەرەیدون عەبدولڕەحیم: س. پ، ل120.

([5]) فەرەیدون عەبدولقادر: س، پ، ل55.

6. فەرەیدون عەبدولقادر: لێپرسراوی لیژنەی کەرکوک[1].

کۆمەڵە هەر لە سەرەتاوە ناسنامەو ڕێبازی خۆی دیاریکردو خۆی لە پارتو هێزە سیاسیەکانی تر جیا کردەوە، بۆ دەرخستنی بیرو باوەڕی (مارکسیزم- لینینیزم)، خۆی ناو نا (کۆمەڵەی مارکسی لینینی کوردستان)، هەروەها ئەو ناوە بۆ ئەو مەبەستە بوو ئەو کەسانە کۆبکاتەوە کە باوەڕیان بەم ئایدۆلۆژیایە هەبوو، وێڕای ڕێکخستنو یەکخستنی هێزە مارکسیەکانی کوردستان، کە کۆمەڵەی لە پێناودا دامەزرا بوو، سەرچاوەکانی ئایدۆلۆژیای ڕێکخراوەکەش بریتی بوون لە (مارکسیزم- لینینیزمو ئەندێشەی ماوتسی تۆنگ)، لەبەر ڕۆشنایی ئەوەشدا کۆمەڵە دروشمی (ئەی کرێکارانو گەلانی زۆرلێکراوی جیهان یەکگرن)ی بەرز کردبووەوە[2].

کۆمەڵە هەر لە دامەزراندنیەوە تا هەرەسی جوڵانەوەی رزگاریخوازی کورد لە باشوری کوردستان لە ساڵی 1975، بە نهێنی مایەوەو زۆر بە نهێنیش کارەکانی ئەنجام دەدا[3].

دوای هەرەسی شۆڕشی ئەیلول لە ساڵی 1975و پەیوەندیکردنی جەلال تاڵەبانی بە سەرکردایەتی ناوەوەی کۆمەڵەوەو دامەزراندنی یەکێتی نیشتمانی کوردستان، لە تەموزی 1975دا فەرەیدون عەبدولقادر سەفەری دەرەوەی وڵات دەکات، دواجار لە بەرلینی ڕۆژئاوا چاوی بە جەلال تاڵەبانی دەکەوێت، سەرجەم پێشنیارو بیروڕاکانی سەرکردایەتی کۆمەڵە سەبارەت بە دامەزراندنو پێکهاتەی (یەکێتی نیشتمانی کوردستان) و دەستپێکردنەوەی خەباتی چەکدارانە بە جەلال تاڵەبانی دەگەیەنێت، هەر لەم دیدارەدا جەلال تاڵەبانی دوای باسکردنی بیروڕاو ئامۆژگارییەکانی خۆی لەمەڕ چۆنێتی دەستپێکردنو پەرەپێدانی مەفرەزەکانو گەشەکردنیان، جەختی لەسەر ئەوە کردەوە کە کۆمەڵە بە نهێنی داینەمۆی (ی. ن. ك) دەبێتو کاری تێدەکا[4].

([1]) سەروەر عەبدولڕەحمان عومەر: یەکێتی نیشتمانی کوردستان دامەزراندنو دەست پێ کردنەوەی شۆڕش 1975-1976 لێکۆڵینەوەیەکی مێژوویی/ سیاسییە، چاپی یەکەم، سەنتەری چاپو پەخشی تەما، سلێمانی، 2002، ل86.

([2]) فەرەیدون عەبدولڕەحیم: س. پ، ل ل120-121.

([3]) هـ. س، ل121.

([4]) فەرەیدون عەبدولقادر: س. پ، ل ل59-60.

ئەو ڕێکخراوە لەژێر ناوی کۆمەڵەی مارکسی – لینینی کوردستان لە کارو چالاکی بەردەوامبوو، تا لە دوای سەرکەوتنی شۆڕشی ئێران و ئەو گۆڕانکاریانەی ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست و عێراقیشی گرتەوە، لە کۆبونەوەیەکی فراوانی کادیرانی کۆمەڵەدا لە 1ی ئایاری 1979دا بە کۆی دەنگ بڕیاریان دا بە گۆڕینی ناوی کۆمەڵەی مارکسی لینینی کوردستان بۆ کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان[1]. یەکێك لە هۆکارە سەرەکیەکانی گۆڕینی ناوی کۆمەڵە، بۆ شۆڕشی ئێران دەگەڕایەوە، کە ڕەوتی ئیسلامی جڵەوی دەسەڵاتی لەو وڵاتەدا گرتبووە دەست، ئەمەش وای دەخواست ناوی کۆمەڵە بگۆڕن، تا لەگەڵ واقیعی دەورووبەردا بیگونجێنن[2].

ب. بزوتنەوەی سۆسیالیستی کوردستان:

دوای هەرەسی شۆڕشی ئەیلول و بڕیاری وەستاندنی شەڕ لە 19ی ئازاری 1975 لەلایەن بارزانیەوە، نارەزایی و نیگەرانی لەلایەن چەندین کادیرو کەسانی ئەو وەختی پارتی لێکەوتەوە، هەندێك لەو کادیرە پێشکەتووانە لە هەوڵی ڕزگارکردنی جوڵانەوەی ڕزگاریخوازی کورد بوون لەو هەرەسە، لە نێویاندا: (ساڵح یوسفی، عەلی عەسکەری، دکتۆر خالید سەعید، ئیبراهیم ئەحمەد، عەلی هەژار)، بڕوایان بە درێژەدان بە شۆڕش هەبوو[3]، بۆ ئەو مەبەستە یەکەمین کۆبوونەوە لە نیسانی 1975دا لە ورمێ لە ماڵی (عومەر دەبابە) بە بەشداری هەر یەك لە (عەلی عەسکەری، د. خالید سەعید، عەلی هەژار، ئیبراهیم ئەحمەد، کاردۆ گەلاڵی، جەمال ئاغا، ڕەسوڵ مامەند، مەلا ناسیح، عومەر دەبابە، عەبدوڕەحمان گۆمەشینی، مولازم تاهیری عەلی والی، سەلیم ئاغا، کەمال محێدین و چەند کەسێکی تر) بەسترا[4].

پاش هەڵسەنگاندنی بارودۆخی ئەو کاتی کوردستان، بیرو بۆچوونی جیاواز لە نێوان بەشداربووانی ئەو کۆبوونەوەیەدا هەبوو، بەڵام زۆرینەیان بڕیاریاندا بە زووترین کات

([1]) بەیاننامەی کۆمەڵەی مارکسی لینینی کوردستان ئەبێتە کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان، بڕوانە پاشکۆی ژمارە (3).

([2]) شاخەوان عەباس: سەفەری کوردایەتی بیەوەریەکانی شارو شاخ 1974-1980، ب. ش، 2002، ل247.

([3]) شاخەوان شۆڕش: قادر شۆڕش چل ساڵ خەبات و تێکۆشان دیوی ناوەوەی هەندێ لایەنی مێژووی خەباتی نەتەوەی کورد لە نێوان ساڵانی 1946-1983، چاپی دووەم، کوردستان، 2002، ل90.

([4]) سەروەر عەبدولڕەحمان عومەر: س. پ، ل96.

حزبێك لە كوردستان دروست بكەن، چونكە ئەوان پێیان وابوو پارتی ڕێكخستنەكانی هەڵتەكاوە[1]، دواتر دوای ئەنجامدانی چەند كۆبوونەوەیەك لەسەر ئاستێكی فراوانترو بە بەشداری ژمارەیەكی زیاتر لە (نەغەدە)، دواجار گەیشتنە چەند بڕیارێك، كە دەكرێت بەسەر دوو بەشدا دابەش بكرێن، بەشی یەكەم:

1. بە هیچ جۆرێك ناچنە دەرەوەو هەندەران.
2. بە هیچ جۆرێك لە ئێران نامێننەوە.
3. بۆ باشوری كوردستان دەگەڕێنەوە.
4. هەوڵبدرێت زۆرترین كادیرو خەڵكی تر بنێردرێنەوە باشوری كوردستان، چونكە كوردستانی ژێر دەستی عێراق شوێنی خەباتو تێكۆشانی ئەوانە.

بەشی دووەمی بڕیارەكان:

1. بەردەوامی پەیوەندی هەبوون بە یەكترەوە دوای گەڕانەوە بۆ ناو ڕژێمی عێراق.
2. دوای گەڕانەوە ڕێكخراوێكی سیاسی دروستبكرێت. ڕێكخراوێكی فراوان بێت، هەردوو باڵە كۆنەكەی پارتی (مەلاییو جەلالی) لەخۆ بگرێت، ئەمەش بە مەبەستی چارەسەركردنی ناكۆكیەكانی نێوان ئەو دوو باڵە، دوای جیابوونەوەكەی ساڵی 1964، هاوكات دووركەوتنەوەو كۆتاییهێنان بە شەڕی براكوژی[2].

ئەمانە بڕیاریاندا سوود لە بڕیاری لێبوردنی گشتی وەربگرنو كە ڕژێمی عێراق دەریكردبوو، بە مەبەستی دوو بارە دەستكردنەوە بە خەباتو تێكۆشان بە خێرایی بۆ وڵات گەڕانەوە[3]، ئەوانەی گەڕانەوە بە نیاز بوون بە ناوی ئەو ڕێكخراوە تازەیەوە كە دروستی دەكەن، گفتوگۆ لەگەڵ ڕژێمدا بكەنو كاری سیاسیو ڕێكخراوەییان بەشێوەیەكی تر دابڕێژن[4]، لەگەڵ ئەوەی كاربەدەستانی بەعس لە سەرەتادا بەڵێنیان پێدان، ئەوانیش بەو هیوایەوە بەكۆمەڵ بۆ عێراق گەڕانەوە، وێڕای ئەوەی پێشوازییەكی گەرمیان لێكردن، بەڵام هیچ كام لە بەڵێنەكانی دابووی پێیان بەجێنەهێنا، دوای

([1]) ڕێباز: قەندیل بەغدای هەژاند، بەشی یەكەمو دووەم، چاپی دووەم، چاپخانەی پەیوەند، سلێمانی، 2008، ل70.

([2]) شاخەوان شۆڕش: س. پ، ل ل91-92.

([3]) صلاح الخرسان: م. س، ص، 485.

([4]) عومەری سەید عەلی: هەندێ لایەنو ڕەوتی مێژوویی و سەرەتای دامەزراندنی سەكێتی نیشتمانی كوردستان لە كتێبی چەند لاپەرەیەك لە مێژووی یەكێتی نیشتمانی كوردستان، ب. ش، ب. س، ل،75.

ماوەیەکی کەمیش چالاکی سیاسی لێ قەدەغە کردن‌و لە کوردستان دووری خستنەوەو هەریەکەیانی بە وەزیفەیەکی حکومی بۆ باشوری عێراق نارد[1]. ئەوانەیان کە دوور خرانەوە: خالید سەعیدو سەعدی عەزیز (سەعدی گچکە) بۆ (بەغدا)، عومەر دەبابەو سەید کاکە بۆ (رومادی)، عەلی عەسکەری بۆ (رفاعی)، تاهیری عەلی والی بۆ (عەمارە) دوور خرانەوە[2].

هەرچەندە ئەمانە هەندێکیان بۆ ناوچەکانی باشوری عێراق دوور خرانەوە، بەڵام هەر وەك لە ئێران بەڵێنیان بە یەکتر دابوو، لە نێو خۆیاندا پەیوەندییان لەگەڵ یەکتر پاراست، رێکخستنێکیان دروست کرد سەرەتا بە چاولێکەری (الحركة التصحيحية)کەی بەعس لە سوریا ناوی (بزوتنەوەی راستکردنەوە)یان لەخۆیان نا، چەندین کەسی تریش لە نێویاندا ساڵح یوسفی بوو بە هاوبیریان[3]. دوای بەستنی هەندێك پەیوەندی‌و دانیشتن لەگەڵ یەکتردا لە هاوینی 1976دا لێکدانەوەو لێکۆڵینەوەی بارودۆخی ئەوکاتی کوردستان، دواجار بە دەستپێشخەری (ساڵح یوسفی)و بەشداری ژمارەیەك لە کادیرو سەرکردەی هەردوو باڵەکەی پارتی دیموکراتی کوردستان (بزوتنەوەی سۆسیالیستی دیموکراتی کوردستان)یان دامەزراند، یەکەم بەیاننامەی دامەزراندنیان لە ئابی 1976دا راگەیاند[4]، کە لە رێی (کەریمی حیسامی)یەوە لە (بەیروت) چاپکرا[5].

دەستەی دامەزرێنەری بزوتنەوە پێکهاتبوون لە هەریەك لە: (ساڵح یوسفی، عەلی عەسکەری، دکتۆر خالید سەعید، مولازم تاهیری عەلی والی بەگ، سەعدی عەزیز (سەعدی گچکە)، عومەر مستەفا (عومەر دەبابە)، رەسوڵ مامەند، عەلی عەبدوڵڵا عەلی (عەلی هەژار)، عارەب عەبدولقەهار (کاردۆ گەلالی)، مەلا ناسیح ئیسماعیل ئەحمەد)[6].

([1]) نەوشیروان مستەفا ئەمین: لە کەناری....، ل44.

([2]) سەروەر عەبدولرەحمان: س. پ، ل98؛ خەلیل عەبدوڵلاو شیلان ئەحمەد: بزوتنەوەی سۆسیالیستی کوردستان، لە کتێبی یەکێتی نیشتمانی کوردستان سەرهەڵدان.. نوێبوونەوە، 2005، ل99.

([3]) نەوشیروان مستەفا ئەمین: لە کەناری....، ل45.

([4]) بڕوانە یەکەم بەیاننامەی لیژنەی ئامادەکاری بزوتنەوەی سۆسیالیستی دیموکراتی کوردستان لە ئابی 1976، لە پاشکۆی ژمارە (4).

([5]) سەروەر عەبدولرەحمان: س. پ، ل99.

([6]) صلاح الخرسان: م. س، ص486؛ بەهرۆز گەلالی: رەسوڵ مامەند 50 ساڵ تەمەن‌و 33 ساڵ خەبات، چاپی دووەم، چاپخانەی سەفوەت، سلێمانی، 1998، ل ل31-32.

پێشتر بەر لەوەی بزوتنەوەی سۆسیالیست بەیانی دامەزراندنی خۆی ڕابگەیەنێ، لە 5ی ئەیلولی 1975دا، جەلال تاڵەبانی لە ڕێگەی (فەرەیدون عەبدولقادر)ەوە پەیوەندی بە (عەلی عەسکەری، عومەر دەبابەو دکتۆر خالید سەعید)ەوە کردبوو[1].

لە 8ی ئابی 1976دا کۆمەڵێك سەرکردەو کەسایەتی ناسراوی وەك (د. خالید سەعید، عەلی عەسکەری، عومەر دەبابە، سەید کاکە، سەعدی عەزیز، تاهیری عەلی والی)، لەسەر داوای جەلال تاڵەبانیو دەستەی دامەزرێنەری (ی. ن. ك)، بەنهێنی شوێنەکانی خۆیانیان بەجێهێشتو بەرەو چیای قەندیل کەوتنە ڕێ، بۆ دۆزینەوەو ڕێکخستنەوەو ئامادەکردنی دەستەی چەکدارو لە شاخەکانی کوردستاندا شۆڕشیان دەستپێکرد[2].

دوای تێپەڕبوونی چەند مانگێکی کەم بەسەر دامەزراندنی بزوتنەوەدا، عومەر دەبابە لە 1976/11/6دا دەچێت بۆ دیمەشق، وەك نوێنەری بزوتنەوەی سۆسیالیست چووە ڕیزی دەستەی دامەزرێنەری (ی. ن. ك)ەوە[3]. بەمەش بزوتنەوەی سۆسیالیست لە پاڵ کۆمەڵەدا، بوو بەهێزی سەرەکی نیمچە بەرەی (ی. ن. ك)[4].

لەسەر داوای جەلال تاڵەبانی ناوی بزوتنەوە لە (بزوتنەوەی سۆسیالیستی دیموکراتی کوردستان)ەوە بۆ (بزوتنەوەی سۆسیالیستی کوردستان) گۆڕدرا، لەم بارەیەوە جەلال تاڵەبانی دەڵێت: "ئەو برادەرانە هاتن ببن بە ئەندام لە (ی. ن. ك)دا، ئێمە شەرتێکمان لەسەریان دانا کە ناوی خۆیان بگۆڕن، ئەو دەمە دژی ناوی ئیشتراکی دیموکراتی بووین. سۆسیالیستی دیموکراتمان پێ کردنە سۆسیالیست گوتمان نابێت چونکە سۆسیالیستی دیموکرات دژی خەباتی چەکدارە گوتمان ئێوە سۆسیال دیموکرات بن کەواتە خەباتی چەکداریتان بەلاوە پەسەند نی یە ئەگەر ئێوە ئەوە بن مانای خەباتی چەکداری ناکەن لەبەر ئەوە دەبێت بڵێن ئێمە بزوتنەوەی سۆسیالیستی کوردستانین"[5].

---

[1]) جمال فتح الله: س. پ، ل42.

([2]) سەروەر عەبدولڕەحمان: س. پ، ل100.

([3]) فوئاد مەعسوم: س. پ، ل27؛ عادل مراد: کوردستانو یەکێتی نیشتمانی کوردستان مێژوو و ئاسۆ، ئەڵقەی 13، ژمارە (5212)، 2010/24،6، ل9.

([4]) صلاح الخرسان: م. س، ص487.

([5]) چاوپێکەوتن لەگەڵ جەلال تاڵەبانی: کوردستانی نوێ، ژمارە (1298)، 1996/6/2، ل4.

ج. هێڵی گشتی:

بەدەر لە هەردوو باڵی کۆمەڵەی مارکسی لینینی کوردستانو بزوتنەوەی سۆسیالیستی کوردستان، چەند کەسایەتیەکی تر هەبوون لە دەرەوەی ئەو دوو باڵە، کە لەناو ریزەکانی یەکێتی نیشتمانی کوردستاندا خەباتیان دەکرد، بە هێڵی گشتی (خەتی پان) ناسرابوون[1].

لە سەرەتادا هێڵی گشتی زیاتر لە سەرکردایەتی یاخود لە نێو دەستەی دامەزرێنەری یەکێتیدا هەبوون، سەرچاوەکان کۆکن لەسەر ئەوەی زۆرینەی ئەندامانی دەستەی دامەزرێنەری یەکێتی لە هێڵی گشتی بوون، لە کۆی ئەندامانی دەستەی دامەزرێنەری یەکێتی هەریەك لە (عومەر شێخموس، د. کەمال فوئاد، د. فوئاد مەعسوم، عادل مورادو عەبدولڕەزاق فەیلی) لە هێڵی گشتی بوون[2]، سەرچاوەکان لە ناوی ئەندامانی دەستەی دامەزرێنی (ی. ن. ك)ی سەر بە هێڵی گشتیدا ئاماژە بە نەوشیروان مستەفا ناکەن، کە لە ڕاستیدا بە پێی نامەیەکی خۆی کە لە مێژووی 1977/9/3دا بۆ فەرید واتە (د. کەمال فوئاد) ی ناردووە دان بەوەدا دەنێت کە تا ئەو کاتە هێڵی گشتی بووە کە دەڵێت: "من تا ئەم کۆبونەوەیش هەروەکو خەتی گشتی ی. ن. ك بووم بەو جۆرەی کە لە دەرەوەی وڵات ئەمان کرد، بەڵام لێرە بە داخەوە برادەرانی بزوتنەوە وەهایان لەگەڵ ڕەفتار نەکردم، وە بۆ قازانجی یەکێتی لەسەر داوای عەجولی [جەلال تاڵەبانی] و کاك عەلیو هەندێکی تر چومە سەر میلاکی ئەوان [کۆمەڵە] و ئەوانیش وەکو خۆیان ئەڵێن منیان قبوڵە"[3]. وێڕای ئەوەی جەلال تاڵەبانی کە سکرتێری گشتی (ی. ن. ك) بوو، هاوکات ڕێبەری (هێڵی گشتی)یش بوو[4].

کەواتە بە گوێرەی ئەو زانیاریانە دەگەینە ئەوەی کە هەموو ئەندامانی دەستەی دامەزرێنەری (ی. ن. ك) لە هێڵی گشتی بوون.

([1]) سەروەر عەبدولڕەحمان: س. پ، ل103.

([2])سەروەر عەبدولڕەحمان: س. پ، ل103.

([3]) نامەی نەوشیروان مستەفا بۆ د. کەمال فوئاد، دەق لە نەوزاد عەلی ئەحمەد: سەرەتای کاروانەکە، باری دوێنێی خەباتی یەکێتی نیشتمانی کوردستان لە کۆمەڵێك بەڵگەنامەی گرنگدا 1975- 1980، چاپی یەکەم، چاپخانەی شەهید ئازاد هەورامی، 2011، ل93.

([4])) جمال فتح الله: س. پ، ل46.

هێڵی گشتی تا ساڵی 1977، هیچ ڕێکخستنێکی ئەوتۆیان لە ناوەوەی وڵاتدا نەبوو، تەنانەت تا ئەوکاتە هێشتا ڕێکخستنیان لە ناو وڵاتدا دروست نەکردبوو، بەڵکو لەو مێژووە بەدواوە گرنگی بە ڕێکخستنەکانیان لەناو وڵاتدا دراو بۆ ئاستەکانی خوارەوە شۆڕ بۆوەو شانەو کەرتی ڕێکخستنی تایبەت بە هێڵی گشتی دروستکراو گەشەی کرد[1].

دوای جیابوونەوەی بزوتنەوەی سۆسیالیستی کوردستان لە (ی. ن. ک)، بیرۆکەی یەکگرتنی ئەو بەشەی بزوتنەوە کە لەناو (ی. ن. ک) مابوونەوە لەگەڵ خەتی گشتی لە ڕێکخراوێکی نوێدا لە لای بەرپرسانی هەردوو باڵەکە لە ساڵی 1981دا سەریهەڵدا، بۆ ئەو مەبەستەش چەند کۆبونەوەیەکیان ئەنجامدا[2]، دواجار هەردوولا یەکیان گرتوو ڕێکخراوێکی نوێیان بە ناوی (یەکێتی شۆڕشگێرانی کوردستان) لە ئەیلولی 1982دا دامەزراند[3].

2. پارتی دیموکراتی کوردستان (سەرکردایەتی کاتی):

دوای ڕێکەوتننامەی جەزائیرو هەرەسی شۆڕشی ئەیلول، ژمارەیەک سەرکردەو کادیری (پ. د. ک)، کە لەئێرانو هەندەران پەنابەر بوون، بۆ بەرەنگاربوونەوەی ئەو بارە ناهەموارەی بەسەر کوردو جوڵانەوەکەیدا هاتبوو، بڕیاریاندا ڕێکخستنێکی نوێ دروست بکەن[4]، بۆ ئەو مەبەستەش داوای ڕوخسەت لە بارزانی دەکەن[5].

دوای وەرگرتنی ڕەزامەندی بارزانی، ئیدریس بارزانی (1944– 1987) و مەسعود بارزانی لە کۆتایی نیسانو لە ماوەی مانگی مایسی 1975دا پەیوەندی بە ژمارەیەک کادیری سیاسیو سەربازی پارتیەوە دەکەن، لەوانە: (جەوهەر نامیق، ئازاد بەرواری، کەریم سنجاری، سامی عەبدولڕەحمان، فازیل میرانی، عارف تەیفور، محەمەد ڕەزا، تەحسین ئەتروشی، نەقیب عەبدوڵڵا سدیقو سالح پێداوی)و دواتر لە مانگی تەممووزدا

([1]) سەروەر عەبدولڕەحمان: س. پ، ل103.

([2]) خەلیل عەبدوڵڵاو شێلان ئەحمەد: س. پ، ل102.

([3]) بڕوانە بەیاننامەی دامەزراندنی یەکێتی شۆڕشگێرانی کوردستان، دەق لە ڕەهبەر سەید ئیبراهیم: ڕزگاری دەنگی یەکێتی شۆڕشگێرانی کوردستان، ژمارە (1- 25)، ئابی 1985- کانوونی دووەمی 1988، چاپخانەی حەمدی، سلێمانی، 2011، ل ل87- 94.

([4]) جمال فتح الله: س. پ، ل47.

([5]) عەلی تەتەر نێروەیی: بزاڤی ڕزگاریخوازی نەتەوەی کورد لە کوردستانی عێراق لە ساڵەکانی جەنگی عێراقو ئێران دا (1980- 1988)، چاپی یەکەم، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر، 2008، ل59.

پەیوەندیان بە شێرکۆ عەلی و چەند کادیرێکی ترەوە کردو پێش دەرکردنی بەیانی دامەزراندنی سەرکردایەتی کاتی (س. ك) لە کانونی یەکەمی 1975دا پەیوەندییان بە هەریەك لە (عەلی عەبدوڵڵا، نوری شاوەیس و مەحمود عوسمان) ەوە کرد[1].

لە دامەزراندنی سەرکردایەتی کاتیدا (مەسعود بارزانی) زیاتر گرنگی بە کەسانی لاو و بەتایبەتی کادیرانی دەزگای (پاراستن) دا، کە لاو بوون[2]، ئەمەش وەك ڕەخنەیەك لە سەرکردایەتی کاتی دەگیرا، بەتایبەتی لە لایەن هەندێك لە ئەندامانی سەرکردایەتی پێشووەوە، ئەوانەی لەناو پارتەکانی تردا دەستیان بە خەبات و کاری سیاسی کردبوو، یاخود وازیان لە خەبات هێنا بوو، تاوانباریان دەکرد بەوەی بەشی هەرە زۆری لە دەزگای پاراستن پێکهاتووە[3].

لە تشرینی دووەمی 1975دا سەرکردایەتی کاتی پارتی دیموکراتی کوردستان دامەزرا[4]، و لە 1975/12/10 یەکەم بەیانی ڕاگەیاندنی دامەزراندنی سەرکردایەتی کاتی پارتیان دەرکرد[5]. بەڵام ئەم سەرکردایەتی کاتیە بە شێوەیەکی فەرمی نەبوو، تا لە کۆنفرانسی ئابی 1976دا لە بەرلین بە فەرمی جێگیر کران و شەرعیەتیان پێدرا[6]. بۆیە پێی دەوترا سەرکردایەتی کاتی، چونکە لەکۆنگرەدا هەڵنەبژێردرابوو، بەم شێوەیە سەرکردایەتی کاتی تا کۆنگرەی نۆیەمی پارتی دیموکراتی کوردستان مایەوەو بەردەوام بوو[7].

سەرکردایەتی کاتی پارتی لە (11– 15ی ئابی 1976)دا کۆنفرانسێکی لە بەرلین بەست، لەم کۆنفرانسەدا هەڵسەنگاندن بۆ شۆڕشی ئەیلول و ڕەوشی کوردستان و عێراق و ناوچەکە و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و جیهان لە بوارەکانی ئابوری و کۆمەڵایەتی و سیاسییەوە کرا، وێڕای دەستنیشانکردنی هەڵە و کەموکوڕییەکان، پارتی جارێکی تر گەڕایەوە سەر

([1]) حبيب محمد كريم: تاريخ الحزب الديمقراطي الكوردستاني– العراق (في محطات رئيسية) 1946– 1993، الطبعة الاولى، مطبعة خبات، دهوك، 1998، ص147.

([2]) علی تەتەر: بزاڤی....، ل60.

([3]) هـ. س، ل85.

([4]) حامد محمود عيسى: المشكلة الكردية في الشرق الاوسط منذ بدايتها حتى سنة 1991، مكتبة مدبولي، 1992، ص251.

([5]) بڕوانە یەکەم بەیانی دامەزراندانی سەرکردایەتی کاتی (پ. د. ك)، لە پاشکۆی ژمارە (5).

([6]) علی تەتەر: بزاڤی....، س. پ، ل71.

([7]) فوئاد سدیق: گەردەلوولی سیاسەت، بەشی یەکەم، چاپی دووەم، چاپخانەی خانی، دهۆك، 2008، ل58.

گرتنەبەری ئایدۆلۆژیای چەپ لەبەر ڕۆشنایی (مارکسیزم– لینینیزم)[1]. گرتنەبەری بیرۆکەی چەپ لە لایەن (س. ك)یەوە، بۆ بوونی ئەزموونی تاڵی لەگەڵ هەریەك لە ئێران و ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا دەگەڕایەوە[2].

لە ناوەڕۆکی ڕاپۆرتی کۆنفرانسدا پەیڕەوی (س. ك)یان پەسەند کرد، لەگەڵ ئەوەی دانیان بە کۆمەڵێك هەڵەی پێشووی خۆیاندا نابوو، وەك ئەوەی نابێت چیتر هیچ شۆڕشێك یان ڕێکخراوێکی سیاسی کوردی پشت بەو دەوڵەتانە ببەستێت کە دەستیان بەسەر بەشێکی کوردستاندا گرتووەو دان بە مافەکانی گەلی کورددا نانێن، یاخود ئەو دەوڵەتە ئیمپریالیزمانەی دژایەتی جولانەوەی گەلان دەکەن[3].

هەر لەم کۆنفرانسەدا، کە بە ئامادەبوونی (80) ئەندام گرێدرا، ئەو کەسانەی پێشتر بە ئەندامی سەرکردایەتی کاتی دانرابوون جێگیرکران، کە بریتی بوون لە (مەسعود بارزانی، ئیدریس بارزانی، سامی عەبدوڕەحمان، عەلی عەبدوڵڵا، نوری شاوەیس، جەوهەر نامیق سالم، ئازاد بەرواری، کەریم سنجاری، عارف تەیفور، محەمەد ڕەزا، کەمال کەرکوکی، دڵشاد میران، وریا ساعاتی، ئازاد خەفافو عەبدوڕەحمان پێداوی) بە فەرمی جێگیر کران و شەرعیەتیان پێدرا[4].

لەو ئاستەنگانەی لە سەرەتای کاریدا ڕووبەڕووی (س. ك) بووەوە، دەسەڵاتدارانی ئێرانی هەر چالاکیەکی سیاسییان لەنێو ڕیزەکانی پەنابەرانی کوردانی باشووردا قەدەغە کردبوو، ساواك هۆشداری دابوو لە ئەنجامدانی هەر جموجوڵێك دژی ڕژێمی عێراق لەناو خاکی ئێرانەوە، هەڕەشەی کردبوو هەرچی بەو تۆمەتە دەستگیر بکرێت، بە پێی بەندەکانی پرۆتۆکۆلی ئاسایشی لەگەڵ عێراقدا لە حوزەیرانی 1975 ڕادەستی دەسەڵاتدارانی ئاسایشی عێراقی دەکاتەوە. ئەوە بوو دوو ئەندامی (س. ك)یان دەستگیر

([1]) علی تەتەر: بزاڤی...، ل83.

([2]) دیڤید مەکداول: مێژووی هاوچەرخی کورد، وەرگێڕانی، ئەبوبەکر خۆشناو، چاپی دووەم، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر، 2005، ل564.

([3]) التقرير السياسي للقيادة الموقتة...، ص35.

([4]) محەمەد مەلا قادر: خەباتنامە کورتە مێژووی پارتی و کولتوری بارزانی نەمر، چاپی دووەم، چاپخانەی دەزگای ئاراس، هەولێر، 2007، ل ل71- 72.

کرد کاتێك دەیانویست لە فڕۆکەخانەی میهرابادی نێودەوڵەتیەوە ئێران بەرەو ئەوروپا بەجێبهێڵن، بە چەند مۆرێکی ساختەو بلۆکراوەو بڕێکی زۆر پارەوە، بەڵام دواتر ئازادیان کردن[1].

لە ڕاستیدا مەسعود بارزانیو سامی عەبدوڕەحمان ڕۆڵیان لە دامەزراندنی (س. ك)دا هەبوو[2]، بارزانی سەرۆكو سامی عەبدولڕەحمان سکرتێری سەرکردایەتی کاتی پارتی بوو[3].

3. پارتی سۆسیالیستی کورد (پاسۆك):

لە 1975/8/11 لە شاری سلێمانی لە لایەن چەند کەسێکەوە، کە هەندێکیان پێشتر ئەندامی (کاژیك)* بوون (پارتی سۆسیالیستی کورد "پاسۆك") دامەزرا، لە ڕووی هزرییەوە درێژەپێدەری هەمان بیری نەتەوەیی کاژیك بوو کە لە کاژێکنامەدا ئاماژەی پێدرابوو[4].

لەسەر شوێنو مێژووی دامەزراندنی (پاسۆك) ڕای جیاواز هەیە، هەندێك پێیان وایە لە 1975/9/11 لە شاری کەرکوك دامەزراوە، لەژێر ناوی (پارتی سۆسیالیستی نەتەوەیی

([1]) صلاح الخرسان: م. س، ص248.

([2]) فوئاد سدیق: س. پ، ل58.

([3]) حامد محمود عیسی: القضیة الكردیة فی العراق من الاحتلال البریطانی الی الغزو الامریکی 1914-2004، الطبعة الاولی، مكتبة مدبولی، القاهرە، 2005، ص385؛ دیڤید مەکداول: س. پ، ل564.

* کاژیك (کۆمەڵەی ئازادیو ژیانەوەو یەکێتی کورد): پارتێکی نەتەوەیی کورد بوو لەلایەن چەند کەسێکی ڕۆشنبیری نەتەوەیی کوردی وەك (کامیل ژیر، جەمال نەبەز، ئەحمەد هەردی، عەبدوڵڵا جەوهەر، ئیحسان فوئاد، فایەق عارفو فەرەیدون عەلی ئەمین)ەوە کە لە سیاسەتی پارتی بەهۆی لایەنگری بۆ عەبدولکەریم قاسم ڕازی نەبوون، لە شاری سلێمانی لە 14ی نیسانی 1959دا لە کۆبوونەوەیەکدا لەماڵی ئەحمەد هەردی، بڕیاری دامەزراندنیان دا، ڕایەك هەیە پێی وایە دەستی ئێرانی لە پشتەوە بووە، شا دەیویست بەهۆی دژایەتیکردنیان بۆ شیوعیەت دژی شۆڕشی 14ی تەمموزی 1958 بەکاریان بێنێت. لە ساڵی 1961دا کاژێکنامە نوسرا کە بووە سەرچاوەی بیریو فەلسەفی کاژێك کە هێڵە گشتیو گرنگەکانی لە مێژوو فەرهەنگی کوردەوە هەڵێنجابوو، ئەم پارتە داوای سەربەخۆیی کوردستانی گەورەی دەکرد، ماوەی 16 ساڵ بەردەوامبوو تا لە دوای هەرەسی شۆڕشی ئەیلول لە ساڵی 1975، لە شاری نەغەدەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە کۆبونەوەیەکدا کۆتاییان بە چالاکیەکانیان هێناو خۆیان هەڵوەشاندەوە. (هاوڕێ باخەوان: ئاڵای کورد کورتە لێکۆڵینەوەیەکی مێژوویی، کۆمەڵایەتی، ڕامیارییە، دەزگای چاپو پەخشی سەردەم، سلێمانی، 2001، ل171- 174؛ سعید خدیده علو: م. س، ص ص149- 150).

([4]) هاوڕێ باخەوان: س. پ، ل175.

کورد)، دوای تێپەڕبوونی ساڵێك لە 1976/9/11، ناوەکەی گۆڕا بۆ (پارتی سۆسیالیستی کورد) و کورتکراوەکەی بە (پاسۆك) ناسراوە[1].

پاسۆك داوای سەربەخۆیی کوردستانی گەورەی دەکرد، بەڵام ئامادە بوو لە چوارچێوەی هەر وڵاتێك لەوانەی پارچەیەکی کوردستانیان داگیر کردووە، وەك قۆناغێکی چارەسەری مامناوەند بۆ ئۆتۆنۆمی خەبات بکات[2]. کوردستانیان بە یەك خاكو وڵات دەزانی، ئامانجی ستراتیژیان لابردنی سنورە دەستکردەکانی نێوان پارچەکانی کوردستان بوو، هاوکات باوەڕی تەواویان بە مافی چارەنووس بۆ گەلی کوردو سەرجەم گەلانی مافخوراوی جیهان هەبوو، وێڕای ئەوەی کرێکارو هەژارانی جیهانیان بە دۆستو برای خۆیان دادەنا[3].

پاسۆك پارتێکی نەتەوەیی پیشەیی بوو[4]، لە رووی هزرییەوە لەسەر بنەمای دژایەتیکردنی (عەرەب، تورك، فارس) کاریان دەکرد، دژایەتیکردنی بیری چەپو شیوعیەتو مارکسیزم_ لینینیزمو دەوڵەتە سۆسیالیستەکانیشیان بە ئەرکی مێژوویی کورد دەزانی، بەدەر لەوانەش هۆکاری دواکەوتوویی گەلی کوردیان بۆ ئیسلامو موسڵمان بوونی گەلی کورد دەگێڕایەوە[5]. هەروەها لە لایەن هەندێك لە کادیرانی پاسۆکەوە، لە پەرچەکرداری سیاسەتی شۆڤینیانەی بەعسدا چەند وتەی نەشیاویان بەرز کردەوە، کە بەلای لایەنە سیاسیەکانی ترەوە پەسەند نەبوو، لەوانەك "نە دار خورما لە دار ئەچێو نە وشتر لە ئاژەڵ ئەچێو نە عەرەب لە قەوم ئەچێ"، هاوکات چەند دروشمێکی پەسەندی جوانیشیان بەرز کردبووەوە لەوانە: "سەرچاوەی هێز هەر میللەتە"، "کورد سەپانی باوکی کەس نییە"، گیێش ئەوەی دەستی دوژمن ماچ بکەین با دەستی خۆمان ماچ بکەین"[6].

([1]) کرمانج گوندی: سی 30 ساڵ خەباتو وڵاتێکی وێران 1961- 1990، سوید، 1990، ل74؛ برایم جەلال: چەپکێك لە مێژووی کۆمەڵە، چاپخانەی روون، 2011، ل125.

([2]) دیڤید مەکداول: س. پ، ل564.

([3]) فاتح رسول: چەند لاپەڕەیەك لە مێژووی خەباتی گەلی کوردمان "هێندێ بەڵگەنامەو رووداوی گرنگی ساڵی 1979"، چاپی دووەم، بنکەی چاپەمەنی رۆژ، سوید، 1998، ل176.

([4]) کرمانج گوندی: س. پ، ل74.

([5]) برایم جەلال: چەپکێك...، ل125.

([6]) جمال فتح الله: س. پ، ل54.

لە ساڵی 1978 بە دواوە پاسۆکو سەرکردایەتیەکەی بە مەبەستی بەشداریکردن لە شۆڕش، چوونە شاخو بنکەو بارەگایان لە نزیك بارەگای سەرکردایەتی یەکێتی دانا[1]، بەڵام نەیانتوانی پەرەبسێننو بگەنە ئاستی پارتەکانی تر، لەبەر ئەوەی زۆر کەس بە دەم بیرو باوەڕەکانیانەوە نەدەچوون، بۆیە هەر بە بچوکی مانەوە[2].

تەنانەت پاسۆك نەیتوانی پەل بهاوێت بۆ هەموو ناوچەکانی باشوری کوردستان، بە درێژایی (17) ساڵی تەمەنی، ناوچەی چالاکیو پێگەی جەماوەری تەنها شاری سلێمانیو دەوروبەری بوو، کە خاوەنی چەند شانەیەکی ڕێکخستن بوو[3]، لە ڕووی هێزی پێشمەرگەشەوە، جگە لە سەرکردایەتیان خاوەنی (3–4) مەفرەزە زیاتر نەبوون ئەویش لە ناوچەکانی دەوروبەری سلێمانی[4]. دوا جار پاسۆك لە ساڵی 1992دا لەگەڵ چەند پارتێکی تردا* یەکیگرتو کۆتایی بە تەمەنی هات وەك پارتێکی سیاسی[5].

4. پارتی دیموکراتی کوردستان (لیژنەی ئامادەکاری):

ئەم پارتە پاش هەرەسی شۆڕشی ئەیلول لە لایەن چەند ئەندامو کادیرێکی باڵای پێشووی پارتیەوە،** لە تشرینی دووەمی 1976 لە سوریا دامەزرێنرا[6]، ئەوانیش بریتی بوون لە: (د. مەحمود عوسمان، قادر جەباری، شەمسەدین موفتیو عەدنان

([1]) برایم جەلال: چەپکێك....، ل126.

([2]) نەوشیروان مستەفا ئەمین: لە کەناری....، ل222.

([3]) هاوڕێ باخەوان: س. پ، ل176.

([4]) برایم جەلال: چەپکێك....، ل126.

* لەگەڵ هەریەك لە (حسك) و پارتی گەل یەکیانگرتو پارتێکی نوێیان بە ناوی "یەکگرتن" پێکهێنا (محەمەد شاکەلی: لە بزوتنەوەوە بۆ حزبی سۆسیالیستی کوردستان 1976- 1993 لاپەڕە هەڵنەدراوەکان، چاپخانەی کارۆ، کەرکوگ، 2011، ل296- 298).

([5]) هاوڕێ باخەوان: س. پ، ل177.

** د. مەحمود عوسمان ئەندامی مەکتەبی سیاسی پارتیو لێپرسراوی کاروباری دەرەوەی ناوچەی پێش هەرس، قادر جەباری ئەندامی سەرکردایەتیو لێپرسراوی لقی کەرکوكو پاراستنی ناوچەی کەرکوك، شەمسەدین موفتی ئەندامی سەرکردایەتی پارتی، و عەدنان موفتی کادیری پێشکەوتووی پارتی بوو. (برایم جەلال: چەپکێك....، س. پ، ل123).

([6]) صلاح الخرسان: م. س، ص488.

موفتی).[1] ئەمانە بە نیاز بوون پارتی لەسەر بنچینەیەکی نوێو هاوچەرخ رێکبخەنەوە، هەوڵیاندا ئەوانەی دوای هەرەسی شۆڕشی ئەیلول چووبوونە سوریا لە دەوری خۆیان کۆبکەنەوە، بەلام نەیانتوانی ئەو مەبەستەیان بهێننەدیو کەسیان لێ کۆنەبووەوە، چونکە ئەوانەی لە سوریا کاری سیاسییان دەکرد بۆ (یەکێتی) و (س. ك) یەکلا بووبوونەوە[2].

لە کۆتایی ساڵی 1977دا، د. مەحمود عوسمانو شەمسەدین موفتیو قادر جەباری بۆ کوردستان گەڕانەوە، وێڕای ئەوەی بەشێك نەبوون لە یەکێتی، بەلام زۆر لەیەکەوە نزیك بوونو لە هەموو پرسێکدا ڕاو سەرنجیان وەردەگرتن، تەنانەت یەکێتی لە زۆر کۆبونەوەدا بەشدارییان پێدەکردنو وەکو ئەندامانی سەرکردایەتی یەکێتی رەئیان دەدا، بە هەمان شێوەی سوریا لە کوردستانیش چەند هەوڵیاندا کەسێکی ئەوتۆ لە حیزبەکەیان کۆنەبووەوە[3]. تەنیا خاوەنی یەك پێشمەرگە بوون[4].

کاتێك بزوتنەوەی سۆسیالیست لە 1979/3/21 لە نیمچەبەرەی (ی. ن. ك) هاتنە دەرەوە، لەگەڵ لیژنەی ئامادەکاری (پ. د. ك) یەکیانگرتو چوونە (گۆڕەشێر) لە ناو خاکی کوردستانی ئێران، پاشان چوونە (دۆڵە توو)[5]، دواجار لە ماوەی نێوان 3-1979/8/6 لە کۆبونەوەیەکی فراواندا، پارتێکی نوێیان بە ناوی حزبی سۆسیالیستی یەکگرتووی کوردستان (حسیك) دامەزراند[6].و لە ڕۆژی 1979/8/8 بە فەرمی دامەزراندی ئەو حزبەیان یان ڕاگەیاند[7].

([1]) نەوشیروان مستەفا ئەمین: لە کەناری....، ل338.

([2]) برایم جەلال: چەپکێك....، ل123؛ نەوشیروان مستەفا ئەمین: لە کەناری....، ل338.

([3]) نەوشیروان مستەفا ئەمین: لە کەناری....، ل338.

([4]) برایم جەلال: چەپکێك....، ل124.

([5]) صلاح الخرسان: م. س، ص388؛ فاتح رسول: س. پ، ل49؛ ئەحمەد بانیخێلانی: بیرەوەرییەکانم، سوید، 1997، ل356.

([6]) فاتح رسول: س. پ، ل104؛ برایم جەلال: چەپکێك....، ل124.

([7]) صلاح الخرسان: م. س، ص489.

5. بزوتنەوەی پەیوەندی ئیسلامی کوردستانی عێراق:

ئەم پارتە لە ساڵی 1978 لە شاری سلێمانی دامەزراوە[1]، ئەندامانی دەستەی دامەزرێنەری ڕوون نییە، هەریەك لەوانەی بەشدار بوون ناوی چەند کەسێك دەهێنن، بەڵام بەگشتی ئەندامانی کارای لە سەرەتای دامەزراندنیدا بریتی بوون لە: (عەبدوڕەحمان نەورەسی، ئەحمەد عەبدوڵڵا دەلاك، حەسەن حەمە خالید، ئەسفەندیار- حەمە ڕەئوف، کەمال دۆڵپەمویی، شێخ عەبدوڕەحمان سەرگەڵویی، کامیل حاجی عەلی، عەبدولقادر برایەتی، مەلا سەلمان، محەمەد هەولێری)[2].

لە سەرەتادا خاوەنی ڕێکخستنێکی پتەوو ناوەندی نەبوون، بە جۆرێك ئەندامانی لەسەر یەك شێوازی ڕێکخستن‌و کاری ڕێکخراوەیی هاوبەش کۆبکاتەوە، بەڵکو ئەوەی زیاتر کۆیکردبونەوە، بوونی بۆشایی جوڵانەوەی ڕزگاریخوازی کوردی دوای هەرەسی شۆڕشی ئەیلول‌و دژایەتی‌و بە گژاچوونەوەی چەوساندنەوەو ستەمی (بەعس) دەرهەق بە گەلی کوردی موسڵمان بوو[3].

([1]) چاوپێکەوتن لەگەڵ عەبدولڕەحمان نەورەسی، سلێمانی، 2013/1/2. عەبدولڕەحمان مەعروف محەمەد: لە ساڵی 1947 لە سلێمانی لەدایك بووە، خوێندنی سەرەتایی‌و ناوەندی‌و ئامادەیی لە سلێمانی تەواو کردووە، خوێندنی ئایینی لەلای باوکی‌و مامۆستایان خوێندووە، لە ڕێکخستنەکانی (پ. د. ك)و قوتابیاندا تا ساڵی 1967 کاری کردووە، لەسەر ئەوە لە ساڵی 1965 فەرمانی گرتنی بۆ دەردەچێت، یەکەم دامەزراندنی لە اصلاح زراعی بووە (1971-1973)، لە ساڵی 1973 لە زانکۆی سلێمانی بە کاتب دامەزراوە، دوای هەڵگیرساندنەوەی شەڕ لە ساڵی 1974دا پەیوەندی بە شۆڕشەوە دەکات‌و دەچێتە شاخ، لە دواناوەندی پێنجوێن وەك مامۆستا وانە دەڵێتەوە، دوای هەرەسی شۆڕش دەگەڕێتەوەو بۆ ئەمینداریتی گشتی ئەوقاف لە هەولێر دەگوێزرێتەوە، دوای ساڵێك بۆ ئەوقافی سلێمانی دەگوێزرێتەوە تا چۆتە دەرەوە بۆ کاری سیاسی، ئەندامی دەستەی دامەزرێنەری بزوتنەوەی پەیوەندی ئیسلامی‌و بزوتنەوەی ئیسلامی‌و ڕاپەڕینی مامۆستایانی موجاهیدی کوردستانی عێراق بووەو چەندین پۆستی جیاجیای لەکاری ئیسلامیدا وەرگرتووە، لە ساڵانی (1997- 2002) پۆستی وەزیری دادی حکومەتی هەرێمی کوردستانی وەرگرتووە، لە ساڵی 2002 کۆلێژی یاسای لە زانکۆی سلێمانی تەواوکردووە، دوای لێکترازانی بزوتنەوەی یەکبوونی ئیسلامی، وازی لە چالاکی سیاسی هێناوەو ئێستا کەسایەتیەکی سەربەخۆیە.

([2]) ئیدریس سیوەیلی: ڕەوتی ئیسلامی لە باشوری کوردستان 1946- 1991 توێژینەوەیەکی مێژوویی لە کارو چالاکی پارت‌و کۆمەڵە ئیسلامیەکان، چاپی دووەم، 2009، ل ل141-143.

([3]) حوسێن محەمەد عەزیز: سنوورە قەدەغەکان مەشکێنن، دەقی چاوپێکەوتن‌و دەمەتەقێیەك، لەگەڵ مەی (کۆمەڵی ئیسلامی لە کوردستان/ عێراق- عەلی باپیر)، چاپی دووەم، چاپخانەی سیما، سلێمانی، 2004، ل ل56-57.

ئەم پارتە بەنهێنی مایەوە تا ژمارەیەك لە ئەندامانیان چوونە ئێرانو لە سالی 1984* لەسەر داوای ڕێکخستن، عەبدوڕەحمان نەورەسی دلوا لە شێخ محەمەد بەرزنجی دەکاتو بە ڕابەری بزوتنەوەی پەیوەندی دەستنیشان دەکرێت[1].

دوای هەرەسی شۆڕشی ئەیلول ڕەوشێکی ناەمووارو نائومێدی بالی بەسەر کوردستان بە گشتیو باشوری کوردستاندا بە تایبەتی کێشابوو، بەلام وێڕای سەختیو دژواری ڕەوشی کوردستان زۆری نەبرد دوای تێپەڕبوونی تەنیا یەك سالو چەند مانگێك بە سەر هەرەسی شۆڕشی ئەیلول دا، بە پێچەوانەی لێدوانو پێشبینیەکانی سەرانی ڕژێمی عێراقەوە، چەند پارتێکی کوردستانی دامەزرانو هاتنەکایەوە، مژدەو دەنگی هەلگیرسانەوەی شۆڕش لە چیاکانی کوردستانەوە درا بە گوێی خەلکی کوردستاندا، بۆ ئەم مەبەستەش پارتەکانی کوردستان لە ململانێی ئەوەدا بوون کامیان زوترو لەسەر دەستی ئەو شۆڕش هلگیرسێتەوە، هەر بۆیە لەسەر هەلگیرسانەوەی شۆڕش ناکۆکیو ڕای جیاواز لە نێوان پارتەکاندا هەیەو هەر یەکەیان پێی وایە یەکەم چەخماخەی هەلگیرساندنەوەی شۆڕش لەسەر دەستی ئەو لێدراوە.

یەکەم مەفرەزەی شۆڕشی نوێ لەژێر فشارو هەڕەشەی حکومەتی عێراقیدا، بە سەرکردایەتی مەلا شێم حەمەدی حاجی ئۆمەرانی لە شەوی 24-1976/5/25دا بەمەبەستی دەستپێکردنەوەی شۆڕشو بەگژاچوونەوەی ڕژێمی بەعس ڕوو لە چیای قەندیل دەکەن[2]. سەرجەمیان پێکهاتبوون لە (22) پێشمەرگەی چەکدارو بێچەك[3].

شەوی دواتر، 25-1976/5/26 لە کاتی گواستنەوەیان بۆ شوێنێکی تر لە نزیك سنوری ئێران دەکەونە بۆسەیەکی سەربازیی حکومەتی عێراقیەوەو دوای شەڕو پێکدادان

---

* ئاماژەیەك هەیە کە بزوتنەوەی پەیوەندی لە 1984/9/14دا بە فەرمی ڕاگەیەندراوە، بەلام ڕۆژ و مانگی ئەو ڕاگەیاندنە دیار نییەو هیچ بەلگەیەك لەبەر دەستدا نییە ئەوە پشتڕاست بکاتەوە، بەلام کۆدەنگی لەسەر ئەوە هەیە کە لە سالی 1984دا بووە.

(1) چاوپێکەوتن لەگەل عەبدولڕەحمان نەورەسی.

(2) مەلا شێم حەمەدی حاجی ئۆمەرانی: سەرەتای شۆڕشی نوێی سالی 1976 چۆن دەستی پێکرد؟!، پێداچوونەوەو دووبارە دارشتنەوەی مومتاز حەیدەری، چاپی یەکەم، چاپخانەی زانکۆی صەلاحەدین، هەولێر، 1992، ل23.

(3) هـ. س، ل24.

لە نێوانیاندا، لە ئەنجامدا دوو پێشمەرگەیان بریندارو پێشمەرگەیەکیش بە ناوی (سەید عەبدوڵڵا) شەهید دەبێت[1].

ئەو مێژووە لە لایەن پارتی دیموکراتی کوردستانەوە بە دەستپێکی هەڵگیرساندنەوەی شۆڕش لە لایەن ئەو پارتەوە دادەنرێت، کە بە شۆڕشی (گوڵان)* ناسراوە[2]، بەڵام مەلا شێم حەمەدی حاجی ئۆمەرانی ئاماژە بەوە دەکات کە پەیوەندییان بە (عومەر دەبابە)، ئەندامی دەستەی دامەزرێنەری بزوتنەوەی سۆسیالیستی کوردستانەوە هەبووە، لەسەر ڕەزامەندی ئەو دەچنە شاخو شۆڕش دەستپێدەکەنەوە، بۆ ئەو مەبەستەش مەلا شێم حەمەد لە 1976/4/5 و حاجی شێخە لە 1976/4/12 لە شاری ڕومادی سەردانی عومەر دەبابە دەکەن[3]. پاشانیش دوای گەڕانەوەی لە سەردانی جەلال تاڵەبانی لە سوریا، عومەر دەبابەو ژمارەیەك پێشمەرگە لە 16ی ئابی 1976دا دەچنە شاخو پەیوەندییان پێوە دەکەن[4].

هۆکاری پارتی بۆ ئەوەی کە ئەو مەفرەزەیە پەیوەندی بە ئەوانەوە هەبووە بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە دوای ئەوەی ئەو مەفرەزەیە دەچنە شاخ، ئیدریس بارزانی پێی دڵخۆش دەبێتو خێوەتێکیان بۆ دەنێرێت، هەروەها لە دوای مانگی تەمموزی 1976دا کەمال کەرکوکی نامەیەكو چەند بڵاوکراوەو بەیاننامەیەکی سەرکردایەتی کاتی پارتیان بۆ دەنێرێت[5].

پێویستە لێرەدا ئاماژە بە ئەوەش بکەین، دواتر لە ساڵی 1977دا مەلا شێم حەمەد دەچێتە ناو ڕیزەکانی پارتی دیموکراتی کوردستانەوە، بەڵام پێشمەرگەکانی تری مەفرەزەکەی لە ناو بزوتنەوەی سۆسیالیستدا دەمێننەوە[6].

([1]) مەلا شێم حەمەدی حاجی ئۆمەرانی: س. پ، ل ل24- 26.

* ناسران‌و ناوبردنی ئەو شۆڕشە بە شۆڕشی گوڵان بە ناوی مانگی گوڵانی کوردییەوە، تەنانەت ناوبردنی (26ی مایس) بە (26ی گوڵان) هەڵەیە، چونکە (26ی مایس) ناکەوێتە مانگی گوڵانی کوردییەوە، بەڵکو دەکەوێتە ناو مانگی جۆزەردانەوە بەرانبەر بە (5 ی جۆزەردان)ە، لەبەر ئەوەی دەستپێك‌و کۆتایی مانگی کوردی‌و زاینی بەرانبەر یەکتر نین، بۆیە مانگی گوڵان بەرانبەر (21/4- 21/5)ی زاینییە، بەوەش (26ی مایس) بەرانبەر مانگی گوڵانی کوردی نییە، بەڵکو دەکەوێتە نێو مانگی جۆزەردانەوە.

([2]) عەلی تەتەر نێروەیی: بزاڤی...، ل78.

([3]) مەلا شێم حەمەدی حاجی ئۆمەرانی: س. پ، ل ل18- 22.

([4]) هـ. س، ل31.

([5]) هـ. س، ل ل27- 28.

([6]) هـ. س، ل43.

لەلایەکی ترەوە یەکێتی نیشتمانی کوردستان لە یەکەم بەیانی دامەزراندنیدا جەختی لە سەر درێژەدان بە خەباتی چەکداریو هەڵگیرساندنەوەی شۆڕش کردبووەوە، بە شێوەیەك تیایدا هاتووە: "ئێمە لەکاتێکدا سەرفرازین بەوەی سووربوونی تێکۆشەرانی گەلەکەمان رادەگەیەنین لەسەر درێژەدان بە خەباتی شۆڕشگێڕانەی رێکخراو لە ریزەکانی کۆمەڵانی خەڵك لە چوارچێوەی یەکێتییەکی نیشتمانیی کوردستانیدا، ئەوا سەرلەنوێ ئەو رێبازە جەماهیرییە شۆڕشگێڕانەیە دووپات دەکەینەوە کە لە تێکۆشانی هاوبەشمان لەگەڵ هێزە نەتەوەییو پێشکەوتنخوازەکانی عەرەب لە عێراقدا، دژی ئیمپریالیزمو زایۆنیزمو دیکتاتۆریەت لەسەری دەڕۆین"[1].

بە مەبەستی هەڵگیرساندنەوەی شۆڕشو دەستپێکردنەوەی خەباتی چەکداری، جەلال تاڵەبانی پەیوەندی لەگەڵ شاسوار جەلال (ئارام) لە کۆمەڵە، عومەر مستەفاو عەلی عەسکەری لە بزوتنەوە، د. خالید سەعیدو چەند کەسێکی تر دروستکردبوو و بە نامە بیرورای لەگەڵ ئاڵوگۆڕ دەکردن، ئەمە وێڕای ئەوەی چەندین کۆبونەوەی لەگەڵ ئەندامانی دەستەی دامەزرێنەرو ئەفسەرەکانو کادیرەکانی تر ئەنجامدابوو[2].

لە چوارچێوەی ئەو زنجیرە کۆبونەوانەدا، دواجار لە 23- 1976/5/24، کۆبونەوەیەکی فراوان لە دیمەشق ئەنجامدرا، بە ئامادەبوونی دەستەی دامەزرێنەرو بەشداری چەند ئەفسەرو سەرکردەی پێشمەرگە، کە عەلی سنجاریو مونزیر نەقشبەندیش ئامادەبوون، جەلال تاڵەبانی پرۆژەیەکی بە ناوی (خطة رزگاری) ئامادە کردبوو، پاش زیادکردنی هەندێك بابەت بۆی پەسەند دەکرێت، جگە لەوەش بڕیاریان دا یەکەم دەستەی پێشمەرگە رەوانەی کوردستان بکەنەوە، هەروەها نامە بۆ هەموو رێکخستنەکانی کوردستان بنێرن، کە لەمە بەدوا دەست بە ناردنی مەفرەزەکان بۆ شاخ بکەن[3].

هەروەك لە پرۆژەی (خطة رزگاری)دا هاتبوو، لەسەر ئەو بنەمایە جەلال تاڵەبانی نامەی بۆ سەرجەم هێڵەکانی رێکخستنی ناو وڵات نووسیو داوای لێکردن مەفرەزەی "بە

([1]) بڕوانە یەکەم بەیاننامەی دامەزراندنی (ی. ن. ك)، لە پاشکۆی ژمارە (2).

([2]) نەوشیروان مستەفا ئەمین: لە کەناری...، ل87.

([3]) هـ. س ؛ صلاح الخرسان: م. س، ص ص346-347.

چۆنایەتی باش‌و بە چەندایەتی کەم" بنێرنە شاخ‌و تیپی پڕوپاگەندەی سیاسی "فرق الدعایە السیاسیە" لە تەواوی ناوچەکانی کوردستاندا پێکبهێنن[1].

بۆ جێبەجێکردنی پلانی (رزگاری) و هەڵگیرساندنەوەی شۆڕش لە باشوری کوردستاندا، (ی. ن. ك) لە 1976/6/1داو بە بۆنەی تێپەڕبوونی یەك ساڵ بەسەر دامەزراندنیدا، یەکەم دەستەی چەکداری خۆی لە سوریاوە بۆ کوردستان ناردەوە[2]، بە سەرکردایەتی نەقیبی ئەندازیار (ئیبراهیم عەزۆ) کە پێکهاتبوو لە (37) پێشمەرگەو بەسەر (4) مەفرەزەدا دابەش کرابوون[3].

بە مەبەستی بەڕێکردنیان بۆ کوردستان وەك یەکەم وەجبەی پێشمەرگە، جەلال تاڵەبانی چوو بۆ قامیشلی‌و نەجمەدین بیوك (نەجۆ) ئەم پۆلە پێشمەرگەیەی گەیاندەوە کوردستان[4]، بۆیە ڕۆژی ڕەوانەکردنی ئەو پێشمەرگانە لە لایەن (ی. ن. ك)ەوە بە ڕۆژی هەڵگیرساندنەوەی شۆڕش، کە بە شۆڕشی نوێ ناسراوە دادەنرێت.

جەلال تاڵەبانی نامەی بۆ کۆمەڵەو بۆ خالید سەعیدو عەلی عەسکەری نارد، دەست بە ناردنی مەفرەزەکان بۆ شاخ بکەن، بە نیاز بوون ئەوان مەفرەزەکان بۆ ناوچەی سۆران‌و سەرکردایەتیش لە دەرەوە بۆ ناوچەی بادینان، پاشان هەردوولا یەك بگرنەوە، بۆ ئەوەش لە سەرەتای مانگی حوزەیران مەفرەزەکانی بادینان بەهۆی (نەجۆ)وە بەرەو کوردستان بەڕێکەوتن. لە ناوخۆی کوردستانیش بە درێژایی مانگەکانی حوزەیران تا تشرینی دووەم د. خالیدو کۆمەڵە خەریکی ڕێکخستن‌و ناردنی مەفرەزەکان بوون، بە جۆرێك چەندین مەفرەزە بە هەموو ناوچەکانی کوردستاندا بڵاو کرانەوە[5].

لە ناوخۆی کوردستانیش لە شەوی 26–1976/6/27دا یەکەم مەفرەزەی پێشمەرگە کە پێکهاتبوون لە (7) کەس، بریتی بوون لە هەریەك لە (حامیدی حاجی غالی، شێخ عەلی (خولە کەشکۆڵ)، عەلی شیعە، حەمە سەعید حەمە ئەمین (دکتۆر رەزا)، تۆفیق ڕەحیم، شەوکەتی حاجی موشیرو محەمەدی حاجی مەحمود) لە ناوچەی

([1]) نەوشیروان مستەفا ئەمین: لە کەناری....، ل89؛ بڕوانە خطتی رزگاری لە پاشکۆی ژمارە (6).

([2]) سەروەر عەبدولرەحمان: س. پ، ل129.

([3]) نەوشیروان مستەفا ئەمین: لە کەناری....، ل89.

([4]) هـ. س، ل ل89-90.

([5])نەوشیروان مستەفا ئەمین: لە کەناری....، ل92.

شارەزوور بەرەو شاخی سورێن بەڕێدەکەون[1]، دواتر لە شەوی 27-28/ 7/1976دا تووشی یەکەم پێکدادان دەبنو تەقە لە ئۆتۆمبێلێکی چەکدار (مسلحە)ی حکومەتی عێراقی دەکەن، ئەمەش بە یەکەم تەقەی شۆڕشی نوێ دژی حکومەتی عێراق لە لایەن (ی. ن. ک)ەوە دادەنرێت[2].

لە لایەن بزوتنەوەی سۆسیالیستی کوردستانەوە لە 8ی ئابی 1976، هەریەك لە د. خالید سەعید، عەلی عەسکەری، عومەر دەبابە، سەید کاکە، سەعدی عەزیز، تاهیری عەلی والی، قادر عەزیز، رەسوڵ مامەند، یاسین قادرو چەند کەسێکی تر، بە نهێنی ناوچەکانی خۆیان بەرەو چیای قەندیل بەجێدەهێڵن[3]، لە 16ی ئابی 1976 لە گوندی (بەرد بەران) لە چیای قەندیل، لەگەڵ مەفرەزەکەی مەلا شێخ حەمەدی حاجی ئۆمەرانی یەکدەگرنەوە[4].

لەلایەکی ترەوە لەو سەردەمەدا چەند مەفرەزەیەکی بچوکی (پاسۆك)یش بە مەبەستی دەستپێکردنەوەی خەباتی چەکداری بە لێپرسراوێتی (جەلالی حاجی حسێن) چوونە شاخ، کە پەیوەندییەکی باشیان لەگەڵ (ی. ن. ک) هەبوو[5].

(1) محمد حاجی محمود: رۆژ ژمێری پێشمەرگەیەك، باسی رووداوەکانی (20) ساڵی خەباتی شۆڕشی نوێ ی گەلەکەمان دەکات 1976-1996، بەرگی یەکەم 1976- 1981، چاپی یەکەم، چاپخانەو ئۆفسێتی بێساراتی، سلێمانی، 1999، ل ل23-26.

(2) هـ. س، ل ل36-37.

(3) سەروەر عەبدورەحمان: س. پ، ل100، 137؛ شاخەوان شۆڕش: س. پ، ل99؛ سەید کاکە: بیرەوەری پێشمەرگەیەك، چاپی یەکەم، چاپخانەی وەزارەتی رۆشنبیری، 1997، ل ل82-83.

(4) مەلا شێخ حەمەدی حاجی ئۆمەرانی: س. پ، ل31؛ سەید کاکە: س. پ، ل83.

(5) سەروەر عەبدورەحمان: س. پ، ل138.

باسی دووەم: سیاسەتی ئێران بەرامبەر هەڵگیرسانەوەی شۆڕش لە باشوری کوردستان:

کاتێك شۆڕش لە باشوری کوردستان هەڵگیرسایەوە، ئێران بە پێی ناوەرۆکی ڕێکەوتننامەی جەزائیر سنورەکانی نێوان عێراق– ئێرانی گرتبوو، دەرگای بە ڕووی جوڵانەوەی ڕزگاریخوازی کورددا داخستبوو بۆ هاتوچۆو پەیوەندیکردن لە ناوەوە بە دەرەوەی وڵاتو بە پێچەوانەشەوە[1]، هاوکاری عێراقی دەکرد، بۆ ئەم مەبەستەش چەندین لیژنەی هاوکاریو بەدواداچونو هەماهەنگیان پێکهێنابوو، بۆ ڕێگرتن لە دووبارە هەڵگیرساندنەوەی شۆڕش لە باشوری کوردستان[2].

دوا بەدوای ڕێکەوتننامەی جەزائیر، لە 13ی حوزەیرانی 1975دا هەریەك لە عەباس خەلعەتبەری وەزیری دەرەوەی ئێرانو سەعدون حومادی وەزیری دەرەوەی عێراق (پرۆتۆکۆلی ئاسایشی سنور)یان لە بەغدا واژۆکرد[3]. کە تیایدا هاتبوو:

1. هەردوو لا زانیاری پەیوەست بە جموجوڵی تێکدەران لەسەر سنوری هەردوو وڵات ئاڵوگۆڕ دەکەنو هەموو ڕێوشوێنێك دەگرنە بەر بۆ ڕێگرتن لە کاری تێکدەرانەو یاخیبوونو هەڵگەڕانەوە.
2. دەسەڵاتدارانی هەردوو وڵات هەڵدەستن بە چاودێریکردنی سنورەکانو ڕێگرتن لە دزەکردنی تێکدەران.
3. دەسەڵاتدارانی هەر وڵاتێك هەڵدەستێت بە ڕادەستکردنەوەی تێکدەرە دەستگیرلوەکان بە دەسەڵاتدارانی وڵاتەکەی تر.
4. لە کاتی پێویستدا هەردوو وڵات ڕێکدەکەون لەسەر دیاریکردنی ناوچەی قەدەغەکراو بۆ ڕێگری تێکدەران لە هێنانەدی مەبەستەکانیان.

([1]) برایم جەلال: چەپکێك....، ل144، 191.

([2]) جمال فتح الله: س. پ، ل229.

([3]) شكيب عقراوی: سنوات المحنة فی کردستان اهم الحوادث السياسية والعسكرية فی کردستان والعراق من 1958 الى 1980، الطبعة الاولى، مطبعة منارة، اربيل، 2007، ص383؛ محمد الطاهر محمد: القضية الكردية وحق تقرير المصير الاستقلال– الحكم الذاتي– الفيدرالية، الطبعة الاولى، مكتبة مدبولى، القاهرة، 2008، ص107.

5. دەسەڵاتدارانی هەردوو وڵاتی هاوکاری یەکتر دەکەن بۆ جێبەجێکردنی ڕێکەوتننامەکەو پێکهێنانی چەند لیژنەیەکی هاوبەش بۆ جێبەجێکردنی هاوکاری نێوان هەردوو وڵات[1].

شای ئێران سەرکەوتنی کوردی لە عێراق زیاتر بە مەترسی بۆ سەر یەکپارچەیی خاکی ئێران دەزانی، بۆیە هەردوو لا کۆك بوون لەسەر ئەوەی جارێکی تر شۆڕشی کورد سەر هەڵنەداتەوە[2]، هاوکات بە پێی ڕێکەوتننامەی جەزائیر ئێران هاوکاری ڕژێمی عێراقی دەکرد[3].

یەکێتی نیشتمانی کوردستان لە ڕاگەیاندنی یەکەم بەیانی دامەزراندنی خۆیدا لە 1975/6/1، بە توندی هێرشی کردبووە سەر ئیمپریالیزم و ڕژێمە کۆنەپەرستەکان و حکومەتی ئێرانی بە دوژمنی سەرسەختی گەلی کورد دانابوو، هەروەها جەختی لەسەر تێکۆشانی هاوبەش کردبووەوە لەگەڵ هێزە پێشکوتنخوازەکانی عەرەب لە عێراقدا دژی ئیمپریالیزم و زایۆنیزم و دیکتاتۆریەت[4]، جگە لەوەی لە ڕووی هزرییەوە مارکسی و چەپ بوون، ناوی (الشرارە) بڵاوکراوەی (ی. ن.ك) لە ناوی (الایسكرا– Uckra)* ئۆرگانی لینین و وتەکەی ژێریشی "و من الشرارە یندلع اللهیب" لە ماوتسی تۆنگ وەرگیرا بوو، ناوەڕۆکی باس و بابەتەکانیشی لێوان لێو بوون لە بابەتی دوژمنایەتی ئیمپریالیزم و کۆنەپەرست و سەهیۆنیزم، هەروەها بە هۆی ڕێکەوتننامەی جەزائیرەوە لەلای هەموو کورد کاردانەوەیەکی بەهێز دژی ئەمریکاو ئێران دروست بووبوو، هەموان ئەو دوو دەوڵەتەیان بە پیلانگێڕ و دوژمنی کورد دەزانی[5]. ئەمە وێڕای ئەوەی (ی. ن. ك) بە پێچەوانەی ویست و ئارەزووی ئێران شۆڕشی هەڵگیرساند بوو[6]. بێگومان ئەمەش بووە مایەی تووڕەبوونی ئێران و دژایەتیکردنی بۆ شۆڕشی نوێ.

---

(1) شکیب عقراوی: م. س، ص ص383– 384؛ نەوشیروان مستەفا ئەمین: لە کەناری...، ل34-35.

(2) CIA: PA 79- 10330D AuRust 1979, The Kurdish problem in perspective., p8

(3) نەوشیروان مستەفا ئەمین: لە کەناری....، ل168.

(4) بڕوانە یەکەم بە یاننامەی دامەزراندنی (ی. ن. ك) لە پاشکۆی ژمارە(2).

* بە عەرەبی (الشرارە) ناوی ڕۆژنامەی ئۆرگانی لینین بوو.

(5) نەوشیروان مستەفا ئەمین: لە کەناری....، ل74.

(6) ڕێباز: س. پ، بەشی یەکەم و دووەم، ل378.

ئێران لەلای خۆیەوە ترسی هەبوو لەوەی ئەو بۆشاییەی لەنێو جوڵانەوەی ڕزگاریخوازی کورددا دروست بووبوو، بە هێزێکی چەپی مارکسی لینینی پڕ بکرێتەوە، کە ئێران بە مەترسی لەسەر خۆی دەزانی، بە تایبەتی یەکێتی کە هەر لە سەرەتاوە بە هێرش بۆ سەر شاو ڕژێمی ئێران دەستی پێکرد[1].

کاتێك ڕێکخستنەکانی کۆمەڵە لە ئەیلولی 1975دا ئاشکرا دەبێت، بەهۆی دانپیانانی یەکێك لە ئەندامانی دەستگیرکراوی بزوتنەوەی سۆسیالیستی عەرەبی (الحرکه الاشتراکیه العربیه)، کە پەیوەندییەکی باشی لەگەڵ یەکێتیدا هەبوو، لە سەرەتادا (ئەنوەر زۆراب*) دەستگیر دەکرێتو لە ماڵەکەیدا دەست بەسەر دەمانچەیەکو چەندین بەیانو بەڵگەنامەو ناوی هەندێك لە هاوڕێکانیدا دەگیرێت[2]، بەمەش ڕژێمی بەعس شاڵاوێکی گەورەی گرتنو ڕاوەدونانی لە شارەکانی کوردستانو شاری بەغدا دەستپێکرد، لە ئەنجامدا چەند ئەندامێکی کۆمەڵە دەستگیر کران[3].

دوای ئاشکرا بوونی ڕێکخستنەکانی کۆمەڵەو دستپێکردنی شاڵاوی گرتن لە لایەن ڕژێمی بەعسەوە، بە مەبەستی خۆدەربازکردن لەو شاڵاوی گرتنە، سەرکردایەتی کۆمەڵە لە 1975/9/23 بەرەو ئێران بە ڕێدەکەون، بەو هیوایەی لەوێوە خۆیان بگەیەننە سوریا، کە پێکهاتبوون لە (شەهاب شێخ نوری، جەعفەر عەبدولواحید، فەرەیدون عەبدولقادر، عومەری سەید عەلیو عەلی بچکۆل)، بەڵام دوای ئاشکرابوونیان لە ئێران دەستگیر دەکرێن[4]. هەروەها هەریەك لە (ئەرسەلان بایزو ئاوات عەبدولغەفور) بەرەو ئێران بەرێدەکەون، بەڵام بە هۆی ئەوەی قاچاغچیەکەیان لێیان پەشیمان دەبێتەوە لە یەکەم گوندی ئەودیو سنور (چەمپاراو) خۆیان ڕادەستی پاسگای (بنکەی) ئێران دەکەن،

([1]) محمد حاجی محمود: س. پ، بەرگی یەکەم، ل174؛ نەوشیروان مستەفا ئەمین: لە کەناری...، ل94.

* خەڵکی شاری کەرکوكو لە کارگەیەکی شاری بەغدا کرێکار بووە، ئەندامی سەرکردایەتی کۆمەڵەی مارکسی لینینی کوردستان بوو، لە 1976/11/21 لەگەڵ شەهابو جەعفەر عەبدولواحید لە زیندانی ئەبوغرێب لە سێدارە دەدرێت

([2]) ئەرسەلان بایز: ڕۆژانی سەخت، ئەڵقەی (11)، کوردستانی نوێ، ژمارە (1876)، 1999/6/7، ل7.

([3]) سەروەر عەبدولرەحمان: س. پ، ل91.

([4]) هـ. س، ل91.

دوای چەند ڕۆژێك دەیانبەن بۆ زیندانی سەقزو لەگەڵ گیراوانی سەرکردایەتی کۆمەڵەدا یەکدەگرنەوە[1].

وێڕای ئاشکرابوونی ڕێکخستنەکانی کۆمەڵەو خۆدەربازکردن لە مەترسی شالاوی گرتنی ڕژێم، سەرهەڵدانی ململانێو ناکۆکی لەنێو ڕیزەکانی کۆمەڵەو تەقینەوەی ئەو ناکۆکیانە، و گرژبوونی پەیوەندی نێوان بەشێکی ڕێکخستنەکانو سەرکردایەتی کۆمەڵە، بە شێوەیەك کە تاقمێك لە ڕێکخستنەکانی خوارەوەی کۆمەڵە دژی سەرکردایەتیەکەی وەستابوون، یەکێکی تر بوو لە هۆکارەکانی ڕۆیشتنی سەرکردایەتی کۆمەڵە بەرەو ئێران، بۆ ئەوەی لەو ئاژاوەیە دەربچنو لەوێوە خۆیان بگەیەننە سوریا.[2] لەگەڵ هەموو ئەوانەشدا ئەم کۆچکردنەی سەرکردایەتی کۆمەڵە پێچەوانەی ڕاسپاردەکانی جەلال تاڵەبانی بوو کە بە فەرەیدون عەبدولقادردا بۆ سەرکردایەتی کۆمەڵەی ناردبوو، داوای لێکردبوون لە هیچ حاڵەتێکدا نابێت کوردستان بەجێبهێڵن، لە کاتی لێقەومانو ئاشکرابووندا خۆیان بشارنەوە یان بچنە شاخ[3].

لە کاتێکدا سەرکردایەتی کۆمەڵە لە لایەن ئێرانەوە دەستگیر کرابوون، شای ئێران دەیویست پەیوەندی لەگەڵ (ی. ن. ك)دا دروست بکات، بۆ ئەو مەبەستە سەرهەنگ (عیسا پەژمان) لە ڕۆماوە بە تەلەفۆن پەیوەندی بە جەلال تاڵەبانیەوە دەکات، دەیویست پاکانە بۆ خۆی بکاتو وتبووی دەمانەوێت بۆتان ڕوون بکەینەوە ئێوە خۆتان ئەو بڕیارەتان داوە، نەك بە فەرمانی شا، شا دەیەوێ بتبینێو ئامادەیە هاوکاریتان بکات، بەڵام جەلال تاڵەبانی ڕەتیدەکاتەوە، هەروەها جەلال تاڵەبانی دەڵێت: "من ئەگەر بمزانیایە سەرکردایەتی کۆمەڵە گیراون کۆبونەوەکەم قبوڵ دەکردو دادەنیشتمو داوام لێدەکردن هیچ نەبێت ڕادەستی عێراقیان نەکاتەوەو ئەوانم بۆ بنێرێت بۆ شام"[4].

([1]) ئەرسەلان بایز ئیسماعیل: ڕۆژانی سەخت، بەرگی یەکەم، چاپخانەی مەکتەبی ناوەندی ڕاگەیاندن، 2002، ل ل42-43.

([2]) نەوشیروان مستەفا ئەمین: لە کەناری...، ل48؛ ئەرسەلان بایز ئیسماعیل: ڕۆژانی سەخت، بەرگی یەکەم، ل41

([3]) نەوشیروان مستەفا ئەمین: لە کەناری...، ل48؛ فوئاد سدیق: گەردەلوولی سیاسەت، بەشی دووەم، چاپی یەکەم، چاپخانەی خانی، دهۆك، 2009، ل58.

([4]) وتارو یادگاریەکانی هەڤاڵ جەلال تاڵەبانی بە بۆنەی سیو حەوت ساڵەی دامەزراندنی ی. ن. ك؛ مەلا بەختیار: یاخی بوون لە مێژوو (لێکدانەوەی ئاوەژوو نەکردنی ڕاستیەکان)، بەرگی یەکەم، چاپخانەی دانان، 1998، ل ل172-173.

حکومەتی ئێران بە پێی ڕێکەوتننامەی جەزائیر لەگەڵ دەستپێکی ساڵی نوێدا، لە شەوی 1975/12/31 -1976/1/1، لە ڕێگەی مەریوان- بناوەسوتەوە گیراوەکانی کۆمەڵە ڕادەستی حکومەتی عێراق دەکاتەوەو بۆ زیندانی بنکەی پۆلیسی پێنجوێن دەبردرێن[1]. حکومەتی عێراقیش لە 1976/7/11داو لە دادگای شۆڕش (محكمة الثورة)دا حوکمی لەسێدارەدانی بۆ هەریەك لە (شەهاب شێخ نوری، جەعفەر عەبدولواحیدو ئەنوەر زۆراب) سەرانی کۆمەڵە دەرکردو ئەوانی تریش هەریەکەیان حوکمی (6) ساڵ زیندانیان بۆ بڕایەوە، جگە لەوەی ژمارەیەکیشیان ئازاد کران[2]. پاشان لە 1976/11/21دا لە گرتوخانەی ئەبو غرێب حوکمی لەسێدارەدان بەسەر هەرسێ سەرکردەکەی کۆمەڵەدا جێبەجێکرا[3].

حکومەتی ئێران هەر پێشمەرگەیەکی یەکێتی بگرتایە ڕادەستی حکومەتی عێراقی دەکردەوە، پێشمەرگەیەکی تریان بە ناوی (جەزا) لە گوندی شێخانی لای نەوسود لەسەر چەمی سیروان گرت، فەرماندەی پاوە لە سنوری تەوێڵەوە ڕادەستی قائیمقامی هەڵەبجەی کردەوەو دواتر لەسێدارە درا[4].

بەو جۆرە حکومەتی ئێران بە هەموو شێوەیەك دژایەتی یەکێتیو سەرهەڵدانەوەی شۆڕشی نوێی لە باشوری کوردستان دەکرد. تەنانەت لە دیوی ئێرانیشدا ئۆردوگای بۆ داڵدەدانی ئەو پێشمەرگانە کردبووەوە کە ڕیزەکانی شۆڕشیان بەجێدەهێشت[5].

([1]) ئەرسەلان بایز ئیسماعیل: ڕۆژانی سەخت، بەرگی یەکەم، ل48.

([2])ئەرسەلان بایز ئیسماعیل: ڕۆژانی سەخت، بەرگی یەکەم، ل ل71-72؛ سەروەر عەبدولرەحمان عومەر: س. پ، ل92.

([3]) صلاح الخرسان: م. س، ص338؛ برایم جەلال: چەپکێك...، ل115؛ بەیاننامەی "شۆڕشی کوردستان سەرکەوتووانە ساڵێك لە تەمەنی تەواو ئەکات". بڕوانە پاشکۆی ژمارە (7).

([4]) محمد حاجی محمود: س. پ، بەرگی یەکەم، ل174.

([5]) نامەی قادر عەزیز بۆ توێژەر لە ڕێگەی پۆستی ئەلکترۆنیەوە، لە 2013/1/6. قادر عەزیز محەمەد ئەمین: لەساڵی 1954 لە شاری هەولێر لەدایکبووە، لەساڵی 1970-1974 لە یەکێتی قوتابیانی کوردستان کاریکردووە، لە ئابی 1976 لەچوارچێوەی بزوتنەوەی سۆسیالستی کوردستاندا بەشداری لەهەڵگیرساندنی شۆڕشی چەکداری دژ بە ڕژێمی عێراق کردووە، لە 1985/12/12 لەگەڵ کۆمەڵێك هاوڕێیدا لە (حسك) جیادەبنەوەو پاشان "حزبی زەحمەتکێشانی کوردستان" دادەمەزرێنو بە سکرتێری گشتی حزب هەڵدەبژێردرێت. لەساڵانی 1988-1993 ئەندامی سەرکردایەتی سیاسی بەرەی کوردستانی بووە.

لەلایەکی ترەوە پاش چوونی بەشێك لە سەرکردایەتی بزوتنەوەی سۆسیالیستو ژمارەیەك پێشمەرگە بۆ لای مەفرەزەکەی مەلا شێم حەمەدی حاجی ئۆمەرانی لە بناری قەندیل، پێشنیاز کرا پەیوەندی لەگەڵ حکومەتی ئێران دروست بکەنو داوای هاوکاریو یارمەتی لێبکەن، بۆ ئەو مەبەستە نامەیەك لە رێگەی (مینە کوپە)* وە بۆ سەرهەنگ (صیادیان)، سەرۆکی ساواکی ورمێ (رەزائیە) دەنێرن، بەڵام بە دەنگیانەوە نایەنو دوای چەند رۆژێك وەڵامێکی ساردو سڕیان دەدەنەوە[1].

هەروەها بەرەوپێشچوونی چالاکی سیاسیو سەربازی شۆڕش بووە مایەی نیگەرانی ئێران، بە تایبەتی دوای دامەزراندنی ئێزگەی رادیۆیی، حکومەتی ئێران لە مانگی تشرینی یەکەمی ساڵی 1977دا داوا لە ئیدریس بارزانی دەکات پەیوەندییەکانی خۆی لەگەڵ باشوری کوردستان بپچڕێنێتو ناردنی هێزو هاوکاریش رابگرێت، بەڵام ئیدریس بارزانی نکوڵی لەو جوڵانەوەیە دەکات[2].

هاوکاری نێوان ئێرانو عێراق زۆری نەخایاند، لەبەر ئەوەی متمانەیان بە یەکتر نەبوو، کە بووە هۆی ئەوەی شاو سەدام بەرەو خراپی هەنگاو بنێت، لەبەر ئەوە شا جارێکی تر کەوتە بەکارهێنانی کارتی کوردو دەستی بە هاندانو یارمەتیدانیان کرد، تا

لەهەڵبژاردنەکانی 1992/5/19 دەبێتە ئەندامی پەرلەمانی کوردستانو دوای ئەویش پۆستی وەزیری کشتوکاڵو ئاودێری لەیەکەم کابینەی حکومەتی هەرێمی کوردستان وەردەگرێت. لەدوای ڕووخانی رژێمی بەغدادو فراوانکردنی ئەنجومەنی حوکم، لەنێوان ئەو سەد کەسەدا بوو، کە ئەنجومەنی نشتیمانی کاتی عێراقیان پێکهێنا، لەچوارچێوەی وەفدی کوردی بەشداری نوسینەوەی دەستووری هەمیشەیی عێراقی کردووە. لە 2006/9/15 بووەتە نوێنەری سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان بۆ چاودێریکردنی جێبەجێکردنی ماددەی (140) لە دەستوری عێراقی و ماوەی ساڵ و نیوێك لەو بوارەدا کاریکردوە. ئێستاش سکرتێری حزبی ئایندەی کوردستانە.

* کوردی رۆژهەڵاتی کوردستان بوو، خەڵکی گوندی (کۆنە لاجان)ی لای خانە بوو، لە سەردەمی شۆڕشی ئەیلولەوە پەیوەندی بە (ساواك)ی ئێرانەوە هەبوو، لەگەڵ کەسایەتیو پارتەکانی کوردستانیشدا پەیوەندی هەبوو. (مەلا بەختیار: یاخی بوون....، ل172).

([1]) مەلا شێم حەمەدی حاجی ئۆمەرانی: س. پ، ل32.

([2]) اسناد لانە جاسوسی: کردستان (1) شمارە (31) دانشجویان مسلمان پیرو خط امام، د. م، د. ت، شمارە سند (10)، موضوع، سیاست دولت ایران در کنترل کردن کردها، 16 اکتبر 78، ص158؛ عەلی تەتەر نێروەیی: بزاڤی....، ل92.

جڵەوی ئاڕاستەکردنی شۆڕشەکەی لەدەست دەرنەچێت[1]، عبداللە ئاغای پشدەری دەڵێت: "هەر لەو کاتەشدا جەلال تاڵەبانی لە (بیروت) حیزبێکی تازەی بە ناوی (یەکیەتی نیشتمانی) دامەزراند. حکومەتی سوریەش کەوا لەو کاتەدا دژی رژێمی بعث بوو پشتگیری خۆی بە مەبەستی زیندوکردنەوەی شۆرش پیشاندا. دیسانەوە شای ئێرانیش بە نهێنی رێگای بۆ سەرکردایەتی بارزانی والاکرد کەوا چەکداری خۆیان رەوانەی کوردستانی عێراق بکەنەوەو بە شەری پارتیزانیەوە خەریکبن"[2]. پاشان سەرکردایەتی کاتی بنکەی لە تۆکان لای (سەردەشت) و دزلی لای (مەریوان) دامەزراند، بەلام نەوشیروان مستەفا پێی وایە ئەوە لە سۆنگەی یارمەتیدانی کوردەوە سەرچاوەی نەگرتبوو، بەڵکو بۆ ناکۆکیو دووبەرەکی ناو جولانەوەی رزگاریخوازی کورد بوو[3]. شایانی باسە (ی. ن. ك) و (س. ك) لە مملمانێو شەری یەکتردا بوون، کە چەندین شەرو رووداوی نەخوازراو لە نێوانیاندا ڕوویدا.

وێرای بوونی ئەزمونێکی تاڵی پارتی لەگەڵ ئێراندا، لەگەڵ ئەوەی لە کۆنفرانسی بەرلینی سەرکردایەتی کاتیدا جەخت کرابووەوە لەسەر ئەوەی نابێت چیتر بە شێوەیەکی هەرەمەکی پشت بە هێزی هەرێمیو دەرەکی ببەسترێت، بۆ سەرخستنی جولانەوەی ڕزگاریخوازی کورد. بەلام (پ. د. ك) دووبارە لە ساڵی 1977دا پەیوەندی سیاسی لەگەڵ ئێران دەستپێکردەوە[4].

ولاتانی هەرێمی بە تایبەتی ئێرانو سوریا، هەردەم لە هەوڵی ئەوەدا بوون ئۆپۆزسیۆنی عێراقیو لە ناویشیاندا کورد بەلای خۆیاندا ڕابکێشنو جۆرە پەیوەندییەك لە نێوانیاندا هەبێت، پارتی دیموکراتی کوردستان (س.ك) پەیوەندییەکی بەهێزی لەگەڵ ئێرانو هاوکات (ی. ن. ك) پەیوەندی لەگەڵ سوریادا هەبوو[5]. بۆیە ئێران ئاسانکاری بۆ

([1]) جمال فتح الله: س. پ، ل231.

([2]) عبداللە ئاغای پشدەری: نسکۆی شۆڕشی ئەیلول بەشێك لە بیرەوەریــەکانی عبداللــە ئاغــای پشــدەری، بەرگی سێیەم، چاپی یەکەم، چاپخانەی شەهاب، هەولێر، 2009، ل25.

([3]) نەوشیروان مستەفا ئەمین: لە کەناری...، ل190.

([4]) جمال فتح الله: س. پ، ل49.

([5]) کامەران قەرەداغی: دوو جەنگی کەنداو: کورد لەسەر شانۆی جیهانیـدا 1979- 1992، لـە کتێبـی گەلێکی پەژموردەو نیشتمانی پەرت (کوردو کوردستان)، س. پ، ل399.

(س. ك) دەكردو جگە لە (س.ك) ڕێگەیان بە هیچ لایەنێكی تر نەدەدا بچنە ئەودیو سنورو بەناو خاكی ئێراندا هاتوچۆ بكەن[1].

لەلایەكی ترەوە وڵاتانی هەرێمی (ئێران‌و توركیاو عێراق) بە مەبەستی لاوازكردن‌و پەراوێزخستنی جوڵانەوەی كورد هاوكاری یەكتریان دەكردو ڕێگریان لە سەرهەڵدانی شۆڕشێكی جەماوەری بەرفراوان دەكرد، بۆ هێنانەدی ئەو مەبەستەیان كەوتنە خۆ بۆ دروستكردنی كێشەو ناكۆكی‌و هەڵگیرساندنی شەڕی ناوخۆ لە نێوان پارت‌و ڕێكخراوە كوردییەكاندا، تاوەكو نەتوانن گەشە بكەن‌و تاكە پارتێك بە تەنها نەتوانێت جڵەوی سیاسی‌و سەربازی لە گۆڕەپانی باشوری كوردستاندا بگرێتە دەست[2].

كاتێك كۆمیتەی سەركردایەتی (ی. ن. ك)، لە كۆبونەوەكانی خولی دووەمیدا لە نەورۆزی 1978دا بڕیاریدا بارەگای سەركردایەتی بۆ شوێنەكانی ساڵی پێشوو لە ناوچەی برادۆست لەسەر سێ سنوری (عێراق– ئێران– توركیا) بباتەوە[3]، جگە لەوەی ڕژێمی بەعس بەنیاز بوو لە 1978/6/1 بڕیاری ڕاگوێزانی گوندەكانی سەر سنور بە قوڵایی (20) كم بخاتە بواری جێبەجێكردنەوە[4]. یەكێك لە ئامانجەكانی چوون بۆ برادۆست بریتی بوو لە كردنەوەو پاراستنی ڕێگای هێنانی چەك لە سوریاوە، سەبارەت بە (س.ك)یش بڕیاریان دابوو، وەك محەمەدی حاجی مەحمود دەڵێت: " ئەگەر قیادە موەقەتە شەڕ نەكات ئێمەش شەڕ نەكەین و ئەگەر ئەوانیش شەڕیان كردوو هاتنە سەر ڕێگامان لەو سنوورە پاكیان بكەینەوە"[5]. بەڵام جەوهەر نامیق پێی وایە هاتنی ئەو هێزە گەورەیە بۆ سەر بنكەكانی (س. ك) و بەبێ ڕێكەوتنێكی دوو قۆڵی پێشتر، مەرامی یەكێتی دەردەخات كە بۆ تۆڵەسەندنەوەو

([1]) محمد حاجی محمود: س. پ، بەرگی یەكەم، ل79.

([2]) شكیب عقراوی: م. س، ص439.

([3]) صلاح الخرسان: م. س، ص373؛ نەوشیروان مستەفا ئەمین: كارەساتی هەكاری، چاپی چوارەم، ب. ش، 2011، ل13.

([4]) ڕێباز: س. پ، بەشی یەكەم‌و دووەم، ل124؛ نەوشیروان مستەفا ئەمین: كارەساتی هەكاری، ل17؛ برایم جەلال: چەپكێك...، ل204.

([5]) ڕۆژ ژمێری پێشمەرگەیەك، بەرگی یەكەم، ل177.

لەناوبردنی یەکجارەکی ئەوان هاتوون، ئەگەرنا مەسەلەی هێنانی چەك لە سوریاوە پێویستی بە چەند کەسێك هەبوو، نەك بەو هێزە گەورەیە[1].

ئەوەبوو (ی. ن. ك) لە نیسانی 1978دا هێزێکی تێکەڵاوی لە چەکدارو بێچەك، لە پێشمەرگەی هەموو هەرێمەکانو خەڵکی هەموو ناوچەکانی کوردستان لە خانەقینەوە بۆ زاخۆ، کە پێکهاتبوو لە نزیکەی (1000) کەس ئامادە کرد تا بە سێ ڕەتڵ بەرەو ناوچەی برادۆست بەڕێ بکەوێت[2]. بەم شێوەیە:

بەشی یەکەم: زیاد لە (320) پێشمەرگە بوون، کە (150)یان چەکدار بوون، بە سەرپەرشتی د. خالید سەعید.

بەشی دووەم: پێکهاتبوو لە نزیکەی (500) پێشمەرگە، نزیکەی (350)یان چەکدار بوون، بە سەرپەرشتی (عەلی عەسکەری) کە هاوکات فەرماندەی هێزی پێشمەرگە بوو.

بەشی سێیەم: لە نزیکەی (150) پێشمەرگە پێکهاتبوو، زۆربەیان چەکدار بوون، بڕیار وابوو (جەلال تالەبانی) سکرتێری گشتی (ی. ن. ك) و ئەندامانی تری مەکتەب سیاسیو نوێنەرانی لیژنەی ئامادەکاری (پ. د. ك) و پاسۆك لەگەڵ ئەم ڕەتڵەدا بڕۆن[3].

بە هۆی جموجوڵی هێزی سەربازی زەمینیو ئاسمانی ئێران بەرامبەر بە هێزەکەی (ی. ن. ك)، تەنها ڕەتڵی یەکەمو دووەم ڕۆیشتنو ڕەتڵی سێیەم لە (دۆڵە نێ) مایەوە[4].

دواجار هەردوو ڕەتڵی یەکەمو دووەمی هێزەکەی یەکێتی کە پێکهاتبوو لە نزیکەی (820) کەس، وێڕای ئەوەی لە ڕێگادا کەوتبوونە بەر هێرشی زەمینیو ئاسمانی هێزەکانی ئێرانو عێراق، دوای ئەوەی دەچنە ناو خاکی تورکیاوە، دەکەونە بۆسەی هێزەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان (س. ك)، و هێزەکانی ناوچە سنورییەکانی تورکیای وەك (گۆیانەکانو ژیرکییەکانو سلیڤانیەکان)، دوای ڕوودانی چەندین شەڕ لە

([1]) وەرگیراوە لە جمال فتح الله: س. پ، ل179- 180.

([2]) هەواڵنامەی کوردستانی عێراق، لە بڵاوکراوەکانی یەکێتی نیشتمانی کوردستان، ژمارە (2)، ئابی 1978، ل1. (هەواڵنامەی کوردستانی عێراق: یەکەمین گۆڤاری یەکێتی نیشتمانی کوردستان بووە، 15 ژمارەی لێ دەرچووە، یەکەم ژمارەی لە مایسی 1978داو دوا ژمارەشی لە حوزەیرانی 1981دا دەرچووە)؛ نەوشیروان مستەفا ئەمین: لە کەناری...، ل268.

([3]) نەوشیروان مستەفا ئەمین: لە کەناری...، ل ل268-269.

([4]) هـ. س، ل275- 276؛ سەید کاکە: س. پ، ل104.

نێوانیاندا لە ناوچەی هەکاری، لە ئەنجامدا بەشێکی زۆری هێزەکەی یەکێتی کوژراو، بەشێکی تریان بە دیل گیرانو هاوکات هەندێکیشیان خۆیان ڕادەستی هێزەکانی حکومەتی عێراق کردەوە، لە کۆی نزیکەی (820) پێشمەرگە، تەنها (8)* پێشمەرگە لەو کاتەدا ڕزگاریان بوو و توانیان لە 1978/6/1دا بگەنەوە بارەگای یەکێتی لە بناری قەندیل[1].

ئێران ڕۆڵێکی گەورەو سەرەکی لە ڕووداوی هەکاریدا هەبوو، لە سەروبەندی ئامادەکاری گواستنەوە بۆ هەکاری، ئێران فشارێکی زۆری خستبووە سەر یەکێتیو ئاگاداریان کردنەوە بارەگاکانیان لە (نۆکان)** چۆڵ بکەنو ڕۆژانە لە پاسگای (دلوداوی)وە لە پشتی نۆکان دەهاتنە سەر سەرکردایەتی (ی. ن. ک)،[2] بەدەر لەوەش هێزێکی گەورەی تری حکومەتی ئێران لە شاخەکانی دەوروپشتی نۆکانو تۆژەڵەو گۆرەشێر دامەزراو هەڕەشەی لێدانی هێزەکانی یەکێتی بە هێزی زەمینیو ئاسمانی دەکرد، ئەگەر بەدەم داواکەی ئێرانەوە نەیەنو لە ماوەی چەند کاتژمێرێکدا ناوچەکە چۆڵ نەکەن،[3] ئەمەش وای لە سەرکردایەتی (ی. ن. ک) کرد پەلە بکەن لە جێبەجێکردنی پلانەکەیانو دەست بە جوڵاندنو گواستنەوەی هێزەکەیان بکەن[4].

هاوکات لەگەڵ جوڵانی هێزەکانی (ی. ن. ک)، هێزەکانی ئێران کەوتنە جموجوڵ، هێزی ئاسمانی ئێرانی بەسەر ئاسمانی ناوچەکەدا دەسوڕانەوە کە یەکێتی تێدا بوو، هێزە زەمینیەکانش بۆ ڕێگرتن لە پەڕینەوەی هێزەکانی یەکێتی هەموو ڕێگاکانی گرتبوو، لەو کاتەدا لەبەر بارینی بەفر ڕێگاکان گیرابوون، هەندێ ڕێگا ولاخی لێ دەرنەدەچوو، کاتێك

---

* ئەو هەشت پێشمەرگەیە بریتیبوون لە تاهیری حاجی عەزیز، مەحمود زەردۆیی، ڕەفیق پاڕەزانی، حەمە ڕەش گرێزەیی، جەمالی عەلی بایێر، بەکرە سور، ئارات گەڕەدێیو محەمەدی حاجی مەحمود. (محمد حاجي محمود: س. پ، بەرگی یەکەم، ل217؛ صلاح الخرسان: م. س، ص217).

([1]) دیڤید مەکداول: س. پ، ل565-567؛ صلاح الخرسان: م. س، ص ص3780379.

** نۆکان: گوندێکی سەر سنورەو دەکەوێتە ناو خاکی ئێرانەوە. (نەوشیروان مستەفا ئەمین: لە کەناری....، ل265).

([2]) مەلا بەختیار: یاخی بوون....، ل171؛ صلاح الخرسان: م. س، ص373.

([3]) نەوشیروان مستەفا ئەمین: لە کەناری....، ل273.

([4]) صلاح الخرسان: م. س، ص373؛ برایم جەلال: چەپکێك....، ل204.

کاروانێکی هێزەکە بە ناچاری چوونە ناو خاکی ئێرانەوە، لە لایەن هێزەکانی ئێرانەوە بە خەستی تۆپباران کران و ناچار بە گەڕانەوە کران بۆ ناو سنوری عێراق[1].

لەلایەکی ترەوە ئێران لە جوڵانی هێزەکەی یەکێتی ئاگادار بوو، ساواك چەند جار خەڵکی بۆ لای سەرکردایەتی یەکێتی نارد، لە ڕێگەی (مینە کوپەو رەسولی برای و بەیجان جندی)یەوە کە سەر بە (ساواك) بوون بە یەکێتی ڕاگەیاندبوو، ئێران چاوپۆشی دەکات لەوەی بەناو ئێراندا تا کێلەشین بە ئۆتۆمبیل بڕۆن، جگە لەوەی کە مینە کوپەو هاوڕێکانی هەموو زانیارییەکیان بۆ (ساواك) دەبرد، (ساواك)یش لەلای خۆیەوە چاودێری هێزەکەی دەکرد تا بزانێت کەی بەڕێدەکەوێت[2].

بەشی دووەمی هێزەکە کە گەورەترین ڕەتڵی هێزەکە بوو، دەبوو لە 1978/4/21 بەڕێ بکەوتایە[3]، بەڵام دەرچوونی ئەم هێزە بۆ 1978/5/1 دواکەوت[4]، بەو هیوایەی بتوانێت سوود لە چاوپۆشی حکومەتی ئێران وەربگرێت و بە ئۆتۆمبێل بەناو خاکی ئێراندا تا نزیك کێلەشین بڕوات و لەوێوە بێنەوە ناو سنوری عێراق و بچنە ناوچەی برادۆست، بۆ ئەو مەبەستە چەند کەسێکیان بۆ ئێران نارد بۆ ئامادەکردن و بە کرێ گرتنی ئۆتۆمبێل بۆ گواستنەوەی هێزەکە، دوای ئەوەی نائومێد بوون لەوەی بە ئۆتۆمبێل بڕۆن کەوتنە خۆئامادەکردن بۆ ئەوەی بە پێ بڕۆن، بۆ ئەوەش چەند کەسێکی تریان نارد بۆ ئێران بۆ کڕین و ئامادەکردنی نان و خواردەمەنی و دانانی لەسەر ڕێگای تێپەڕ بوونی هێزەکەدا[5]، حکومەتی ئێران نەك ڕێگەی نەدان بە ئۆتۆمبێل بەناو خاکی ئێراندا بڕۆن، بەڵکو پێی ڕاگەیاندن ڕێگە نادەن تەنانەت یەك پێش بەناو خاکی ئێراندا گوزەر بکەن[6].

---

(1) نەوشیروان مستەفا ئەمین: لە کەناری....، ل275؛ نەوزاد عەلی ئەحمەد: پشکۆیەك لە خۆڵەمێشدا بەشێکی گرنگ لە ژیاننامەی هزمەر شێخمۆس، چاپی یەکەم، سوید، 2010، ل133؛ ئارات قارەمانی: ڕێگا باریکەکان یاداشتە ڕۆمانی ڕووداوەکانی (1963- 1999)، چاپی دووەم، چاپخانەی کوردستان، سلێمانی، 2009، ل ل130- 131.

(2) محمد حاجی محمود: س. پ، بەرگی یەکەم، ل ل173-174.

(3) برایم جەلال: چەپکێك....، ل200.

(4) محمد حاجی محمود: س. پ، بەرگی یەکەم، ل189.

(5) نەوشیروان مستەفا ئەمین: لە کەناری....ل ل272-273.

(6) سەید کاکە: س. پ، ل104.

بەمەش سەرکردایەتی بەشی دووەمی هێزەکە هەڵەیەکی گەورەی کرد، کە بە هیوای ڕۆیشتن بە ئۆتۆمبێل‌و بە ئاگاداری ئێران خۆی دواخست‌و لە کاتی دیاریکراودا دەرنەچوو، ئێران لە بری ئەوەی ڕێگەیان بدات بە ناو خاکی ئێراندا بە ئۆتۆمبێل بڕۆن، لەو ماوەیەدا کەوتە کۆکردنەوەی زانیاری لەسەر ژمارەو لێپرسراو و چەکەکانیان‌و ئاراستەی ڕۆیشتنیان، هەروەها بە ناوی مناوەرەی جەنگیەوە هێزێکی زۆری ئامادە کردو بە درێژایی سنوری عێراق هەموو شوێنە گرنگ‌و ڕێگاوبان‌و قاچاغە ڕێگاکانیشی گرت، وێڕای ئەوەی هەموو ئەوانەی چووبوون بۆ ئامادەکردنی نان‌و خواردەمەنی لە لایەن ئێرانەوە گیران یاخود کرابوون[1]. ئەو جێگایانەی بڕیار بوو خواردنیان لێدابنرێت، یان هیچی لێنەبوو، یاخود لە بری خواردن تۆپ‌و فڕۆکەو هێزی ئێرانیان لێ دانابوو و بۆیان لە بۆسەدا بوون[2].

بەشی دووەمی هێزەکە تا نزیك ناوچەی سێ سنور زۆربەی ڕێگاکەیان بە ناو خاکی ئێراندا بڕیبوو، بەدەر لەوەی بەهۆی بەفرو سەرماو برسێتیەوە زۆر ماندوو بووبوون، هێزەکانی حکومەتی ئێران، لە چەند شوێنێکدا بۆردومانی کردبوون، فڕۆکەکانی ئێرانیش بەردەوام چاودێری هێزەکانی (ی. ن. ك)یان دەکردو هەندێکجار بە هەلیکۆپتەر لێیدەدان[3]. جگە لەوەی چەند پێشمەرگەیەك چوون نان بۆ هێزەکە دابین بکەن لە لایەن حکومەتی ئێرانەوە دەستگیرکران وەك (ئەنوەری مەجید سوڵتان‌و جەمالی حەمەی خوا کەرەم)[4]، بە جۆرێك ڕەتلی دووەم تا گەیشتنە شوێنی خۆیان (159) کەسیان دیار نەمابوو، کە خۆیان بەدەستەوە دابوو یان کوژراو و گیرابوون لەلایەن ئێرانەوە[5].

ئێران بە پێی ڕێکەوتننامەی جەزائیر هاوکاری عێراقی دەکرد، فڕۆکەکانی ئێران‌و فڕۆکەکانی عێراق پێکەوە بە هەماهەنگی پەلاماری پێشمەرگە گەمارۆیان دەدان[6]، هاوکات لیژنەیەکی هاوبەش لە نێوان عێراق‌و تورکیادا هەبوو، بۆیە فڕۆکەی عێراق‌و

---

(1) نەوشیروان مستەفا ئەمین: لە کەناری...، 273.

(2) ئارات قارەمانی: س. پ، ل ل132- 133.

(3) هەواڵنامەی کوردستانی عێراق، لە بڵاوکراوەکانی یەکێتی نیشتمانی کوردستان، ژمارە (2)، تابی 1978، ل2؛ نەوشیروان مستەفا ئەمین: کارەساتی هەکاری، ل ل54، 58.

(4) محمد حاجی محمود: س. پ، بەرگی یەکەم، ل189- 190؛ سەید کاکە: س. پ، ل ل104- 105.

(5) محمد حاجی محمود: س. پ، بەرگی یەکەم، ل197.

(6) نەوزاد عەلی ئەحمەد: پشکۆیەك...، ل365.

ئێران و تورکیا لەلایەک و سوپای عێراق و ئێران و جەندرمەی تورکیاش لەلایەکی ترەوە پەلاماری هێزەکەیان دەدا[1]. هەروەها ئەفسەرانی عێراق و ئێران بە هاوبەشی لەناو خاکی ئێران و ناوچەکانی سەر سنور بە وردی چاودێری جموجۆڵی هێزەکانی یەکێتییان دەکرد[2]، بۆ ئەو مەبەستەش کۆبوونەوەی هاوبەشیان لە(حاجی ئۆمەران) و (خانە) ئەنجام دەدا[3]. تەنانەت ئێران ئەو ساڵە رێگەی بە رەوەندەکان نەدابوو بچنە کوێستانەکانی قەندیل بۆ ئەوەی نان بە پێشمەرگەی یەکێتی نەدەن[4].

بەشی سێیەمی هێزەکەی یەکێتی، کە ئەرۆیشتن بۆ ناوچەی سێ سنور لە (دۆڵە نێ) مانەوە، رۆژانە فڕۆکەی جەنگی ئێرانی دەهاتە سەریان و بە ئاسمانی ناوچەکەدا دەسوڕانەوە و ناو بە ناو لێیدەدان، بە جۆرێک هەلیکۆپتەری ئێرانی هەراسانی کردبوون[5]، بەمەش زۆربەی پێشمەرگە ورەیان بەر دابوو ناو بەناو لێیان هەڵدەهات و هەندێکیان خۆیان رادەستی حکومەتی ئێران دەکرد[6]. هەروەها سەربازگەی ئالوەتان لە نزیک کونە مشکی سەر بە سەردەشت لە 29ی نیساندا کاروانێکی ولاخ کە کەلوپەلی پێشمەرگەی دەگواستەوە دایە بەر تۆپ، و چەند جارێک لە 6, 8, 11ی ئایاردا هەلیکۆپتەرەکانی ئێرانی لە چیای قەندیل دەچوونە سەریان و تەقەی لێدەکردن، ئەنجامی ئەوەش کوژراو برینداری لێکەوتەوە، جگە لەوەی بە درێژایی ئەو ماوەیە هەلیکۆپتەرەکانی ئێرانی چاودێری دەکردن و چەند کەسێکی بێ چەکیشی لێگرتبوون[7]، هەروەها لە هەر شوێنێك دووکەڵ بەرزبووایەتەوە دەچوونە سەری، لەو کاتەدا چەند پێشمەرگەیەك لە شوێنێکی دوور لە دەستەی سەرکردایەتی ئاگریان کردبووەوە، هەلیکۆپتەری ئێرانی چووبوونە سەریان و هەموویان دەستگیر کردبوون و بردبوویانن، تا

---

(1) محمد حاجی محمود: س. پ، بەرگی یەکەم، ل189.

(2) هـ. س، ل244.

(3) هـ. س، ل174.

(4) نەوشیروان مستەفا ئەمین: لە کەناری...، ل311؛ محمد حاجی محمود: س. پ، بەرگی یەکەم، ل230؛ مەلا بەختیار: یاخی بوون...، ل175.

(5) وتارو یادگارییەکانی هەڤاڵ جەلال تالەبانی بە بۆنەی سێ و حەوت ساڵەی دامەزراندنی ی. ن. ك؛ نەوشیروان مستەفا ئەمین: لە کەناری...، ل297.

(6) نەوشیروان مستەفا ئەمین: لە کەناری...، ل297.

(7) نامەی نەوشیروان مستەفا بۆ کاکە فەرید (د. کەمال فوئاد)، بڕوانە پاشکۆی ژمارە (8).

-وای ڕووخانی ڕژێمی شا نەگەڕانەوە[1]. بۆیە بە ناچاری پاشماوەی هێزەکانی یەکێتی (تۆلە نیێ) بەجێدەهێڵن و دێنە قەندیل بە دیوی عێراقدا[2].

ژەنەراڵ (غولام ڕەزا ئەزهاری) سەرۆك ئەرکانی سوپای ئێران، لە ساڵی 1978دا سەردانی عێراقی کردو لەگەڵ سەرکردە سەربازییەکانی عێراق و بەتایبەتی لەگەڵ (ئیسماعیل تایە نعیمی) فەرماندەی فەیلەقی یەك کۆبووەوەو لەسەر چەند خاڵێك ڕێکەوتن، وەك: لە هەموو شارە سنوورییەکان لە شنۆوە تا قەسری شیرین و لە خانەقینەوە بۆ سیدەکان (لیژنەی هەماهەنگی سەربازی) لە نێوان سوپای هەردوولادا بۆ پاراستنی ئاسایشی سنور دروست بکرێت، زانیاری هەواڵگری لەسەر جوڵانەوەی کورد لە نێوان هەردوولادا ئاڵوگۆڕ بکرێت، هەروەها هەردوولا گیراوانی ئۆپۆزسیۆنی یەکتری ڕادەستی یەکتر بکەنەوە، لەگەڵ ئەوەی هەردوولا ڕێگەیان بە هێزی ئاسمانی و زەمینی یەکتر دا، بۆ لێدان و ڕاوەدوونانی پێشمەرگەو ڕاگوێزانی گوندەکانی سەر سنور، سنوری یەکتر ببەزێنن و چاوپۆشی لەیەکتر بکەن[3].

ئێران و عێراق لە تشرینی دووەمی 1978دا ئۆپەراسیۆنی سەربازی هاوبەشیان بە درێژایی سنوری نێوان هەردوولا بۆ پاراستنی ئاسایشی سنورو لە دژی جوڵانەوەی ڕزگاریخوازی کورد دەستپێکرد، عێراق لە لای خۆیەوە نیگەران بوو لە سەرهەڵدانەوەی شۆڕش و بۆ لێدانی هێزی پێشمەرگە سنوری ئاسمانی ئێرانی دەبەزاند[4].

کاتێك حکومەتی عێراق لە سەرەتای تشرینی دووەمی 1978دا هێرشی بۆ سەر سەرکردایەتی یەکێتی لە گوندی شێنێ دەستپێکرد، کە (9) شەو و ڕۆژی خایاند، ئێران لەم شەڕەدا هاوکاری حکومەتی عێراقی دەکرد، بۆ ئەم مەبەستە هێزەکانی فەیلەقی یەك ئۆپەراسیۆنێکی بە ناوی (الفرسان الشجعان) بە سەرکردایەتی (وەلید مەحمود سیرت) دەستپێکردو داوا لە ناوبراو کرا هەستێت بە پەیوەندی و هەماهەنگی لەگەڵ تیپی پیادەی

([1]) نەوشیروان مستەفا ئەمین: لە کەناری...، ل310.

([2]) وتارو یادگارییەکانی هەڤاڵ جەلال تاڵەبانی بە بۆنەی سی و حەوت ساڵەی دامەزراندنی ی. ن. ك؛ نەوشیروان مستەفا ئەمین: لە کەناری...، ل300.

([3]) عەلی تەتەر نێروەیی: بزاڤی...، ل102؛ نەوشیروان مستەفا ئەمین: لە کەناری...، س. پ، ل189.

([4]) اسناد لانە جاسوسی: کردستان (1) شمارە (31) دانشجویان مسلمان پیرو خط امام، شمارە سند (1)، موضوع، نظری کلی بر مسئلە کردها، اوت 1979، ص ص62-63.

(28)ی ئێرانی لە ناوچەکانی (بانەو مەریوان) لە پێناو داخستنی سنورەکانی ئێران‌و گەمارۆدانی هێزی پێشمەرگەی کوردستان[1]، بۆیە لەگەڵ هێرشی سوپای عێراق، ئێرانیش لە سنوری خۆیەوە ژەندرمەو ئەرتەشی بە هەلیکۆپتەر لە پشتی تۆکان‌و سەری جاسوسان دابەزاندبوو، بە توندی سنورەکانی گرت‌و داخست، تەنانەت رێگەی بە ژن‌و منداڵیش نەدا وەك پەناهەندە یاخود بۆ چەند رۆژێك بچنە گوندەکانی ئێران، تا لە ئاگری جەنگەکە پارێزراو بن، وێڕای ئەوەی هەلیکۆپتەری عێراقی سنوری ئاسمانی ئێرانیان دەبەزاندو لەسەر خاکی ئێران دەسوڕانەوە[2].

پلانی تۆپەراسیۆنی شێنێ بە ئاگاداری‌و هەماهەنگی لەگەڵ حکومەتی ئێران دارێژرابوو[3]، سوپای عێراق‌و ئێران هاوکاری یەکتریان تەواوی دەکرد بۆ ئەوەی گەمارۆی سەرکردایەتی یەکێتی بدەن[4]، هێزەکانی ئێران رۆژێك پێش دەستپێکردنی هێرشەکە هاتبوونە نزیك میلی سنور، کە لە شێوەکەی بەردەمی ناوزەنگ دوای رێکەوتننامەی جەزائیر دانرابوو، ئاڵای ئێرانیان چەقاندبوو، جگە لەوەی ماڵەکانی ئەو ناوەیان ئاگادار کردبۆوە کە ئەمە خاك‌و سنوری ئێرانەو هەرکەس بیبەزێنێت دەیگرن‌و رادەستی حکومەتی عێراقی دەکەنەوە، راشیانسپاردبوون ئەو پەیامە بە پێشمەرگەکانیش رابگەیەنن، هەروەها سوپای ئێران لە بەرزاییەکانی پشتی تۆکان سەربازگەیەکیان دامەزراندبوو دواتر دەرکەوت کە چەند ئەفسەرێکی عێراقیان لێدانابوو بە مەبەستی چاودێری هێزی پێشمەرگەو هەروەها تاوەکو ببنە دیدەبان (رصد) بۆ هەلیکۆپتەرو فڕۆکەو تۆپەکانی سوپای عێراق[5].

---

(1) اللواء الركن وفيق السامرائي: حطام البوابة الشرقية وحقائق عن الزمن السيء في العراق "قراءة جديدة في حربي الخليج الاولى والثانية"، دار القيس للصحافة والنشر، الكويت، 1997، ص50.

(2) رێباز: س. پ، بەشی یەکەم‌و دووەم، ل145؛ چاوپێکەوتن لەگەڵ موحسین عەلی ئەکبەر، سلێمانی، 2013/12/3. موحسین عەلی ئەکبەر: لە ساڵی 1950 لە خانەقین لەدایك بووە، لە ساڵی 1974 پەیمانگای مامۆستایانی لە هەولێر تەواو کردووە، ئەندامی رێکخستنە سەرەتاییەکانی کۆمەڵە بووە، لە کۆتایی ساڵی 1978دا چۆتە شاخ‌و پەیوەندی بە هێزی پێشمەرگەوە کردووە، چەندین کارو پۆستی حزبی لە ئەستۆ گرتووە، لە ساڵی 2002دا کۆلێژی یاسای لە زانکۆی سلێمانی تەواوکردووە، ئێستاش ئەندامی لیژنەی باڵای مەکتەبی رێکخستنی (ی. ن. ك)ە.

(3) برایم جەلال: چەپکێك...، ل236.

(4) رێباز: بەشی یەکەم‌و دووەم، ل146؛ ئارات قارەمانی: س. پ، ل156.

(5) نەوشیروان مستەفا ئەمین: لە کەناری...، ل ل361-362.

لەگەڵ هەموو ئەو هاوكارییانەی ئێراندا بۆ عێراق دواجار لە شەوی 8- 1978/11/9 هێزەكانی حكومەتی عێراق شكان‌و پلانەكەیان سەركەوتوو نەبوو[1]، كە فەیلەقێك سەربازو (54) كۆپتەرو (12) فڕۆكەی جەنگی بەشدارییان تیادا كرد[2]، هاوكات هێزەكانی ئێرانیش پاشەكشەیان كرد،[3] هۆكاری سەرەكی شكستی سوپای ڕژێمی عێراق جگە لە بەرگری هێزی پێشمەرگە، بە پلەی یەكەم بۆ سەرمای زستان‌و بارینی بەفرێكی زۆر دەگەڕایەوە[4]. كە ئەم بەفربارینەش بە (ژەنەراڵ بەفر) ناوزەند كرا[5]. هەروەها هەندێك ئەفسەری كوردو ئازادیخوازی سوپای ئێران هەواڵیان بۆ سەركردایەتی (ی. ن. ك) ناردبوو كە خۆیان ڕابگرن ماوەی هێرشەكە (10) ڕۆژەو دوای ئەوە پاشەكشە دەكەن[6].

ئەمەش دوا پیلانی هاوبەش‌و هاوكاری حكومەتی عێراق‌و ڕژێمی شاهەنشاهی ئێران بوو، كە هاوكات بوو لەگەڵ شۆڕشی ئێران لە شارەكانی ئێراندا، كە دواجار كۆتایی بە سیستەمی شاهەنشایی لە ئێراندا هێنا.

بە كورتی دەگەینە ئەوەی كە حكومەتی ئێران دژی هەڵگیرساندنەوەی شۆڕش بوو لە باشوری كوردستان‌و سنورەكانی بە ڕووی هێزی پێشمەرگەدا داخستبوو، هەروەها ڕێگەی بە هێزی پێشمەرگە نەدەدا لە ناو ئێرانەوە هێرش بكەنە سەر حكومەتی عێراق‌و بێنەوە باشوری كوردستان، مەگەر جاروبار لە بەرژەوەندی خۆی‌و بۆ قۆرخنەكردنی گۆڕەپانی جوڵانەوەی ڕزگاریخوازی كورد لەلایەن یەك لایەنەوە، چاوپۆشی لە هاتنی هەندێك مەفرەزەی پێشمەرگە كردبێت، بێجگە لەوەی لەوكاتەدا حكومەتی ئێران بە پێی ڕێكەوتننامەی جەزائیر هاوكاری حكومەتی عێراقی دەكرد بۆ لەناوبردنی شۆڕش‌و بە ئەندازەی عێراق دژی هەڵگیرساندنەوەی شۆڕش بوو لە باشوری كوردستان.

([1]) نەوشیروان مستەفا ئەمین: لە كەناری...، ل142.

([2]) برایم جەلال: چەپكێك...، ل239.

([3]) ئارات قارەمانی: س. پ، ل156.

([4]) نەوشیروان مستەفا ئەمین: لە كەناری...، ل362؛ شاخەوان عەباس: س. پ، ل218.

([5]) شاخەوان عەباس: س. پ، ل218.

([6]) چاوپێكەوتن لەگەڵ موحسین عەلی ئەكبەر.

باسی سێیەم: سیاسەتی ئێران بەرامبەر پەنابەرانی باشوری کوردستان لە ئێران:

هەڵگیرسانەوەی جەنگ لە ساڵی 1974دا ڕەوشێکی نوێی ئاڵۆزو دژواری هێنایەکایەوە، بووە هۆی ئەوەی ژمارەیەکی زۆر لە خەڵکی شارو گوندەکانی کوردستان، لە سەرجەم چین و توێژەکان ڕوو بکەنە چیاکان و بە کۆمەڵ پەیوەندی بە شۆڕشەوە بکەن، بە شێوەیەك پێشتر وێنەی نەبوو و نەدەتوانرا کۆنترۆڵ بکرێت[1]، هەروەها بە تەواوی پێچەوانەی بانگەشەکانی ڕژێمی بەعس بوو، کە دەیانوت بارزانی لە گەلی کورد دابڕاوە[2]. تەنانەت هەندێك کەس لە شارەکانی وەك موسڵ و بەغداو بەسرەوە هاتبوون[3].

لەگەڵ دەستپێکردنەوەی شەڕ، ژمارەیەکی ئێجگار زۆر لە مامۆستاو خوێندکارانی کورد لە زۆربەی شارەکانی کوردستانەوە پەیوەندییان بە جوڵانەوەی ڕزگاریخوازی کوردەوە کرد، بۆ ئەو مەبەستە زۆربەی مامۆستاو خوێندکارانی زانکۆی سلێمانی و سەرجەم قوتابی و مامۆستایانی خانەی مامۆستایانی دهۆك و هاوکات نزیکەی (500) قوتابی خانەی مامۆستایانی هەولێریش، چوونە پاڵ جوڵانەوەی کورد، وێڕای ئەوەی ژمارەیەك خوێندکاری کورد بە مەبەستی بەشداریکردن لە شۆڕش، لە ئەورووپاوە بۆ کوردستان دەگەڕێنەوەو دەستبەرداری خوێندن دەبن، ئەمە جگە لە ژمارەیەکی زۆر فەرمانبەرو ئەندازیارو پزیشك، کە دواجار دەزگای بەڕێوەبردنی شۆڕش لە دۆزینەوەی کار بۆیان و دامەزراندنیان توشی دژواری و نارەحەتی زۆر دەبێت، هەروەها نزیکەی (4) هەزار سەربازو پۆلیسی کورد هاتنە پاڵ شۆڕش[4].

ڕۆژانە ژمارەیەکی ئێجگار زۆری خەڵك لە ناوچە جیاوازەکانی کوردستانەوە پەنایان دەبردە بەر ناوچە ئازادکراوەکانی بندەستی شۆڕش، تەنیا لە مانگی نیسانی 1974دا ئەوانەی چوونە دەرەوە ژمارەیان گەیشتە زیاتر لە سەد هەزار کەس، زۆربەی ئەوانە بە چەند ڕۆژ پیادەڕۆیی یان بە سواری وڵاخ گەیشتبوونە ناوچە ئازادکراوەکان[5]، ئەمانە لە ئەنجامی

([1]) گوینتەر دیشنەر: س. پ، ل252؛ شاخەوان شۆڕش: س. پ، ل66.

([2])کریس کۆچێرا: کورد لە سەدەی....، ل394.

([3]) هـ. س، ل395؛ گوینتەر دیشنەر: س. پ، ل252.

([4]) گوینتەر دیشنەر: س. پ، ل253؛ کریس کۆچێرا: کورد لە سەدەی....، ل395.

([5]) گوینتەر دیشنەر: س. پ، ل252.

سیاسەتی بەعەرەبکردنو تۆپبارانو درندەییو فشاری سەربازو دامودەزگا سەرکوتکەرەکانی ڕژێمی بەعس هەڵدەهاتنو ڕوویان دەکردە ناوچە ئازادکراوەکانی نزیك دۆڵی چۆمان[1]. جگە لەو خێزانانەی کە لەلایەن حکومەتی عێراقیەوە دەرکرابوون، بەهۆی ئەوەی مێرد یان کوڕ یاخود برایان ببوونە پێشمەرگە[2].

دوای هاتنی ژمارەیەکی زۆر پەنابەر بۆ دۆڵی چۆمان لە (ڕێگەی هاملتۆن)* و حاجی ئۆمەرانەوە، بوونە کێشەو بارگرانیەکی گەورە بۆ سەرکردایەتی شۆڕش، چونکە ژێرخانی جوڵانەوەی کورد تەنیا دەیتوانی پێداویستیەکانی هێزی پێشمەرگەو دامودەزگاکانی بەڕێوەبردنی شۆڕش دابین بکات[3]، سەرەڕای ئەوەی جوڵانەوەی کورد نەیدەتوانی ناوچەیەکی ئارامو پارێزراویان بۆ دابین بکات، کە دۆڵەکان پڕ ببوبوون لەو خێزانە ئاوارانە، لەگەڵ ئەوەی بۆردومانی تۆپخانەو فڕۆکەکانی ڕژێم دەیکردنە ئامانجو هیچ جیاوازییەکی لە نێوان کەسانی سەربازیو مەدەنیدا نەدەکرد، هەموو ئەوانەش پێشبینی کارەساتو زیانی گەورەی لێدەکرا[4].

لە سەرەتادا زۆرینەی پەنابەرانی کورد لە ژێر هەڕەشەی تۆپباراندا بەرەو سنورەکانی سوریاو تورکیا هەڵاتن[5]، بەڵام تورکیا دەرگای سنوری بەڕوودا داخستبوونو نەیهێشت پەنابەران بچنە ناو خاکی وڵاتەکەیەوە[6]، سوریاش لەلای خۆیەوە بڕیاری دا ئەو پەناهەندانەی چوونەتە ناو خاکی وڵاتەکەیەوە دەریان بکات، ئەگەر نا هەڕەشەی ئەوەی لێکردن ڕادەستی حکومەتی عێراقیان دەکاتەوە، ئەمەش پاڵی بەو خەڵکەوە نا بە

([1]) عیسمەت شەریف وانلی: س. پ، ل306.

([2])کریس کۆچێرا: کورد لە سەدەی....، ل395.

* ڕێگایەکی گرنگە لە نێوان هەولێرو حاجی ئۆمەرانو تا سنوری ئێران دەڕوات، لەلایەن ئەندازیارێکی نیوزلاندی بەناوی هاملتۆن (1889- 1973) دروست کراوە، هەر بە ناوی ئەویشەوە بە ڕێگای (هاملتۆن) ناسراوە، کاتێك حکومەتی ئینتیداب لە عێراق لە ساڵی 1928دا داوای لێکرد هەستێت بە سەرپەرشتی دروستکردنی ئەو ڕێگایە، کە تەنیا ولاخی پێدا دەڕۆیشت، بە کرێکاری ناوچەکە ئەو ڕێگایەی دروستکرد. (گرینتەر دیشنەر: س. پ، ل ل220- 221).

([3])کریس کۆچێرا: کورد لە سەدەی....، ل396.

([4]) عبدالمصور البارزاني: المسالة الكوردية البديل الديمقراطي تجارب سياسية 1974- 2009، ص12.

([5]) ناز ناز محەمەد عەبدولقادر: س. پ، ل207.

([6]) عیسمەت شەریف وانلی: س. پ، ل316.

ناچاری بەرەو سنورەکانی ئێران بکەونە ڕێ، لە سەرەتادا ژمارەیەکی کەمی پەناهەندەکان گەیشتنە سنوری ئێران و لە سەر هەردوو لێواری سنوردا بۆ ماوەی چەند هەفتەیەك مانەوە، بێ ئەوەی ئێران بڕیار لە چارەنوسیان بدات[1]. ئەم پەنابەرانە لە سەر سنور بڵاو بووبوونەوە بێ ئەوەی هیچیان هەبێ تا لە سەرماو باو باران بیانپارێزێت، لانی کەمی ئەوە نەبێت لە بۆردومانی ئاسمانی عێراق پارێزراو بوون، لەبەر ئەوەی ئێران هێزێکی موشەکی (هۆك)ی فڕۆکەشکێنی لەسەر سنور جێگیر کردبوو[2].

لەبەر ئەوە بارزانی لە کۆتایی نیسانی 1974دا داوای لە شای ئێران کرد، ژمارەیەك خێزانی کورد وەك پەنابەر وەربگرێت و لەناو خاکی ئێراندا ڕێوشوێنیان بۆ دابین بکات[3]، بۆ ئەو مەبەستەش حکومەتی ئێران بڕیاریدا بۆ لەخۆگرتنی ئەو خێزانانەی دێنە ناو جوڵانەوی ڕزگاریخوازی کوردەوە چەند ئۆردوگایەکی پەنابەران لەناو خاکی ئێراندا بکاتەوە[4]، و پۆل پۆل ئاودیوی ئێرانی دەکردن، ئەوەش بوو بە سەرەتایەك بۆ کێشەی پەنابەرانی کوردی باشوری کوردستان لە ئێران[5]. لە 30 مایسی 1974 دا شا بە باڵیۆزی بەریتانیا دەڵێت بەهۆی بۆردوومانی عێراق بۆ گوندەکانیان ژمارەی پەنابەران گەیشتۆتە (26400) کەس[6].

کاتێك ژمارەی پەنابەران ڕووی لە زیاد بوون کردو لە پایزی 1974دا گەیشتە سەدان هەزار، شا داوای لە ڕێکخراوی (شێرو خورشید)* ی ئێرانی کرد سەرپەرشتی کاروباری ئاوارەکان بکات لە گواستنەوەو نیشتەجێکردنیان لە ناو خاکی ئێراندا، بۆ ئەو مەبەستەش شا بڕیاری دا بە تەرخانکردنی بڕی (100) ملیۆن دۆلار، پاشان لە زستاندا زیاد کرا بۆ (300) ملیۆن دۆلار[7]، بەمەش ژمارەیەکی زۆرو زیاتر لە (100) هەزار

([1]) گوینتەر دیشنەر: س. پ، ل281.

([2]) هـ. س، ل281.

([3])کریس کۆچێرا: کورد لە سەدەی....، ل396.

([4]) عبدالمصور البارزاني: م. س، ص12.

([5]) عیسمەت شەریف وانلی: س. پ، ل306.

([6]) BNA, F.C.O, 8/ 2307 From British Embassy (Tehran) to T.J. Clark, MED (Fo), 13/6/1974.

* شێرو خورشید: ڕێکخراوی مانگی سووری ئێرانی بوو.

([7]) گوینتەر دیشنەر: س. پ، ل282.

ئاوارە لـە ئۆردوگاکـانی ئێرانـدا جێگیر بـوونو بـاری سـەر شـانی دەزگـای بـەڕێوەبردنی کوردستان تەواو سوك بوو، بـەڵام دەرکـەوت ئـەم پەنابەرانـە لەلایـەن شـاوە وەك بارمتـە سەیر دەکران[1].

لە پایزی 1974دا ڕۆژانە چەندین خێزانی پەنابەر دەگەیشتنە حاجی ئۆمەران لەسـەر سنوری ئێران، دەبوو بـۆ مـاوەی چـەند ڕۆژ یـاخود چـەند هەفتـە لـەو دەشـتو دۆڵانـەدا بمێننەوە تا بگوێزرێنەوە بۆ یەکێك لە ئۆردوگاکانی (شێرو خورشیدی) ئێرانـی، زۆرینـەی ئەو پەنابەرانە دانیشتوانی ئـەو گوندانـە بـوون کـە گوندەکانیان لـە ئـەنجامی تۆپبـارانو بۆردومانی فڕۆکە وێران بووبوونو بـە ناچـاری مـاڵو گونـدەکانی خۆیـان بەجێدەهێشـتو هەڵدەهاتن، یان خەڵکی شارو شارۆچکەکانی وەك دهۆكو ڕەواندوزو ئاکرێو ڕانیە بـوون، کە زۆربەی دانیشتوانەکەی چۆڵیان کردبوو و تاكو تەرا نەبێت خەڵکیان تیادا نەمابوو، کە دواجار ڕووبـەرێکی گـەورەی خـاکی باشوری کوردسـتان چـۆڵ بـوونو ئاوەدانییـان تێـدا نەما[2]، ئەمە جگە لە دەورووپشـتو ناوچـە نزیکـەکانی بـەرەکانی شـەڕ، کـە خەڵکەکـەی لەبەر پریشكو ئـاگری شـەڕەکە هەڵدەهاتنو دەچـوون بـۆ ناوچـەو هێڵـەکانی پشـتەوەی بەرەکانی جەنگ[3].

لە ناوچەی سـەر سـنور شـوێنێك بـۆ پەنابـەران کرابـووەوە کـە نزیکـەی (25) هـەزار کەسی دەگرت، بەڵام هیچ مەرجو پێداویستەکی ژیانی تێدا نەبوو تا ناوی بنێین ئۆردوگـا، جار هەبووە پەنابەرەکان لەوێدا بە هەفتە چاوەڕوانی یەکێك لەو حـەوت لۆرییـەی (شـێرو خورشـید)ی ئێرانیـان دەکـرد تـاوەکو بیانگوێزنـەوە بـۆ یـەکێك لـە ئۆردوگاکـانی ئـەودیو سنوری ئێران[4].

زۆرینـەی ئەو ئاوارانەی پەنایان بۆ ئێـران بردبـوو لـە ژنو منـداڵ پێکهـاتبوون، بـەپێی لێکۆڵینەوەی باڵیۆزخانەی ئەڵمانیا لە تاران، 30٪ ئافرەتو لە 60٪یان منـداڵو ئـەوانی تر ژنو پیاوی بەساڵاچوو بوون، چونکە ئـەو پیاوانـەی توانـای چـەك هـەڵگرتنیان هـەبوو لـەنێو ڕیزەکـانی هێـزی پێشـمەرگەدا بـوونو بـۆ بـەرگری لـە باشـوری کوردسـتان

([1])کریس کۆچێرا: کورد لە سەدەی...، ل396.

([2]) گوینتەر دیشنەر: س. پ، ل282.

([3])کریس کۆچێرا: کورد لە سەدەی...، ل396.

([4]) عیسمەت شەریف وانلی: س. پ، ل306.

مابوونەوە[1]، زۆربەی ئەو ئاوارانە ماوەی نزیکەی (600) کیلۆمەتریان بە دوو هەفتە ڕێ بەپێ بڕیبوو، بەتایبەتی ئەوانەی لە ڕۆژئاوای کوردستان بوون لە سنوری سوریا لە سەرەتادا ڕوویان لە سنورەکانی تورکیا کردبوو، دوای ئەوەی تورکیا ڕێگەی پێنەدابوون بچنە ناو خاکی وڵاتەکەیەوە بە ناچاری بەرەو سنورەکانی ئێران بە پیادە ملی ڕێیان گرتبووە بەر[2].

لە ئەنجامی سەختیو دووری ڕێگا زۆر شەکەتو ماندوو و لە هەمانکاتدا بێ پێخەفو برسیو دەستو قاچیان ئاوساو و بریندار بوو بوو، ڕێژەی مردن لە ناو ئەو منداڵانەدا لە کاتی ڕاکردنو مانەوە بە چاوەڕوانی لەسەر سنورو سەرەتای گەیشتنیان بۆ ئێران، لە ئاستێکی زۆر بەرزو مەترسیداردا بوو، هۆکارەکەشی بۆ بەدخۆراکیو سکچوونو ماندوبوونی زۆرو سەرماو کاریگەری دەرەکی دەگەڕایەوە[3].

لە ڕاپۆرتێکی بەریتانیدا لە مێژووی تشرینی یەکەمی 1974 دا هاتووە، ئاماژە بە بڵاوبوونەوەی نەخۆشی لەناو پەنابەرانو هەروەها چەند حاڵەتێکی مردن بەهۆی ئەو نەخۆشیەوە بەتایبەتی ئیلتیهابی ڕیخۆڵە دەکات، کە ژمارەی توشبووان گەیشتە (1000) کەس، لە ئۆردوگای زێوە (1000) حاڵەت لەوانە (98) حاڵەتی مردن لەنێو منداڵاندا بوو، لە ئاق بلاق (Ag Blag) لە (50) حاڵەتی مردن (45) یان لەنێو منداڵاندا بوو، لە ئۆردووگای مالیوان (Maleewan) (120) حاڵەتی مردن هەبوو کە زۆرینەیان منداڵ بوون[4].

لە ڕووی تەندروستییەوە ئێران گرنگییەکی زۆری بە نەخۆشو بریندارەکان دەدا، بە جۆرێك مایەی خۆشحاڵیو سەرنجی چاودێرانی ڕۆژئاوایی[5] و لە هەمان کاتدا کوردیش بوو، تەختی زیادە لە نەخۆشخانەکانی نزیك سنورەکان دانرانو فراوان کران، بۆ نمونە نەخۆشخانەی (پاوە) لە (35) تەختەوە کرا بە (100) تەخت، هەروەها نەخۆشخانەی

---

(1) گورینتەر دیشنەر: س. پ، ل282.

(2) هـ. س، ل282؛ عیسمەت شەریف وانلی: س. پ، ل ل308- 309.

(3) عیسمەت شەریف وانلی: س. پ، ل ل306- 307؛ گورینتەر دیشنەر: س. پ، ل282.

(4) BNA, F.C.O, 8/ 2308, Report of Sir Alexander Drummond on his visit in October 1974 to the Comps of the Kurdish Refugees in Iran.

(5) BNA, F.C.O, 8/ 2308, From Lieut – General Sir Alexander Drummond to Patrick Wright (F.O) (not dated).

(مەریوان) لە (35) تەختەوە کرا بە (60) تەخت، جگە لە دامەزراندنی نەخۆشخانەی نائاسایی لە نێو بینای قوتابخانەو خانەی نەوجەوانانو چەند بینای تری فەرمیدا، لەگەڵ ئەوەی هەندێ حاڵەتی مەترسیدار لە ناوەندی شارەکانی وەك: تەورێز، سنەو ورمێ چارەسەر دەکران یاخود ڕەوانەی تاران دەکران، پێشمەرگە بریندارەکانیش لە نەخۆشخانەکانی سوپای ئێراندا چارەسەر دەکران[1].

لە سەرەتای پەڕینەوەی پەنابەرانی باشوری کوردستان بۆ ئێران، لە ئۆردوگای چادردا نیشتەجێ کران، دوو لە گەورەترین ئۆردوگاکان لە پارێزگای (ئازەربایجانی ڕۆژئاوا) کرانەوە، هەریەکەیان دوانزە هەزار ئاوارەی لەخۆ گرتبوو، لە هەمان کاتدا چوار ئۆردوگای تریش لە پارێزگای کرماشان کرانەوە، کە بە هەموویان (30) هەزار ئاوارەیان تێدابوو، جگە لە چەندین ئۆردوگای تر کە لە پارێزگای خۆزستانی باشور کرابوونەوە[2].

لەگەڵ نزیکبوونەوەی وەرزی زستاندا، ئێران ناچار بوو خانوو بۆ ژیانی پەنابەرەکان دروست بکات، و بودجەیەکی گەورەی بۆ تەرخان بکات، بۆ ئەو مەبەستە توانی لە ماوەیەکی کەمدا پڕۆژەی دروستکرنی ئۆردوگا بۆ نیشتەجێکردنی پەنابەرەکان جێبەجێ بکات، لە 1974/10/20دا یەکەم ئۆردوگای پڕۆژەکە تەواو کرا و ئامادەبوو بۆ نیشتەجێکردنی پەنابەران تیایدا[3]. هاوکات لەگەڵ زیادبوونی ژمارەی پەنابەراندا ژمارەی ئۆردوگاکان بە درێژایی سنور زیادی کرد، بە جۆرێك لە (زێوە) لەسەر سنوری تورکیا دەستی پێکرد بۆ (دزفول)ی سەر بە پارێزگای خۆزستان[4].

ئێران لە سەرەتادا پەنابەرانی لە ناوچەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە پارێزگاکانی ئازەربایجانی ڕۆژئاواو کوردستانو کرماشان نیشتەجێ کرد، پاشان ژمارەیەکی زۆری نارد بۆ باشوری ئێرانو لە پارێزگای خۆزستان ئۆردوگای بۆ کردنەوە، ئەمەش لەبەر ئەوەی ژمارەی ئاوارەکان زیادیان کردبوونو نەدەکرا هەموویان لە پارێزگاکانی کوردستاندا جێبکرێنەوە لەلایەك، لەلایەکی ترەوە هۆکاری سیاسی ڕۆڵی خۆی هەبوو، چونکە (شا)ی ئێران نەیدەویست ژمارەیەکی زۆری کوردی باشوری کوردستان لە ناوچەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا بوونیان هەبێت[5].

([1]) گوینتەر دیشنەر: س. پ، ل283- 284.

([2]) هـ. س، ل285.

([3]) هـ. س، ل285.

([4]) عبدالمصور البارزاني: م. س، ص13.

([5]) گوینتەر دیشنەر: س. پ، ل283.

لیژنەی باڵای کاروباری پەنابەران* لەگەڵ حکومەتی ئێراندا ڕێکەوتبوون لەسەر ئەوەی لیژنەی باڵا بەرپرس بێت لە هەموو کاروبارێکی ناوخۆیی ئۆردوگاکانو ئێرانیەکان لە پاراستنی دەرەوەی ئۆردوگاکان بەرپرس بوون[1]. هەروەها ڕێگە بە پیاوانی خوار تەمەن (60) ساڵان نەدەدرا بە شێوەیەکی بەردەوام لە ئۆردوگاکاندا بمێننەوە، تەنیا بۆ بەسەربردنی مۆڵەتەکانیان نەبێت، ئەمەش بۆ ئەوە بوو تا خێزانە پەنابەرەکان بیر لەوە نەکەنەوە بە یەکجاری لە ئێراندا بمێننەوە[2].

لەم قۆناغەدا ئێرانیەکان پاڵپشتی زۆری پەنابەرانیان دەکردو زۆر بەدەم جێبەجێکردنی داواکارییەکانیانەوە دەهاتن، لەم بارەیەوە (عبدالمصور بارزانی)** کە سەرۆکی لیژنەی باڵای پەنابەران بووە دەڵێت: "سەبارەت بە ئەزمونم لەگەڵ دەسەڵاتدارانی ئێرانی، دەبێت بڵێم کە پاڵپشتییان بۆ پەنابەران گەورە بوو، یارمەتیاندا بۆ دروستکردنی ئۆردوگاکان "خێوەت لە سەرەتاوە" لە ماوەیەکی دواتردا بە خێرایی گۆڕییان بۆ "خانوو" هەروەك خواردن زۆر بوو، لە ڕووی تەندروستیەوە دەرمان باش بوو، سەرەڕای ئەوەی کادیری پزیشکی ئێرانی زۆر بوو لە ئۆردوگاکان، بەڵام بە کردەیی شارەزاییان کەم بوو"[3].

---

* لیژنەیەکی تایبەتی کوردی بوو لەلایەن سەرکردایەتی شۆڕشی کوردەو بۆ سەرپەرشتیکردنی کاروباری پەنابەران پێکهێنرابوو، لەسەر داوای ئیدریس بارزانی عبدالمصور بارزانی دەبێت بە سەرۆکی لیژنەکەو ئەندامەکانی بریتی بوون لە ئەحمەد کونجی، ملازم فرید سعید، کەریم سنجاری، ئازاد بەرواری، شەمسەدین موفتی، صدیقو... (عبدالمصور البارزانی: م. س، ص ص12-13).

([1]) م. ن، ص13.

([2]) گوینتەر دیشنەر: س. پ، ل285.

** عبد المصور سلێمان عبدالسلام بارزانی: بەپێی ناسنامە لە 1948/7/1 لە کەربەلا لەدایك بووە، قۆناغەکانی خوێندنی لە بەغداو هەولێرو بارزان تەواوکردووە، لەساڵی 1969 بە پلەی مولازمی دووەم کۆلێژی پۆلیس تەواو دەکات، لەساڵی 1971 کۆلێژی یاسا لە زانکۆی موستەنسریە لە بەغدا تەواو دەکات، ساڵی 1969 وەك ئەفسەر لە کەرکوك دادەمەزرێت، پاشان بۆ چەند ناوچەیەکی ناوەڕاستو باشوری عێراق دەگوێزرێتەوە، تا دوای بەیانی 11ی ئازار بۆ کوردستان گەڕاوەتەوە، لە سەرەتای دروستبوونی کێشەی پەنابەرانەوە لە ساڵی 1974 تا دوای هەرەسی شۆڕی ئەیلول سەرۆکی لیژنەی باڵای پەنابەران بووە، پاشان لەسەر کار لادەبرێتو ماوەیەك لە ئێران پەنابەر دەبێتو بۆ ناوچە دوورەکانی ئێران دوور دەخرێتەوە، پاشان لە ساڵی 1976دا ڕوو دەکاتە وڵاتی نەمسا، لە ساڵی 1985 بڕوانامەی دکتۆرا لە مێژووی کورد لە ڤیەننا بەدەستدەهێنێت، ساڵی 2005 بۆ کوردستان دەگەڕێتەوەو ئێستا مامۆستایە لە زانکۆی سلێمانی.

([3]) عبدالمصور البارزانی: م. س، ص14.

دوای واژۆکردنی ڕێکەوتننامەی جەزائیری نێوان عێراقو ئێرانو گەڕانەوەی بارزانی لە لای شای ئێرانو کۆبونەوەکانی نێوان ڕۆژانی 13- 1975/3/19 بۆ وەرگرتنی بڕیارێك لەسەر چارەنوسی شۆڕش. دواجار لە شەوی 19ی ئازار 1975دا بارزانی بڕیاری کۆتاییهێنان بە شۆڕشو خەباتی چەکداریو کشانەوەی بۆ ئێران دا و فەرمانی کرد بە تێکشکاندنی ئێزگەو چاپخانەو چەك و تەقەمەنیە قورسەکانی ناتوانن بۆ ئێران بیانگوێزنەوە[1]. دوابەدوای ئەم بڕیارەی بارزانی شۆڕشی ئەیلول بە تەواوی داڕماو هەزاران کەس ئاوارە بوونو بە لێشاو وەك پەنابەر ڕوویان لە ئێران کرد[2].

لەلایەکی ترەوە حکومەتی ئێران لە ڕێگەی سەدان ئۆتۆمبێلی سەربازی ئێرانیەوە دەستیان بە گواستنەوەی چەکی قورسو سوكو تەقەمەنیو خواردەمەنیو پێداویستیەکانی تری شۆڕشو کێشانەوەیان بۆ ئێران کرد[3].

لە 25 ئازاری 1975دا بارزانی بارەگای خۆی لە حاجی ئۆمەران بەجێهێشتو لەگەڵ چەند پاسەوانێکی کەمو ئەندامانی خانەوادەکەیدا لە سنور بەرەو ئێران پەڕییەوە[4]، هاوکات لەو سەروبەندەدا نزیکەی (90) هەزار کەس وەك پەنابەر لە بەرپرسانو پێشمەرگەو خانەوادەکانیان چوونە ناو خاکی ئێرانەوە[5]، کە نزیکەی (30) هەزاریان پێشمەرگەو هێزی چەکدار بوون، پۆل پۆل لە سنور پەڕینەوە، دوای ئەوەی لەسەر سنور چەکەکانیان ڕادەستی حکومەتی ئێرانی دەکرد، ئینجا ڕێگەیان پێدەدرا بچنە ناو خاکی ئێرانەوە[6]. دوای داماڵینیان لە چەك لە پەنابەرە مەدەنیەکان جیا دەکرانەوە[7].

---

(1) صلاح الخرسان: م. س، ص233؛ حامد محمود عيسى: القضية الكردية...، ص376.

(2) نادر انتصار: م. پ، ص251؛ حامد محمود عيسى: القضية الكردية...، ص376.

(3) الحزب الديمقراطي الكردستاني اللجنة التحضيرية: تقييم مسيرة الثورة الكردية وانهيارها والدروس والعبر المستخلصة منها، الطبعة الثانية، د. م، 1997، ص80؛ شاخەوان شۆڕش: س. پ، ل68.

(4) مسعود بارزانی: س. پ، بەرگی سێیەم، بەشی دووەم، ل237؛ گورینتەر دیشنەر: س. پ، ل299.

(5)عبدالله شهبازی: ظهورو سقوط سلطنت پهلوی، خاطرات ارتشبند سابق حسين فردوست، چاپ بیستو هفتم، انتشارات اطلاعات، تهران، 1378، ص503؛ فەلەکەدین کاکەیی: ئیدریس بارزانی، مامۆستایەکی پەروەردە، ڕۆژنامەی خەبات، ژمارە (3997)، 2012/2/16، ل5.

(6) گورینتەر دیشنەر: س. پ، ل298.

(7) CIA: DC1/ N10, 1039- 75,1 May 1975, The Implications of Iran- Iraq Agreement, p4.

شایانی باسە، بەشێکی زۆری پێشمەرگە چەکەکانیان دەشکاند، یاخود دەیانهاویشتە ناو چەمو ڕووبارەوە، ئینجا لە سنور بۆ ئێران دەپەڕینەوە[1].

لە نێوان ئاوارەیی‌و ژیانی پەنابەری لە ئێران لەلایەکو خۆ ڕادەستکردنەوە بە حکومەتی عێراق لەلایەکی ترەوە، هەندێك پێشمەرگە بژاری دووەمیان پێ باشتر بوو، تەنانەت ئەگەر حکومەت بیشیانکوژێت، بۆیە ژمارەیەکی زۆر لە هێزی پێشمەرگە خۆیان ڕادەستی حکومەتی عێراق کردەوە[2].

سەبارەت بە ژمارەی پەنابەران ڕاجیایی لە نێوان ئەوانەدا هەیە کە ئاماژەیان بە ژمارەی پەنابەران کردووە، لەم بارەیەوە د. جاسم خۆشناو دەنوسێت: "لە کاتی شۆڕشی (1974– 1975) نزیکەی نیو ملیۆن کوردی عێراق بە ناچاری پەنایان بردە بەر ئێران"[3]. هەروەها عیسمەت شەریف وانلی بەم شێوەیە ئاماژە بە ژمارەی پەنابەران لە دوای هەرەسی شۆڕشی ئەیلول دەکاتو دەڵێت: "ژمارەی کوردی عێراق لە ئێران لە 150000 کەسەوە بۆ 300000 کەس بەرزبووەوە، لەوانە 25000 تا 40000 کەس پێشمەرگە بوون"[4]. هەر لەم بارەیەوە فەلەکەدین کاکەیی دەڵێت: "لە ئەنجامی ڕێکەوتننامەی جەزائیر 1975 و ڕێکەوتنی سەدامو شای ئێران. بارزانی، بە ناچاری لەگەڵ کۆمەڵێك بەرپرسی شۆڕشی ئەیلول، نزیکەی 90 هەزار پەنابەر، لە باشوری کوردستانەوە چوونە دیوی ئێران. لە ئەسڵدا، پێش نسکۆی ئادار 1975، نزیکەی 250 هەزار پەنابەر لە ئۆردوگاکانی دیوی ئێران دەژیان، جگە لە دەیان هەزار ئاوارەی دەڤەری بادینانو ناوچە ڕزگارکراوەکانی دیکە"[5].

([1]) گۆڤاری کۆمەڵە، ئۆرگانی ناوەندی کۆمەڵەی مارکسی لینینی کوردستان، ژمارە (4)، خولی یەکەم، بەهاری 1979، ل9. گۆڤاری کۆمەڵە: ئۆرگانی ناوەندی کۆمەڵەی مارکسی- لینینی کوردستان (کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان) بووە، بە سێ خول 31 ژمارەی لێ دەرچووە، لە خولی یەکەمدا لە (پاییزی 1978- زستانی 1981)دا 9 ژمارەی لێ دەرچووە، لە خولی دووەمیدا لە ساڵی 1982دا 6 ژمارەی لێ دەرچووە، لە خولی سێیەمیشدا لە نێوان ساڵانی (1985- 1987)دا 16 ژمارەی لێ دەرچووە.

([2]) شاخەوان شۆڕش: س. پ، ل67؛ عیسمەت شەریف وانلی: س. پ، ل318.

([3]) جاسم تۆفیق خۆشناو: مەسەلەی کوردو یاسای نێو دەوڵەتان، سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجی کوردستان، سلێمانی 2002، ل279.

([4]) عیسمەت شەریف وانلی: س. پ، ل318.

([5]) فەلەکەدین کاکەیی: س. پ، ل5.

لەبەر ڕۆشنایی ئەو ژمارانەدا دەتوانین بڵێین ژمارەی ئەو کەسانەی لە دەستپێکردنەوەی شەڕی 1974ەوە تا دوای هەرەسی شۆڕشی ئەیلول لە ئازاری 1975، لە باشوری کوردستانەوە ئاوارە بوونو وەك پەنابەر چوونە ناو خاکی ئێرانەوە ژمارەیان دەگەیشتە سەدان هەزار کەس، بەشی هەرە زۆریان خەڵکی سڤیلو مەدەنی بوون.

بە پێی بڕیاری لێبوردنی حکومەتی عێراق کە بۆ پێشمەرگەو هاوڵاتیانی دەرکردبوو تا پێش 1ی نیسانی 1975 دەرفەتیان لەبەردەمدا بوو خۆیان ڕادەست بکەنەوە، بەڵام بۆ کۆتایی مانگی حوزەیرانی هەمان ساڵ درێژ کرایەوە[1].

حکومەتی ئێرانی لەلای خۆیەوەو بە هەماهەنگی لەگەڵ حکومەتی عێراق، هەوڵێکی زۆری دا تا زۆرترین ژمارەی پەنابەرەکان بۆ عێراق بگەڕێنەوە، بۆ ئەو مەبەستە هەموو ڕێگەیەکی گرتە بەر، بە ڕادەیەك لەسەر داوای ئێران، بەغدا چەند کاربەدەستێکی فەرمی نارد تا بەناو ئۆردوگاکاندا بگەڕێنو وتار بۆ پەنابەران بدەنو هانیان بدەن بۆ عێراق بگەڕێنەوە[2]، ئەمەش پێچەوانەی یاسا نێودەوڵەتیەکانی تایبەت بە مافی پەنابەریو تەنانەت پێچەوانەی ڕێکەوتننامەی جەزائیریش بوو[3].

بەرپرسانی حکومەتی عێراقی یەك لەدوای یەك دەچوونە ئۆردوگای پەنابەرانەوەو لە نێوان ئەوانەدا، وەفدێکی حکومەتی عێراق کە پێکهاتبوون لە (نەعیم حەداد ئەندامی سەرکردایەتی نەتەوەیی حزبی بەعس، خالید عەبد عوسمان ئەلکوبەیسی سکرتێری لیژنەی کاروباری باکورو وەفیق سامەڕایی ئەفسەر لە بەشی کاروباری ئێران لە بەڕێوەبەرێتی هەواڵگری سەربازی) لە ناوەڕاستی نیسانی 1975دا بە سەرپەرشتی حکومەتی ئێرانی بە پاسەوانێتی دەزگای (ساواك) بە ناو ئۆردوگای پەنابەراندا دەگەڕان،

([1]) کامران جمال بابان زادە: اتفاقیة الجزائر وابعادها علی القضیة الکردیة فی کردستان الجنوبیة دراسة تاریخیة سیاسیة حول کردستان الجنوبیة فی اعقاب اتفاقیة الجزائر المرتبط بالقضیة الکردیة وثورتها بین السنوات (1975– 1980)، رسالة ماجستیر غیر المنشورة تقدم الی جامعة سانت کلمینتس البریطانیة، 2007، ص67.

([2]) مسعود بارزانی: س. پ، بەرگی سێیەم، بەشی دووەم، ل238. The Implication of the Iran-Iraq Agreement, p4.

([3]) مسعود بارزانی: س. پ، بەرگی سێیەم، بەشی دووەم، ل238.

و بۆ گەڕانەوەی پەنابەران هانیان دەدان سود لە بڕیاری لێبوردنی گشتی وەربگرن، بەڵام لەلایەن پەنابەرانەوە بەردباران کران[1].

لە سەردانێکی فەرمی سەدام حسێن بۆ تارانی پایتەختی ئێران کە لە 1975/4/29 –1975/5/1ی خایاند[2]، لە ڕۆژی 1975/4/30دا بە دەستخەتی خۆی نامەیەکی نوسیو بۆ پەنابەرانی ناردبوو، تیایدا رایگەیاندبوو هەرکەس دەگەڕێتەوە لە خۆیو ناموسو دواڕۆژی خۆیو منداڵەکانی دڵنیابێت، هاوکات ماوەی لێبوردنەکەی جارێکی تر درێژ کردبووەوە بۆ ئەوەی ئەوانەی بە هەر هۆیەك بێت نەیانتوانیوە بگەڕێنەوە سودی لێوەربگرن، لەگەڵ ئەوەدا هەڕەشەی کردبوو کە ڕەگەزنامە لە هەموو ئەوانەی کەڵك لەو لێبوردنە وەرناگرن دەسێننەوە، وێڕای ئەوەی لە خاڵی چوارەمو کۆتایی نامەکەیدا، بەڵێنی دابوو کە هەموو فەرمانبەرو کرێکارو ئەفسەرو سەربازو قوتابییەك دەگەڕێتەوە سەر هەمان کاری کە لە کاتی دەستپێکردنی شەڕدا بەجێی هێشتبوو، جێگەی ئاماژەبۆکردنە ئەم لێبوردنەی سەدام حسێن هەموو پەنابەرێکی باشوری کوردستانی جگە لە (مەلا مستەفاو کوڕەکانی ئیدریسو مەسعودو هەروەها محەمەد خالید) دەگرتەوە[3]. هەروەها شای ئێران نەیدەویست سەرانی شۆڕشی کورد بۆ عێراق بگەڕێنەوە[4].

بەڵام بە پێچەوانەی بەڵێنەکانی سەدام بە پەنابەرانی دابوو، نزیکەی (85٪)ی ئەوانەی سودیان لە بڕیاری لێبوردنی گشتی ڕژێمی عێراق وەرگرتبوو، بۆ بیابانەکانی باشوری ڕۆژئاوای عێراق دوور خرانەوە[5]، و لە شوێنە دوورە دەستەکانی خوارووی عێراق نیشتەجێ دەکران، و لەنێو عەرەبەکاندا بڵاو دەکرانەوە، بە جۆرێك لە چوار پێنج ماڵ زیاتر لە گوندێك یان ناوچەیەکدا نەبن. جگە لەوەی هەندێکیشیان لە لایەن ڕژێمی عێراقەوە کوژران[6]. هەریەك لە عەلی عەسکەریو عومەر دەبابەو دکتۆر خالیدو

([1]) وفیق السامرائی: م. س، ص ص39- 40؛ شاخەوان عەباس: س. پ، ل31.

([2])کریس کۆچێرا: کورد لە سەدەی....، ل429.

([3])بڕوانە نامەی سەدام حسێن لە پاشکۆی ژمارە (9).

([4]) عبداللە ئاغای پشدەری: نسکۆی شۆڕشی ئەیلول، ل27.

([5]) نادر انتصار: م. پ، ص252.

([6]) ڕێباز: س. پ، بەشی یەکەمو دووەم، ل50؛ جاسم خۆشناو: س. پ، ل279.

خێزانەکانیان لە ڕیزی ئەو هەزاران خێزانەدا بوون کە بۆ ناوچەکانی ناوەڕاستو باشوری عێراق ڕاگوێزرانو هەریەکەیان بە مووچەیەکی کەم لەسەر کارێکی کارگێڕی دامەزرێنران لە فەرمانگەی شارەوانیو شوێنەکانی تردا[1].

بە گوێرەی ئەوەش دەگەینە ئەو ڕاستیەی بەڵێنەکەی سەدام نەك هەر ڕاست دەرنەچوو و نەخرانە سەر کاری خۆیان، بەڵکو بە پێچەوانەوە بۆ ناوچەکانی ناوەڕاستو باشوری عێراق ڕاگوێزرانو هەر یەکەیان بە کارێکی کارگێڕییەوە سەرقاڵ کران، ئەمەش زیاتر بۆ ئەوە بوو بە ئاسانی بتوانن بیانخەنە ژێر چاودێرییەوە.

دوای ئەوەی پەنابەران ڕوویان کردە ئێران لەلایەکەوە نیگەرانی ڕووی تێکردبوونو لە ئاسۆی نزیکدا هیچ ئومێدێکیان بەدی نەدەکردو چارەنوسیان نادیار بوو[2]، لەلایەکی ترەوە بارودۆخی ژیانو گوزەرانیان هێندە سەختو دژوار بوو، لە ناچاریدا زۆرینەی پەنابەران گەڕانەوەیان بۆ عێراق بۆ ژێر دەسەڵاتی ڕژێمی بەعس هەڵبژارد[3]. هەروەها دوای گەڕانەوەی نەعیم حەدادو وەفدی هاوڕێی لە سەردانی ئێرانو ئۆردوگاکانی پەنابەران، نزیکەی (50) هەزار پەنابەر بە زۆرەملێ ڕەوانەی عێراق کرانەوە[4].

سەرەڕای ئەوەی هەزاران لەو خێزانانەی لە ماوەی دیاریکراودا نەیانتوانیبوو بگەنە سنوری ئێران، لەلایەن ڕژێمی شاهەنشاهی ئێرانەوە ڕادەستی حکومەتی عێراق کرانەوەو بۆ باشوری عێراق ڕاگوێزران، لە لایەکی ترەوە بەهۆی ئەوەی ئۆردگاکانی پەنابەران لە ژێر چاودێری و سەرپەرشتی خاچی سوری نێودەوڵەتیدا نەبوو، ئێرانیەکان فشارێکی زۆریان دەخستە سەر پەنابەران تا بە زۆر بۆ عێراق بیاننێرنەوە، بۆ ئەو مەبەستە ئیدریس بارزانی لە 7ی نیسانی 1978 داوای لە (نویمان) قونسوڵی ئەمریکا لە تەورێز کرد فشار بخەنە سەر ئێران تا واز لەو کارە بێنێت، لە وەڵامدا ناوبراو وتبووی ئەو کارە لەلایەن ئەمریکاوە ناکرێت[5].

([1]) عبدالله ئاغای پشدەری: ئسکۆی شۆڕشی ئەیلول، ل24.

([2]) فەلەکەدین کاکەیی: س. پ، ل5.

([3]) حسین فردوست: م. س، ص503؛ عبدالمصور البارزانی: م. س، ص39.

([4]) عیسمەت شەریف وانلی: س. پ، ل334.

([5]) عەلی تەتەر نێرەویی: بزاڤی....، ل52.

پەنابەرانی باشوری کوردستان لەلایەن حکومەتی ئێرانەوە هیچ مافێکی پەنابەرییان پێنەدراو رێگەی نەدا بە رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکانو خاچی سوری نێو دەوڵەتی سەرپەرشتی کاروبارییان بکاو یارمەتی هاوکارییان پێ بگەیەنێت، بەڵکو دەوڵەتی ئێران مەبەستی بوو تەنها لەژێر دەسەڵاتی خۆیدا بنو بە ویستی خۆی مامەڵەیان لەگەڵدا بکات، و بە تێپەربوونی کات بوونە کاڵای مامەڵە (ئاڵوگۆڕ) بەدەست حکومەتی عێراقو ئێرانەوە[1].

دواجار لە ئەنجامی خراپی رەوشی ژیانو بێ ئومێدبوونی پەنابەران، دوای سوودوەرگرتن لە دوا لێبوردنی ساڵی 1976، زۆرینەی پەنابەران بۆ عێراق گەڕانەوە، و تەنیا نزیکەی (35) هەزار پەنابەر لە ئێران مانەوە[2]. هەروەها چەند بەڵگەنامەیەکی بەریتانی ساڵی 1976 ئەوە پشتڕاست دەکەنەوە کە زۆربەی پەنابەران بۆ عێراق گەڕاونەتەوە[3].

کاتێك بارزانی لە سنور بەرەو ئێران پەڕیەوە، لە سەرەتادا لە نەغەدە نیشتەجێ بوو، کە هەمماڵی بارزانیو ژمارەیەك لە پەنابەرانیش لەو شارەدا بوو،[4] دوای تێپەربوونی چەند رۆژێك بارزانیو چەند ئەندامێکی سەرکردایەتی بۆ تاران چوون بە مەبەستی پێشکەشکردنی چەند پێشنیازو داواکارییەك لەمەڕ ژیانی پەنابەران بە حکومەتی ئێران[5]، بۆ ئەو مەبەستە لەگەڵ بەرپرسانی هەریەك لە وەزارەتەکانی ناوخۆو پەروەردەو دامودەزگا پەیوەندیدارەکانی تردا دانیشتبوون بۆ گفتوگۆکردن لەسەر دۆزینەوەی کارو خوێندنو رێوشوێنی نیشتەجێکردنی پەنابەران[6].

([1]) جاسم خۆشناو: س. پ، ل279؛ کریس کۆچێرا: کورد لە سەدەی....، ل416؛ الحزب الديمقراطي الكردستاني اللجنة التحضيرية: م. س، ص84؛ عبدالمصور البارزاني: م. س، ص20.

([2]) الحزب الديمقراطي الكردستاني اللجنة التحضيرية: م. س، ص88.

([3])B.N.A, File No. 245/3, F.C.O, (London) From I.T.M Lucas (Middle East Department) to Mr. P. L. Taylor (Home Office), 29/12/1976. B.N.A, File No. 245/3, F.C.O , (Baghdad) Frob I. Mccluney, (Middle East, Dept), to P. Westmacott, Esq., Tehran and British Embassy, Baghdad, 22/12/1976.

([4]) مسعود بارزانی: س. پ، بەرگی سێیەم، بەشی دووەم، ل337.

([5]) شاخەوان شۆڕش: س. پ، ل69.

([6]) فەلەکەدین کاکەیی: س. پ، ل5.

دوای چەند ڕۆژ چاوەڕوانی پەنابەران، دواجار لە 1975/4/10 وەفدی یاوەری بارزانی بۆ نەغەدە گەڕانەوە، بەڵام کاربەدەستانی حکومەتی ئێران ڕێگەیان بە مەلا مستەفا نەدابوو بۆ نەغەدە بگەڕێتەوەو لە تاران هێشتیانەوە، لە کاتێکداماڵی لە نەغەدە بوو[1]، دوایی دەرکەوت ئەو کارە لەسەر داوای حکومەتی عێراق ئەنجام دراوە، چونکە حکومەتی عێراقی ترسی ئەوەی هەبوو مانەوەی بارزانی لە نەغەدە ببێتە هۆی ماندانو پێداگری پەنابەران لەسەر نەگەڕانەوەیان بۆ عێراق[2].

وەفدەکە چەند داواکارییەکی خستبووە بەردەم حکومەتی ئێران کە بریتی بوون لە:

1. بە پەنابەری سیاسی وەربگیرێن.
2. ڕێکخستنی حزبی یاخود پارتی لەناو ئەو کوردە ئاوارانەدا هەبێت کە پەنایان بۆ ئێران هێناوە.
3. بەڕێوەبردنی ئۆردوگاکان لەلایەن پەنابەرانەوە بێت.
4. خوێندن لە ناو پەنابەراندا بە کوردی بێت.

بەڵام حکومەتی ئێران ئەو داواکارییانەی پەسەند نەکردو وەڵامیان بەم شێوەیە بوو:

1. بە پەنابەری سیاسی وەرناگیرێن.
2. ڕێکخستنی پارتی قەدەغەیە.
3. تا ئەوکاتەی لە ئۆردوگان خوێندنیان بە کوردی دەبێت.
4. بەڕێوەبردنی ئۆردوگاکانیش لەلایەن هەردوولاوە دەبێت، بەڵام ئۆردوگا زۆر بمێنێت (3) مانگی تر دەمێنێت[3].

هاوکات ئەوەشیان ڕوون کردبووەوە کە: ئەوانەی لە ئێران دەمێننەوە، بە پێی توانا کاریان بۆ دەدۆزنەوە، بە مەرجێك لە شارە کوردیەکان دووریان دەخەنەوەو لەناو شارە فارسەکاندا بڵاویان دەکەنەوە، ناسنامەی ئێرانیشیان پێدەدەنو وەك خەڵکی ئێران بۆ خۆیان بژین، بەڵام تا ئەوکاتەی بڵاویان دەکەنەوە بە ناوچەکانی ئێراندا لە ئۆردوگا دەیانژێنن. ئەمەش بووە مایەی زیاتر نائومێدبوونی ئاوارەکانو بەشێکی زۆریان بڕیاری گەڕانەوەیان بۆ ژێر دەسەڵاتی ڕژێمی عێراق دا[4].

([1]) شاخەوان شۆڕش: س. پ، ل69.

([2]) مسعود بارزانی: س. پ، بەرگی سێیەم، بەشی دووەم، ل ل239-240.

([3]) شاخەوان شۆڕش: س. پ، ل70.

([4]) هـ. س، ل70.

حکومەتی تاران ئەوەندەی لە توانایدا هەبوو هەوڵی دەدا بۆ تێکەڵکردنو تواندنەوەی پەنابەران لە ناو کۆمەڵگەی ئێرانیدا[1]، بۆ ئەو مەبەستە دەستیکرد بە دوورخستنەوەی پەنابەران بۆ قوڵایی ئێرانو نیشتەجێکردنیان لە دەرەوەی شارو ناوچە کوردییەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان[2]، بە شێوەی گروپی بچوك بەسەر دوورترین گوندو شارەکانی ئێراندا دابەش کران[3]. جگە لەوەی خرانە ئۆردوگاکانەوەو لەژێر چاودێری سەربازیدا بوون[4].

بۆ ئەو مەبەستە شا فەرمانی کرد بە دروستکردنی (100) خانوو بۆ بارزانیو هاوەڵەکانی لە هاوینەهەواری عەزیمیەی کەرەج لە نزیك تاران لەگەڵ تەواوبوونیدا بە دوو بەش،ماڵی بارزانی چەند هاوەڵێکی لە ناوچەکانی ترەوە بۆ ئەو خانووانە گواسترانەوە[5]، حکومەتی ئێران دەسەڵاتی دابەشکردنی ئەو خانوانەی بە بارزانی بەخشیبوو کە لە هاوەڵو شوێنکەوتووانی خۆی خەڵکیان بۆ دەستنیشان بکات تیایدا نیشتەجێ بن[6].

بۆ نیشتەجێکردنی پەنابەرانی تر ژمارەیەك ئۆردوگایان لە چەند پارێزگایەکی ئێراندا بۆ دروستکردن، تا لەکارگەکاندا خەریکی کارکردن بن، ملیارەها تومەن بودجە بۆ دروستکردنی ئەو خانووانە تەرخان کرا، کە نزیکەی (3/1) بۆ ئەو مەبەستە خەرجکراو (3/2) لەلایەن بەرپرسانی ئێرانیەوە دزرا[7].

لەلایەکی ترەوە دەسەڵاتدارانی ئێرانی هەستان بە بڵاوکردنەوەی پەنابەران بە هەموو ناوچەکانی ئێراندا، بەتایبەتی پێشمەرگەکان ئەویش لە ترسی پەیوەندیکردنی کوردی ئێران بە کوردی عێراقەوە[8]، لە هەمان کاتدا حکومەتی ئێرانی فەرمانی دەرکرد بە دوورخستنەوەی ئەفسەرە کوردە عێراقیەکان لە نزیك سنورەکانی عێراقەوە، لەئەنجامی

---

(1) The Implication of the Iran- Iraq Agreement, p4 .

(2) نەوشیروان مستەفا ئەمین: لە کەناری...، ل44؛ فەلەکەدین کاکەیی: س. پ، ل5؛ الحزب الديمقراطي الكردستاني اللجنة التحضيرية: م. س، ص85.

(3) عەلی تەتەر نێروەیی: بزاڤی...، ل55.

(4) جاسم خۆشناو: س. پ، ل279.

(5) عبداللە ئاغای پشدەری: نسکۆی شۆڕشی ئەیلول، ل ل15- 17.

(6) الحزب الديمقراطي الكردستاني اللجنة التحضيرية: م. س، ص85؛ صلاح الخرسان: م. س، ص236.

(7) حسين فردوست: م. پ، ص503.

(8) حامد محمود عيسى: القضية الكردية...، ص376.

ئەوەشدا ژمارەیەك لەو ئەفسەرانە بۆ عێراق گەڕانەوەو ئەوانی تر هەوڵیان دەدا لە ئێران چنە دەرەوە یان لە ناوچە دوورەکانی ئێراندا پەرتو بڵاو کرانەوە[1]. سەرەڕای هەموو ئەوانە ژنو پیاو و دایكو منداڵیان لە یەکتر جیا دەکردەوە[2]، و هیچ کەس بۆی نەبوو بەبێ وەرگرتنی ڕەزامەندی فەرمی لە ناوچەی نیشتەجێبوونی خۆی بچێتە دەرەوە[3].

بێگومان ڕەوشی ژیانو گوزەرانی پەناهەندەکان زۆر سەختو دژوار بوو، هیچ گەرەنتیەکی یاساییو ماددییان نەبوو، بەدەر لەوەی لە ڕووی پەروەردەو فێرکردنەوە نەیاندەتوانی بە زمانی کوردیو تەنانەت بە عەرەبیش بخوێننو ئەو بڕوانامانەی لە عێراق بەدەستیان هێنابوو، لەلایەن حکومەتی ئێرانەوە دانیان پیادا نەدەنرا[4].

دۆزینەوەو پێدانی دەرفەتی کارکردن بۆ پەنابەران پڕۆژەیەك بوو لە بنەڕەتدا دەزگای (ساواك)ی لە پشتەوە بوو، بە پلەی یەکەم ئامانج لێی بۆ بە ئاسانی چاودێریکردنی پەنابەرانو پاشان سوککردنی ئەركو خەرجی حکومەتی ئێران بوو[5].

لەگەڵ ئەوەی مافی پەنابەری سیاسی بە ئاوارەکانی باشوری کوردستان نەدرا، هەموو کارو جموجوڵێکی سیاسیو حیزبیشیان لێ قەدەغە کرابوو، لێپرسراوانی ئێرانی بە فەرمی ئەوەیان پێ ڕاگەیاندن کە نابێت هیچ چالاکیەکی سیاسی ئەنجام بدەن، بە پێچەوانەوە ئەگەر هەر پەنابەرێك سەرپێچی بکات لەلایەن دامودەزگاکانی ئێرانەوە دەستگیر دەکرێتو ڕادەستی حکومەتی عێراق دەکرێتەوە[6].

کاتێك ساواك گومانی کرد هەندێك لە پەنابەران خەریکی کاری سیاسیو خۆڕێکخستنەوەن دەستگیری کردن[7]، لەو ڕووەوە لە سەروبەندی پێکهێنانی (س. ك)دا، مەسعود بارزانی دەڵێت: "دەزگای ئاسایشی ئێران (ساواك) کە ئەم ئەرکەی پێ سپێردرابوو ژمارەیەك لە کادیرە چالاکەکانی ئێمەی دایەوە دەستی دەسەڵاتدارانی

([1]) عبدالمصور البارزاني: م. س، ص ص36– 37.

([2]) حامد محمود عيسى: القضية الكردية...، ص376.

([3]) عەلی تەتەر نێرویی: بزاڤی...، ل55.

([4]) جاسم خۆشناو: س. پ، ل280؛ فەلەکەدین کاکەیی: س. پ، ل5.

([5]) عبدالمصور البارزاني: م. س، ص36.

([6]) الحزب الديمقراطي الكردستاني اللجنة التحضيرية: م. س، ص ص84–85؛ فەلەکەدین کاکەیی: س. پ، ل5.

([7]) نەوشیروان مستەفا ئەمین: لە کەناری...، ل35.

عێراقیو وەك هەواڵمان پێ گەیشتەوە دەسەڵاتی عێراقیش هەموی پاکتاو کردن"[1].

هەروەها چەند پەنابەرێکی تر کە لە ڕێکخستنەکانی (ی. ن. ك)دا بوون، لە ڕێگەی تۆڕە سیخوڕیەکانی سەر بە ڕژێمی شاوە ئاشکراو دەستگیر کران، ئەمانە کە ژمارەیان (6)* کەس بوون لە 1978/8/20دا ڕادەستی حکومەتی عێراق کرانەوەو دواتر لە 1979/7/4 لەسێدارە دران[2].

هەر لە مانگەکانی نیسانو مایسی 1975دا، بە پاساوی ئەوەی خەریکی جموجوڵو چالاکی نوێی حیزبیو سیاسین، ڕژێمی ئێران بە کۆمەڵ چەند گروپێکی پەنابەرانی دەگرتو بە ئەنقەست بەناو نەغەدەدا دەیانبردن بۆ پیرانشار (خانە) و ڕادەستی دەسەڵاتدارانی عێراقی دەکردنەوە، بەڵام ئەو تۆمەتانە هیچ بنەمایەکی ڕاستیان نەبوو، بەڵکو تەنیا بۆ ترسو تۆقاندنی پەنابەرانی تر بوو، لە هەمان کاتدا مەبەستێکی تریان لەو کارە ئەوە بوو تا پەنابەران ناچار بکەن بە خواستی خۆیان بۆ عێراق بگەڕێنەوە، بەو هۆیەشەوە هەزاران پەنابەری تر ئێرانیان بەجێهێشت. لە بەرانبەرداو بەپێی ڕێکەوتننامە نهێنیەکانی نێوانیان، لەناو عێراقدا ڕژێمی بەعس فشاری خستە سەر پەنابەرە سیاسیەکانی ئێرانو حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران (حدکا) لە عێراق، بە ناچاری زۆربەی سەرکردەکانی (حدکا) عێراقیان بەرەو ئەوروپا بەجێهێشت[3].

هەر لە بەهاری 1975دا کاتێك مەکتەبی نەغەدە بۆ بەدواداچوونی کاروباری پەنابەران دادەمەزرێت، جگە لە کاروباری پەنابەران، بە نهێنی دەبێتە چەترێك بۆ کاری نهێنی حیزبیو پێکهێنانی سەرکردایەتی کاتی، بەو هۆیەوە ئەوانەی لەو مەکتەبەدا کاریان دەکرد چەند جار دەخرێنە ژێر فشارو ڕووبەڕووی لێکۆڵینەوە دەبن، دواتر دوای ئەوەی چەند کادیرێك لە تاران دەستگیر دەکرێنو لەژێر ئەشکەنجەو تۆقاندندا چەند زانیارییەك دەدرکێنن، لەسەر ئەو زانیاریانە تەنانەت مەسعود بارزانیش بە دەستبەسەری بۆ تاران دەبەن بە مەبەستی لێکۆڵینەوە[4].

([1]) مسعود بارزانی: س. پ، بەرگی سێیەم، بەشی دووەم، ل241.

* ئەو شەش کەسە بریتی بوون لە هەریەك لە: (شوکر عەلی حەمەشین، ئەحمەد عەبدوڵڵا مەولود، قەهار ڕەحمان، ڕەشید ئەبابەکر، ئەسعەد فەقێ سلێمانو ئیسماعیل؟).

([2]) شاخەوان عەباس: س. پ، ل ل199- 200.

([3]) فەلەکەدین کاکەیی: س. پ، ل5.

([4])هـ. س.

ئەو پەنابەرانەی لە ئۆردوگاکاندا مابوونەوەو ئامادە نەبوون بۆ عێراق بگەڕێنەوە، تووشی چەندین کێشەو گرفت بوون، لە زۆربەی ئۆردوگاکاندا شەڕ لە نێوان کاربەدەستانی ساواکو پاسەوانانی ئۆردوگاکان لەلایەکو پەنابەران لەلایەکی ترەوە ڕوویدا[1]، لە ئەنجامی ڕوودانی کێشەیەکدا لە نێوان پەنابەرانو پاسەوانەکانی ئۆردوگای (انزل) لە کرماشان قوربانی لە ڕیزی پەنابەراندا لێدەکەوێتەوە، کاتێك بە گوللەی پاسەوانەکان (8) پێشمەرگەی پەنابەر دەکوژرێنو ژمارەیەکیش بریندار دەبن[2].

لە نێو پەنابەراندا سەدان قوتابیو خوێندکاری دەرچووی ئامادەییو قوتابی قۆناغە جیاوازەکانی زانکۆ بونیان هەبوو، کە زۆربەیان بێ پاسپۆرت بوونو لە هەوڵی ئەوەدا بوون بگەنە پاریس یان لەندەن، بەڵام باڵیۆزخانەکان دەرگایان بە ڕوودا داخستبوونو نەیاندەهێشت باڵیۆزیش ببینن، دواجار چەند وڵاتێکی وەك (سوید، هۆڵەندا، نەمسا، ئەڵمانیا، کەنەداو ئەمریکا) هەریەکەیان بەڵێنیان دابوو چەند سەد کوردێك وەربگرن[3]. بێجگە لەوەی ژمارەیەك پەنابەری کوردی تر ئێرانیان بەجێهێشتو ڕوویان لە ئەوروپاو ئەمریکا کرد[4].

دوای چوونی بارزانی بۆ ئێران بە ماوەیەکی زۆر کەم، بارزانی نیشانەکانی نەخۆشییەکی مەترسیداری لێدەرکەوت، هەستی بە ئازارێکی زۆری لە سنگو پشتیدا دەکرد[5]، ڕازیش نەدەبوو لە ئێران چارەسەری بۆ بکرێت، تەنانەت ڕێگەی نەدا ئەو پسپۆڕانەی شا ناردبوونی پشکنینی بۆ ئەنجام بدەن، چونکە پێی وابوو ئەگەر لە ئێران دەست بە چارەسەرکردن بکات، هەرگیز ڕێگەی نادەن لە ئێران بچێتە دەرەوە[6].

بارزانی دەیویست بچێت بۆ ئەمریکا، ئەمەش نەك تەنیا لە پێناو چارەسەرکردنی باشتردا، بەڵکو لەگەڵ ئەوەشدا دەیویست ڕاستەوخۆ هینری کیسنجەر لەسەر پرسی کورد ببینێت[7].

([1]) کریس کۆچیرا: کورد لە ....، ل430.

([2]) الحزب الديمقراطي الكردستاني اللجنة التحضيرية: م. س، ص106؛ عبدالمصور البارزاني: م. س، ص36.

([3])کریس کۆچێرا: کورد لە سەدەی ....، ل430؛ فەلەکەدین کاکەیی: س. پ، ل5.

([4]) صلاح الخرسان: م. س، ص236.

([5]) مسعود بارزانی: س. پ، بەرگی سێیەم، بەشی دووەم، ل242.

([6]) دیڤید کۆرن: دوا ساڵەکانی مستەفا بارزانی، وەرگێڕانی، تاهیر تەیب ئەحمەد (مامکاك)، گۆڤاری واتە، ژمارە (3)، تشرینی یەکەمی 2010، ل43؛ مسعود بارزانی: س. پ، بەرگی سێیەم، بەشی دووەم، ل242.

([7]) دیڤید کۆرن: س. پ، ل43.

له سەرەتادا ڕێگە نەدرا بە بارزانی بۆ چارەسەر بچێتە دەرەوەی وڵات، چونکە نە شاو نە کیسنجەر نەیاندەویست بارزانی بێتە درەوەو چیرۆکی یارمەتیە نهێنیەکەی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بۆ شۆڕشی کورد ئاشکرا بکاتو ئاماژە بە ئەوانە بکات کە لە پیلانی کۆتایهێنان بە جوڵانەوەی ڕزگاریخوازی کورددا بەشدار بوون[1].

دواجار لە سەرەتای ئەیلولی 1975دا دوای ڕێکەوتنی دەزگای (ساواك)ی ئێرانیو دەزگای هەواڵگری ئەمریکی (CIA)، چوونی بارزانی بۆ ئەمریکا ڕێکخرا، ئەویش بەو مەرجەی هیچ ڕۆژنامەنوسێك نەبینێو داوای چاوپێکەوتن لەگەڵ هیچ بەرپرسێکی بەڕێوەبەرێتی ئەمریکا نەکات[2]، لە ماوەی مانەوەیدا بارزانی بە تەواوی لە ژێر چاودێری دزگای (ساواك) و (CIA)دا بوو، تا دواتر لە ژێر فشاری (CIA) و لەسەر داوای شای ئێران، کە دەیانووت "شا دەیەوێ بگەڕێتەوە"، بارزانی نکوڵی لە گەڕانەوەی دەکرد تا چارەسەر تەواو نەکرێت، بەڵام لە کۆتاییدا ڕازی بوو بە گەڕانەوەی، چونکە ئەگەر زیاتر پێداگری لەسەر نەگەڕانەوەی بکردایە، دوور نەبوو لایەنگرانو بنەماڵەکەی لە ئێران هەراسان بکرێن، ئەوە بوو بارزانی لە کۆتایی تشرینی یەکەمی 1975 ویلایەتە یەکگرتووەکانی بەجێهێشتو بۆ ئێران گەڕایەوە[3].

بارزانی بە گەڕانەوەی بۆ ئێران نیگەران بوو، پاشان بە نارەحەتیەکی زۆر ئێرانو ئەمریکا ڕازی بوون بارزانی جارێکی تر بۆ چارەسەر بچێتەوە بۆ ئەمریکا، لە حوزەیرانی 1976 بارزانی بە یەکجاری ئێرانی بەرەو ئەمریکا بەجێهێشتو نەگەڕایەوە تا لە ئازاری 1979دا لە نەخۆشخانەی زانکۆی جۆرجتاون لە ئەمریکا کۆچی دوایی کرد[4].

تا ڕووخانی ڕژێمی شاهەنشاهی ئێران لە ساڵی 1979 ڕەوشی پەنابەران بەوشێوەیە بە دژواریو لەژێر فشاری دامودەزگاکانی شای ئێراندا مانەوە، بەڵام دوای سەرکەوتنی شۆڕشی ئێران تا ڕادەیەك لە هەندێ ڕووەوە گۆڕانکاری بەسەر بارودۆخی پەنابەراندا هات، هەرچەندە باری ژیانیان باشتر نەبوو، بەڵام لانی کەم ئازادی کاری سیاسییان بۆ

([1]) مسعود بارزانی: س. پ، بەرگی سێیەم، بەشی دووەم، ل ل242- 243؛ دیڤید کۆرن: س. پ، ل44.

([2]) مسعود بارزانی: س. پ، بەرگی سێیەم، بەشی دووەم، ل243.

([3]) دیڤید کۆرن: س. پ، ل ل44- 48.

([4]) هـ. س، ل ل49- 50، 53- 54؛ کامەران قەرەداغی: س. پ، ل397.

گەڕایەوە[1]، جگە لەوەی زۆرینەیان بۆ ناوچەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان کۆچیان کرد یان بۆ عێراق گەڕانەوە[2].

کەواتە سیاسەتی ئێران بەرامبەر پەنابەرانی کورد لە ئێراندا، سیاسەتێکی توندوتیژ بوو و مامەڵەی لەگەڵیاندا لە دەرەوەی یاسا نێودەوڵەتیەکاندا بوو، لەبەر ئەوە لە دۆخێکی سەختدا ژیانیان دەگوزەراند، ئەوەش وایکرد زۆربەی پەنابەران بۆ عێراق بگەڕێنەوە، کە بۆ ئەوەش هەردوو دەوڵەتی عێراق و ئێران لە هاوکاریی و هەماهەنگی یەکتردا بوون، ئەوانەشی ژیانی پەنابەرییان لە بەرامبەر گەڕانەوەدا بۆ عێراق هەڵبژارد، لە لایەن ڕژێمی شای ئێرانەوە بە ئامانجی تواندنەوەیان لەناو کۆمەڵگەی ئێرانیدا بۆ ناو قووڵایی ئێران دوور خرانەوە و لە لایەن (ساواک)ەوە خرابوونە ژێر چاودێرییەوە.

([1]) فەلەکەدین کاکەیی: س. پ، ل5.

([2]) جاسم خۆشناو: س. پ، ل280.

بەشی دووەم:

شۆڕشی ئێرانو پەیوەندییەکانی کۆماری ئیسلامی لەگەڵ پارتە سیاسیەکانی باشوری کوردستان

(1980 -1979)

شۆڕشی ئێرانو سەرکەوتنی بە ڕووداوێکی گەورەی سەدەی بیست لە جیهانو ناوچەکەدا دادەنرێت، کە توانی کۆتایی بە حوکمڕانی ڕژێمی شاهەنشاهی پەهلەوی بێنێتو لە جێگەیدا کۆمارێکی ئیسلامی دابمەزرێنێت، کە ئەوەش بووە خاڵێکی وەرچەرخانو لەژێر کاریگەری ئەو شۆڕشەدا گۆڕانکاری گەورە لە وڵاتانی دەوروبەرو ناوچەکەدا بە گشتی هاتە کایەوە، بێگومان کاریگەری گەورەو ڕاستەوخۆشی لەسەر جوڵانەوەی ڕزگاریخوازی کورد لە باشوری کوردستان هەبوو، کە سنورێکی فراوانی لەگەڵ ئێراندا هەیە. هەوڵدەدەین لەم بەشەدا بیخەینەڕوو.

باسی یەکەم: شۆڕشی ئێرانو سیاسەتی دەرەوەی کۆماری ئیسلامی ئێران:

دوای کودەتای 19ی ئابی 1953بە سەرۆکایەتی ژەنەڕاڵ زاهیدیو ڕووخاندنی حکومەتی (د. محەمەد مصدق)* و گەڕانەوەی (محمد ڕەزا شا) بە سەرکەوتوویی بۆ ئێران، بەرەو دیکتاتۆری هەنگاوی نا، بۆ ئەوەش گرنگی دا بە دامەزراوەی سەربازی لە ئێرانداو ژمارەی سەربازانی ئێرانی بە شێوەیەکی بەرچاو زیادیان کرد، بە جۆرێك لە

* محەمەد مصدق: لە 1879/5/19دا لە دایك بووە، کوڕی میرزا هیدایەت ئاشتیانیە کە لە سەردەمی ناصرالدین قاجاردا بۆ ماوەی 30 ساڵ وەزیری دارایی بووە، دایکی قاجاری و لە نەوەی عەباس میرزا بووە، وەلی عەهدی ئەو کاتە بووە، زانستەکانی سیاسیو دارایی لە پاریس خوێندووە، پاشان لە سویسرا یاسای خوێندووەو پێش جەنگی یەکەمی جیهانی دکتۆرای لە یاساو زانستە سیاسیەکاندا بەدەستهێناوە. دژی پەیماننامەی ئێرانی- بەریتانی ساڵی 1919 و دژی پێدانی تاجی ئێرانی بە ڕەزا خان بووەو لە پەرلەماندا ڕایگەیاندووە کە ئەوە دژی دەستورە، لەبەر ئەوە گیراوەو لە زینداندا ئەشکەنجە دراوە، جارێکی تر لە حوزەیرانی 1940 گیراوەو لە زینداندا ماوەتەوە تا ئەیلولی 1941 کاتێك ڕەزا خان ئێران بەجێ دێڵێت، لە 1950/1/12 بە ئەندامی ئەنجومەنی شورا (پەرلەمان) هەڵدەبژێردرێت، لە 1951/5/6 وەزارەت پێکدێنێتو دەبێتە سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیرانو نەوت خۆماڵی دەکەن. لە 1952/7/22 بۆ جاری دووەم وەزارەت پێکدێنێت، تا ژەنەراڵ زاهیدی بە پشتیوانی ئەمریکاو شای ئێران لە 1953/8/19 کودەتا دژی ئەنجامدەداتو مصدق دەستگیر دەکرێتو لە دادگا بە سێ ساڵ حوکم دەدرێتو دوای ئازادبوونی لە زیندان لە ساڵی 1956دا بۆ ئەحمەد ئاباد دوور دەخرێتەوەو لە ماڵەکەیدا دەخرێتە ژێر مانەوەی زۆرەملێ تا لە 1965/3/5 بە ئەخۆشی شێرپەنجە کۆچی دوایی دەکات. (محمد وصفی ابو مغلی: دلیل الشخصیات الایرانیة المعاصرة، مطبعة جامعة البصرة، 1983، ص ص107- 111).

ساڵی 1953دا ژمارەیان (120) هەزار سەرباز بوو، تا پێش ڕووخانی شا لە ساڵی 1979 ژمارەیان گەیشتە (540) هەزار سەرباز[1]، بێجگە لەوەی بە هاوکاری ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکاو ئیسرائیل لە ساڵی 1957دا، دەزگای ساواك (سازمان اطلاعات و امنیت کشور/ ئاژانسی پاراستنو ئاسایشی وڵات)ی دامەزراند[2].

سەرکوتکردنی سیاسی دیارترین سیمای سەردەمی دیکتاتۆری محەمەد ڕەزا شای پەهلەوی بوو، دەستیکرد بە قەدەغەکردنی پارتە سیاسیەکانی ئێرانو بەندیخانەکانی پڕ کرد لە زیندانی سیاسی، کە بە دەیان هەزار کەس مەزەندە دەکران، دواجار پارتی (رستاخیز ملت ایران) کە شا لە ساڵی 1975 دایمەزراند، بووە تاکە پارتی فەرمی وڵات، و سیستەمی تاك حزبی لە ئێراندا پیادە کرا، هاوکات ئازادی ڕۆژنامەگەری نەهێشت، لەگەڵ ئەوەی ڕەوشی کۆمەڵایەتیو ئابوری کۆمەڵگەی ئێرانی لە دۆخێکی باشدا نەبوو[3].

وێڕای گرتنەبەری سیاسەتی دژایەتی دامودەزگای ئایینیو ڕۆحانیە شیعەکانو سوکایەتی پێکردنیان، کە ڕیشەیەکی قوڵیان لە کۆمەڵگەی ئێرانیدا هەبوو، لەگەڵ دژایەتیکردنی بەها ئاینیەکانو سەپاندنی لایەنە نەرێنیەکانی کلتوری ڕۆژئاوا بەسەر کۆمەڵگەی ئێرانیدا، کە نامۆ بوو بە کلتورو بەهاکانی کۆمەڵگەی ئێرانی، بۆ ئەوەش بەشێك لە زانایانی ئاینی هاتنە مەیدانو بەتوندی کەوتنە دژایەتیکردنی سیاسەتەکانی شای ئێران، لەلایەکی ترەوە خراپی ڕەوشی مافی مرۆڤو سەختیو دژواری گوزەرانی گەلانی نافارسو پێشێلکردنی مافە نەتەوایەتیەکانیانو هەوڵدان بۆ تواندنەوەیان لە بۆتەی نەتەوەی فارسی سەردەستەداو بەستنەوەیان بە ناوەندەوە لە ڕێگەی سەرکوتکردنو هێزی سەربازییەوە، پاڵی بەو نەتەوانەوە نا بچوکترین دەرفەت بقۆزنەوە بۆ دژایەتیکردنی ڕژێمو دەستەبەرکردنی مافەکانیان[4].

ئەمە جگە لەوەی کە ئێران بەتەواوی بەسترابۆوە بە سیاسەتی ئەمریکاوە، بەپێی بنەمای (دۆکترینی) نیکسۆن (Nixon Doctrine)، ناسراو بە (جەنگ بە

([1]) ابراهیم خلیل احمد و خلیل علی مراد: م. س، ص184.

([2]) حسین فردوست: م. پ، ص382؛ یرواند ابراهامیان: ایران بین دو انقلاب، ترجمە، احمد گل محمدیو محمد ابراهیم فتاحی، چاپ هفدهم، تهران، 1389، ص515.

([3]) ابراهیم خلیل احمد و خلیل علی مراد: م. س، ص ص185–187.

([4]) بۆ زانیاری زیاتر لەمەڕ هۆکارەکانی شۆڕشی ئێران بڕوانە، یاسین سەردەشتی: س. پ، ل ل553-564.

نوێنەرایەتی)، بەتایبەتی دوای ئەوەی بەریتانیا لە 16ی کانوونی دووەمی 1968دا ڕایگەیاند کە ئەوپەڕی تا کۆتایی ساڵی 1971 لە ناوچەکانی ڕۆژهەڵاتی ئۆکەندی سوێس دەکشێتەوە، ئەمریکا نەیدەویست هیچ هێزێکی تر لە ناوچەیەکی ئاوا ستراتیژیدا جێگەی بەریتانیا بگرێتەوە، هەروەك نەیدەویست ئەزمونی جەنگی ڤێتنام لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا دووبارە بکاتەوەو ڕاستەوخۆ دەستبخاتە کاروباری وڵاتانی ناوچەکە، بۆ ئەو مەبەستە زیاتر پشتی بە وڵاتە هاوپەیمانەکانیو بەتایبەت بە ئێران دەبەست، (محەمەد ڕەزا شا)ش زۆر بە شانازییەوە وەك "پۆلیسی ڕۆژئاوا لە ناوچەکە" ئەو ئەرکەی گرتە ئەستۆ، بۆ ئەو مەبەستەش لە ساڵی 1973دا ئێران بەشداری لە سەرکوتکردنی جوڵانەوەی ڕزگاریخوازی (ظفار) لە (سەڵتەنەتی عومان)دا کرد[1].

ئاشتبوونەوەی عێراقو ئێران بە پێی ڕێکەوتننامەی جەزائیر، گورزێکی کاریگەر بوو لە کوردو جوڵانەوەی کوردی لاواز کرد، بەڵام لە بەرژەوەندی ئۆپۆزسیۆنی ئایینی ئێران شکایەوە، پێشتر سەردانی شوێنە پیرۆزەکانی عێراق لە شیعەکانی ئێران قەدەغە کرابوو، لە دوای ڕێکەوتنی جەزائیر هاتووچۆی هاووڵاتیانی هەردوو وڵات بۆ یەکتری ئاسان بوو، پێشەوای ئۆپۆزسیۆنی ئایینی ئێران، (اية الله خومەینی)* لە ساڵی 1964ەوە لە

([1])فردوست: م. پ، ص486؛ فاروق محەمەد محەمەدئەمین: ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لە سەردەمی...، ل ل235-236.

* اية الله خومەینی: روح الله موسوی خومەینی لە ساڵی 1902 لە (خمین) لەدایك بووە، کە بەناوی ئەو شوێنەوە ناونراوە خومەینی، کوڕی مستەفا کوڕی ئەحمەد موسەوی یەکێك لە پیاوانی ئایینی ئێرانە، لە تەمەنی 16 ساڵیدا دەچێت بۆ اراك (ئەراك) بۆ درێژەدان بە خوێندن لای شێخ حائری، پاشان لەگەڵ حائریدا دەچێت بۆ قوم کاتێك لە ساڵی 1932دا حەوزەی زانستی لە قوم دادەمەزرێنێت، لە ساڵانی 1928- 1945 لە قوتابخانە ئاینییەکاندا خەریکی وانە وتنەوە بووە، لە ساڵی 1964 بۆ تورکیا دوور خراوەتەوە، دوای ساڵێك بۆ نەجەف لە عێراق گواستراوەتەوە تا لە تشرینی یەکەمی 1978دا عێراقی بەرەو فەرەنسا بەجێهێشتو لە 1978/10/6دا گەیشتە پاریس، ڕابەرایەتی شۆڕشی ئێرانی کردووە دژی ڕژێمی شاهەنشاهی پەهلەوی، دوای ڕۆشتنی شا، خومەینی لە 1/2/ 1979دا بە فڕۆکە لە فەرەنساوە بۆ تارانی پایتەختی ئێران گەڕایەوە، دوای سەرکەوتنی شۆڕشو هەڵاتنی شاپور بەختیار لە 1979/2/11 دا موهەندیس مەهدی بازرگانی بە سەرۆك وەزیران دیاری کردو بۆ پێکهێنانی حکومەت ڕایسپارد، لە 1979/4/1 کۆتایهاتنی حوکمی پاشایەتیو دامەزراندنی کۆماری ئیسلامی لە ئێران ڕاگەیاند، خومەینی لە 4ی حوزەیرانی 1989دا کۆچی دوایی کرد. (محمد وصفی ابو مغلی: م. س، ص ص58- 60).

نەجەف نیشتەجێ ببوو، پەیوەندی لەگەڵ لایەنگرو قوتابیەکانیدا کزو لاواز بوو[1]، لە مبارەیەوە مێژوونووس (هیلین کارەر دانکوس) نوسیبووی: "موخالەفەتی رابەرانی دینی کە ماوەیەك بەهۆی سیاسەتی سەرکوتکەرانەی شاوە بێدەنگ بوبو، لە ساڵی 1975 بێدار بوەوە، واتە کاتی رێکەوتنی ئێرانو عێراق رێگەی بە زائیرانی ئێرانی ئەدا سەردانی شوێنە پیرۆزەکان بکەنو لە گەڕانەوەدا پەیامو شریتەکانی خومەینیان ئەبردەوە، جۆرێکی تازە لە شۆرش واتە "شۆرش بەهۆی شریتەوە" سەری هەڵدا"[2].

هەریەك لە ئێرانو عێراق کێشەی ناوخۆییان هەبوو، یەکەمیان کێشەی خومەینیو ئەوی دووەمیان کێشەی کورد، بۆ رێگری لەوەی لایەکیان ئەو کێشانە دژی لاکەی تر نەقۆزێتەوە هەردوولا هاوکاری یەکتریان دەکرد، لەو روانگەیەوە ئێران فشاری خستبووە سەر پەنابەران لەلایەكو هاوکاری عێراقی دەکرد بۆ لێدانی جوڵانەوەی رزگاریخوازی کورد لە باشوری کوردستان، لە بەرامبەردا عێراق فشارو گەمارۆی دەخستە سەر ئیمام خومەینی[3].

کاتێك رۆژنامەی ئیتلاعاتی ئێرانی لە 7ی کانوونی دووەمی 1978دا، تەشهیری بە خومەینی کردبوو، دوو رۆژ دواتر لە کاردانەوەی ئەوەدا خۆپیشاندانێکی گەورە لە شاری قوم ئەنجامدرا، کە قوتابیانی قوتابخانە ئاینیەکانو خەڵکی بازاڕ رێکیانخستبوو، هێرشیان کردە سەر بارەگای حزبی (رستاخیز) و چەند بنکەیەکی پۆلیس، لە ئەنجامی پێکدادانی پۆلیسو خۆپیشاندەراندا (14) کوژراو و ژمارەیەك بریندار لێکەوتەوە، هاوکات چەند زانایەکی لایەنگری خومەینی وەك (عەلی خامنەئی)* و (سادق خالخالی)** لەلایەن دەسەڵاتەوە دەستگیر کرانو بۆ ناوچەیەکی دووری وڵات دوور خرانەوە[1].

([1]) نەوشیروان مستەفا ئەمین: لە کەناری....، ل35.

([2]) وەرگیراوە لە هـ. س.

([3]) هـ. س، ل350؛ عەلی تەتەر نێرویی: بزاڤی....، ل92.

* عەلی خامنەئی: لە ساڵی 1939 لە خێزانێکی ئاینی لە مەشهەد لەدایك بووە، خوێندنی ئاینی لەسەر دەستی زانایانی ئاینی لە حەوزەی زانستی مەشهەد لەلای اية الله میلانیو لە قوم لەلای اية الله بروجەردیو خومەینی تەواو کردووە، یەکێك بووە لە کەسە نزیکەکانی خومەینی، یەکێکە لە دامەزرێنەرانی پارتی کۆماری ئیسلامی کە لە 18/2/1979دا بە بەیانێك دامەزراندنیان راگەیاند، بووەتە ئیمام جومعەی تاران، لە حکومەتی مەهدی بازرگاندا یاریدەدەری وەزیری بەرگری مستەفا چەمران بووە، لە سەرەتای جەنگی عێراق ئێراندا بە ئەندامی ئەنجومەنی باڵای بەرگری دەستنیشان کراوە، دوای دکتۆر بەهەشتی کراوەتە سکرتێری گشتی پارتی کۆماری ئیسلامی، لە 27/6/1981دا لە هەوڵێکی کوشتن رزگاری بوو، لە هەڵبژاردنەکانی 2/10/1981دا بە سەرۆك کۆمار هەڵبژێردراوە، ئێستا رابەری شۆرشی ئیسلامی ئێرانە. (محمد وصفي ابو مغلي: م. س، ص55؛ یرواند ابراهامیان: م. پ، ص586).

دوای ئەوەی شۆڕشی ئێران لە مانگەکانی کۆتایی ساڵی 1978دا پێی نایە قۆناغێکی نوێوەو گەیشتە ترۆپکی جۆش‌و خرۆشی، شای ئێران دەستی بە چالاکی سیاسی کرد لە پێناو سنوردارکردنی کارەکانی یاخود دەرکردنی ئیمام خومەینی لە عێراق[2]، بۆ ئەو مەبەستە وەزیرانی دەرەوەی عێراق‌و ئێران لە پەراوێزی کۆبونەوەی کۆمەڵەی گشتی نەتەوە یەکگرتوەکان ڕێکەوتن لەسەر ئەوەی خومەینی لە عێراق دەربکەن، ئەمەش دەنگدانەوەی لە ئێران‌و شەپۆلێکی تری مانگرتنی گشتی لە تاران‌و شارەکانی تری ئێرانی لێکەوتەوە[3].

لە سەرەتادا کاربەدەستانی عێراق ماڵی خومەینییان لە نەجەف گەمارۆداو هاتوچۆیان سنوردار کرد، بەڵام بێسود بوو، دواجار لە عێراق دەرکرا، بەرەو سنوری کوێت بەرێکەوت، بەڵام لەلایەن دەسەڵاتدارانی کوێتەوە ڕێگەی پێنەدرا بچێتە خاکی ئەو وڵاتەوە، تەنها فەرەنسا ئامادە بوو پێشوازی لێبکات، بۆیە ڕۆژی 6ی تشرینی دووەمی 1978 بە ناچاری عێراقی بەرەو فەرەنسا بەجێهێشت‌و لە "نوفل لو شاتو" لە نزیک پاریس نیشتەجێ بوو[4]. لە بەرامبەر دەرکردنی خومەینی لە عێراق کە هاوکات بوو لەگەڵ هێرشی حکومەتی عێراق بۆ سەر سەرکردایەتی (ی. ن. ك) لە گوندی شێنێ،

** سادق خالخالی: ناوی (اية الله حاج شيخ محمد صادق صادقی گيوی)یە ناسراوە بە (خالخالی) ساڵی 1926 لە خانەوادەیەکی ئایینی لە دایك بووە، خوێندنی ئایینی خوێندووە، لە سەردەمی ڕژێمی شادا بۆ ماوەی ساڵێك دەستگیر کراوەو بۆ چەند ناوچەیەك دوور خراوەتەوە لە نێوانیاندا چوار مانگ بۆ شاری بانە دوورخراوەتەوە، دوای سەرکەوتنی شۆڕش بە فەرمانی خومەینی کراوە بە حاکم شەرعی دادگای شۆڕشی ئیسلامی، فەرمانی لە سێدارەدانی هەرەمەکی بۆ کاربەدەستانی ڕژێمی پێشووی ئێران‌و ئۆپۆزسیۆن دەرکردووە، یەکێك بووە لە ئەندامانی پارتی کۆماری ئیسلامی. (محمد وصفی ابو مغلی: م. س، ص56؛ ايت الله حاج شيخ صادق خلخالی: خاطرات ايت الله خلخالی، اولين حاكم شرع دادگاهای انقلاب، چاپ سیزدهم، چاپو صحافی مؤسسة هادی، تهران، تابستان 1389، ص9).

([1]) محمود طلوعی: داستان انقلاب، چاپ سوم، چاپخانه مهارات، تهران، 1371، 289؛ لقمان خيال: الجبهة الوطنية ودورها فی السياسة الداخلية الايرانية 1949-1979، مطبعة روون، 2011، ص267؛ ڕۆژنامەی کیهان، سەشنبە، ژمارە (10362)، 20 دیماه 2536- 10 ژانویه 1978، ص2.

([2]) مرکز اسناد انقلاب اسلامی ایران، (هجرت امام خمینی از عراق به پاریس).

([3]) نەوشیروان مستەفا ئەمین: لە کەناری....، ل350

([4]) مرکز اسناد انقلاب اسلامی ایران، (هجرت امام خمینی از عراق به پاریس)؛ فريدون هويدا: سقوط الشاه، ترجمة وتعلق وتقديم، احمد عبدالقادر الشاذلی، مكتبة مدبولی، ص133.

حکومەتی ئێران هاوکاری سوپای عێراقی دەکرد، ئەمەش وەك هاوکاریی و هەماهەنگی نێوانیان بۆ فشار خستنە سەر ئۆپۆزسیۆنی یەکتری[1].

هەرچەندە نوفل لو شاتو لە ڕووی جوگرافیەوە بە بەراورد لەگەڵ نەجەف لە ئێرانەوە دوور بوو، بەڵام بووە خاڵی وەرچەرخان و گرنگییەکی زۆری بە شۆڕشی ئێران دا، خومەینی ئازادی جوڵان و لێدوانی زیاتر بوو، پەیامنێری ڕۆژنامە و ئاژانسەکانی هەواڵی جیهانی بە لێشاو دەچوونە شوێنی مانەوەیی و چاوپێکەوتنیان لەگەڵ ئەنجامدەدا، لەم ڕێگەیەشەوە پەیامی خۆی ئاراستەی لایەنگرانی و شۆڕشگێڕانی ئێران دەکرد[2]. و لەوێوە سەرپەرشتی خۆپیشاندانەکانی دەکرد، کە بەهیچ شێوەیەك لە عێراقدا ئەو دەرفەتەی بۆ نەدەڕەخسا و کارێکی لەو شێوەی پێ نەدەکرا[3].

شۆڕشی گەلانی ئێران لە سەرەتای ساڵی 1978ەوە بە سەرکردایەتی ئیمام خومەینی دژی دەسەلاتی شاهەنشایی تا سەرکەوتنی بەردەوامبوو[4]، دوای گۆڕینی چەند کابینەیەکی نوێی حکومەت لەلایەن شای ئێران و ئەنجامدانی چەندین کاری چاکسازی بۆ هێورکردنەوەی جەماوەر، بەڵام بێسود بوو، دواجار لە سەرەتای کانوونی دووەمی 1979دا حکومەتی (غولام ڕەزا ئەزهاری) لێخست و (شاپور بەختیاری)* بۆ

([1]) بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە، باسی دووەم لە بەشی یەکەم.

([2]) ئەنوشیروان مستەفا ئەمین: لە کەناری...، ل351؛ لقمان خیالی: م. س، ص274.

([3]) پیتەر و گالبریت: کۆتایی ئێراق چۆن کارنازێکی ئەمریکا شەڕێکی بێ کۆتایی بەرپا کرد، وەرگێڕانی، مامکاك، چاپی یەکەم، دەزگای چاپ و بلاوکردنەوەی ئاراس، هەولێر، 2007، 25.

([4]) گۆران ئیبراهیم سالح: س. پ، ل84.

* شاپور بەختیار: کوڕی سەردار فاتیح بەختیاری یە، لە ساڵی 1916 لە دایك بووە، دکتۆرای لە یاسای نێودەوڵەتیدا لە زانکۆی پاریس بەدەستهێناوە، ئەندامی بەرەی میللی بووە کاتێك لە 1979/1/6دا دوا کابینەی وەزارەتی سەردەمی شا پێکدەهێنێت لە بەرەی میللی دەردەکرێت، لە ڕۆژی سەرکەوتنی شۆڕشدا لە 1979/2/11 خۆی دەشارێتەوەو پاشان لە ئێران هەڵدێت، دواتر لە ساڵی 1991 لە پاریس دەکوژرێت. (محمد وصفی ابو مغلی: م. س، ص28؛ باقر عاقلی: شرح حال رجال سیاسی و نظامی معاصر ایران، مجلد اول، نشر علم، تهران، پاییز 1380، ص ص282– 297).

پێکهێنانی کابینەیەکی نوێی حکومەت ڕاسپارد، ئەویش بەو مەرجەی محەمەد ڕەزا شا ئێران بەجێبهێڵێت، ئەویش داواکەی پەسەند کرد[1].

پاش کوشتارێکی زۆرو لەژێر فشاری جەماوەری شۆڕشگێڕدا شای ئێران بە ناچاری لە ڕۆژی 16ی کانونی دووەمی 1979 لە فڕۆکەخانەی (مهر ئاباد)ەوە ئێرانی بەرەو میسر بەجێهێشت[2]. هەر هەمان ڕۆژ (ئەنجومەنی شورای میللی ئێران)* لە دانیشتنێکی ئاشکرادا متمانەی بە شاپور بەختیار سەرۆك وەزیرانی نوێ بەخشی[3]. لە بەرامبەر ئەو کارەشدا لە سکرتێری گشتی پارتەکەی (پارتی ئێران) و هاوکات لە بەرەی میللیش دەردەکرێت[4]، بەڵام خومەینی دانی بە حکومەتەکەی بەختیاردا نەنا، دوای پیرۆزبایی

(1) فردوست: م. پ، ص ص569-570؛ امال السبكي: تاريخ ايران السياسي بين الثورتين، (1906-1979)، سلسلة عالم المعرفة 250، الكويت، 1999، ص202؛ أسيمة جانو: التاج الايراني، الطبعة الاولى، مكتبة مدبولي، 1987، ص ص126، 145؛ حسن كريم الجاف: م. س، ص296.
Patrick Clawson and Michael Rubin: Enternal Iran, Continuity and Chaos, London, Palgrave Macmillan, 2005, p92.

(2) ڕۆژنامەی اطلاعات، ژمارە (15761)، 26 دی 1357؛ ڕۆژنامەی کیهان، ژمارە (10614)، 26 دی 1357، ص2؛ طلوعی: م. پ، ص413.

* (پەرلەمانی ئێرانی)یە کە لە ئەنجامی شۆڕشی دەستوری ئێرانەوە هاتە کایەوە، کاتێك ئێران لە ساڵی 1905 ڕووبەڕووی قەیرانی ئابوری بووەوە لە ئەنجامی ئەوەشدا نرخی شتومەك بەتایبەتی شەکرو گەنم بە شێوەیەکی بەرچاو بەرزبووەوە، وێڕای ئەوەی بەهۆی بلاو بوونەوەی نەخۆشی کۆلێراو سەرهەڵدانی شەڕی ڕوسی-یابانی (1904- 1905)، بە شێوەیەکی کتوپڕ بازرگانی نێوان ناوچەکانی باکوری ئێران لەگەڵ ڕوسیادا پچڕا، ئەوەش دۆخەکەی خراپتر کردو کۆمەڵێك دەرئەنجامی لێکەوتەوە، کە مانگرتن و دراجار لە 16ی تەمموزی 1906دا نارەزایی و خۆپیشاندانی چین و توێژەکانی کۆمەڵگەی ئێرانی لێکەوتەوە، پاشان لەژێر کاریگەری ڕۆشنبیراندا داوای دانانی دەستورێك بۆ وڵات بۆ داواکارییەکانی خۆپیشاندەران زیاد کرا، و دوای دانانی مشیر الدولة بە سەرۆك وەزیران، لە 5ی ئابی 1906دا فەرمانێکی دەرکرد بە دانانی دەستورێك بۆ وڵات و پێویستی وڵات بە ئەنجومەنێکی هەڵبژێردراو لە نوێنەرانی گەل، لە سەرەتای تشرینی یەکەمی 1906دا هەڵبژاردنێکی خێرا ئەنجامدراو لە حەوتی هەمان مانگدا ئەنجومەنەکە (پەرلەمانی ئێرانی) کرایەوە، وەك یەکەم ئەنجومەنی نوێنەران لە مێژووی ئێراندا. (ابراهيم خليل احمد و خليل علي مراد: م. س، ص ص101- 102).

(3) ڕۆژنامەی اطلاعات، ژمارە (15761)، 26 دی 1357، ص2؛ محمود طلوعي: م. پ، ص413.

(4) گۆڤاری کۆمەڵە، ئۆرگانی ناوەندی کۆمەڵەی مارکسی- لینینی کوردستان، خولی یەکەم، ژمارە (2)، زستانی 1979، ل31؛ محمد وصفي ابو مغلي: م. س، ص28.

لەگەڵ ئێران بە بۆنەی ڕۆیشتنی شاوە، داوای لێکردن ڕۆژی (19ی کانونی دووەم) دژی بەختیاری خائین خۆپیشاندان بکەن[1].

بێگومان گەلی کوردیش بەشداری لە خۆپیشاندانەکانی دژی شادا کرد، یەکەم خۆپیشاندانی کوردان دژی ڕژێمی شا لە 15ی حوزەیرانی 1978 دەستپێدەکات، کاتێك (عەزیز یوسفی)* لە تاران کۆچی دوایی دەکات، لە 14ی حوزەیرانی 1978 تەرمەکەی بۆ مەهاباد دەبەنەوە، بەیانی ڕۆژی دواتر لە ئاپۆرایەکی جەماوەری بەرفراواندا بە ڕێپێوان دەیبەن بۆ گۆڕستانو بە خاکی دەسپێرن، پاشان (جەلیل گادانی)** کورتەیەکی ژیانی کۆچکردوو دەخوێنێتەوە، و مامۆستا (شێخ عیزەدین حوسەینی)*** بە کوردی

([1]) فریدون هویدا: م. س، ص324.

* عەزیز یوسفی: لە ساڵی1930 لە شاری مەهاباد لەدایك بووە، لە تەمەنی 16 ساڵیدا چۆتە ڕیزەکانی لاوانی کوردستان، بۆ یەکەمجار لەساڵی 1948دا زیندانی کراوەو ماوەی 4 ساڵ لە زینداندا ماوەتەوە، ساڵی 1955 بۆتە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی (حدك)، چەندین جاری تر لەلایەن ڕژێمی شاهەنشاهی ئێرانەوە زیندانی کراوە، دوایین جار لە ساڵی 1958 زیندانی کراوەو سزای لە سێدارەدانی بۆ دەرکراوە، بەڵام بەهۆی فشاری نێوخۆیی و دەرەکییەوە دوای ساڵێك بڕیاری لەسێدارەدانی بۆ زیندانی هەتاهەتایی بۆ سوك کراوە، دوای مانەوەی 19 ساڵ لە زینداندا لە ساڵی 1977 ئازاد کراوە، دوای ساڵێك لە ئازادکردنی لە ڕۆژی سێشەمە 9/6/1978 بە نەخۆشی دڵ کۆچی دوایی دەکات. (هۆشمەند عەلی مەحمود: ڕۆژهەڵاتی کوردستان، لێکۆڵینەوەیەکە لە دۆخی سیاسی بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد (01979- 1989)، چاپی یەکەم، چاپخانەی شەهاب، هەولێر، 2012، ل47).

** جەلیل گادانی کوڕی ئەحمەد: لە ساڵی 1936 لە شاری مەهاباد لە دایك بووە، ساڵی 1948 بووەتە ئەندامی (حدکا)، لە ژیانی سیاسیدا بە شەش جار زیندانی (13) ساڵی لەزینداندا بردۆتەسەر، بڕوانامەی بەکالۆریۆسی لە زمانی فەرەنسیدا بەدەستهێناوە، ساڵی 1988 لەگەڵ بەشێك لە ئەندامانی تری ڕێبەری لە (حدکا) جیابوونەتەوەو پارتێکی تریان بە ناوی (حدکا- ڕێبەرایەتی شۆڕشگێڕ) دامەزراندووە، دواتر لە ساڵی 1997دا چۆتەوە نێو ڕیزەکانی (حدکا). ئێستاش وەك کەسایەتیەکی سیاسی لەدرێژەدان بە خەبات بەردەوامە.(هۆشمەند عەلی مەحمود: ڕۆژهەڵاتی کوردستان، ل48).

*** شێخ عیزەددین حوسێنی: لە ساڵی 1921 لەدایك بووە، لە سەردەمی دەسەڵاتدارێتی محەمەد ڕزا شادا لە مزگەوتی گەورەی مەهاباد پێشنوێژو وتارخوێن بووە، ئەندامی کۆمەڵەی (ژ. ك) بووە، بەهۆی ئەو پێگە ئاینیو کۆمەڵایەتیەی کە هەیبووە، خەڵکێکی زۆری لە دەوری خۆی کۆکردۆتەوە، لە خۆپیشاندانەکانی شاری مەهابادو لە دوای سەرکەوتنی شۆڕشو هەوڵەکانی گەلی کورد بۆ بە دەستهێنانی مافەکانی گەلی کورد لە چوارچێوەی ڕژێمی نوێدا ڕۆڵی هەبووە، بە یەکێك لە هاوکارەکانی کۆمەڵە ناسراوە، ئێوارەی 11/2/2011 لە وڵاتی سوید کۆچی دوایی کردووە، تەرمەکەی بۆ باشوری کوردستان هێنراوەتەوەو لە گردی سەیوانی شاری سلێمانی بە خاك سپێردراوە. (هۆشمەند عەلی مەحمود: ڕۆژهەڵاتی کوردستان، ل48).

تەلقینی دەدات، کە ئەوانەش کاریگەری خۆیان لەسەر جولآندنی هەستی بەشدار بوون ـخا، دوای کۆتاییهاتنی پرسەی ناوبراو، لە ڕۆژی سێیەمدا، بە بەشداری زیاتر لە (20) هەزار کەسی شوێنە جیاوازەکانی کوردستان لە شوێنی پرسەکەیەوە لە خانەقای ـعمرییەوە بە ڕێپێوان دەچنە سەر گۆڕەکەی، پاش خوێندنەوەی چەند وتارێك لەلایەن چەند کەسایەتیەکی سیاسی کوردەوە، لە گەڕانەوەدا دەچنە سەر گۆڕی سلێمانی موعینی‌و مەلا مەحمودی زەنگەنە، ڕێبەرانی جولآنەوەکەی سالآنی (1967- 1968)* ، لەوێوە دەڕژێنە سەر شەقام‌و دەستدەکەن بە هوتاف‌و دروشم دژی ڕژێم‌و بۆ ناو شاری مەهاباد دەگەڕێنەوەو لە مەیدانی چوارچرا لەلایەن ژەندرمەوە بلآوەیان پێدەکرێت[2]. بەمجۆرە خۆپیشاندان لە ڕۆژهەلآتی کوردستان دەستیپێکردو تا سەرکەوتنی یەکجاری شۆڕش‌و کۆتایهێنان بە فەرمانڕەوایی پەهلەوی بەردەوامبوو.

دواجار خومەینی دوای (15) سالّ دووری لە ولآت، لە ڕۆژی 1ی شوباتی 1979دا، بە فڕۆکەی (کۆمپانیای ئێرفرانس) بە یاوەری (50) کەس لە دۆست‌و نزیکانی‌و (150) ڕۆژنامەنووس بۆ ئێران گەڕایەوە[3]. و پێشوازییەکی چەند ملیۆنی لێکرا کە لە مێژووی ئێراندا بێ وێنە بوو، پاشان بە هەلیکۆپتەر سەردانی بەهەشتی زەهرای کرد، لەوێ وتارێکی خوێندەوەو تیایدا حکومەتی بەختیاری بە نایاسایی لە قەلّەمداو داوای

* جولآنەوەیەکی چەکداری بوو کە لەلایەن (کۆمیتەی شۆڕشگێڕی حزبی دیموکراتی کوردستان) وە کە نزیکەی (100) چەکداریان هەبوو، لە ڕۆژهەلآتی کوردستان لەنێوان سالآنی (1967- 1968)دا دژی ڕژێمی شای ئێران بەرپاکرا، کە نزیکەی (18) مانگ بەردەوامبوو، دواجار دوای لەدەستدانی بەشێکی زۆری ڕابەرو فەرماندەو ئەندامەکانی کۆمیتەی شۆڕشگێڕو کوژرانیان لە چەندین شەڕی نابەرامبەردا لەگەلّ هێزەکانی ڕژێمی شاهەنشاهی، کۆتایی بەو جولآنەوەیە هات‌و ئەوانەشی لە مەرگ ڕزگاریان بوو، ناچاربوون خۆیان بە دەستەوە بدەن یاخود بۆ عێراق هەلآتن. (یاسین سەردەشتی: س. پ، ل510- 532).

([1]) جەلیل گادانی: پەنجا سالّ خەبات کورتە مێژوویەکی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران، بەرگی یەکەم، چاپی دووەم، چاپخانەی خانی، دهۆك، 2008، ل ل220- 221؛ یاسین سەردەشتی: س. پ، ل ل569- 570.

([2]) جەلیل گادانی: پەنجا سالّ خەبات کورتە مێژوویەکی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران، بەرگی یەکەم، چاپی دووەم، چاپخانەی خانی، دهۆك، 2008، ل ل220- 221؛ یاسین سەردەشتی: س. پ، ل ل569- 570.

([3]) ڕۆژنامەی اطلاعات، ژمارە (15774)، 12 بهمن 1357؛ ڕۆژنامەی کیهان، ژمارە (10627)، پنج شنبە 12 بهمن 1357، ص2.

هەڵوەشاندنەوەی کردو هاوکات داوای لە سوپا کرد سەربەخۆ بێت[1]. هەروەها خومەینی ڕایگەیاند تا لەسەرکارلابردنی بەختیار خۆپیشاندان بەردەوام دەبێت[2].

لە ڕۆژی 5 ی شوباتی 1979دا ئیمام خومەینی (موهەندیس مەهدی بازرگان)* ی بۆ پێکهێنانی حکومەتی کاتی شۆڕش ڕاسپارد، بە مەبەستی بەڕێوەبردنی کاروباری وڵاتو ئەنجامدانی ریفراندۆمی گشتی بۆ گۆڕینی سیستەمی سیاسی وڵات بە کۆماری ئیسلامیو هەڵبژاردنی ئەنجومەنی دامەزراندن لەلایەن خەڵکو دەنگدان لەسەر دەستوری رژێمی نوێو هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەرانی گەل بە پێی دەستوری نوێ[3].

کاتێك لە ڕۆژی یەکشەممە 11ی شوباتی 1979دا پێکدادانەکان بە ترۆپك گەیشت، دەست بەسەر چەند شوێنێکی گرنگی وەك پادگانی گاردی شاهەنشاهی، زیندانی ئەوین، کۆلێژی ئەفسەرانو پادگانی سەرەکی سوپادا دەگیرێت، کاتژمێر (2)ی پاشنیوەڕۆ سەرۆك ئەرکانی سوپا ڕایگەیاند، کە سوپا لە پێکدادانی نێوان بەختیارو شورای شۆڕش بێلایەنە[4]، کە تا ئەو ڕۆژە سوپا لایەنگری شا بوو، شاپور بەختیار هەستیکرد جڵەوی دەسەڵاتی لە دەست دەرچووە، بۆیە خۆی حەشار داو ئامادەبوو بۆ هەڵاتن بۆ دەرەوەی وڵات،[5] لە کاتژمێر (6)ی ئێوارەی هەمان ڕۆژدا ڕادیۆ ڕایگەیاند: "ئێرە تارانە، دەنگی

([1]) طلوعی: م. پ، ص451-452؛ اسیمة چانو: م. س، ص ص152-153.

([2]) یرواند ابراهامیان: م. پ، ص651.

* موهەندیس مەهدی بازرگان: کوڕی حاجی میرزا عەباس قلی خانە، لە ساڵی 1905 لە تاران لەدایك بووە، زانستی ئەندازیاری خوێندووە، لە ساڵی 1952 لە سەردەمی محەمەد مصدق دا سەرۆکایەتی لیژنەی خۆماڵیکردنی نەوتی کردووە، لە ساڵی 1961 پارتی بزوتنەوەی رزگاری ئێران (نهضت ازادی ایران) دروست دەکات پاشان لەگەڵ چەند هێزێکی تردا بەرەی میللی دووەم پێکدەهێنن، لە ساڵی 1963دا بۆ ماوەی چەند ساڵێك دەستگیر دەکرێت، لەسەر داوای خومەینی لە 1979/2/13دا یەکەم حکومەتی کاتی شۆڕش پێکدەهێنێتو لە 1979/11/15 دەست لەکار دەکێشێتەوەو تەنها بە ئەندامی ئەنجومەنی شورا دەمێنێتەوە، بازرگان لە ساڵی 1994 لە تاران کۆچی دوایی دەکات. (محمد وصفی ابو مغلی: م. س، ص25-26؛ باقر عاقلی: م. پ، ص ص250- 266).

([3]) نامەی خومەینی بۆ راسپاردنی بازرگان بە پێکهێنانی حکومەتی نوێ لە محمود طلوعی: م. پ، ص ص455-456؛ فریدون هویدا: م. س، ص327؛ مرکز اسناد انقلاب اسلامی ایران، (انتصاب مهندس بازرگان به نخست وزیری دولت موقت).

([4]) ابراهامیان: م. پ، ص652.

([5]) ویلفرید بوختا: ایران بعد ربع قرن من الجمهوریة الاولى الى الثالثة، ترجمة، فالح حسن، الطبعة الاولى، معهد الدراسات الاستراتیجیة، بغداد، 2006، ص ص3–4؛ فریدون هویدا: م. س، ص330.

ڕاسـتەقینەی ئێـران، دەنگـی شـۆڕش"[1]. بەمـەش شۆڕشـی ئێرانـی سـەرکەوتنی بەدەستهێناو کۆتایی بە حوکمی (2500) ساڵەی ڕژێمی پاشایەتی هاتو پێچرایەوە[2].

شۆڕشی ئێران، گۆڕانکاری گەورەو ڕیشەیی لە سیاسەتی ناوخۆییو دەرەوەی ئێراندا هێنایە کایەوە[3]، لەسەر ئاستی ناوخۆ ئیمام خومەینیو سەرانی شۆڕش سووربوون لەسەر هەڵوەشاندنەوەی ڕژێمی شاهەنشاییو گۆڕینی بە سیستەمی کۆماری ئیسلامی[4]، بۆیە بە مەبەستی گۆڕینی سیستەمی شاهەنشاهی بە کۆماری ئیسلامی، لە ڕیفراندۆمێکدا کە لە 30- 31ی ئازاری 1979 دا لە سەرتاسەری ئێراندا بەڕێوەچوو[5]، بە پێی ئەو ئامارانەی ڕاگەیەندرا، ڕێژەی لە 98٪ ئەوانەی مافی دەنگدانیان هەبوو بەشداریان تیادا کردو لە (97٪)* دەنگدەران دەنگیان بە کۆماری ئیسلامیدا[6].

لە ڕۆژی دواتردا لە 1ی نیسانی 1979 خومەینی بە فەرمی کۆماری ئیسلامی ڕاگەیاندو لە پەیامێکدا کە ئاراستەی گەلانی ئێرانی کرد وتی: "بەیانی 12 فروردین کە یەکەم ڕۆژی حکومەتی خودایە لە گەورەترین جەژنی مەزهەبیو میللیەکانی ئێمەیە، پێویستە میللەتی ئێمە لەم ڕۆژەدا جەژن بگێڕێتو بە زیندوویی ڕایبگرێت، ڕۆژێك کە پایەکانی کۆشکی 2500 ساڵەی حکومەتی طاغوت داڕما، دەسەڵاتی شەیتانی بۆ هەمیشە بارو بنەی پێچایەوەو حکومەتی چەوساوەکان کە حکومەتی خودایە لە جێی ئەو دامەزرا"[7]. هەروەها لە مادەی دوانزەی دەستوری ئێراندا هاتووە کە ئایینی فەرمی

([1])ابراهامیان: م. پ، ص652.

([2]) مرکز اسناد انقلاب اسلامی ایران، (پیروزی انقلاب اسلامی ایران)،

([3]) سرکیس ابو زید: ایران والمشرق العربي مواجهة ام تعاون؟، الطبعة الاولى، مرکز الحضارة لتنمية الفكر الاسلامي، بيروت، 2010، ص81؛ نادر انتصار: م. پ، ص252.

([4]) كمال مجيد: م. س، ص59.

([5]) ڕۆژنامەی اطلاعات، ژمارە (15817)، 9 فروردین 1358، ص8؛
Patrick Clawson and Michael Rubin: Op. Cit. p94.

* لە دەستوری ئێرانیدا هاتوو ڕێژەی 98.2٪ دەنگیان بە دامەزراندنی کۆماری ئیسلامی ئێران داوە. (النص الكامل لدستور الجمهورية الاسلامية الايرانية، الطبعة الثالثة، دار الهدى الثقافية والفنية للنشر الدولي، تهران، 2012، ص17).

([6]) ڕۆژنامەی اطلاعات، ژمارە (15819)، 12 فروردین 1385، ص8؛ ويلفريد بوختا: م. س، ص4؛
Patrick Clawson and Michael Rubin: Op. Cit. p94.

([7]) ڕۆژنامەی اطلاعات، ژمارە (15819)، 12 فروردین 1385، ص8؛ مرکز اسناد انقلاب اسلامی ایران، (روز جمهوری اسلامی).

ئێران ئیسلامە و مەزهەب، مەزهەبی جەعفەری دوانزە ئیمامیە، و ئەم مادەیە بۆ هەتا هەتایە دەمێنێتەوەو قابیلی گۆڕان نییە[1].

کۆماری ئیسلامی ئێران لە سیاسەتی دەرەوەیدا کاری لەسەر هەناردەکردنی شۆڕش دەکردو جەختی لەسەر پێویستی هاوپەیمانی وڵاتەکەی لەگەڵ سەرجەم موسڵمانانو هەموو چەوساوەکانی تری جیهان لە پێناو پێکهێنانی بەرەیەکی جیهانی دژی ستەمکاران دەکردەوە[2]، بۆ ئەو مەبەستە خومەینی لە ساڵی 1979دا فەرمانیکرد بە دامەزراندنی دەزگای پاسەوانی شۆڕش، کە یەکێك لە ئەرکەکانی بریتی بوو لە بڵاوکردنەوەی شۆڕشی ئیسلامی لە جیهاندا[3]. ئەو حکومەتەی لە دنیابینی خومەینیدا بوو، تەنیا لە ئێراندا کورت هەڵنەدەهات، بەڵکو سنورێکی فراوانتری لە دەرەوەی ئێران هەبوو، لە ئەندەنوسیاوە تا دار البیضاء لە مەغریبی دەگرتەوە، بە جیهانی سەوز ناودەبرا کە لە دوو جیهانەکەی تر، سوری شورەوی‌و ڕەشی ڕۆژئاوایی جیا دەکرایەوە[4].

بەرگری لە مافی موسڵمانانو پاڵپشتی چەوساوەکانی جیهان دوو بنەمای گرنگی سیاسەتی دەرەوەی کۆماری ئیسلامی پێکدەهێنن، لە مادەی (152)ی دەستوری ئێراندا دەڵێت: "سیاسەتی دەرەوەی کۆماری ئیسلامی ئێران لەسەر بنەمای ڕێگرتن لەهەر جۆرێك لە جۆرەکانی دەستبەسەرداگرتن یان ملکەچبوون وەستاوە، و پاراستنی سەربەخۆیی تەواو، و یەکێتی خاکی وڵات، و بەرگری لە مافی هەموو موسڵمانان، و بێلایەنی بەرانبەر هێزە باڵا دەستەکان، و ئاڵوگۆڕکردنی پەیوەندی ئاشتیانە لەگەڵ ئەو وڵاتانەی پێکەوە لە جەنگدا نین"[5].

---

(1) النص الكامل لدستور الجمهورية الاسلامية الايرانية، ص29.

(2) تيیری كوڤیل: ايران الثورة الخفية، ترجمة، خليل احمد خليل، الطبعة الاولى، دار الفارابي، بيروت، 2008، ص343.

(3) م. ن، ص202.

(4) یاسین سەردەشتی: س. پ، ل582.

(5) النص الكامل لدستور الجمهورية الاسلامية الايرانية، ص76.

هەروەها لە مادەی (154)ی دەستوری ئێراندا هاتووە: " كۆماری ئیسلامی ئێران هەڵدەستێت بە پاڵپشتی خەباتی ڕەوای چەوساوەكان دژی ستەمكاران لەهەر شوێنێكی جیهاندا بێت"[1]. بەوەش جیهانی دابەشكردبوو بۆ چەوساوان‌و ستەمكاران، هەروەك پشتیوانی لە گەلانی چەوساوەی نائیسلامیش دەكرد[2].

دەتوانین بڵێین سیاسەتی دەرەوەی كۆماری ئیسلامی، ڕەهەندی جیهانی سێیەمی وەرگرتبوو، بە بۆچوونی تیری كوڤیل: ئامانجی سیاسەتی دەرەوەی ئێران پارێزگاریكردن لە ئیسلام نەبوو، بە ئەندازەی ئەوەی پارێزگاریكردن لە چەوساوان‌و تێكۆشان دژی ئیمپریالیزم بوو، بە بەڵگەی ئەوەی ئێران پاڵپشی بەردەوامی نیكاراگوا یان كوبای دەكرد، بەڵام گرنگی بە جەنگی موجاهیدانی ئەفغان نەدا، بەو پێیەی كۆنەپەرستن[3].

هەرچەندە لەو كاتەدا سیستەمی دوو جەمسەری باڵی بەسەر جیهاندا كێشابوو، بەلام ئەوە هیچ كاریگەری لەسەر سیاسەتی دەرەوەی كۆماری ئیسلامی ئێران نەبوو، بەڵكو ڕژێمی تازەی ئێران دروشمی "نە ڕۆژهەڵاتی، نە ڕۆژئاوایی، كۆماری ئیسلامی"یەی كردبووە بنەمای كاركردنی لە سیاسەتی دەرەوەیدا[4]، لەبەر ئەوە لە 1979/3/11دا لە پەیمانی ناوەندی (سەنتۆ)* هاتە دەرەوەو چووە پاڵ (بزوتنەوەی

([1])النص الكامل لدستور الجمهورية الاسلامية الايرانية، ص77.

([2]) فاضل رسول: العراق– ايران اسباب و ابعاد النزاع، الطبعة الثانية، مطبعة دار سردم للطباعة والنشر، سليمانية، 2010، ص68.

([3]) ايران الثورة الخفية: ص344– 345.

([4]) فاضل رسول: م. س، ص68؛ امير محمد حاجى يوسفى: سياست خارجى جمهورى اسلامى ايران در پرتو تحولات منطقةاى (1991-2001)، چاپ سوم، مركز چاپو انتشارات وزارت امور خارجه، 1387، ص64.

* پەیمانی سەنتۆ (CENTO): لە سەرەتادا پەیمانی بەغدا بوو لە نێوان عێراق‌و توركیاو ئێران‌و پاكستان‌و بەریتانیادا لە ساڵی 1955دا بەسترا، دوای شۆڕشی 14ی تەموزو دامەزراندنی كۆماری عێراق، لە ئازاری 1959دا عێراق لە پەیمانی بەغدا كشایەوە، بەوەش ناوەكەی گۆڕا بۆ پەیمانی سەنتۆو بارەگاكەشی لە بەغداوە بۆ ئەنقەرە گواسترایەوە. (اسماعيل صبرى مقلد: العلاقات السياسية الدولية، دراسة في الاصول والنظريات، الطبعة الخامسة، منشورات ذات السلاسل، الكويت، 1987، ص ص360– 363).

وڵاتانی بێلایەن)* [1]، بۆ ئەو مەبەستە وەزیری دەرەوەی ئێران بەشداری لە کۆنگرەی وڵاتانی بێلایەن لە (هاڤانا) لە ساڵی 1979دا کرد[2]. بەوەش کۆتایی بەو ڕۆڵەی ئێران هێنا کە پێشتر لە سەردەمی شادا وەك "پۆلیسی کەنداو" دەیبینی[3].

وێڕای ئەوەی پەیوەندی دیبلۆماسی لەگەڵ ئیسرائیلدا پچڕاندو نوسینگەی باڵیۆزخانەی ئەو وڵاتەی لە تاران دا بە ڕێکخراوی ڕزگاریخوازی فەلەستینی[4]، هاوکات لەژێر کاریگەری ئیمام خومەینیشدا ژمارەیەکی زۆری خەڵكو خوێندکارانی زانکۆ، ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکایان بە شەیتانی گەورە ناودەبرد[5].

سەرکەوتنی شۆڕشی ئێران بە تەنها نەبووە هۆی گۆڕانی ڕەوشی سیاسی لە ناوچەکەدا، بەڵکو بووە خاڵی وەرچەرخان لە پەیوەندی نێوان عێراقو ئێراندا، کە نزیکبوونەوەیان لە یەکتری لە ساڵی 1975ەوە بەردەوامبوو[6]، لەگەڵ سەرکەوتنی شۆڕش پەیوەندییەکانی نێوان ئەو دوو وڵاتە گرژی تێکەوت، بە تایبەتی کاتێك لە بروسکەی خومەینیدا بۆ وەڵامی ئەحمەد حەسەن بەکر (السلام علی من اتبع الهدی) هاتبوو[7].

---

* بزوتنەوەی وڵاتانی بێلایەن: بریتیە لەو وڵاتانەی بۆ پاراستنی سەربەخۆیی خۆیان لە ململانێی جەنگی ساردی نێوان هەردوو بلۆکی ڕۆژهەڵاتو ڕۆژئاوا، لە سیاسەتی دەرەوەیاندا بێلایەنییان گرتە بەر، بۆ ئەوە یەکەم کۆنگرەیان لە باندۆنگ لە ئەندۆنوسیا لە نیسانی 1955دا گرێدا، پاشان بە شێوەیەکی فەرمی لە ساڵی 1961دا دامەزرا، لە کۆنگرەی کۆلۆمبۆی ساڵی 1976دا (86) وڵاتی ئەندام لە کیشوەرەکانی ئاسیاو ئەفریقاو ئەمریکای لاتینو ئەوروپا بەشدار بوون. دوا کۆنگرەی شانزەیەمی لە ساڵی 2012 لە تاران بەست. (عبدالوهاب عباس القيسي و عبدالجبار عطيوي جاسم و طارق نافع الحمداني: تاريخ العالم الحديث 1914-1945، الطبعة الاولى، د.م، 1983، ص ص202- 203).

[1] امیر محمد حاجی یوسفی: م. پ، ص63؛ تیپی کوڤیل: م. س، ص347.

[2] فاضل رسول: م. س، ص79.

[3] سرکیس ابو زید: م. س، ص81.

[4] Jubin M. Goodarizi: Syria and Iran, Diplomatic Alliance and Power Politics in the Middle East, New York, 2006, p21؛ تیپی کوڤیل: م. س، ص347.

[5] گۆران ئیبراهیم ساڵح: س. پ، ل84- 85.

[6] فاضل رسول: م. س، ص45.

[7] ڕێباز: س. پ، بەشی یەکەمو دووەم، ل152.

لەگەڵ سەرکەوتنی شۆڕشی ئیسلامی ئێراندا بەغدا ترسێکی زۆری لێنیشت کە جوڵانەوەی ئایینی لە ناوچەکەو لە ناو عێراقدا پەرەبسێنێت[1]، بەتایبەتی دوای دەرکەوتنی هۆکاری مەزهەبیو پەنابردنی شیعەی عێراق بۆ ئێران، و بڕیاری خومەینی بە هەناردەکردنی شۆڕش بۆ دەرەوە بەتایبەتی بۆ عێراق، بێجگە لەوەی زۆرترین سنوری وشکانی لە نێوانیاندا هەیە، لەلایەکی ترەوە شیعەی عێراق نزیکەی (60٪)* ی دانیشتوانی ئەو وڵاتەی پێکدەهێنا، ئەمە وێڕای بوونی چەندین شوێنی پیرۆزی ئایینی لای شیعە لە عێراقدا[2]. هاوکات ئێرانیەکان پێیان وابوو عێراق ڕێگایە بۆ قودس، کاتێك دەیانووت "ڕێگای قودس بە کەربەلادا تێدەپەڕێت"[3].

هێشتا خومەینی لە (نۆفل لو شاتو) بوو لە فەرەنسا، ڕایگەیاند ئەگەر لە ئێران دەسەڵات بگرێتە دەست، کار بۆ ڕووخاندنی ڕژێمی بەعس لە عێراق دەکات[4]، لەبەر ئەوەی سەدام لەسەر داوای شای ئێران لە ساڵی 1978دا خومەینی لە عێراق

([1]) سامی شۆڕش: عێراق و دەوروبەری کورد لەو ناوەندەدا، چاپی یەکەم، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر، 2002، ل72؛ فلاح خلف محمد: اتفاقية الجزائر 1975 مقدماتها و نتائجها، دراسة تاريخية، رسالة ماجستر غير منشورة مقدمة الى مجلس المعهد العالي للدراسات السياسية والدولية/ الجامعة المستنصرية، 2006، ص126.

* سەبارەت بە ڕێژەی شیعەی عێراق زانیاری و سەرژمێرییەکی وردو تەواو لەبەر دەستدا نییە، و جیاوازی لە نێوان سەرچاوەکاندا هەیە، حازم صاغیە بە (60٪) دادەنێت. (حازم صاغية: بعث العراق، سلطة صدام قياما وحطاما، الطبعة الثانية، دار الساقي، بيروت، 2004، ص105)، فرهاد درویشی بە زیاتر لە (55٪) دادەنێت. (فرهاد درویشی سەتلانی: جنگ ایران و عراق، پرسش ها و پاسخ ها، چاپ هفتم، مرکز اسناد دفاع مقدس (مطالعات و تحقیقات جنگ)، تهران، 1390، ص119)، هەروەها لیام ئەندەرسن و گاریپ ستانسفیلد ڕێژەی شیعەی عێراق بە لە (55٪- 60٪) دادەنێت. (Liam Anderson and Gareth Stansfield: The future of Iraq, Dictatorship, Democracy, or Division, First edition, U.S.A, 2004, P20).

([2]) مثنى امين قادر: م. س، ص163؛ پیتەرو گالبریت: س. پ، ل24؛ هێرش عەبدوڵڵا حەمە کەریم: پەیوەندییە سیاسیەکانی نێوان هەرێمی کوردستان و دەوڵەتانی دراوسێ، ئێران و تورکیا و سوریا (1991-2003) تێزێکی دکتۆرای بڵاونەکراوەیە، پێشکەشی بەشی مێژووی سکوڵی زانستە مرۆڤایەتیەکانی زانکۆی سلێمانی کردووە، 2012، ل41.

([3]) مثنى امين قادر: م. س، ص163.

([4]) جمال فتح الله، س. پ، ل158.

دەرکردبوو، ئەوەش کاریگەری هەبوو لەسەر هەڵوێستی خومەینی بەرامبەر ڕژێمی عێراق، بۆیە ڕقی لە ڕژێمی بەعس بوو[1]، هەروەها لە ماوەی (14) ساڵ مانەوەیدا لە نەجەف، دڕندەیی بەعسی بەرانبەر شیعەکانو سەرکوتکردنیانی بە چاوی خۆی بینیبوو[2]. بۆیە ئێران هانی شیعەکانی عێراقی دەدا دژی دەسەڵاتی ڕژێمی بەعس ڕاپەڕن[3].

دوای گەڕانەوەی خومەینیو سەرکەوتنی شۆڕشی ئێران کاریگەری گەورەی لەسەر شیعەی عێراق هەبوو، و پارتە ئۆپۆزسیۆنە شیعەکانی عێراق ڕۆڵیان لە بێدارکردنەوەی خەڵکدا بینی، بەشێوەیەك بوونە مایەی مەترسی بۆ سەر ڕژێمی بەعس، بەتایبەتی کە خومەینی بەهۆی ئەوەی (14) ساڵ لە عێراقدا بوو، پەیوەندییەکی بەهێزی لەگەڵ پارتی دەعوەو بنەماڵە گەورە ئایینییەکانی شیعە لەو وڵاتەدا هەبوو[4]. بۆیە هەر لە شوباتی 1979دا، چالاکی سیاسی بە لێشاوی شیعەی عێراقو خۆپیشاندان دژی ڕژێمی بەعس لە (نەجەفو کەربەلا) سەریانهەڵدا[5]، ئەویش بە سەرپەرشتی (حزبی دەعوە)* و لەژێر کاریگەری پەیامی خومەینی بۆ بێداری ئیسلامیدا بوو، بە جۆرێك زۆرێك لە جەماوەری

([1]) پیتەرو گالبریت: س. پ، ل24؛ فاضل رسول: م. س، ص93.

([2]) پیتەرو گالبریت: س. پ، ل24.

([3]) گۆران ئیبراهیم سالح: س. پ، ل85.

([4]) حبیب الله ابو الحسن شیازی و کامران طارمی: نقش گروەهای معارض در روابط ایرانو عراق (1375-1378)، چاپ اول، چاپخانه مرکز اسناد انقلاب اسلامی، تهران، 1384، ص ص68- 69.

([5]) نادر انتصار: م. پ، ص ص252-253.

* پارتی دەعوەی ئیسلامی: لە ساڵی 1957 وەك پەرچەکردارێك بۆ بڵاوبوونەوەی شیوعیەت لە عێراقدا دامەزراوە، هەر لەو ساڵەدا یەکەم کۆبوونەوەی خۆی لە ماڵی (سەید محسن الحکیم) لە شاری نەجەف گرێداوە، یەکەم دەستەی سەرکردایەتی پێکهاتووە لە (محەمەد باقر ئەلسەدر، محەمەد باقر ئەلحەکیم، محەمەد مەهدی ئەلحەکیم، مورتەزا عەسکەریو محەمەد سادق ئەلقاموسی)، ئەو پارتە لە مێژووی خۆیدا چەند جار تووشی جیابوونەوەو لێکترازان بووە، دوا گروپ کە جیابوونەوە پارتێکی سیاسییان بە ناوی (پارتی دەعوەی ئیسلامی_ ڕێکخستنی عێراق) دروستکرد، ئیبراهیم جەعفەریش لە ساڵی 2008 دا جیابووەوەو ڕێکخراوێکی سیاسی بە ناوی (بزوتنەوەی چاکسازی نیشتمانی) ڕاگەیاند، ئێستاش نوری مالکی سەرۆك وەزیرانی عێراق سەرۆکی (پارتی دەعوەی ئیسلامی)یە. (حەسەن بارام: مەوسوعەی پارتە سیاسیەکانی کوردستانو عێراق 1908-2005، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕەهەند، سلێمانی، 2012، ل ل205- 207؛ محەمەد فاتیح: حزبو ڕێکخراوە سیاسیە عیراقیەکان 1910- 2010، ئەکادیمیای هۆشیاریو پێگەیاندنی کادیران، سلێمانی 2012، ل ل114- 116).

خۆپیشاندەر وێنەی خومەینیو دروشمی (بەڵێ بۆ ئیسلام، نەخێر بۆ ئەفلەق* و سەدام)یان بەرز کردبۆوە، بەدەر لەوەش محەمەد باقر سەدر (1935– 1980) زانای ئایینیو ڕابەری حیزبی دەعوە، بە ئاشکرا پشتگیری لە شۆڕشی ئێران دەکرد، و هەوڵیدەدا سیستەمێکی هاوشێوە لە عێراقدا بەرجەستە بکات[1].

بۆیە عێراق لەلای خۆیەوە سەفەرکردنی هەر هاوڵاتیەکی عێراقی بۆ هەر مەبەستێك بۆ ئێران قەدەغە کرد، ئەمەش لەبەر ئەوەی پارتە ئۆپۆزسیۆنە عێراقیەکان، بە کوردو عەرەبەوە لە ناو سنوری ئێراندا کەوتبوونە جموجوڵو نواندنی چالاکی سیاسی[2].

لەژێر کاریگەری شۆڕشی ئێراندا لە هاوینی 1979دا گۆڕانکاری سیاسی گەورە لە ناوچەکەو بەتایبەتی لە عێراقدا ڕوویدا، ئەویش گرتنەدەستی تەواوی دەسەڵاتەکانی وڵات بوو لەلایەن (سەدام حسێن)ەوە[3]، کاتێك لە کاتژمێر (8)ی ئێوارەی ڕۆژی 1979/7/16دا ئەحمەد حەسەن بەکر، لە ئێستگەو تەلەفزیۆنی بەغداوە دوا وتاری خوێندەوەو دەستلەکارکێشانەوەی لە سەرۆك کۆماری ڕاگەیاند، هۆکارەکاشی بۆ باری تەندروستی گێڕایەوەو سەدام حسێن چووە شوێنیو بۆ وەرگرتنی پۆستی سەرۆك کۆماری سوێندی دەستوری خوارد[4]. بەمەش زەمینە بۆ سەدام حسێن ڕەخساو تەواوی دەسەڵاتەکانی بۆ خۆی قۆرخکرد، لەیەك کاتدا بوو بە سەرۆك کۆمارو ئەمینداری گشتی پارتی بەعسو فەرماندەی گشتی هێزە چەکدارەکان، لە ڕۆژی دواتردا (17ی تەموز) لە

---

* مەبەست لێی میشیل عفلق (1910- 1979)ی دامەزرێنەری پارتی بەعسە.

([1]) نادر ئینتیسار: ئیتنۆ نەتەوایەتی کوردی، وەرگێڕانی، عەتا قەرەداغی، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڤانع، سلێمانی، 2003، ل170.

([2]) عەلی تەتەر نێروەیی: سیاسەتی حکورمەتی عێراق، بەرگی یەکەم، س. پ، ل56-57؛ حبیب الله ابو الحسن شیرازی و کامران طارمی: م. پ، ص ص71- 72.

([3]) سامی شۆڕش: عێراقو دەوروبەری...، ل72؛ فیبی مار: س. پ، ل281.

([4]) جواد هاشم: مذكرات وزير عراقي مع البكر وصدام ذكريات في السياسة العراقية: 1967– 2000، الطبعة الاولى، دار الساقي، بيروت، 2003، ص339؛ تشارلز تريب: صفحات من تاريخ العراق، بحث موثق في تاريخ العراق المعاصر منذ نشوء الدولة الحديثة حتى اواسط 2002، ترجمة، زينة جابر ادريس، الطبعة الاولى، الدار العربية للعلوم، بيروت، 2006، ص294؛ ماريون فاروق سلوغلت، بيتر سلوغلت: من الثورة الى الديكتاتورية، العراق منذ 1958، ترجمة، مالك النبراسي، منشورات الجمل، د. ت، ص277؛ فرهاد درويشی سەتلانی: م. پ، ص27.

ساڵڕۆژی گەڕانەوەی بەعس بۆ سەر حوکم، یەکەم وتاری لە ڕاگەیاندنەکانی عێراقەوە وەك سەرۆك کۆماری عێراق خوێندەوە[1].

دەتوانین بڵێین بەکر بە کودەتایەکی سپی لە سەر کار لابرا، کە لەلایەن (سەدام حسین)ەوە بەو پشتیوانیەی کە لەناو دەزگا سەربازیو ئەمنیەکاندا هەیبوو ئەنجامدرا.

لە ئەنجامی ئەوەشدا پەیوەندییەکانی نێوان عێراقو ئێران زۆر بەخێرایی بەرەو گرژی زیاتر دەچوو[2]. کاتێك سەدام حسین بوو بە سەرۆك کۆماری عێراق، خومەینی لە ئێزگەی تارانەوە سەرۆك کۆماری نوێی عێراقی بە "تۆکەری شەیتان" لە قەڵەمدا[3]. جگە لەوەی سەدام حسێنی بە کافر دادەناو سزادانی بە ئەرکێکی ئایینی دادەنا[4].

دوای سەرکەوتنی شۆڕشی ئێرانو دامەزراندنی کۆماری ئیسلامی ئێران، نیگەرانی عێراقو ترسی لە ڕاماڵینی دەسەڵاتی لەلایەن شەپۆلێکی ئیسلامی هاوشێوەوە زیادی کرد، بۆیە بەئاشکرا کەوتە هەوڵو تەقەلا بۆ لەباربردنی[5].

لەلایەکەوە حکومەتی عێراق کەوتە خۆنزیککردنەوە لە کوردانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، بۆ دروستکردنی کێشەو گرفت بۆ کۆماری ئیسلامی ئێران[6]، بۆ ئەو مەبەستە دەستیکرد بە هاوکاری مادیو سەربازی هەریەك لە (حدکا)و دەفتەری شێخ عیزەدین حوسەینی، جگە لە هەوڵو یارمەتیدانی بۆ دروستکردنی چەند دەستەو گروپێکی چەکدار بۆ سوودلێوەرگرتنیان لە کاتی پێویستدا، لەوانە (سوپای ڕزگاری) لە ناوچەکانی هەورامانو مەریوان، لە موریدەکانی شێخ عوسمانی نەقشبەندی (بیارە) بە سەرکردایەتی

([1]) فاتح ڕەسول: چەند لاپەڕەیەك...، بەرگی یەکەم، ل98؛ برایم جەلال: چەپکێك...، ل271.

([2]) جەمال نەبەز: ئێستەو پاشەڕۆژی نەتەوەی کورد لەبەر گڕی ئاگری جەنگی عێراقو ئێران دا، چاپی دووەم، هەولێر، 2008، ل40.

([3]) ساندرامك کی: ایرانی ها ایران، اسلامو روح یك ملت، ترجمه، شیوار ویگریان، چاپ اول، چاپ شمشاد، تهران، زمستان 1380، ص325.

([4]) هێرش عەبدوڵلا حەمە کەریم: پەیوەندییە سیاسیەکانی نێوان هەرێمی کوردستانو دەوڵەتانی دراوسێ...، ل42.

([5]) فاتح ڕەسول: چەند لاپەرەیەك لە مێژووی خەباتی گەلی کوردمان، ڕووداو و بەڵگەنامە 1980- 1981، بەرگی دووەم، چاپی یەکەم، سوید، 1992، ل149؛ نەوشیروان مستەفا ئەمین: پەنجەکان یەکتری ئەشکێنین، دیوی ناوەوەی ڕوداوەکانی کوردستانی عێراق 1979- 1983، بەرلین، 1997، ل170.

([6]) ڕێباز: س. پ، بەشی یەکەمو دووەم، ل200.

شێخ مادیحی کوڕی پێکیهێنابوو[1]، هەروەها بڕێکی زۆر چەك و تەقەمەنی بەسەر ئاغاو سەرۆك هۆزو خێڵەکانی کورددا دابەشکرد[2]، ئەمە جگە لەوەی کەوتە خۆنزیککردنەوەو واڵاکردنی سنور بۆ دالدەدانی نەیارانی ڕژێمی نوێ، کە پێکهاتبوون لە شاپور بەختیارو ئەفسەرانی سوپاو (ساواك)و کاربەدەستانی ڕژێمی شای پێشوو[3].

بە پێی بەڵگەنامەیەکی بەریتانی سوپای ڕزگاری شێخ عوسمانی نەقشبەندیی، لەلایەن عێراقەوە کۆمەکی دەکرا، گومانی ئەوەشیان هەبووە پەیوەندی لەگەڵ شاپور بەختیاردا هەبووبێت[4].

لەلایەکی ترەوە هەوڵێدەدا بۆ کەمکردنەوەی ناڕەزاییو ڕاکێشانی کوردانی باشوری کوردستان بە لای خۆیدا، سەدام حسێن لە بەهاری 1979دا سەردانی شاری سلێمانیو هەولێری کردو لە وتارێکدا کە لە قەشقوڵی (دوکان) خوێندیەوە، وتی: "ئا لەم ڕۆژەدا کە شایی جێژنی ناسیۆنالی گەلی کوردمان دەگێڕین، دەبینین گەلێك ناسیۆنالیتەی گەلە دراوسێکانمان هێشتا بۆ ئەوە خەبات دەکەن کە بگەنە بەشێکی ئەوەی ئێوە پێی گەیشتوون...ئێوە دەزانن هەندێك لە گەلانی نێوچەکە "مەبەستی گەلانی ئێران بوو" هێشتا هەر خەبات دەکەنو، قوربانی بە نرخ دەدەن بۆ ئەوەی بەشێك لەوەیان دەستکەوێ کە گەلەکەمان لە وڵاتی عێراقدا هێناویەتەدی"[5]. هەروەها ڕایگەیاند کە ڕێژەی لە 30٪ بودجەی ساڵی 1979ی عێراق بۆ هەرسێ پارێزگای سلێمانیو هەولێرو دهۆك تەرخانکراوە، بەڵام بەشی هەرەزۆری ئەو بودجەیە بۆ ڕاکێشانی ڕێگاوبان بە مەبەستی بەکارهێنانی بۆ کاری سەربازی خەرجکرابوو، تەنها بڕێکی کەم نەبێت بۆ پرۆژەی خزمەتگوزاریو پەروەردەو فێرکردن خەرجکرا، بەشێوەیەك لە ڕێژەی 5٪ ئەو بودجەیە تێپەڕی نەدەکرد[6].

([1]) فاتح ڕەسول: چەند لاپەرەیەك...، بەرگی دووەم، ل149- 150؛ نەوشیروان مستەفا ئەمین: پەنجەکان...، ل127.

([2]) کریس کوچرا: جنبش ملی کرد و خواست استقلال، ترجمه، عزیز ماملی، چاپ دوم، سلیمانی، 2008، ص237.

([3]) جەمال نەبەز: ئێستەو پاشەڕۆژی ...، ل25؛ فلاح خلف محمد: م. س، ص126.

([4])B.N.A, File No. 245/1, F.C.O, (London) From H.D.A.C. Miers, (Middle East, Dept), to John Graham KCMG (Tehran), 21/2/1980.

([5]) وەرگیراوە لە جەمال نەبەز: ئێستەو پاشەڕۆژی ...، ل24.

([6]) CIA: PA 79- 10330D AuRust 1979, The Kurdish Problem in Perspective, p16.

کاتێك سەدام حسێن جڵەوی دەسەڵاتی گرتە دەستو بوو بە سەرۆك کۆمار، لە ئابی 1979دا لێبوردنێکی گشتی بۆ زیندانیەکان دەرکرد، بەوەش ژمارەیەك زیندانی سیاسی کورد بەر ئەو لێبوردنە کەوتنو ئازاد کران، لە نێویاندا ژمارەیەك کادیرو ئەندامو سەرکردایەتی کۆمەڵە ئازاد کران، کە هەندێکیان چەند ساڵێك بوو لە زینداندا بوون[1].

جگە لەوەی ڕێگەی دا بەو کوردانەی بۆ ناوچەکانی ناوەڕاستو باشووری عێراق دوور خرابوونەوە بۆ کوردستان بگەڕێنەوە[2]، لە نێویاندا بارزانیەکان، بەڵام ئەمانە بۆ زێدو گوندەکانی خۆیان نەگەڕێندرانەوە، بەپێچەوانەوە لە ئۆردوگا زۆرەملێکان لە دەوروبەری هەولێر نیشتەجێکران[3].

هاوکات لەگەڵ ئەوانەشدا حکومەتی عێراق هەوڵیدەدا بۆ ڕاکێشانی پارتە کوردییەکانی نێو جوڵانەوەی ڕزگاریخوازی کوردی باشووری کوردستان بەلای خۆیدا[4]، بۆ ئەوەش هەوڵی ئەنجامدانی دانوستاندنی لەگەڵ هەریەك لە (ی. ن. ك) و (ح. س. ك) و (پ. د. ك) دەدات، بەڵام هیچ ئەنجامێکی لێناکەوێتەوە[5].

وەك دەردەکەوێت شۆڕشی ئێران ڕووداوێکی گەورە گرنگ بوو لە مێژووی ئێرانو ناوچەکەدا لە سەدەی بیستەمدا، کە گۆڕانکاری گەورەی بەدوای خۆیدا هێنا، کۆتایی بە دەسەڵاتی شاهەنشاهی هێناو لەشوێنیدا کۆماری ئیسلامی دامەزرا، لە سیاسەتی دەرەوەشیدا گۆڕانکاری بەرچاوی لێکەوتەوە بەوەی لە بازنەی هاوپەیمانی بلۆکی ڕۆژئاوا هاتە دەرەوەو چووە پاڵ بزوتنەوەی وڵاتانی بێلایەن، بێجگە لەوەی کاری لەسەر هەناردەکردنی شۆڕشو پشتگیری چەوساوانی جیهان دەکرد، هاوکات لەسەر ئاستی هەرێمیش کاریگەری گەورەی لە گۆڕانکارییە ناوخۆییەکانی وڵاتانی دەوروبەردا هەبوو.

([1]) ئەرسەلان بایز: ڕۆژانی سەخت، بەرگی یەکەم، ل93؛ پشکۆ نەجمەدین: ئەزموونو یاد، ئاڵای شۆڕشو حیکایەتەکانی زیندان، بەرگی یەکەمو دووەم، ب. ش، ب. س، ل143؛ برایم جەلال: چەپکێك...، ل271.

([2]) CIA: The Kurdish Problem in Perspective, p16.

([3]) عەلی تەتەر نێرەویی: سیاسەتی حکومەتی عێراق...، بەرگی یەکەم، ل76.

([4]) فاتح ڕەسول: چەند لاپەرەیەك...، بەرگی یەکەم، ل163.

([5]) فاتح ڕەسول: چەند لاپەرەیەك...، بەرگی یەکەم، س. پ، ل164؛ ئەحمەد بانیخێلانی: س. پ، ل357؛ جمال فتح الله، س. پ، ل ل196- 197؛ عەلی تەتەر نێرەویی: سیاسەتی حکومەتی عێراق...، بەرگی یەکەم، ل25.

باسی دووەم: کاریگەری شۆڕشی ئێران لەسەر جوڵانەوەی ڕزگاریخوازی کورد لە باشوری کوردستان:

شۆڕشی ئێران ڕووداوێکی گرنگ بوو لە ناوچەکەدا بەگشتی، ڕەوشی سیاسی نەیارانی عێراق‌و بە تایبەتی جوڵانەوەی ڕزگاریخوازی کوردی بە تەواوی گۆڕی[1]، بە شێوەیەك ‌بو بە خاڵی وەرچەرخان‌و هێڵی جیاکەرەوەی نێوان دوو قۆناغ لە مێژووی جوڵانەوەی ڕزگاریخوازی کورددا[2]، کاتێك دوای سەرکەوتنی شۆڕش‌و نەمانی فەرمانڕەوایی شا، جوڵانەوەی کوردی باشوری کوردستان پێی نایە قۆناغێکی نوێوە لە ڕووی گەشەکردن‌و ‌بەهێزبوونیەوە[3].

هەرچەندە هێزی پێشمەرگەی کوردستان لەو سەروبەندەدا لە خەبات‌و بەرگری‌و چالاکی لەخۆبردووانەدا بوو دژی ڕژێمی بەعس، بەڵام لە باری شکستهێنانی شۆڕشی ئێراندا ئەستەم بوو بتوانێت بەردەوام بێت‌و درێژە بە خەباتی خۆی بدات[4]، بە جۆرێك پشکۆ نەجمەدین، کە یەکێك لە پێشمەرگەکانی شۆڕش بووە لەمبارەیەوە لە کتێبەکەیدا ‌دەنوسێت: "هەر بۆیە دەشێ بگوترێ: ڕووخاندنی رژێمی پاشایێتی ئێران بە پلەی یەکەم‌و هەڵگیرسانی جەنگی ئێراق– ئێران، بە پلەی دووەم. دوو فاکتەری زێدە گرنگی بەردەوامبوونی شۆڕشی "نوێ" بوون!"[5].

تەنانەت هیچ شتێك هێندەی شۆڕشی ئێران کاریگەری ئەرێنی لە جوڵانەوەی کورد ‌نەنا[6]، لانی کەم عێراق هاوپەیمانێکی وەك شای لەدەستداو هیچ هیوایەك لە ئاسۆدا بەدی نەدەکرا لە ئایندەیەکی نزیکدا پەیمانێك لەگەڵ حکومەتی نوێی ئێراندا دژی جوڵانەوەی کورد ببەستێت، ئەمە جگە لەوەی بوو بە سەرەتایەك بۆ سەرهەڵدانی ناکۆکی نێوانیان[7].

---

[1] کریس کۆچێرا: بزوتنەوەی نەتەوەیی کوردو هیوای سەربەخۆیی، بەرگی یەکەم، وەرگێڕانی، ئەکرەمی میهرداد، سەنتەری چاپو پەخشی تەما، سلێمانی، 2002، ل54.

[2] سامی شورش: کردستان والاکراد– الحركة القومية والزعامة السياسية، ادريس بارزاني نموزجا، الطبعة الاولى، مطبعة وزارة التربية، اربيل، 2001، ص150؛ پشکۆ نەجمەدین: ئەزموون‌و یاد، ل90.

[3] ڕێباز: س. پ، بەشی یەکەم‌و دووەم، ل160. پشکۆ نەجمەدین، ئەزموون‌و یاد، ل68.

[4] پشکۆ نەجمەدین: ئەزموون‌و یاد، ل67.

[5] هـ. س، ل68.

[6] نەوزاد عەلی ئەحمەد: پشکۆیەك...، ل167.

[7] ڕێباز: س. پ، بەشی یەکەم‌و دووەم، ل149.

لەگەڵ پەرەسەندنو فراوانبوونی شۆڕشو خۆپیشاندانەکانی ئێران، حکومەتی شای ئێران زیاتر سەرقاڵ دەبوو، بەوەش وەك پێویست نەیدەپرژایە سەر بەجێهێنانی بەڵێنەکانی بە حکومەتی عێراقی دابوو بۆ سەرکوتکردنی جوڵانەوەی کورد، هەرچەندە لە شەڕی (شێنێ)دا زۆر هاوکاری سوپای عێراقی کرد، بەڵام کاری سەرەکی سەرکوتکردنی شۆڕشو خۆپیشاندانەکانی گەلانی ئێران بوو[1].

لەگەڵ هەڵکشانو بەرەوپێشچوونی شۆڕشی ئێرانو توندبوونی گورزی شۆڕشگێڕان بۆ سەر دامودەزگاکانی دەوڵەتی شای ئێران، سنورەکان دەلاقەیان تێدەکەوتو زیاتر لەبەردەم جوڵانەوەی ڕزگاریخوازی کورددا دەکرانەوە، بە جۆرێك پێشمەرگە شەوانە لە سنور دەپەڕینەوەو لە ماڵی گوندەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان پشوویان دەداو خواردنی گەرمیان دەخوارد[2]، لەگەڵ ئەوەی تا دەهات حکومەتو ساواکو سوپای ئەو وڵاتە دەسەڵاتیان لە دەستدەداو کۆنترۆڵی وڵاتیان پێنەدەکرا، بە جۆرێك پاشاگەردانی باڵی بەسەر وڵاتدا کێشابوو، ئەوەش لە بەرژەوەندی جوڵانەوەی ڕزگاریخوازی کورد دەشکایەوە، و بوار ڕەخسا بۆ گەڕانەوەی بەشێك لە ئەندامانی سەرکردایەتی (ی. ن. ك) لە دەرەوەی وڵات، کە هەریەك لە (عومەر شێخموس، د. کەمال خۆشناو، عومەر دەبابە. عادل موڕادو د. فوئاد مەعسوم) یەك لە دوای یەك گەڕانەوەو گەیشتنە ناوزەنگ[3].

کاتێك شۆڕشی ئێران سەرکەوتنی بەدەستهێناو ڕژێمی شای ئێران ڕووخا. گەورەترینو توندترین گەمارۆی سەر جوڵانەوەی کورد، بەتایبەتی لەسەر (ی. ن. ك هەڵگیرا، کە چەند ساڵ بوو بە هاوکاریو هەماهەنگی وڵاتانی هەرێمی بەسەر باشوری کوردستاندا سەپێنرابوو[4]. وێڕای ئەوەی لەو دۆخەدا سنورەکانی کوردستانی ئێران بە ڕووی باشوری کوردستاندا کرایەوە، کە قوڵایی ستراتیژی بۆ کوردستانی عێراق هەبوو. لەوکاتەدا چەندین شارو ناوچەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان کەوتبوونە ژێر دەستی کوردانی ئێرانو (حدکا)[5].

([1]) ڕێباز: س. پ، بەشی یەکەمو دووەم، ل141.

([2]) پشکۆ نەجمەدین: س. پ، ل78.

([3]) برایم جەلال: چەپکێك....، ل243.

([4]) ڕێباز: س. پ، بەشی یەکەمو دووەم، ل197؛ نەوشیروان مستەفا ئەمین: پەنجەکان....، ل158؛ نەوزاد عەلی ئەحمەد: پشکۆیەك....، ل167؛ برایم جەلال: چەپکێك....، ل231.

([5]) ڕێباز: س. پ، بەشی یەکەمو دووەم، ل152؛ فاتح ڕەسول: چەند لاپەڕەیەك....، بەرگی یەکەم، ل48؛ بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە، هۆشەند عەلی مەحمود: ڕۆژهەڵاتی کوردستان.

له ئه‌نجامی ئه‌و بۆشاییه سیاسییه‌ی له قۆناغی کۆتایی شۆڕش‌و دوای ڕووخانی شای ئێران له‌و وڵاته‌دا دروستبوو، (ی. ن. ك) باره‌گای سه‌رکردایه‌تی خۆی بۆ ناو خاکی ئێران بۆ ناوزه‌نگ گواسته‌وه[1]، جگه له‌وه‌ی پێشمه‌رگه ده‌چوونه ناو سنوری ئێران‌و بۆ ماوه‌یه‌کی کورت له گونده‌کانی ئێران ده‌مانه‌وه[2]. هه‌روه‌ك پێشمه‌رگه‌کانی سنوری هه‌ورامان باره‌گایان برده ناوچه‌ی هه‌ورامانی ئه‌ودیو له ڕۆژهه‌ڵاتی کوردستان، له‌وێوه سه‌رپه‌رشتی کاروباری ڕێکخستنه‌کانی یه‌کێتییان له ناوچه‌کانی هه‌ورامان‌و هه‌ڵه‌بجه‌و شاره‌زووردا ده‌کرد[3]. به‌مجۆره ڕووخانی شاو کرانه‌وه‌ی سنوری ئێران، تا ڕاده‌یه‌ك قه‌ره‌بووی به‌شێك له گرفتی ڕاگوێزانی گونده‌کانی باشوری کوردستانی بۆ هێزی پێشمه‌رگه کرده‌وه[4].

جگه له‌وه‌ی پێشمه‌رگه‌کانی (ی. ن. ك) له ناوچه جیاوازه‌کانی باشوری کوردستانه‌وه کاتێك ده‌یانویست بچن بۆ سه‌رکردایه‌تی، له سنور ده‌په‌ڕینه‌وه‌و به‌ناو خاکی ئێراندا به ئۆتۆمبێل ده‌چوون بۆ سه‌رکردایه‌تی له خڕی ناوزه‌نگ، له کاتێکدا پێشتر ده‌بووایه به کۆڵه‌پشت‌و توێشووه‌وه چه‌ندین شه‌و و ڕۆژیان به‌پێ بڕیایه، تا ده‌گه‌یشتنه سه‌رکردایه‌تی[5]. وێڕای ئه‌وه‌ی گه‌لێك جار له ڕێگادا تووشی مه‌ترسی‌و شه‌ڕو ناڕه‌حه‌تی ده‌هاتن.

سه‌رکه‌وتنی شۆڕش‌و ڕووخانی حوکمڕانی شای ئێران گۆڕانکاری ڕیشه‌یی له ته‌رازووی هێز له ناوچه‌که‌دا هێنایه کایه‌وه، هاوکات کوردانی ڕۆژهه‌ڵاتیش ئه‌و ده‌رفه‌ته‌یان قۆسته‌وه‌و خۆیان ڕێکخست‌و ده‌سه‌ڵاتی ناوچه کوردییه‌کانیان گرته‌ده‌ست[6]، و به ده‌ستگرتن به‌سه‌ر بنکه‌و سه‌ربازگه‌کانی ڕژێمی شاو چه‌ککردنیان، له‌لایه‌ن (کۆمه‌ڵه) و (حدکا) و خه‌ڵکی ڕۆژهه‌ڵاتی کوردستانه‌وه، چه‌ك‌و که‌لوپه‌لی سه‌ربازی زۆریان که‌وته ده‌ست[7]، ده‌سه‌ڵاتی کوردانی ڕۆژهه‌ڵات، به‌تایبه‌تی (حدکا) ڕۆژ به‌ڕۆژ له په‌ره‌سه‌ندن‌و

---

(1) جمال فتح الله: س. پ، ل213.

(2) محمد حاجی محمود: س. پ، بەرگی یەکەم، ل265.

(3) پشکۆ نەجمەدین: ئەزموون‌و یاد، ل132.

(4) هـ. س، ل117.

(5) هـ. س، ل ل91، 94.

(6) جاسم خۆشناو: س. پ، ل408.

(7) هۆشمەند عەلی مەحمود: ڕۆژهەڵاتی کوردستان، ل56.

بەهێزبووندا بوو، ڕژێمی نوێی ئێرانیش لەو قۆناغەدا نەکەوتبووە سەر خۆیی‌و بەهۆی بوونی چەندین گرفتی ناوخۆیی لە توانایدا نەبوو کۆنترۆڵی هەموو ئێران بکات، بۆیە نەیدەتوانی هاتووچۆی کوردانی هەردوو دیوو قەدەغە بکات[1]، ئەمەش بۆ یەکەمجار بوو لە دوای کۆماری مەهاباد هێزەکانی دەسەڵاتی ناوەندی ئێران سنورەکانیان چۆڵکردو دەسەڵاتیان نەماو نەیاندەتوانی فشار بخەنە سەر جوڵانەوەی ڕزگاریخوازی کورد[2].

بێگومان گۆڕانکارییەکانی ئێران کاریگەری لەسەر ڕۆژهەڵاتی کوردستان‌و دواجار جوڵانەوەی ڕزگاریخوازی کورد بە گشتی هەبوو، چونکە لە ئێران ژمارەیەکی زۆر کورد بونیان هەیەو لەگەڵ کوردانی باکورو باشوری کوردستاندا هاوسنورن، باشبوونی دۆخی ئەوان مانای باشبوونی ڕەوشی کوردانی پارچەکانی تری کوردستانی دەگەیاند[3]، هەروەها ئازوقەو کەلوپەل‌و چەک‌و تەقەمەنییان بۆ پارتەکانی باشوری کوردستان دەنارد، کە دوای گرتنی پاسگاو پادگانەکانی شا کەوتبووە دەست کوردانی ڕۆژهەڵات[4].

شۆڕشی ئێران کاریگەری ڕاستەوخۆی لەسەر جوڵانەوەی ڕزگاریخوازی کورد لە باشوری کوردستان هەبوو، شان بەشان لەگەڵ بەهێزبوون‌و پەرەگرتنی شۆڕشی گەلانی ئێراندا، هێزی پێشمەرگەی کوردستانیش تا دەهات لە بەهێزبوون‌و بەرەوپێشچووندا بوو، بڕواو متمانەی خەڵکی کوردستان بەهێزترو مەترسییان لە حکومەت کەمتر دەبووەوە، هێزی پێشمەرگە لە گەشەکردندا بوو لە ڕووی چەندێتی‌و چۆنیەتیەوە، بە سەدان کەس لە گەنج‌و لاو و ئەندامانی ڕێکخستنەکانی شارەکانی پارتە کوردییەکان چوونە شاخ‌و لە ڕیزی هێزەکانی پێشمەرگەی کوردستاندا خۆیان بینیەوەو گڕو تینی زیاتریان بە شۆڕشی کورددا[5]، لەلایەکی ترەوە چەندین کەس پەیوەندییان بە ڕێکخستنی شارەکانەوە کردو بەشێوەیەکی بەرچاو گەشەیان کرد[6].

([1]) ڕێباز: س. پ، بەشی یەکەم‌و دووەم، ل197؛ فاتح ڕەسول: چەند لاپەڕەیەك...، بەرگی یەکەم، س. پ، ل48.

([2]) ڕێباز: س. پ، بەشی یەکەم‌و دووەم، ل198.

([3]) هـ. س، ل150.

([4]) نەوزاد عەلی ئەحمەد: پشکۆیەك...، ل144.

([5]) ڕێباز: س. پ، بەشی یەکەم‌و دووەم، ل ل149، 161؛ فاتح ڕەسول: بنچینەی...، ل361؛ پشکۆ نەجمەدین: ئەزموون‌و یاد، ل ل85، 117.

([6]) ڕێباز: س. پ، بەشی یەکەم‌و دووەم، ل ل160- 161.

لەو هەلومەرجەدا وێڕای ئەوەی پێشمەرگە لە ڕووی چەندێتییەوە زیادی کردبوو، هاوکات لە ڕووی چۆنێتیشەوە زیاتر بە ورەو ئومێد بوونو بە بەراورد لەگەڵ پێشتردا پۆشتەو پەرداخترو تێرو تەسەلتر بوونو بواری دەستکەیشتن بە چەکو تەقەمەنییان بۆ ڕەخسابوو، ئەمەش وایکرد لە زۆربەی ناوچەکاندا گورزی بە زەبرو کوشندە لە دوژمن بوەشێنن[1]، بە پێی بەلاغێکی مەکتەبی سەربازی (ی. ن. ك)، کە لە مانگی تشرینی یەکەمی ساڵی 1979دا بڵاویکردۆتەوە، هێزی پێشمەرگەی کوردستان لە ماوەی مانگەکانی (حوزەیران، تەمموز، ئابو ئەیلولی 1979دا، زیاتر لە (150) چالاکی سەربازی لە زۆربەی ناوچەکانی کوردستاندا دژی ڕژێمی بەعس ئەنجامداوە، تەنانەت هەندێك لەو چالاکیانە لەناوجەرگەی شارۆچکەو شارە گەورەکانی وەك (سلێمانی، سەیدسادق، سەنگاو و قەڵادزێ...)دا ئەنجامدراون[2].

کاتێك ڕۆژی 1979/2/18، پادگانی مەهاباد لەلایەن (حدکا) و کوردانی ڕۆژهەڵاتی کوردستانەوە دەستی بەسەردا گیرا، کە کەلوپەلو چەکو تەقەمەنیەکی زۆری تێدا بوو، هەرچی چەکی قورسو دەزگا گەورەکان بوو کەوتنە دەستی (حدکا)، بەشێکی زۆری چەکی سوكو کەلوپەلەکانی پادگانەکەش لەلایەن خەڵكو جەماوەری ڕۆژهەڵاتی کوردستانەوە دەستیان بەسەردا گیرا[3]، کە دواتر لە فرۆشگاو لەسەر شەقامو شوێنە گشتیەکاندا دەفرۆشران، بەشێوەیەك زۆربەی شارو شارۆچکەکان، تەنانەت هەندێك لە گوندەکانیش ببون بە شوێنی فرۆشتنی ئەو شمەكو چەکو تەقەمەنیانە، ئەوەش دەرفەتێکی باش بوو بۆ پارتەکانی باشوری کوردستان تا هێزەکانی خۆیان پۆشتە بکەنەوە[4]. جگە لەوەی پارتەکانی باشوری کوردستان خۆیان توانییان چەکو تەقەمەنی بەدەست بهێنن، هەروەها (حدکا) بڕێك چەکو جبەخانەی بۆ ناردن.

هێزەکانی یەکێتی هاوکاری جەماوەری شۆڕشگێڕی ئێرانیان دژی شا دەکرد[5]، لە کاتی گرتنی پادگانەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا، لە خانێو مەهابادو سەقزو چەند

---

(1) ڕێباز: س. پ، بەشی یەکەمو دووەم، ل198؛ پشکۆ نەجمەدین: ئەزموونو یاد، ل117.

(2) اتحاد الوطنی الکردستانی المکتب العسکری: بلاغ عن عملیات الفدائیة التی نفذتها فصائل انصار الکردستانیة، عدد (1)، تشرین الاول 1979.

(3) فاتح ڕەسول: چەند لاپەڕەیەك...، بەرگی یەکەم، ل68؛ ئەحمەد بانیخێلانی: س. پ، ل350.

(4) فاتح ڕەسول: چەند لاپەڕەیەك...، بەرگی یەکەم، ل68؛ برایم جەلال: چەپکێك...، ل262.

(5) محەمەد حاجی مەحمود: س. پ، بەرگی یەکەم، ل283.

شوێنێکی تر، (ی. ن. ك) یارمەتی خەڵکی ڕۆژهەڵاتو هەریەك لە (حدکا) و کۆمەڵەیان دا، بۆ ئەو مەبەستەش چەند بەرپرسو ژمارەیەك پێشمەرگەی خۆیان بۆ ڕۆژهەڵات نارد، بەوەش چەكو تەقەمەنیەکی زۆریان دەستکەوت[1]، هەروەها حیزبی شیوعیش لە کاتی گرتنی پاسگای مەهاباددا ژمارەیەك چەکی قورسو سوكو دەزگای پەیوەندی بێتەلو هەندێك کەلوپەلی دەستکەوت، سەرەڕای ئەوەی (حدکا)ش هەندێك یارمەتیان دان[2]. هەروەك کاتێك حدکا دەستی بەسەر پادگانی (مەریوان)دا گرت، سێ ئۆتۆمبێلو هەندێك فیشەکیان بە (ی. ن. ك)دا[3].

سەرکەوتنی شۆڕشی ئێرانو دەستگرتنی کوردانی ڕۆژهەڵات بەسەر دامودزگاکانی دەوڵەتی ئێران لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا، هاوکارو یارمەتیدەرێکی باش بوو بۆ جوڵانەوەی ڕزگاریخوازی کوردو پارتە سیاسیەکانی باشوری کوردستان، لەسەرو هەموویانەوە (ی. ن. ك)، کە لە هەموو لایەنەکان زیاتر سودی لێوەرگرتو پەیوەندییەکی هەمەلایەنەو باشتریان لەگەڵ پارتو ڕێکخراوەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا هەبوو[4]، بۆیە لە (صوت الاتحاد)*دا هاتوو: "لە کۆتاییدا ڕژێمی شا لەژێر گورزی گەلدا ڕووخاو ڕووخانی بە تەنها سەرکەوتن نەبوو بۆ گەلانی ئێران بەڵکو سەرکەوتن بوو بۆ هەموو گەلانی ناوچەکەو جوڵانەوەی ڕزگاریخوازی لە جیهاندا"[5].

هەروەها پارتی دیموکراتی کوردستانیش لەو ڕەوشە نوێیەی هاتبووە ئاراوە زۆر سودمەند ببوو، لەو ڕووە کە بە هەزاران لە ئەندامو لایەنگرانی لەژێر چاودێریو بەدواداچوونی (ساواك) ڕزگاریان بوو و ڕێگەیان پێدرا لە شارو ناوچەکانی سەر سنوری

([1]) نەوزاد عەلی ئەحمەد: پشکۆیەك....، ل ل143- 168.

([2]) فاتح ڕەسول: چەند لاپەڕەیەك....، بەرگی یەکەم، ل68؛ ئەحمەد بانیخێلانی: س. پ، ل ل 351، 406.

([3]) فاتح ڕەسول: چەند لاپەڕەیەك....، بەرگی یەکەم، ل125.

([4]) ئەحمەد بانیخێلانی: س. پ، ل351.

* صوت الاتحاد: بلاوکراوەیەکی خولی بووە لە شێوەی ڕۆژنامەدا، لقی ئەورووپای یەکێتی نیشتمانی کوردستان بە زمانی عەرەبی لە نێوان ساڵانی (1976- 1983) دەریکردووە، 8 ژمارەی لێدەرچووە، ژمارە 1ی لە حوزەیرانی 1976و دوا ژمارەشی لە کانوونی دووەمی 1983 دەرکراوە. (نوزاد علی أحمد: صحف الاتحاد الوطني الكردستاني الصادرة في أوروبا باللغة العربية (صوت الاتحاد، الاتحاد، كفاح الانصار) 1976- 1983، مطبعة شڤان، السليمانية، 2009، ص ص12- 13، 17، 79).

([5]) زوال نظام الشاه نصر عظيم لشعوب ايران والمنطقة، صوت الاتحاد، عدد (3)، مارت 1979، ص1.

عێراق نیشتەجێ بن کە تا ڕادەیەك لە دەرەوەی دەسەڵاتی حکومەتی ئێراندا بوو[1].
ـحایەتی کە پارتی بۆ دووبارە ڕێکخستنەوەی سەربازیو چەکداری پشتی بە پەنابەرانی ـشتەجێی ئێران بەستبوو، کە حکومەتی شا ڕێگری چالاکی سیاسی لێکردبوون، بەڵام بە ـەرکەوتنی شۆڕشی ئێران دۆخێکی نوێ هاتە ئاراوە، لە ئەنجامی ئەوەشدا چەندین چـالاکی سەربازی لەسەر سنوری عێراق– تورکیا دژی سوپای عێراقی ئەنجامدا[2]. لەم ڕووەوە مەسعود بارزانی لە کۆنگرەی نۆیەمی پارتیدا (1979/11/10-4) وتی: "گومان لەوەدا نیە کە سەرکەوتنی شۆڕشی گەلانی ئێران بەسەر ڕژێمی شادا سەرکەوتنێکی گەورە بوو بۆ گەلی کوردو بۆ هەموو گەلانی ژێردەست لە جیهاندا"[3].

لەلایەکی ترەوە دوای سەرکەوتنی شۆڕشی ئێران پەنابەرانی باشوری کوردستانیش، وەك هەموو گەلانی ئێران ئازاد بوون، پاش گوزەراندنی چوار ساڵی سەختو پڕ ئازارو مامەڵەی دوور لە مرۆڤانەی ساواك لەگەڵیاندا[4]، پێشتر بەهیچ جۆرێك ئازادییان بەخۆوە نەبینی بوو و ببونە بارمتەی دەستی شای ئێران[5].

لایەنێکی تری ئەرێنی ڕووخانی شا لەسەر باشوری کوردستان، ئەوە بوو کە کۆتایی ئەو دەسەڵاتەیان بینی کە لە ساڵی (1975) خیانەتی لێکردنو پشتی لە گەلی کورد کرد[6].

کاتێك شۆڕشی ئێران سەرکەوت دەرگای پەیوەندیکردنی جوڵانەوەی کورد بە وڵاتانی دەرەوە کرایەوە، نوێنەرانی شۆڕشی کورد لە ڕێگەی ئێرانەوە دەچوونە دەرەوە بۆ ئەوروپا، بۆ گەیاندنی دەنگی کوردو شۆڕشەکەیو ئەو ستەمەی لەلایەن ڕژێمی بەعسەوە دەرهەق بەگەلی کورد دەکرێت، بە ئازادیخوازو مرۆدۆستانی جیهان[7]، ئەمە جگە لەوەی دەرفەتێکی باشی ڕەخساند بۆ ڕۆژنامەنوسانی جیهانی، بۆیە دەبینین چەند ڕۆژنامەنوسێك

([1]) عەلی تەتەر نێروەیی: بزاڤی....، ل115.

([2]) کامران جمال بابان زادە: م. س، ص ص97- 98.

([3]) ڕاپۆرتی سیاسی مەسعود بارزانی بۆ کۆنگرەی نۆیەمی پارتی دیموکراتی کوردستان، لە کتێبی تاریخ الحزب الدیمقراطی الکوردستانی– العراق، م. س، ص381.

([4]) م. ن، ص382.

([5]) کریس کۆچێرا: بزوتنەوەی نەتەوەیی....، ل54.

([6]) حبیب محمد کریم: م. س، ص154.

([7]) ڕێباز: س. پ، بەشی یەکەمو دووەم، ل198؛ برایم جەلال: چەپکێك....، ل ل231-232، 308.

لە ڕێگەی ئێرانەوە ڕوودەکەنە ناوچەکانی ژێر دەستی پێشمەرگە، بەتایبەتی (ی. ن. ك)، وچەند بابەتو وتاریان لەسەر هێزی پێشمەرگەی کوردستانو خەباتی جوڵانەوەی ڕزگاریخوازی کورد لە باشوری کوردستان، لە ڕۆژنامەو کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی جیهانیەوە بڵاوکردەوە[1]. وێڕای هاتنی نوێنەرانی نەتەوەی عەرەبیو پارتی بەعسی سەر بە سوریا بۆ کوردستان بە مەبەستی ئاڵوگۆڕکردنی بیروڕا لەگەڵ نوێنەرانی جوڵانەوەی کورد[2].

دوای شۆڕشی ئێران، بزوتنەوەی سۆسیالیست لە 1979/3/21 لە نیمچەبەرەی (ی. ن. ك) هاتە دەرەوە، لەگەڵ لیژنەی ئامادەکاری (پ. د. ك)دا یەکیان گرتو چوونە (گۆڕەشێر) لە ناو خاکی کوردستانی ئێران، پاشان چوونە (دۆڵە توو)[3]، ئەم جیابوونەوەو ڕۆشتنەیان ناونابوو (کۆچی نەورۆز)[4]. پاشان لە هاوینی 1979دا حزبی سۆسیالیستی یەکگرتووی کوردستان (حسیك)* یان پێکهێنا[5].

وێڕای بوونی چەندین هۆکاری تر[6]، نەوشیروان مستەفا پێی وایە شۆڕشی ئێرانو ئەو بارودۆخە ئازادەی لە ئەنجامی سەرکەوتنی ئەو شۆڕشەدا هاتە ئاراوە، زەمینەیەکی لەبارتری ڕەخساند بۆ جیابوونەوەی بزوتنەوەی سۆسیالیست لە یەکێتی،

([1]) نەوزاد عەلی ئەحمەد: شەرچەرەی کوردایەتی، ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ، ژمارە (5307)، یەکشەمە، 2010/10/27، ل17.

([2]) ڕێباز: س. پ، بەشی یەکەمو دووەم، ل198.

([3]) بڕوانە، باسی یەکەم لە بەشی یەکەمی ئەم توێژینەوەیە.

([4]) شاخەوان عەباس: س. پ، ل238.

* ناوی ئەو پارتە بە حزبی سۆسیالیستی یەکگرتووی کوردستان (حسیك) دەمێنێتەوە تا لە کۆنگرەی یەکەمی ئەو حزبەدا لە 1981/5/12، ناوەکەی بۆ حزبی سۆسیالیستی کوردستان-عێراق (حسك) دەگۆڕن. (بەهرۆز گەلاڵی: س: پ، ل ل94- 98). بۆیە ئێمە بۆ ئەوەی خوێنەر لێی ئاڵۆز نەبێت هەر بە (حسك) ناوی حزبە دەهێنین.

([5]) مسعود عبدالخالق: ناسنامەی حزبە کوردستانیەکان، ڕەوتیان- ئایدیۆلۆژیان- هەڵسەنگاندنیان، چاپی یەکەم، چاپخانەی هێڤی، هەولێر، 2012، ل191.

([6]) بۆ زانیاری زیاتر لەمەڕ جیابوونەوەی حسك لە یەکێتی، بڕوانە، سەلام عەبدولکەریم: ژیانی سیاسی لە باشوری کوردستان 1975- 1991 "سەرهەڵدانی ڕەوتی سۆسیالیستیو دروستبونی حزبی سۆسیالیستی کوردستان وەك نمونە" چاپی یەکەم، چاپو بڵاوکردنەوەی چوارچرا، 2011، ل ل69- 77.

(عەبدولڕەحمان قاسملوو)* ش لەمەدا ڕۆڵی هەبوو، ئەوەش لە بەرامبەر دەستوەردانی تاڵەبانی لە کاروباری ناوخۆی ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا[1]. کە لە هەوڵی دروستکردنی جێگرەوە (بدیل)ی (حدکا)دا بوو، بۆ ئەو مەبەستەش یارمەتی (کۆمەڵە)و (شێخ عیزەدین حسێنی) ئەدا[2].

هەروەها نەوشیروان مستەفا دەڵێت: "حدکایش، بەتایبەتی د. قاسملو، کە ئەو کاتە بووبوون بە هێزێکی گرنگ لە ناوچەکەدا، هانی دابون و بەڵێنی دابونی یارمەتیان بداتو کارئاسانییان بۆ بکات"[3].

بەڵام قادر عەزیز ڕەتیدەکاتەوە (حدکا) لە هاتنەدەرەوەی بزوتنەوە لە یەکێتی هیچ کاریگەرییەکی هەبووبێت، بەڵکو بڕیارێکی سەربەخۆی خودی بزوتنەوە بووە، بەڵام پێشتر (حدکا) لەو هەنگاوە ئاگادار دەکەنەوە، بۆ ئەوەش بزوتنەوەی سۆسیالیست (قادر عەزین) بۆ لای عەبدولڕەحمان قاسملوو دەنێرن تا لە کشانەوەکەو هۆکارەکانی ئاگاداری بکاتەوە، هەروەها ناوبراو هۆکاری تۆمەتبارکردنی (حدکا) لەلایەن یەکێتیەوە بۆ ئەوە دەگێڕێتەوە کە لەو کاتەدا پەیوەندییەکانی نێوان (ی. ن. ك) و (حدکا) لە ئاستێکی زۆر خراپدا بوو[4].

---

* عەبدولڕەحمان قاسملوو: باوکی ناوی محەمەدە، لە ساڵی 1930 لە دۆڵی قاسملوو لە نزیك شاری ورمێ لە دایك بووە، بڕوانامەی بەکالۆریۆس لە ئابوری سیاسی لە ساڵی 1952و دکتۆرا لە ساڵی 1962 لە سەر هەمان بوار لە زانکۆی پراگ بەدەستدەهێنێت، چەند زمانی جیاوازی زانیوە، دوای گیرانی چیکوسلۆڤاکیا لەلایەن سۆڤیتەوە، بە یەکجاری ئەو وڵاتە بەجێدەهێڵێتو ڕوودەکاتە فەرەنسا، لە ساڵی 1970 بۆ عێراق دەگەڕێتەوە، لە کۆنفرانسی سێیەمی (حدکا) دا لە کۆیە لەساڵی 1971 بە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی هەڵدەبژێردرێتو دوای سێ ڕۆژ لە کۆبوونەوەی کۆمیتەی ناوەندی ئەو پارتەدا بە سکرتێری (حدکا) هەڵدەبژێردرێت، لە ئەیلولی1978 دا بۆ بەغدا دەگەڕێتەوەو پێش سەرکەوتنی شۆڕشی ئێران بە کەمتر لە سێ مانگ دەچێتە شاری مەهاباد بۆ خەباتو هاندانی خەڵك دژی ڕژێمی شا، لە 3/8/1979 بە ئەندامی ئەنجومەنی شارەزایان (مجلس خبرگان) هەڵدەبژێردرێت، لە 13ی تەمموزی 1989 دا لە ڤیەننا لەکاتی ئەنجامدانی گفتوگۆ لەگەڵ وەفدی کۆماری ئیسلامی ئێراندا دەکوژرێت. (هۆشمەند عەلی مەحمود: عەبدولڕەحمان قاسملوو، ژیانو ڕۆڵی سیاسی لە بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی کورددا 1930- 1989 "توێژینەوەیەکی مێژوویی سیاسییە"، چاپی یەکەم، چاپخانەی شەهاب، هەولێر، 2007).

([1]) وەرگیراوە لە عەلی تەتەر نێروەیی: بزاڤی...، ل109.

([2]) هۆشمەند عەلی مەحمود: ڕۆژهەڵاتی کوردستان، ل355.

([3]) نەوشیروان مستەفا ئەمین: پەنجەکان...، ل33.

([4]) نامەی قادر عەزیز بۆ توێژەر.

به گوێرەی ئەوانەش دەتوانین بڵێین بڕیاری هاتنە دەرەوەو جیابوونەوەی بزوتنەوەی سۆسیالیست لە نیمچەبەرەی یەکێتی، بڕیارێکی سەربەخۆی بزوتنەوە خۆی بووە، بەڵام دوای ئاگادار کردنەوەی قاسملوو لەو هەنگاوە پشتگیری کردوون، چونکە لەو کاتەدا پەیوەندییەکانی (حدکا) و (ی. ن. ك) خراپ بوو، لەبەر ئەوەی جەلال تاڵەبانی دەستی لە کاروباری ناوخۆی ڕۆژهەڵاتی کوردستان وەردەدا.

هاوکات شۆڕشی ئێران و دامەزراندنی کۆماری ئیسلامی کاریگەری ڕاستەوخۆی لەسەر پەرەسەندنی ڕەوتی ئیسلامی لە جیهان و لەنێویاندا لە باشوری کوردستاندا هەبوو[1]، لە ساڵی 1979دا، دوای تێپەڕبوونی هەشت ساڵ بەسەر هەڵوەشاندنەوەی ئیخوان لە ساڵی 1971دا[2]، یەکەم ڕێکخستنی ئیخوان لە باشوری کوردستان بە شێوەیەکی ڕێکخراو دەستی بەکار کرد، کە بناغەی ئەم کارە لە لایەن (سدیق عەبدولعەزیز)* ەوە دانرا، لەبەر ئەوەشە بە هێڵی سدیق عەبدولعەزیز ناسراوە[3].

دەتوانین بڵێین سەرکەوتنی شۆڕشی ئێران ڕووداوێکی گەورەو کاریگەر بوو لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ناوچەکەدا، کاریگەری لەسەر گۆڕانکارییەکانی ناوچەکەو وڵاتانی

([1]) ئیدریس سیوەیلی: ڕەوتی ئیسلامی...، ل98.

([2]) ئیخوان موسلمین لە چەند شارو شارۆچکەیەکی کوردستاندا وەك سلێمانی و هەڵەبجەو هەولێرو ئاکرێو دهۆك و زاخۆ ڕێکخستنی هەبووە بۆ زانیاری زیاتر لەسەر مێژووی دامەزراندنی ئەو ڕێکخستنانەو چالاکیەکانیان بڕوانە، ایمان عبدالحمید الدباغ: الاخوان المسلمون في العراق 1959- 1971، دار المامون للنشر، عمان، 2011، ص ص263- 284.

* سدیق عەبدولعەزیز محەمەد: ساڵی 1939 لە گوندی پریسی سەروو لەدایك بووە، لە قوتابخانەکەی باوکیدا لەسەر دەستی مامۆستا مەلا عوسمان زانستە شەرعیەکانی خوێندووە، پاش بەشداریکردن لە خولی وەزارەتی پەروەردەدا بووەتە مامۆستای سەرەتایی، ساڵی 1960 پەیوەندی بە ئیخوان موسلمینەوە دەکات و ئەندامی یەکەم شانەی ئیخوان بووە لە هەڵەبجە، ساڵی 1979 شانەی ڕێکخستنە نوێیەکانی ئیخوانی دروستکردۆتەوە، ساڵی 1987 کۆچی کردووە بۆ ئێران، کاتێك ساڵی 1992 لەگەڵ کۆمەڵێك چالاکوانی ئیسلامی بزوتنەوەی ڕاپەڕینی ئیسلامی ڕادەگەیەنن، دەبێتە ئەمینداری گشتی، ساڵی 1999 دەبێتە جێگری ڕابەری گشتی بزوتنەوەی یەکبوونی ئیسلامی، لە نێوان ساڵانی 2009- 2012 ڕابەری گشتی بزوتنەوەی ئیسلامی بووە، ئێستاش کەسایەتیەکی سەربەخۆیە. (ئیدریس سیوەیلی: لە هەناوی ئیخوانەوە بۆ چەخماخەی چەك، کۆمەڵە دیدارێکە دەربارەی مێژووی ڕەوتی ئیسلامی کوردستان، چاپی یەکەم، چاپخانەی شڤان، سلێمانی، 2009، ل33).

([3]) ئیدریس سیوەیلی: ڕەوتی ئیسلامی...، ل103.

دەوروبەر هەبوو، لە نێویاندا کاریگەری ڕاستەوخۆی لەسەر جولانەوەی ڕزگاریخوازی کورد لە باشوری کوردستان هەبوو، لە هەمان کاتدا بووە هۆی بوژانەوەی جولانەوەی کوردو هەلگرتنی ئەو گەمارۆیەی خرابووە سەر شۆڕشی کوردو کردنەوەی دەرگای پەیوەندی بە ولاتانی دەرەوە لەبەردەمیدا، ئەو شۆڕشە بە شێوەیەك کاریگەری هەبوو دەتوانین بلێین، لە حالەتی ڕوونەدانیدا یاخود سەرنەکەوتنیدا،.بەردەوامبوونی جولانەوەی ڕزگاریخوازی کورد لە باشوری کوردستان کارێکی ئەستەمو لە کردن نەهاتوو بوو.

باسی سێیەم: پەیوەندییەکانی ئێرانو پارتە سیاسیە کوردییەکانی باشوری کوردستان:

دوای سەرکەوتنی شۆڕشی ئێران، سەرجەم پارتە سیاسیەکانی باشوری کوردستان خۆشحاڵی خۆیان لەمەڕ سەرکەوتنی ئەو شۆڕشە دەربڕی، و بە مەبەستی دروستکردنی پەیوەندی چەندین وەفدی پارتەکانی باشوری کوردستان سەردانی تارانیان کردو لەگەڵ کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامی ئێران گفتوگۆیان ئەنجامدا، هاوکات هەندێك لەو نوێنەرانە توانییان چاویان بە ئیمام خومەینی بکەوێت[1]. بەوەش زەمینەیەکی لەبار ڕەخساو بوو بە سەرەتای دروستبوونی پەیوەندی نێوان ئێرانو پارتە سیاسیەکانی باشوری کوردستان، لێرەدا تیشك دەخەینە سەر پەیوەندی هەریەك لەو پارتانە لەگەڵ ئێراندا.

أ- پەیوەندییەکانی ئێرانو پارتی:

کاتێك خۆپیشاندانەکان دژی شای ئێران پەرەیان سەند، پارتی دیموکراتی کوردستان، لە 1978/10/20دا بەیاننامەیەکی دەرکردو تیایدا پشتگیری خۆی بۆ شۆڕشی ئێرانو ڕووخانی ڕژێمی شاهەنشاهی ئێران دەربڕی، دوا بەدوای ئەوەش (س. ك) بە مەبەستی چاوپێکەوتن بە ئیمام خومەینی، دوو ئەندامی ڕەوانەی پاریس کردو پشتگیری پارتییان بۆ تێکۆشانی دژی ڕژێمی شا دەربڕی[2].

پاشان بۆ چاوپێکەوتن بە خومەینی، مەسعود بارزانی بە نیاز بوو سەردانی پاریس بکات، بەڵام لەڕێگەدا لە ڤیەننا لە 8ی کانونی دووەمی 1979 لە لایەن موخابەراتی عێراقیو بە سەرپەرشتی بەرزان تکریتی ڕووبەڕووی هەوڵی کوشتن بووەوە، کە تیایدا هەریەك لە دوو هاوڕێکەی (ئازاد بەرواریو پیرۆت ئیبراهیم) بریندار بوونو مەسعود بارزانی ڕزگاری بوو، و بە هاوکاری یاسر عەرەفات سەرۆکی ڕێکخراوی ڕزگاریخوازی فەلەستینی نەمسای بەجێهێشتو بۆ قوبروس چوو[3].

لە کاتی خۆپیشاندانەکانی ئێرانیشدا ڕەوشی پەنابەران لە بارێکی خراپو مەترسیداردا بوو[4]، چونکە لەلای ئێرانیەکان پارتی بە لایەنگری شاو

([1]) ڕێباز: س. پ، بەشی یەکەمو دووەم، ل198.
([2]) صلاح الخرسان: م. س، ص252.
([3]) مەسعود بارزانی: س. پ، بەشی دووەم، ل265.
([4]) عەلی تەتەر نێرویی: بزاڤی....، ل128.

(ساواك) ناسرا بوو[1]. بۆ ئەو مەبەستە بوو مەسعود بارزانی دەیویست سەردانی ئیمام خومەینی لە پاریس بکات، بەڵام کاتێک بە هۆی هەوڵدان بۆ کوشتنیەوە نەیتوانی سەردانەکەی ئەنجام بدات، لە بری ئەو شاندێکی پارتی لە سەرەتای ساڵی 1979 سەردانی پاریسی کرد، شاندەکە لەوێ چاویان بە هەریەک لە (ئەبولحەسەن بەنی سەدر)* و (صادق قطب زادە)** کەوت، دوا بەدوای ئەو دیدارەش سەرانی شۆڕش لایەنگرانی خۆیان ڕاسپارد ڕێز لە پەنابەران بگرن، بۆیە ڕەفتاری شۆڕشگێڕان باشتر بوو[2].

بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا لە ڕۆژی سەرکەوتنی شۆڕشی ئێراندا لە 11ی شوباتی 1979، ڕەشوڕووتی شاری کەرەج و گوندی (زۆر ئاوا) بۆ پەلاماردان و تاڵانکردنی ماڵی پەنابەرانی

([1]) نەوشیروان مستەفا ئەمین: پەنجەکان....، ل35.

* ئەبولحەسەن بەنی سەدر: کوری اية الله سەید نەسر بەنی سەدر یەکێک لە پیاوانی ئاینییە، لە 1932/3/23 لە شاری هەمەدان لەدایك بووە، لە ساڵی 1962 دکتۆرای لە ئابوری و زانستی سیاسی لە زانکۆی سۆربۆن لە فەرەنسا بەدەستهێناوە، کاتێك خومەینی دەگاتە فەرەنسا لە سەرەتادا لە ماڵی بەنی سەدر دەمێنێتەوە، کە دەگوێزرێتەوە بۆ "نوفل لو شاتو" بەنی سەدر لەگەڵی دەڕوات تا لە 1979/2/1 لەگەڵیدا بۆ تاران دەگەڕێتەوە، لە ئابی 1979دا بە نوێنەرایەتی تاران بە ئەندامی ئەنجومەنی شارەزایان (مجلس خبرگان) هەڵدەبژێردرێت، لە 1980/1/25 بە یەکەم سەرۆك کۆماری ئێران هەڵدەبژێردرێت، بەڵام بەهۆی ململانێی ناوخۆی ئێران سەرکەوتوو نابێت، لە 9و10ی حوزەیرانی 1981دا پێکدادانی چەکداری لە نێوان لایەنگرانی و لایەنگرانی پارتی کۆماری ئیسلامیدا ڕوودەدات، بەوەش خومەینی دەڵێت "چارەنوسی بەنی سەدر هەمان چارەنوسی شایە"، بۆیە لە 14ی حوزەیرانی 1981دا خۆی حەشار دەدا و پاشان بە فڕۆکەیەکی سەربازی لەگەڵ مەسعود ڕەجەوی سەرۆکی ڕێکخراوی موجاهیدینی خەلق بۆ فەرەنسا هەڵدێت و لە 23ی حوزەیرانی 1981دا خومەینی بە فەرمانێك لە پۆستی سەرۆك کۆماریی دەخات. (محمد وصفی ابو مغلی: م. س، ص ص30- 32).

** صادق قطب زادة: لە ساڵی 1937 لە تاران لەدایك بووە، یاسای لە زانکۆی جۆرج تاون لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا خوێندووە، لە "نوفل لو شاتو" پەیوەندی بە خومەینییەوە دەکات و لەگەڵیدا بۆ تاران دەگەڕێتەوە لە 1979/2/1دا، لە حکومەتەکەی موهەندیس بازرگاندا پۆستی بەڕێوەبەری ئێزگەو تەلەفزیۆن دەگرێتە دەست، پاشان لە دوای ئیبراهیم یەزدی دەکرێتە وەزیری دەرەوە تا لە ئەیلولی 1980دا ناچار بە دەست لەکار کێشانەوە دەکرێت، لە 1980/11/3 بۆ ماوەی هەفتەیەك دەستگیر دەکرێت، تا بە دەستێوەردانی خومەینی و ئەحمەدی کوڕی خومەینی ئازاد دەکرێت. پاشان بە تۆمەتی هەوڵدان بۆ ئەنجامدانی کودەتا دژی کۆماری ئیسلامی لە 15ی ئەیلولی 1982 لە تاران لە سێدارە دەدرێت. (محمد وصفی ابو مغلی: م. س، ص ص98- 99؛ http://fa.wikipedia.org).

([2]) عەلی تەتەر نێرویی: بزاڤی....، ل128.

(عەزیمیەی کەرەج) بەڕێکەوتن، بۆ بەرگرتن بەو شاڵاوە شاندێك بە سەرۆکایەتی عەبدوڵلا ئاغای پشدەری هانا بۆ ماڵی ئاغای (دیزفولی) دەبەن، کوڕی ئاغای دیزفولی بە مەبەستی پێشگرتن لە هێرش‌و شاڵاوی ئەو خەڵکە، کە ماڵی پەنابەرەکانیان لە عەزیمیەی کەرەج بە حەڵاڵ دەزانی، بە وتەی عەبدوڵلا ئاغای پشدەری دەیانووت گوایە ئەوانە (شاپەرستن)، دوو ئاخوندیان لەگەڵدا دەنێرێت[1]. دوا بەدوای ئەوەش لیژنەی سەرپەرشتی ئاوارەکان بروسکەیەکی پیرۆزبایی ئاراستەی ئیمام خومەینی‌و سەرۆك وەزیرانی نویێ (مەهدی بازرگان) دەکەن‌و ئامادەیی خۆیان بۆ هەموو هاوکاری‌و فیداکارییەك لە ڕێی فەرمانی ئیمامدا دەردەبڕن[2].

هاوکات لە یەکەم ڕۆژی سەرکەوتنی شۆڕشدا، مەلا مستەفا بارزانی بە بۆنەی سەرکەوتنی شۆڕشی ئێرانەوە بروسکەیەکی پیرۆزبایی ئاڕاستەی خومەینی دەکات، وێڕای پیرۆزبایی تیایدا سەرکەوتنی شۆڕش بە ڕابەرایەتی ئیمام خومەینی بە سەرکەوتنی هەموو چەوساوانی جیهان‌و بەتایبەتی بە گەورەترین سەرکەوتنی گەلی کوردی چەوساوە لە قەڵەم دەدات[3]. لە وەڵامی ئەو بروسکەیەشدا خومەینی داوای لە بارزانی کرد بۆ ئێران بگەڕێتەوە[4].

بارزانی کاتێك لە شوباتی 1979 زانی هیچ چارەسەرێکی نەماوەو پزیشکەکان ناتوانن هیچی بۆ بکەن، دەیویست بگەڕێتەوەو لە کوردستاندا کۆچی دوایی بکات، ئەگەر ڕۆژهەڵاتی کوردستانیش بێت[5]، بۆ ئەوەش پاش چەند هەوڵێك توانرا ڕەزامەندی ئێران لەسەر گەڕانەوەی بارزانی وەربگیرێت، بەڵام دوای دوو ڕۆژو لە بەیانی 1979/3/1 بارزانی لە یەکێك لە نەخۆشخانەکانی زانکۆی جۆرج تاون لە ئەمریکا، لە تەمەنی (76) ساڵیدا کۆچی دوایی کردو هەواڵی مردنی لە ئاژانسەکانی هەواڵی جیهانیەوە بڵاوکرایەوە[6].

---

(1) عەبدوڵلا ئاغای پشدەری: نسکۆی...، ل82- 84.

(2) هـ. س، ل84- 85.

(3) بڕوانە نامەی پیرۆزبایی بارزانی بۆ ئیمام خومەینی لە پاشکۆی ژمارە (10).

(4) مسعود عبدالخالق: س. پ، ل158.

(5) دیڤید کۆرن: س. پ، ل53.

(6) علی سنجاری: الحرکة التحرریة الکردیة مواقف واراء، الطبعة الاولی، مطبعة خەبات، دهوك، 1997، ص9؛ گوینتەر دیشنەر: س. پ، ل 14- 15.

دوای کۆچی دوایی بارزانی له ئەمریکا، کاربەدەستانی حکومەتی نوێی ئێران ڕێگەیان دا به گەڕاندنەوەی تەرمی بارزانی بۆ تاران و لەوێوە حکومەتی ئێران به هەلیکۆپتەر گواستیانەوە بۆ شنۆ و لەسەر ڕاسپاردەی خۆی له 5ی ئازاری 1979 له شاری شنۆ به ئامادەبوونی جەماوەرێکی زۆر بەخاك سپێردرا[1]. به مەبەستی بەشداریکردن له پرسەی بارزانی، ژمارەیەکی زۆر له بەرپرسانی باڵای حکومەتی ئێران سەردانی ئیدریس و مەسعود بارزانیان کردو سەرەخۆشییان ئاراستە کردن[2]، ئەمەش بوو به سەرەتایەك بۆ دروستبوونی پەیوەندییەکانی نێوان پارتی دیموکراتی کوردستان و کۆماری ئیسلامی ئێران له دواتردا، که پێشتر هیچ پەیوەندییەکی ئەوتۆ لەنێوانیاندا نەبوو.

له دوای گەڕانەوەی کوڕانی بارزانی بۆ ئێران، کەوتنە هەوڵدان بۆ دروستکردنی پەیوەندی لەگەڵ کۆماری ئیسلامی ئێراندا، بۆ ئەو مەبەستەش مەسعود بارزانی چەند جارێك سەردانی خومەینی و سەرکردە باڵاکانی ئێرانی وەك (محەمەد عەلی رجائی*، عەلی خامنەئی و هاشمی ڕەفسەنجانی*) کردبوو[1]، هەروەها ئیدریس بارزانیش به سەرۆکایەتی

([1])گرینتەر دیشنەر: س. پ، ل ل18،15؛ ئەوشیروان مستەفا ئەمین: پەنجەکان...، ل35؛ عەبدوڵلا ئاغای پشدەری: نسکۆی...، ل ل95- 101.

([2]) عەبدوڵلا ئاغای پشدەری: نسکۆی...، ل102.

* محەمەد عەلی رجائی: له ساڵی 1933 له شاری قەزوین لەدایك بووە، مامۆستای ئامادەیی بووە، له ساڵی 1963 پەیوەندی کردووە به (بزوتنەوەی ڕزگاری ئێران)ەوە به سەرۆکایەتی مەهدی بازرگان، له ئابی 1979 به نوێنەرایەتی قەزوین به ئەندامی (مجلس خبرگان) هەڵدەبژێردرێت، له ساڵی 1980 به نوێنەرایەتی تاران به ئەندامی ئەنجومەنی شورا (پەرلەمان) هەڵدەبژێردرێت، دوای لەکارخستنی بەنی سەدر به ئەندامی ئەنجومەنی سەرۆکایەتی سیانی (رجائی- رەفسەنجانی- بەهەشتی) دەستنیشان دەکرێت، له 1981/7/25 به سەرۆك کۆمار هەڵدەبژێردرێت، کاتێك له کاتی کۆبوونەوەی ئەنجومەنی بەرگری باڵا به سەرۆکایەتی خودی رجائی و به ئامادەبوونی سەرۆك وەزیران و سەرۆکی پەرلەمان و سەرۆك ئەرکانی گشتی و دوو نوێنەری خومەینی، له 1981/8/30 نوسینگەی سەرۆك وەزیران لەلایەن ئۆپۆزسیۆنەوە دەتەقێنرێتەوە، رجائی دەکوژرێت. (محمد وصفی ابو مغلی: م. س، ص ص64- 65).

* عەلی ئەکبەر هاشمی ڕەفسەنجانی: له ساڵی 1934 له گوندی نوج له ناوچەی ڕەفسەنجان لەدایك بووە، خوێندنی ئایینی له شاری قوم تەواو کردووە، له سەردەمی شادا چەند جار زیندانی کراوە، له سیاسەتمەدارە دیارەکانی ئێرانی دوای کۆماری ئیسلامی یە، له داوی شۆڕشی ئێران لەلایەن خومەینییەوە به ئەندامی ئەنجومەنی شۆڕش دەشتنیشان کراوە، بەشداری له دامەزراندنی پارتی کۆماری ئیسلامیدا کردووە، له ساڵی 1980- 1989 سەرۆکی پەرلەمانی ئێران بووە، له ساڵانی 1989- 1997 سەرۆك کۆماری ئێران بووە.
(موقع هدى الاسلام، www.hadielislam.com/arabic/index.php?pg=articles%2Fcategory

وەفدێك کە پێکهاتبوون لە هەریەك لە: (کەریم شەنگاری، ڕەشید سندیو عەبدولوەهاب ئەترووشی) سەردانی ئیمام خومەینییان لە شاری قوم کرد[2].

دوای ڕووخانی ڕژێمی شای ئێران هەریەك لە جەلال تاڵەبانیو مەسعود بارزانی لەهەوڵو کێبەرکێدا بوون بۆ دروستکردنی پەیوەندی لەگەڵ ڕژێمی تازەی ئێراندا، لەوەشدا مەسعود بارزانی توانی سەرکەوتن بەدەستبێنێت[3]، لە مانگی مایسی 1979دا مەسعود بارزانی ڕێکەوتنی لەگەڵ (مستەفا چەمران)** وەزیری بەرگری ئێراندا واژۆ کرد، و هەر زوو توانییان گوزەرانی پەنابەران باشتر بکەنو یارمەتی دارایییان پێدرا، وێڕای ئەوەی توانیان بەشێك لە چەکی پێشمەرگەکانی شۆڕشی ئەیلول کە لەلایەن ڕژێمی شاوە دەستیان بەسەردا گیرابوو بەدەستبهێننەوە[4]. کە بریتی بوو لە (500) تفەنگی برنەو، کە بۆ دۆخی ئەوکات دەستکەوتێکی باشبوو[5].

لەمەڕ پەیوەندی پارتی بە ئێرانەوە مەسعود بارزانی لە کۆنگرەی نۆیەمی پارتیدا لە تشرینی دووەمی 1979دا ڕایگەیاند: "هەر لە ڕۆژانی پێشو دوای سەرکەوتنی گەلی ئێران پەیوەندیمان کرد بە ڕابەری شۆڕش ئیمام خومێنی. وە پیشانماندان کە ئامادەین بۆ هەموو هاوکاریەك چونکە بە واجبمان زانی ئەوە بکەین"[6].

John H. Lorentz: Histrical Dictionary of Iran (Lonham, Mary land- 2007) .pp. 119- 121

([1]) کریس کۆچێرا: بزوتنەوەی نەتەوەیی....، ل54.

([2]) عەلی تەتەر نێروەیی: بزاڤی....، ل130.

([3]) Philip G. Kreyenbroek and Stefan Sperl (eds) The Kurds: A Contemporary over view. London- Routledge-2000, p22.

** مستەفا چەمران: لە ساڵی 1932 لە شاری قوم لەدایك بووە، کۆلێژی تەکنیکی لە زانکۆی تاران تەواو کردووە، بڕوانامەی ماستەرو دکتۆرای لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بەدەستهێناوە، پێش گەڕانەوە بۆ ئێران لە ساڵی 1978دا ماوەیەك لە لوبنان ژیاوە پارتی (امل)ی دروستکردووە، دوای سەرکەوتنی شۆڕش بۆ ئێران گەڕاوەتەوە، لە نیسانی 1979دا کراوەتە یاریدەدەری سەرۆك وەزیران بۆ کاروباری شۆڕش، لە 1979/9/28- 1979/11/15 لە حکومەتەکەی مهندس مەهدی بازرگاندا وەزیری بەرگری بووە، دوای ئەوە کراوەتە نوێنەری خومەینی لە (ئەنجومەنی باڵای بەرگری)، لە ڕۆژی 1981/6/21 لە کاتی جەنگی عێراق- ئێراندا لە نزیك خەفاجیە کوژراوە. (علی اکبری: چمران مظلوم بود، چاپ سوم، چاپر صحافی کارا، تهران، 1390، ص7؛ محمد وصفی ابو مغلی: م. س، ص53).

([4]) کریس کۆچێرا: بزوتنەوەی نەتەوەیی....، ل54.

([5]) عەلی تەتەر نێروەیی: بزاڤی....، ل132.

([6]) ڕاپۆرتی مەسعود بارزانی لە کۆنگرەی نۆیەم، دەق لە حبیب محمد کریم: م. س، ص381.

سەرکردایەتی پارتی هەوڵیدەدا بۆ کردنەوەی لاپەڕەیەکی نوێ لە پەیوەندییەکانی لەگەڵ کۆماری ئیسلامی ئێراندا[1]، بە شێوەیەك پەیوەندی پارتیو ئێران تا دەهات بەرەوپێش دەچوو، تا ئەو ڕادەیەی هاوکاری سەربازی لە نێوانیاندا هاتە ئاراوە[2]، ئەوەبوو بۆ پاڵپشتی هێزەکانی کۆماری ئیسلامی ئێران، دەستیخستە ناو کاروباری ڕۆژهەلاتی کوردستانەوە[3]. بۆ ئەوەش ژمارەیەك لە چەکدارەکانی لەگەڵ هێزەکانی ئێراندا کەوتنە شەڕو دژایەتیکردنی (حدکا)[4].

لەبەر ئەوەی لە بەرامبەر پشتیوانی ئێراندا، دەبوو پارتی هاوکاری سوپای ئێران بکات بۆ پاکردنەوەی کوردستان لە هێزە چەپەکانو چالاکی دژی (حدکا) ئەنجام بدات، ئەوەبوو شەڕی گەورە لە پاوە، مەهابادو شنۆ لە مانگەکانی ئابو ئەیلولی 1979دا ڕوویاندا[5].

دەتوانین بڵێین هەڵبژاردنی ئەو بارودۆخە لەلایەن پارتیەوە بەشێوەیەکی ئارەزوومەندانە نەبوو، بەڵکو کەوتبووە ژێر فشارەوە، لەبەر ئەوەی ژمارەیەکی زۆر لە خەڵکی پارتی لە ئێراندا دەژیان، کۆماری ئیسلامی ئێران هەموو یارمەتیەکی لێبڕین بۆ ئەوەی ناچاریان بکات لە بەرامبەر ڕۆژهەلاتی کوردستاندا هەڵوێست وەربگرن[6].

دوای هاتنە سەر کاری کۆماری ئیسلامی ئێران، سەرکردایەتی پارتی لە مایسی 1979دا لە گوندی شاوانەی ناوچەی شنۆ کۆبونەوەیەکی فراوانی چەند ڕۆژی ئەنجامدا، تیایدا بڕیار درا کۆنگرەی نۆیەم لە نزیکترین دەرفەتدا گرێبدرێت، بۆ ئەو مەبەستەش لیژنەیەکی ئامادەکاری بۆ کۆنگرە دەستنیشان کرا[7]، هەر لەم کۆبونەوەیەدا مەسعود بارزانی بە سەرۆكو سامی عەبدولڕەحمان (شەنگاری) یش بە سکرتێری گشتی پارتی تا بەستنی کۆنگرە هەڵبژێردران[8].

([1]) حبيب محمد كريم: م. س، ص154.

([2]) ڕێباز: س. پ، بەشی یەکەمو دووەم، ل157.

([3]) فاتح ڕەسول: چەند لاپەڕەیەك...، بەرگی یەکەم، ل127.

([4]) فاتح ڕەسول: چەند لاپەڕەیەك لە مێژووی خەباتی گەلی کوردمان ڕووداو و بەڵگەنامە 1982- 1990، بەرگی سێیەم، چاپی یەکەم، سوید، 1994، ل355.

([5]) کریس کۆچێرا: بزوتنەوەی نەتەوەیی...، ل55.

([6]) هەیاس کاردز: ئەزموونی خەبات ئاوڕێك لە ژیانو خەباتی عەبدوڵلا حەسەن زادە، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕۆژهەلات، هەولێر، 2011، ل171.

([7]) حبيب محمد كريم: م. س، ص157؛ محەمەد مەلا قادر: س. پ، ل ل72- 73.

([8]) عەلی تەتەر نێرویی: بزاڤی...، ل119.

لە ئەنجامی پەیوەندیو هاوکاری پارتی دیموکراتی کوردستان لەگەڵ کۆماری ئیسلامی ئێران، زەمینە بۆ ئەوەی یەکەمیان ڕەخسا، نۆیەمین کۆنگرەی پارتەکەیو یەکەمین کۆنگرەی دوای کۆچی دوایی بارزانی لەسەر خاکی ئێران ببەستێت[1]، ئەوە بوو دواجار لە ئۆردوگای (زێوە)* ی پەنابەران لە ناوچەی مەرگەوەڕی ئێران لە ماوەی (4-1979/11/10)، بە ئامادەبوونی (325) ئەندام لەژێر دروشمی "کوردستان یان نەمان" و لەپێناو حوکمێکی دیموکراتی ئینتیلافی پێشکەوتنخواز لە عێراقو ئۆتۆنۆمی ڕاستەقینە بۆ کوردستان، بڕوخێ ئیمپریالیزمی ئەمریکیو زایۆنیزمی جیهانیو کۆنەپەرست، کۆنگرەی نۆیەمی پارتی دیموکراتی کوردستان بەڕێوەچوو[2].

جگە لەوەی لە کۆنگرەدا (21) بڕیاری سیاسی وەرگیرا، (21) کەسیش بە ئەندامی لیژنەی ناوەندی هەڵبژێردران[3]، لە نێویاندا ئیدریس بارزانی بە ئەندامی مەکتەب سیاسیو عەلی عەبدوللا بە سکرتێری گشتی پارتی هەڵبژێردران، هاوکات مەسعود بارزانیش بە سەرۆکی پارتی دیموکراتی کوردستان هەڵبژێردرا[4]. ئەمە سەرەڕای هەمووارکردنی پرۆگرامو پەیڕەوی ناوخۆی پارتی، بە جۆرێك لەگەڵ ئەو قۆناغەی پارتیدا بگونجێت، مادەی (5)ی پرۆگرامی ئەو حیزبە گۆڕانی بەرچاوی بەسەردا هاتو بەرەو گرتنەبەری بیری مارکسیەت ڕۆیشت[5].

لە کۆنگرەدا مەسعود بارزانی داوایکرد، دژی ئیمپریالیزمو سەهیۆنیزمو نۆکەرانی ئیمپریالیزم بە توندی خەبات بکەن، بەو پێیەی ئەمانە دوژمنایەتی گەلی کورد و هەموو گەلانی ژێردەست دەکەن[6]. هەروەك لە بڕیارە سیاسیەکانی کۆنگرەدا هاتبوو: "کۆنگرەکەمان پشتیوانی لە شۆڕشی سەرکەوتووی گەلانی ئێران بە سەرکردایەتی ئیمام خومەینی دەکات، ئەو شۆڕشەی کە ڕژێمی شای نۆکەر کۆلەکەی ئیمپریالیزمی ئەمریکیو زایۆنیزمی جیهانیو کۆنەپەرستی ناوچەکەو داردەستیان لە لێدانی بزوتنەوەکانی

([1]) کریس کۆچێرا: بزوتنەوەی نەتەوەیی...، ل55.

* لە سەرەتادا لە گوندی دەربەند کۆنگرەکە کرایەوەو پاشان گواسترایەوە بۆ ئۆردوگای زێوە.

([2]) حبیب محمد کریم: م. س، ص158؛ محەمەد مەلا قادر: س. پ، ل74.

([3]) حبیب محمد کریم: م. س، ص ص158- 159.

([4]) سامی شورش: کردستان والاکراد...، ص152؛ کریس کۆچێرا: بزوتنەوەی نەتەوەیی...، ل55.

([5]) محەمەد مەلا قادر: س. پ، ل75؛ مسعود عبدالخالق: س. پ، ل157.

([6]) ڕاپۆرتی سیاسی مەسعود بارزانی بۆ کۆنگرەی نۆیەم، دەق لە حبیب محمد کریم: م. س، ص379.

رزگاریخوازی رووخاند"، هەروەها دەڵێت: "ئامادەیی خۆشی رادەگەیەنی بۆ پتەوکردنی پەیوەندی یەکانی دۆستایەتی لەگەڵ کۆماری ئیسلامی بۆ سەقامگیرکردنی کۆڵەکەکانی، ئەویش لە رێگەی هەوڵدان بۆ یەکخستنی گشت هێزە ئیسلامیو دیموکراتیو پێشکەوتنخوازەکان لە دەورووبەری ئالایەکدا بۆ هەڵکێشانی رەگو ریشەی ئەو پیلانانەی کە لەلایەن ئیمپریالیزمی ئەمریکیو زایۆنیزمو کۆنەپەرستیو رژێمی بەعسی فاشی لە عێراقەوە لە دژیدا دەگێردرێت"[1].

لە هەمان کاتدا کۆنگرە هەڵوێستی کۆماری ئیسلامی ئێرانی بەرامبەر پەنابەرانی باشووری کوردستان لە ئێران، دوای رووخانی شاو سەرکەوتنی شۆرشی ئێران بەرز نرخاند، چونکە وەك میوانی گەلانی ئێران لێی دەروانینو دەستی بە چاودێری کردنیان کرد[2].

هەروەها لە بەلاغی کۆتایی کۆنگرەکەدا هاتبوو: "کۆنگرە بریاری دا پشتیوانی یەکی تەواو بکات لە شۆرشی سەرکەوتووی گەلانی ئێران بە سەرکردایەتی ئیمام خومەینی، ئەو شۆرشەی رژێمی شای کۆنەپەرستی رووخاند کە چەپەڵترینو بۆگەنترین رژێمی سەر بە ئیمپریالیزمو زایۆنیزمی جیهانی دەژمێردرا، ئەو رژێمەی کە دوژمنی سەرسەختی گەلی کوردمانو گەلانی تری ناوچەکە بوو". هەروەها هاتبوو: "کۆنگرە ئەوپەری ئامادەیی پارتیمانی راگەیاند بۆ دانانی هەموو تواناکانمان لەژێر دەستی کۆماری ئیسلامی ئێران لەلایەكو پارتی دیموکراتی کوردستانو لایەنەکانی تری نیشتمانی ئێرانی لەلایەکی دیکەوە"[3].

ئەگەر سەیری رووداوەکانو هەر یەك لە راپۆرتی سیاسیو بریارەکانی بەلاغی کۆتاییو ناو کۆنگرەی نۆیەمی پارتیو ئەنجامەکانی بکەین دەبینین لە رووی سیاسیەوە کەوتۆتە ژێر کاریگەری کۆماری ئیسلامی ئێرانەوەو بە ئاشکرا لایەنگری رژێمی تازەی ئەو وڵاتەی پێوە دیارە، و هەموو هەوڵێکی خۆی خستۆتە گەڕ بۆ دروستکردنی پەیوەندییەکی بەهێزو پتەو لەگەڵیدا.

([1]) بریارە سیاسیەکانی کۆنگرەی نۆیەم، دەق لە حبیب محمد کریم: م. س، ص393.

([2]) بەلاغی کۆتایی هاتنی کۆنگرەی نۆیەمی پارتی دیموکراتی کوردستان- عێراق، دەق لە حبیب محمد کریم: م. س، ص400.

([3])م.ن، ص401.

ڕەوتەکانی ناو پارتی* لەمەڕ پەیوەندی پارتی لەگەڵ ئێران و دیاریکردنی کاتێک بۆ گرێدانی کۆنگرەی نۆیەمی پارتەکەیان یەکدەنگ نەبوون و ڕاجیایی لە نێوانیاندا هەبوو، کاتێك کۆبونەوەی فراوانی پارتی لە گوندی شاوانە ئەنجام درا، مەسعود بارزانی سەرۆکی پارتی دیموکراتی کوردستان داوای کرد کۆنگرە بە زوترین کات لە هاوین یان پایزی ساڵی 1979دا ببەسترێت، سامی عەبدولڕەحمانیش سکرتێری پارتی و هەندێکی تر وایان بە باش دەزانی کۆنگرە بۆ بەهاری ساڵی داهاتوو دوابخرێت[1].

ڕەوتەکەی سامی عەبدولڕەحمان دژی پەیوەندییەکانی ئیدریس بارزانی لەگەڵ کۆماری ئیسلامی ئێران و چوونی پارتی بۆ پاڵ ڕژێمی نوێ دژی کوردانی ڕۆژهەلات بوون[2]، بە کارێکی تاکڕەوانەو دژی بەرژەوەندییەکانی کوردیان دادەنا، ڕەوتەکەی ئیدریس بارزانیش ئەوانیان بە مارکسی و دژ بە ڕێبازی بارزانی و کوردایەتی تۆمەتبار دەکرد[3].

دواجار لەسەر داواکەی سەرۆکی پارتی کۆنگرەی نۆیەمی ئەو پارتە لە پایزی 1979دا گرێدرا، بۆیە سامی عەبدولڕەحمان و هاوڕێکانی خۆیان نەپالاوت[4]، و لە ریزەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان هاتنەدەرەوەو جیابونەوە، پاشان لە تەمموزی 1981 پارتێکی نوێیان بە ناوی (پارتی گەلی دیموکراتی کوردستان) دروستکرد[5]، بە وتەی سامی عەبدولڕەحان خۆی کە دەیوت: "بڕیاری من بۆ جیابوونەوە کاتێك بوو کە پێشمەرگەکانی مەسعودو ئیدریس بارزانی لە بەرامبەر ڕێ پێوانی کوردەکانی شنۆ تەقەیان کرد. من ناتوانم ئەوە پەسەند بکەم کە کورد بە هەر بەڵگەو لەهەر کاتێکدا بێت، کوردی تر بکوژێت"[6].

---

* لەو قۆناغەدا سێ ڕەوتی ئاشکرا لە ناو پارتی و پەنابەرانی کورددا دەرکەوتبوو، ڕەوتی چەپ بە سەرکردایەتی سامی عەبدولڕەحمان سکرتێری گشتی پارتی سەرکرداتی کاتی، ڕەوتی ڕاستڕەو بە سەرکردایەتی ئیدریس بارزانی، ڕەوتی نیشتمانی گشتی بە سەرکردایەتی مەسعود بارزانی سەرۆکی پارتی، دوو ڕەوتی کۆتایی لە کۆنگرەی نۆیەمدا یەکیانگرت لە بەرانبەر ڕەوتی یەکەمی سامی عەبدولڕەحماندا، بەوەش سەرکردایەتی پارتییان بۆ خۆیان یەکلایی کردەوە. (حامد محمود عیسی: المشکلة الکردیة فی الشرق الاوسط، مطبعة اطلس، القاهرة، 1992، ص434).

([1]) عەلی تەتەر نێروەیی: بزاڤی...، ل120.

([2]) حامد محمود عیسی: المشکلة الکردیة...، ص434.

([3]) عەلی تەتەر نێروەیی: بزاڤی...، ل119.

([4]) حامد محمود عیسی: المشکلة الکردیة...، ص434.

([5]) صلاح الخرسان: م. س، ص283– 284؛ فلاح خلف محمد: م. س، ص107.

([6]) وەرگیراوە لە کریس کۆچێرا: بزوتنەوەی نەتەوەیی...، ل56.

ئەم پاساوەی سامی عەبدولڕەحان بۆ جیابوونەوەی لە (پ. د. ك)، لە کاتێکدایە کە پێشتر لە کاتی شەڕی ناوخۆی نێوان یەکێتی‌و پارتیدا، بە تایبەتی لە شەڕو کوشتارەکانی ناوچەی هەکاری لەگەڵ (ی. ن. ك)دا ڕۆڵی هەبوو و لەوکاتەدا سکرتێری (س. ك) بوو[1].

دوای کۆنگرەی نۆیەم، پەیوەندییەکانی پارتی‌و ئێران پێی نایە قۆناغێکی نوێوە، بە جۆرێك پارتی زیاتر هاوکاری ئێرانی دەکرد، بە ووتەی نەوشیروان مەستەفا حکومەتی ئێرانیش بۆ ڕێکخستنەوەی هێزەکانیان یارمەتی دەدان[2]. لە بەیاننامەیەکدا کە مەکتەبی سیاسی پارتی دیموکراتی کوردستان لە 1979/11/24دا دەریکردووە، تیایدا هاتووە: "بە شێوەیەکی تایبەتی لەم کاتەدا کە ئیمپریالیزمی ئەمریکی بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ پیلان دەگێڕێت دژی شۆڕشی سەرکەوتووی گەلانی ئێران، پارتیمان پێی وایە پشتیوانی کۆماری ئیسلامی ئێران بە سەرکردایەتی ئیمام خومەینی ئەرکێکە لە گەردنمان‌و لە گەردنی هەموو هێزە پێشکەوتنخوازەکانی ناوچەکەو جیهاندا"[3].

دروستبوونی پەیوەندی پتەوی نێوان پارتی‌و ئێران، وێڕای ئەوەی نارەزایی ڕەوتێکی ناو پارتی‌و پارتە کوردییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستانی لێکەوتەوە، ببوە مایەی نارەزایی هەندێك لە پارتە کوردییەکانی باشوری کوردستانیش بەتایبەتی چەپەکان، لەو بارەیەوە حزبی شیوعی عێراق لە کۆبونەوەیەکدا لە 29ی ئابی 1980 بە پارتی ڕادەگەیەنێت: "ئەمە چۆنی دەگونجێ لەلایەك ئێوە لەگەڵ هێزە ئیسلامیەکانی سەر بە ئێران دا ڕێکدەکەون‌و پێیان [پێتان] ڕاگەیاندوون کە ئامادەن بچنە ژێر ئاڵای ئیسلامی لە عێراقدا، لە لایەکی تریشەوە پەیوەندیتان لەگەڵ ئێمەو هێزەکانی تری کوردستانی دا هەبێت"[4].

بەگوێرەی ئەوانە دەتوانین بڵێین لە دوای سەرکەوتنی شۆڕشی ئێران‌و کۆچی دوایی بارزانی‌و ڕێگەدان بە گەڕانەوەی جەنازەکەی‌و بە خاك سپاردنی لە ئێراندا، پەیوەندی بەهێزو پتەو لە نێوان پارتی دیموکراتی کوردستان‌و کۆماری ئیسلامی ئێراندا دامەزرا، تا

([1]) نەوشیروان مستەفا ئەمین: لە کەناری...، ل295؛ نەوزاد عەلی ئەحمەد: پشکۆیەك...، ل394.

([2]) نەوشیروان مستەفا ئەمین: پەنجەکان...، ل173.

([3]) بەیاننامەی مەکتەبی سیاسی پارتی دیموکراتی کوردستان، دەق لە فاتح ڕەسول: چەند لاپەڕەیەك...، بەرگی یەکەم، ل ل319- 323.

([4]) فاتح ڕەسول: چەند لاپەڕەیەك لە مێژووی خەباتی گەلی کوردمان رووداو و بەڵگەنامە 1980و 1981، بەرگی دووەم، چاپی یەکەم، سوید، 1992، ل168.

ئەو ڕادەیەی هێزەکانی پارتی لەگەڵ هێزەکانی کۆماری ئیسلامی ئێراندا دژی کوردانی ڕۆژهەڵاتو بەتایبەتی (حدکا) دەجەنگا، ئەم پەیوەندییە بەهێزەی نێوان پارتیو کۆماری ئیسلامی ئێران لە کاتێکدا بوو کە پارتی لە کۆنفرانسی بەرلینی سەرکردایەتی کاتی پارتی لە ئابی 1976دلو، لە کۆنگرەی نۆیەمی پارتەکەیدا کە لە ئێران گرێدرا، بیری چەپو مارکسی وەك ئایدۆلۆژیای پارتی گرتبووە بەر، ئەوەش دوو کارو هەڵوێستی دژبەیەك بوون، هەرچەندە ژمارەیەکی زۆر لە پێشمەرگەو پەنابەرو سەرکردایەتی پارتیو خانەوادەکانیان لە ئێران دەژیانو لەژێر فشاری ئێراندا بوون.

ب. پەیوەندییەکانی ئێرانو یەکێتی:

هێشتا ئیمام خومەینی لە نەجەف دەرنەکرابوو، جەلال تاڵەبانی لەسەر بڕیاری سەرکردایەتی یەکێتی بۆ پشتیوانی شۆڕشی ئێران، بە ناوی شۆڕشی کوردستانی عێراقەوە چەند نامەیەکی بۆ سەرکردە ناسراوەکانی شۆڕش لەوانە بۆ ئیمام خومەینی لە نەجەفو (ئایەتوڵڵا کازم شەریعەتمەداری و ئایەتوڵڵا حوسەین عەلی مونتەزەریو موهەندیس مەهدی بازرگان) و چەند کەسێکی تر لە ئێران نووسی، تیایدا ئامادەیی (ی. ن. ك)ی بە هەموو توانایەوە بۆ هەر جۆرە هاوکارییەك کە ئەوان بەچاکی بزانن دەربڕیبوو[1].

نامەکەی خومەینی لە ڕێگەی ڕێکخستنەوە بە کەسایەتیەکی کوردی شیعەدا بە ناوی (داود حسن)، بۆ خومەینی لە نەجەف دەنێرن، ئەوانی تریش بە چەند کەسێکی ئێرانیدا ڕەوانە دەکەن[2].

کاتێك ئیمام خومەینی بۆ بەجێهێشتنی نەجەف لەلایەن حکومەتی عێراقەوە ڕووبەڕووی فشار بۆوە، تاڵەبانی هەوڵیدا شوێنێك بۆ نیشتەجێبوونی ئیمام لە پەنا مەقامی سەیدە زەینەب لە یەکێك لە گەڕەکەکانی دیمەشقی پایتەختی سوریادا دابین بکات[1].

([1]) هەواڵنامەی کوردستانی عێراق، ژمارە (4)، مارتی 1979، ل1؛ نەوشیروان مستەفا ئەمین: لە کەناری....، ل350.

([2]) نەوشیروان مستەفا ئەمین: لە کەناری....، ل350.

وەفدێکی باڵای یەکێتی کە پێکهاتبوو لە (عادل موراد، د. فوئاد مەعسوم‌و ئەحمەد بامەڕنی) لە تشرینی یەکەمی 1978دا سەردانی خومەینیان لە (نوفل لوشاتو) لە نزیك پاریس کردو نامەیەکی سەرکردایەتی (ی. ن. ك)یان گەیاندە ئیمام خومەینی، کە تیایدا ئامادەیی خۆی بۆ ئیمام دەربڕیبوو، کە بێت لە بارەگای سەرکردایەتی (ی. ن. ك) لە قەندیل لە نزیکەوە ڕابەرایەتی شۆڕشی ئێران بکات[2].

هەمان وەفد لە تشرینی دووەمی هەمان ساڵدا جارێکی تر سەردانی خومەینییان کرد، پشتیوانی تەواوی یەکێتییان بۆ شۆڕشەکە دەربڕی‌و ئامادەیی یەکێتییان دەربڕیبوو، هەموو هێزو توانای خۆی بخاتە خزمەتی شۆڕشی ئێرانەوە، لەگەڵ ئەوەی ئامادەییان نیشان دابوو بۆ مەشق پێکردنی لایەنگرانیان‌و گوێزانەوەیان‌و گوێزانەوەی چەك‌و تەقەمەنی‌و تەنانەت لە کاتی پێویستدا خەریك کردنی ئەرتەشی ئێران بە شەڕەوە لەسەر سنوورەکان بۆ ئەوەی نەتوانێ هەموو هێزەکانی لەسەر ئەوان کۆبکاتەوە، هاوکات پێیان ڕاگەیاندبوون بە ئەندازەی گرنگی بۆ ئێوە ڕووخانی شا بۆ ئێمەش گرنگە[3].

دوای گەڕانەوەی ئیمام خومەینی بۆ ئێران بە یەك ڕۆژ، (ی. ن. ك) بروسکەیەکی پیرۆزبایی ئاراستەی گەلانی ئێران دەکات، وێڕای ئەوەی دەڵێت: "ئێمەش ڕوخانی شای بوگەنی خوێنمژ بە جەژنی خۆمان ئەزانین" پیرۆزبایی گەڕانەوەی ئایەتوڵڵا خومەینی ڕابەری پایەبەرزی ئایینی‌و شۆڕشگێڕی ئێران بۆ وڵات دەکەن، و هیوای سەرکەوتنی تر بۆ گەلانی قارەمانی ئێران دەخوازن[4]. دوای سەرکەوتنی شۆڕشی ئێران وەفدێکی (ی. ن. ك) کە پێکهاتبون لە: (عومەر مستەفا، د. فوئاد مەعسوم، فازیل کەریم)، لە کۆتایی شوباتی 1979دا سەردانی ئیمام خومەینییان لە تاران کرد، لەو دیدارەدا داوای پشتیوانی لە خەباتی گەلی عێراق بە گشتی‌و گەلی کورد بە تایبەتی لە ئیمام دەکەن، جگە لەوەی پێویستیەکانی جوڵانەوەی کورد دەخەنە بەرچاوی، ئیمام خومەینی دلواکەیان

---

(1) سالار لوسی: جلال طالبانی احداث ومواقف، الطبعة الاولى، دار ابعاد للطباعة والنشر، بيروت، 2008، ص112.

(2) برایم جەلال: چەپکێك...، ل254.

(3) نەوشیروان مستەفا ئەمین: لە کەناری...، ل351.

(4) بروسکەی پیرۆزبایی یەکێتی نیشتمانی کوردستان لە گەلانی ئێران، دەق لە هەواڵنامەی کوردستانی عێراق، ژمارە (4)، مارتی 1979، ل ل15-17.

ڕووبەڕووی حکومەتی ئێران دەکاتەوە، پاشان لەسەر ڕاسپاردەی کاربەدەستانی ئێران سەردانی (داریوش فروهەر)* وەزیری کارو سەرۆکی بەرەی میللی ئێران دەکەن، ئەمەش بوو بە سەرەتای دروستبوونی پەیوەندی نێوان یەکێتیو حکومەتی نوێی ئێران(1).

جەلال تاڵەبانی دوای ماوەیەکی کەم لە سەرکەوتنی شۆڕشی ئێراندا لە چاوپێکەوتنێکیدا لەگەڵ ڕۆژنامەی ئیتلاعاتدا، وێڕای ئەوەی دەڵێت من مارکسی- لینینی نیم، بەڵکو باوەڕم بە سۆسیالیستی هەیە، هەروەها سەرکەوتنی شۆڕشی ئێران بە سەرکەوتنی مێژوویی بۆ سەرجەم ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستو هەموو کورد دادەنێت، لەگەڵ ئەوەی پشتیوانی خۆی بۆ شۆڕشی ئێران دەردەبڕێت، هاوکات دەڵێت " نامەوێت هیچ کێشەو گرفتێك بۆ ئەو شۆڕشە دروست بێت". وێڕای ئەوەی لەهەمان دیداردا هەوڵدەدات سەرکردەکانی پارتی لەبەر چاوی ئێرانیەکان بخاتو لەو بارەیەوە بارزانیو کوڕەکانیو هەریەك لە کەریم سنجاریو جەوهەر نامیق بە ساواکیو سامی عەبدولڕەحمانیش بە هاوکاری میت (MIT)** ی تورکی لە قەڵەم دەدات(2).

کاتێك ئەمریکا ڕێگەی بە شای ئێران دا بچێتە وڵاتەکەیەوە، بێزاریو توڕەیی خەڵکی ئێرانی بە دوای خۆیدا هێنا، بۆیە بە پێی پلانێکی نەخشە بۆکێشراو کە لەلایەن چەند قوتابیەکەوە دارێژرابوو، لە خۆپیشاندانێکدا لە 4ی تشرینی دووەمی 1979 دا دەست

---

* داریوش فروهەر: لە ساڵی 1927 لە ئەسفەهان لەدایك بووە، هەڵگری بڕوانامەی بەکالۆریۆس بووە لە یاسادا، لە خۆماڵیکردنی نەوتدا پشتیوانی لە محەمەد مصدق کردووە، لە ساڵی 1960دا لە پێکهێنانی بەرەی میللی دووەمدا بەشداری کردووە، هەروەك لە بەرەی میللی سێیەمیشدا لە ساڵی 1978دا بەشداری کردووە، لە سەردەمی پەهلەویدا چەند جار زیندانی کراوە، لە حکومەتەکەی موهەندیس بازرگاندا وەزیری کارو کاروباری کۆمەڵایەتی بووە. لە پایزی 1998 لە ماڵی خۆیدا لە تاران لەگەڵ پەروانە فروهەری هاوسەریدا کوژراون. (محمد وصفي ابو مغلي: م. س، ص93؛ دفتر ادبیات انقلاب اسلامی: روز شمار انقلاب اسلامی 1356/1/1 تا 1356/6/31، چاپ اول، مؤسسه انتشارات سوره، تهران، 1376، ص ص242- 243؛ https://fa.wikipedia.org).

(1) نەوشیروان مستەفا ئەمین: پەنجەکان....، ل122؛ برایم جەلال: چەپکێك....، ل245.

** دەزگای هەواڵگری تورکیایە، Milli Istikbarat Teskilati .

(2) چاوپێکەوتن لەگەڵ جەلال تاڵەبانی: ڕۆژنامەی اطلاعات، ژمارە (15806)، دوشنبە، 21 اسفند ماه 1357، ص4.

بەسەر باڵیۆزخانەو قونسوڵخانەکانی ئەمریکا لە ئێراندا دەگرن‌و نزیکەی (70) کارمەندی ئەمریکی بە بارمتە دەگرن[1].

دوای ئەوەی ئیدارەی جیمی کارتەر (1977– 1981) بێ هیوا بوو لەوەی بتوانێت بە رێگەی گفتوگۆو دانوستاندن لەگەڵ ئێراندا قەیرانی بارمتەکان چارەسەر بکات، دواجار بریاردرا لە رێگەی هەڵمەتێکی سەربازییەوە، بارمتەکان رزگار بکرێن، بۆ جێبەجێکردنی ئەو پلانەی بۆ هەڵمەتەکە دانرابوو، بە ناوی (چنگی هەڵۆ– Eagle Claw)، کە بریار بوو هەشت فڕۆکەی (RH- 53D) لە سەر کەشتی فڕۆکەهەڵگری (نیمیز– Nimitz) لە کەنداوی عومان، لەگەڵ شەش فڕۆکەی (C- 130) و (90) کۆماندۆ تیایدا بەشدار بن، ئەوە بوو لە 24ی نیسانی 1980دا یەکەم فڕۆکە بۆ ئێران بەرەو دەشتی (کافیر) لە بیابانی (تبس)، کەوتە رێ، دوای گەیشتنی فڕۆکەکان بۆ بیابانەکە، بەلام دوو لە فڕۆکەکان کێشەیەکی تەکنیکییان بۆ دروستبوو، تەنها (6) فڕۆکە مایەوە، بێجگە لەوەی لەو کاتەدا رەشەبایەکی خۆڵاوی هەڵیکردو یەکێك لە هەلیکۆپتەرەکان لە کاتی فڕیندا خۆی بە فڕۆکەیەکی بار هەڵگردا دا، کە کوژرانی (8) سەربازو بریندداربوونی (4)ی تریشی لێکەوتەوە، بەوەش پلانەکە راگیرا، چونکە پێیان وابوو بە (6) فڕۆکە ناتوانرێت هەڵمەتەکە سەرکەوتوو بێت، شکستی هەڵمەتەکەش بووە مایەی خۆشحاڵی خەڵکی ئێران‌و خومەینی بانگەشەی ئەوەی کرد کە: "ئەو رەشەبا خۆڵاوییە کردەیەکی خودایییە"[2].

لە نیسانی 1979دا تاڵەبانی بە بۆنەی پەلاماری ئەمریکا بۆ سەر ئێران، نامەیەك بۆ (ئیمام خومەینی) دەنێرێت‌و تیایدا ئیمپریالیزمی ئەمریکی بە دوژمنی خوێنخۆری هەموو کۆمەڵە ئیسلامیەکان‌و چەوساوانی جیهان دادەنێت، هەروەها پشتیوانی خۆی بۆ شۆڕشی ئیسلامی دووپات دەکاتەوەو دەڵێت: "هەموو هێزەکانی خۆمان دەخەینە ژێر دەستی شۆڕشی ئیسلامی ئێران‌و هەموو توانای خۆمان بۆ ئامانجی·شۆڕشی ئیسلامی بۆ تێکشکاندنی داگیرکەر دەبێت"[3].

([1]) بۆ زانیاری زیاتر لە بارەی کێشەی بارمتەکان‌و لێکەوتەکانی بڕوانە، هاوار کمال میرزا عبدالله: سیاسەتی ئەمریکا بەرامبەر بە ئێران لە سەردەمی ئیدارەی جیمی کارتەردا (1977- 1981)، لێکۆڵینەوەیەکی مێژوویی- سیاسییە، ماستەرنامەیەکی بلاو نەکراوەیە، پێشکەشی کۆلێژی ئەدەبیاتی زانکۆی سەلاحەددین کراوە، ئەیلولی 2011، ل ل107- 132.

([2])هاوار کمال میرزا عبدالله: س. پ، ل ل133- 139.

([3]) وەرگیراوە لە جەمال نەبەز: ئێستەو پاشەرۆژی....، ل ل168- 169.

کاتێك لە شاری پاوە بە دەستێوەردانی هەندێك لە ساواکیەکان‌و گومانلێکرلوانی سەر بە ڕژێمی عێراق شەڕێکی گەورە هەڵگیرسا[1]، سوپای پاسداران بە مەبەستی چەسپاندنی دەسەڵاتیان دۆخەکەیان قۆستەوەو خۆیان لە ڕووداوەکە هەڵقورتاندو ژمارەیەك لە خەڵکی ئەو شارەیان کوشت، لە بەرانبەر ئەوەشدا لە ڕۆژی 8ی ئابی 1979دا دانیشتوانی شارەکە بە گشتی دژی سوپای پاسداران ڕاپەڕین‌و شەڕو کوشتار بۆ ماوەی هەفتەیەك بەردەوام بوو[2].

دوابەدوای ئەو ڕووداوە بە فەرمانی خومەینی لە 18ی ئابی 1979دا هێرش بۆ سەر شاری پاوەو ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەستپێکرد[3]، بۆ ئەو مەبەستەش هێزێکی زۆر بە پاڵپشتی تۆپ‌و تانك‌و هەلیکۆپتەری جەنگی هێرشی سەرتاسەرییان بۆ سەر کوردستان دەستپێکرد، دوای دەستگرتن بەسەر پاوە، نەوسودو سەقز لە 24ی ئابدا شاری سنەیان داگیر کرد، بەشێوەیەك تا 6ی ئەیلولی 1979 یەك لە دوای یەك شارەکانی کوردستانیان گرتەوە، شەڕ سێ مانگ بەردەوام بوو تا 17ی تشرینی دووەمی 1979، کە بە شەڕی سێ مانگە ناسراوە[4].

کاتێك لە ئابی 1979دا هێزەکانی ئێران پاوەیان گرت، قاسملوو داوای هاوکاری لە هەریەك لە (یەکێتی)و (حسك)و (حشع)و تەنانەت داوای لە (پارتی)ش کرد، هەریەك لە (یەکێتی)و (حسك)و (حشع)، بە دەم داواکەی قاسملووەوە چوون‌و لەو شەڕەدا، پشتیوانی (حدکا)یان دەکرد، هەروەها هەرسێ لایەن پێکەوە لە 4ی ئەیلولی 1979دا ڕاگەیاندنێکی هاوبەشیان دەرکردو بە ئاشکرا لایەنگری (حدکا) و بەرپرسیارێتی ئەو جەنگەیان لە کوردستان خستە ئەستۆی ئێران‌و دژایەتی هێرشەکانی ئێرانیان دەکرد[5].

بێگومان دامەزراندنی پەیوەندی دۆستانە لەگەڵ (حدکا) لەلایەن (یەکێتی)یەوە دەبووە هۆی لەدەستدانی پەیوەندی لەگەڵ حکومەتی ئێران‌و تا ڕادەیەك سوریاش، کە

([1]) جلیل گادانی: س. پ، ل234.

([2]) یاسین سەردەشتی: س. پ، ل653.

([3]) ڕۆژنامەی اطلاعات، اخطار امام بە سران ارتش‌و ژاندارمری در مورد پاوە، ژمارە (15931)، شنبە، 27 مرداد ماە 1358، ص3.

([4]) هۆشمەند عەلی مەحمود: ڕۆژهەڵاتی کوردستان، ل82؛ بۆ زانیاری زیاتر لە بارەی شەڕی سێ مانگە بڕوانە، یاسین سەردەشتی: س. پ، ل ل649- 689.

([5]) نەوشیروان مستەفا ئەمین: پەنجەکان...، ل ل125- 126؛ بۆ دەقی ڕاگەیاندنە هاوبەشەکە بڕوانە، فاتح ڕەسول: چەند لاپەڕەیەك...، بەرگی یەکەم، ل ل145- 148.

پەیوەندیەکی باشی لەگەڵ ڕژێمی نوێی ئێراندا هەبوو، کە پێویستیەکی ژیانی بۆ (یەکێتی) هەبوو[1]، هەرچەندە تاڵەبانی دەیزانی پشتگیری (حدکا) گران لەسەریان دەکەوێت، کە هەر لەو کۆبونەوەیەدا بە (حدکا) ی وتبوو: "بەهێزکردنی پەیوەندی کوردی عێراق بە ئێوەوە، لەسەرمان گران دەوەستێت لەلایەن سوریاو ڕژێمی خومەینی. هەردوو لایان رازی نیە ینك [ی. ن. ك] پەیوەندی بەهێزی هەبێو هاوکاری لەگەڵ ئێوەدا بکات"[2].

کاتێك هێزەکانی ئێران هێرشیان کردە سەر هەردوو شاری (شنۆو پیرانشار) و دەستیان بەسەردا گرت، پێشمەرگەکانی (یەکێتی)و (حسك)و (حشع)، هاوکاری (حدکا)یان دەکرد، بە تایبەتی یەکێتی[3]، ئەمە جگە لە بەشداری هێزەکانی یەکێتی کە لەپاڵ هێزەکانی کۆمەڵەو حدکادا لە شەڕەکانی مەریوانو پاوەو گرتنی پادگانی مەهاباددا دژی حکومەتی ئێران بەشدارییان کرد[4]. لە ئەنجامی ئەو شەڕانەشدا (یەکێتی) نزیکەی (20) کوژراو و ژمارەیەك برینداری دا[5].

دەنگوباسی بەشداریو هاوکاری پێشمەرگەی (یەکێتی) لەگەڵ (حدکا) و (کۆمەڵە)، بە ئێران دەگەیشتەوە، بە وتەی نەوشیروان مستەفا: "نوێنەرانی حزبەکانی تر بۆ ئەوەی دڵی کاربەدەستانی ئێران لە یەکێتی ڕەش بکەن، ئەم هەواڵانەیان بە قەبەکراوی پێ ئەگەیاندن"[6]، وێڕای ئەوەی پێشمەرگەی یەکێتی لە شەڕی (پاوە) لە 9ی ئابی 1979* بەشداریان کرد، هاوکات وەزیری بەرگری ئێران (مستەفا چەمران) خۆی لەم شەڕەدا بەشداربوو، وتەبێژی پاسداران باسی لە بوونی پێشمەرگەی یەکێتی لە ناو

([1]) نەوشیروان مستەفا ئەمین: پەنجەکان....، ل158.

([2]) وەرگیراوە لە فاتح ڕەسول: چەند لاپەڕەیەك....، بەرگی یەکەم، ل139.

([3]) هۆشمەند عەلی مەحمود: ڕۆژهەڵاتی کوردستان، ل358.

([4]) فاتح ڕەسول: چەند لاپەڕەیەك....، بەرگی یەکەم، ل90؛ پشکۆ نەجمەدین: ئەزموونو یاد، ل ل115، 121؛ هەیاس کاردۆ: س. پ، ل384.

([5]) هۆشمەند عەلی مەحمود: ڕۆژهەڵاتی کوردستان، ل358.

([6]) نەوشیروان مستەفا ئەمین: پەنجەکان....، ل122.

* کریس کۆچێرا مێژووی شەڕی پاوەی بە 11ی ئاب هێناوە. (کریس کوچرا: جنبش ملی کرد....، ص205).

هێرشبەراندا دەکرد[1]. هەروەها ڕۆژنامەی ئیتلاعات بڵاویکردەوە هێرشبەران لە چەکدارانی جەلال تاڵەبانی، حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران و عەشایری ناوچەکە پێکهاتبوون[2]، پاشان حکومەتی ئێران بڕیاری لەسێدارەدانی دەرکرد بۆ هەر کەسێك کە لە شەڕی کوردستاندا بەشدار بووە[3].

ئەمە جگە لەوەی لە ئەمریکاو زۆربەی وڵاتانی ئەوروپادا، ڕێکخستنەکانی یەکێتی چالاکانە بەشدارییان لەو خۆپیشاندانانەدا دەکرد کە دژی هێرشەکانی کۆماری ئیسلامی ئێران بۆ سەر ڕۆژهەڵاتی کوردستان ئەنجام دەدران، زۆر جاریش (عومەر شێخموس) ئەندامی مەکتەبی سیاسی ئەوکاتی (ی. ن. ك)، ئەندامی دەستەی ڕێکخەری خۆپیشاندانەکان بوو، بەبێ ئەوەی گوێ بە تێکچوونی پەیوەندییەکانیان لەگەڵ کۆماری ئیسلامی ئێران بدەن[4].

شایانی باسە لە کاتی سەرهەڵدانی شەڕی پاوەدا، تاڵەبانی لە ئێران بوو، کە لەسەر بانگهێشتی ئێران سەردانی تارانی کردبوو، کە (22) ڕۆژی خایاند لە ماوەی نێوان 7/23-1979/8/16، لە میانەیدا چاوی بە ئیمام خومەینی و حوسەین عەلی مونتەزەری و چەند کاربەدەستێکی حکومەتی ئێران کەوت، لەو دیدارانەدا وێڕای داوای پشتیوانی لە خەباتی جوڵانەوەی کورد، و یارمەتیدانی یەکێتی بە چەك و پارەو ئازوقە، داوای لێکردبوون ڕێگەی بدەن بۆ هێنانی چەك و تەقەمەنی لە ڕێگەی ئێرانەوە، هەروەها ڕێگە بە یەکێتی بدەن لە بازاڕەکانی ئێراندا پێویستیەکانی خۆی بکڕێت، و کارئاسانی بۆ ئەندامانی بکرێت لە ئێرانەوە هاتووچۆ بکەن و بریندارەکانی لە نەخۆشخانەکانی ئێراندا چارەسەر و تیمار بکرێن[5]، جگە لەوەی داوای لێکردن ئەو چەك و جبەخانەی کوردانی باشوری کاتی شۆڕشی ئەیلول کە لە سەردەمی شای ئێران لە سەربازگەی (جلدیان) عەمبار کراوە بۆیان

(1) عەلی تەتەر نێرویی: بزاڤی....، ل136.

(2) ڕۆژنامەی اطلاعات: حمله سالار جاف، طالبانی و حزب دمکرات کردستان به پاوه، ژمارە (15931)، شنبه 27 مرداد ماه، ص2.

(3) عەلی تەتەر نێرویی: بزاڤی....، ل136- 137.

(4) نەوزاد عەلی ئەحمەد: پشکۆیەك....، ل246.

(5) نەوشیروان مستەفا ئەمین: پەنجەکان....، ل122.

بگێڕنەوە[1]، بەڵام ئەم سەفەرەی تاڵەبانی جگە لە مانەوەی نوێنەرێکی یەکێتی لە تاران بۆ پەیوەندی هیچ ئەنجامێکی ئەوتۆی لێنەکەوتەوە[2]. بۆ ئەوەش د. فوئاد مەعسوم بەرپرسی پەیوەندییەکانی دەرەوەی یەکێتی لە تاران دانرا، پاش ماوەیەکیش موحسین عەلی ئەکبەر وەك بەرپرسی پەیوەندییەکانی یەکێتی لە ئێران بۆ تاران دەنێردرێت[3].

لەگەڵ بڵاوبوونەوەی هەواڵی بەشداریکردنی هێزەکانی یەکێتی لە شەڕی پاوەدا، تاڵەبانی بروسکەیەك بۆ ئایەتوڵڵا حوسەین عەلی مونتەزەری، ئایەتوڵڵا مەحمود تاڵەقانی* و محەمەد مونتەزەری دەنێرێت، وێڕای بەدرۆخستنەوەی هەواڵەکە، مەهدی بازرگان تۆمەتبار دەکات بە بڵاوکردنەوەی ئەو هەواڵەو هاوکات داوای پێکهێنانی لیژنەیەکی لێکۆڵینەوە لە ڕاستیەکان دەکات[4]، هەروەها لەگەڵ گرتنی شاری پاوە لەلایەن حکومەتی ئێرانەوە، جەلال تاڵەبانی بروسکە بۆ هەر یەك لە ئیمام خومەینیو مەهدی بازرگان سەرۆك وەزیرانی ئێران دەنێرێتو تیایدا جەخت لەسەر پشتگیری یەکێتی نیشتمانی کوردستان بۆ شۆڕشی ئیسلامی ئێران دەکاتەوە[5].

وەك دەبینین پەیوەندییەکانی یەکێتیو ئێران لەو قۆناغەدا ناجێگیرە، لە کاتی سەردانی جەلال تاڵەبانی بۆ تاران، حکومەتی ئێران وەڵامی هیچ داواکارییەکی ئەوتۆی یەکێتی نادەنەوە، ئەوەش بەدوور نازانرێت بەهۆی بڵاوبوونەوەی هەواڵی بەشداری یەکێتیەوە بووبێت لە شەڕی پاوەدا، هەرچەندە یەکێتی هاوکاری هێزەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستانی دەکرد، بەڵام لە هەمانکاتدا پێویستی بە هاوکاری کۆماری ئیسلامی ئێران

([1]) فاتح ڕەسول: چەند لاپەڕەیەك...، بەرگی یەکەم، ل115.

([2]) نەوشیروان مستەفا ئەمین: پەنجەکان...، س. پ، ل122.

([3]) چاوپێکەوتن لەگەڵ موحسین عەلی ئەکبەر.

* اية الله محمود طالقانی: لە ساڵی 1903 لەدایك بووە، زانستە ئیسلامیەکانی لە قوم خوێندووە، لە گەورە زانایانی ئایینی ئێران بووە، لە سەردەمی ڕەزا شادا لە ساڵی 1936دا زیندانی کراوەو پاشان تا ساڵی 1941 بۆ دەرەوەی تاران دوور خراوەتەوە، یەکێك لە دامەزرێنەرانی پارتی ڕزگاری ئێران (نهضت ازادی ایران) بووە لە ساڵی 1961دا، بە تۆمەتی ئینتیما بۆ ئەو پارتە لە ساڵی 1968- 1978 زیندانی کراوەو ئەشکەنجە دراوە، لە 1979/9/10 لە تاران کۆچی دوایی دەکات. (روز شمار انقلاب اسلامی، ص385؛ محمد وصفی ابو مغلی: م. س، ص ص84- 85).

([4]) عەلی تەتەر نێروەیی: بزاڤی...، ل136.

([5]) فاتح ڕەسول: چەند لاپەڕەیەك...، بەرگی یەکەم، ل120؛ پشکۆ: ئەزموونو یاد، ل115.

بوو، بۆیە دەیویست پەیوەندیەکانیشی لەگەڵ ئێراندا نەپچڕێنێت، کە ئەوەش دوو کاری پێچەوانەو دژبەیەك بوون.

بە مەبەستی کۆتاییهێنان بە شەڕی نێوان حکومەتی ئێرانو کوردانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، جەلال تاڵەبانی هەستا بە میانگیریو ناوبژی لە نێوان هەردوولادا، بۆ ئەوەش نامەی بۆ هەریەك لە (ئیمام خومەینی، حوسەینی نەوەی خومەینی، ئایەتوڵڵا حوسەین عەلی مونتەزەری، محەمەدی کوڕی مونتەزەریو داریوش فروهەر) نووسیو بە (دلێری سەید مەجیدو موشیر حەمەغەریب)دا بۆی ناردن بۆ تاران، تیایدا داوای لێکردبوون شەڕی کوردستان ڕابگرنو کێشەکان بە ڕێگەی گفتوگۆ چارەسەر بکەن، هاوکات ئامادەیی خۆشی بۆ ناوبژی نێوانیان دەربڕیبوو[1]. دواجار میانگیریەکەی تاڵەبانی سەرکەوتنی بەدەستهێنا، دوای ڕەزامەندی خومەینی لەسەر گفتوگۆ، وەفدی حکومەتی ئێرانو کوردانی ئێران کۆبوونەوەو گەیشتنە بڕیاری وەستاندنی جەنگو ئاگربەستیان ڕاگەیاند[2].

بۆ ئەوەش لە سەرەتادا قاسملوو چەند سەرکردەیەکی (حدکا) و هەروەها شێخ عیزەدین حسێنیو سەرانی (کۆمەڵە)ی بینیبوو، پاشان جەلال تاڵەبانیو وەفدێکی هاوڕێی لە 1979/10/6 لە گوندی (نیشکۆلان) بە دووری (10) کم لە سەردەشت، چاوی بە نوێنەرانی دەوڵەتی ئێران کەوت بە سەرۆکایەتی (داریوش فروهەر)و ئەندامانی پێکهاتبوون لە: (تیمسار یەعقوب فروخ ئازەری ژەنەراڵی سوپا، محەمەد نوری نوێنەری ئیمام خومەینیو ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی حیزبی کۆماری ئیسلامی ئێران، ئەفسەرێکی پادگانی سەردەشتو ئەفسەرێکی فڕۆکەوان)، لەو دیدارەدا فروهەر بە تاڵەبانی ڕاگەیاند هاتنی ئەوان بۆ دوو مەبەستە، یەکەم: بۆ گفتوگۆکردن لەسەر چۆنیەتی چارەسەرکردنی پرسی کوردی ئێران بە شێوەیەکی ئاشتیانە. دووەم: دەربڕینی ئامادەیی ئێران بۆ یارمەتیدانی یەکێتی بە هەموو شێوەیەك، بە وتەی ئێرانیەکان تاوەکو بتوانن خۆڕاگر بنو کوردستانی عێراق لە فاشیەکان بکەن بە جەهەننەم[3].

([1]) نەوشیروان مستەفا ئەمین: پەنجەکان....، ل127.

([2]) سالار أوسی: م. س، ص ص112- 113؛ چاوپێکەوتن لەگەڵ موحسین عەلی ئەکبەر.

([3]) فاتح ڕەسول: چەند لاپەڕەیەك...، بەرگی یەکەم، ل ل223- 224؛ نەوشیروان مستەفا ئەمین: پەنجەکان...، ل ل127- 128؛ نەوزاد عەلی ئەحمەد: شەوچەرەی کوردایەتی، ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ، ژمارە (5289)، 2010/9/26، ل17؛ چاوپێکەوتن لەگەڵ موحسین عەلی ئەکبەر.

لـە ڕۆژی دووەمـی دانیشـتنەکەدا لـە 1979/10/7، لەسـەر داوای فروهـەر یـەکێتی داواکارییەکانی خۆی لە حکومەتی ئێران دەخاتە ڕوو کە بریتی بوون لە:

1. ڕێگەیان بدرێت چەک و پێداویستی لە سوریاو لیبیاوە لە ڕێگـەی خـاکی ئێرانـەوە بۆ کوردستان بگوازنەوە.
2. ڕێگەیان بدرێت نوسینگە لە تاران بکەنەوە.
3. بریندارو نەخۆشەکانیان لە نەخۆشخانەکانی ئێراندا چارەسەرو تیمار بکرێن.
4. ڕێگەیان بدرێت لە بازاڕەکانی ئێراندا ئازوقەو پێداویستیەکانی خۆیان بکڕن.
5. بەشێك لەو چەکانەی کە لە کاتی هەرەسی شۆڕشی ئەیلول لـە سـەردەمی شـای ئێراندا لە کوردانی باشوری کوردستانیان سەندووەو لە سەربازگەکانی ئێـران بـە تایبـەتی لە سەربازگەی (جلدیان) عەمبار کراوان، بۆ یەکێتی بگێڕنەوە.
6. ئاگـاداری باڵیۆزخانـەکانی ئێـران لـە وڵاتـانی دەرەوە بکرێـت، ڤیـزای ئێـران بـە لایەنگرانی ئۆپۆزسیۆنی ڕژێمی عێراق بـدەن، تـا بتـوانن بـە نـاو خـاکی ئێرانـدا هاتووچۆ بکەن[1].

هەرچەندە داریۆش فروهـەرو نوێنـەرانی تـری ئێـران بـە شـێوەی زارەکـی ڕەزامەنـدی لەسـەر داواکارییـەکانیان دەردەبـڕن، بـەڵام پێیـان ڕادەگەیـەنن کـە تـا ڕۆژی شـەممە 1979/10/11 بە نامەی فەرمی لە ڕەزامەندی حکومەتی ئێران لەسەر داولکارییەکانتان ئاگادارتان دەکەینەوە[2]. هەر لەو کۆبوونەوەیەدا م. موحسین عەلی ئەکبـەر بـە نوێنـەری یەکێتی لە سەردەشت دادەنرێت[3].

دوای ئەو کۆبوونەوەیە بە چەند ڕۆژێك، جەلال تالەبانی لە نامەیەکیدا کە بۆ هـەڤاڵانی دەرەوەی نـاردووە، دەنوسـێت: "ئێسـتا پـێش سـەعاتێك ئاگـادار کـرام کـە د. چـەمران و داریوش هاتونەتە سەردەشت و نوێنەری ئێمەیان ویستووە، دیـارە ئەمـە بـۆنێکی خۆشـی ئیجابیەتی لێ دێت، ئێمەش بڕیارمان دا کە ڕەفیق سەفاو د. کەمال بنێرین بۆ لایان، بۆیە ئەبێ ئێوە زۆر زۆر سـەعی بکـەن کـە زۆر زۆر چـەك و تەقەمـەنی سـازدەن وە زۆر زۆر بـە

([1]) فاتح ڕەسول: چەند لاپەڕەیەك...، بەرگی یەکەم، ل225- 226؛ نەوشیروان مستەفا ئەمین: پەنجەکان...، ل128.

([2]) فاتح ڕەسول: چەند لاپەڕەیەك...، بەرگی یەکەم، 226.

([3]) چاوپێکەوتن لەگەڵ موحسین عەلی ئەکبەر.

ئەوەی بە تاڵەبانی ڕاگەیاندبوو: "ڕژێمی ئاخوندەکانی ئێران هیچ کۆمەکێك بە یەك ناکات گەر دژی کوردی ئێران نەوەستێتو کاری بۆ نەکات"[1].

پەیوندییەکانی نێوان یەکێتیو ئێران زیاتر بەرەو بارگرژی چوو، کاتێك بە فەرمانی وەزیری بەرگری ئەوکات (مستەفا چەمران) دەست بەسەر ئەو چەکانەدا گیرا کە لە لیبیاو سوریاو هەندێك ڕێکخراوی فەلەستینیەوە بۆ یەکێتی نیشتمانی کوردستان هاتبوو، تا لە ڕێگەی خاکی ئێرانەوە بۆ کوردستان بگوێزرێتەوە، هەرچەندە پێشتر کاربەدەستانی ئێران ڕەزامەندییان لەسەر گواستنەوەی ئەو چەکانە دەربڕیبوو[2]، بۆ ئەوەش بەڵێنیان بە تاڵەبانی دابوو، بۆ ئەو مەبەستەش تاڵەبانی لە مایسی 1980دا سەردانی تارانی کرد، پاش ئەوەی پەیوەندی بە مستەفا چەمران وەزیری بەرگری ئێرانەوە کرد، بەڵێنی پێدا چەکەکانیان بداتەوە[3].

دوا بەدوای ئەو بەڵێنە لە ناوەڕاستی مانگی مایسدا ئێران بەشێك لەو چەکانەی بە یەکێتی دایەوە، کە پێکهاتبوو لە (270) پارچە چەکی جۆراوجۆر لە (کلاشینکۆف، گرینۆف، دۆشکاو قەناسە) و ژمارەیەکی زۆر فیشەکی هەمەجۆر، بۆ گوندەکانی کانی زەردو توژەڵە گواستیانەوە[4]، بەوەش هێشتا زیاتر لە (80) تەن لەو چەکانە مابوو، ئێران بە پاساوی ئەوەی هێزێکی (یەکێتی) لە شەڕی (پاوە)دا بەشدارییان کردووەو پاسداریان کوشتووە دەستیان بەسەردا گرت[5].

کاتێك تاڵەبانی لە مایسی 1980 سەفەری بۆ ئێران کرد، و زیاتر لە مانگێك مایەوەو لە میانەیدا چاوی بە کاربەدەستانی باڵای کۆماری ئیسلامی ئێران کەوت، هەر لە تارانەوە بۆ هەندێك کاری پێویست چوو بۆ سوریاو بە هیوا بوو زوو بگەڕێتەوە، بەڵام زیاتر لە ساڵێك لە سوریا مایەوە، چونکە ئێران ڕێگەی نەدەدا بە وڵاتەکەیدا بگەڕێتەوە، لەبەر ئەوەی ئێران لەو قۆناغەدا کاربەدەستانی سوپای پاسداران بیروڕایان بەرامبەر تاڵەبانی خراپ بوو[6].

---

(1) وەرگیراوە لە فاتح ڕەسول: چەند لاپەڕەیەك...، بەرگی یەکەم، ل165.

(2) سالار أوسی: م. س، ص113.

(3) ئاوات قارەمانی: ڕێگا باریکەکان ڕووداوەکانی (1963- 1999)، چاپی دووەم، چاپخانەی کوردستان، سلێمانی، 2009، ل ل167- 168.

(4) فاتح ڕەسول: چەند لاپەڕەیەك...، بەرگی دووەم، ل67، پشکۆ نەجمەدین: ئەزموونو یاد، ل130.

(5) فاتح ڕەسول: چەند لاپەڕەیەك...، بەرگی دووەم، ل115.

(6) ڕێباز: س. پ، بەشی یەکەمو دووەم، ل158؛ نەوشیروان مستەفا ئەمین: پەنجەکان...، س. پ، ل160؛ برایم جەلال: چەپکێك...، ل323.

لەمەڕ پەیوەندیی یەکێتی‌و ئێران، نەوشیروان مستەفا ئاماژە بە دوو خاڵی لاوازی یەکێتی دەکات کە نەیارانی دەیانتوانی بۆ دژایەتی یەکێتی لای ئێران بیقۆزنەوە، یەکەم: هێزەکانی پێشمەرگەی یەکێتی یارمەتی (حدکا) و (کۆمەڵە)یان دژی ئێران دەدا، ئەمەش نەیارانی یەکێتی بە زیادەوە بە ئێرانیان دەیانگەیاندەوە. دووەم: یەکێتی چەپ بوو لە نێویشیدا ڕێکخراوێکی مارکسی- لینینی هەبوو، بەمەش یەکێتی بە کۆمۆنیزم تاوانبار دەکرا، کە سەرانی شۆڕشی ئێران بە دوژمنی ئیسلامیان دادەنا[1]. هەرچەندە لە 1979/5/1دا ناوی ڕێکخراوی (کۆمەڵەی مارکسی - لینینی کوردستان)یان بۆ (کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان) گۆڕی تا لەگەڵ ئەو واقیعە تازەیەی هاتۆتە پێشەوە بیگونجێنن[2]. بەڵام هەر پەیوەندییەکی ئەوتۆ لەنێوان یەکێتی‌و ئێراندا دروست نەبوو.

هەروەها نەوشیروان مستەفا دەڵێت: "ئەوان دینی‌و یەکێتی نەدینی، ئەوان شیعەو یەکێتی سوننی، ئەوان عەجەم‌و یەکێتی کورد..کارێکی ئاسان نەبوو لەیەك بگەن"[3]. بەڵام لە ڕاستیدا هۆکاری ڕاستەقینە ئەو جیاوازیانە نەبوو، چونکە هەردوولا بە هەمان پێکهاتەو جیاوازی خۆیانەوە لە چەند ساڵی دواتردا پەیوەندی بەهێزو تەنانەت ڕێکەوتننامەی دووقۆڵییان لەگەڵ یەکتردا واژۆ کرد، وێڕای ئەوەی پارتی کوردی تر هەبوو بە هەمان شێوە کوردو سوننی‌و نەدینی بوون، لەگەڵ ئەوەشدا ئێران پەیوەندی بەهێزی لەگەڵ دامەزراندن.

دەتوانین بڵێین پەیوەندییەکانی یەکێتی‌و ئێران گرژی‌و هەڵکشان‌و داکشانی زۆری بەخۆوە بینی، بەجۆرێك پەیوەندی بەهێزو پتەو لە نێوان ئەو دوو لایەنەدا دروست نەبوو، دەتوانین بڵێین هۆکارەکەی دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە یەکێتی پشتیوانی‌و هاوکاری حدکا)و (کۆمەڵە) و کوردانی ڕۆژهەڵاتی دەکرد لە شەڕەکانیاندا دژی حکومەتی ئێران، وێڕای ئەوەی یەکێتی ئامادە نەبوو مەرجەکانی ئێران جێبەجێ بکات کە خۆی لە دروستکردنی ئاستەنگو هاوکاری ئێران لە لێدانی کوردانی ڕۆژهەڵاتدا دەبینیەوە، جگە

1- نەوشیروان مستەفا ئەمین: پەنجەکان...، ل 22- 23.

2- شاخەوان عەباس: س.پ، ل247.

3- نەوشیروان مستەفا ئەمین: پەنجەکان...، ل122.

بـه مەبەسـتی دروسـتکردنی پەیوەنـدی لەگـەڵ حکومـەتی ئێرانـدا، (حشـع) لەسـەر پێشنیاری مەکتەبی سیاسی (حزبی توده)، کـه داوای لێکردبـوون بـۆ پشـتگیری کۆمـاری ئیسلامی ئێرانو هەنگاوەکانی ئیمام خومەینیو ڕیسواکردنی ڕەفتارەکـانی ڕژێمـی عێـراق دژی کورده فەیلیەکانو شیعەکانی عێراق بەیاننامەیەك دەربکات، پاش ئەوەش وەفدێکی سەرکردایەتی (حشع) بچنه تارانو لەگەڵ ڕابـەرانی کۆمـاری ئیسـلامی ئێـران کۆببنـەوە. (حشع) بەیاننامەیەك به ناوی سـەرکردایەتی (حشـع) دەنوسـێتو بـه سـکرتێری هـەرێمی حزبدا دەینێرێت بۆ تاران تا له ڕۆژنامەکانی تاراندا بڵاوی بکاتەوه[1].

له ساڵی 1980 به بڕیاری سەرکردایەتی (حشع) ئەندامێکی حزبی شـیوعی بـه نـاوی (عادل حەبه)، به خێزانەوە دەچێته تارانو وەك مـاڵێکی حزبـی لـەوێ نیشـتەجێ بـوون، بـەڵام دواتـر لـه سـاڵی 1981 دەسـتگیر دەکرێـتو دوای ئـەوەی لەلایـەن ئیتلاعاتـەوە لێکۆڵینـەوەی لەگـەڵ دەکرێـت دەیناسـنەوە کـه ئەنـدامی حزبـی شـیوعی عێراقیـه، و پێشتریش له سەردەمی شادا گیراوە، بەوەی که چەند ئەفسەرێکی کۆنه ساواکی دەیبینن که له ساڵی 1963دا لێکۆڵینەوەیان لەگەڵدا کردبوو، بەلام ناچێته ژێرباریو وتبووی کـه بـۆ کاروبـاری ڕێکخـراوی ڕزگـاریخوازی فەلەسـتینی لـه تارانـه، دواجـار پـاش ماوەیـەك زیندانیکردنی ئازاد دەکرێتو دەچێته سوریا[2].

دواجار پەیوەندی نێوان ئێرانو (حشـع) دروسـت نابێـتو پێشـمەرگەکانی (حشـع) لـه ناوچەکانی سەر سنورو هەوراماندا دەکەونه ژێر پەڵپو بیانوو و فشارو ئابڵوقـەی هێـزی پاسدارانی ئێرانـەوە، تەنانـەت ڕێگـەی ئـەوەیان پێنـەدەدان کـه لەسـەر خـەرجی خۆیـان ئازوقەو پێویستیەکانی ژیانیان له بازاڕەکانی ئێراندا بۆ خۆیان دابین بکەن[3]، هـەر بۆیـه له کاتی چونیان بۆ ئێران بۆ لای مەکتەبی سیاسی پـارتی لـه ڕاژان، (پ. د. ك) پسـوڵەی هاتوچۆکردنیان به ناوی (افراد بارزانی) بۆ وەردەگرتن[4].

([1]) فاتح ڕەسول: چەند لاپەڕەیەك...، بەرگی دووەم، ل ل45- 46.

([2]) ئەحمەد بانیخێلانی: س. پ، ل ل359- 360.

([3]) فاتح ڕەسول: چەند لاپەڕەیەك...، بەرگی دووەم، ل128.

([4]) هـ. س، 166.

بەشی سێیەم:

کاریگەری جەنگی عێراق- ئێران لەسەر سیاسەتی ئێران بەرامبەر جوڵانەوەی ڕزگاریخوازی کورد لە باشوری کوردستان

(1985 -1980)

لەگەڵ ئەوەی خومەینی زۆر ڕقی لە (سەدام حسێن) بوو و بە کەسێکی پیاوکوژو تاوانباری دەزانی[1]، بە هەمان شێوە ڕژێمی بەعسیش ڕقی لە حکومەتی نوێی ئێران بوو، بۆیە لە هەوڵی لاوازکردنیدا بوو لە ڕێگەی دروستکردنی چەندین کێشەو گرفتەوە بۆی[2]. بۆ ئەوەش دەرگای بە ڕووی ئەفسەرانی هەڵاتووی سەردەمی شادا کردەوەو کەوتە لە خۆگرتنو کۆمەکیکردنیان لە ڕووی ڕاگەیاندنو پروپاگەندەوە، هاوکات بە ئاشکراو نهێنی دەستی وەردایە ناو کاروباری نێوخۆی ئێرانەوەو کۆمەکی مادیی بێ ھەژماری نەیارانی ڕژێمی تازەی ئێرانی دەکرد، بە مەبەستی نانەوەی ئاژاوەو پشێوی لەناو ئێراندا، بێجگە لەوەی هێرشی دەکردە سەر دۆخی تازەی ئێرانو شۆڕشەکەی[3].

دوای تێپەڕبوونی چەند مانگێك بەسەر سەرکەوتنی شۆڕشی ئیسلامی ئێراندا، ڕووخاندنی ڕژێمی عێراقی کردە ئامانجی خۆی[4]، بێجگە لە خومەینی بەرپرسانی تری ئێرانیش ڕاشکاوانە ئاماژەیان بەو ئامانجە دەکرد، و داوایان لە خەڵکی عێراق کرد ڕژێمی بەعس بروخێنن[5]. لەوانە حسێن شیرازی لە 1979/6/13 دا وتبووی "داوا لە گەلی عێراقو گەلانی تر دەکەم کە حکومەتی عێراق بروخێنن"[6]، هەروەها صادق خالخالی لە 1979/10/11 لە چاوپێکەوتنێکدا لەگەڵ ڕۆژنامەی (کەیهان)ی ئێرانیدا وتبووی "خومەینی سەرکردەی هەموو چەوساوەکانی جیهانە، لە ڕێگەی ئەم سەرکردەوە گەلی عێراق لەدەست ڕژێمی بەعس ڕزگاری دەبێ"[7].

لە شوباتی 1980دا لەسەر دژایەتی بەهێزی عێراق بۆ ڕژێمی خومەینی لە ئێران گۆڤاری (The Economist) نوسیبووی، کە عێراق هانی عەرەبەکانی خوزستان بۆ جەنگی پارتیزانی دەدات، و تاران پێی وایە کە عێراق مەشقو چەك بە گروپەکانی ئۆپۆزسیۆنی کوردو عەرەبو بلوچ لە ئێران دەدات[8].

([1]) فاتح ڕەسول: چەند لاپەڕەیەك....، بەرگی یەکەم، ل242.

([2]) جمال فتح الله: س. پ، ل157.

([3]) فاتح ڕەسول: چەند لاپەڕەیەك....، بەرگی دووەم، ل190.

([4]) نيفين عبدالمنعم مسعد: صنع القرار في ايران والعلاقات العربية– الايرانية، الطبعة الاولى، مركز دراسات الوحدة العربية، بيروت، 2001، ص212.

([5]) ڕێباز: س. پ، بەشی یەکەمو دووەم، ل203؛

Efraim Karsh: essential Histories, The Iran- Iraq War 1980- 1988 (Oxford- Ospray Publishing- 2002), U.K, p13.

([6]) وەرگیراوە لە جمال فتح الله: س. پ، ل158.

([7]) وەرگیراوە لە هـ. س.

Keith Mclachlan: Op.Cit, p27. ([8])

لە ڕۆژی 1980/4/1 تاریق عەزیز (جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیرانی عێراق) لە زانکۆی موستەنسیریە لە کاتی وتارخوێندنەوەدا هەوڵی کوشتنی دەدرێت، نارنجۆکێك لەلایەن قوتابیەکەوە بە ناوی (سەمیر نور عەلی)یەوە تەقێندرایەوەو دوو کوژراو و چەند بریندارێکی لێکەوتەوە، کە تاریق عەزیز لەنێو بریندارەکاندا بوو، ئەمەش بووە مایەی تورەبوونی سەدام حسێنو هەڕەشەی ئەوەی کرد کە ناهێڵێت ئەو خوێنانە بەفیڕۆ بڕوات[1]. هەروەها لە کاتی بەڕێکردنی تەرمی کوژراوەکانی 1980/4/5دا لە قوتابخانەیەکی ئێرانییەوە نارنجۆکێك هەڵدرایە ناویانەوە، ئەویش کوژراوێكو چەند بریندارێکی لێکەوتەوە[2].

لە پەرچەکردای ئەو ڕووداوەدا، حکومەتی عێراق لە 8ی نیسانی 1980دا (ئایەتوڵا محەمەد باقر سەدر و خوشکەکەی بنت الهدی)ی لەسێدارە دا[3]، بێجگە لەوەی سەدام حسێن بە مەرسومێکی کۆماری بڕیاری لەسێدارەدانی بۆ هەرکەسێك دەرکرد کە ئەندامو یاریدەدەری حزبی دەعوەو ڕێکخراوی عەمەلی ئیسلامی* بێت[4]. هاوکات لە 8ی نیسانی

([1]) فاتح ڕەسول: چەند لاپەڕەیەك...، بەرگی دووەم، ل39- 40؛ کریس کوتشیا: حرب العراق و ایران (1980- 1988): الحرب الاولى لصدام حسين، في الكتاب الاسود لصدام حسين، ترجمة، خسرو بوتاني، الطبعة الاولى، مطبعة مؤسسة اراس، اربيل، 2007، ص239؛ Efraim Karsh: Op. Cit, p9.

([2]) اصغر جعفری ولدانی: م. پ، ص546؛ کۆماری عێراق وەزارەتی ڕۆشنبیریو ڕاگەیاندن، دەزگای ڕۆشنبیریو بڵاوکردنەوەی کوردی: بۆچی ڕێککەوتننامەی جەزائیر لە نێوان عێراقو ئێراندا هەڵوەشایەوە؟، دار الحرية للطباعة، بغداد، ل31؛ فاتح ڕەسول: چەند لاپەڕەیەك، بەرگی دووەم، ل40.

([3]) نيفين عبدالمنعم مسعد: م. س، ص212؛حبيب الله ابو الحسن شيرازى و کامران طارمى: م. پ، ص75؛ على اكبر ولايتى: تاريخ سياسى جنگ تحميلى عراق بر جمهورى اسلامى ايران، چاپ ششم، چاپخانه دفتر نشر فرهنگ اسلامى ليتوگرافى، تهران، 1386، ص58؛ منوچهر پاسادوست: ماو عراق از گذشتهء دور تا امروز، تجاوز عراق، پيامدها، پايان جنگ وروى دادهاى پس ازان، چاپ دوم، چاپخانه عماد، تهران، 1386، ص267.

* ڕێکخراوی عەمەلی ئیسلامی: (منظمة العمل الاسلامی): لە ساڵی 1967 لە ژێر ناوی "الحركة الرسالية في العراق" لەلایەن خێزانی شیرازییەوە لە کەربەلا دامەزراوە، لە ساڵی 1975دا باڵی سەربازی دروستکردووە و کاری لەسەر کردەوەی غافڵکوژی کردووە، لە ساڵی 1979دا ناوەکەی بۆ "ڕێکخراوی کاری ئیسلامی لە عێراق" گۆڕاوە، ئامانجی دامەزراندنی دەوڵەتی ئیسلامی بووە، بەرپرسیارێتی خۆی لە تەقینەوەکەی زانکۆی موستەنسریە کە تاریق عەزیزی کردبووە ئامانج ڕاگەیاندووە، لە ساڵی 1980دا ڕابەری پارتەکە (سەید حەسەن شیرازی) لە بەیروت غافڵکوژ کراوە، شایانی باسە لە هەڵبژاردنەکانی ساڵی 2005ی عێراقدا نەیتوانیوە هیچ کورسییەکی پەرلەمان بەدەست بێنێت. (رشيد الخيون: لاهوت السياسة الاحزاب والحركات الدينية في العراق، الطبعة الاولى، منشورات الجمل، بغداد، 2009، ص ص125- 136).

([4]) فاتح ڕەسول: س. پ، بەرگی دووەم، ل45.

تەلەفزیۆنو بە بەرچاوی جیهانەوە، وێنەیەکی ڕێکەوتننامەکەی دڕاندو ڕایگەیاند کە عێراق بڕیاری داوە ناوچەکانی خۆی لە ڕێگەی هێزەوە بگێڕێتەوە، بەدەر لەوەی عێراق بڕیاری داوە ڕێگای ناوی شەتولعەرەب بخاتە ژێر دەسەڵاتو سەروەری تەواوی خۆیەوە، ئەمەش ئاماژەیەکی ڕوونو ئاشکرا بوو بۆ ئەوەی دوای پێنج ڕۆژ ڕوویدا[1].

ئەوەبوو لە ڕۆژی 22ی ئەیلولی 1980 جەنگی عێراق- ئێران هەڵگیرسا، کاتێك (192) فڕۆکەی عێراقی هێرشیان کردە سەر ئێرانو فڕۆکەخانەکانی ئەو وڵاتەیان کردە ئامانج[2]، و لە ڕۆژی دواتردا سوپای عێراق لە سێ بەرەوە بە درێژایی (550) کیلۆمەتر لە سنوری نێوان هەردوو وڵات هێرشی زەمینی بۆ سەر خاکی ئێران دەستپێکرد[3]. کە ئەم جەنگەش (ئەیلولی 1980- ئابی 1988) لەلایەن کەسانی دەوروپشتی (سەدام حسێن)ەوە بە (قادسیەی سەدام) ناونرا[4]. ئەمەش بووە دەستپێکی هەڵگیرساندنی درێژترین جەنگی سەدەی بیستەم کە بۆ ماوەی هەشت ساڵ بەردەوام بوو.

لەو کاتەدا ئێران لە ڕووی هێزی سەربازییەوە لاواز بوو، دەزگاکانی ئاسایشو ئەرتەشی ئێرانی هەڵوەشابوونەوە، ڕژێمی تازەی ئێران دەستیان کردبوو بە بژارکردنی سوپا لە ئەفسەرانی باڵای سەر بە ڕژێمی پێشووی شا[5]، بێجگە لەوەی عێراق پێی وابوو ململانێی ناوخۆیی ڕژێمی تازەو گۆشەگیری ئێران لەو کاتەدا، دەرفەتێکی گونجاوە بۆ دەستگرتن بەسەر خاکی کۆماری ئیسلامی ئێرانو دەتوانن بە ئاسانیو خێرایی سەرکەوتن بەدەستبهێنن[6]. بەوەش دەتوانن مەرجەکانی خۆیان بەسەر ئێراندا بسەپێنن، چونکە ئێران ناتوانێت خۆی ڕابگرێت یاخود بتوانێت شەڕێکی درێژخایەن بکات[7].

بحوث و مناقشات الندوة الفكرية، الطبعة الثانية، مركز دراسات الوحدة العربية، بيروت، 2001، ص476؛ محمد الطاهر محمد: م. س، ص110.

([1]) نادر نینتسار: ئیتنۆ نەتەوایەتی کوردی، ل172.

([2]) عەلی تەتەر نێرەویی: بژاقی....، ل173؛ جمال فتح الله: س. پ، ل162.

([3]) منوچهر پارسادوست: مار عراق....، ص595.

([4]) نەوشیروان: پەنجەکان....، ل171.

([5]) برایم جەلال: چەپکێك....، ل327.

([6]) نيفين عبدالمنعم مسعد: م. س، ص212.

([7]) ڕێباز: س. پ، بەشی یەکەمو دووەم، ل206.

لەلایەکی ترەوە حکومەتی عێراق دەیویست لە پەلامارێکی کتوپڕدا بۆ سەر خاکی ئێران، ئامانجە سیاسیو سەربازییەکانی بێنێتەدیو ئێران پارچە پارچە بکات، هاوکات دەست بەسەر ناوچە نەوتیەکانی (خۆزستان)دا بگرێتو بیخاتە سەر خاکی وڵاتەکەیو دەسەڵاتو سەروەری ئێران لە شەتولعەرەب نەهێڵێت،و بە هەموو ئەوانەش شکۆی سوپای ئێران بشکێنێت[1]. هەروەها ڕژێمی عێراق پێی وابوو، بە چوونی سوپای عێراق بۆ ناو خاکی ئێران خەڵکی عەرەبستان (خۆزستان) بە گەرمی پێشوازییان لێدەکەنو دەچنە پاڵ سوپای عێراق دژی ئێران[2].

بەڵام بە پێچەوانەی خواستو بۆچوونەکانی ڕژێمی عێراقەوە، یەکەم بەرگری لەلایەن عەرەبی (خۆزستان)ەوە کراو شەڕ درێژەی کێشا، وێڕای ئەوەی بووە مایەی کەمکردنەوەی گرفتەکانی نێوانیانو یەکگرتنیان لە پێناو وەستان دژی عێراقو پاراستنی یەکپارچەیی خاکی ئێراندا[3].

جەنگی عێراق– ئێران پەیوەندی ڕاستەوخۆی بە کوردەوە هەبوو، وێڕای چەند هۆکارێکی تر، بەڵام هۆکاری سەرەکی مانەوەی دۆزی نەتەوەیی لە ناوچەکەو لەسەروو هەمووشیانەوە پرسی کورد بوو بە چارەسەرنەکراوی[4]. چونکە گرنگترین هۆکاری هەڵگیرسانی جەنگەکە ڕێکەوتننامەی جەزائیر بوو، ئەویش لە بنەڕەتدا پەیوەندی بە جوڵانەوەی کوردەوە هەبوو[5]، سەدام حسێن لە وتەکەیدا لە کاتی هەڵوەشاندنەوەی ڕێکەوتننامەی جەزائیردا، یەکێك لە هۆکارەکانی هەڵوەشاندنەوەی بۆ ئەوە گێڕایەوە کە ئێران سەرکردایەتی کوردیان لە ئەمریکاوە بۆ ئێران بانگهێشت کرد، دوای کۆچی دوایی

([1]) شوان: جەنگی عێراق- ئێران، هۆکارەکانیو شوێنەوارەکانی، گۆڤاری (کۆمەڵە) گۆڤاری کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان، ژمارە (5) خولی دووەم، ئاياری 1982، ل13؛ ئەمین قادر مینە: ئەمنی ستراتیجی عێراقو سێکوچکەی بەعسیان: تەرحیل تەعریب تەبعیس، چاپی دووەم، سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجی، سلێمانی، 1999، ل205.

([2]) جەنگی نێوان عێراقو ئێران دەگاتە کوێ؟، هەواڵنامەی کوردستانی عێراق، ژمارە (12)، کانوونی یەکەمی 1980، ل11.

([3]) محمد حاجی محمود: س. پ، بەرگی یەکەم، ل369.

([4]) جەمال نەبەز: ئێستەو پاشەڕۆژی...، ل8.

([5]) جاسم تۆفیق خۆشنار: س. پ، ل407.

بارزانی کورەکانی بۆ ئێران گەڕانەوە، ئێران بە نیاز بوو ئەوان لە دژی عێراق بجولێنێت[1]، بە هەمان شێوە لە دانیشتنێکی تری ئەنجومەنی نیشتمانی عێراقدا، پاساوی هەڵوەشاندنەوەی ڕێکەوتننامەی جەزائیری گێڕایەوە بۆ ئەوەی کە کۆماری ئیسلامی بە هەمان شێوەی ڕژێمی پێشووی خۆی دەستی کردووە بە گرتنەبەری سیاسەتی پشگیری کوردانی عێراق[2].

کورد لە هەردوو وڵاتی ناکۆك لەگەڵ حکومەتی ناوەندیدا لە شەڕدا بوون، هەریەك لەو دوو وڵاتەش یەکتریان بە یارمەتیو هاندانی کورد بۆ شۆڕشو ڕاپەڕین تاوانبار دەکرد، ئێران لە 20ی حوزەیرانی 1980دا سکرتێری گشتی نەتەوە یەکگرتووەکانی ئاگادار کردەوە کە حکومەتی عێراق (40) هەزار عێراقی بە بە پاساوی بە ڕەگەز ئێرانی دەرکردووە، دواتر لە 23ی تەمموزی 1980دا وتی عێراق هەوڵی نائارامی ئێرانو پاڵپشتی لە دەستەو تاقمە یاخیبووەکان دەکات، هاوکات کاربەدەستانی بەغدا لە نامەیەکدا بۆ سکرتێری گشتی هەمان تاوانیان ئاراستەی ئێران کردو وتیان ئێران ڕێکەوتننامەی جەزائیری شکاندووەو پشتگیری لە کوردو شیعە تێکدەرەکان دەکات[3].

تەنها یەك ڕۆژ بەر لە هەڵگیرسانی جەنگی عێراق- ئێران، لە 21ی ئەیلولی 1980دا تاریق عەزیز نامەیەك تر ئاراستەی نەتەوە یەکگرتوەکان دەکاتو تیایدا دەڵێت: "بە پێی پرۆتۆکۆڵی هێمنیو ئاسایش ئێران دەبوایە کۆنترۆڵێکی توندوتیژ لەسەر سنور جێ بەجێ بکات تاکو بە یەکجاری ڕێگە لە هاتوچۆی یاخی بووە تێکدەرەکان بگرێت، ئەم پرۆتۆکۆلەش بەشێکی جیانەکراوەی ڕێکەوتنەکانی جەزائیر بوو، حکومەتی تاران تا ئێستا سەرکردایەتی کوردەکان بارزانی تێکدەری لای خۆی ڕاگرتووەو پاڵپشتیان لێ دەکات تاکو ئاسایشی عێراق بخەنە مەترسیەوە"[4]. هەروەها تاریق عەزیز لە دوو کۆنفراسی ڕۆژنامەوانی یەکەمیان لە 25ی ئەیلول لە پاریسو ئەوی تریان لە 26ی ئەیلول لە عەمان هۆکاری سەرەکی هەڵگیرسانی جەنگی عێراق- ئێران بۆ

---

(1) منوچهر پارسادوست: ریشەهایی تاریخی...، ص434؛ فرهاد درویشی: م. پ، ص120.

(2) نادر نینتیسار: س. پ، ل172.

(3) جاسم تۆفیق خۆشناو: س. پ، ل 408- 409.

(4) وەرگیراوە لە جاسم تۆفیق خۆشناو: س. پ، ل409.

جێبەجێنەکردنی ناوەڕۆکی ڕێکەوتننامەی جەزائیرو پشتگیریکردنی کورد لەلایەن ئێرانەوە دەگێڕێتەوە [1].

هەر لە دوای هەڵگیرسانی جەنگەکە لە ماوەی چەند ڕۆژێکی کەمدا تاوەکو 8ی تشرینی یەکەمی 1980، فڕۆکە جەنگیەکانی عێراق چەند جارێك هێرشیان کردە سەر ئۆردوگای (زێوە)ی گەورەترین ئۆردوگای پەنابەرانی کورد لە ئێران، لە ئەنجامی ئەوەشدا چەند منداڵو ئافرەت بوونە قوربانی، بۆیە ئۆردوگاکە چۆڵ کرا [2].

حکومەتی عێراق لە بڵاوکراوەیەکی ناوخۆییدا، هەڵگیرسانی جەنگی بۆ سێ هۆکاری سەرەکی گێڕابووەوە:

1. وەرگرتنی دەسەڵات لەلایەن (خومەینی)یەوە.
2. هاندانی پارتە بەکرێگیراوەکان، وەکو حیزبی دەعوەو ڕووداوی زانکۆی موستەنسریە.
3. زیندوکردنەوەی پارتە کوردستانیەکان لە کوردستان [3].

هەڵگیرسانی جەنگی عێراق– ئێران کاریگەری گەورەی لەسەر جوڵانەوەی ڕزگاریخوازی کورد لە باشوری کوردستان هەبوو، دەرفەتی بۆ گەشەکردنو بوژاندنەوەی جوڵانەوەی چەکداری کورد ڕەخساند [4]، چونکە حکومەتی عێراقی ناچار بوو بەشێکی زۆری هێزەکانی بۆ بەرەکانی جەنگی دژی ئێران بگوێزێتەوە، بەتایبەتیش هەلیکۆپتەرەکانی عێراق کە چەکێکی کاریگەرو کوشندە بوون بەرامبەر هێزی پێشمەرگە، زۆربەیان بە جەنگی ئێرانەوە سەرقاڵ بووبوون [5]. ئەوەش دەرفەتێکی گونجاوی ڕەخساند تاوەکو کورد بتوانێت ئەوەی بە شەڕ لە ساڵی 1974دا نەیتوانی بەدەستیبێنێت پێی بگات [6].

([1]) جمال فتح الله: س. پ، ل161؛ عەلی تەتەر نێروەیی: سیاسەتی حکومەتی عێراق...، بەرگی یەکەم، ل87.

([2]) عەلی تەتەر نێروەیی: بزاڤی...، ل166.

([3]) وەرگیراوە لە عەلی تەتەر نێروەیی: بزاڤی...، ل154.

([4]) ڕێباز: س. پ، بەشی یەکەمو دووەم، ل217؛ کامەران قەرەداغی: س. پ، ل404.

([5]) ڕێباز: س. پ، بەشی یەکەمو دووەم، ل ل208، 217.

([6]) Philip G. Kreyenbroek and Stefan Sperl (eds.), Op. Cit, p22.

لەگەڵ زیاتر توندبوونی جەنگو تێوەگلانی عێراق لە جەنگێکی درێژخایەنی مەترسیدار، بەغدا ناچار بوو گرنگیەکی زۆر بە بەرەی جەنگی دژی ئێران بداتو کورد بۆ کاتێکی تر بهێڵێتەوە، لەبەر ئەوە بەغدا ئەوەندەی هێز لە کوردستان هێشتەوە کە نەهێڵێ هیچ سەرکەوتنێکی ستراتیجی بەدەستبێنێ، ئیتر بۆ ماوەیەك وازی لە بیری ریشەکێشکردنی شۆڕش هێنا[1].

بێجگە لەوەی کاتێك شەڕ درێژەی کێشا لە ماوەی چەند مانگی سەرەتایدا، ڕژێمی عێراق چەندین زیانی گەورەی لێکەوت، بە دەیان فڕۆکەو تانكو زرێپۆشو تۆپو ڕاجیمەو سەدان ئۆتۆمۆبێلی سەربازی تێکشکێنران، لە ڕووی مرۆیشەوە چەندین تیپی سەربازی بە تەواوی لەناوچوون، ئەمە جگە لە تیاچوونو بەدیل گیرانی چەندین سەربازو ئەفسەر لە باشترین لیواو فەوجەکانی سوپای عێراقی، بەدەر لەوەی حکومەتی عێراقی هیچ هێزێکی ڕێکوپێکی وەك هێزە تایبەتەکان (قوات خاصة) و مغاویری لە کوردستان نەهێشتبوو، لە هێزی میللی (جیش الشعبی) خوێندکارو قوتابیانی لە شوێنی ئەوان دانابوو، کە هیچ ئەزموونێکی جەنگیان نەبوو، بۆیە لەو ماوەیەدا هیچ جۆرە پێکدادانێکی ئەوتۆ ڕووی نەدا[2].

هەڵگیرسانی جەنگی عێراق– ئێران بووە مایەی خۆشحاڵیو بەرزبوونەوەی ورەی پێشمەرگە بۆ زیاتر گورزوەشاندن لە هێزی دوژمن[3]، هاوکات دەرفەت لەبەردەم جوڵانەوەی ڕزگاریخوازی کورددا ڕەخسا گەر بیەوێت سوود لە ناکۆکی ئەو دوو وڵاتە وەربگرێت، لەلایەکی ترەوە فشاری سەربازی لەسەر هێزی پێشمەرگە کەم کردەوە، هەروەها هێزی پێشمەرگە لە ڕووی چۆنایەتیو چەندێتیەوە گەشەی کرد[4]، بەهۆی ئەو شەڕەوە شۆڕشی کورد ببوە جێی هیواو ئومێدی خەڵکی کوردستان، بۆ ئەوە ژمارەیەکی زۆر چ لە شارەکانی کوردستانو ئوردوگا زۆرەملێکانو ئەندامانی ڕێکخستن، یاخود

([1]) فەرید ئەسەسەرد: کوردستانو مەسەلەکانی ئەمنی قەومی، چاپی یەکەم، سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجی، سلێمانی، 1998، ل117.

([2]) ڕێباز: س. پ، بەشی یەکەمو دووەم، ل217.

([3]) محمد حاجی محمود: س. پ، بەرگی یەکەم، ل421؛ برایم جەلال: چەپکێك...، ل330.

([4]) عێراقو مەسەلەی کورد، (کۆمەڵە وتارێکی ساڵی 1984ی رادیۆی دەنگی گەلی کوردستان)، چاپی دووەم، سلێمانی، 2003، ل72.

ژمارەیەکی زۆر لەوانەی لە بەرەکانی جەنگی عێراق- ئێران هەڵدەهاتن یان نەیاندەویست بچنە بەرەکانی جەنگ، پەیوەندییان بە شۆڕشەوە دەکردو دەچوونە شاخ[1].

بێجگە لەوەی ژمارەیەك خەڵکی زۆر ڕوویان کردەوە گوندەکانی خۆیان، هاوکات ناوچەی ئازادکراوی کوردستان فراوان بوو، بەشێوەیەك بەشێکی بەرچاوی گوندەکانی کوردستانی دەگرتەوە، پێشمەرگەش لەو ناوچانەدا بەشێوەیەکی ئازادانەتر هاتووچۆیان دەکردو خەڵکیانی بۆ ناو ڕیزەکانی شۆڕشو پێشمەرگە هان دەدا[2].

ئەگەرچی هەڵگیرسانی ئەو جەنگە لە سەرەتادا لە بەرژەوەندی کورد بوو، بەڵام دواتر بەزیانی گەلی کوردو جوڵانەوەکەی شکایەوە، لەم بارەیەوە پشکۆ نەجمەدین دەڵێت: "جەنگی عێراقو ئێران لە مەودای کورتخایەندا، دەرگای ڕەحمەتێك بوو لە بزوتنەوەی سیاسی/ چەکداری کوردستان کرایەوەو لە تەمەنی درێژخایەنیشیدا، پردێك بوو لە مەرگو کوردی بەرەو دۆزەخی ئەنفال پەڕاندەوە"[3]. هەروەها مەسعود بارزانی دەڵێت: "هەم کاریگەری نەرێنی هەبوو هەم ئەرێنی، کە لایەنی نەرێنی بریتی بوو لە کوژرانی ژمارەیەکی زۆر لە خەڵکی سڤیلو دروستبوونەوەی دووبارەی دیاردەی جاشایەتی بە شێوەیەکی فراوانتر لە کوردستانو وێرانکردنی گوندەکانی کوردستان، هەروەها بیانووی دایە دەست حکومەت چەکی کیمیایی دژ بە کورد بەکار بێنێتو لە هەمووش ناخۆشتر ئەنجامدانی ئۆپەراسیۆنەکانی ئەنفال دژ بە کوردو کوردستان بوو، بەڵام هەندێك هۆکاری ئەرێنیش هەبوو بووە هۆی پەرەسەندنو زیندووبوونەوەی بیری نەتەوایەتی ڕزگاریخوازی بە شێوەیەکی فراوانتر لە کوردستاندا، هەروەها بوو هۆی ئەوەی کە عێراق لە ئەنجامی ئەم جەنگە خۆی لە گرفتێکی فراوانتر بداتو بچێتە نێو خاکی کوێتەوە کە پاشان ڕاپەڕینی جەماوەری ساڵی 1991 لێکەوتەوە"[4].

([1]) کامەران قەرەداغی: س. پ، ل404؛ میدڵ ئیست ووچ: جینۆساید لە عێراقدا.. پەلاماری ئەنفال بۆ سەر کورد، وەرگێڕانی، محەمەد حەمەساڵح تۆفیق، بێ ژمارەی چاپ، چاپخانەی تیشك، سلێمانی، 2004، ل46؛ برایم جەلال: چەپکێك...، ل343.

([2]) میدڵ ئیست ووچ: س. پ، ل84؛ عەلی تەتەر نێروەیی: سیاسەتی حکومەتی عێراق، ل96؛ برایم جەلال: چەپکێك...، ل330.

([3]) ئەزموونو یاد، ل134.

([4]) وەرگیراوە لە عەلی تەتەر نێروەیی: بزاڤی...، ل178.

له ڕاستیدا به هەڵگیرسانی جەنگی عێراق- ئێران هەلێکی لەبار بۆ ئۆپۆزسیۆنی عێراقی بە گشتی‌و لە نێویاندا بۆ هێزە سیاسیە چەکدارەکانی نێو جوڵانەوەی ڕزگاریخوازی کورد بە تایبەتی هاتە کایەوە، کە دەیانتوانی سوودێکی باشی دژی ڕژێمی عێراق‌و لە بەرژەوەندی گەلی کورد لێوەربگرن[1]، بۆ فرلوانکردنی بازنەی بەرهەڵستی چەکداری‌و دووبارە ڕێکخستنەوەی نێو ماڵی کوردی‌و چڕکردنەوەی هەوڵەکانیان دژی دەسەڵاتی ناوەندی عێراق، کە لە جەنگێکی خوێناوی گلابوو لەگەڵ ئێراندا[2].

بەڵام بە داخەوە بە هۆی شەڕی ناوخۆوە کورد نەیتوانی سوود لەو دەرفەتە وەربگرێت کە بە هۆی جەنگی عێراق- ئێرانەوە هاتبووە ئاراوەو لە بەرژەوەندی جوڵانەوەی کورد بیقۆزێتەوە[3]، بەڵکو زەمینەشی ڕەخساند بۆ ڕاکێشانی ئەو جەنگە بۆ کوردستان، کە دواجار بە زیانێکی گەورە بۆ خەڵکی کوردستان‌و جوڵانەوەکەی تەواو بوو[4]، بێگومان بەوەش کورد دەرفەتێکی زێڕینی مێژوویی لەدەست خۆی دا[5].

بە پێچەوانەوە پارتە سیاسیەکانی کورد لە بری ئەوەی ناکۆکیەکانی نێوانیان بخەنە لاوەو هێزو توانایان یەك بخەن دژی دوژمنی سەرەکی، بەڵام لەگەڵ هەڵگیرسانی جەنگی عێراق- ئێران ململانێکانیان توندتر دەبوو، لە هەردوو کوردستانی ڕۆژهەڵات‌و باشور شەڕی ناوخۆ دەستی پێکردەوە، حکومەتی ناوەندی هەردوو وڵات لەگەڵ ئەوەی بەهۆی ئەو شەڕەوە لاواز بوون، تەماشای شەڕی ناوخۆی کوردیان دەکردو گەرمتریان دەکرد[6].

هەرچەندە لە سەرەتای جەنگدا بە هۆی کەمی توانای جەنگی‌و سەربازی پارتەکانی کوردستان ئەندازەی پێکدادانی نێوانیان لە سنورێکی بەرتەسك‌و دیاریکراودا بوو، بەڵام لەگەڵ بەردەوامی جەنگی عێراق- ئێران توانی جەنگی ئەو پارتانە گەشەیان کردو بوونە خاوەنی هێزی گەورەی پێشمەرگە، و خەستبوونەوەی شەڕی ناوخۆی نێوانیان[7].

([1]) نەوشیروان مستەفا ئەمین: پەنجەکان...، ل248.

([2]) سامی شۆرش: کردستان والاکراد...، ص156.

([3]) جەمال نەبەز: ئێستەو پاشەڕۆژی...، ل110؛ علی سنجاری: القضیة الکردیة وحزب البعث العربی الاشتراکی فی العراق، الجزء الثالث، مطبعة خانی، دهوك، 2012، ص56.

([4]) جەمال نەبەز: ئێستەو پاشەڕۆژی...، ل4.

([5]) ڕێباز: س. پ، بەشی یەکەم‌و دووەم، ل210.

([6]) هـ. س، ل209.

([7]) کامەران قەرەداغی: س. پ، ل404.

بەهۆی ئەوەی خواستیان نەبوو بەشداری جەنگی عێراق- ئێران بکەن، ژمارەیەك کوردی زۆر ڕوویان لە ناوچە ڕزگارکراوەکان کرد، زۆرینەیان بە نیازی ئەوە هاتبوونە دەرەوە ببن بە پێشمەرگە، دەیانوت: "مادام هەر دەکوژرێین با لە پێناو کوردستاندا بکوژرێین"، بەڵام ژمارەیەکی کەمی ئەوانە چوونە ڕیزی پارتەکانی کوردستانەوە، لەبەر ئەوەی نەیاندەتوانی پەسەندی شەڕی ناوخۆ بکەن، کە پارتە کوردستانیەکان سەرقاڵی شەڕی نێوان خۆیان بوون، لە بەرامبەردا بەشێکیان گەڕانەوە لای سەرۆك جاشەکان خۆیان ناونووس کرد، بەشێکی زۆریشیان لە گوندەکاندا بە فیراری دانیشتبوون، بەبێ ئەوەی بچنە ناو هیچ کام لە پارتەکانی کوردستان[1].

هەریەك لە دەوڵەتی عێراق‌و ئێران هەوڵیدەدا سوود لە خەباتی جوڵانەوەی کورد وەربگرێت لە ڕووی سیاسی‌و سەربازییەوە، لەو جەنگەدا دژی لاکەی تر تای تەرازووی هێزەکەی خۆی پێ قورس بکات، بۆ ئەوەش هەوڵیاندەدا دەستوەربدەنە ناو هێزە سیاسی‌و تەنانەت هێزە عەشایری‌و ئاینیە کوردییەکانەوە[2].

کورد لە هەردوو وڵات بەسەر هەردوو لایەنی شەڕکەردا دابەش بووبوون، پارتەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان پێیان وابوو ڕژێمی ئێران مەترسیدارەو عێراق دەیڕوخێنێ بۆیە پێویستە هاوکاری عێراق بکەین، لە بەرامبەردا هێزەکانی باشوری کوردستان لەو باوەڕەدا بوون عێراق دەڕووخێ بۆیە پێویستە هاوکاری ئێران بکرێت لەو شەڕەدا، جگە لەوەی پارتەکانی هەردوو پارچەی کوردستان دەیانویست کۆمەکی‌و پشتیوانی لەو دوو دەوڵەتە وەربگرن، بۆیە ئەو دوو وڵاتە کە هەریەکەیان بەشێکی کوردستانیان داگیر کردووەو دانیان بە مافەکانی کورددا نەدەنا، بەڵام هاوکاری کوردی لاکەی تریان دەکرد، ئێران پشتگیری لە پارتەکانی باشوری کوردستان‌و عێراق پاڵپشتی پارتەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستانی دەکرد[3]. بەمەش هەردوولا دەیانویست کورد وەك کارتی فشارو بۆ لاوازکردنی لاکەی تر بەکاربێنن و پێشوازیان لە ئۆپۆزسیۆنی یەکتری‌و لەنێویاندا ئۆپۆزسیۆنی کوردی وڵاتی بەرامبەر دەکرد[4].

([1]) کرمانج گوندی: س. پ، ل126.

([2]) نەوشیروان مستەفا ئەمین: پەنجەکان...، ل249.

([3]) ڕێباز: س. پ، بەشی یەکەم‌و دووەم، ل 200- 201، 209.

([4]) خالد سعید توفیق: م. س، ص29.

لە ماوەی جەنگی عێراق– ئێراندا هەردوولا یارمەتی پارتە کوردییەکانی لایەنی بەرامبەریان دژی یەکتر دەدا[1]، عێراق هەوڵی دا پشتگیری کوردانی ئێرانو بەتایبەتی (حدکا) لە شەڕی دژی سوپای ئێران بەدەستبێنێت، هەروەك ئێران توانی سەرکەوتن بەدەستبێنێت لە ڕاکێشانی کوردانی عێراق بۆ پاڵ خۆی دژی ڕژێمی بەعسی حوکمڕان[2].

بەوەش جارێکی تر ئێران کوردیان وەك کارتێکی فشاری بەهێز بۆ سازشکردن بە بەغدا بەکارهێناو پاڵپشتی جوڵانەوەی کوردیان کرد[3]، هەوڵیدا سوود لە ئەزموونو توانای جەنگیو شارەزایی هێزەکانی کورد لە ناوچەکانی کوردستاندا وەربگرێت[4]، بەلای ئێرانەوە گرنگ نەبوو ئەو لایەنەی هاوکاریی دەکات خاوەنی چ بەرنامەو بیرو بۆچوونو ئایدۆلۆژیایەکە، بەڵکو گرنگ بەلایەوە ئەوە بوو تا چەند ئەو هێزە باوەڕی بە دۆستایەتیو کاری هاوبەش لەگەڵ ئێراندا دژی عێراق هەبوو[5]. بەوەش کورد لە هەردوو وڵات بەتایبەتی لە باشوری کوردستان بووە قوربانی ئەو جەنگەو زیانی مادیو مرۆیی زۆر گەورەی لێکەوتو دواجار جوڵانەوەی کورد تووشی شکست هات[6].

دوای هەڵگیرسانی جەنگی عێراق– ئێران، پەیوەندییەکانی ئێران لەگەڵ پارتە کوردییەکانی باشوری کوردستاندا، گۆڕانی بنەڕەتی بەسەردا هات، ئێران لەبەرامبەر کۆمەکی شۆڕشو لایەنەکاندا چەند مەرجێکیان دانابوو وەك:

1. دژایەتیکردنی ئۆپۆزسیۆنی کوردی ئێرانی وەك (کۆمەڵەو حدکا) و هاوکاریکردنی هێزەکانی کۆماری ئیسلامی لە لێدانیاندا.

2. هاوکارییو ئەنجامدانی ئۆپەراسیۆنی هاوبەش لەگەڵ سوپای ئێراندا بۆ لێدانی هێزەکانی عێراق[7].

([1]) مراد خۆشەڤی حسۆ: گۆڕانکارییەکانی کوردستانی عێراقو پەیوەندییەکانی تورکیار عێراق 1990-2005، چاپی یەکەم، چاپخانەی دەزگای ئاراس، هەولێر، 2008، ل79.

([2]) David Romano: The Kurdish Nationalist Movement , Opportunity, Mobilization, and Identity, UK, Cambridge University Press, 2006, p198.

([3]) خالد سعید توفیق: م. س، ص29.

([4]) عەلی تەتەر نێرویی: سیاسەتی حکومەتی عێراق...، بەرگی یەکەم، ل97.

([5]) نیاز سەعید: دیاردەی ئیسلامی سیاسیو ڕەوتی ئیسلامی سیاسی لە کوردستانی عێراق، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕوون، سلێمانی 2010، ل73.

([6]) ڕێباز: س. پ، بەشی یەکەمو دووەم، ل210؛ جاسم خۆشناو: س. پ، ل411.

([7]) محەمەد شاکەلی: س. پ، ل ل56- 57.

هەرچەندە هەندێك لە لایەنەکان توانیـان خۆیـان لـە مـەرجی یەکـەم بـە دوور بگـرن‌و شـەڕی لایەنـە کوردییـەکانی ڕۆژهـەڵاتی کوردسـتان نەکـەن[1]، بـۆ خـاڵی دووەمـیش، هێزەکانی باشوری کوردستان لە سەر بنەمای (دوژمنی دوژمنم دۆستمە)، هەوڵیانـدا دژی دوژمنی هاوبەشیان لەگەڵ ئێران بۆ لێدانی عێراق ڕێکبکەون‌و بـە پێـی قۆناغـەکان لـە ناوچەکانی کوردستان دژی سوپای عێراق هاوکاری هێزەکانی ئێرانیان دەکرد[2].

هاوکـات لەگـەڵ تونـد بـوونی جـەنگی عێـراق- ئێـران‌و هـاتنی بـۆ ناوچـەکانی ژێـر دەسـەڵاتی هێـزی پێشـمەرگە، ئۆپەراسـیۆنی هاوبەشـی سـەربازی ئێـران‌و لایەنـە کوردییەکانی زیادی دەکرد، بەتایبـەتی لەگـەڵ (پـارتی‌و حسـك‌و یـەکێتی)، کـە خـاوەنی هێزی پێشمەرگەی باش‌و تا ڕادەیەکیش ناوچەی ڕزگار کراو بوون[3]، بەوەش کوردسـتان بوو بە یەکێك لە گۆڕەپانە سەرەکیەکانی ئەو جەنگە وێرانکـەرە، کـە دواجـار گـەلی کـورد نرخێکی گرانی بەشداریکردنی پارتە کوردییەکانی لەو جەنگەدا دا[4].

هەڵوێستی هێزو پارتەکانی کوردستان بەرامبـەر هەڵگیرسـانی جـەنگی عێـراق- ئێـران جیـاوازبوو، هەریەکـەیان لـەلای خۆیـەوە بـەپێی تێـڕوانین‌و تێگەیشـتنی خـۆی کەوتـە وەرگرتنی هەڵوێست‌و هەوڵدان بۆ سود وەرگرتن لە شەڕو ناکۆکی عێراق‌و ئێران، ئـەوەش چ بە دروستکردن یان بەهێز کردنـی پەیوەنـدی لەگـەڵ ئێـران، چ بـە دروسـتکردنی بـەرە لەگەڵ هێزو پارتەکانی تردا دژی ڕژێمی بەعسی عێراق[5].

(پ. د. ك) لە یەکەمین بەیانامەیدا لە 23ی ئەیلولی 1980دا دەربارەی جەنگ، واتـە تـەنها یـەك ڕۆژ دوای هەڵگیرسـاندنی ئـەو جەنگـە، ڕژێمـی سـەدامی بـە تاوانبـاری هەڵگیرسـاندنی جـەنگ لـە قەڵەمـداو تیایـدا ئامـاژەی بـەوە کردبـوو، کـە جـەنگێکی دەستدرێژی کارانەی ناڕەوای دژی ئێران‌و دژی بەرژەوەندی باڵای نیشتمانی گەلی عێراقە، هاوکات پێیان وابوو ئەڵقەیەکە لە پیلانەکانی ئیمپریالیزم‌و جێبەجێکردنی، ڕایانگەیاندبوو نـەك تـەنیا دژی شۆڕشـی گـەلانی ئێرانـە، بـەڵکو دژی جوڵانـەوەی ڕزگـاریخوازی کـوردو

([1]) هـ. س، ل57.

([2]) عەلی تەتەر نێروەیی: سیاسەتی حکومەتی عێراق...، بەرگی یەکەم، ل97.

([3]) محەمەد شاکەلی: س. پ، ل 57- 58.

([4]) حبیب محمد کریم: م. س، ص165.

([5]) نەوشیروان مستەفا ئەمین: پەنجەکان...، ل249.

جولانەوەی نیشتمانی عێراقو تەواوی هێزە پێشکەوتنخوازەکانی ناوچەکەیە، جگە لەوەی پێی وابوو کە ئەو جەنگە هەڕەشە لە بەرژەوەندییەکانی ئاسایشی گەلانی جیهان دەکات[1]. هەروەك ئەو شەڕەی بە دەرفەتێکی گونجاو بۆ ڕووخاندنی ڕژێم دادەنا، بۆیە لە 2ی تشرینی دووەمی 1980، ڕادیۆی دەنگی کوردستان لە وتارێکیدا داوای لە گەلی کورد کرد، ئەو دەرفەتە کەم وێنەیە لەدەست نەدەنو بۆ ڕووخاندنی ڕژێمی بەعسی سەدام بیقۆزنەوە[2].

دوا بەدوای هەلگیرساندنی شەڕو پەرەسەندنی، (پ. د. ك) هێزەکانی خۆی هێنایە سەر سنوری عێراق ئێران، بە مەبەستی سود وەرگرتن لەو شەڕە، هاوشێوەی باشوری عێراق بەرەیەکی شەڕ لە کوردستان بکەنەوە، بۆ ئەوەش بەرەیەکی شەڕیان لە ناوچەی هەورامان کردەوە، لە ئەنجامدا گوندەکانی ئەو سنورە وێران کرانو ڕاگوێزران[3].

(حسك) یش لەلای خۆیەوە بە توندی دژی هەلگیرسانی ئەو جەنگە بوو، پێی وابوو بەهیچ شێوەیەك لە بەرژەوەندی هیچ کام لەگەلانی عێراقو ئێراندا نیە، بێجگە لەوەی بەرپرسیارێتی هەلگیرساندنی ئەو جەنگەشی خستبووە ئەستۆی ڕژێمی عێراق، هاوکات پشتیوانی لە شۆڕشی ئیسلامی ئێران دەکرد، هەرچەندە هەولیدەدا بێلایەنی خۆی لەو جەنگەدا بپارێزێت، بەلام بە هەندێك جار تووشی هەلوێستی پێچەوانە دەبوو، لەلای خۆشیانەوە ئەوە دەگێڕنەوە بۆ ئەوەی کە هەندێ پارتی باشوری کوردستان وەك بەشێك لە سوپای بەرامبەر دژی عێراق ئۆپەراسیۆنیان ئەنجامدەدا[4].

هەروەها (حشع)یش هەلوێستی دژی عێراق بەرامبەر ئەو شەڕەی لە دژی ئێران بەرپای کردبوو دەربڕی، بۆ ئەو مەبەستەش مەکتەبی سیاسی بەیاننامەیەکی دەرکرد، کە ڕژێمی سەدامی بە دەستدرێژیو شەڕی دژی ئێران تاوانبار کرد، بەلام چەند کەسێك لەناو سەرکردایەتی (حشع)دا بە پاساوی هەلوێستی نیشتمانپەروەری داوایان دەکرد لەپال ڕژێمی سەدامدا دژی ئێران لەو شەڕەدا ڕاوەستن[5]. بەلام (حشع) هاوکاری هیچ لایەکی

([1]) عەلی تەتەر نێرویی: بزاڤی....، ل165.

([2]) هـ. س، ل166.

([3]) محمد حاجی محمد: س. پ، بەرگی یەکەم، ل ل369، 423.

([4]) بەهرۆز گەلالی: س. پ، ل93.

([5]) کەریم ئەحمەد: ڕێڕەوی تێکۆشان، وەرگێڕانی، جەلال دەباغ، چاپخانەی ڕەهەند، سلێمانی، 2007، ل ل310- 311.

شەڕەکەی نەکرد، هەرچەندە ئێران بەڵێنی کۆمەکی چەکو پارەو ئازووقەی پێدان، ئەگەر بە هاوبەشی لەپاڵ هێزەکانی کۆماری ئیسلامی ئێراندا دژی عێراق بەشداری لە شەڕدا بکات، بەڵام (حشع) ئەم داوایەی ئێرانی ڕەت کردەوە[1].

(ی. ن. ك) لەو قۆناغەدا بێلایەنی خۆی لەو جەنگە ڕاگەیاندو نەچووە پاڵ هیچ لایەنێکی شەڕەکە، لەلای خۆیەوە پێی وابوو دەرفەتێکی گونجاو بۆ گەلانی هەردوو وڵات بەگشتی ڕەخساوە لە بری ئەوەی لە شەڕی ئەو دوو دەوڵەتە چەوسێنەرەدا یەکتری لەتو پەت بکەن، هەوڵبدەن بۆ ڕووخاندنی فەرمانڕەوایانی زۆرداری ئەو دوو دەوڵەتە، هەروەك پێی وابوو لە مێژووی نوێی کورددا یەکەمین جارە هەلێکی لەو شێوەیە هەڵبکەوێت، بۆیە پێویستە ئەو دەرفەتە مێژووییە بقۆزنەوەو شەڕ تووند بکەن. هەرچەندە یەکێتی بەرژەوەندی زۆری لە ئێراندا هەبوو، بەڵام خستنەڕوو و مەرجەکانی هەردوو دەوڵەتی بۆ شەڕکردن لەگەڵ لاکەی تردا ڕەت کردەوە[2].

نەوشیروان مستەفا لە وەڵامی نامەیەکی شێخ محەمەدی شێخ عەبدولکەریمی کرچنەدا، کە داوای کردبوو لەو شەڕەدا پشتیوانی لە عێراق بکەن دژی ئێرانو هەروەها داوای زانینی هەڵوێستی یەکێتی کردبوو بۆ ئامادەیی بۆ گفتوگۆ لەگەڵ حکومەتدا، دەنوسێت: "ئەم دو حکومەتە: عێراقو ئێران، ئەوەندەیان زولم لە کورد کرد و، کورد خویشی نەیتوانی هەقی خۆیان لێ بسینی وا خوا هەقیان لێ ئەسێنی و، بەم شەرە بەر غەزەبی خوا کەوتون. ئێمە پشتیوانی لە هیچکامیان ناکەین، بەلکو داوا لە خوا ئەکەین وەکو سەگەکانی رەزا بەگیان لی بی. لەگەل ئەوەیشدا ئیمە هەرگیز دەرگای گفتوگومان دانەخستوە. ئەگەر عیراق بەراستی بیتە پیشەوە، بۆ چارەسەر کردنی کیشەی کورد ئیمە ئامادەین بۆ گفتوگۆ"[3].

لە ڕاستیدا هۆکاری ئەو هەڵوێستەی یەکێتی لەو قۆناغەدا دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە پەیوەندییەکانی لەگەڵ ئێراندا لە ئاستێکی باشدا نەبوو، کاتێك لە 20ی کانوونی یەکەمی 1980دا فڕۆکەیەکی ئێرانی لە ناوچەی ڕانیە دەکەوێتە خوارەوە، فڕۆکەوانەکەی

([1]) ئەحمەد بانیخێلانی: س. پ، ل374.

([2]) نەوشیروان مستەفا ئەمین: پەنجەکان...، ل ل247، 250.

([3]) پەنجەکان...، ل172.

دەکەوێتە دەست دانیشتوانی ناوچەکە، ئەوانیش ڕادەستی هێزەکانی یەکێتی دەکەن، و سەرکردایەتی یەکێتی ڕەوانەی ئێرانی دەکاتەوە، لەسەر پەیوەندییەکانی یەکێتی‌و ئێران لەو کاتەدا، نەوشیروان مستەفا دەڵێت: "نێوانی ئێران‌و یەکیتی ساردی تیکەوت بو، ئەم چاکەیەش نەیتوانی گەرمی بکاتەوە"[1].

بە گوێرەی ئەوانەی ئاماژەمان پێکرد، دەگەینە ئەوەی کە جەنگی عێراق‌و ئێران زادەی چارەسەرنەکردنی پرسی کوردو شۆڕشی ئیسلامی ئێران‌و ئەو گۆڕانکارییانەیە کە لە ناوچەکەو بەتایبەتی لە عێراقدا بە دوای خۆیدا هێنا، هاوکات دەرفەتێکی گرنگو مێژووی بۆ جوڵانەوەی ڕزگاریخوازی کورد لە باشوری کوردستان ڕەخساند، کە بووە هۆی بەرزبوونەوەی ورەو ئومێدی خەڵکی کوردستان‌و گەشەسەندن‌و بەهێزبوونی جوڵانەوەی کورد، لە ئەنجامی خەریکبوونی سوپای عێراق بە جەنگی ئێران‌و لاوازبوونی بەهۆی ئەو جەنگەوە، بەڵام بەداخەوە پارتەکانی کوردستان نەیانتوانی ئەو دەرفەتە زێڕینە بۆ بەرژەوەندی جوڵانەوەی ڕزگاریخوازی کورد بقۆزنەوە، لە بری ئەوەی ریزەکانیان یەك بخەن، خەریکی شەڕی یەکتر بوون، هاوکات هەر دوای هەڵگیرسانی جەنگ بەشێك لە پارتەکانی کوردستان بوونە هاوپەیمانی ئێران، بۆ ئەوەش بەرەی جەنگی هاوبەشیان لە کوردستان کردەوە، بەوەش خاکی کوردستان بوو بە گۆڕەپانی ئەو جەنگە، کە دواجار بە زیانی گەلی کوردو جوڵانەوەی ڕزگاریخوازی کورد لە باشوری کوردستان شکایەوە.

---

[1] هـ. س، ل180.

باسی دووەم: هەردوو بەرەی (جوقد)* و (جود)** و ڕۆڵی ئێران لە قوڵبوونەوەی ناکۆکیەکاندا:

بە مەبەستی دامەزراندنی بەرەی دیموکراتی یەکگرتووی عێراق لە پێناو ڕووخاندنی حوکمی دیکتاتۆری و هێنانەکایەوەی حوکمێکی ئیئتیلافی دیموکراتی لە عێراقدا، لە نێوان چوار پارتی ئۆپۆزسیۆنی عێراقیدا، کە پێکهاتبوون لە (ی. ن. ک)، (حشع)، (پارتی بەعسی سەرکردایەتی هەرێمی عێراق)*** و (بزوتنەوەی عەرەبی سۆسیالیستی)**** دا، یەکەم کۆبوونەوەیان لە 1979/10/22 لە ناوزەنگ ئەنجام دا، پاشان لە 1979/12/25 کۆبونەوەی دووەمیان ئەنجام دا، ئەوەبوو کۆمیتەیەکی ئامادەکردن لە ناوزەنگ پێکهێنرابوو، بڕیاریان دا لە ناوەڕاستی کانوونی دووەمی 1980 یەکەم کۆبوونەوەی لە دیمەشق ئەنجام بدەن و لەوێ دامەزراندنی بەرەکە مۆر بکەن، بەڵام بەهۆی بەعسیەکانی سەرکردایەتی هەرێمی عێراق کۆبوونەوەکە دواکەوت[1].

بەڵام دوای هەڵگیرسانی جەنگی عێراق- ئێران و گرتنەوەی بۆری نەوتی عێراق- سوریا[2] و ئەنجامدانی چەندین گفتوگۆ لە نێوان سەرانی ئۆپۆزسیۆنی عێراقی لە لایەک و

---

* الجبهة الوطنية القومية الديمقراطية.

** الجهة الوطنية الديمقراطية.

*** پارتی بەعس (سەرکردایەتی هەرێمی عێراق): باڵی چەپی پارتی بەعس بوو لە شوباتی 1966دا جیابوونەوە، کاتێك پارتی بەعس بوو بە دوو بەشەوە، باڵی ڕاستەو (سەرکردایەتی نەتەوایەتی)، و باڵی چەپ (سەرکردایەتی هەرێمی عێراق)، دوای ئەوەی باڵی یەکەم لە ساڵی 1968دا لە ڕێی کودەتاوە دەسەڵات دەگرێتە دەست، باڵی دووەم ڕووبەڕووی لێپرسینەوە دەبنەوە، بۆیە زۆربەی کادیرانی سەرکردایەتی هەرێمی عێراق، وڵات بەجێدەهێڵن و دەچنە سوریا. (محەمەد فاتیح: س. پ، ل133).

**** بزوتنەوەی عەرەبی سۆسیالیستی: چەند سەرکردەیەك لە یەکێتی عەرەبی سۆسیالیست بە سەرکردایەتی عەبدولسەلام عارف جیابوونەوە، ڕێکخراوێکی نهێنییان بە ناوی بزوتنەوەی عەرەبی سۆسیالیست دامەزراند، لە ئەیلولی 1965دا یەکەم کۆنگرەی خۆیان لە شاری بەغدا بەست، پاشان صبحی عبدالحمید بە سکرتێر هەڵدەبژێرن، دواتر چەند کەسایەتی سەربەخۆ لایەنگرانی پارتەکانی تر پەیوەندییان پێوە دەکەن، ئەم پارتە لە ساڵانی دواتردا تووشی چەند لێکترازان و دابەشبوون بووەتەوە. (حەسەن بارام: س. پ، ل244).

([1]) فاتح ڕەسول: چەند لایەرەیەك...، بەرگی یەکەم، ل315- 318؛ فاتح ڕەسول: چەند لایەرەیەك...، بەرگی دووەم، ل ل221- 222.

([2]) لە ماوەی ساڵی یەکەمی جەنگدا سوریا ڕێگەی بە بەردەوامی هەناردەکردنی نەوتی عێراق دا لە ڕێگەی بۆریەکانی بۆ تەرابلوس لە لوبنان و بانیاس لە سوریا، بەڵام بە خێرایی دایخست، لە 7ی تشرینی یەکەمی

لەگـەڵ کاربەدەسـتانی سـووریو لیبـیو فەلەسـتینی لەلایـەکی تـرەوە، دواجـار لـە 1980/11/12، بـەرەی نیشـتمانی نەتـەوەیی دیمـوکراتی (جوقـد) لـە نێـوان (8) پـارتی ئۆپۆزسیۆنی عێراقی کوردیو عەرەبیەوە دامەزرا، کە پێکهاتبوون لە: عەرەبیـەکان: (پـارتی بەعسـی عـەرەبی سۆسیالسـتی: سـەرکردایەتی هـەرێمی عێـراق)، (بزوتنـەوەی عـەرەبی سۆسیالسـتی)، (حشـع)، (پـارتی سۆسیالسـتی عێراقـی)***** و (رێکخـراوی سـوپای گـەلی رزگـاری عێـراق)، کوردییـەکان: (یـەکێتی نیشـتمانی کوردسـتان)و (حزبـی سۆسیالسـتی یەکگرتووی کوردستان)[1].

لە کاتژمێر دەو پازدە خولەکی شەوی 1980/11/12 لە ڕادیـۆی دیمەشـق، هـەواڵی دامەزرانـدنی بـەرەی نیشـتمانی نەتـەوەیی دیمـوکراتی (جوقـد) بڵاوکرایـەوە، و لەلایـەن ئەمینداری گشتی پارتی بـەعس- سـەرکردایەتی هـەرێمی عێـراق عەبدولجـەبار کوبەیسـی (حازم حسێن)ەوە پەیمانی بەرەکـە خوێندرایـەوە، و جـەلال تاڵـەبانی لەلایـەن یـەکێتیو عەبدوڕەزاق سافی لەلایەن (حشع) وتاریان خوێندەوە[2].

1981دا سوریا یەکەم وڵاتی عەرەبی بوو پشتگیری ئێرانی لە جەنگدا دژی عێـراق کـرد، و پەیوەندییـەکانی نێوان هەردوو وڵاتی عێراقو سوریا داڕما، پاشان دیپلۆماسەکانی هەردوولا لـەلای یـەکتر دەرکـرانو لـە 8ی نیسانی 1982 پەیوەندی دیپلۆماسی لە نێوانیاندا پچڕا.

(Saideh Lotfian: "Taking Sides: Regional Powers and the war" in Farhang Rajaee (ed.), Iranian Perspectives on the Iran- Iraq war (Florida- 1977) p.21.

***** پارتی سۆسیالیستی عێراق: لە تشرینی یەکەمی 1966 لەسەر دەستی ، (مبدر الویس) دامەزراوە کە یەکێك لە ئەفسەرە باڵاکانی سوپای عێراق بووە، بارەگای سەرکردایەتی لە دیمەشقی پایتەختی سوریا بووە، لە ساڵی 1967 لەگەڵ چەند پارتێکی تردا (بەرەی گردبوونەوەی نیشتمانی عێراق)یـان پێکهێنـاوە، لـە سـاڵی 1992 بە دواوە ئەندامی لیژنەی کاری هاوبەشی ئۆپۆزسـیۆنی عێراقی بـووە، دوای ڕووخـانی ڕژێمـی بـەعس (مبدر الویس) بۆ عێراق گەڕایەوەو پارتێکی سیاسی نوێی بە نـاوی (حـزب الوحـدة) دامەزرانـدو بەشـداری هەڵبژاردنەکانی 2005ی کرد، بەڵام هـیچ ئـەنجامێکی ئـەوتۆی بەدەسـت نـەهێنا. (حەسـەن بـارام: س. پ، ل247؛ محەمەد فاتیح: س. پ، ل132).

([1]) نەوشیروان مستەفا ئەمین: پەنجەکان...، ل176؛ حبیب محمد کریم: م. س، ص168.

([2]) فاتح ڕەسول: چەند لاپەڕەیەك...، بەرگی دووەم، ل222؛ نەوشیروان مستەفا ئەمین: پەنجەکان...، ل176.

ئامانجی جوقد ڕووخاندنی حکومەتی عێراقو دامەزراندنی حکومەتێکی دیموکراتی لە شوێنیو دابینکردنی ئۆتۆنۆمی بۆ کوردستانو گرێدانی جوڵانەوەی ڕزگاریخوازی نیشتمانی لە عێراق بە جوڵانەوەی ڕزگاریخوازی عەرەبیەوە بوو[1].

سوریا ڕۆڵی بەرچاوی هەبوو لە دامەزراندنی (جوقد)دا، بەتایبەتی برینی بۆری نەوتی عێراق- سوریا، سوریای زیاتر هان دا هەوڵی یەکپێگرتنی پارتە ئۆپۆزسیۆنەکانی عێراق بە کوردو عەرەبەوە بداتو کۆمەکی زیاتریشیان پێشکەش بکات، هاوکات لەسەر داوای سوریاش شۆڕشی کوردستان بە (شۆڕشی عێراق لە کوردستانەوە هەڵگیرساو) ناونرا[2].

(پ. د.ك) هەوڵیدا بۆ ئەوەی لەم بەرەیەدا بەشدار بێت، بەڵام هەوڵەکەی شکستی هێنا[3]، هەرچەندە لە کاتی دامەزراندنی بەرەی (جوقد) لە دیمەشق، وەفدی (حشع)یش، هەوڵی زۆری دا پارتیش لەو بەرەیەدا بەشداری پێبکرێت، بەڵام یەکێتی ڕازی نەبوو و داواکەیان ڕەت کرایەوە[4]. چونکە یەکێتی نەیدەویست پارتی بەشداری پێبکرێت، بەو ئامانجەی پارتی وەتەق بخات، لەوەشدا ئەحمەد کوبەیسی بەرپرسی پارتی بەعس- سەرکردایەتی هەرێمی عێراقو بزوتنەوەی عەرەبی سۆسیالستی، پشگیری یەکێتییان دەکرد[5].

(جوقد) دەستەیەکی نوێنەرایەتی پێکهێناو لە چەند شوێنێك نوسینگەی کردەوە، ئەم بەرەیە بوو بە دوکانێك بۆ پارەپەیداکردن، تا ئەوەی بە کردەیی ببێتە بەرەیەکی خەبات بۆ ڕووخاندنی ڕژێمی بەعسی عێراق، هەندێك لەو لایەنانە بە ناوی پێکهێنانی لەشکرو خەباتی نهێنیەوە پارەی زۆریان لە لیبیا وەرگرت[6].

([1]) فاتح ڕەسول: چەند لاپەرەیەك...، بەرگی دووەم، ل221- 222؛ حبیب محمد کریم: م. س، ص168. بڕوانە، بەیاننامەی دامەزراندنی جوقد لە پاشکۆی ژمارە (12).

([2]) برایم جەلال: چەپکێك...، ل329.

([3]) صلاح الخرسان: م. س، ل264.

([4]) بهاءالدین نوری: مذکرات، الطبعة الثانیة، مطبعة جامعة صلاح الدین، اربیل، 1995، ص386؛ کەریم ئەحمەد: س. پ، ل290- 291؛ فتاح تۆفیق فتاح: حەفتاو شەش ساڵ ژیانو پەنجاو نۆ ساڵ تێکۆشان/ بیرەوەریەکانی خەباتی مەلا حەسەن، چاپی یەکەم، چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری، هەولێر، 2008، ل59.

([5]) بهاء الدین نوری: م. س، ص386؛ نەوشیروان مستەفا ئەمین: پەنجەکان...، ل177؛ ئەحمەد بانیخێلانی: س. پ، 395.

([6]) نەوشیروان مستەفا ئەمین: پەنجەکان...، ل177.

له ساڵی 1986 بەرەی (جوقد) هەڵوەشایەوە، کاتێك دەسەڵاتدارانی سوریا لەسەر داوای حکومەتی ئێران، بەهۆی دەرکردنی بەیانێك لەلایەن (جوقد)ەوە دژی داگیرکردنی شاری فاوی عێراقی لەلایەن هێزەکانی ئێرانەوە، نوسینگەکانی بەرەی ناوبراوی داخست[1].

دوای تێپەڕبوونی تەنها نزیکەی دوو هەفتە بەسەر دامەزراندنی بەرەی یەکەمدا، بەرەیەکی تر لەلایەن سێ پارتی ئۆپۆزسیۆنی کوردی عێراقیەوە، کە پێکهاتبوون لە هەریەك لە (پارتی‌و حسك‌و حشع) لە 1980/11/28 لەناو خاکی ئێران، لە ڕاژان بە ناوی بەرەی نیشتمانی دیموکراتی (جود) دامەزرا[2]. کە لە لایەن (ئەحمەد بانیخێڵانی‌و فاتیح ڕەسوڵ لە حشع‌و مەسعود بارزانی‌و عەلی عەبدوڵلا لە پارتی‌و ڕسوڵ مامەندو تایەری عەلی والی لە (حسك) واژۆ کرا[3]. کە دروشمی ئەم بەرەیە بریتی بوو لە دیموکراتی بۆ عێراق‌و ئۆتۆنۆمی ڕاستەقینە بۆ کوردستان[4].

وەرنەگرتنی پارتی لە بەرەی (جوقد)، هۆکاری سەرەکی بوو بۆ دروستکردنی بەرەی دووەم، بۆ ئەوە پارتی هەوڵی دا بۆ ڕازیکردنی (حسك) و (حشع)، لە پێناو دروستکردنی بەرەی (جود)[5]، پێشتر (حشع) پرۆژەیەکی بەرەی کوردستانی دابوو بە یەکێتی‌و پارتی‌و (حسك)، دوای ئەوەی یەکێتی وەڵامیان نەداتەوە، پارتی‌و (حشع‌و حسك) چەند کۆبوونەوەیەك دەکەن‌و لەسەری ڕێکدەکەون، بەڵام بڵاوکردنەوەی ڕادەگرن، بەو هیوایەی بتوانن جوقد ڕازی بکەن بە وەرگرتنی پارتی، دوای ئەوەی پارتی لە (جوقد) وەرناگیرێت، پارتی نامە ئاڕاستەی هەریەك لە (حشع)و (حسك) دەکات، تاوەکو ئەوانیش بەرەی خۆیان بڵاو بکەنەوە، بۆیە بە خێرایی بەرەی (جود) واژۆ دەکەن‌و ڕایدەگەیەنن[6]،

(1) علی سنجاری: الحرکة التحرریة الکردیة ...، ص159؛ حبیب محمد کریم: م. س، ص168.

(2) ئەحمەد بانیخێڵانی: س. پ، ل396؛ بڕوانە بەیاننامەی دامەزراندنی بەرەی جود لە پاشکۆی ژمارە (13).

(3) فاتح ڕەسول: چەند لاپەڕەیەك...، بەرگی دووەم، ل237؛ ئەحمەد بانیخێڵانی: س. پ، ل396.

(4) عزیز محمد: تقریر اللجنة المرکزیة الی المؤتمر الوطنی الرابع للحزب الشیوعی العراقی، 10- 15 تشرین الثانی 1985، ص87.

(5) بەهرۆز گەڵاڵی: س. پ، ل113.

(6) ئەحمەد بانیخێڵانی: س. پ، ل396.

لەلایەکی تریشـەوە بۆ ڕازیکردنی پـارتی بـوو[1]، هاوکـات بـە مەبەسـتی نزیککردنـەوەی پارتی لە ئۆپۆزسیۆنی عێراقیو کوردستانیو زەمینە سـازکردن بـوو بـۆ چارەسـەرکردنی ناکۆکیەکانی لەگەڵ یەکێتیو هەندێ لایەنی تری عێراقیداو گێڕانەوەی قورسایی خەباتیان بۆ باشوری کوردستان[2].

بەشداریکردنی (حسك)و (حشع) لە بەرەی (جود)دا، لە کاتێکدا بـوو کـە هـەردووکیان لە بەرەی (جوقد)دا بەشدار بوون[3]، وێڕای ئەوەی جەختیان لەسەر ئەوە دەکـردەوە کـە (جود) جێگرەوەی (جوقد) نییە، ئامادەیی خۆشیان پیشان دابوو، بە مەرجی وەرگرتنـی پارتی لە (جوقد)دا، (جود) هەڵبوەشێننەوە[4].

بەڵام یەکێتی پێی وابوو جود بـۆ دژایـەتیو گـەمارۆدانی ئـەوان دروسـت کـراوە، بۆیـە کەوتە دژایەتی کردنی[5]، و ئەندامێتی هەریەك لە (حسك) و (حشع)یان لـە (جوقـد)دا لـە سەرەتای ساڵی 1981 هەڵپەساردو پاشان دەرکرانو کۆتایی بە ئەندامێتییان هات[6].

واژۆکـردنو بەشـداریکردنی (حسـك) لەیـەك کاتـدا لـە دوو بـەرەی جیـاوازو ناکۆکـدا، پەیوەندی بە ململانـێو نـاکۆکی سـەرکردایەتی (حسـك)ەوە هـەبوو، ڕەسـوڵ مامەنـد لـە جوقد نارازی بوو بەو پێیەی (حسك) مافی خـۆی پـێ نـەدراوە، بـەرەی (جوقـد) لەلایـەن مەحمود عوسمانو بەرەی (جود) لەلایەن ڕەسوڵ مامەندەوە واژۆ کرابوو[7].

کۆماری ئیسـلامی ئێـران لـەو کاتـەدا کاریگـەری زۆری لەسـەر پـارتیو تاڕادەیـەکیش لەسەر (حسك) بۆ دروستکردنی (جود) هەبوو، و زیاتر پشتیوانی لـەو بەرەیـە دەکـرد[8]، هاوکـات لـە بەیاننامـەی ڕاگەیانـدنی بـەرەی (جـود)یشـدا جـەخت لەسـەر هاوکـاریکردنی

([1]) فاتح ڕەسول: چەند لاپەرەیەك...، بەرگی دووەم، ل236.

([2]) فاتح ڕەسول: چەند لاپەرەیەك...، بەرگی سێیەم، ل 358،356.

([3]) ڕێباز: س. پ، بەشی یەکەمو دووەم، ل230؛ فاتح ڕەسول: چەند لاپەرەیەك...، بەرگی دووەم، ل225.

([4]) فاتح ڕەسول: چەند لاپەرەیەك...، بەرگی دووەم، ل225.

([5])فاتح ڕەسول: چەند لاپەرەیەك...، بەرگی دووەم، ل238؛ نەوشیروان مسـتەفا ئـەمین: پەنجـەکان...، ل177؛ فتاح تۆفیق فتاح: س. پ، ل60.

([6]) بهاءالدين نوری: م. س، ص387؛ ئەحمەد بانیخێلانی: س. پ، ل397؛ بەهرۆز گەلاڵی: س. پ، ل124؛ عزيز محمد: م. س، ص ص85- 86.

([7]) نەوشیروان مستەفا ئەمین: پەنجەکان...، ل177؛ بەهرۆز گەلاڵی: س. پ، ل113.

([8]) بەهرۆز گەلاڵی: س. پ، ل114.

شۆڕشی ئێران دژی ئیمپریالیزمی ئەمریکایی‌و زایۆنیزم‌و پاشماوەکانی ڕژێمی شاهەنشاهی کرابووەوە، لە پێناو پتەوکردنی سەربەخۆیی ئێران‌و پێشکەوتنی کۆمەڵایەتی‌و هێنانەدی داخوازییە ڕەواکانی هەموو گەل‌و نەتەوەکانی کۆماری ئێران[1].

دروستکردنی ئەو دوو بەرەیە بوو بە سەرەتای قۆناغێکی نوێ، لە دروستبوونی ساردی‌و گومان‌و هێرش‌و پڕوپاگەندەی ڕاگەیاندن‌و تێکچوونی پەیوەندییەکان‌و دروستبووی ململانێ‌و ناکۆکی لە نێوان لایەنەکانی بەرەی (جوقد) و (جود)دا، بە تایبەتی لە نێوان یەکێتی لە (جوقد) و پارتی‌و حسك‌و حشع لە (جود)[2]. بە پێچەوانەی ئەو ئامانجانەی لە پێناویدا دامەزرابوون، (جوقد) و (جود) نەبوونە هۆی گەشەسەندی خەباتی جوڵانەوەی ڕزگاریخوازی کورد، بەڵکو بوونە هۆی قوڵبوونەوەی ناکۆکیەکان‌و پەرەسەندن‌و فراوانبوونی شەڕی ناوخۆی نێوان لایەنە کوردستانیەکان[3].

بێگومان دروستکردنی هەردوو بەرەی ئاماژەپێکراو، گەورەترین دەرفەتی سیاسی‌و سەربازی بۆ سوودوەرگرتن لە شەڕی عێراق– ئێران لەدەست کورددا، بێجگە لەوەی خەبات دژی دوژمنی سەرەکی کورد، پەراوێز خراو لە خانەو ئەرکی دووەمدا دانران[4].

لە ڕاستیدا دروستبوونی ئەو دوو بەرەیە بە زیانی گەورە بۆ کوردو جوڵانەوەی ڕزگاریخوازی کورد شکایەوە[5]، بوون بە دوو جەمسەری دژ بەیەك‌و شەڕو ململانێی بەرەکان یاخود حزب‌و بەرە هاتە کایەوە، چونکە یەکێتی بە تەنیا لە بەرامبەر بەرەی (جود)دا مایەوە[6].

هەردوو بەرەی دژ بەیەك لە دوای هەڵگیرسانی جەنگی عێراق‌و ئێران دامەزران، ئەوەش ڕەنگدانەوەی کاریگەری هۆکاری هەرێمی، بە تایبەتی ئێران‌و سوریای پێوە دیار بوو[7]، بەرەی (جوقد) لەلایەن سوریاو لیبیاو بەرەی (جود)یش لەلایەن ئێرانەوە پشتگیری

([1]) بڕوانە بەیاننامەی دامەزراندنی بەرەی جود لە پاشکۆی ژمارە (13).

([2]) فاتح ڕەسول: چەند لاپەڕەیەك....، بەرگی دووەم، ل ل225- 226.

([3]) هـ. س، ل ل225- 226.

([4]) فاتح ڕەسول: چەند لاپەڕەیەك....، بەرگی دووەم، ل226؛ مەلا بەختیار: یاخی بوون....، ل266.

([5]) شاخەوان شۆڕش: س. پ، ل140.

([6]) حبیب محمد کریم: م. س، ص ص169- 170.

([7]) سامی شورش: کردستان والاکراد...، ص156.

دەکران[1]. سوریاو لایەنە عەرەبییەکان کۆمەکی مادیی زۆری یەکێتیان دەکرد[2]، کۆماری ئیسلامی ئێرانیش مانگانە نزیکەی (9) ملیۆن تومەنی لە وەزارەتی بەرگری لە چوارچێوەی جەنگی نارێکخراو بە پارتی دەدا، ئەمە بێجگە لە ئازوقەو چەکو تەقەمەنی، کە بەشێکی لێدەدا بە (حسک)ی هاوپەیمانی[3].

ئێران لەلای خۆیەوە کاریگەری هەبوو لە قوڵبوونەوەی ناکۆکی نێوان پارتە کوردییەکانی باشوری کوردستاندا، هاوکات لەگەڵ گرژبوونی پەیوەندییەکانی یەکێتیو ئێراندا، گرژیو ناکۆکی لە نێوان هێزەکانی (جود) و یەکێتیدا لە ناوچەکانی باشوری کوردستاندا زیادی دەکرد[4].

لەگەڵ هێزەکانی (جود)، بە وتەی محەمەدی حاجی مەحمود هێزەکانی پارتی لە ئێرانەوە لەگەڵ پاسدار دەهاتن بۆ ناوچەکانی باشوری کوردستانو پاشان بۆ ئێران دەگەڕانەوە، پارتی لەو هاتنە دوو مەبەستیان هەبوو. یەکەم: بۆ ئەوەی سوود لە دەرفەتی شەڕی عێراقو ئێران وەربگرنو بێنەوە سنورەکانی کوردستان (لە ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی یەکێتی)، و ئەگەر تووشی شەڕی یەکێتیش بوونو پاسدار کوژرا ئەوا یەکێتیو ئێران دەبنە دوژمنی یەکتر ئەوەش لە بەرژەوەندی (جود) دەبوو[5]. هەروەها پاسدارانی ئێران لە ڕێگەی پارتیو (حسك)ەوە هاتوچۆی ناوچەی شارەزووریان دەکردو لە شاخی سورێن چەند بنکەو بارەگایەکیان دانا[6].

پێکدادانو شەڕی ناوخۆی نێوان یەکێتیو (جود) تا دەهات پەرەی دەسەند بە شێوەیەك لە ساڵی 1983دا گەیشتە لوتکەی توندوتیژی، سەرکردایەتی پارتی و بەشێکی زۆری هێزەکانی لە ئێران نیشتەجێ بوون[7].

پەیوەندییەکانی یەکێتیو ئێران باش نەبوو، دوای ئەوەی لە ساڵی 1980 بۆ ماوەیەکی کەم جەلال تاڵەبانی لە ڕێگەی ئێرانەوە سەردانی دەرەوەی کرد، ئێران ڕێگەی

([1]) بەهرۆز گەلاڵی: س. پ، ل123؛ شاخەوان شۆڕش: س. پ، ل136.

([2]) سەلام عەبدولکەریم: س. پ، ل108.

([3]) صلاح الخرسان: م. س، ص ص265- 266.

([4]) نەوشیروان مستەفا ئەمین: پەنجەکان...، ل207.

([5])ڕۆژ ژمێری پێشمەرگەیەك، س. پ، بەرگی یەکەم، ل ل478- 483.

([6]) ئەحمەد بانیخێلانی: س. پ، ل503.

([7]) نەوشیروان مستەفا ئەمین: پەنجەکان...، ل289.

نەدەدا بە ڕێگەی وڵاتەکەیدا بگەڕێتەوە تا لەسەر داوای سوریاو لیبیا، حکومەتی ئێران ڕەزامەندی نواند لەسەر گەڕانەوەی‌و لە حوزەیرانی 1981 بە خاکی ئێراندا بۆ کوردستان گەڕایەوە[1]. لە ساڵی 1981دا وەجبەیەك چەكو تەقەمەنی لە سوریاو لیبیاوە بە فڕۆکەو پاپۆڕ گەیشتبووە ئێران کە بۆ یەکێتی هاتبوو، هەرچەندە پێشتر ئێران بەڵێنی بە سوریاو لیبیا دابوو ئەو چەکانەی ڕادەستی یەکێتی بکات، بەڵام دەستی بەسەردا گرتو نەیدا بە یەکێتی[2].

ئەبولحەسەن بەنی سەدر سەرۆك كۆماری ئێران (1980– 1981) بەڵێنی چاککردنەوەی پەیوەندی یەکێتی‌و ئێران‌و دانەوەی چەکەکانی بە جەلال تاڵەبانی دابوو، هاوکات (300) کلاشینکۆفیشیان پێدابوو لەگەڵ خۆی هێنایەوە بۆ کوردستان[3]، جگە لەوەی داوای لە تاڵەبانی کردبوو لە پێناو چارەسەرکردنی ئاشتیانەی پرسی کورد لە ئێراندا، میانگیری لە نێوان ئێران‌و کوردانی ڕۆژهەڵاتدا بکات[4]. ململانێی دەسەڵات لە نێوان باڵەکانی کۆماری ئیسلامی ئێراندا گەیشتبووە ئەوپەڕی، دواجار باڵی بەنی سەدر کە پەیوەندی لەگەڵ یەکێتیدا هەبوو لە دەسەڵات وەدەرنران، بەنی سەدر بۆ فەرەنسا هەڵاتو (ژەنەراڵ وەلی ئەڵڵا فەلاحی)* یشیان کوشت[5].

ئەوەش بوو بە سەرەتای کۆتایی پەیوەندییەکانی یەکێتی‌و ئێران، دەسەڵاتدارانی ئێران دەستیان بە دژایەتیکردنی یەکێتی کرد، بە پاساوی ئەوەی یەکێتی هاوکاری (حدکا) و (کۆمەڵە) دەکات دەستیان بەسەر هەموو ئەو چەکانەدا گرت کە بۆ یەکێتی

([1]) ڕێباز: س. پ، بەشی یەکەم‌و دووەم، ل228؛ برایم جەلال: چەپکێك...، ل347.

([2]) نەوشیروان مستەفا ئەمین: پەنجەکان...، ل204؛ نەوزاد عەلی ئەحمەد: پشکۆیەك...، ل179.

([3]) نەوشیروان مستەفا ئەمین: پەنجەکان...، ل204.

([4]) سالار اوسی: م. س، ص113.

* وەلی ئەڵڵا فەلاحی: لە ساڵی 1931 لە شاری تاڵەقان لە دایك بووە، خوێندنی سەربازی لە قوتابخانەی جەنگی لە تاران‌و پاشان کۆلێژی جەنگی لە تاران تەواو کردووە، یەك لە دوای یەك پلە سەربازییەکانی بڕیوە، فەرماندەی هێزە چەکدارە وشکانیەکان بووە، پاشان بە فەرمانی خومەینی لە شوێنی بەنی سەدر لە 1981/6/12 بە سەرۆك ئەرکانی گشتی سوپا دەستنیشان کراوە، لەو پۆستەدا مایەوە تا دوای نزیکەی سێ مانگ‌و نیو کوژرا، کاتێك لە 1981/9/28 فڕۆکەکەی کەوتە خوارەوە. (محمد وصفی ابو مغلی: م. س، ص94).

([5]) برایم جەلال: چەپکێك...، ل348.

هاتبوو[1]، هەروەك هەوڵی میانگیری تاڵەبانی بۆ ئاشتی نێوان کوردو ئێران لەو وڵاتەدا شکستی هێنا[2].

دوا بە دوای هەڵاتنی بەنی سەدرو دەستگرتنی ئێران بەسەر چەکەکانی یەکێتیدا، پەیوەندییەکانی نێوانیان پێی نایە قۆناغێکی گرژو ئاڵۆزەوەو هەردوولا یەکتریان تۆمەتبار دەکرد، تاران یەکێتی تۆمەتبار دەکرد بەوەی کۆمەکیو پشتگیری جوڵانەوەی کوردی ئێران دەکات، یەکێتیش ئێرانی بە هێرشکردنە سەر بنکەو بارەگاکانی تۆمەتبار دەکرد، جگە لەوەی لە قۆناغی ململانێو ناکۆکی لایەنەکانی نێو جوڵانەوەی کوردیدا، ئێران پاڵپشتی لایەنەکانی تری دژی یەکێتی دەکرد[3].

وێڕای ئەوەی ئێران ئەندامو نوێنەرانی یەکێتی لە ئێران دەستگیر کرد، لەوانە: موحسین عەلی ئەکبەر، عەبدولڕەزاق فەیلی، عەلی حەوێز، لاوکۆو ژمارەیەك پێشمەرگەی بریندار کە بۆ چارەسەر لە نەخۆشخانەکانی ئێران بوون، لە کاتێکدا هەموو ئەوانە مۆڵەتی فەرمی دەوڵەتی ئێرانیان پێبوو، جگە لەوەی مەکتەبی پەیوەندییەکانیان تاڵان کرد[4]، عەبدولڕەزاق فەیلی لە باڵیۆزخانەی سوریا کاری دەکرد، موحسین عەلی ئەکبەر نوێنەری یەکێتی بوو لە ئێران لە 1981/12/9 -1982/4/17 لە زینداندا مایەوە[5]، پاشان دوای بەسەربردنی چەند مانگێك لە زیندانی ئێراندا بە فشاری سوریا ئازاد کران، بەوەش پەیوەندی نێوان یەکێتیو ئێران بە تەواوی پچڕا[6].

ڕێکخراوێکی ئیسلامی بە ناوی (لەشکری ئیسلامی کورد- لاك) لە شوباتی 1981*دا لە تاران لەلایەن (مەلا حسێن ماریۆنسی، شێخ قادری سۆتکەو عەباس

([1]) ئەوزاد عەلی ئەحمەد: پشکۆیەك...، ل ل179، 191- 192؛ برایم جەلال: چەپکێك...، ل348.

([2]) چاوپێکەوتن لەگەڵ جەلال تاڵەبانی، هەواڵنامەی کوردستانی عێراق، ژمارە (15)، حوزەیرانی 1981، ل ل8- 9؛ سالار اوسی: م. س، ص113.

([3]) سالار اوسی: م. س، ص114.

([4]) نەوشیروان مستەفا ئەمین: پەنجەکان...، ل205؛ ئەوزاد عەلی ئەحمەد: پشکۆیەك...، ل197.

([5]) چاوپێکەوتن لەگەڵ موحسین عەلی ئەکبەر.

([6]) نەوشیروان مستەفا ئەمین: پەنجەکان...، ل205.

* چەند سەرچاوەیەك ئاماژە بەوە دەکەن کە (لاك) لە ساڵی 1980دا دامەزراوە وەك (جمال نبز: المستضعفوت الکرد واخوانهم المسلمون، الطبعة الاولی، من منشورات کوردنامة، لندن، 1997، ص136؛

شەبەك)ەوە دامەزرا[1]، ئێران ڕۆڵی هەبوو لە دروستکردنی ئەم ڕێکخراوەداو بە پارەو چەكو تەقەمەنی كۆمەكی دەكردن.[2] بێجگە لەوەی لەلایەن (لیبیا)شەوە كۆمەكی دەكران[3].

بە مەبەستی وەرگرتنی ڕەزامەندی یەكێتی لەسەر كردنەوەی بنكەو بارەگای (لاك) لە ناوچەكانی ژێر دەسەلاتی یەكێتیدا وەفدێك بە سەرۆكایەتی شێخ قادر سەردانی مەكتەبی سیاسی یەكێتی دەكات، بێجگە لەوەی ئێران داوا لە یەكێتی دەكات كارئاسانیان بۆ بكات، لە بەرامبەر ئەوەی ئێران كارئاسانی بۆ یەكێتی بكات، بۆیە یەكێتی هیچ ئاستەنگێك ناخاتە بەر دەمیانو لەسەر چەند خاڵێك ڕێكدەكەون، لەوانە بۆ گواستنەوەی چەك هاوكاری یەكێتی بكەن[4]. هەروەك بەڵێنیشیان دابوو نەخۆشو بریندارەكانی یەكێتی بە ناو و كارتی خۆیانەوە بۆ نەخۆشخانەكانی ئێران بنێرن[5]، بەلام ئەم هەڵوێستەی یەكێتی لە ناچاریو بەهۆی دۆستایەتیو پەیوەندییەكانی بوو لەگەڵ كۆماری ئیسلامی ئێراندا[6].

سابیر كۆكەیی لە كتێبەكەیدا ئاماژە بەوە دەكات، كە بە مەبەستی كردنەوەی بنكەو بارەگا شێخ قادر چەند جارێك سەردانی تاڵەبانی دەكات، تاڵەبانیش لەگەڵی ڕێكدەكەوێت بەو مەرجەی بەشداری بكات لەوەی لە ئێران دەستی دەكەوێتو گوێڕایەڵیشی بێتو لە قسەی دەرنەچێت[7].

لەلایەكی تریشەوە ئێران داوا لە (حسك) دەكات لە ناوچەكانی ژێر دەسەلاتی خۆیاندا هاوكاریو پەیوەندی سیاسی لەگەڵ (لاك)دا دروست بكات، بۆ ئەو مەبەستەش (عەباس

مجموعة من الباحثين: رؤى في مسار العمل الاسلامي في كوردستان، كوردستان، 2002، ص49). بەلام ئەمانە لەناو ڕووداوەكاندا نەژیاون، بۆیە ئێمە ڕای دووەم پەسەند دەكەین، چونكە ناوبراو لەگەڵ ڕووداوەكاندا ژیاوە، پێمان وایە لە مێژووەكان ئاگادارترە.

([1])ئەوشیروان مستەفا ئەمین: پەنجەكان....، ل201.

([2]) سابیر كۆكەیی: ناڵەی پێشمەرگەیەك بۆ مێژوو، بەشی یەكەم، ب. ش، 2001، ل118.

([3]) مجموعة من الباحثين: م. س، 2002، ص49.

([4]) نەوشیروان مستەفا ئەمین: پەنجەكان....، ل202؛ نەوزاد عەلی ئەحمەد: پشكۆیەك....، ل299.

([5]) برایم جەلال: چەپكێك....، ل361.

([6])فاتح ڕەسول: چەند لاپەڕەیەك....، بەرگی دووەم، ل299.

([7])ناڵەی پێشمەرگەیەك بۆ مێژوو، ل119.

شەبەك) یەكێك لە دامەزرێنەرانی (لاك) داوای كارئاسانی لە سەركردایەتی (حسك) كردبوو، بۆیە لەو ڕوانگەیەی كە (لاك) دروستكراوی ئێران‌و (حسك) یش هاوپەیمانی ئێران بوو پەیوەندی سیاسی لە نێوانیاندا دێتە كایەوە[1].

ئەم پارتە بە زۆری لە ناوچەكانی ژێر دەسەڵاتی یەكێتی بە تایبەتی لە شارباژێردا بوونیان هەبوو، بارەگای سەرەكییان لە سەرگەڵوو بوو، توانی لە ماوەیەكی كەمدا بە شێوەیەكی بەرچاو گەشە بكات‌و هێزێكی زۆر پێكەوە بنێت، چونكە چەك‌و پارەی باشیان هەبوو، هاوكات ژمارەیەكی زۆر سەربازی هەڵاتوو لەو ناوچانەدا بوونیان هەبوو، بۆیە خەڵكێكی زۆری هەمەجۆر پەیوەندی پێوە كردن، خەریكبوو دەبوون بە مەترسی بۆ سەر یەكێتی[2]، هەرچەندە هێزەكەی لەسەر بناغەیەكی تۆكمەو بەهێز دانەمەزرابوو، بەڵام سابیر كۆكەیی لە كتێبەكەیدا دەڵێت: "كە حاجی قادر هێز لە دەوری كۆبوەوە وەڵامی جەلال تاڵەبانی نەئەدایەوە، هیچ پارەشی پێ نەئەدا"[3]. هەروەها لایەنەكانی تر بەتایبەتی یەكێتی خەڵكی خۆیان ناردبووە ناو ڕیزەكانی (لاك)ەوە[4].

دوا بە دوای تێكچوونی پەیوەندییەكانی یەكێتی‌و ئێران، پەیوەندی نێوان یەكێتی‌و لەشكری ئیسلام بەرەو گرژی ڕۆیشت[5]، بە پاساوی ئەوەی ئێران پەلكێشی كوردستان دەكەن‌و بەنیازن بەنداوی دوكان بتەقێننەوە، یەكێتی بڕیاری لێدانی (لاك)ی دا[6].

بۆ ئەو مەبەستە یەكێتی هێزێكی گەورەی كۆكردەوەو لە ئێوارەی 1982/7/1دا، بە پێی بەرنامەیەكی نەخشەبۆداڕێژراو لە هەموو لایەكەوە پەلاماری هێزەكانی (لاك)یان داو لە ماوەیەكی كەمدا چەكیان كردن[7].

([1]) سەلام عەبدولكەریم: س. پ، ل153.

([2]) نەوشیروان مستەفا ئەمین: پەنجەكان...، ل202؛ ئارات قارەمانی: س. پ، ل194؛ برایم جەلال: چەپكێك...، ل361.

([3]) ناڵەی پێشمەرگەیەك بۆ مێژوو، ل120.

([4]) نەوشیروان مستەفا ئەمین: پەنجەكان...، ل202؛ مجموعة من الباحثين: م. س، 2002، ص49.

([5]) هـ. س، ل202؛ برایم جەلال: چەپكێك...، ل361.

([6]) سابیر كۆكەیی: س. پ، ل121.

([7]) ئەحمەد بانیخێلانی: س. پ، ل444؛ سابیر كۆكەیی: س. پ، ل121-123؛ ئارات قارەمانی: س. پ، ل194.

لەلایەکی ترەوە جەمال نەبەز ئاماژە بەوە دەکات کە ناکۆکی لە نێوان ئێرانو (لاك)دا دروست بوو بوو، چونکە ئێران دانی بە مافەکانی نەتەوەی کورددا نەدەنا، و (لاك)یش بەو پاساوەی کە ئەو شەڕە شەڕێکی کوردی نییە داوای ئێرانیەکانیان، بۆ ئەوەی شان بەشانی سوپای ئێران شەڕی سوپای عێراق بکەن ڕەتکردبووەوە[1].

بۆیە پەیوەندیەکانی نێوان (حسك) و (لاك)یش تێکدەچێت، (حسك) لە گوندی شێرمەڕ نزیکەی (100) چەکداری (لاك) چەك دەکات[2]، ئەوەش لەو نامەیەدا بە ڕوونی دەردەکەوێت کە مەکتەبی عەسکەری لەشکری ئیسلام لە مێژووی 1982/6/23دا بۆ لقی سلێمانی (حسك)ی ناردووە، وێڕای ئەوەی ئامادەیی (لاك) بۆ گفتوگۆ نیشان دەدات، گلەیی ئەوەیان لێدەکات کە پێشمەرگەی ئەوانیان چەك کردووەو تەقەیان لێکردوون[3]. هەرچەندە سەلام عەبدولکەریم بە چاوپێکەوتن لەگەڵ محەمەدی حاجی مەحمود، هۆکاری ئەو کارە بۆ ئەوە دەگێڕێتەوەو دەڵێت: "کە یەکێتی لەو ماوەیەدا پەیوەندی لەگەڵ (لاك) دا تێکچوو بوو، سەرقاڵی چەك کردنو لێدانیان بوو، بۆیە حسك ئەم هەلە دەقۆزێتەوە"[4].

بەڵام لەو کاتەدا یەکێتی دەستی بە چەککردنو لێدانی (لاك) نەکردبوو، بەڵکو چەند ڕۆژ دواترو لە 1982/7/1دا بەو کارە هەڵدەستێت، بۆیە بە دووری نازانین ئەوە بە هۆی تێکچوونی پەیوەندی نێوان ئێرانو (لاك)ەوە بووبێت، چونکە ئەگەر گرژیو ناکۆکی لە نێوان ئێرانو (لاك)دا دروست نەبووبێت، (حسك) کە هاوپەیمانی ئێران بووە هەڵنەدەستا بە چەککردنی پێشمەرگەی لایەنێك کە پەیوەندی باشی لەگەڵ ئێرانی هاوپەیمانیدا هەبووبێت.

بۆیە لەو باوەڕەداین کە تێکچوونی پەیوەندییەکانی نێوان یەکێتیو ئێران لەلایەکو پەرەسەندنی (لاك) بە شێوەیەك کە بوو بە مایەی مەترسی بۆ سەر یەکێتی بووە هۆی لێدانو چەککردنی (لاك) لەلایەن یەکێتیەوە، لە لایەکی ترەوە دروستبوونی ناکۆکی نێوان

([1])جمال نبز: المستضعفوت الكرد...، ص136.

([2]) سەلام عەبدولکەریم: س. پ، ل153.

([3]) نامەی مەکتەبی عەسکەری لەشکری ئیسلام بۆ لقی سلێمانی حزبی سۆسیالیستی کوردستان، بڕوانە پاشکۆی ژمارە (14).

([4]) ژیانی سیاسی لە باشووری کوردستان 1975- 1991، ل153.

(لاك) و ئێران بـووە هـۆی چـەك كردنیـان لەلایـەن (حسـك)ەوە لـە ناوچـەكانی ژێـر دەسەڵاتیاندا، هەموو ئەوانەش بوونە هۆی هەڵوەشاندنەوەی لەشكری ئیسلامی كورد.

لەلایەكی ترەوە ژمارەیەك ئەندامی ئیخوان موسلمین (برایـانی موسـڵمان) كـە بـەهۆی بەشداری نەكردیان لە جەنگی عێراق– ئێران، لە خزمەتی سەربازی بۆ ئێـران هـەڵاتبوون، لەژێر كاریگەری شۆڕشی ئیسلامی ئێراندا، لە كۆبونەوەیەكدا لە مایسی 1982 لە تـاران، بڕیاری دروستكردنی پارتێـك بـە نـاوی (كۆمـەڵی ئەنسـاری ئیسـلامی)، بـەبێ ڕەزامەنـدی بەرپرسانی ئیخوان بە سەرۆكایەتی (سەلاحەددین محەمەد بەهادین) دەدەن[1].

بە مەبەستی گەیاندنی داواكارییەكانیان بـە كاربەدەسـتانی كۆمـاری ئیسـلامی ئێـران، هـەروەك لـە كۆبوونـەوەی دامەزراندنـدا بڕیاریـان دابـوو، وەفـدێك كـە پێكهـاتبوو لـە: (سەلاحەددین محەمەد، بورهان محەمەد ئەمین‌و عەلی محەمەد) سەردانی جێگری سـەرۆك وەزیرانی ئێران دەكەن‌و داواكارییەكانیان دەخەنەڕوو، ناوبراویش لەلایەن خۆیەوە بەڵێنی پێدان داواكارییەكانیان بە حكومەتەكەی بگەیەنێت[2]. كە داواكارییەكانیان بریتی بوو لـە (6) خاڵ: بەگشتی خۆی لە كۆمەكی‌و پشتیونیكردنیان لە ڕووی سیاسی‌و سـەربازی‌و ڕاگەیانـدن‌و دارایی‌و كردنەوەی بنكەو بارەگاو دروستكردنی سەربازگە بۆ مەشقكردنیان دەبینیەوە[3].

هەرچـەندە ئـەم پارتـە نزیكـەی سـاڵێك بـەردەوام دەبێـت‌و لـەو ماوەیـەدا توانییـان ژمارەیەك گەنج لە خۆیان كۆبكەنەوە، بەڵام بەهۆی ئەوەی ئێران بـەهیچ شـێوەیەك چ بـە ئەرێنی یاخود بە نەرێنی وەڵامی خواست‌و داواكارییەكانیان نەداتەوە، بۆیە دەستبەرداری ئەو پارتە دەبن‌و دەچنەوە سەر كاری خۆیان لە چوارچێوەی (برایانی موسڵمان)دا[4].

بـە ئامـانجی كۆكردنـەوەی ئۆپۆزسـیۆنی ئیسـلامی عێـراق لـە بەرەیەكـدا، لـە 17ی تشرینی دووەمی 1982دا، لە ئێران (ئەنجومەنی باڵای شۆڕشی ئیسلامی لـە عێـراق) بـە سەرۆكایەتی سەید محەمەد باقر ئەلحەكیم، بـە پاڵپشـتی بـەهێزی ئێـران دامـەزرا[5]، لـە

([1]) ئیدریس سیوەیلی: ڕەوتی ئیسلامی...، ل112- 115؛ نیاز سەعید: س. پ، ل72- 73، 84.

([2]) ئیدریس سیوەیلی: ڕەوتی ئیسلامی...، ل114- 115.

([3]) ابو سید قطب فاتح كریكار: الحلقة المفقودة بین بن لادن و صدام حسین، الطبعة الاولى، الدار الاندلسیة، لندن، 2004، ص176.

([4]) م. ن، ص176؛ ئیدریس سیوەیلی: ڕەوتی ئیسلامی...، ل115- 116.

([5]) كریس كۆچێرا: بزوتنەوەی نەتەوەیی...، ل75؛ علی الشمرانی: صراع الاضداد، المعارضة العراقیة بعد حرب الخلیج، الطبعة الاولى، دار الحكمة، لندن، 2003، ص158؛ بۆ زانیاری زیاتر لەسەر ئەنجومەنی باڵای شـۆڕی

سەرەتادا چەند پارتو کەسایەتیەکی عێراقی بەشدارییان تێدا کردو بوونە ئەندام[1]، لە نێو کوردەکاندا شێخ محەمەد خالید بارزانی[2]، و دوای چونیان بۆ ئێران لە کۆتایی ساڵی 1983و سەرەتای 1984دا بزوتنەوەی پەیوەندی ئیسلامیش لەو بەرەیەدا بوو بە ئەندامو بە چوار نوێنەر* بەشداری کرد[3].

پاشان ئەو ئەنجومەنە بە ئاراستەیەکی تردا ڕۆیشتو لە ئەنجومەنێکی بەرەییەوە گۆڕا بۆ پارتێکی ئیسلامی شیعی سەربەخۆ[4]، لە ساڵی 1983دا باڵی سەربازی ئەو ئەنجومەنە بە ناوی فەیلەقی (بەدر)ەوە پێکهات[5]، و لە شەڕی حاجی ئۆمەراندا لەپاڵ سوپای ئێراندا دژی عێراق بە (200) چەکدار بەشداری کرد[6]. ئامانج لە دامەزراندنی ئەو ئەنجومەنە ڕووخاندنی ڕژێمی سەدامو ڕێگە خۆشکردن بۆ دامەزراندنی حکومەتێکی ئیسلامی هاوشێوەی ئێران لە عێراقدا بوو[7].

ئیسلامی لە عێراق، چۆنیەتی دامەزراندنی، ئامانجەکانی، بەرنامەی سیاسیو سەربازی بڕوانە، علي المؤمن: سنوات الجمر، مسيرة الحركة الاسلامية فى العراق 1957- 1986، الطبعة الثالثة، المركز الاسلامي المعاصر، بيروت، 2004، ص ص336- 342.

([1]) رشيد الخيون: م. س، ص ص143- 144.

([2]) کریس کۆچێرا: بزوتنەوەی نەتەوەیی....، ل76.

* ئەو چوار نوێنەرە بریتی بوون لە: شێخ محەمەد بەرزنجی، مەلا عەلی بیارە، ئەبوبەکر سدیقیو عەبدولڕەحمان کوڕی مەلا عوسمان.

([3])چاوپێکەوتن لەگەڵ عەبدولڕەحمان نەورەسی؛ چاوپێکەوتن لەگەڵ شێخ محەمەد بەرزنجی، سلێمانی، 2013/1/1. شێخ محەمەد نەجیب حەسەن: لە ساڵی 1945 لە گوندی سەرگەتی سەر بە ناحیەی بیارە لە خێزانێکی ئاینی لەدایك بووە، زانستە ئیسلامیەکانی لەلای زانایانی کورد خوێندووەو لەساڵی 1965دا مۆڵەتی زانستی وەرگرتووە، هەروەك بڕوانامەی بەکالۆریۆسی لە زمانی عەرەبیو زانستە ئیسلامیەکانی لە کۆلێژی ئادابی زانکۆی بەغدا لە ساڵی 1978دا بەدەستهێناوە، یەکێکە لە سەرکردە دیارو دامەزرێنەرەکانی بزوتنەوەی پەیوەندی ئیسلامیو بزوتنەوەی ئیسلامی، ئێستا پێشەوای کۆمەڵی ئیسلامی کوردستانە. (صباح محمد البرزنجي: شخصيات ورموز الحركة الاسلامية في كردستان العراق، فى كتاب الاسلامية الكردية، الطبعة الاولى، مركز المسبار للدراسات والبحوث، 2008، ص175).

([4]) نیاز سەعید: س. پ، ل72.

([5]) رشيد الخيون: م. س، ص144.

([6]) کریس کۆچێرا: بزوتنەوەی نەتەوەیی....، ل76.

([7]) دانیال بایمان: ئێران، تیرۆریزمو چەکە کۆکوژەکان (دیدو تێڕوانینێکی ئەمریکایی)، گۆڤاری دۆستی ئێران، ژمارە (1)، کانونی دووەمی 2006، ل85.

لەژێر کاریگەری کۆماری ئیسلامی ئێرانو بانگەشە بۆ ئیسلامو داوای کاربەدەستانی ئێران لە موسڵمانانو چەوساوانی جیهان بۆ راپەرینو بوونی دوژمنی هاوبەش، بە بڕیاری ڕێکخستنی بزوتنەوەی پەیوەندی ئیسلامی، لە ساڵی 1984دا بە مەبەستی پێکهێنانی هێزی چەکدار، عەبدولرەحمان نەورەسی بۆ ئێران دەنێرن، ناوبراو لە ئێران لەگەڵ شێخ محەمەد بەرزنجیدا سەردانی ئایەتوڵڵا مونتەزەری دەکەنو چەند داواکارییەکی پێشکەش دەکەن، لە دوای چەند ڕۆژێک ڕەزامەندی لەسەر داواکارییەکانیان دەردەبڕنو بۆ جێبەجێکردنی داواکانیان لەگەڵ قەرارگای (حەمزە) و پاشان دوای دامەزراندنی لەگەڵ قەرارگای (ڕەمەزان) دا چەند کۆبوونەوەیەك ئەنجامدەدەن، دوای چەند کۆبوونەوەو مشتومڕێکی زۆر لەسەر مەرجو چۆنیەتی هاوکاریکردنیان کە چەند مانگێك دەخایەنێت دواتر لەسەر چەند خاڵێك ڕێکدەکەونو ڕێکەوتننامەیەك لە نێوانیاندا واژۆ دەکەنو لە ساڵی 1985دا بالی سەربازی بزوتنەوەی پەیوەندی بە ناوی (لەشکری قورئان) دادەمەزرێننو لە بۆسکان لە ناوچەی سیوەیلی شارباژێر بارەگا دادەنێن، وێڕای پێداگریو داواکاری ئێران، بەلام ڕەتیدەکەنەوە کە هیچ چالاکیەکی هاوبەش لەگەڵ ئێران دژی حکومەتی عێراقیو ئۆپۆزسیۆنی ئێرانی ئەنجام بدەن[1].

لە دوای هەڵگیرسانی جەنگی عێراق– ئێران پەیوەندییەکانی پارتیو کۆماری ئیسلامی ئێران پەرەی سەندو ڕژێمی تازەی ئێرانیان بە شۆڕشگێڕو دۆستی ڕاستەقینەی خۆیان لەقەڵەم دەدا، جگە لەوەی پێیان وابوو ئەو جەنگەی لە نێوان عێراقو ئێراندا هەڵگیرساوە جەنگێکی ڕاستەقینەیەو بە پێچەوانەی ڕژێمی شاوە، سەدام حسێن چەند جار ئامادەبووە جیاوك بە ئێران بدات، بەلام ڕژێمی نوێی ئێران ڕەتیکردووەتەوە[2].

لەلایەکی ترەوە پێکدادانو شەڕەکانی (پ. د. ك) لەگەڵ (حدکا)دا، بوو بەهۆی بەهێزکردنی پەیوەندییەکانی پارتیو ئێران[3]، بە وتەی فاتیح ڕەسوڵ لە کاتی کۆبوونەووی وەفدێکی سەرکردایەتی (حشع) لەگەڵ مەکتەبی سیاسی پارتی لە ڕۆژی 1982/4/3دا، مەکتەبی سیاسی پارتی وتبوویان: "پێوەندیمان بە کۆماری ئیسلامی ئێران لە پێشوو بەهێزترو پتەوتر بووە. پارتی بەرهەڵستیش لە دامەزراندنی کۆماری

([1]) چاوپێکەوتن لەگەڵ عەبدولرەحمان نەورەسی.

([2]) کریس کۆچێرا: بزوتنەوەی نەتەوایی...، ل65- 66.

([3]) سامی شورش: کردستان والاکراد...، ص158.

ئیسلامی لە عێراق ناکاتو دژی نیە، هاوکاریو پێوەندیمان یەکسەر لەگەڵ (ئەرتەشی سوپای ئێرانی دایە نەك پاسداران"[1].

لە بەرامبەردا یەکێتی ئاشتیو ڕێکەوتنی لەگەڵ پارتیدا بەستبووەوە بەوەی پارتی پەیوەندییەکانی خۆی لەگەڵ ئێران بپچڕێنێت، بە تایبەتیش دەست لە شەڕی (حدکا) هەڵگرێتو هێزە چەکدارەکانی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بکێشێتەوە[2]. لە هەمانکاتدا پارتیش خۆی بەناچار بینیوە لە وەرگرتنی ئەو هەڵوێستانەدا، لەم ڕووەوە مەسعود بارزانی وتبووی: "کە دەستیان نەخستۆتە ناو ئیشوکاری کوردستانی ئێران ئەوەی دەی کەن لە بێ چارەییە، ئەرکیان فرە قورسە. بەهۆی بوونی زیاتر لە 40 هەزار ماڵو خێزانی بارزانیەکانو ڕاکردووەکانی سەر بە پدك [پ. د. ك] کە لە دوای تێکچوونی شۆرشی 1975/3/19 ڕایان کردووە پەنایان بردە بەر ئێران"[3].

دواجار بە میانگیری (حشع) و دوای چەند جار هاتووچۆی بۆ مەکتەبی سیاسی یەکێتیو پارتیو گەیاندنی پەیامو سەرنجی هەردوولا بە یەکتری، لە 28ی تەمموزی 1982 لە بارەگای (حشع) لە پشتئاشان، نوێنەرانی یەکێتی کە پێکهاتبوون لە (فەرەیدون عەبدولقادرو د. خدر مەعسوم) لەگەڵ نوێنەرانی پارتی کە بریتی بوون لە (محەمەدی مەلا قادرو مەغدید ئەحمەد) کۆبوونەوەو ڕێکەوتنێك لە نێوان هەردوو لادا ولآو کراو لەسەر (6) خاڵ ڕێکەوتن[4]، لە خاڵەکاندا هاتبوو کوردستان لە خانەقینەوە تا زاخۆ گۆڕەپانی ئازادی چالاکی سیاسیو ئۆپەراسیۆنی سەربازی هێزەکانی پێشمەرگەی کوردستانە، هەروەك هاتبوو کە یەکێتیو پارتی بە هاوکاریو هەماهەنگی لەگەڵ یەکتر دەچنە ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی یەکتری[5].

بەڵام ئەم ڕێکەوتنەش شکستی هێنا دوای ئەوەی لە 21 تشرینی دووەمی 1982دا لە کۆبوونەوەیەکی نێوان یەکێتیو (حشع) دا، نوێنەرانی (حشع) بە نوێنەرانی یەکێتی ڕادەگەیەنن کە پارتی قبوڵ ناکات یەکێتی هێز بۆ بادینان بنێرێت، بەو پێیەی

([1]) وەرگیراوە لە فاتح ڕەسول: چەند لاپەڕەیەك...، بەرگی سێیەم، ل74- 75.

([2]) فاتح ڕەسول: چەند لاپەڕەیەك...، بەرگی دووەم، ل12- 123، 329.

([3]) وەرگیراوە لە هـ. س، ل328- 329.

([4]) فاتح ڕەسول: چەند لاپەڕەیەك...، بەرگی سێیەم، ل55؛ نەوشیروان مستەفا ئەمین: پەنجەکان...، ل262. کامەران قەرەداغی: س. پ، ل404- 405؛ ڕێکەوتننامەی پارتیو یەکێتی، دەق لە فاتح ڕەسول: چەند لاپەڕەیەك...، بەرگی سێیەم، ل56- 57.

([5]) ڕێکەوتننامەی پارتیو یەکێتی، دەق لە فاتح ڕەسول: چەند لاپەڕەیەك...، بەرگی سێیەم، ل56- 57.

ڕێکەوتنەکەی پشتئاشـان، ڕێکـەوتنێکی ناوچـەییەو بادینـان ناگرێتـەوەو لـە بادینـان ڕێکەوتن لە نێوان یەکێتی‌و پارتیدا نییە[1].

بەڵام پێمان وایە ئێران ڕۆڵی هەبوو لە شکستی ئەو ڕێکەوتنەدا، چونکە جێبەجێنـەکردنی ئەو ڕێکەوتنە لە کاتێکدا بوو، پەیوەندی یەکێتی‌و ئێران بـە تـەواوی تێکچووبوو، لـە شـەڕی ئێران‌و کوردانی ڕۆژهەڵاتدا، یەکێتی هێزێکـی گـەورەی لـە ئـەیلولی 1982 بـە نـاوی (هێـزی پشتیوان)ەوە نارد بۆ یارمەتی حدکاو شەڕ لە دژی ئێران کـە تـا تشـرینی دووەمـی 1982 بەردەوام بوو، لە هەمانکاتدا هێزەکانی پارتی لەپاڵ سوپای ئێراندا دژی حـدکا لـەو شـەڕەدا بەشداربوو، بەمـەش یـەکێتی‌و پـارتی بەسـەر هـەردوو لایـەنی شـەڕەکەدا دابـەش بووبـوون‌و لەدژی یەکتر لەشەڕدا بوون.

هاوکـات لـە دوای هەڵگیرسـانی جـەنگی عێـراق- ئێـران، پەیوەندییـەکانی (حسـك)و ئێـرانیش وردە وردە بـەهێز دەبێـت‌و بـەرەو هەڵکشـان دەچێت، ئێـران لـە ڕووی چـەك‌و جبەخانەو کۆمـەکی دارایـی‌و ئازوقـەوە بـە پێـی شـەڕەکان هاوکـاری دەکـردن، لـە ڕۆژی 1981/2/5 ئێـران بـۆ یەکـەمجار هاوکـاری (حسـك) دەکـات، کاتێـك تایـەری عـەلی والی نامەیەك بۆ (سەیادی شیرازی‌و سـەرهەنگ جـەمالی) لـە مـەریوان دەنێرێـت، نزیکـەی (100) هەزار فیشەکیان بۆ دەنێرن، پاشان ناردنی چەك‌و تەقەمەنی بۆ (حسك) بەردەوام دەبێت‌و لە ڕێگەی کۆمیتەی ئیمدادی (ئیمام خومەینی)یەوە مانگانە (40) تەن ئازوقەیان پێدەدان[2].

پاش ئەوەی لە کۆنگرەی یەکـەمی (حسـك)دا محەمـەد ڕەحـیم (خاڵـە حـاجی) دەبێتـە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی، بە نوێنەری (حسك) لە ئێران دیاری دەکرێـت،[3] نـاوبراو پـێش شۆڕشی ئێران بە پەنابەری لە چەند شارێکی ئێرانـدا نیشـتەجێ ببـوو، لەگـەڵ هەنـدێك لـە کاربەدەسـتانی کۆمـاری ئیسـلامی ئێرانـدا، کـە ئـەوکات ئـەوانیش دوور خرابوونـەوە وەك (ئایەتوڵڵا خامنـەئی، ئایـەتوڵڵا مونتـەزەری‌و محەمـەدی کـوڕی) دۆسـتایەتی باشـی پەیـدا کردبوو، کە دوای سەرکەوتنی شۆڕش هاتنە سەر دەسـەڵات، خاڵـە حـاجی تـوانی سـوودی

([1]) نەوشیروان مستەفا ئەمین: پەنجەکان...، ل262؛ ئارات قارەمانی: س. پ، ل199.

([2]) محمد حاجی محمود: س. پ، بەرگی یەکەم، ل413، 429؛ محمد حاجی محـمود: ڕۆژ ژمێـری پێشـمەرگەیەك باسی ڕووداوەکانی (20) ساڵی خەباتی شۆڕشی نوێی گەلەکەمان دەکـات 1976- 1996، بـەرگی دووەم، 1982- 1986، ب. ش، ب. س، ل28.

([3]) محمد حاجی محمود: س. پ، بەرگی دووەم، ل28.

باش لەو پەیوەندییانەی وەربگرێت[1]. لە ڕێگەی سەردانو نووسینی نامە بۆ کاربەدەستانی ئێرانی پەیوەندییەکانی (حسك)و ئێرانی بەرەو پێش برد[2].

خالە حاجی لە ئێران بە فەرمی نوسینگەی پەیوەندییەکانی کردەوەو مۆرو کلێشەی تایبەتی دروستکرد، یارمەتی نەخۆشو بریندارەکانی حزبو هەروەها لایەنەکانی تریشی دەدا، وێڕای دابینکردنی شوێن بۆ ئاوارەکانو کارئاسانی بۆ ئەوانەی دەچوونە دەرەوەی وڵاتو ئاسانکاری بۆ هاتنی ڕۆژنامەنووسانی بیانیو ئێرانیەکان بۆ باشوری کوردستان، پاشان لقو نوێنەری لە شارو ناوچەکانی تر داناو بوو بە دەزگایەکی سەر بە مەکتەبی سیاسیو ڕاستەوخۆ لەلایەن سکرتێرو مەکتەبی سیاسی (حسك)ەوە سەرپەرشتی دەکرا[3].

دوای بوونی محەمەدی حاجی مەحمود بە بەرپرسی لقی سلێمانی (حسك)، پەیوەندیی ناوچەیی لە نێوان لقی سلێمانی (حسك)و ئێران لە چوارچێوەی جەنگی عێراق– ئێران، لەگەڵ مستەفا چەمران (وەزیری بەرگری ئێران) و چەند کەسایەتیەکی تری سەربازیی ئێرانی دادەمەزرێنێت، دواجار لەگەڵ بەنی سەدرو پاشان بۆ سوپای پاسدارانو پاشان پەیوەندییەکانی لەگەڵ قەرارگای ڕەمەزاندا دەبێت دوای دامەزراندنی. ئەویش لەسەر بنەمای شەڕو چالاکی هاوبەشی ڕۆژانە هاوکاری سەربازی دەکران نەك لەسەر بنەمای پرۆتۆکۆلو ڕێکەوتنێکی نوسراو لە نێوان هەردوولادا، لەگەڵ گەرمبوونی جەنگ لە ناوچەکەدا پەیوەندیو یارمەتیەکان زیاتر دەبوو[4].

یەکێك لە گرفتەکانی (حسك) لەگەڵ ئێران ناوەکەی (سۆسیالیست) دەبێت، چەند جارێك کاربەدەستانی ئێرانی داوایان لێدەکەن، ئەگەر ناوی (حزبی سۆسیالست) بگۆڕن، ئەوا هەموو شتێکیان بۆ دەکەن بە جۆرێك ببنە حزبی یەکەم لە کوردستاندا، بەڵام ئەو داوایە لەلایەن (حسك)ەوە ڕەتدەکرێتەوە[5].

---

(1) محەمەد شاکەلی: لە بزوتنەوەوە بۆ حزبی سۆسیالیستی کوردستان 1976- 1993 لاپەڕە هەڵنەدراوەکان. چاپخانەی کارۆ، کەرکوك، 2011، ل55.

(2) محمد حاجی محمود: س. پ، بەرگی دووەم، ل28.

(3) محەمەد شاکەلی: س. پ، ل ل55، 58.

(4) محمد حاجی محمود: س. پ، بەرگی دووەم، ل ل30- 31.

(5) هـ. س، ل25.

لە ساڵی 1984دا سەرۆکایەتی کۆمار پرۆژە یاسایەکی سوپای پاسداران بۆ هاوکاریکردنی ئۆپۆزسیۆنی عێراقی پەسەند دەکات، کە تیایدا داوای پێکهێنانی ناوەندێکی بە ناوی (جەنگە نارێکخراوەکان) کردبوو[1]، بۆ ئەوەش بارەگایەکی سەرکردایەتی مەیدانی سەر بە سوپای پاسداران بۆ هەماهەنگی لەگەڵ هێزو پارتە لە کوردستانیەکان بە ناوی (قەرارگای ڕەمەزان بۆ جەنگی نا ڕێکخراو) بە سەرپەرشتی (محەمەد باقر زولقەدر) پێکهات[2]. کە ئیتر لەوە بە دوا هاوکاریو پەیوەندییەکانی ئێرانو هێزو پارتە کوردییەکان لە ڕێگەی ئەو قەرارگایەوە بوو.

دوای دامەزراندنی قەرارگای ڕەمەزان پەیوەندییەکانی حسكو ئێران پێشکەوتن بەخۆوە دەبینێتو سەردانی فەرماندە باڵا سەربازییەکانی ئێران دەکەن، ئێران بە چەكو تەقەمەنیو پێداویستی تر هاوکارییان دەکات، تەنانەت چەکی قورسی وەك (دۆشکەو هاوەن)یشیان پێدەدات[3].

بەردەوامبوونی پەیوەندییەکانی (حسك) لەگەڵ ئێراندا، دواجار دەبێتە یەكێك لە هۆکارەکانی جیابوونەوەی باڵێك لە (حسك) بە ناوی (حزبی سۆسیالستی کوردستان/ ئاراستەی دیموکراتی شۆڕشگێڕ)* لە ساڵی 1985 دا، چونکە پێیان وابوو پەیوەندییەکانی حزبەکەیان لەگەڵ ئێراندا لە دوای ساڵی 1983و 1984دا لەسەر حسابی سەربەخۆیی (حسك) و بۆ مەبەستی بەرژەوەندی کەسی و پرسی بازرگانی تاقمێك بەکارهێنراوەو هەروەها پێیان وابوو نوسینگەی پەیوەندییەکانی پارتەکەیان لە ئێران بووە بە دوکانێك بۆ پارە پەیداکردن[4]، لەگەڵ ئەوەی ئەوان دژی پەیوەندیو

([1]) سعيد محمد پور: تاپخ عملياتهای نامنظم قرارگاه رمضان در جنگ تحمیلی، فصلنامه سیاست دفاعی، شماره (47)، سال دوازدهم، تابستان 1383، ص85.

([2]) صلاح الخرسان: م. س، ص266.

([3]) محمد حاجی محمود: س. پ، بەرگی دووەم، ل ل163، 165.

* ئەوانەی کە جیابوونەوە پێکهاتبوون لە (قادر عەزیزو عەبدولخالق زەنگەنە) ئەندامانی مەکتەبی سیاسی (حسك)، لەگەڵ لقی هەولێرو دهۆكو ئەوروپا، سەرەتا بە ناوی (حزبی سۆسیالیستی کوردستان- ئیتیجاهی دیموکراتی شۆڕشگێڕ) کار دەکەن دواتر لە یەکەمین کۆنفرانسدا لە بەهاری 1987 دا ناویان بۆ (حزبی زەحمەتکێشانی کوردستان) دەگۆڕن. (نامەی قادر عەزیز بۆ توێژەر).

([4]) حزبی سوسیالیستی کوردستان- عیراق ئیتیجاهی شورشگیر: هەڵوێستی شۆڕشگێری نەك لادانو پاشگەزبوونەوە، ب. ش، ب. س، ل ل25- 27.

دۆستایەتی لەگەڵ ئێران نەبوون، بەڵکو دژی هاوکاریو چاوساغیکردنو هێنانی پاسدارانی ئێران بۆ باشوری کوردستان بوون[1].

دوای زاڵبوونی باڵی توندڕەو بەسەر باڵی میانڕەو لە ململانێ ناوخۆییەکانی ئێراندا*، و شکستهێنانی میانگیری جەلال تاڵەبانی، سوپای ئێران هێرشێکی گەورەو بەربڵاوی کردە سەر ڕۆژهەڵاتی کوردستان[2]، بۆیە قاسملوو کۆبوونەوەیەکی بە پەلەی لەگەڵ جەلال تاڵەبانیو عەزیز محەمەددا لە 15ی ئەیلولی 1982 لە بارەگای هاوینەی تاڵەبانی لە سەرچاوەی تۆژەڵە ئەنجامداو داوای کۆمەکیو هاوکاری سەربازی لێکردن، و ڕایگەیاند هێزەکانی (حدکا) زیانێکی زۆریان لێکەوتووە ئەگەر فریایان نەکەون بارەگای مەکتەبی سیاسیو بنکەکانی تریان لە ژێر هەڕەشەو مەترسی گرتندایە، ناچار دەبن ڕوو بکەنە قەڵادزێ[3].

عەزیز محەمەد بەڵێنی هیچ هاوکارییەکی بە قاسملوو نەدا، بە پاساوی ئەوەی دەبێت دیراسەی بکەن[4]، چەند ڕۆژ پێشتریش لە وەڵامی نامەیەکی قاسملوودا کە داوای لە (حشع) کردبوو ژمارەیەك پێشمەرگە بۆ یارمەتی حدکا بنێرێت، عەزیز محەمەد سکرتێری حزبی شیوعی نوسیبووی: "حشع خۆ ناخاتە شەڕکردنی هێزەکانی چەکداری کۆماری ئیسلامی ئێران"[5].

([1]) نامەی قادر عەزیز بۆ توێژەر.

* دوای سەرکەوتنی شۆڕشی ئێران چەند باڵێك لە ئێران سەریانهەڵدا لەوانە باڵی پارێزگار یاخود (حزبوڵڵا) کە لە پارتی کۆماری ئیسلامیدا خۆی دەبینیەوەو هەوڵیدەدا بۆ کۆکردنەوەی لایەنگرانی خومەینی لەژێر سەرکردایەتیەکی ئاینیدا، هەروەها باڵی لیبراڵ بە سەرۆکایەتی مەهدی بازرگان، کە دوای دەستگرتن بەسەر باڵیۆزخانەی ئەمریکا لە تاران لە تشرینی دووەمی 1979دا دەستی لەکارکێشایەوە، دوای ئەوەی بەنی سەدر لە هەڵبژاردنەکانی ئێراندا سەرکەوتنی بەدەستهێناو بە سەرۆك وەزیران هەڵبژێردرا، هەوڵیدا ڕێبازێکی میانڕەو بگرێتە بەرو لە دەستێوەردانەکانی باڵی پارێزگار کەمبکاتەوە، دواتر پێکدادانی چەکداری لە نێوانیاندا هاتە ئاراوە، بە شکستی باڵی بەنی سەدر کۆتایی هاتو ئێرانی بەجێهێشت، بەوەش باڵی یەکەم باڵادەست بوو و حکومەتی خۆی بە "حکومەتی حزبوڵڵا" ناوبرد. (سەعید بەرزین: باڵە سیاسیەکان لە ئێران، وەرگێڕانی، موسلح عەبدولقەهار ئیروانی، چاپی یەکەم، چاپخانەی خەبات، دهۆك، 2000، ل60- 61؛ فاضل رسول: م. س، ص ص73– 75).

([2]) برایم جەلال: چەپکێك....، ل368.

([3]) نەوشیروان مستەفا ئەمین: پەنجەکان....، ل264.

([4]) هـ. س، ل264؛ برایم جەلال: چەپکێك....، ل369.

([5]) وەرگیراوە لە فاتح ڕەسول: چەند لاپەرەیەك....، بەرگی سێیەم، ل155.

بەڵام تاڵەبانی بەدەم داواکەی قاسملووەوە چوو و وتی: "ئێمە لەسەر بڕیاری پێشوی خۆمان ماوین، ئەوەی لە توانای ئێمەدا بی بۆ یارمەتیشتان ئامادەین، تەنانەت ئەگەر لەو پێناوەدا شورشی کوردستانی عیراق شەهیدیش ببێ"[1]. هەروەها وتبووی: "ئامادەین شۆڕشەکەی خۆمان لەم دیو راگرینو هەموو هێزمان بنێرینە لاتان بۆ پشتیوانی کردنتان"[2]. جێگەی ئاماژە بۆ کردنە لەو کاتەدا (ی. ن. ك) و حکومەتی عێراقی لە رێگەی قاسملووەوە قسەوباس لە نێوانیاندا هەبوو بۆ ئەنجامدانی دانوستاندن.

بۆ جێبەجێکردنی ئەو بەڵێنە تاڵەبانی بە قاسملووی دابوو، یەکێتی نزیکەی (2) هەزار* پێشمەرگەی بۆ یارمەتیدانی هێزەکانی (حدکا) ڕەوانەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان کردو بە هاوبەشی لەگەڵ هێزەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا دژی هێزەکانی کۆماری ئیسلامی ئێران دەجەنگان[3]. بۆئەوەی ئاماژە بە چالاکیو بەشداری ئەو هێزەی یەکێتی لە شەڕەکاندا بکرێتو لەلای ئێرانیش ئاشکرا نەبێت، (حدکا) ئەو هێزەی ناونا (هێزی پشتیوان)[4].

هێزی پشتیوان ڕاستەوخۆ لەلایەن (جەلال تاڵەبانی)یەوە سەرپەرشتی دەکرا، بۆ ئەو مەبەستەش تاڵەبانی چووە ناو خاکی ئێرانەوەو لە (ساوان) بارەگایەکی کاتی دامەزراند، تا لە نزیکەوە سەرکردایەتی هێزەکەی یەکێتی بکاتو گرو تینیان بخاتە بەر[5].

لە ڕاستیدا ئێرانو تێکچوونی پەیوەندییەکانی لەگەڵ یەکێتیدا، کاریگەری لەسەر ئەوەی دووەمیان هەبوو بۆ چوونی بۆ پاڵ (حدکا) دژی کۆماری ئیسلامی ئێران، لەو

([1]) وەرگیراوە لە نەوشیروان مستەفا ئەمین: پەنجەکان....، ل264.

([2]) وەرگیراوە لە برایم جەلال: چەپکێك....، ل369.

* لەسەر ژمارەی پێشمەرگەکانی هێزی پشتیوان ڕاجیایی هەیە، نەوشیروان مستەفا ئاماژە بە زیاتر لە (2000) دەکات، (نەوشیروان مستەفا ئەمین: پەنجەکان....، ل265). عومەر شێخموس ژمارەیان بە زیاتر لە (2500) کەس دادەنێت (نەوزاد عەلی ئەحمەد: پشکۆیەك....، ل194). عەبدوڵڵای حەسەن زادەش بە نزیکەی (1700) پێشمەرگەی دەخەملێنێت (هەیاس کاردۆ: س. پ، ل392).

([3]) نەوشیروان مستەفا ئەمین: پەنجەکان....، ل265؛ نەوزاد عەلی ئەحمەد: پشکۆیەك....، ل194؛ هەیاس کاردۆ: س. پ، ل392.

([4]) نەوشیروان مستەفا ئەمین: پەنجەکان، ل265؛ هەیاس کاردۆ: س. پ، ل ل393- 394.

([5]) ڕێباز: س. پ، بەشی یەکەم و دووەم، ل253؛ نەوشیروان مستەفا ئەمین: پەنجەکان، ل265؛ برایم جەلال: چەپکێك....، ل299.

کاتەدا پەیوەندییەکانی یەکێتی بە تەواوی لەگەڵ ئێراندا پچڕابوو، جگە لەوەی هیچ هیوایەکیشی بە یارمەتی‌و پشتگیری ئێران نەمابوو[1].

لەلایەکی ترەوە بارەگاکانی یەکێتی لەسەر سنوری هەردوو باشورو ڕۆژهەڵاتی کوردستان بوو، شکستی (حدکا) لەو شەڕەداو هاتنەوەی هێزەکانی ئێران بۆ سنورەکانی کوردستان دەبووە مایەی مەترسی بۆ سەر یەکێتی[2]، هاوکات قاسملوو هەستابوو بە میانگیری لە نێوان یەکێتی‌و حکومەتی عێراقداو لەهەوڵدا بوو بۆ لێکنزیککردنەوەیان‌و دەستپێکردنی دانوستاندنی نێوانیان[3].

وەك پێشتر ئاماژەمان پێکرد، حکومەتی ئێران دەستی بەسەر بڕێکی زۆر لە چەکی قورس‌و سوکی یەکێتیدا گرتبوو و نەیدەدایەوە، بەڵام لە بەرامبەردا بە پێدانی چەك‌و پارە هاوکاری بەرەی (جود)ی دەکرد، بۆیە یەکێتی بڕیاریدا دژی ئێران یارمەتی (حدکا) بدات[4].

شەڕەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە یارمەتی هێزی پشتیوان لە ئەیلولی 1982 تا تشرینی دووەمی 1982 ی خایاند، کە نزیکەی سێ مانگ بەردەوامبوو، لەو ماوەیەدا (کۆمەڵە) و (حدکا) توانییان ئێزگەو کەلوپەلی بارەگاکانیان بگوازنەوە بۆ باشوری کوردستان، دواجار ئێران دەستی بەسەر هەموو ناوچەکاندا گرتەوە[5]. لە ئەنجامدا یەکێتی زیانی (14)* کوژراو و زیاتر لە (30) بریندار‌ی لە مەیدانی جەنگدا لێکەوت[1].

([1]) نەوشیروان مستەفا ئەمین: پەنجەکان، ل264؛ هەیاس کاردۆ: س. پ، ل402.

([2]) ڕێباز: س. پ، بەشی یەکەم‌و دووەم، ل252.

([3]) برایم جەلال: چەپکێك....، ل369؛ هەیاس کاردۆ: س. پ، ل402.

([4]) برایم جەلال: چەپکێك....، ل369.

([5]) هـ. س، ل370؛ کاکل ئەحمەد (کاکلە ڕەش): یەکێتی‌و ململانێ توێژینەوەیەکی سیاسی ڕەخنەییە لە بەشێکی گرنگی شۆڕشی ڕزگاریخوازی گەلی کوردستان، چاپی یەکەم، چاپخانەی شەهاب، هەولێر، 2011، ل48.

* پشکۆ نەجمەدین ژمارەی کوژراوەکان بە (17) کەس لە قەڵەمدەدات. (پشکۆ نەجمەدین: دیوی ناوەوەی ڕووداوەکان، وەڵامێك بۆ نەوشیروان مستەفا، چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری، هەولێر، 1997، ل38). بەڵام پێدەچێت دواتر سێ لە بریندارەکان مردبن‌و بەوەش ژمارەیان گەیشتبێتە (17) کەس، لەگەڵ ئەوەشدا بە بەراورد بە زۆری ژمارەی هێزی پشتیوانی بەشدار بوو لە شەڕەکەداو هەروەها درێژی ماوەی شەڕەکە، ژمارەی کوژراوەکان کەمن، ئەوەش دەگەڕێتەوە بۆ سروشتی شەڕی پارتیزانی‌و هەڵکەوتی سەخت‌و چیایی سروشتی ناوچەکە.

لە ئەنجامی ئەوەشدا (حشع) کەوتە ژێر هەڕەشەو فشاری حکومەتی ئێرانەوە، کە هێزێکی زۆری پاسدارانی بە ئامانجی لێدانی پارتە کوردییەکانی لەو ناوچانەدا بوون بۆ (دۆڵە تو) هێنا، بۆیە (حشع) بڕیاریدا بارەگای سەرکردایەتی لە (نۆکان)ەوە بۆ (پشتئاشان) بگوازێتەوە[2].

جێگەی ئاماژە بۆ کردنە لە ناو یەکێتیدا کۆدەنگی لەسەر ناردنی هێزی پشتیوان نەبوو، لەسەر ئاستی سەرکردایەتی مەلا بەختیار دژی ناردنی ئەو هێزە بوو، هەرچەندە سەرپەرشتی قۆڵێکی شەڕەکەشی دەکرد[3]، تەنانەت لەناو بەشێك لە هێزی پێشمەرگەو ئەوانەشی لەناو هێزی پشتیواندا بەشداری جەنگەکە بوون ناڕەزایی لێکەوتەوە[4]، ئەم ناڕەزاییەش بەزۆری لەناو ئەوانەدا بوو کە دواتر ئالآی شۆڕش (ئاش)* یان پێکهێنا[5]. ئەوان پێیان وابوو لەژێر هەر پاساوێکدا بێت نەدەبووایە دژایەتی ئێران بکرێت، بەڵکو دەکرا جگە لە دژایەتیو هاوکاری، یاخود دۆستایەتیو دوژمنایەتیکردنی ئێراندا، بێلایەنییان هەڵبژاردایە[6].

([1]) هەیاس کاردۆ: س. پ، ل395.

([2]) ئەحمەد بانیخێلانی: س. پ، ل448؛ قادر رشید (ابو شوان): پشتئاشان بين الالام والصمت، ترجمة، دارا، سويد، 2004، ص12.

([3]) پشکۆ نەجمەدین: س. پ، ل165.

([4]) پشکۆ نەجمەدین: دیوی ناوەوەی ڕووداوەکان وەڵامێك بۆ نەوشیروان مستەفا، چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری، هەولێر، 1997، ل39.

* ئالآی شۆڕش: باڵێکی ناو کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان بوون، لە ئەنجامی چەند جیاوازی تێڕوانینو ناکۆکی فکریو سیاسیو ناوخۆیی لە کۆنفراسی سێیەمی کۆمەڵەدا لە مێرگەپان لە کاتی دانوستاندنی نێوان یەکێتیو حکومەتی عێراقدا لە هاوینی ساڵی 1984دا لە کۆمەڵە جیا دەبنەوەو بڕیاردەدەن ڕێکخراوێکی سەربەخۆ پێکبهێنن وەك باڵێك لەناو نیمچە بەرەی یەکێتیدا بمێننەوە، بە ناوی ئەو بڵاوکراوەی بەناوی ئالآی شۆڕش (ئاش)ەوە دەریدەکەن ناودەنرێن ئالآی شۆڕش، دواجار (مەلا بەختیارو پیشکۆ نەجمەدین) لە گوندی تەکیەی قەرەداغو (شێخ عەلی) لە گوندی مالومەی شارباژێڕ، و ژمارەیەك پێشمەرگەیان دەستگیر دەکرێنو هەندێکیان بۆ بنکەکانی (ئاش) لەسەر سنووری ئێران هەڵدێن، پاشان پێشمەرگەکان ئازاد دەکرێن، بەڵام ئەو سێ سەرکردەیەی (ئاش) تا دوای جەنگی عێراق ئێرانو خامۆشبوونی شۆڕش لە زیندانەکانی یەکێتیدا دەمێننەوە. (بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە، پشکۆ نەجمەدین: ئەزموونو یاد).

([5]) نەوشیروان مستەفا ئەمین: پەنجەکان...، ل266؛ برايم جەلال: چەپکێك...، ل370.

([6]) پشکۆ نەجمەدین: دیوی ناوەوەی ڕووداوەکان، ل39؛ پشکۆ نەجمەدین: ئەزموونو یاد، ل165.

ناردنی هێزی پشتیوان بووە هۆی زیاتر توڕەبوونی ئێرانو ئەو کارەی بە کارێکی (لە بەخشین نەهاتوو) دانا، چونکە لەو باوەڕەدا بوون ئەگەر ئەو پشتیوانیەی یەکێتی نەبوایە دەیانتوانی کۆتایی بە (حدکا) بێنن[1]. هەروەها بوو بە هۆی قوڵبوونەوەی ناکۆکی لە نێوان (ئێرانو جود)و (یەکێتی)داو درێژەکێشانی شەڕی ناوخۆی نێوان (جود)و یەکێتی[2]، چونکە وەك نەوشیروان مستەفا دەڵێت: "لەو کاتەوە کە یەکێتی چوبو بۆ یارمەتیدانی حدکا، ئێران غەزەبی لە یەکیتی گرت بو، نەیئەهێشت جود لەگەڵ یەکێتی ئاشتی بکا"[3].

ئەو ناکۆکیەش لە لێدوانو ڕاگەیاندنەکانی لایەنەکاندا ڕنگیدابووەوە، بە وتەی نەوشیروان مستەفا پارتی لە ڕادیۆوە هێرشی ڕاگەیاندنی بۆ سەر یەکێتی دەستپێکردبوو، لە بەرامبەردا یەکێتی بۆ وەڵامدانەوەی زنجیرەیەك وتاری لە ڕادیۆی خۆیەوە لەژێر ناونیشانی "مەسەلەی کورد یەك مەسەلەیە یا چەند مەسەلەیەکە؟" بڵاوکردەوە[4]. لایەنەکانی تری (جود) وەك (حشعو حسكو پاسۆك) لەگەڵ ئەوەی بۆ نەڕەنجاندنی ئێران لە خۆیان ئامادە نەبوون یارمەتی کوردانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بدەن، لە هەمانکاتدا ئاماژەیان بەوە دەکرد، کە یەکێتی لەگەڵ حکومەتی عێراق ڕێکەوتووە، لە پێناو شەڕی ئێران شەڕی عێراقی ڕاگرتووەو بۆ دڵی کاربەدەستانی عێراق، مەیدانی ڕاستەقینەی شەڕی چۆڵکردووە[5]، لە ڕاستیشدا لەو کاتەدا کە گەرمەی شەڕی عێراق- ئێران بوو، یەکێتی بۆ شەڕی ئێران نزیکەی نیوەی هێزەکانی خۆی لە باشوری کوردستان کێشا بووەوە[6].

دواجار دابەش بوونو جۆرێك لە جەمسەرگیری تازە هاتەکایەوە، ئێرانو پارتیو لایەنەکانی (جود) لەلایەك، (حدکا) و یەکێتیش لەلایەکی ترەوە[7]، حدکاش پەیوەندییەکی بەهێزی لەگەڵ حکومەتی بەعسدا هەبوو، خواردنو چەكو تەقەمەنیو پێداویستیەکانی شەڕی لەلایەن بەغداوە بۆ دابین دەکرا، ئەو شەڕەش لەگەڵ یەکێتی بە

[1] نەوشیروان مستەفا ئەمین: پەنجەکان....، ل266.

[2] پشکۆ نەجمەدین: ئەزموونو یاد، ل165.

[3] نەوشیروان مستەفا ئەمین: پەنجەکان....، ل289.

[4] هـ. س، ل266.

[5] هـ. س، ل ل265- 266؛ برایم جەلال: چەپکێك....، ل370.

[6] پشکۆ نەجمەدین: دیوی ناوەوەی ڕووداوەکان، ل39.

[7] نەوشیروان مستەفا ئەمین: پەنجەکان....، ل266.

هاوبەشـی دەکـرا، بێگومـان لـەوەش یارمـەتی یـەکێتی دراوەو پێداویسـتیەکانی دابـین کراوە[1].

لە ئاکامی هێزی پشتیوانو دژایەتیکردنو شەڕی ئێـران لەلایـەن یەکێتیـەوە، یـەکێتی دوژمنێکی تری بۆ خۆی زیادکرد، لە هەمانکاتدا یەکێتی بوو بە هاوپـەیمانی (حـدکا)، کـە هاوپەیمانی حکومەتی عێراق بوو، هەموو ئەوانەش دواجـار دانوسـتاندنی نێـوان یـەکێتیو حکومەتی عێراقی لێکەوتەوە.

لە هەولێکی تردا بۆ ئاشتیو یەکخستنی ڕیزەکانی لایەنـەکانی ئۆپۆزسـیۆنی عێراقـیو جولانەوەی ڕزگاریخوازی کـورد، بـە هـەوڵی سـوریاو لیبیـا[2]، و بـە ئامـادەبوونی (19) پـارتو ڕێکخـراوی ئۆپۆزسـیۆنی عێراقـی لـە نێویانـدا (یـەکێتیو پـارتیو حسـكو حشـع) کۆنگرەیەك لـە تەرابلوسـی پایتـەختی لیبیـا، لـە مـاوەی 1- 1983/2/6دا گرێـدرا، لـە ئەنجامدا ڕێکەوتنامەیەکی کورتی (4) خاڵییان واژۆ کرد، کە خـاڵی چـوارەمی پەیوەسـت بوو بە جولانەوەی ڕزگاریخوازی کوردەوە، کە دەڵێت: بڕیاردرا دەستبەجێو لـە ئـەمڕۆوە 6ی شوباتی 1983:

أ- هەڵمەتی ڕاگەیاندن لە نێوانیاندا ڕابگیرێت.

ب- دەستبەجێ ناکۆکیو پێکدادانی چەکداری لە نێوانیاندا ڕابگیرێت[3].

هەروەها بڕیاریان دا خۆیان لە بەرەیەکی نیشتمانیدا ڕێکبخـەن لـە پێنـاو ڕووخاندنی حـوکمی فاشی عێراقو دامەزراندنی سیستەمێکی دیموکراتی لە شوێنیو پێدانی ئۆتۆنۆمی ڕاسـتەقینە بـە کوردستان، هەروەك بڕیاردرا لە 25ی شوباتدا کۆبونەوەیەك ئـەنجام بـدرێت بـۆ دانـانی بەرنامـەو پەیڕەوی ناوخۆی بەرە، و لە ماوەی مانگێکدا ئەو بەرەیە پێکبهێنن[4].

([1]) پشکۆ نەجمەدین: دیوی ناوەوەی ڕووداوەکان، ل40؛ نەوزاد عەلی ئەحمەد: پشکۆیەك...، ل199.

([2]) نەوشیروان مستەفا ئەمین: پەنجەکان...، ل279؛ کامەران قەرەداغی: س. پ، ل405.

([3]) بیان القوی الوطنیة العراقیة فی طرابلس: دەق لـە جریـدة الاتحـاد، عـدد (3و 4)، شـباط/ ازار 1983، ص3. جریدة الاتحاد: ڕۆژنامەیەکی مانگانە بووە، کۆمیتەی پەیوەندییەکانی دەرەوەی (ی. ن. ك) دەریکردووەو 13 ژمارەی لێ دەرچووە، یەکەم ژمارەی لە کانونی یەکـەمی 1982دا و دوا ژمارەشـی لـە تشـرینی دووەمـی 1983دا دەرچووە. (نوزاد علی احمد: صحف الاتحـاد الـوكنی الكردسـتانی، ص13) ؛ فـاتح ڕەسـول: چـەند لاپەرەیەك...، بەرگی سێیەم، ل ل181- 183.

([4])بیان القوی الوطنیة العراقیة فی طرابلس: دەق لە جریدة الاتحاد، عدد (3و 4)، شباط/ ازار 1983، ص3.

بەڵام ئەم هەوڵەش وەك هەوڵەکانی تر بۆ ئاشتیو ڕێکەوتن شکستی هێنا، چونکە دوای چەند ڕۆژێك (حشع) لەو ڕێکەوتنە پاشگەز بووەوە[1]، بە پاساوی ئەوەی لە سەرکردایەتی ئەو بەرەیەدا هەموو لایەنەکان بە گەورەو بچووکەوە وەك یەك هەریەکەیان یەك دەنگی هەبوو، بە ڕای (حشع) نەدەبوو هێزە گەورەو بچووکەکان وەك یەك بن، لە کاتێکدا پێشتر ئەوەی پەسەند کردبوو، بێجگە لەوەی هاوکات لەگەڵ کۆبوونەوەکەی تەرابلوسدا لە ڕۆژانی (5– 6ی شوباتی 1983) لە ناوزەنگ کۆبوونەوەیەکی دوو قۆڵی لە نێوان یەکێتیو (حشع)دا ئەنجامدرا، هەرچەندە لەو کۆبوونەوەیەدا گەیشتنە ڕێکەوتنێکی سیاسی بۆ کۆتایهێنان بە ناکۆکیەکانی ناوخۆو پێکهێنانی بەرەیەکی فراوانو هاوکاری دووقۆڵیو واژۆیان کرد[2].

لە 20ی شوباتی 1983 دەستکرا بە کۆبوونەوەی هاوبەشی نوێنەرانی هەردوو بەرەی (جوقد) و (جود)ی بە مەبەستی ئامادەکردنی پرۆژەی پەیمانەکەو پەیڕەوی ناوخۆو پێشکەشکردنی بۆ کۆبونەوەی (19) لایەنەکە لە 25 شوباتدا، بەڵام (حشع) بەشداری کۆبەنەوەکەی نەکرد، جگە لەوەی لە کۆبوونەوەکانی تەواو کردنی بەرەکەدا، ئەندامانی بەرەی (جود) ئامادە نەبوون ئەو بەرەیە هەڵبوەشێننەوەو واژۆ لەسەر ڕاگەیاندنی بەرەکە بکەن، تەنها دوای ڕەزامەندی کۆماری ئیسلامی ئێران نەبێت[3]. لەو بارەیەوە فاتیح ڕەسوڵ (ئەندامی سەرکردایەتی هەرێمی کوردستانی حشع) دەڵێت: "کتوپڕ هێندێ هەڵوێستی چەوتو گۆڕانی سەر سوڕمێنەر قوت کرایەوە، بەتایبەت لەلایەن چەند ئەندامێکی سەرکردایەتی حشعو کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامی ئێران! !"[4].

لەلایەکی ترەوە هاوکات لەگەڵ کۆبوونەوەی تەرابلوسدا، لە 2ی شوباتی 1983دا هێزەکانی پارتی بە فەرماندەیی حەسۆ میرخان ژاژۆکیو بە هاوکاریو یارمەتی ئێران، چیای (جاسوسان) یان بەرامبەر سەرکردایەتی یەکێتی لە ناوزەنگ گرت، و ناو بەناو ماڵەکانی ناوزەنگیان ئەدایە بەر هاوەن، بەوەش سەرکردایەتی یەکێتی کەوتبووە بەر

([1]) فاتح ڕەسول: چەند لاپەڕەیەك...، بەرگی سێیەم، ل359؛ برایم جەلال: چەپکێك...، ل288.

([2]) نەوشیروان مستەفا ئەمین: پەنجەکان...، ل ل279- 281.

([3]) حامد محمود عیسی: المشکلة الکردیة...، ص ص269– 270.

([4]) فاتح ڕەسول: چەند لاپەڕەیەك...، بەرگی سێیەم، ل184.

هەڕەشەو مەترسیو بیریان لە گواستنەوەی دەکردەوە، ئەمەش بووە مایەی ناڕەزایی یەکێتیو دۆخەکەی زیاتر ئاڵۆز کرد[1].

لە 28ی نیسانی 1983دا هێزەکانی (جود) هێرشێکی گەورەو فراوانیان کردە سەر بارەگای مەڵبەندی (4)ی یەکێتی لە گوندی بالیسانو گرتیانو دەستیان بەسەر بڕێك ئازوقەو چەكو تەقەمەنیو کەلوپەلی سەربازیدا گرت[2].

لە بەرامبەردا یەکێتی بە سەرپەرشتی نەوشیروان مستەفا لە ڕۆژی جەژنی کرێکاراندا لە 1983/5/1و لەژێر دروشمی (تۆڵە بە سەبرە ئەمما بە زەبرە) هێرشێکی گەورەی کردە سەر سەرکردایەتی (حسك) و (پاسۆك) و (حشع) لە ئاشقوڵکەو قرناقاو پشتئاشان، کە تا (5/3) بەردەوامبوو، لەو هەڵمەتەدا دەست بەسەر سەرکردایەتی (حسك) و (حشع)دا گیرا ، دوای ئەوەی ژمارەیەك کوژراو و برینداریان لێکەوتو ژمارەیەکیان بەدیل گیرا، تەنها لە (حشع) نزیکەی (70) کەسیان لێ کوژرا، ئەوانی تر هەڵاتنو چوونە ناو خاکی ئێرانەوە. هەروەها لە (حشع) هەریەك لە (کەریم ئەحمەدو ئەحمەد بانیخێڵانیو قادر ڕەشید– ئەبو شوان) دەستگیر کران، هاوکات لە دۆڵی خانەقاش (32) کەسی پارتی یان دەستگیر کردبوو[3].

ئەحمەد بانیخێڵانی پێی وایە یەکێتی لەگەڵ بەعسدا ڕێکەوتبوو، بۆ ئەوەی لە ڕێکەوتنەکەیدا سەرکەتوو بێتو دەسەڵاتی خۆی بسەپێنێ، هەموو توانای خۆی بەکارهێنا بۆ ئەوەی هێزەکانی (جود) لە ناوچەکانی کەرکوكو سلێمانیو تا ڕادەیەك هەولێریش نەهێڵێت[4]. هەروەها لەکاتی گرتنی مەڵبەندی یەکێتی لە بالیسان لە 28ی نیسانی 1983دا لەلایەن هێزەکانی (جود)ەوە، ئازاد کاکل دەڵێت: "جێگای سەرسوڕمان بوو هەموو چەكو کەلو پەلەکان مۆرو دروشمی جەیشی عێراقی لەسەر بوو،

---

(1) هـ. س، ل ل221- 222؛ نەوشیروان مستەفا ئەمین: پەنجەکان....، ل290، 311؛ کامەران قەرەداغی: س. پ، ل405؛ برایم جەلال: چەپکێك....، ل384.

(2) مەکتەبی سیاسی یەکێتی نیشتمانی کوردستان: گفتوگۆی شۆڕش لەگەڵ میری، چاپخانەی شەهید جەعفەر، 1985، ل52؛ ئەحمەد بانیخێلانی: س. پ، ل461؛ ئازاد کاکل: ئازارەکانی شەڕی ناوخۆ لە یاداشتی پێشمەرگەیەك 1982- 1983، بەرگی یەکەم، چاپی یەکەم، چاپخانەی ماردین، هەولێر، 2011، ل97.

(3) ئەحمەد بانیخێلانی: س. پ، ل ل465- 476؛ محمد حاجی مەحمود: س. پ، بەرگی دووەم، ل ل113- 115؛ برایم جەلال: چەپکێك....، ل389.

(4) ئەحمەد بانیخێلانی: س. پ، ل453.

چەندین بەڵگەنامەی دەست نووسیش کەوتە دەستی پێشمەرگە، کەلو پەلە سەربازییەکانو بەڵگەنامەکان ئەوەیان دەسەلماندو ئاشکرایان دەکرد کە (ینك) [ی. ن. ك] پەیوەندیەکی توندوتۆڵی ژێرەوەی نهێنی هەبوو لەگەڵ ڕژێمی بەعس"[1]. هەرچەندە لەو کاتەدا یەکێتیو حکومەتی عێراقی لە گفتوگۆو ئاڵوگۆڕی بیروڕادا بوون بۆ زەمینەساز کردن بۆ ئەنجامدانی دانوستاندنی نێوانیان، بۆ ئەو مەبەستەش بە نهێنیو بە میانگیری قاسملوو دوو کۆبوونەوەیان ئەنجام دابوو، بەلام هیچ سەرچاوەیەکی بڵاوکراوە یان بەڵگەیەك لەبەر دەستدا نییە بیسەلمێنێت کە یەکێتی ڕاستەوخۆ چەکی لە حکومەتی عێراقی وەرگرتبێت.

دوای ئەوەی پاشماوەی هێزەکانی (جود)، بەرەو سنورەکانی ئێران هەلاتن، لە پاسگای سوپای ئێرانی لەسەر سنور بە پارتیو خۆیان دەناسێنن، دوای ئەوەی چەند پێشمەرگەیەکی پارتی بە زیلی سەربازیەوە بە دەمیانەوە دێن، پۆل پۆل بە ئۆتۆمبێلەکانی سوپا بۆ گوندی (شیناوە)* لە تەنیشت شاری (خانە– پیرانشار) دەیانگوازنەوە[2]. پاشان لە ڕۆژی 1983/5/9 سەرکردایەتی (حسك) و (حشع) بۆ گوندی (سێلۆێ) دەگوازرێنەوە، پێشمەرگەکانیش بەسەر گوندەکانی: (کاولان، تەلان، هەمزاوای خوارو و هەمزاوای سەرودا) دابەش دەکرێن، وێڕای ئەوەی لەژێر کۆنتڕۆڵو چاودێری سوپاو پاسدارانی ئێرانیدا بوون[3].

چاودێریکردنی (حسك) و (حشع) لەلایەن دامودەزگاکانی کۆماری ئیسلامی ئێرانەوە بووە مایەی نارەزایی کادیرو پێشمەرگەکانی هەردوو لایانو بە مەبەستی گەڕانەوە بۆ ناوچەکانی پێشووی خۆیان فشاریان خستبووە سەر سەرکرایەتی پارتەکانیان[4].

لایەنەکانی (جود) هاتوچۆو کۆبونەوەی بەردەوامدا بوون بە مەبەستی ئامادەکردنی زەمینەی گەڕانەوە بۆ شوێنەکانی پێشووی خۆیان لە قەندیل، بەلام گەڕانەوەیان بەسترابۆوە بە ستراتیجی هێرشی ئێران بۆ سەر خاکی عێراقەوە، بە وتەی فاتیح ڕەسول:

([1]) ئازاد کاکل: س. پ، ل97.

* بارەگایەکی (پ. د. ك) لەوێ بوو. (سەید کاکە: س. پ، ل201).

([2]) فاتح ڕەسول: چەند لاپەڕەیەك...، بەرگی سێیەم، ل ل276- 277؛ سەید کاکە: س. پ، ل201.

([3]) فاتح ڕەسول: چەند لاپەڕەیەك...، بەرگی سێیەم، ل ل281، 300.

([4]) هـ. س، ل364.

"(پدك) [پ. د. ك] يش بەبێ ڕەزا بوونو بڕياردانو يارمەتى ئێرانيەكان بە هيچ هەنگاوێك هەڵنەدەستا". (حسك) و (حشع) لەو بڕوايەدا بوون دواى ئەو شكستە گەورەى بەسەرياندا هات لە مانگى ئاياردا، لە توانايانددا نيە بە تەنيا بگەڕێنەوە. دواجار لە سەرەتاى ئابى 1983دا هێزەكانى جود لە دوو قۆڵەوە بۆ ناوچەى قەنديل گەڕانەوە، بۆ هێرش كردنە سەر هێزەكانى يەكێتى[1]. كە بۆ ئەوەش لە ناوەڕاستى تەموزى 1983دا (جود) هێزێكى گەورەى (1000) كەسى لە پێشمەرگەكانى (حسكو حشعو (پ.د.ك) پێكەوەنا بوو[2].

دواى گەڕانەوەى هێزەكانى جود نزيكەى مانگێك لە شوێنەكانى خۆياندا لە چاوەڕوانيدا مانەوە، چەندين شەو پلانى هێرشكردنى فراوانيان بۆ سەر هێزەكانى يەكێتى دادەنا، بەڵام بۆ سبەينێ هێرشەكەيان دوادەخست، بە درێژايى ئەو ماوەيەش پێشمەرگەكان لە ئێشكگرتندا بوونو نەدەخەوتن، هاوكات فڕۆكە جەنگيەكانى عێراقيش بۆردومانى ناوچەكەيان دەكرد[3].

ئەو هێرشەى (جود) هاوكات بوو لەگەڵ هێرشى ئێران بۆ ناوچەى حاجى ئۆمەران[4]، پاشان دەركەوت هێزەكانى (جود) چاوەڕوانى ئەوەيان دەكرد هێزەكانى ئێران دەست بەسەر هەموو ناوچەى حاجى ئۆمەراندا بگرنو سوپاى عێراقى لێ وەدەرنێن، بەدوايدا هێزێكى پارتى بەرەو زارگەلى بێتو ئينجا ناوچەكە لە هێزى يەكێتى پاك بكەنەوە، بەڵام بەرگرى سوپاى عێراق لە (گردەمەند) و ڕاگرتنى هێرشى سوپاى ئێران لەلايەكو خۆئامادەكردنو ئاگادار بوونى هێزەكانى يەكێتى لەلايەكى ترەوە پلانى هێزەكانى (جود)ى تێكشكاند[5].

لە 22ى تەمموزى 1983دا ئێران لەژێر ناوى (فەجرى دووەم)دا، بە ئامانجى كردنەوەى بەرەيەكى نوێى شەڕ لە باكورو سەرقاڵكردنى سوپاى عێراقو سوككردنى لە هەردوو بەرەى ناوەڕاستو باشور، و بۆ بەرپاكردنى هێرشێكى گەورە لە بەرەى بەسرەو

([1]) فاتح ڕەسول: چەند لاپەڕەيەك...، بەرگى سێيەم، ل310- 313.

([2]) ئازاد كاكل: س. پ، ل156.

([3]) فاتح ڕەسول: چەند لاپەڕەيەك...، بەرگى سێيەم، ل313؛ ئازاد كاكل: س. پ، ل158.

([4]) نەوشيروان مستەفا ئەمين: پەنجەكان...، ل314؛ سەيد كاكە: س. پ، ل206.

([5]) فاتح ڕەسول: چەند لاپەڕەيەك...، بەرگى سێيەم، ل313.

ڕۆژهەڵاتی دیجلە، بە هاوکاری (پ. د. ك)، کە بۆ یەکەمجار بوو کوردی باشوری کوردستان لە ئۆپەراسیۆنێکی سەربازی گەورەدا دژی عێراق هاوکاری ئێران بکەن، هێرشێکی گەورەیان کردە سەر ناوچەی حاجی ئۆمەران، لە ئەنجامدا دەستیان بەسەر ناوچەی حاجی ئۆمەراندا گرت، و توانییان بە قوڵایی (20) کم لەسەر جادەی هاملتۆن پێشڕەوی بکەنو بێنە ناو خاکی عێراقەوە، بەوەش ببونە مایەی هەڕەشەو مەترسی بۆ بە تەواوی دەستگرتن بەسەر حەوزی ڕەواندوزو ڕێگای هاملتۆندا[1].

لە هەمانکاتدا ناوچەکە گرنگیەکی ستراتیژی هەبوو، ئێران دەیویست چەند ئامانجێکی تریش دەستەبەر بکات، بارەگای سەرەکی (حدکا) لەو ناوچەیەدا بوو، هەروەها ڕێگای ناردنی هاوکاریو یارمەتی حکومەتی عێراق بۆ (حدکا) بوو[2]، لەلایەکی ترەوە دژی یەکێتی بوو کە پشتیوانی لە (حدکا) دەکرد، ئەم هێرشەی ئێران بوو بە مایەی مەترسی عێراق، کە نەتوانێت بەر بە هێرشی هاوبەشی ئێرانو کورد بگرێت، لە هەمان کاتدا بوو بە هەڕەشە بۆ سەر یەکێتی کە لەو کاتەدا دژی ئێران بوو، کە ئەوەش کاریگەری هەبوو لە بردنی یەکێتی بۆ دانوستاندن لەگەڵ حکومەتی عێراقدا[3].

هەرچەندە پارتی لەو شەڕەدا ژمارەیەك کوژراوی دا لەوانە (فەتاح ئاغا)[4]، و ئەو ناوچەیەش لەژێر دەسەڵاتو کاریگەری پارتیدا بوو، بەڵام ئێران بەڕێوەبردنی ئەو ناوچانەی بە (حزبی دەعوەی ئیسلامی) شیعەمەزهەب سپارد، کە ئەوانیش لەو شەڕەدا بەشداربوون[5]، هەروەك لە یەکەم وتاری ڕۆژی هەینی تاران، دوای گرتنی حاجی ئۆمەران، عەلی ئەکبەر هاشمی ڕەفسەنجانی سەرۆکی ئەنجومەنی شورای ئیسلامی ئێران وتبووی: "ئێمە ڕێ نادەین ئەو گرووپە بچووکانەی عێراقی کە هەر یەك ناوێکی لەخۆ ناوە، دەست لە چارەنووسی گەلی موسلمانی عێراق وەربدات".[6] هاوکات دارو درەختی

([1]) ڕێباز: س. پ، بەشی یەکەمو دووەم، ل274؛ سامی شورش: کردستان والاکراد...، ص160؛ کریس کۆچێرا: بزوتنەوەی نەتەوەیی...، ل68؛ نادر ئینتسار: ئیتنۆ نەتەوایەتی کوردی، ل175؛ دیڤید مەکداول: س. پ، ل571.

([2]) نادر ئینتسار: ئیتنۆ نەتەوایەتی کوردی، ل175؛ دیڤید مەکداول: س. پ، ل571.

([3]) دیڤید مەکداول: س. پ، ل ل571- 572.

([4]) ئەحمەد بانیخێلانی: س. پ، ل395؛ محمد حاجی محمود: س. پ، بەرگی دووەم، ل124.

([5]) دیڤید مەکداول: س. پ، ل571.

([6]) وەرگیراوە لە عەلی تەتەر نێروەیی: سیاسەتی حکورمەتی عێراق...، بەرگی یەکەم، ل139.

ناوچەکەی بە شۆفلْ هەڵدەکەندو دەیبرد لە ئێران دەیناشتن، و ناوی شاخ و شوێنەکانی بۆ ناوی ئێرانی دەگۆڕی[1].

ئەمە لە کاتێکدا بە وتەی ئەحمەد بانیخێلانی ئێران بەڵێنی دابوو ئەو ناوچەیە رادەستی پارتی بکات کە دەڵێت: "لە پاشان دەرکەوت کە ئێران هێرش دەباتە سەر حاجی ئۆمەران و قەولی داوە بە پارتی ئەگەر لە گرتنی حاجی ئۆمەران دا یارمەتیان بدەن، لە پاشان ناوچەکە تەسلیم بە پارتی دەکەن. برادەرانی پارتیش بەو هیوایەی حاجی ئۆمەرانیان دەست بکەوێتەوە هێزەکانی خۆیان لەو ناوچانەی پێشوو کێشابووەوە، ئەنجام ئێران لە هێرشەکەیدا سەرنەکەوت و زیانێکی زۆری پێکەوت"[2].

لەلایەکی ترەوە پارتی لە بەرامبەر زۆرو ستەمی حزبی بەعس و سیاسەتی سەرکوتکردن و راگواستنی گوندەکانی کوردستان، گەیشتبووە ئەو باوەڕەی کە تەنیا ئێران دەتوانێت رژێمی بەعس لەناو بەرێت، بە وتەی کریس کۆچێرا، یەکێك لە کەسانی نزیك لە مەسعود بارزانی دەیوت: "ژیانی ئێمە بێ ئومێدە رێگەیەکی دیکەمان لەبەر نی یە"[3].

لە پەرچەکرداری هێرشی حاجی ئۆمەراندا سەدام حسێن خۆی سەردانی رەواندوزی کرد بۆ ئەوەی سەرپەرشتی هێرشی دژی ئێرانیەکان بکات، بە مەبەستی دەرکردنی ئێرانیەکان لەو ناوچانەی دەستیان بەسەردا گرتووە، هەرچەندە لە وتارێکی تەلەفزیۆنیدا دانی بە سەرکەوتنی سوپای ئێران لە حاجی ئۆمەراندا نا، بەڵام سەرکەوتنی ئێرانیەکانی بۆ هاوکاری بارزانیەکان گێڕایەوەو بەڵێنی دا تۆڵەیان لێبکاتەوە[4].

حکومەتی بەعسی عێراق بە بیانووی بەشداریکردنی پارتی لە گرتنی حاجی ئۆمەراندا، دوای ئەوەی شەو گەمارۆی ئۆردوگای قوشتەپەیان دا لە بەرەبەیانی 31ی تەمموزی 1983دا هەڵمەتێکی رەشبگیریان دەستپێکردو سەرجەم پیاو و نێرینە بارزانیەکانی لە تەمەنی نێوان (12– 80)* سالیدا، کە ژمارەیان دەگەیشتە نزیکەی (8000) کەس

([1]) محمد حاجی محمود: س. پ، بەرگی دووەم، ل124.

([2]) ئەحمەد بانیخێلانی: س. پ، ل395.

([3]) وەرگیراوە لە کریس کۆچێرا: بزوتنەوەی نەتەوەیی....، ل68.

([4]) محمد احسان: کردستان ودوامە الحرب، م. س، ص53؛ سامی شورش: کردستان والاکراد...، ص161؛ عەلی تەتەر نێرویی: سیاسەتی حکورمەتی عێراق....، ل140.

* لەسەر تەمەنی ئەنفالکراوانی بارزانیەکان راجیایی لە نێوان سەرچاوەکاندا هەیە، هەیە ئاماژە بە (8-80) ساڵ دەکات، تییاندا بە (10- 80) ی دادەنێت، هەروەها هەیە چەند سەرچاوەیەك تەمەنیان بە (12-

ئەنفال کرد[1]، سەدان کەس لەوانە منداڵ بوون‌و تەمەنیان لە خوار (18) ساڵانەوە بوو[2]. شایانی باسە ئەو شاڵاوە بە سەرپەرشتی ڕاستەوخۆی بەرزان تکریتی زڕبرای سەدام حسێن‌و بەرپرسی دەزگای هەواڵگری عێراق (1979- 1983) و بە یاریدەدەریێتی (وەتبان)ی برای ئەنجام درا، کە لەو ڕۆژەدا لە قوشتەپە ئامادەبوون[3].

هەروەها لە ڕۆژی10ی ئابی 1983دا بە هەمان شێوە شاڵاوی بردە سەر ئۆردوگاکانی (بەحرکەو حەریرو دیانا)[4]. کاتێك ئەو گیراوانەیان برد بۆ بەغدا، بە شەقامەکانی بەغدادا سوڕاندنیانەوە، کە ئەوانە (دیلی ئێران) ی بەرەی جەنگی حاجی ئۆمەرانن[5]، پاشان بۆ بیابانەکانی سنوری عەرەبستانی سعودیەو ئوردون گواسترانەوەو بێسەروشوێن کران[6].

هەر لەو سەرو بەندەدا، حکومەتی عێراق شێخ عوسمان کوڕی شێخ ئەحمەد بارزانی‌و هەردوو (عیمادو ئەحمەدی کوڕی شێخ عوسمان)و هەرسێ کوڕانی بارزانی (عوبەیدوڵڵاو لوقمان‌و سابیر بارزانی)، کە لە بەغدا دادەنیشتن گرت‌و بێسەروشوێنی کردن، بێجگە لە شێخ سادق‌و شێخ ئیسماعیلی کوڕی شێخ عەبدولسەلام بارزانی[7].

---

80) ساڵی دادەنێت، هەروەك سەرچاوە هەیە ئاماژە بە (14) ساڵ بەرەو ژوور دەکات، بەڵام ئەوەی جێگەی ئاماژەیە بەگشتی هەموو سەرچاوەکان لەسەر (80) ساڵی بۆ گەورەترین تەمەن کۆکن، لەسەر بچوکترین تەمەنیش ئەوەمان بۆ دەردەخات کە ژمارەیەکی زۆریان لە خوار تەمەنی (18) ساڵیەوە بوون.

([1]) فاتح ڕەسول: چەند لاپەڕەیەك....، بەرگی سێیەم، ل367؛ کامەران قەرەداغی: س. پ، ل407؛ سامی شورش: کردستان والاکراد....، ص161؛ شۆڕش حاجی ڕەسوڵ: ئەنفال- کوردو دەوڵەتی عێراق، چاپی دووەم، چاپخانەی شڤان، سلێمانی، 2003، ل ل42- 43؛ میدڵ ئیست ووچ: س. پ، ل ل85- 86؛ عبدالمصور البارزانی: م. س، ص76.

([2]) هەژار عەزیز سورمێ: کوردو جینۆسایدو ئیبادەکردن هەڵوێستی یاسای نێودەوڵەتی (چەند ئاماژەیەکی نمونەیی لە کورتە لێتوێژینەوەیەکدا)، ب. ش، ب. س، ل133؛ جاسم خۆشناو: س. پ، ل242.

([3]) صلاح الخرسان: م. س، ص266؛ عبدالمصور البارزانی: م. س، ص80.

([4]) صلاح الخرسان: م. س، ص267.

([5]) سامی شورش: کردستان والاکراد....، ص162.

([6]) کریس کۆچێرا: بزوتنەوەی نەتەوەیی....، ل68.

([7]) نەوشیروان مستەفا ئەمین: پەنجەکان....، ل322؛ عەلی تەتەر نێروەیی: سیاسەتی حکومەتی عێراق....، ل142؛ علی سنجاری: م. س، الجزء الثالث، ص61.

پارتی دیموکراتی کوردستان هەستی بە مەترسی هێرشی سەر حاجی ئۆمەران کردبوو، بۆیە فەرمانی کردبوو هەموو ئۆردوگاکانی جەماوەری پارتیو پەنابەرانی کورد لە ئێران چۆڵ بکرێن، چونکە چاوەڕوانی ئەوە دەکرا حکومەتی عێراق هێرشی توند بکاتە سەریان[1].

پێش هێرشی ئێران بۆ سەر حاجی ئۆمەران بە هەمان شێوەی یەکێتی، حکومەتی عێراقی لەگەڵ پارتیشدا دەستی بەگفتوگۆ کردبوو، بەڵام لەبەر ئەوەی ئەوان لە ئێراندا نیشتەجێ بوون، لە سەرەتادا ئەو کارەیان بە نهێنی هێشتەوە لەبەر ئێران، لە کۆبوونەوەی ناوزەنگی نێوان یەکێتیو نوێنەری حکومەتی عێراق، ئەبو ئەحمەد (عەقید رکن خەلیل محەمەد شاکر) جێگری سەرۆکی ئەوکاتی دەزگای هەواڵگری (بەرزان تکریتی)، بە ڕاشکاوی دانی بەو گفتوگۆیەدا نا لەگەڵ پارتیدا[2].

بەشداریکردنی پارتی لە شەڕی حاجی ئۆمەراندا لەسەر داوای ئێران بوو، ئەوە لە کاتێکدا بوو بە وتەی عەلی سنجاری دانوستاندنی نێوان حکومەتی عێراقو (پ. د. ك) گەیشتبووە قۆناغێکی پێشکەوتوو، بۆیە سەدام حسێن ڕقی شۆڤێنی خۆی بەسەر کوردو بارزانیەکاندا ڕشت[3].

شەڕی دووەمی قەندیل جیامەند بوو لە شەڕەکانی تری ناوخۆ، جەنگی عێراق و ئێران تیایدا ڕەنگی دابووەوە، لایەنەکانی شەڕەکە لەلایەن عێراقو ئێرانەوە پشتگیری دەکران، حکومەتی عێراق پاڵپشتی یەکێتیو حکومەتی ئێران هاوکاری جودی دەکرد، ئازاد کاکل یەکێك لە پێشمەرگەکانی (حسك) کە خۆی لەو شەڕەدا بەشدار بووە ئاماژە بۆ ئەوە دەکاتو دەڵێت: "من بە چاوی خۆم هەندێك (پاسدارانی ئێرانی) م بینی جهازی کۆڵە پشتیان پێبوو"[4]. ڕۆژانەش هەلیکۆپتەرو فڕۆکەی جەنگی عێراقیش لە هێزەکەی (جود)ی دەدا[5]،

شایانی باسە هاتنی پاسداری ئێرانی نارەزایی (حشع)ی لێدەکەوێتەوە، کاتێك بینیبوویان لەپاڵ هێزەکانی پارتیدا، ژمارەیەك ئەفسەرو سەربازو پاسداری ئێرانی بە

([1]) عەلی تەتەر نێرویی: سیاسەتی حکومەتی عێراق...، ل138.

([2]) نەوشیروان مستەفا ئەمین: پەنجەکان، ل322.

([3]) علی سنجاری: م. س، الجزء الثالث، ص61.

([4]) ئازاد کاکل: س. پ، ل158.

([5]) سەید کاکە: س. پ، ل ل207- 208؛ ئازاد کاکل: س. پ، ل158.

ئامێری بێتەل و کۆنترۆڵەوە هاتوونەتە ناوچەی بناری قەندیل، ئەوەی لێدەخوێننەوە کە گەڕانەوەی هێزەکانی (جود) بۆ شاخی قەندیل، کرابێتە پاشکۆو بەشێك لە هێرشی ئێران بۆ حاجی ئۆمەران و ناوچەی باڵەك و بناری قەندیل. بۆ ئەوە نامە بۆ سەرکردایەتی (حشع) و لیژنەی باڵای جود دەنێرن، داوا ئەکەن ئێرانیەکان ناوچەکە بەجێبهێڵن و دوور بخرێنەوە، ئەگەرنا ئامادەنین لەژێر فەرماندەی ئێرانیەکاندا شەڕ بکەن، ئەمەش درێژەی کێشاو دەرفەتی باشی بۆ کۆکردنەوەی هێزو خۆئامادەکردنی یەکێتی بۆ پەلاماردانی (جود) ڕەخساند[1].

دواجار لە 1ی ئەیلولی 1983دا یەکێتی لە (8) قۆڵەوە هێرشێکی لەناکاوی کردە سەر هێزەکانی (جود)، لە ئەنجامدا هێزەکانی (جود) شکان[2]، لەم شەڕەدا زیانێکی زۆر بەر هەموو لایەنەکان کەوت، بەتایبەتی پارتی کە نزیکەی (50) پێشمەرگەی لەگەڵ (حەسۆ میرخان زاژۆکی) فەرماندەیان لە (کونە کۆتر) کوژرا[3]، لەنێو سەرچاوەکاندا نەوشیروان مستەفا ئاماژە بەوە دەکات کە لەگەڵ (حەسۆ میرخان)دا چەند پاسدارێکی ئێرانیش کوژرابوون[4]. دوای شکانیان هێزەکانی جود بۆ ئێران گەڕانەوە، بەوەش کۆتایی بە شەڕی گەورەی نێوان یەکێتی و (جود) هات[5].

لە کاتی ڕوودانی شەڕی دووەمی قەندیلدا، یەکێتی وەك ئامادەسازییەك بۆ گفتوگۆی لەگەڵ ڕژێمدا، شەڕی لەگەڵ حکومەتی عێراقدا ڕاگرتبوو، ئەوەش یارمەتی یەکێتی دا بە تەواوی خۆی بۆ شەڕی جود تەرخان بکات[6].

دوای ئەوەی هێزەکانی (جود) لەو شەڕەدا شکستیان هێناو نەیانتوانی بگەڕێنەوە بناری قەندیل، (حشع) بڕیار دەدات بۆ باشوری کوردستان بگەڕێتەوە، لە سەرەتادا بۆ ناوچەی برادۆست دەگەڕێنەوە، پاشان لە نیسانی 1984دا بڕیار دەدەن بچنە ناوچەی

([1]) فاتح ڕەسول: س. پ، بەرگی سێیەم، ل ل318- 321.
([2]) نەوشیروان مستەفا ئەمین: پەنجەکان...، ل ل318- 319.
([3]) فاتح ڕەسول: چەند لاپەڕەیەك...، بەرگی سێیەم، ل322؛ محمد حاجی محمود: س. پ، بەرگی دووەم، ل125- 126؛ قادر رشید (ابو شوان): م. س، ص84؛ ئازاد کاکل: س. پ، ل161.
([4]) پەنجەکان...، ل320.
([5]) هـ. س، ل321؛ ئازاد کاکل: س. پ، ل ل161- 162.
([6]) فاتح ڕەسول: چەند لاپەڕەیەك...، بەرگی سێیەم، ل325؛ سامی شورش: کردستان والاکراد...، ص158.

بارزان لە دەوروبەری چیای شیرین، دوای بەسەربردنی زیاتر لە سالێك لەو ناوچەیەدا لە 1985/8/3 چەكدارێكی بارزانی نامەیەكیان بۆ دەهێنێت كە بە ناوی شێخ محەمەد خالیدو پاسدارێكی ئێرانی بەناوی (رەحمان رەزائی)یەوە نوسرابوو، لە ژێر دروشمی ئایەتی قورئانی (وقل جاء الحق وزهق الباطل ان الباطل كان زهوقا)* ، تیایدا هاتبوو: ناكرێت خاكی پاكی بارزان بكرێتە شوێنی كوفرو بێدینان، ئاگادارتان دەكەین ناوچەكانی بارزان لە ماوەی شەش رۆژدا چۆڵ بكەن ئەگەر نا لەشكرەكانی ئیسلام ئامادەن بەهێز دەرتان بكەن. هەرچەندە هەوڵی زۆرر درا لەلایەن مەكتەبی سیاسی (حشع) و (پ. د. ك) و (مەسعود بارزانی)شەوە بۆ ئەوەی بەو شێوەیە لەو ناوچەیە دەرنەكرێن، بەڵام بێسوود بوو، بۆیە پێش كۆتایی هاتنی ئەو ماوەیە ناوچەكەیان چۆڵكرد[1].

* سورة الاسراء: اية 81.

[1] فاتح رەسول: چەند لاپەرەیەك...، بەرگی سێیەم، ل 365- 373.

باسی سێیەم: هەڵوێست و هۆکاری ئێران لە دانوستاندنی نێوان یەکێتی و حکومەتی عێراقدا:

لە سەرەتای جەنگدا سوپای ئێران تووشی شکستێکی سەربازی گەورە هات، بەڵام لە بەهاری ساڵی 1982دا هێرشی بەرفراوانی ئێران لە زۆربەی بەرەکاندا سەرکەوتنی گەورەی بە دەستهێنا، تەنها لە بەرەی خورەمشەهر (محمرە) نزیکەی (20) هەزار سەربازی سوپای عێراقی بەدیل گیران، بێجگە لەوەی هەر لە هەمان ساڵدا زیاتر لە (60) هەزار سەربازی کورد لە ڕیزەکانی سوپای عێراقدا هەڵاتن بۆ ناوچە ئازادکراوەکانی ژێردەستی هێزی پێشمەرگە، هەندێکیش لەوانە بە چەکەوە پەیوەندییان بە هێزی پێشمەرگەوە کرد[1].

عەبدولڕەحمان قاسملوو سکرتێری (حدکا) ڕۆڵی دیارو بەرچاوی هەبوو لە خۆشکردنی زەمینەی دانوستاندن لە نێوان یەکێتی و حکومەتی عێراقدا، چونکە قاسملوو دۆستی تاڵەبانی و هاوپەیمانی عێراق بوو لە جەنگی دژی ئێراندا[2].

لە بەهاری 1982دا لە کاتی گەڕانەوەیدا لە ئەورووپاوە بە ڕێگەی عێراقدا، قاسملوو چاوی بە سەدام حسێن دەکەوێت، سەدام ڕایدەسپێرێت بۆ ئەوەی سەبارەت بە گفتوگۆ لەگەڵ یەکێتیدا قسە بکات، بە وتەی ئەو گوایە سەدام حسێن وتوویەتی: "یەکێتی نیشتمانی کوردستان جەماعەتێکی نیشتمانپەروەرن و هەتا ئێستا هیچ هاوکاری ڕژێمی ئێرانیان نەکردووە دژی ئێمە، بۆیە ئامادەین گفتوگۆ لەگەڵیاندا بکەین"[3]. هەروەها قاسملوو پێی وابوو عێراق لەم شەڕەدا سەردەکەوێت و ئێران بۆ چەند وڵاتێک دابەش دەکرێت، بۆیە وای پێ باشبوو یەکێتی لەگەڵ حکومەتی عێراقدا دانوستاندن بکات[4].

لە مایسی 1982دا ئێران لە هێرشێکی بەرفراواندا توانی دەست بەسەر شاری خورەمشەهردا بگرێتەوە، کە بوو بە خاڵی وەرچەرخان و ڕێڕەوی جەنگی عێراق- ئێرانی گۆڕی، لەوکاتەدا سەدام حسێن دەیویست ڕێگایەک بۆ کۆتایهێنان بە جەنگ بدۆزێتەوە[5].

([1]) سەروەر عەبدولڕەحمان و دلێر ئەحمەد: دانوستاندنی یەکێتی نیشتمانی کوردستان لەگەڵ حکومەتی عێراق 1984، چاپی یەکەم، چاپخانەی هێڤی، هەولێر 2011، ل24؛ ڕێباز: س. پ، بەشی یەکەم و دووەم، ل241.

([2]) ڕێباز: س. پ، بەشی یەکەم و دووەم، ل286؛ کامەران قەرەداغی: س. پ، ل407.

([3]) وەرگیراوە لە نەوزاد عەلی ئەحمەد: پشکۆیەک...، ل193.

([4]) نەوزاد عەلی ئەحمەد: پشکۆیەک...، ل194.

([5])ماريون فاروق سلوغلت، بيتر سلوغلت: م. س، ص339؛ كريس كوتشيرا: حرب العراق و ايران...، ص241.

حکومەتی عێراق لە حوزەیرانی 1982 لە ڕێگەی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش دەستپێشخەری کردو داوای وەستانی جەنگی کرد، بەلاَم لەلایەن خومەینییەوە ڕەتکرایەوە، و گۆڕینی ڕژێمی عێراقی کردە مەرجی سەرەکی بۆ ڕاگرتنی جەنگ، پێیان وابوو ئێران دەتوانێت ڕژێمی عێراق بڕوخێنێت[1]. لەوکاتەوە عێراق بەردەوام داوای ڕاگرتنی جەنگی دەکرد.

لە ناوەڕاستی ساڵی 1982دا قاسملوو داوا لە سەرکردایەتی یەکێتیو (حشع) دەکات لەگەڵ حکومەتی عێراقدا بکەونە دانوستاندن، ئەو پێی وابوو حکومەتی ئێران لە عێراق مەترسیدارترە بۆیە پێویستە پشتگیری دووەمیان بکرێتو لە سەرەتادا هەوڵ بۆ ڕووخاندنی کۆماری ئیسلامی ئێران بدرێت[2]، بەلاَم (حشع) پێی وابوو هیچ زەمینەسازییەك بۆ کارێکی لەو جۆرە لە ئارادا نییەو دانوستاندن لەگەڵ ئەو ڕژێمەدا بێسودەو هیچ ئەنجامێکی ئەرێنی نابێت، بۆیە داواکەی بۆ گفتوگۆ ڕەتکردەوە[3]. یەکێتیش لە وەلاَمی قاسملوو کە پرسیبووی چیتان دەوێت، داواکانی خۆی بۆ چارەسەرکردنی پرسی کورد لە عێراقدا لە سێ چوارچێوەدا دەخاتە ڕوو[4].

لەو کاتەدا دەنگۆی دانوستاندنی یەکێتیو حکومەتی عێراقو بوونی جۆرێك لە پەیوەندیو ناردنی نوێنەری حکومەت بۆ لای یەکێتی بلاَوبووەوە[5].

دوای ئەو سەرکەوتنە بەرچاوانەی ئێران لە بەرەی باشوری شەڕ بە تایبەتی بەدەستیهێنا، ئەگەری ڕووخاندنی حکومەتی عێراقو دامەزراندنی حکومەتێکی ئیسلامی هاوشێوەی ئێران لە عێراقدا مەترسی بۆ سەر یەکێتی دروستکردبوو، یەکێتیش وەك هێزێکی عەلمانی دژی سەرکەوتنی ئێرانو دامەزراندنی حکومەتێکی ئیسلامی بوو لە عێراقدا، بەوەش هەموو دەرگاکان لە یەکێتی دادەخراو ئایندەی ناڕۆشنتر دەبوو[6].

---

(1) نیفین عبدالمنعم مسعد: م. س، ص ص214- 215؛ تشارلز تریب: م. س، ص310.

(2) فاتح ڕەسول: چەند لاپەڕەیەك...، بەرگی سێیەم، ل382.

(3) ئەحمەد بانیخێلانی: س. پ، ل ل445، 452.

(4) بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە، نەوشیروان مستەفا ئەمین: پەنجەکان...، ل ل259- 260.

(5) ئەحمەد بانیخێلانی: س. پ، ل443؛ برایم جەلال: چەپکێك...، ل380.

(6) نەوزاد عەلی ئەحمەد: پشکۆیەك...، ل ل199- 200.

بەتایبەتی کاتێك هێزەکانی یەکێتی (هێزی پشتیوان) شان بەشانی (حدکا) شەڕی هێزەکانی ئێرانیان لە ئەیلولی 1982 کرد، پەیوەندییەکانی ئێران و یەکێتی بە تەواوی گرژی تێکەوتبوو، ئێران هەڕەشەی گرتنی سەرکردایەتی یەکێتی دەکرد[1].

لە شەوی 18- 1983/10/19، ئێران بە هاوکاری (پ. د. ك)، لەژێر ناوی (ولفەجری 4) هێرشێکی بەرفراوانی کردە سەر ناوچەی پێنجوێن و شلێرو چوارتا، جگە لەناو شاری پێنجوێن کە ئەویش بە شەو لەدەستی ئێراندا بوو، هەموو ئەو ناوچانەی گرت، بەوەش یەکێتی کەوتە نێوان شەڕەکەوەو لە شارباژێر شوێنی پێ تەنگ بوو، بارەگایان لە حاجی مامەندەوە بەرەو شوکێ گواستەوە، هەرچەندە بە وتەی محەمەدی حاجی مەحمود کۆپتەرەکانی عێراق بە موکەبەرە بانگی هێزەکانی یەکێتی دەکرد، کە بۆ ئێوە نەهاتووین، بەڵکو بۆ شەڕی ئێران هاتووین[2].

لە ئەنجامی ئەوەشدا شەڕ لە ناوچەی پێنجوێن گەرمبوو، بەوەش مەڵبەندی یەکی یەکێتی کەوتبووە مەترسیەوە، بۆیە یەکێتی داوای لە لێپرسراوی مەڵبەندی یەك (بەکری حاجی سەفەر) کرد، فەرمان بە هێزەکانی یەکێتی بکات، پەلاماری سوپای عێراق نەدەن، بۆ ئەوەی بتوانێت بەر بە هێرشەکانی ئێران بگرێت، چونکە بە هاتنی ئێران بۆ ناوچەکە وێڕای ئەوەی دەبووە مایەی چۆڵ بوون و وێرانبوونی ناوچەکە، هاوکات دەبووە هۆی ئەوەی مەڵبەندی یەکی یەکێتی و تیپەکانی ناوچەی شارباژێر چۆڵ بکەن[3].

پێشتریش شەڕی حاجی ئۆمەران کاریگەری لەسەر مەڵبەندی سێ و شەڕی قەلادزێش کاریگەری کردبووە سەر سەرکردایەتی یەکێتی، ناوچەی ناوزەنگ و شێنێ و باوزێ چۆڵ دەکەن و دەزگای ڕاگەیاندن و ڕادیۆ بۆ دۆڵی جافایەتی دەگوازنەوە[4].

دواجار سوپای ئێران لە ساڵی 1983دا توانی بێتە ناو خاکی عێراقەوەو لەوەودوا بەرەی باکوری جەنگی عێراق- ئێرانی کۆنترۆڵ کرد، بەوەش باکوری ڕۆژهەلاتی کوردستانی باشور، بەتایبەتی ناوچەکانی سلێمانی و هەولێر کەوتە نێوان بەرداشی شەڕێکیماڵوێرانکەرەوە، حکومەتی عێراقیش بە پاساوی پێداویستیەکانی جەنگەوە

---

(1) ڕێباز: س. پ، بەشی یەکەم و دووەم، ل271.

(2) محمد حاجی محمود: س. پ، بەرگی دووەم، ل162.

(3) نەوشیروان مستەفا ئەمین: پەنجەکان....، ل330.

(4) نەوشیروان مستەفا ئەمین: پەنجەکان....، ل330.

قەزای پێنجوێنو ناحیەکانی بیارەو سیوەیلو ئۆردوگاکانی ناڵپارێزو پێنجوێن لە پارێزگای سلێمانیو قەزای چۆمانی لە پارێزگاری هەولێر ڕاگواست[1].

بێجگە لەوەی هاتنی هێزەکانی ئێران بۆ باشوری کوردستان دەبوو بە مەترسی بۆ سەر یەکێتی بەرتەسککردنەوەی ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی، کە لەو کاتەدا لەگەڵ یەکێتی بووبوون بە دوژمنی یەکتری لەلایەك، لەلایەکی ترەوە هاتنی هێزەکانی ئێران واتای هاتنی هێزە کوردییەکانی تری دەگەیاند کە لەگەڵ یەکێتی دژی یەکتر بوون[2]. بۆیە لەگەڵ هاتنەپێشەوەی ئێران لە ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی یەکێتیدا، یەکێتی بەرەو ناوچەکانی ناوەوە پاشەکشەی دەکرد، بەوەش یەکێتی شوێنو بارەگاکانی سەرکردایەتی خۆی لەدەست دا[3].

دواجار یەکێتی گەیشتە ئەو بڕوایەی کە هێزەکانیان زۆر ماندوون، بیریان لەوە دەکردەوە ئەگەر بۆ ماوەیەکی کاتیش بێت لەگەڵ حکومەتی عێراقدا ئاگربەست بکەن، تاوەکو بتوانن چەكو پارەو پێداویستیەکانیان دابین بکەن[4]، چونکە یەکێتی لە سێ لاوە لە شەڕدا بوو، نەوشیروان مستەفا دەڵێت: "ئێمە لە 3 لاوە لە شەڕەوە گلابووین: شەڕ لەگەڵ عێراق. شەڕ لەگەڵ ئێران. شەڕ لەگەڵ جود. زۆر کەس بەشێتیان ئەزانینو ئامۆژگارییان ئەکردین بۆ ماوەیەکیش بێت. شەڕ لە یەکێ لەم مەیدانانەدا سارد بکەینەوە"[5].

یەکێتی بێ ئومێد بوو بوو لەوەی بتوانێت لە دەرفەتێکی نزیکدا لەگەڵ (جود) ڕێکبکەوێت، چونکە سەرکردەکانی (جود) لەو کاتەدا زۆرتر کەوتبوونە ژێر کاریگەری ئێرانەوە، یەکێتی پێی وابوو ئێران ئامادە نییە لەگەڵ یەکێتی پێکبێ، لەبەر ئەوە ڕێگەش بە (جود) نادات لەگەڵ یەکێتی ئاشتی بکات[6]، بۆیە یەکێتی پەیامێك بۆ هەڤاڵانی یەکێتی لە دەرەوە دەنێرنو پوختەکەی بریتی بوو لەوەی کە: "ئێمە لە 3 لاوە لە شەڕەوە گلاوین.

---

(1) جەزا تۆفیق تالب: بایەخی جیۆپۆلەتیکی دانیشتوانی هەرێمی کوردستانی عێراق، چاپی یەکەم، چاپخانەی دلێر، سلێمانی، 1999، ل101.

(2) ڕێباز: س. پ، بەشی یەکەمو دووەم، ل272، 285.

(3) پشکۆ نەجمەدین: دیوی ناوەوەی ڕووداوەکان...، ل48.

(4) نەوزاد عەلی ئەحمەد: پشکۆیەك...، ل199.

(5) نەوشیروان مستەفا ئەمین: پەنجەکان...، ل331.

(6) هـ. س، ل331.

هەوڵی زۆرمان داوە لەگەڵ جود پێك بێین سەری نەگرتووە. لەگەڵ سوریاو لیبیاو فەلەستینیەکان هەوڵ بدەن شەڕی ئێمەو جود ڕابگرن‌و ئێران تینمان بۆ نەهێنێ ئەگینا ناچارین خۆمان هەوڵ بدەین شەڕ لەگەڵ عێراق ڕابگرین"[1].

بۆیە دانوستاندن بۆ یەکێتی دەروازەیەك بوو بۆ پشوودان‌و چوونە ناوشاری پێشمەرگەو شادبوونەوەیان بە کەسوکاریان، هاوکات دەروازەیەك بوو بۆ دەربازبوون لەو قەیرانە سیاسیەی یەکێتی تێی کەوتبوو[2]. لەلایەکی ترەوە کێشەو گرفتەکانی نێو ریزەکانی یەکێتی تا دەهات قوڵترو ئاڵۆزتر دەبوو، بۆیە یەکێتی بۆ پشوودان‌و خۆرێکخستنەوەو خۆ پاککردنەوە پێویستی بە دانوستاندن هەبوو[3].

سەرکەوتنی ئێران لە بەرەکانی جەنگو مەترسی ڕووخانی عێراق هۆکارێکی گرنگی دەستپێکردنی دانوستاندنی نێوان یەکێتی‌و حکومەتی عێراق بوو، لە وەڵامی پرسیاری پەیامنێری ڕۆژنامەی (السفیر)ی ژمارە (5075) لە 1988/9/14، کە ئاراستەی جەلال تاڵەبانی دەکات: بۆ ئامادەبوون بۆ گفتوگۆ لەگەڵ عێراق پێتان وانەبوو کە شکانی سوپای عێراق هەلی باشتری بۆ ئێوە هەڵدەخست بۆ فشار خستنە سەر بەغدا؟، جەلال تاڵەبانی لە وەڵامدا دەڵێت: "بە پێچەوانەوە ئێمە بۆیە گفتوگۆمان قبوڵ کردووە چونکە عێراق لە پەلاماری ئێراندا تێکشکاوەو ناچار کراوە بە پاشەکشێ کردن، و گەیشتۆتە قۆناغی پاشەکشەو دەرچوون لە قۆناغی شەڕ فرۆشی‌و پەلاماردان، و لەو ماوەیە ئێران کەوتبووە پەلاماردان‌و داگیرکردن، بە مەبەستی داگیرکردنی عێراق‌و بنیاتنانی کۆماری ئیسلامی عێراقی....و ئێمە داگیرکردنی عێراق بە هیچ کەس نادەین...بۆیە دانوستاندنمان لەگەڵ کرد"[4].

دانوستاندنی یەکێتی‌و حکومەتی عێراق لەکاتێکدا بوو کە شۆڕشی گەلی کورد لە ڕووی سیاسی‌و سەربازییەوە لەوپەڕی بەهێزیدا بوو، یەکێتی ئەو ڕاستیەی دەزانی کە حکومەت دانوستاندن دەکات بۆ ئەوەی شۆڕشی کورد خامۆش بکات‌و کۆتایی پێبهێنێت، بەڵام ئەوەی پاڵی بە یەکێتیەوە نا بۆ دانوستاندن وەك خۆی ئاماژەی پێدەکات لەوکاتەدا

([1]) وەرگیراوە لە نەوشیروان مستەفا ئەمین: پەنجەکان....، ل332.

([2]) پشکۆ نەجمەدین: ئەزموون‌و یاد، ل176.

([3]) پشکۆ نەجمەدین: دیوی ناوەوەی ڕووداوەکان....، ل48.

([4]) وەرگیراوە لە برایم جەلال: چەپکێك....، ل420.

"حکومەتی عێراق خەتەری ئێران بەڵکو خەتەری روخانی لەسەر بو"[1]. هەروەك ئەوە دەخاتە ڕوو کە شۆڕشی گەلی کورد لە مەترسیدا نەبوو و پێویستیشی بە وەستاندنی شەڕ نەبوو، بەڵکو عێراق لە مەترسیدا بوو و پێویستی بە وەستاندنی شەڕ بوو، لەبەر ئەوە یەکێتی ئەنجامدانی دانوستاندن بۆ هۆکارێك دەگێڕێتەوە کە دەڵێت: "دروست لەبەر هەمان هۆ: واتە لەبەر ئەوەی عێراق لەمەترسی دا بو، پێویستی بەوەستاندنی شەڕ هەبو"[2].

ڕاگرتنی جەنگو دەستپێکردنی دانوستاندنی نێوان یەکێتیو حکومەتی عێراق لە گەرمەی جەنگی عێراق–ئێراندا بوو، لە کاتێکدا بەشداریکردنی نەتەوەی کورد بەگشتی لە بەرژەوەندی هەریەك لەو دوو دەوڵەتە، تەرازووی هێزی بەشێوەیەك دەگۆڕی هیچ دوور نەبوو چارەنووسی جەنگەکە بە یەکجاری یەکلا بکاتەوە[3]، بەڵام لایەنی دانوستانکاری کورد هۆکاری ئەوەیان دەگێڕێتەوە بۆ ئەوە کاربەدەستانی عێراق هۆکاری شکستی خۆیان نەخەنە ئەستۆی کوردو نەتوانن هاوکاری کورد لەگەڵ ئێراندا بکەن بە بیانوو بۆ هاندانی سوپای عێراقو گەلی عەرەب دژی کوردو قەتڵوعامکردنی کورد[4].

لەلایەکی ترەوە یەکێتی پێی وابوو عێراق بە بیانووی بەشداریکردنی پارتی لەگەڵ هێزەکانی ئێراندا لە شەڕی دژی عێراقدا، هێرشی خۆی بۆ کاولکردنو بەعەرەبکردنی کوردستان ئەنجام دەدات* و دەزگای پڕوپاگەندەی میری کەڵك لەوە وەردەگرن بۆ بڵاو کردنەوەی ژەهری شۆفێنیزمی دژ بە کورد لەناو برا عەرەبەکانماندا بۆ زەمینە خۆش کردن بۆ کوشتنو تەفروتوناکردنی کورد، بە بیانووی ئەوەی پێشەنگی داگیر کەرانی ئێرانیە، هەروەها حکومەت بە پاساوی هێرشی ئێران بۆ سەر کوردستانو عێراق بە نیاز بوو (سلێمانی، قەڵادزێ، چوارتا، هەڵەبجەو ڕانیە) ڕاگوێزێت[5].

([1]) عێراقو مەسەلەی کورد، ل68.

([2]) هـ. س، ل71.

([3]) عێراقو مەسەلەی کورد، س. پ، ل ل70، 74.

([4])عێراقو مەسەلەی کورد، س. پ، ل ل73- 75.

* بەڵام لە ساڵانی دواتردا یەکێتی خۆی چەندین ئۆپەراسیۆنی سەربازی گەورەی بە هاوکاری ئێران دژی عێراق ئەنجام دا، کە لە بەشی چوارەمدا باسی دەکەین.

([5]) گفتوگۆی شۆڕش لەگەڵ میری، ل61.

حکومەتی عێراقیش لە ئەنجامدانی گفتوگۆدا ئامانجو مەبەستی خۆی هەبوو، دوای ئەوەی گۆڕانی تەرازووی هێز لە بەرژەوەندی ئێران شکایەوەو لە هاوینی 1983دا سوپای ئێران هاتە ناو خاکی عێراقەوە، بۆیە دەیویست بەهەر شێوەیەك بێت، کورد لە ئێران دوور بخاتەوەو ڕێگری بکات لەوەی ئێران سوود لە کوردی باشووری کوردستان وەربگرێت، بۆ ئەو مەبەستەش نوێنەری بۆ لای هەموو پارتە سیاسیەکان نارد بۆ دەستپێکردنی گفتوگۆ[1]. بەتایبەتی سەدام حسێن لەلای خۆیەوە ئەنجامی هاوکاری کوردو ئێرانو مەترسیەکانی پێشبینی کردبوو، تەنانەت پێش هێرشی ئێران بۆ بەهێزکردنی جاشەکان، هێزێکی (50) هەزار کەسی لە کوردستاندا جێگیر کردبوو، سەرەڕای ئەوەی لە سەرەتای ساڵی 1983 دانی بەوەدا نابوو، کە (48) هەزار کەس هەڵاتوونو زۆربەیان بۆ ناوچە شاخاوییەکان چووبوون[2]. لەهەمان کاتدا خوازیاری ئەوەبوو فشار لەسەر هێزەکانی کەم بکاتەوە، چونکە زۆر جار حکومەتی عێراق ناچار دەبوو هێز لە بەرەی جەنگی دژ بە ئێران بکشێنێتەوە تا ڕووبەڕووی هەڵمەتی پێشمەرگەکانی کورد ببێتەوە[3].

جگە لەوەی حکومەتی عێراق هەر لە سەرەتای هەڵگیرساندنی جەنگی لەگەڵ ئێراندا، لە هەوڵی ئەوەدا بوو بەشێکی زۆری کورد بۆ لای خۆی ڕابکێشێت، و توانی ئەو ئامانجەی بهێنێتەدی کاتێك دانوستانی نێوان یەکێتیو حکومەتی عێراق دەستپێکرد[4].

لەلایەکی ترەوە عێراق دەیویست درز بخاتە نێو ڕیزی هێزەکانی جوڵانەوەی ڕزگاریخوازی کوردەوە، بەتایبەتی کە ناکۆکی نێوان (ی. ن. ك) و (پ. د. ك) زیاتر قووڵ بکاتەوە[5]، وێڕای ئەوەی ڕژێمی عێراق دەیوست دوژمنەکانی کەمبکاتەوەو لە هێزەکانی یەکێتی دڵنیا بێت تا لە پشتەوە لە سوپای عێراق نەدەن[6].

یەکەم دانیشتنی فەرمی بە مەبەستی گەیاندنی وەڵامی داواکانی یەکێتی لە زاری کاربەدەستانی حکومەتی عێراقی خۆیانەوەو زەمینەڕەخساندن بۆ ئەنجامدانی

([1]) ڕێباز: س. پ، بەشی یەکەمو دووەم، ل285؛ دیڤید مەکداول: س. پ، ل572.

([2]) دیڤید مەکداول: س. پ، ل572.

([3]) کامەران قەرەداغی: س. پ، ل406.

([4]) فاتح ڕەسول: چەند لاپەرەیەك.... بەرگی سێیەم، ل325.

([5]) میدڵ ئیست ووچ: س. پ، ل89؛ فتاح توفیق فتاح: س. پ، ل66.

([6]) ڕێباز: س. پ، بەشی یەکەمو دووەم، ل286.

دانوستاندنی یەکێتیو ڕژێمی عێراق لە 1982/10/13 لە نێوان نوێنەرانی یەکێتی کە پێکهاتبوون لە (جەلال تاڵەبانیو نەوشیروان مستەفا) و نوێنەرانی حکومەتی عێراق کە پێکهاتبوون لە ئەبونەحمەد (عەقید روکن خەلیل محەمەد شاکیر یاریدەدەری سەرۆکی دەزگای هەواڵگری عێراق) و ئەبوعودەی (عەقید ئیحسان) بەڕێوەبەری هەواڵگری ناوچەی باکور لە کەرکوك، و ئەبو محەمەد بەڕێوەبەری هەواڵگری هەولێر، بە میانگیری قاسملوو لە بارەگای (حدکا) لە (گڕەشێر) ئەنجام درا[1]. هەرچەندە نوێنەرانی حکومەتی عێراق دەسەڵاتی دانوستاندنیان نەبوو، بەڵکو ئەرکیان بریتی بوو لە گواستنەوەی بیروڕاکانی هەردوولا بۆ یەکتریو ڕاپانگەیاند دانوستاندن کاتێك دەستپێدەکات وەفدێکی (ی. ن. ك) بێت بۆ بەغدا[2]. شایانی باسە ئەو دانیشتنە هاوکات بوو لەگەڵ شەڕی ڕۆژهەڵاتی کوردستانو ناردنی (هێزی پشتیوان)ی یەکێتی بۆ یارمەتی (حدکا) و شەڕی دژی کۆماری ئیسلامی ئێران.

بۆ ئەنجامدانی دانیشتنی دووەم، هەمان وەفدی حکومەتی عێراقی لە 1983/2/13 لە ڕێگەی (حدکا)وە گەیشتنە مەکتەبی سیاسی یەکێتی لە ناوزەنگ، ویڕای ئەوەی جەختیان لەسەر ئەوە کردەوە، کە دەسەڵاتی دانوستاندنیان نییە، هاوکات پێداگرییان کرد جەلال تاڵەبانی بچێت بۆ بەغداو چاوی بە سەدام حسێن بکەوێت، تاوەکو هەموو کێشەکان چارەسەر بکەن[3].

دوا بەدوای ئەوەو دوای ئاڵوگۆڕکردنی چەند نامەیەك لە نێوان یەکێتیو حکومەتی عێراقدا، ئەوە بوو بۆ تاقیکردنەوەی دەموو دووی سەرانی ڕژێمی بەعس فەرەیدون عەبدولقادر ئەندامی مەکتەبی سیاسی یەکێتی سەردانی بەغدا دەکاتو چاوی بە هەریەك لە بەرزان تکریتی (سەرۆکی دەزگای هەواڵگری عێراق) و تاریق عەزیز (وەزیری دەرەوەی عێراق) دەکەوێت، لەو دیدارەدا تاریق عەزیز هەڕەشە لە یەکێتی دەکاتو دەڵێت: "ئێمە ناڕوخێین چونکە دنیا لە بەرامبەر ئێران دا پشتیوانیمان لێ ئەکا. ڕۆژێکیش دێ ئەم شەڕە

---

(1) فاتح ڕەسول: چەند لاپەڕەیەك...، بەرگی سێیەم، ل153؛ نەوشیروان مستەفا ئەمین: پەنجەکان...، ل269؛ ئەحمەد بانیخێلانی: س. پ، ل444؛ صلاح الخرسان: م. س، ص412- 413؛ برایم جەلال: چەپکێك...، ل412؛ هەیاس کاردۆ: س. پ، ل ل392، 399.

(2) نەوشیروان مستەفا ئەمین: پەنجەکان...، ل270؛ صلاح الخرسان: م. س، ص413.

(3) صلاح الخرسان: م. س، ص413.

تەواو ببێ. ئەگەر ئێستا بێن و لەگەڵمان پێك بێن چاكەیەكی گەورەمان لەگەڵ ئەكەن هەرگیز لە بیرمان ناچێتەوە، خۆ ئەگەر شەڕ درێژە پێ بدەن، دوای تەواو بوونی شەڕی ئێران ئەو جەیشە زەبەللاحەی بۆ شەڕی ئەوانمان دروست كردوە ئەیهێنینە سەر ئێوە، ساڵێك وەخت و سەد هەزار كوژراوتان بۆ تەرخان ئەكەین، بەلاّم خاكتان بە تورەكە ئەبێژین و تەفرو توناتان ئەكەین". فەرەیدون عەبدولقادریش لە وەلاّمدا ووتبووی: "ئەم هەڕەشانە ئێمە ناترسێنێ. كە دەستمان كردووە بە خەباتی چەكدار ژمارەمان ئەوەندەی پەنجەكانی دەس بو. سەرەڕای ئەو هەموو توندوتیژیەی لە چەند ساڵی ڕابردوودا دژی ئێمە بەكارتان هێناوە بوین بە هەزاران و ئەوەتا ناچار بون لە سەر مێزی گفتوگۆ لە گەڵمان دابنیشن!"[1].

دوای گەڕانەوەی فەرەیدون عەبدولقادرو لە مانگی تشرینی دووەمی 1983دا یەكێتی بڕیاری دا دانوستاندن دەستپێبكات، بۆ ئەو مەبەستەش داوای لە (حدكا) كرد ئامادەكاری بۆ چوونی دەستەی نوێنەرایەتی یەكێتی بۆ بەغدا بكات[2]، یەكێتی لە 3ی كانونی یەكەمی 1983 بە فەرمی شەڕی لەگەڵ حكومەتی عێراق ڕاگرت و بە بروسكە هەموو مەڵبەندو تیپەكانی پێشمەرگەی لێ ئاگادار كردەوە، لە بەرامبەردا (سەدام حسێن)یش فەرمانی بە هێزە چەكدارەكانی عێراق كرد شەڕ دژی هێزەكانی یەكێتی ڕابگرن، وەفدی یەكێتی كە پێكهاتبوون لە: (فەرەیدون عەبدولقادر، مولازم عومەر، د. خدر مەعسوم، مەلا بەختیارو عومەر عەزیز بە سەرۆكایەتی جەلال تاڵەبانی) بە كۆپتەر لە گوندی (زیخان)ەوە بۆ دانوستاندن بۆ بەغدا چوون[3].

دانوستاندن نزیكەی ساڵێكی خایاند، بەلاّم بە بێ ئەوەی هیچ ئەنجامێكی لێ بكەوێتەوە، ئەوە بوو لەكۆتایی دانوستاندن و ڕێكەوتنی هەردوولاو لە سەروبەندی واژۆكردنیدا، وەفدێكی توركیا بە سەرۆكایەتی وحید خلف اوغلو (Vahit halafoglu) وەزیری دەرەوەی توركیا لە كانونی یەكەمی 1984دا سەردانی بەغدای كردو هۆشداری

([1]) وەرگیراوە لە نەوشیروان مستەفا ئەمین: خولانەوە لە ناو بازنەدا، دیوی ناوەوەی ڕوداوەكانی كوردستانی عێراق 1984- 1988، بەرلین، 1999، ل ل7- 8.

([2]) نەوشیروان مستەفا ئەمین: خولانەوە...، ل7؛ ڕەفعەتی مەلا: ڕۆژە تەماوییەكان، بەرگی یەكەم، چاپی یەكەم، چاپخانەی كارۆ، سلێمانی، 2008، ل70.

([3]) ڕێباز: س. پ، بەشی یەكەم و دووەم، ل288؛ نەوشیروان مستەفا ئەمین: خولانەوە...، ل9.

دایە حکومەتی عێراق لەوەی هەر جۆرە ڕێکەوتنێك لەگەڵ یەکێتیدا دەبێتە هۆی داخستنی تەنها هێڵی بۆری هەناردەکردنی نەوتی عێراق بۆ دەرەوە کە بە تورکیادا تێدەپەڕی. بەوەش دانوستاندن شکستی هێناو دوای چەند ڕۆژێك تاڵەبانی بەغدای بەجێهێشتو بۆ کوردستان گەڕایەوە[1]. ئەوەبوو دواجار یەکێتی بە دەرکردنی بەیانێك لە 15ی کانونی دووەمی 1985 کۆتاییهاتنی دانوستاندنی نێوان یەکێتیو حکومەتی عێراقی ڕاگەیاند[2].

لەڕاستیدا گەرموگوڕی حکومەت لە دانوستاندنی لەگەڵ یەکێتدا پەیوەست بوو بە جەنگی عێراق لەگەڵ ئێراندا، هەرکات عێراق لە بەرەکانی جەنگی لەگەڵ ئێراندا شکستی بهێنایە لە دانوستاندنەکە گەرم دەبوو، بە پێچەوانەوە لەگەڵ بەهێزبوونی لە دانوستاندن سارد بۆوەو هەڵوێستی خۆی گۆڕی[3].

لەلایەکی ترەوە حکومەتی عێراقی توانی بڕێکی زۆر چەکی کیمیایی بەرهەم بێنێت،[4] بە هۆی بەکارهێنانی ئەو چەکەوە لە هاوینی 1984دا توانی لە گەورەترین هێرشی ئێران لە باشوری عێراق تێکبشکێنێتو زیانێکی گەورە بە سوپای ئێران بگەیەنێت[5].

بێجگە لەوەی لە 17ی کانوونی یەکەمی 1983دا دۆناڵد رامسفیلد (D. Ramsfield) (سەرۆکی کۆمپانیای ج.د سیرلو هاوبەشی G.D.Searle & Company بۆ پیشەسازی کیمیایی فرەڕەگەزەکان) نێردراوی سەرۆکی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا ڕۆناڵد ریگان Ronald Regan (1981- 1989) بۆ ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست گەیشتە بەغداو نامەیەکی دەستنووسی ریگانی بۆ گێڕانەوەی پەیوەندی دبلۆماسیو هاوکاری سەربازی لەگەڵ بەغدادا دایە دەست سەدام حسێن، و لە ساڵی 1984دا پەیوەندییە دبلوماسیەکانی نێوان عێراقو ویلایەتە یەکگرتووەکان گەڕایەوەو واشنتۆن دەستیکرد بە بەهێزکردنی عێراق بە زانیاری مانگە دەستکردەکانو

([1]) کریس کۆچێرا: بزوتنەوەی نەتەوەیی...، ل ل71- 72؛ نادر ئینتیسار: ئیتنۆ نەتەوایەتی کوردی، ل177؛ دیڤید مەکداول: س. پ، ل576.

([2]) ڕێباز: س. پ، بەشی یەکەمو دووەم، ل290؛ نەوشیروان مستەفا ئەمین: خولانەوە...، ل83.

([3]) ڕێباز: س. پ، بەشی یەکەمو دووەم، ل288؛ کریس کۆچێرا: بزوتنەوەی نەتەوەیی...، ل ل72- 73.

([4]) سامی شورش: کردستان والاکراد ...، ص ص162- 163.

([5]) سەروەر عبدالرحمنو دلێر ئەحمەد: س. پ، ل ل37- 38.

چەکو تفاقی جەنگی[1]. بۆیە لە ئازاری 1984دا حکومەتی عێراقی هەستیکرد پێویستی بە دانوستاندن لەگەڵ یەکێتیدا نەماوە[2].

بێجگە لەوەی ڕۆناڵد ریگانی سەرۆکی ئەمریکا لە 5ی نیسانی 1984دا ڕێنماییەکی سەرۆکایەتی بە ژمارە (US.DDB9)دەرکرد تیایدا جەختی لەسەر ئەوە کردەوە کە ئەمریکا سورە لەسەر ڕێگرتن لە هەرەسهێنانی عێراق،[3] ئەوە جگە لە پشتگیری فراوانی وڵاتانی کەنداو و وڵاتانی پیشەسازی ئەوروپی بەتایبەتی یەکێتی سۆڤێتو فەرەنسا، بە وەرگرتنی ئەو دڵنیاییەش سەدام حسێن پێویستی بە سازشکردن بۆ یەکێتی نەما[4].

هەریەك لە وڵاتانی ئێرانو سوریاو لیبیا دژی دانوستاندنی یەکێتی بوون لەگەڵ حکومەتی عێراقدا، حکومەتی سوریاو لیبیا نوسینگەی پەیوەندییەکانی یەکێتی لە وڵاتەکەیاندا داخست، ئێرانیش کە پێشتر نوسینگەی پەیوەندییەکانی داخستبوون[5]، بە تایبەتی هەڵوێستی ئێران زۆر دژی گفتوگۆ بوو،یەکێتی بە ئەنجامدانی دانوستاندن تاوانبار دەکرد[6]، و هانی هێزەکانی بەرەی (جود)ی دەدا بۆ تێکدانی دانوستاندن چییان پێدەکرێت ئەنجامی بدەن، وهێرشیان دەکردە سەر ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی یەکێتی[7]، هەروەها هاشمی ڕەفسەنجانی (سەرۆکی ئەنجومەنی شورای ئێران) لە وتاری ڕۆژی هەینی تاراندا بە ئاشکرا هێرشی کردە سەر[8].

(جوقد) کە یەکێتی لایەنێکی سەرەکی ئەو بەرەیەی پێکدەهێنا، یەکێتی بە خیانەتکردن تاوانبار کرد، لە بەیانێکدا لە 1983/12/25دا لەژێر ناوی: "سەبارەت بە

([1]) ریبوار کریم محمود: العلاقات العراقیة ـ الامریکیة منذ عام 1989 وافاقها المستقبلیة، مرکز کردستان للدراسات الاستراجیة، سلیمانیة، 2007، ص ص28– 29؛ فاروق محەمەد محەمەدئەمین: ئەمریکاو پرۆسەی ئازادی عێراق: توێژینەوەیەکی بڵاونەکراوەیە، ل2.

Philip G. Kreyenbroek and Stefan Sperl (eds) The Kurds: Op. Cit, p22. ([2])

([3]) ریبوار کریم محمود: م. س، ص29.

([4]) سامی شورش: کردستان والاکراد...، ص163؛ دیڤید مەکداول: س. پ، ل576.

([5]) نەوزاد عەلی ئەحمەد: پشکۆیەك...، ل198.

([6]) ڕێباز: س. پ، بەشی یەکەمو دووەم، ل ل289، 310.

([7]) ڕەفعەتی مەلا: س. پ، ل ل70، 72.

([8]) نەوشیروان مستەفا ئەمین: خولانەوە...، ل15.

دانوستاندنه بێزراوەکەی کە یەکێتی نیشتمانی کوردستان وێرای بیکات لەگەڵ ڕژێمی فاشی بەکرێگیراوی عێراقدا"* ئەو حیزبەی لە (جوقد) دەرکرد[1].

لایەنەکانی بەرەی (جود)یش بە هەمان شێوە دژی گفتوگۆی یەکێتی بوون، لە ڕادیۆکانیانەوە زۆر بە توندی دژی ئەو دانوستاندنە دەدوان[2]، هەروەها لە بەیانێکدا لە 1984/1/4دا لە ژێر ناونیشانی "لە پێناو لەگۆڕنانی ڕێکەوتننامەی سەدام-تاڵەبانی"** یەکێتییان بە خیانەتو جاشایەتیکردن بۆ بەعس تاوانبار کرد[3]. ئەحمەد بانیخێڵانی یەکێتی بەوە تاوانبار دەکات کە یەکێتی چەندین ڕێکەوتننامەی لەگەڵ (حشع) و لایەنی تردا هەبوو، کە هیچ لایەنێك بە تەنیا لەگەڵ ڕژێمدا گفتوگۆ نەکات، بەڵام دواجار خۆیان ئەو کارەیان ئەنجامدا[4]. لە سەر ئاستی یەکێتیش ژمارەیەك لەناو سەرکردایەتیو ڕیزەکانی یەکێتیدا دژی دانوستاندن بوونو بە جاشایەتیان لە قەڵەم دەدا[5].

بە گوێرەی ئەوانە دەگەینە ئەوەی کە ئێران هۆکارێکی سەرەکی بوو لە پاڵپێوەنانی یەکێتی بۆ دانوستاندن لەگەڵ حکومەتی عێراقدا، چونکە لەو قۆناغەدا یەکێتی بە تەواوی پەیوەندییەکانی لەگەڵ ئێراندا تێکچوو بوو، بەتایبەتی دوای ناردنی هێزی پشتیوان لەلایەن یەکێتییەوە بۆ هاوکاری (حدکا) و شەڕی لە دژی ئێران بوون بە دوژمنی یەکتر، یەکێتیش هەر پێشڕەوییەکی ئێرانی بە مەترسی لەسەر خۆی دادەنا، هاوکات پێشڕەوی هێزەکانی ئێران بە واتای هاتنی هێزەکانی (جود) بوو بۆ ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی یەکێتی، ئەوە جگە لەوەی یەکێتی دژی سەرکەوتنی ئێرانو ڕووخاندنی عێراقو هاتنە سەرکاری کۆمارێکی ئیسلامی هاوشێوەی ئێران بوو لە عێراقدا، لە هەمانکاتدا هێزەکانی

---

* حول المفاوضات المذلة التي اقدم عليها الاتحاد الوطني الكردستاني مع النظام الفاشي العميل في العراق

(1) بەیاننامەی جوقد لە فاتح ڕەسول: چەند لاپەڕەیەك...، بەرگی سێیەم، ل582.

(2) محەمەد شاکەلی: س. پ، ل44.

** لتقبر اتفاقية صدام– الطالباني

(3) بەیاننامەی جود لە فاتح ڕەسول: چەند لاپەڕەیەك...، بەرگی سێیەم، ل583.

(4) ئەحمەد بانیخێلانی: س. پ، ل448.

(5) ڕێباز: س. پ، بەشی یەکەمو دووەم، ل288؛ پشکۆ نەجمەدین: دیوی ناوەوەی ڕووداوەکان، ل48؛ بڕایم جەلال: چەپکێك...، ل424.

یەکێتی ماندوو بوون و لە سێ لاوە لە شەڕدا بوون، بۆیە پەنای بۆ دانوستان لەگەڵ حکومەتی عێراق برد، کە هاوکات ئێران دژی ئەو دانوستاندنە وەستایەوە.

بەشی چوارەم:

قۆناغێکی نوێ لە سیاسەتی ئێران بەرامبەر جولانەوەی ڕزگاریخوازی کورد لە باشوری کوردستان

(1989 -1985)

له ئەنجامی کۆمەڵێك هۆکار سیاسەتی ئێران بەرامبەر جوڵانەوەی ڕزگاریخوازی کـورد لـە باشـوری کوردسـتان لـەم ماوەیـەدا گـۆڕانو جیـاوازی زۆر بـەخۆوە دەبینێـت، بـە کۆتاییهاتنی دانوستاندنی نێوان یەکێتیو حکومەتی عێـراق، و واژۆکردنـی ڕێکەوتننامـەی نێوان ئێـرانو یـەکێتی، بەگشـتی هـەموو لایەنـە کوردییـەکان دەبنـە هاوپـەیمانی ئێـران، لەلایەکی ترەوە لە ئەنجامی شکستو پێشـڕەوی نـەکردنی هێزەکـانی، ئێـران سـتراتیجی خۆی دەگۆڕێتو بە هاوکاری هێزە کوردییەکان، بـەرەی شـەڕ لـە کوردسـتان دەکاتـەوە، بەوەش کوردستان دەبێتە گۆڕەپانی جەنگی عێراق– ئێران، کە دواجار کارەساتی گەورە بۆ کوردو جوڵانەوەکەی بە دوای خۆیدا دەهێنێت.

باسی یەکەم: کۆتاییهاتنی دانوستاندنی یـەکێتیو حکومـەتی عێراقو قۆناغی هاوپەیمانێتی کوردو ئێران:

یەکێتی دەمێك بوو گەیشتبووە ئەو ڕاستییەی کە شۆڕشی کوردسـتان ناتوانێـت ڕژێـم بڕووخێنێـت، بـەڵکو تـەنها دەتوانێـت مانـدوو و لاوازی بکـات[1]، بـە ووتـەی نەوشـیروان مستەفا (جەلال تاڵەبانی)ش لەمێـژبوو گەیشـتبووە ئـەو بـاوەڕەی کـە حکومـەتی عێـراق هێندە بەهێز بووە لە توانای ئۆپۆزسیۆنی عێراقیدا نییە بە تەنیا بیڕوخێنێت، پێـی وابـوو ڕووخانی ڕژێمی بـەعس پێویسـتی بـە هێـزی دەرەکـی هەیـە. لەبـەر ئـەوەبوو بـە هیـوای ئەنجامدانی کودەتای سەربازی بایەخێکی تایبەتی بە سوریاو لیبیا ئەدا، کاتێك لـە ئـەوان بێ ئومێد بوو بە هیوای ڕووخاندنی ڕژێمی بەعسی عێراق بە هاوکاری سیاسـیو سـەربازی ئێران، پـەنای بـۆ کۆمـاری ئیسـلامی بـرد کـە لـەو کاتـەدا لەگـەڵ حکومـەتی عێراقـدا لـە جەنگێکی خوێناویدا بوو[2]. لە چوارچێوەی ئەو ستراتیژەدا هێشتا دانوستاندنی یەکێتیو حکومەتی عێراق کۆتایی نەهاتبوو، تاڵەبانی هەوڵی دامەزراندنی پەیوەنـدی لەگـەڵ ئێـران دا[3]، بۆ ئەو مەبەستەش لە تشرینی دووەمی 1984دا دکتۆر فوئاد مەعسومی بۆ زانینی هەڵوێسـتو ئەنـدازەی ئامـادەیی ئێـران بـۆ هاوکـاری یـەکێتی لـە بـاری شکسـتهێنانی دانوسـتانی لەگـەڵ بەغـدادا بـە نهێنـی بـۆ ئێـران نـارد، نـاوبراو لـەوێ چـاوی بـە (ئاغـای

---

(1) گفتوگۆی شۆڕش لەگەڵ میری، ل49.

(2) نەوشیروان مستەفا ئەمین: لە هارخەباتیەوە بۆ تەخوین، چاپی یەکەم، ب. ش، 2010، ل61.

(3) هـ. س، ل61.

محەمەدی) بەرپرسی پێشووی دۆسیەی پەیوەندییەکانی ئەو وڵاتە لەگەڵ گروپە ئۆپۆزسیۆنەکانی عێراق لە ئەنجومەنی ئاسایشی ئێران کەوت[1].

بەڵام ئێران ڕەتیکردەوە گفتوگۆ لەسەر هیچ ڕێکەوتنێك لەگەڵ یەکێتی بکات، پێش ئەوەی یەکێتی کۆتایی بە دانوستانی لەگەڵ ڕژێمی عێراق بهێنێت، لە ترسی ئەوەی نەوەك پەیوەندییەکانی لەگەڵ ئەو وڵاتەدا بەکاربهێنێت بۆ ئەوەی زۆرترین سازش بە حکومەتی بەغدا بکات[2].

لە کانوونی یەکەمی هەمان ساڵدا تاڵەبانی دووبارە نوێنەرێکی تری بۆ دروستکردنی پەیوەندی لەگەڵ ئێران بۆ تاران نارد، کە هاوکات بوو لەگەڵ پێشوازیکردنی یەکێتی لە وەفدێکی حکومەتی عێراقی لە گوندی (مەرگە) بە سەرۆکایەتی (سەعدی مەهدی ساڵح) ئەندامی سەرکردایەتی هەرێمی پارتی بەعسی حوکمڕان. ئەوەش دەربڕی ئەو قەیرانە سیاسیە بوو یەکێتی پیا تێدەپەڕی لەو کاتەدا، هەوڵی دەدا دەرچەیەك بدۆزێتەوە بۆ دەرباز بوون لەو گۆشەگیریە سیاسیەی لە ئەنجامی شکستهێنانی دانوستانی لەگەڵ حکومەتی عێراقدا تێی کەوتبوو[3].

لە سیمینارێکدا لە خولی دووەمی کادیرە پێشکەوتووەکانی (ی. ن. ك)دا لە گوندی (سێروانە) لە دۆڵی مەرگەی سەر بە ناحیەی بنگرد لە 1985/1/19 دا، جەلال تاڵەبانی بە ڕاشکاوی دەڵێت: "لە پێناو سەرکەوتن دەست بۆ شەیتانیش درێژ دەکەین..."[4]، وێڕای ئەوەی هەر لەو سیمینارەدا ئاماژە بەوە دەکات کە لە دوا گفتوگۆی لەگەڵ (سەعدی مەهدی ساڵح) نوێنەری حکومەتی عێراقدا وەك هەڕەشەیەك بۆ ترساندنی حکومەتی عێراق پێی ڕاگەیاندووە بە سەدام حسێن بڵێت: "لە گەلمان پێك بێن باشە، ئەگەرنا بەلای کەمی با ئاگربڕ لە نێوانمان درێژەی هەبێ، خۆ ئەگەر بە پێچەوانەوە ناچاری شەڕمان بکەنەوە، ئەوجارە دەستی ئیتلاعاتی ئێرانی ڕادەکێشین..."[5].

([1]) سامی شورش: کردستان والاکراد...، ص164.

([2]) م. ن.

([3]) سامی شورش: کردستان والاکراد، ص164.

([4])وەرگیراوە لە کاکل ئەحمەد: س. پ، ل54.

([5]) وەرگیراوە لە هـ. س، ل54- 55.

دوای کۆتاییهاتنی دانوستاندنی یەکێتیو حکومەتی عێراق، شەڕ بە گەرمی لە نێوانیاندا دەستی پێکردەوەو یەکێتی چەندین گورزی کوشندەی لە هێزەکانی ڕژێمی عێراق وەشاند[1]، لە ناوەڕاستی شوباتی 1985دا هێزەکانی یەکێتی هێرشێکی گەورەی لەناکاویان کردە سەر پێگەکانی سوپای عێراقی لە نزیك بەنداوی دوکانی ستراتیجی[2]، لەوەشدا یەکێتی دوو پەیامی هەبوو، لەلایەك بۆ ئەوەی حکومەتی بەعس بە ئەنجامدانی دانوستاندنێکی بەرهەمدار ناچار بکات، لەلایەکی ترەوە دەیویست ئەوە نیشانی کۆماری ئیسلامی ئێرانو لایەنەکانی بەرەی (جود) بدات، کە یەکێتی خاوەنی هەمان هێزو توانای پێشتری بەر لە دانوستاندنیەتی[3]. جگە لەوەی گەیاندنی پەیامێکی سیاسی بوو، دەیویست ئێرانو لایەنەکانی جود دڵنیا بکاتەوە لەوەی یەکێتی کۆتایی بە درێژەدان بە دانوستاندن لەگەڵ حکومەتی بەغدادا هێناوە[4].

چونکە هەندێك لایەن ئێرانیەکانیان وا تێگەیاندبوو، یەکێتی پەیوەندی لەگەڵ عێراقدا ماوەو ئەو شەڕانەی لەگەڵ حکومەت ئەنجامی دەدا ڕاست نییەو بۆ چەواشەکردنی خەڵكو جەماوەرە[5]، بۆیە دوای ئەوەی ئێران دڵنیا بوو لەوەی یەکێتی بە تەواوی پەیوەندی لەگەڵ حکومەت پچڕاندووە و کۆتایی بە دانوستاندن هێناوە، گۆڕانی بەرچاو لە هەڵوێستی ئێراندا ڕوویدا[6].

دوای ئەوەی پەیوەندی (حسك) و یەکێتی بەرەو باشی دەڕوات، بەرپرسانی (حسك) ڕۆڵیان دەبێت لە چاککردنەوەی پەیوەندی یەکێتیو ئێران، محەمەدی حاجی مەحمود هەوڵی دروستکردنی پەیوەندی یەکێتیو ئێران دەدات، بۆ ئەو مەبەستە لە ڕۆژی 1985/11/28 لە مەریوان چاوی بە بەرپرسانی ئێرانی دەکەوێتو نامەیەکی جەلال تاڵەبانی کە بۆ (ئاغای مونتەزەری) نوسیبوو دەگەیەنێتە دەستیانو لەلای خۆیەوە هەوڵی چاککردنی پەیوەندییەکانی یەکێتیو ئێران دەدات[7].

---

(1) ڕێباز: س. پ، بەشی یەکەمو دووەم، ل291.

(2) سامي شورش: كردستان والاكراد...، ص165.

(3) پشکۆ نەجمەدین: ئەزموونو یاد، ل223.

(4) سامي شورش: كردستان والاكراد...، ص ص165- 166.

(5) برایم جەلال: چەپکێك...، ل458.

(6) کامەران قەرەداغی: س. پ، ل408.

(7) محمد حاجی محمود: س. پ، بەرگی دووەم، ل307.

ئێرانیەکان وەڵامی نامەی تاڵەبانی بە شێوەی زارەکی لە ڕێگەی محەمەدی حاجی مەحمودەوە دەدەنەوە، بۆ ئەو مەبەستەش ناوبراو لەگەڵ چەند پاسدارێکدا کە نوێنەرایەتی هەموو قەرارگاکانی ناو سوپاو دامودەزگاکانی دەوڵەتیان دەکرد، بۆ بینینی ناوچەکانی یەکێتی‌و کۆبوونەوە لەگەڵیان لە 1986/2/22دا سەردانی جەلال تاڵەبانی لە گوندی یاخسەمەر دەکەن[1].

دوابەدوای ئەوەش لە 1986/2/25دا تاڵەبانی دەستەیەکی نوێنەرایەتی بە نیازی هاوکاری لەگەڵ ئێران دژی سەدام بۆ تاران نارد[2]. پاشان لەسەر داوای (مونتەزەری) وەفدێکی یەکێتی کە پێکهاتبوو لە (د. فوئاد مەعسوم، شێخ دارای حەفیدو ڕەفعەتی مەلا) دەگەنە ئێران‌و لە ڕەزائیە (ورمێ) لەگەڵ (حاجی مستەفوی) لێپرسراوی دەزگای هەواڵگری (ئیتلاعات) ی ڕەزائیە کۆدەبنەوە، دوای ئەوەی حاجی مستەفوی قسە لەسەر ئەوە دەکات کە دانوستاندنی نێوان یەکێتی‌و حکومەتی عێراق چەند کارێکی خراپ بووەو نەدەبوایە یەکێتی ئەو کارەی ئەنجام بدایە، د. فوئادیش وەڵامی دەداتەوەو دەڵێت: "ئێمە مەسەلەیەکمان هەیە گەر بەشێوەی ئاشتی گفتوگۆ ڕێگەی سیاسی چارەسەر بکرێت هەمیشە ئەم ڕێگەیەکان لە ڕێگەی شەڕکردن پێ باشتر بووە"[3]، پاشان لەسەر داوای ئێران ئەو ناوچانەی لەژێر دەسەلاتی یەکێتیدایە لەسەر نەخشە نیشانی ئێرانیەکانی دەدەن، کە باوەڕیان نەدەکرد ئەو ناوچە بەرفراوانە لەژێر دەسەلاتی یەکێتیدا بێت، پاشان ئێرانیەکان داوا لە وەفدەکەی یەکێتی دەکەن پارتەکانی ئۆپۆزسیۆنی ئێرانی وەك (موجاهیدین‌و کۆمەڵەو حدکا) لەناوچەکانی ژێر دەسەلاتی خۆیاندا دەربکەن، کە ئەوە لەلایەن وەفدەکەی یەکێتیەوە ڕەت دەکرێتەوە، بەلام لە هەمانکاتدا لایەنی ئێرانی دڵنیا دەکەنەوەو گرەنتی ئەوەیان دەدەنێ کە لە سنوری ناوچەکانی ژێر دەسەلاتی یەکێتیەوە هیچ چالاکیەك دژی ئێران ئەنجام نەدرێت. دواجار لەسەر ئەوە ڕێکدەکەون کە حاجی مستەفوی خۆی سەردانی سەرکردایەتی یەکێتی بکاتو لەسەر ناوەڕۆکی ڕێکەوتنەکە

([1])محمد حاجی محمود: س. پ، بەرگی دووەم، ل ل314- 315، 323.

([2]) هاشمی رفسنجانی: امید و دلواپسی کارنامه و خاطرات سال 1364، چاپ سوم، چاپو صحافی اوام، تهران، 1387، ص431.

[3] وەرگیراوە لە ڕەفعەتی مەلا: س. پ، ل79.

لەگەڵ سەرکردایەتی گفتوگۆ بکەن، هەروەها سنوری ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی یەکێتی بە چاوی خۆی ببینێت[1].

لەلایەکی ترەوە لە سەرەتای ساڵی 1986دا (عومەر دەبابەو د. کەمال فوئاد) دەگەنە دیمەشق و لە ڕێگەی (عەلی سنجاری)یەوە چاویان بە (عەلی موحتەشەمی) باڵیۆزی ئێران لە سوریا دەکەوێت و داوای دووبارە دروستکردنەوەی پەیوەندی نێوان ئێران و یەکێتی و هاوکاری دژی ڕژێمی عێراقی لێدەکەن، دوای ئاگادارکردنەوەی تاران لە کارەکە دوای چەند ڕۆژێك وەڵامیان دەداتەوە، کە تاران پێش هەموو شتێك دەیەوێت دڵنیابێت لەوەی کە یەکێتی لە ئایندەدا گفتوگۆ لەگەڵ عێراقدا ناکاتەوەو هەموو هێڵەکانی گەڕانەوە لەگەڵیدا بپچڕێنێت، لە هەمانکاتدا پێی ڕاگەیاندن کە بەرپرسێکی باڵای پاسداران ئامادەیە بۆ بینینی جەلال تاڵەبانی لە ناوچەی مەریوان[2].

ئەوەبوو دوای هاتووچۆی چەندین وەفدی نێوان هەردوولا، دوو سەردانی گرنگ و چارەنوسسازی بەرپرسانی ئێرانی بۆلای سەرکردایەتی یەکێتی ئەنجام درا، کە دروستکردنی پەیوەندی بەهێزی یەکێتی و ئێرانی لێکەوتەوە[3].

لە تەمموزی 1986دا (حاجی مستەفوی) بە نوێنەرایەتی ئیتلاعات لەگەڵ کادرێکی (حسك) بە ناوی (سلێمان قەساب)، بۆ یاخسەمەر هاتن، لەوێ وێڕای ئەنجامدانی کۆبوونەوەی سیاسی لەگەڵ (جەلال تاڵەبانی و نەوشیروان مستەفاو د. فوئاد مەعسوم)، گەشتێکی خێرای بە هەندێك ناوچەی ژێر دەسەڵاتی یەکێتیدا وەك ناوچەی دوکان و سورداش و ئەزمەڕ تا نزیك سلێمانی ئەنجام داو بە چاوی خۆی هێزو بنکەکانی یەکێتی لە هێڵەکانی تەماسی نزیك هێزەکانی سوپای عێراقی بینی، لەو کۆبوونەوانەدا هەردوولا باسیان لەوە کرد گرەنتی چیە، هەریەك لەو دوولایەنە ئەو پەیوەندییەی نێوانیان بەکار نەهێنن بۆ فشارو بەدەستهێنانی دەستکەوتی زیاتر بۆ وەستاندنی شەڕ یاخود دانوستاندن لەگەڵ حکومەتی عێراقدا، هەر لەو کۆبوونەوەدا باس لە ئاشتبوونەوەی یەکێتی و پارتی کرا[4].

([1]) ڕەفعەتی مەلا: س. پ، ل79- 80.

([2]) علی سنجاری: القضیة الکردیة وحزب البعث العربی الاشتراکی فی العراق، الجزء الثالث، مطبعة خانی، دهوك، 2012، ص ص37– 38.

([3]) نەوشیروان مستەفا ئەمین: خولانەوە...، ل104.

([4]) هـ. س، ل104؛ ڕەفعەتی مەلا: س. پ، ل80؛ برایم جەلال: چەپکێك...، ل460.

دوای ئەویش وەفدێکی 9 کەسی دێن، کە پێکهاتبوو لە نوێنەری چەند وەزارەتو دەزگای جیاوازی ئێرانی بە سەرۆکایەتی سەرۆکی دەزگای ئیتلاعاتی سوپا، کە لەو سەردانەدا چەند کارێکیان ئەنجام دا:

1. لەگەڵ جەلال تاڵەبانی گفتوگۆیان کردو ئاگاداریان کرد کە ئێران بڕیاری هاوکاریو دۆستایەتی یەکێتی داوە.

2. گەشتێکی خێرایان بۆ ناوچەکانی کەرکوکو گەرمیان کردو تا نزیک دامەزراوە نەوتیەکانی کەرکوک چوون.

3. لێکۆڵینەوەیان لەسەر ئەوە کردبوو کە یەکێتی:

أ- ڕەفتاری لەگەڵ مزگەوتو مەلاکاندا چۆنە؟ ئایا مزگەوتەکانی داخستووەو مەلاکانی دەرکردووەو نوێژو خواپەرستی قەدەغە کردووە، وەك نەیارەکانی یەکێتی وایان تێگەیاندبوو، یان نەخێر.

ب- بوونی بنکەکانی یەکێتی لە ناو جەرگەی باشوری کوردستانداو لە نزیك بنکەکانی سوپای عێراقیدا، بۆ هاوکاری زۆربەزۆری یەکێتیو هێزەکای عێراق دەگەڕێتەوە وەك وایان تێگەیاند بوون یاخود بە پێچەوانەوە؟[1].

کۆماری ئیسلامی ئێران دروستکردنی پەیوەندیو چارەسەرکردنی کێشەکانی لەگەڵ یەکێتیدا بەستبووەوە بە لێدانی کەرکوکەوە بە هاوکاری ئێران[2]، کاتێك بە مەبەستی دروستکردنی پەیوەندیو هاوکاری ئێران، یەکێتی بە نوێنەرایەتی خۆی مام وریا لەگەڵ محەمەدی حاجی مەحموددا بۆ ئێران دەنێرێت، دەڵێت: "ئێرانیەکان پێیانوتین دەبێت نەوتی کەرکوك بتەقێننەوە، من ڕازی نەبووم، بەڵام مام جەلال ناردمیەوە و وتی بڕۆ بڵێ ڕازین! !)[3].

ئێران بە ئەنجامدانی ئەو کارە دەیویست دڵنیا بێت لەوەی کە یەکێتی بە تەواوی کۆتایی بە دانوستاندنی لەگەڵ حکومەتی عێراقیدا هێناوە، لەلایەکی تریشەوە مەبەستی بوو بە ئەنجامدانی چالاکیەکی گەورەی لەو شێوەیە دژی عێراق هیچ هیوایەك بۆ دەستپێکردنەوەی دانوستاندنی یەکێتیو ڕژێمی عێراق نەمێڵێتەوە، چونکە ئێران ترسی

([1]) نەوشیروان مستەفا ئەمین: خولانەوە....، ل105.

([2]) محمد حاجی محمود: س. پ، بەرگی دووەم، ل323.

([3]) وەرگیراوە لە ئەحمەد کاکل: س. پ، ل50.

هەبوو لەوەی یەکێتی پەیوەندی لەگەڵ ئێراندا بۆ سازشکردن بە حکومەتی عێراق بەکاربهێنێت. ئەمە جگە لەوەی لە پاڵ ئەوەدا هەریەك لە یەکێتی‌و ئێران ئامانج‌و مەبەستی تری خۆیان هەبوو.

بۆیە لەکاتی هاتنی وەفدی ئێراندا، لە سەرەتای ئابی 1986دا تیپی 21ی کەرکوك بە سەرپەرشتی رەفعەت عەبدوڵلا پیرداود (ڕێباز)، 6 پاسداری ئێرانی بۆ ناوچەی کەرکوك دەبەن‌و شەو دەچنە ئەودیو چیای کانی دومەڵان‌و نزیك کۆمپانیای نەوتی کەرکوك دەبنەوەو تەنها لە دووری (300) مەتر لە بنکەکانی حکومەتەوە بە دەزگای پێشکەوتوو وێنەی دەگرن[1].

دواجار ئێرانیەکان واز لەو مەرجەی خۆیان دەهێنن، کە ئۆپۆزسیۆنی ئێرانی لەو ناوچانە دەربکرێن‌و لەسەر بنەمای بەرژەوندی هاوبەش‌و دژی دوژمنی هاوبەش، ڕێکدەکەون، دوا بە دوای ئەوەش پەیوەندی فەرمی لە نێوان هەردوولادا دامەزرا، یەکێتی لە (کرماشان‌و تاران) مەکتەبی کردەوەو ئێرانیش نوسینگەی لە (یاخسەمەر) کردەوە[2].

بە مەبەستی لێدانی بیرە نەوتەکانی کەرکوك، چەك‌و تەقەمەنیەکی زۆر کە بریتی بوون لە (10 هاوەنی 120 ملیم، 4 کاتیۆشا، 45 تەن گوللەی هاوەن‌و کاتیۆشا، چەند موشەکێکی سام 7 و دژەفرۆکە، چەند موشەکێکی دژەتانك‌و هەندێك فیشەکی کلاشینکۆف) بە وڵاخ لە ڕێگەی سەفرەو زەروون بۆ دۆڵی جافایەتی دەگوێزنەوە، پاشان لەوێوە بە تراکتۆرو لۆری بۆ زێویێ بە دووری (25) کیلۆمەتر لە شاری سلێمانی‌و لەوێوە بۆ ناوچەکانی چالاکی قۆڵەکان لە نزیك کەرکوك گواستیانەوە[3].

شایانی باسە هەر لە یەکەم ڕۆژی گرێدانی پەیوەندی یەکێتی‌و ئێران‌و هاتنی پاسدار بۆ باشووری کوردستان‌و لە کاتی گواستنەوەی چەك‌و تەقەمەنیەکاندا لەلایەن پێشمەرگەوە، پاسدار دەستیان کرد بە کۆکردنەوەی زانیاری لەسەر هێزی پێشمەرگەو ناوچەکانی ژێر دەستیان‌و سیخوڕی کردن‌و بەکرێگرتنی هەندێ کەس لە ناوچەکەدا[4].

([1]) ڕێباز: س. پ، بەشی یەکەم‌و دووەم، ل382.

([2]) نەوشیروان مستەفا ئەمین: خولانەوە...، ل105؛ رەفعەتی مەلا: س. پ، ل ل84، 88؛ سالار اوسی: م. س، ص ص115- 116.

([3]) ڕێباز: س. پ، بەشی یەکەم‌و دووەم، ل387؛ نەوشیروان مستەفا ئەمین: خولانەوە...، ل ل108- 109؛ سابیر کۆکەیی: س. پ، ل ل217- 219.

([4]) ڕێباز: س. پ، بەشی یەکەم‌و دووەم، ل382؛ سابیر کۆکەیی: س. پ، ل ل219- 220.

بۆ ئەنجامدانی کارەکە عەسری 1986/10/10 دەست بە دابەشکردنی هێزەکان کرا[1]، لە کاتژمێر یەکی شەودا لە سێ قۆڵەوە بە کاتیۆشاو هاوەنی 120، بۆ ماوەی کاتژمێرێك بۆردوومانی بیرە نەوتەکانی زەمبورو جەبەل بۆرو باباگورگورو دەوروبەری شاری کەرکوکیان کرد[2]. دوای ماوەیەك ئاگری کۆمپانیای کەرکوك کوژایەوە، هەرچەندە گڕ لە کۆمپانیاکە هەڵنەستا، ئەوەش ئەوەی دەردەخست کە چالاکیەکە وەك پێویست سەرکەوتوو نەبوو[3]. ئەوەش بووە مایەی ناڕەزایی تورکیاو دەستبەجێ ڕایگەیاند کە نەوتی کەرکوك کەوتۆتە ژێر هەڕەشەی هێزەکانی کوردەوە[4]. هاوکات بە پشتیوانی ئەمریکا پلانی دەستگرتن بەسەر کەرکوكو موسڵی دارِشت، لە کاتێکدا ئەگەر هێزەکانی ئێران بینە هەڕەشە بۆ سەرچاوە نەوتیەکانی کەرکوكو موسڵ، هێزەکانی تورکیا ئەو ناوچانە دەخەنە ژێر دەسەڵاتی خۆیانەوە[5].

لەو هێرشەدا نزیکەی (2500)* پێشمەرگەی یەکێتی بەشدارییان تێداکرد، کە نزیکەی (85٪) هێزەکانی یەکێتی پێکدەهێنا، لە پێناو بەڕێوەچوونی هێرشەکە بە

(1) نەوشیروان مستەفا ئەمین: خولانەوە...، ل110.

(2) ڕێباز: س. پ، بەشی یەکەمو دووەم، ل388؛ نەوشیروان مستەفا ئەمین: خولانەوە...، ل111؛ سابیر کۆکەیی: س. پ، ل ل221- 222؛ فایەق گوڵپی: سیاسەتی نەتەوەپەرستیی داگیرکەرانو پەرچەکرداری خێڵەکی کورد، چاپخانەی ڕەنج، 2010، ل437.

(3) ڕێباز: س. پ، بەشی یەکەمو دووەم، ل388.

(4) هێرش عەبدوڵلا حەمە کەریم: پەیوەندیە سیاسییەکانی نێوان هەرێمی کوردستانو تورکیا 1991- 1998، مەڵبەندی کوردۆلۆجی، 2007، ل80.

(5) جرجيس حسن: تركيا في الاستراتيجية الاميركية بعد سقوط الشاه، الطبعة الاولى، د. م، 1990، ص108.

* لەسەر ژمارە پێشمەرگەکانی یەکێتی بەشدار لەو چالاکیەدا لە نێوان سەرچاوەکاندا ڕاجیایی هەیە، هەریەك لە ڕێبازو کریس کۆچێرا بە (2500) کەسی دادەنێت. (ڕێباز: س. پ، بەشی یەکەمو دووەم، ل387؛ کریس کۆچێرا: بزوتنەوەی نەتەوەیی...، ل77). کەچی نەوشیروان مستەفاو برایم جەلال بە (3000) پێشمەرگەی لەقەڵەم دەدەن. (نەوشیروان مستەفا ئەمین: خولانەوە...، ل109؛ برایم جەلال: چەپکێك...، ل466). ئەمە لە کاتێکدا هاشمی رفسنجانی ژمارەی پێشمەرگەکانی یەکێتی بەشدار لەو کارەدا بە (2000) کەس دادەنێت. (هاشمی رفسنجانی: اوج دفاع کارنامەو خاطرات سال 1365، چاپ هشتم، چاپخانە مرکز اسناد انقلاب اسلامی- معین، تهران، 1389، ص297).

شێوەیەکی رێکوپێك، راستەخۆ لەلایەن (نەوشیروان مستەفا) وە سەرپەرشتی دەکرا[1].

لەلایەن ئێرانیشەوە نزیکەی (150)* پاسدار وەك کارمەندی تەکنیکی بەشدارییان لەو هێرشەدا کرد[2]. کە بەپێی راپۆرتێکی گۆڤاری لڤین لە لایەنی ئێرانیەوە تەواوی ئەو ئۆپەراسیۆنە لەژێر سەرپەرشتی مەحمود ئەحمەدی نەژاد، ئەندازیاری جەنگی ئەوکاتو سەرۆك کۆماری ئێستای ئێران بەرێوەچووە[3].

دوای ئەنجامدانی ئەو ئۆپەراسیۆنە هاوبەشە، پاسدارەکانی ئێران بە نیاز بوون تۆپو کاتیۆشاکان بتەقێننەوە تاوەکو هێزی پێشمەرگە سوودیان لێوەرنەگرن، بۆ ئەو مەبەستەش (تی ئێن تی)یان لەگەڵ خۆیاندا هێنابوو، بەڵام لەلایەن پێشمەرگەوە رێگری ئەنجامدانی ئەو کارەیان لێدەکرێتو ناهێڵن بیانتەقێننەوە[4].

ئەو ئۆپەراسیۆنە لەلایەن ئێرانیەکانەوە بە (فەتحی 1) ناونرا[5]، ئەوەش دەستپێکی کارە هاوبەشە سەربازییەکانی نێوان یەکێتیو ئێران بوو، پاش ئەوەش چەند چالاکیەکی هاوبەشی تریان بە ناوی فەتحی 2و 3و 4و...تاد ئەنجام دا، ئەو چالاکیە هاوبەشانەش کە لەگەڵ (پ. د. ك)دا ئەنجامیاندا بوو ناویان نابوو ئۆپەراسیۆنی نەصری 1و 2و 3...تاد، هەر بەو ناوانەشەوە ئەو بنکانەی پاسداران کە کارەکانی (یەکێتی)یان لە ئێران ئەنجام دەدا ناویان نابوو (قەرارگای فەتح)، ئەوانەی کارەکانی (پارتی)شیان ئەنجام دەدا ناویان نابوون (قەرارگای نەصر)[6]، بەدەر لەو دوو ناوەش هەندێك چالاکی هاوبەشی تری

([1]) رێباز: س. پ، بەشی یەکەمو دووەم، ل ل384، 387؛ نەوشیروان مستەفا ئەمین: خولانەوە....، ل ل107، 109 ؛ سابیر کۆکەیی: س. پ، ل221؛ کریس کۆچێرا: بزوتنەوەی نەتەوەیی....، ل77.

* بە هەمانشێوە ژمارەی بەشداری پاسدارەکان لە سەرچاوەکاندا چونیەك نین، نەوشیروان مستەفا ئاماژە بە (150) پاسدار دەکات. (نەوشیروان مستەفا ئەمین: خولانەوە....، ل109). رێباز بە (100) کەسیان دادەنێت. (رێباز: س. پ، بەشی یەکەمو دووەم، ل388). برایم جەلال بە (50) پاسدار لە قەڵەمیان دەدات. (برایم جەلال: چەپکێك....، ل466). بەلام هاشمی رەفسەنجانی باس لە بەشداری (300) پاسدار دەکات. (هاشمی رفسنجانی: اوج دفاع....، ص297).

([2]) نەوشیروان مستەفا ئەمین: خولانەوە....، ل109.

([3]) گۆڤاری لڤین، ژمارە (62)، 1ی ئازاری 2008، ل3.

([4]) سابیر کۆکەیی: س. پ، ل222.

([5]) نەوشیروان مستەفا ئەمین: خولانەوە....، ل112؛ هاشمی رفسنجانی: اوج دفاع....، ص298.

([6]) نەوشیروان مستەفا ئەمین: خولانەوە....، ل112.

نێوان ئێران و کورد لە چوارچێوەی قەرارگای ڕەمەزاندا هەبوو بە ناوی ظفری 1و 2و 3...تاد، کە هەرجارەو بە هاوبەشی لە نێوان پاسداران و یەکێك لە هێزە کوردییەکانی وەك (یەکێتی، پارتی، حسك) بە پێی ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی ئەو هێزانە ئەنجام دەدرا.

هەرچەندە لەگەڵ ئێرانیەکان وا ڕێکەوتبوون، کە ئەو چالاکیانە تەنها یەکێتی لە ڕاگەیاندنەکانی خۆیەوە بڵاوی بکاتەوە[1]، بەڵام ئێران لە ڕاگەیاندنەکانی خۆیەوە نەك هەر هەواڵەکەی بڵاوکردەوە، بەڵکو هیچ ئاماژەیەکیشی بە بەشداری یەکێتی لەو چالاکیەدا نەکرد، ڕایگەیاند کە ڕەزمەندگانی (جەنگاوەرانی) ئیسلام توانییان کۆمپانیای نەوتی کەرکوك خاپور بکەن و بە سەدان لە هێزە عێراقیەکان و دەیان مونافقین (موجاهیدینی خەلق)یان کوشتووە[2]. ئەوەش نیگەرانی پێشمەرگەو سەرکردایەتی یەکێتی لێکەوتەوە، بۆیە پاش ناردنی چەند بروسکەیەك دوای چەند کاتژمێرێك ئێران بە ناچاری ناوی یەکێتی لەپاڵ هێزەکانی خۆیدا هێنا[3].

لەو ئۆپەراسیۆنە هاوبەشەدا یەکێتی و ئێران هەریەکەیان مەبەست و ئامانجی خۆی هەبوو، یەکێتی دەیویست زیان بە دامەزراوە نەوتیەکانی کەرکوك بگەیەنێت، کە لەو کاتەدا سەرچاوەیەکی سەرەکی داهاتی حکومەتی عێراقی بوو،* ئێرانیش مەبەستی سیاسی خۆی هەبوو، کە لەو کاتەدا کۆبونەوەی (ئۆپێك) هەبوو، دەیویست هەندێك لە داواکانی خۆی بسەپێنێت و ئەو پەیامە بگەیەنێت، کە ئێران هەر کات بیەوێت دەتوانێت

([1]) ئەحمەد بانیخێلانی: س. پ، ل553.

([2]) ڕێباز: س. پ، بەشی یەکەم و دووەم، ل388؛ سایە کۆکەیی: س. پ، ل223.

([3]) ڕێباز: س. پ، بەشی یەکەم و دووەم، ل389.

* بێجگە لە کەرکوك، عێراق سەرچاوەی تری نەوتی لە باشور هەبوو کە لە ڕێگەی سعودیەوە هەناردەی دەکرد، دوای داخستنی هێڵی بۆری سوریا لە ساڵی 1982دا، سعودیە ڕەزامەندی دەربڕی کە عێراق ڕۆژانە نیو ملیۆن بەرمیل نەوتی خاو هەناردە بکات لە ڕێگەی بۆری سعەدیەوە بۆ دەریای سور، پاشان دوو هێڵی بۆری دروستکرد لە نێوان ساڵانی 1983- 1985 بۆ گواستنەوەی نەوتی عێراق لە ڕێگەی سعودیەوە، لە قۆناغی یەکەمدا لە کێڵگەکانی ڕومێلە لە بەسرەوە بۆ بەندەری (یەنبوع) لە سعودیە لە ساڵی 1985دا قۆناغەکانی تری تەواو بوو.
Jeremy C.Goff (eds.) Geology of Iraq (Prague- 2006) p.235. and Saad)
(Z. Jassim

زیـان بـه دامـەزراوە نەوتیـەکانی عێـراق بگەیـەنێتو پشـێوی بخاتـە بـازاڕی نـەوتی جیهانیەوە[1].

ئەو چالاکییە هاوبەشە بە تەواوی عێراقی نیگەرانو توڕە کرد[2]، دوای ئەوەی دڵنیا بوو لەوەی بە هاوکاری پێشمەرگەو پاسدارانی ئێران ئەنجام دراوە، بەڵێنیدا تۆڵـە لـە کـورد بکاتەوە، بۆ ڕۆژی دوایی دەستی بە تۆپبـارانی گوندەکانی دەوروبـەری کـەرکوكو هـەولێر کرد، و چەندین گونـدی ئـاگر تێبـەرداو ڕووخانـد[3]. و بۆ مـاوەی چـەند ڕۆژێـك بـە فڕۆکـە بۆردومانی گوندەکانی ناوچە ئازادکراوەکـانی ژێـر دەسـەڵاتی هێـزی پێشـمەرگەی دەکـرد، بەشێوەیەك دانیشتوانی ئەو گوندانەو پێشـمەرگە ناچـار دەبـوون بـە ڕۆژ گونـدەکان چـۆڵ بکەنو ڕوو لە چیاکان بکەن[4].

دوا بـەدوای لێـدانی کۆمپانیـای نـەوتی کـەرکوك پەیوەنـدی فـەرمی یـەکێتیو ئێـران دروستبوو، تاڵـەبانیو شـاندێکی یـەکێتی کـە پێکهـاتبوو لـە (فەرەیـدوون عەبـدولقادر، د. کەمال خۆشناو، محەمەد تۆفیق ڕەحیمو شێردڵ حەوێزی) لە تشرینی دووەمـی 1986دا لەسەر بانگهێشتی ئێران سـەردانی ئـەو وڵاتـەیان کـرد[5]، سـەرەتا لـە کرماشـان لەلایـەن قەرارگای ڕەمەزانەوە پێشوازییان لێدەکرێتو لەسەر چەند خاڵێـك ڕێکدەکـەون، وەك: د. کەمال خۆشناو دەکەنە بەرپرسی پەیوەندییەکانی یەکێتی لە ئێرانو ئەو نوێنەرایەتیانەی تر کە هەبوو وەك خۆیان مانەوە، مانگانە یارمەتی یەکێتی بـدەن، هـەروەها شـوێنێك بـۆ نەخۆشو بریندارەکانی یەکێتی لە تاران تەرخان بکرێت، پاشان دەچن بۆ تاران[6].

لـە تـاران چـەند بەرپرسـێکی سـەربازی وەك موحسـین ڕەزائـی (جێگـری فەرمانـدەی گشتی سوپای پاسداران) و موحسن ڕەفیقدۆست (وەزیری پاسـداران) و هـەروەها هـاشمی

---

(1) نەوشیروان مستەفا ئەمین: خولانەوە...، ل112.

(2) میدڵ ئیست ووچ: س. پ، ل 98، 104.

(3) سابیر کۆکەیی: س. پ، ل222- 223.

(4) پشکۆ نەجمەدین: ئەزموونو یاد، ل290. لە باسی دووەمی ئـەم بەشـەدا بـە درێـژی باسـی کاردانـەوەی حکومەت بەرامبەر ئەو چالاکیە هاوبەشانەی کوردو ئێران دەکەین.

(5) نەوشیروان مستەفا ئەمین: خولانەوە...، ل112؛ ڕەفعەتی مەلا: س. پ، ل89؛ نەوشیروان مستەفا ئـەمین: لە هاوخەباتیەوە بۆ تەخوین، ل61.

(6) ڕەفعەتی مەلا: س. پ، ل89.

ڕەفسەنجانی (سەرۆکی ئەنجومەنی شورای ئیسلامی ئێران)یشیان بینیبوو، دوای ئەنجامدانی چەند گفتوگۆیەك ڕێکەوتننامەی نێوان ئێرانو یەکێتی واژۆ دەکەن[1].

کریس کۆچێرا ئاماژە بەوە دەکات کە ئەو ڕێکەوتنە سەرەتا لەلایەن د. فوئاد مەعسوم لە یەکێتیو محەمەد باقر زولقەدر فەرماندەی سوپای پاسداران لە بەرەی ڕۆژئاوا واژۆ کراو پاشان لەلایەن جەلال تاڵەبانیو هاشمی ڕەفسەنجانیەوە واژۆکرا[2].

بەڵام نەوشیروان مستەفا ئاماژە بەوە دەکات کە ڕێکەوتنی نێوانیان لەلایەن جەلال تاڵەبانی لە یەکێتیو محەمەد باقر زولقەدر لەلایەن ئێرانەوە واژۆ کرا[3].

لە ڕاستیدا ئێمە ڕای دووەم پەسەند دەکەین، چونکە ناوبراو خۆی کەسی دووەم بووە لە ناو (ی. ن. ك)داو لەناو ڕووداوەکاندا ژیاوە، جگە لەوەی کە هاشمی ڕەفسەنجانی لە بیرەوەرییەکانیدا باس لە واژۆکردنی ئەو ڕێکەوتنە ناکات لەلایەن خۆیەوە، هاوکات محەمەد باقر زولقەدر بەرپرسی قەرارگای ڕەمەزان بووەو قەرارگاش بەرپرس بووە لە پەیوەندییەکانی ئێران لەگەڵ هێزو پارتەکانی کوردستاندا.

هەر لەو سەردانەدا لەلایەن هاشمی ڕەفسەنجانیەوە پێشوازیان لێدەکرێت، و ناوبراو دەڵێت: "جمهوری ئیسلامی ئێران یارمەتی هەموو مستەزعەفینی [چەوساوانی] دونیا ئەدات، میللەتی کوردی موسڵمان لە هەموو کەس زیاتر پێویستی بەم یارمەتیە هەیە"[4].

شایانی باسە یەکێتیو ئێران لەو ڕێکەوتننامەیەدا لەسەر سێ خاڵ ڕێکدەکەون:

1. ئێران و یەکێتی خەباتی هاوبەشو هاوکاری یەکتر دەکەن بۆ ڕووخاندنی ڕژێمی سەدام حسێنو هێنانەدی سیستەمێکی سەربەخۆی میللیو بەبێ ئاگاداریو ڕەزامەندی ئێران، یەکێتی هیچ دانوستاندنو ئاشتیەك لەگەڵ عێراقدا نەکات[5].

2. ئێران پشتگیری لە خەباتی جوڵانەوەی ڕزگاریخوازی کورد دژی سیاسەتی داگیرکارانەی عێراقی عەفلەقی دەکاتو پشتگیری لە خەباتی یەکێتی لەم مەیدانەدا

([1]) نەوشیروان مستەفا ئەمین: خولانەوە...، ل112- 113.

([2]) بزوتنەوەی نەتەوەیی...، ل77.

([3]) خولانەوە...، ل113.

([4]) وەرگیراوە لە ڕەفعەتی مەلا: س. پ، ل89.

([5]) کریس کۆچێرا: بزوتنەوەی نەتەوەیی...، ل77؛ سالار اوسی: م. س، ص117؛ نەوشیروان مستەفا ئەمین: لە هاوخەباتیەوە بۆ تەخوین، ل62.

دەكات، و ئێران پشتگیری لە عێراقێکی سەربەخۆی یەکگرتوو دەکات و گەلی کورد لە چوارچێوەی کۆماری عێراقی یەکگرتوودا پیادەی مافەکانی بکات، چ مافی ئۆتۆنۆمی یان لە چوارچێوەی فیدراڵیدا.

3. هەردوولا هاوکاری یەکتر دەکەن دژی ئەو پیلان و ئەوانەی چاویان بڕیوەتە عێراق و سەربەخۆیی عێراق دەخەنە مەترسیەوە، مەبەست لەوەش ئاماژە بوو بۆ تورکیا[1].

هەرچەندە کریس کۆچێرا ئاماژە بە خاڵێکی تر (خاڵی چوارەم) دەکات، کە هەردوولا بەبێ ڕاوێژکردن بە یەکتر لەمەڕ جەنگ و ئاشتی بەهیچ شێوەیەك هەڵوێست وەرنەگرن[2]. لەکاتێکدا سالار اوسی باس لەوە دەکات کە تاڵەبانی هەوڵی دا خاڵی چوارەم بۆ ڕێکەوتننامەکەی نێوانیان زیاد بکات، لە سەر بەشداری هەردوولا پێکەوە لە جەنگو ئاشتیدا، بەڵام بە پاساوی ئەوەی دواتر ڕەزامەندی لەسەر دەردەبڕن لایەنی ئێرانی ئەو خاڵەی پەسەند نەکردو لە دەقی ڕێکەوتننامەکەدا جێگیر نەکرا[3]. هەرچەندە برایم جەلال لەگەڵ ئەوەی ئەوە پشتڕاست دەکاتەوە کە ئەو خاڵە لە لایەن ئێرانەوە پەسەند نەکراو نەخرایە پرۆتۆکۆڵەوە، بەڵام ئاماژە بەوە دەکات کە ئەو خاڵە بەشێوەی زارەکی بوو[4].

هەروەك مشتومڕی زۆر لەسەر خاڵێکی ناکۆکی نێوانیان کرا، کە پەیوەست بوو بە پارتە کوردییە ئۆپۆزسیۆنەکانی ئێرانەوە، تاڵەبانی بەڵێنی بە ڕەفسەنجانی دا یارمەتییان لێ ببڕێت و هیچ هاوکارییەکیان نەکات[5]، دواتر یەکێتی ئاماژەی بەوە کردبوو، کە دوو ساڵی خایاندووە تاوەکو توانیویەتی ئێران ڕازی بکات، یەکێتی لە بری ئەوان دەست بۆ (کۆمەڵە) و (حدکا) نەبات[6].

.

(1) کریس کۆچێرا: بزوتنەوەی نەتەوەیی...، ل77؛ سالار اوسی: م. س، ص117.

(2) بزوتنەوەی نەتەوەیی...، ل77.

(3) جلال طالبانی احداث ومواقف، ص117.

(4) چەپکێك لە مێژووی کۆمەڵە، ل464.

(5) دیڤید مەکداول: س. پ، ل577.

(6) یوست هیلتەرمان: کارێکی ژەهراوی ئەمەریکا و عێراق و گازبارانی هەڵەبجە، وەرگێڕانی، محەمەد حەمەساڵح تۆفیق، چاپخانەی کۆمپانیای ئارێنە، 2008، ل124.

بەوەش یەکێتی بە هەمان شێوەی هەندێك لە پارتەکانی تری کوردستان، چووە ناو جەمسەربەندی‌و بەرەی ئێرانەوە[1]. هەروەك هێزەکانی باشوری کوردستان بە شێوەیەکی گشتی بوون بە بەشێك لە جەنگی عێراق– ئێران، و هاوپەیمانی دەوڵەتێك کە لەلایەن کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی ئەوکاتدا، نەك هەر پەراوێز خرابوو بەڵکو دژایەتیش دەکرا[2].

لەو بارەیەوە فەرەیدون عەبدولقادر لەسەر وازۆکردنی ڕێکەوتنەکەیان لەگەڵ ئێراندا دەڵێت: "لێرە بەدواوە پەیوەندیمان زۆر کوك بوو، بەڵام کاتێ گەڕاینەوە بۆ بنکەکانمان لەدۆڵی جافەتی، بە یەکترمان دەوت: بەڕاستی کورد بەدبەختە. هەموو دنیا پشتی عێراق دەگرێت لەدژی ئێران، کەچی ئێستا ئێمە بڕیارمانداوە پشتی ئێران بگرین لەدژی عێراق"[3]. هەروەها ئەرسەلان بایز دەڵێت: "شیاوی باسە ئێمە ئەو سەردەمە واتە کورد دژی (تیاری تاریخ) بووین، چونکە بەشی زۆری جیهان‌و دەوڵەتانی عەرەب‌و ناوچەکە لەگەڵ ئەوە بوون ئێران بشکێ. بەرژەوەندی ئێمەش ئەوەبوو عیراق بشکێ. ئەو (معادلە)یە سەرەنجام بەزەرەری کورد تەواوبوو"[4].

بەڵام یەکێتی خۆی بە ناچار دەبینی، چونکە لە ناوچەیەکی داخراودا بوو، پێویستی بە پاڵپشتی هەبوو بۆ درێژەدان بە شەڕو خەبات دژی ڕژێمی بەعسی سەدام، بۆیە نەوشیروان مستەفا دەیوت: "هیچ ڕێگایەك نەبوو خۆراك‌و ئازووقەی لێوە بگاتە ئێمە، هیچ یارمەتیەك نەبوو بۆ بریندارەکانمان، هیچ ڕێگەیەکیش نەبوو بۆ دەرەوەی ئەو ناوچەیەی کە ڕزگارمان کردبوو. لە بەر ئەوە ئێران پەنجەرەی ئێمە بوو بۆ جیهان"[5].

هەروەها یەکێتی لە چەند لایەکەوە لە شەڕدا بوو، بۆیە نەیدەویست لەوکاتەدا دژایەتی هەردوو دەوڵەتی دوژمن بەیەك بکات، بەڵکو دەیویست سوود لە شەڕی نێوانیان وەربگرێت[6].

([1]) کریس کۆچێرا: بزوتنەوەی نەتەوەیی....، ل79.

([2]) فایەق گولپی: س. پ، ل441.

([3]) وەرگیراوە لە یوست هیلتەرمان: س. پ، ل ل123- 124.

([4]) ئەرسەلان بایز ئیسماعیل: ڕۆژانی سەخت، بەرگی دووەم، چاپخانەی ڕوون، سلێمانی 2005، ل103.

([5]) وەرگیراوە لە میدڵ ئیست ووچ: س. پ، ل97.

([6]) ڕێباز: س. پ، بەشی یەکەم‌و دووەم، ل306.

پارتیو (حشع) ڕەخنەیان لە خاڵەکانی ڕێکەوتنی یەکێتیو ئێران، بەتایبەتی لە ئاسانکاری بۆ هاتنی پاسدارو ئەنجامدانی ئۆپەراسیۆنی هاوبەش لەگەڵیاندا دەگرت، بەڵام (پ. د. ك)یش بە هەمانشێوە لە پایزی 1987دا پاسداری بۆ ناوچەی بادینان برد[1].

کۆماری ئیسلامی ئێرانیش لەلای خۆیەوە چەند مەبەستو ئامانجێکی هەبوو لە دروستکردنی پەیوەندی لەگەڵ یەکێتیو پارتە کوردیەکانی تردا بەگشتی، کە بریتی بوون لە:

1. پەرتەوازەکردنو بڵاوەپێکردنی هێزەکانی دوژمن بە درێژایی سنورەکانی لەگەڵ عێراقدا.
2. کۆنترۆڵکردنی گروپە نەیارو دژەکانی کۆماری ئیسلامی ئێران.
3. ئاسانکاری لە دۆزینەوەو شارەزابوونی ناوچەکان بۆ بەرپاکردنی هێرش.
4. ئەنجامدانی چالاکیو هێرشی هاوبەش دژی ڕژێمی عێراق[2].

ئەگەر لە بەندەکانی ڕێکەتننامەی نێوان ئێرانو یەکێتیو مەبەستو ئامانجەکانیان ورد بینەوە، دەبینین کە زیاتر لە بەرژەوەندی ئێراندا بووە نەك کورد، ئەوەش ئاساییە، چونکە ئێران دەوڵەتو لایەنێکی بەهێزتر بوو لە یەکێتی، بۆیە زیاتر مەرجەکانی خۆی دەسەپێنێت.

لەلایەکی ترەوە هێزە ئۆپۆزسیۆنە کوردەکانی ئێران، بەردەوام چ لە ناوخۆ یاخود دەرەوەی سنورەکانی ئێراندا، چالاکیو جوڵانی هێزەکانی ئێرانیان سنوردار دەکرد، بەڵام دەیتوانی تاڕادەیەکی باش پێکدادانو ڕووبەڕوونەوەکانی هێزەکانی ئێرانو پارتە ئۆپۆزسیۆنەکانی کوردانی ڕۆژهەلات، بەهۆی هاوکاری کوردانی باشوری کوردستانو بەهێزبوونی دەسەڵاتی ئێران بەسەر سنورو دەرەوەی سنورەکانی ئێراندا، بە ئاسانی چارەسەر بکات[3].

لە ساڵی 1986دا جەنگی عێراق– ئێران، لە لوتکەی توندوتیژیدا بوو، ڕژێمی عێراق گرەنتی لە وڵاتانی ڕۆژئاوا وەرگرتبوو کە ڕێگە نادەن بروخێتو ئێران بەسەریدا سەربکەوێت، ئەوەش پاڵی بە کاربەدەستانی ئێرانەوە نا چاو بە پەیوەندییەکانیاندا

([1]) کریس کۆچێرا: س. پ، ل78.

([2]) سعید محمد پور: م. پ، ص ص88- 89.

([3]) هـ. م، ص89.

لەگەڵ هەندێ لایەنی ئۆپۆزسیۆنی عێراقیدا بگێڕنەوە، بە باشکردنی پەیوەندییەکانیان لەگەڵیاندا، بۆ پێویستی ڕووبەڕووبوونەوەی ڕژێمی عێراق[1].

هەروەها یەکێتی لەو کاتەدا بوو بوو بە هێزێکی بەهێزو ئێران پێویستی پێی هەبوو، ئێران گرنگی یەکێتی‌و ڕۆڵی لە خەباتو تێکۆشانی دژی ڕژێمی عێراق بۆ دەرکەوت، بەتایبەتی دوای گواستنەوەی ئەو هەموو چەکو تەقەمەنی‌و چەکە قورسانەو لێدانو تەقاندنەوەی هەندێك لە کێڵگە نەوتیەکانی کەرکوك لە یەك شەودا[2].

لەگەڵ ئەوەی لەساڵی 1986دا ئێران توانی دەست بەسەر نیمچەدوورگەی (فاو)ی عێراقدا بگرێت[3]،بەڵام لە هێرشەکانیدا لە ناوەڕاستو باشوری عێراق تووشی شکستی گەورە دەبووەوە، ئەگەر سەرکەوتنیشی بە دەستبهێنایە هەزاران کوژراو و بریندار، زیانی مرۆیی لێدەکەوت، بەهۆی بەکارهێنانی چەکی کیمیایی لەلایەن حکومەتی عێراقەوە کە مەترسی لەناو هێزەکانی ئێراندا دروست کردبوو، بەوەش ئێران گەیشتە ئەو ڕاستیەی کە ناتوانێت پێشڕەوی زیاتر بکاتو بە تەنیا بتوانێت عێراق بڕوخێنێت،[4].

بۆیە ئێران دەیویست بە هاوکاری یەکێتی شەڕی لەگەڵ عێراق فراوانتر بکات، و بە پێدانی چەكو تەقەمەنی‌و کۆمەکی دارایی بە هێزی پێشمەرگە بەرەیەکی نوێی شەڕ لە باکور بکاتەوە، تاوەکو بتوانێت سوپای عێراق لە کوردستان سەرقاڵ بکاتو سوپای ئێرانیش لە باشور هێرش بکاتە سەر ئەو شوێنو ئامانجانەی کە خۆی دەستنیشانی دەکاتو مەبەستیەتی[5].

دواجار دوای ئەوەی پەیوەندیەکانی ئێرانو یەکێتی چەندین هەورازو نشێوی بڕی، بە هەمان شێوەی پارتی کە لە سەرەتای هەڵگیرسانی جەنگی عێراق– ئێرانەوە هاوپەیمانی ئێران بوو، یەکێتیش لە بەرژەوەندی ئێران یەکلایی بوەو بوو بە هاوپەیمانی ستراتیجی ئێران[6].

([1]) سالار اوسی: م. س، ص115.

([2]) م. ن، ص116؛ چاوپێکەوتن لەگەڵ موحسین عەلی ئەکبەر.

([3]) نیفین عبدالمنعم مسعد: م. س، ص215.

([4]) ڕێباز: س. پ، بەشی یەکەمو دووەم، ل379.

([5]) هـ. س، ل379.

([6]) سعید محمد پور: م. پ، ص87.

بەوەش یەکێتیو پارتی کەوتنە هاوکاریکردنی ئێرانو کاریگەری هەبوو لەسەر پێشکەوتنو فراوانبوونی چالاکیەکانی قەرارگای ڕەمەزانو لە ماوەیەکی کورتدا چالاکی هەوالگریو پارتیزانی لەلایەن ئەو پارتانەوە لە قوڵایی خاکی عێراقدا دەستی پێکرد[1].

بەوەش لە ساڵی 1986 بە دواوە هێزەکانی باشووری کوردستان بەگشتی بوونە هاوپەیمانی کۆماری ئیسلامی ئێرانو لەگەڵ سوپای پاسداراندا چەندین شەڕی هاوبەشیان دژی سوپای عێراق ئەنجامدا، بە بەرەوپێشبردنی هاوکارییە سەربازییەکانی نێوانیان، بە شێوازی ئاشکراو نهێنی چەند بنکەی سوپای پاسدارانی ئێران لە ناوچەکانی باشووری کوردستاندا کرایەوە[2]، بۆیە لەو ساڵە بەدواوە ناوچەکانی باشووری کوردستان بوون بە گۆڕەپانی جەنگی عێراق– ئێران[3].

چالاك بوونی قەرارگای ڕەمەزانو سەرکەوتنی هێرشو چالاکیەکانی (فەتح) و یەکخستنی هێزە ئۆپۆزسیۆنەکانو ئەنجامدانی ئۆپەراسیۆنی هاوبەش لە قوڵایی خاکی عێراقدا، و لەژێر یگەری کارو ڕاپۆرتەکانی قەرارگای ڕەمەزاندا، بۆ گورز وەشاندن لە سوپای عێراق لە بەرەکانی ترەوە، لەلایەکی تر لە ئاکامی بێ ئەنجام بوونی هێرشو ئۆپەراسیۆنەکانی ئێران لە بەرەکانی باشووردا، و گەڕان بە دوای سەرکەوتندا، وێڕای بوونی ناوچەی ستراتیجی وەك کەرکوكو لە پێناو دەست گەیشتنیان بە نەوتی باکورو ڕێگای باکوری عێراقدا، بوونە هۆی گۆڕینی ستراتیجی هێرشو چالاکیەکانی ئێران لە باشورەوە بۆ باکوری ڕۆژئاوای ئێران بە کردنەوەی بەرەی شەڕ لە باشوری کوردستاندا[4].

بۆیە قەرارگای ڕەمەزان لە ماوەی ساڵانی 1986– 1988دا بە هاوبەشی لەگەڵ پارتە نەیارە کوردییەکانی عێراق لە باشووری کوردستان چەندین ئۆپەراسیۆنی ناڕێکخراوی بە ناوەکانی (فەتحو ظفر) ئەنجام دا[5].

---

(1) هـ. م، ص87.

(2) فایەق گوڵپی: س. پ، ل437.

(3) سابیر کۆکەیی: س. پ، ل217؛ هادی علی: الشعب الکردی و السیاسات الدولیة فی القرن العشرین، کوردستان نموذجا، دراسة تحلیلیة ناقدة، مطبعة سیما، سلیمانیة، 2008، ص146؛ فایەق گوڵپی: س. پ، ل440.

(4) سعید محمد پور: م. پ، ص ص91- 93.

(5) هـ. م، ص98.

جەلال تاڵەبانی لە کاتی بەڕێکردنیدا بۆ ئێران بۆ واژۆکردنی ڕێکەوتننامەکە مژدەی ئەوە بە کۆمەڵێك لە پێشمەرگەکان دەداتو دەڵێت: "برادەرینە مژدەتان ئەدەمێ ئاگری ئەم نەورۆزە لە کەرکوك ئەکەینەوە"[1]. یەکێتی لەلای خۆیەوە ئامادەی هەموو هاوکارییەك بوو لەگەڵ ئێراندا، هەندێك لە بەرپرسانی باڵای ئەو پارتە دەیانوت: ئەمجارە یان سەردەکەوین یان بە تەواوی شکست دێنین[2]. ئەوەش گەشبینی یەکێتی بەو ڕێکەوتنەی لەگەڵ ئێراندا دەردەخات.

دوای واژۆکردنی ڕێکەوتننامەی لەگەڵ ئێراندا، جەلال تاڵەبانی لە نامەیەکیدا بۆ ئەحمەد بانیخێلانی دەنووسێت: "ئەوە یەکەمین جارە لە نێوان دەوڵەتێکی گەورەی وەك ئێرانو جولانەوەیەکی ڕزگاریخوازی وەك ئێمەدا ڕێکەوتننامەیەکی رەسمی بەو شێوەیە ئیمزا بکرێو بڵاو بکرێتەوە"[3]، هەروەك فەرەیدون عەبدولقادر دەڵێت: "ئێمە وەك دوو دەوڵەت ڕێککەوتنامەی رەسمیمان ئیمزا کردووە، پێنج هەزار کلاشینکۆفمان لێوەرگرتوونو قەولەچەکی قورسو دەزگای تریشمان بدەنێ، هەر ناوچەیەکیش بگرن تەسلیمی ئێمەی دەکەن"[4].

وەك دەبینین ئێرانیەکان هاوکاری سەربازی بەرچاویان پێشکەشی یەکێتی کرد، وەك: هاوەنی 80 ملیمو 120 ملیم، تۆپی 105ملمو جۆرەها موشەکی (سام7و سەقەرو دژەتانك) و کاتیۆشایان وەرگرت، وێڕای هەزاران چەکی جۆراوجۆر، هەروەك ئێران بە نیاز بوو (تانك)یشیان پێبدات، بەوەش یەکێتی فراوانترین هاوپەیمانی لەگەڵ ئێراندا گرێدا[5].

دوای ئەنجامدانی هەردوو ئۆپەراسیۆنی فەتحی (1و2) بە هاوبەشیو هاوکاری لە نێوان قەرارگای رەمەزانو یەکێتداو کاتێك حکومەتی عێراق بۆی دەرکەوت کە کۆماری ئیسلامی ئێرانو (ی. ن. ك) لە ڕووی سەربازییەوە بە هەموو شێوەیەك ڕێکەوتوون، بە خێرایی کەوتە هەوڵو تەقەلا بۆ بەرتەسك کردنەوەو گرتنی ناوچە ئازادکراوەکانی ژێر دەسەڵاتی شۆڕشو کردنەوەی ڕێگای قەیوانو هەوڵدان بۆ گرتنەوەی دۆڵی سەفرەو

([1]) وەرگیراوە لە ئاوات قارەمانی، س. پ، 269.

([2]) وەرگیراوە لە سابیر کۆکەیی: س. پ، ل232؛ پشکۆ نەجمەدین: ئەزموونو یاد، ل290.

([3]) وەرگیراوە لە ئەحمەد بانیخێلانی: س. پ، ل543.

([4]) وەرگیراوە لە هـ. س، ل549.

([5]) کریس کۆچێرا: بزوتنەوەی نەتەوەیی....، ل ل77- 78.

زەروون لە ناوچەی ماوەت تا گردەڕەش لەسەر سنوری عێراق– ئێران، بۆ ئەوەی ڕێگری بکات لە پەیوەندی ئێرانو یەکێتیو هاتنی ئێران بۆ ناو قوڵایی خاکی عێراق[1].

لە ئەنجامدا حکومەتی عێراقی بە بەشداری هێزێکی زۆری سوپاو گاردی کۆماری بە سەرپەرشتی خودی (سەدام حسێن) توانیان لە ماوەی (100) ڕۆژدا زۆربەی بەرزاییەکانی ئەو ناوچانە بخەنە ژێر دەسەڵاتی خۆیانەوە، بەتایبەتی بە گرتنی (گردەڕەش)[2] و سەفرەو زەروون کۆتایی بە هێرشەکەی هێنا، چونکە ئەو خەتەی زۆر لا مەبەست بوو لەبەر ئەوەی تاکە ڕێگای پەیوەندیو هاتووچۆی نێوان ئێرانو باشوری کوردستان بوو[3]، ئەوەش بوو، بەهۆی ئەوەی پەیوەندی قەرارگای ڕەمەزانو پارتە کوردییەکانی نەیاری ڕژێمی سەدام حسێن لە ناوچە ئازادکراوەکاندا کەمبێتەوە، بەوەش حکومەت توانی ئامانجەکانی خۆی بەدەست بهێنێت[4]. کە ئەوەش بە شەڕی (قەیوان– ماوەت) ناسراوە، بەڵام لە ماوەی ئەو سێ مانگەدا ئێران کە هاوپەیمانی یەکێتی بوو، دژی سوپای عێراق هیچ هاوکارییەکی نەکرد، تەنانەت یەك گوللە تۆپیشی بە هێزەکانی عێراقدا نەدا[5].

دوای لێدانی بیرە نەوتەکانی کەرکوك فەتحی (1)، لە ساڵی 1987و 1988دا، یەکێتیو ئێران چەندین چالاکی هاوبەشی تریان پێکەوە ئەنجام دا، ئەوەبوو بڕیاریان دا لە شەوی 10-1987/2/1 لە سنوری مەڵبەندی سێی یەکێتی چیای کۆڕەكو فەوجی ئاکۆیانو ڕەبایەکانی دەوروبەری بگرن، هەرچەندە بەفرو بارانێکی زۆر بوو بەڵام لەسەر پێداگری ئێرانیەکان کارەکە ئەنجام درا، ئامانجی ئێرانیش لەوەدا ئەوە بوو لە ساڵڕۆژی سەرکەوتنی شۆڕشی ئێراندا چالاکیەك ئەنجام بدەن، ئەوە بوو لە بەیانی ڕۆژی 11شوباتدا ئێران لە ئێزگەی تارانەوە بە زیادەڕۆییەوە هەواڵەکەی بڵاو کردەوەو ڕایگەیاند کە شەوی ڕابردوو ڕەزمەندەگانی ئیسلام بە هەزاران ئەفرادی سەدامیان کوشتو بریندار کرد[6].

([1]) ڕێباز: س. پ، بەشی یەکەمو دووەم، ل383؛ مرکز مطالعات و تحقیقات جنگ سپاه پاسداران انقلاب اسلامی: شلمچه تا حلبچه سیری در جنگ ایرانو عراق، جلد چهارم، چاپ اول، چاپ پژمان، 1376، ص ص172- 173. (لەمە بەدواوە بە شلمچه تا حلبچه ئاماژەی پێدەکەین لە پەراوێزەکاندا).

([2]) شلمچه تا حلبچه، ل173

([3]) ئاوات قارەمانی: س. پ، ل281.

([4]) شلمچه تا حلبچه، ل173.

([5]) ڕێباز: س. پ، بەشی یەکەمو دووەم، ل385.

([6])ڕێباز: س. پ، بەشی یەکەمو دووەم، ل398.

بـە گرتنەبـەری سـتراتیجی نـوێ لـە لایـەن ئێرانـەوە، قـەرارگای ڕەمـەزان لەگـەڵ بەکارهێنانی هێزەکانی ئۆپۆزسیۆن، کارەکانی خۆی لە چەند بوارێکی تردا چڕ کردەوە، یەکێك لەو بوارانە ئەنجامدانی چالاکی ڕێکخراو و نارێکخراو یـان هاوبـەش بـوو پێکـەوە، ئۆپەراسـیۆنی (فـەتحی 5) و (کەربـەلای 10) یەکـەمین ئـەزموونی چـالاکی هاوبـەش، ڕێکخراو و نا ڕێکخراوەکان بوو لە بەرەی جەنگدا[1]، بۆ ئەنجامدانی ئەو کارەش پێشتر لە کۆبوونەوەیەکدا لە 1987/3/24 لە نێوان فەرماندەی قەرارگای ڕەمەزان (محەمەد باقر زولقەدر) و جەلال تاڵەبانی لە بارەگای قەرارگای ڕەمەزان (فەتح) لە یاخسەمەر لەو بارەیەوە گفتوگۆیان کردبوو و بڕیاریان لێدابوو و ناوچەکانیان لە نێوان خۆیاندا دابەش کردبوو[2].

ئەو ئۆپەراسیۆنە هاوبەشە کە لەلایەن یەکێتیەوە بە "داستانی ڕزگاری" ناو نرابوو، لە ناوچـەی شارۆچـکەی چـوارتای نزیـك بارەگـای سـەرکردایەتی یـەکێتی، بـە سەرپەرشـتی ڕاستەوخۆی جەلال تاڵەبانی لەلایەن یەکێتیو بە هاوکاریو هەماهەنگی ڕاستەوخۆ لەگەڵ (محەمەد باقر زولقەدر) و (عەلی شەمخانی)* لەلایەن ئێرانەوە بوو[3].

بـۆ ئـەو مەبەسـتە بڕیـار بـوو لـە 1987/4/13دا هێزێکـی هاوبەشـی پێشـمەرگەو پاسـداران، لـە قۆنـاغی یەکەمـدا ناوچـەی شـارباژێر ئـازاد بکرێـتو لـە قۆنـاغی دووەمـی شەڕیشدا شاری سلێمانی ئازاد بکرێت[4]. بـۆ جێبـەجێکردنی قۆنـاغی یەکـەمی شـەڕەکە، ناوچـەکان لـە نێـوان هێـزی پێشـمەرگەو سـوپای پاسـداراندا دابـەش کـران، بڕیـار بـوو هێزەکانی یـەکێتی (خەجـە لـەرزۆك، کـورەنگ، قـەیوان، دوو بـرا، بـاڵخ، حەسـەن بـەگ، ولاغلو، لوتکەی گۆچار، ئەزمەڕ، گۆیژەو بەشێك لە دۆڵی سەفرەو زەروون) لـە هێزەکـانی

---

[1] سعید محمد پور: م. پ، ص95.

[2] هاشمی رفسنجانی: دفاعو سیاست کارنامەو خاطرات سال 1366، چاپ اول، چاپو صحافی اوام، تهران، ص48.

* عەلی شەمخانی: لە ساڵی 1955 لە شاری ئەهواز لە هەرێمی خوزستان لە خێزانێکی بە ڕەچـەڵەك عـەرەب لەدایك بووە، کشتوکاڵی خوێندووە، پاشان بڕوانامەی ماستەری لە کاروباری سـەربازیو دانەیـەکی تـری لـە بەڕێوەبردندا بەدەستهێناوە، ڕۆڵێکی بەرچـاوی بینیـوە لـە سـەرکوتکردنی جوڵانـەوەی ئۆپۆزسـیۆنی شۆڕشـی ئیسلامیدا لە ساڵی 1979دا، لـە جـەنگی عێـراق- ئێرانـدا چـەند پۆسـتێکی سـەربازی وەرگرتـووە، وەك فەرماندەی هێزە سەربازییەکان لە هەرێمی خوزسـتانو پاشـان فەرمانـدەی هێـزە دەریاییـەکان، لـە سـاڵانی 1997- 2005 وەزیـری بـەرگری ئێـران بـووە.(موقـع هـدی الاسـلام www.hadielislam ؛ http://ar.wikipedia.org).

[3] نەوشیروان مستەفا ئەمین: لە هاوخەباتیەوە بۆ تەخوین، ل62.

[4] فایەق گوڵپی: س. پ، ل437.

ڕژێمی عێراق پاك بكەنەوە[1]، ئەوەش لەلایەن كۆماری ئیسلامی ئێرانەوە وەك جەنگی ناڕێكخراو ناو نرابوو (فەتحی 5)[2].

هاوكات سوپای پاسدارانی ئێرانیش (ماوەت‌و چوارتا) بگرێت‌و ناوچەی شاربازێڕ لە دەستی هێزكانی عێراق ئازاد بكرێت[3]. ئەوەش وەك جەنگی ڕێكخراو كۆماری ئیسلامی ئێران ناوی نا ئۆپەراسیۆنی (كەربەلای 10)، كە لە 14- 1987/4/25ی خایاند[4].

ئەوە بوو لە شەوی 13- 1987/4/14دا هێرشی هێزی پێشمەرگە لە هەموو لایەكەوە بۆ ئەو شوێنانەی بۆیان دەستنیشان كرابوو دەستی پێكرد[5]، لەو شەوەداو لە ماوەی (2) كاتژمێردا هەموو ئەو ناوچانەی بۆ هێزی پێشمەرگە دانرابوو، تا جادەی ئەزمەڕ ئازاد كراو دەست بەسەر نزیكەی (120) ڕەبایەو سەربازگەدا گیرا، واتە هەموو ئەو ناوچانەی سوپای عێراق لە ماوەی سێ مانگدا، لە شەڕی (قەیوان- ماوەت)دا گرتبووی، هێزی پێشمەرگە لەو شەوەدا هەمووی گرتەوە[6].

هەروەك پلانەكەش بەو شێوەیە داڕێژرا بوو، دوای ئەوەی تیپەكانی پێشمەرگەی یەكێتی ئەو بنكەو ڕەبایانەی بۆیان دانراوە لە چیای ئەزمەڕ دەیگرن، لە بورجەكەی ئەزمەڕ یەك بگرنەوەو چاوەڕێ بكەن تا كاتژمێر (4)ی بەیانی تانكەكانی سوپای ئێران ناوچەكەیان لێ وەردەگرن‌و ئەوان بگەڕێنەوە، ئینجا ئێرانیەكان دەست بەسەر شاری سلێمانی تا بانی مەقاندا بگرن‌و پارێزگای سلێمانی ڕادەستی یەكێتی بكەن[7].

لەو ئۆپەراسیۆنە گەورەیەی (داستانی ڕزگاری)دا زیاتر لە (100) كەس لە هێزەكانی پێشمەرگە كوژرا، هەرچەندە گورزێكی كوشندە لە هێزەكانی حكومەتی عێراقی درا، بەڵام

([1]) ڕێباز: س. پ، بەشی یەكەم‌و دووەم، ل403؛ ڕزگاری، ژمارە (19) نیسانی 1987، ل1. ڕزگاری: ڕۆژنامەیەكی مانگانەی دەنگی یەكێتی شۆڕشگێڕانی كوردستان بووە، 25 ژمارەی لێ دەرچووە، ژمارە 1ی لە ئابی 1985و دوا ژمارەشی لە كانونی دووەمی 1988دا دەرچووە.

([2]) هاشمی رفسنجانی: دفاع‌و سیاست، ص66؛ عملیات فتح 5،
http://www.ashoora.ir/defae-moghadas/karname-amaliat/fath-5/menu-id-32

([3]) ڕێباز: س. پ، بەشی یەكەم‌و دووەم، ل403.

([4]) هاشمی رفسنجانی: دفاع‌و سیاست، ص ص48، 66؛ سپاه پاسداران انقلاب اسلامی. مركز اسنادو تحقیقات دفاع مقدس: كردستان در جنگ چد شورش گری‌و دفاع مقدس، چاپ اول، چاپ عقیلی، تهران، 1390، ص142.

([5]) ڕێباز: س. پ، بەشی یەكەم‌و دووەم، ل403؛ یوست هیلتەرمان: س. پ، ل128.

([6]) ئاوات قارەمانی: س. پ، ل291.

([7]) سابیر كۆكەیی: س. پ، ل ل230- 231، 234.

سوپای عێراق توانی لە ماوەیەکی کەم، لە نزیکەی هەفتەیەکدا ناوچەکان داگیر بکاتەوە، جگە لەوەی ڕژێمی عێراق چەندین جار چەکی کیمیایی بەرامبەر گەلی کورد بەکارهێنا، دواجار نەتوانرا ئەو ئامانجانە بهێننە دی کە هەڵمەتەکەی لە پێناودا ئەنجام درابوو[1].

چونکە ئێران بە ئەرکی خۆی هەڵنەستا بۆ گرتنی ئەو ناوچانەی بۆیان دیاری کرابوو و هێرشیان نەکردە سەر شارۆچکەی چوارتاو ماوەت و هیچ پاڵپشتیەکیشی لە هێزی پێشمەرگە نەکرد[2]، وەك لە ئێزگەی دەنگی گەلی کوردستانەوە ڕاگەیەندرا: "هێزەکانی بەعس هێرش دەکەنەوە، ئێرانیەکان، بەڵێنەکانیان بەجێ ناهێنن و وەك بڕیارە کۆمەکی هێزەکانی یەکێتی ناکەن و بەشدارییەکی جیدی شەڕەکان نابن، دەوڵەت، زۆربەی شاخ و بەرزاییەکان دەگرێتەوە"[3].

پێشتر ئێرانیەکان بەڵێنی ئەوەیان بە یەکێتی دابوو، بە هەلیکۆپتەری جەنگی تەقەمەنی و چەکی قورس و خواردەمەنی و داوو دەرمان و پێداویستیەکانی پێشمەرگە بۆ گوندی سەرگەڵو لە دۆڵی جافایەتی بنێرن، بێجگە لەوەش لە کاتی هێرشەکانیشدا بە هەلیکۆپتەر خواردن و تەقەمەنی بۆ هێزی پێشمەرگە فڕێ بدەنە خوارەوە[4]، بۆ ئەوەش جەلال تاڵەبانی بە هێزەکانی پێشمەرگەی ڕاگەیاندبوو، کە قوماشی سور پەیدا بکەن و وەك ئاڵا بەرزی بکەنەوە، چونکە هەلیکۆپتەرەکانی ئێران ئازوقەو تەقەمەنیتان بۆ فڕێ دەدەن، ئەگەر وانەکەن نازانێت هێزی پێشمەرگە لە کوێیە. لەگەڵ ئەوەی ئێران ئەو بەڵێنەی دابوو، بەڵام بەهیچ شێوەیەك جێبەجێی نەکرد[5].

لە هەمانکاتدا یەکێك لە ئامانجەکانی سوپای پاسداران لێدانی پارتە کوردییەکانی ئۆپۆزسیۆنی ئێران بوو، بۆ ئەو مەبەستەش لە ناکاو هێرشیان کردە سەر بنکەکان و بارەگای سەرکردایەتی (حدکا) لە گوندەکانی گەڕەدێ و گەورەدێ و تۆپبارانیان کردن[6].

([1]) ڕێباز: س. پ، بەشی یەکەم و دووەم، ل405، 407.

([2])ڕێباز: س. پ، بەشی یەکەم و دووەم، ل406؛ فایەق گوڵپی: س. پ، ل437.

([3]) پشکۆ نەجمەدین: ئەزموون و یاد، ل309.

([4]) سابیر کۆکەیی: س. پ، ل231.

([5]) ڕێباز: س. پ، بەشی یەکەم و دووەم، ل403.

([6]) هـ. س، ل406.

هەموو ئەوانەش بوونە هۆی ئەوەی قۆناغی دووەمی شەڕەکە کە بریتی بوو لە گرتنی شاری سلێمانی جێبەجێ نەکرێت،[1] لە ئەنجامی ئەو بێ بەڵێنیانەی ئێرانیشدا، لەوە بەدواوە لەلایەن پێشمەرگەوە بە چاوی گومانەوە تەماشای هاوکاریو هاوپەیمانی لەگەڵ ئێراندا دەکرا[2].

لە هێرشی پێچەوانەی عێراقدا بۆ گێڕانەوەی ئەو ناوچانەی لە "داستانی ڕزگاری" لەدەستی دابوو ، لە ڕۆژی 15ی نیسان*دا لە تۆپبارانکردنی دۆڵی جافایەتیدا بۆ یەکەمجار لە کوردستاندا چەکی کیمیایی بەکارهێنا[3]، و لە ڕۆژی 16ی نیسانی 1987دا هێزەکانی حکومەتی عێراقی بە شێوەیەکی سەرەکیو بە چڕی چەکی کیمیایی بەرامبەر ژمارەیەك گوند لە دۆڵی بالیسان بەکارهێنا، کە بارەگای مەڵبەندی هەولێری یەکێتی لێبوو[4].لەوە بەدوا بەردەوام بوو لە بەکارهێنانی ئەو چەکەدا، بە شێوەیەك لە ماوەی نێوان، 1987/4/15 -1988/8/2دا ڕژێمی عێراق (25) جار بەتوندی چەکی کیمیایی لە ناوچە جیاوازەکانی کوردستاندا بەکارهێنا[5].

دوای ڕاپەڕینی دەڤەری شارەزوورو هەڵەبجە لە 13ی مایسی 1987دا، و سەرکوتکردنی لەلایەن هێزەکانی ڕژێمی عێراقەوە، خەڵکێکی زۆرو ژمارەیەك لە مامۆستاو زانایانی ئایینی هەڵەبجە کە بەشداریو ڕۆڵیان لە ڕاپەڕینەکەدا هەبوو وەك شێخ عوسمان عەبدولعەزیزو مەلا عەلیو چەند مامۆستایەکی تر، ئاوارەی ئێران بوون[6]، لەسەر سنور لەلایەن بەرپرسانی بزوتنەوەی پەیوەندی ئیسلامیو کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامی

([1]) فایەق گوڵپی: س. پ، ل437.

([2]) ڕێباز: س. پ، بەشی یەکەمو دووەم، ل406.

* ڕایەکی تر هەیە لەسەر ئەوەی کە بۆ یەکەمجار لە 1987/3/14 چەکی کیمیایی لە گوندی شێخ وەسانان بەکارهێنراوە. (جاسم خۆشناو: س. پ، ل177).

([3]) کامەران قەرەداغی: س. پ، ل409؛ یوست هیلتەرمان: س. پ، ل128.

([4]) یوست هیلتەرمان: س. پ، ل130.

([5]) جاسم خۆشناو: س. پ، 233.

([6]) محمد حاجی محمود: ڕۆژ ژمێری پێشمەرگەیەك باسی ڕووداوەکانی (20) ساڵی خەباتی شۆڕشی نوێی گەلەکەمان دەکات 1976- 1996، بەرگی سێ یەم، 1987- 1991، چاپی یەکەم، چاپخانەی تیشك، سلێمانی، 2001، ل ل31-33.

ئێرانەوە پێشوازییەکی گەرمیان لێدەکرێتو چەند ئۆردوگایەکیان بۆ دەکرێتەوەو هەندێك لەو زانایانەش دەچنە شارەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان[1].

پاشان بە مەبەستی ئەنجامدانی کاری هاوبەش لە حوزەیرانی 1987دا لە شاری (سنە) لە ماڵی شێخ محەمەد بەرزنجی، بە بەشداری بەرپرسانی بزوتنەوەی پەیوەندی ئیسلامیو زانایانی کۆچکردوو کۆبوونەوەیەك ئەنجام دەدەنو تیایدا ناوی (بزوتنەوەی پەیوەندی ئیسلامی کوردستانی عێراق)، بە لابردنی وشەی (پەیوەندی) دەگۆڕن بۆ (بزوتنەوەی ئیسلامی لە کوردستان/ عێراق)، و لە شوێنی شێخ عەبدوللەتیف، شێخ عوسمان عەبدولعەزیز بە ڕابەر دەستنیشان دەکرێت، بەوەش بزوتنەوەی ئیسلامی دەبێتە درێژەپێدەری بزوتنەوەی پەیوەندی ئیسلامی[2].

لە تەمموزی 1988 دا وەفدێکی بزوتنەوەی ئیسلامی بە سەرکردایەتی شێخ عوسمان سەردانی بەرپرسانی کۆماری ئیسلامی ئێران دەکەنو چاویان بە هەریەك لە هاشمی ڕەفسەنجانی و عەلی خامنەئی و موحسین ڕەزایی دەکەوێتو پرۆژەیەکی (10) خاڵیان پێشکەش دەکەن، لایەنی بەرامبەریش بەڵێنی هەموو هاوکاریو یارمەتیەکیان پێدەدەن[3].

لەگەڵ گۆڕانی بزوتنەوەی پەیوەندی بۆ بزوتنەوەی ئیسلامیو فراوان بوونو گەورەبوونیدا، کۆمەکیو هاوکارییەکانی ئێرانیش بۆیان زیاتر دەبێتو پەیوەندییەکانی نێوانیان زیاتر بەرەو پێش دەچێت[4]، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا بزوتنەوەی ئیسلامی هیچ چالاکیو ئۆپەراسیۆنێکی هاوبەش لەگەڵ هێزەکانی ئێراندا ئەنجامنادەن[5].هەرچەندە بەرپرسی قەرارگای ڕەمەزان (محەمەد باقر زولقەدر) داوایان لێدەکات لەگەڵ خۆیاندا پاسدار بۆ باشوری کوردستان بێنن، بەڵام ڕەتیدەکەنەوە[6].

([1]) حەسەن بابەکر: هەورازو نشێو کەمێك لەوەی لەبیرمە لە جموجوڵی ئیسلامی لە کوردستانی عێراق دا 1983- 1991، چاپی یەکەم، چاپخانەی سیما، سلێمانی، 2011، ل104؛ چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ شێخ محەمەد بەرزنجیو عەبدولڕەحمان نەورەسی.

([2]) ئیدریس سیوەیلی: ڕەوتی ئیسلامی...، ل ل171، 173؛ چاوپێکەوتن لەگەڵ شێخ محەمەد بەرزنجیو عەبدولڕەحمان نەورەسی؛ بەیاننامەی بزوتنەوەی ئیسلامی لە کوردستانی عێراق، بڕوانە پاشکۆی ژمارە (15).

([3]) محمد حاجی محمود: س. پ، بەرگی سێیەم، ل52؛ ئیدریس سیوەیلی: ڕەوتی ئیسلامی...، ل ل171-172؛ چاوپێکەوتن لەگەڵ عەبدولڕەحمان نەورەسی.

([4]) حەسەن بابەکر: س. پ، ل107؛ چاوپێکەوتن لەگەڵ عەبدولڕەحمان نەورەسی.

([5]) چاوپێکەوتن لەگەڵ شێخ محەمەد بەرزنجیو عەبدولڕەحمان نەورەسی.

([6]) فوئاد سدیق: س. پ، بەشی یەکەم، ل118؛ ئیدریس سیوەیلی: لە هەناوی...، ل90.

باسی دووەم: ڕۆڵی ئێران لە پێشهاتەکانی باشووری کوردستاندا:

أ- ڕۆڵی ئێران لە ئاشتبوونەوەی گشتیدا:

لە ڕۆژی نەورۆزی 1984دا لە سورداش لە کۆبوونەوەیەکی جەماوەری بەرفراوان و کەم وێنەدا، جەلال تاڵەبانی وتارێکی خوێندەوەو داوای ئاشتبوونەوەی گشتی کردو بانگهێشتی هەموو لایەنە سیاسیەکانی کوردی کرد تا بەشێوەی سیاسی و ئاشتیانە، لە ڕێی گفتوگۆی هێمنانەوە کێشەو گرفتەکانی نێوانیان چارەسەر بکەن[1].هەروەك وتی: " دەبا نەورۆزی ئەمساڵمان بکەینە نەورۆزی خەباتی سیاسی و شۆڕشگێڕانە بۆ ئاشتبوونەوەی گشتی هێزە سیاسی و چەکدارەکانی کوردستان تا ئەویش بمانگەیەنێت بە ئاشتی و دیموکراسی و ئۆتۆنۆمی ڕاستەقینە"[2].

دوای ئەوە لە تشرینی یەکەمی هەمان ساڵدا، هاوکات لەگەڵ ناردنی وەفدی یەکێتی بۆ ئێران، وەفدێکی یەکێتی نوسەرانی کە پێکهاتبوون لە (شێرکۆ بێکەس، فەرەیدون دارتاش و سامی شۆڕش) بۆ گوندی بارزان بۆ لای سەرکردایەتی لایەنەکانی بەرەی (جود) بۆ ئاشتبوونەوە نارد، بەڵام لایەنەکانی بەرەی (جود) بە هەمان شێوەی ئێران ڕەتیان کردەوە هیچ گفتوگۆیەك بۆ ڕێکەوتن و ئاشتبوونەوە لەگەڵ یەکێتیدا ئەنجام بدەن، تا ئەمەی دووەمیان کۆتایی بە پەیوەندییەکانی و دانوستاندنی لەگەڵ حکومەتی عێراقدا نەهێنێت[3].

هەر لەو سەروبەندەدا لە پایزی 1984دا وەفدێکی تری نوسەران کە پێکهاتبوون لە (حەمەی حەمەباقی، فەرەیدون دارتاش، محەمەد موکری) بۆ هەمان مەبەست سەردانی مەڵبەندی سلێمانی (حشع)یان لە دۆڵی (کەرەژاڵ) کردبوو و نامەیەکی جەلال تاڵەبانی و نامەیەکی مەکتەبی سیاسی (ی. ن. ك)یان بۆ مەکتەبی سیاسی (حشع) گەیاندبووە دەستیان[4].

([1]) وتاری سکرتێری گشتی (ی. ن. ك) لە نەورۆزی 1984، لەسەر (CD) لەلای توێژەرە ؛ ڕێباز: س. پ، بەشی یەکەم و دووەم، ل305؛ نەوشیروان مستەفا ئەمین: خولانەوە...، ل ل31- 32.

([2]) وتاری سکرتێری گشتی (ی. ن. ك) لە نەورۆزی 1984.

([3]) سامی شورش: کردستان والاکراد، ص164.

([4]) فاتح ڕەسول: چەند لاپەڕەیەك...، بەرگی سێیەم، ل415 ل- 416؛ ئەحمەد بانیخێلانی: س. پ، ل506.

کاتێك دانوستاندنی نێوان یەکێتیو حکومەتی عێراق شکستی هێنا، یەکێتی بۆ کۆتاییهێنان بە وتووێژی لەگەڵ حکومەتی عێراقدا بەیاننامەیەکی بڵاو کردەوە[1]. ئەوەش لەلایەن (جود)ەوە پێشوازییەکی گەرمی لێکراو بە سەرەتای ئاشتبوونەوەو ڕێکەوتنیان لەقەڵەم دا[2]، بۆ ئەوەش بەرەی (جود) لە کۆتایی کانونی دووەمی 1985دا بەیاننامەیەکی دەرکرد[3].

دوای کۆتاییهاتنی دانوستاندنی یەکێتیو حکومەتی بەعس، شەوکەتی حاجی موشیر لە 1985/2/1دا نامەیەك بۆ محەمەدی حاجی مەحمود بەرپرسی لقی یەکی (حسك) دەنوسێتو تیایدا دوو پێشنیار دەخاتە بەردەمی. یەکەم: داوای لێدەکات خۆیو برادەرانی لە لقی سلێمانی لەگەڵ یەکێتی یەکبگرنەوەو بێنەوە ناو (ی. ن. ك). دووەم: ئەگەر پێشنیاری یەکەمتان پێ پەسەند نەبوو ئەوا لە نێوان لقی سلێمانی (حسك) و (ی. ن. ك)دا ڕێکەوتننامەیەك بۆ ئاشتیو کۆتاییهێنان بە کێشەو ئاڵۆزییەکان ببەسترێت، پاشان محەمەدی حاجی مەحمود بە نامەیەك وەڵامی شەوکەتی حاجی موشیر دەداتەوەو پێشنیاری دووەم پەسەند دەکاتو ئامادەیی بۆ ئاشتبوونەوەو ڕێکەوتن لەگەڵ یەکێتیدا دەردەبڕێت[4].

پاش ئاڵوگۆڕکردنی چەند نامەیەك لە نێوان هەردوو ناوبراودا بۆ ئەنجامدانی دانیشتنو گفتوگۆ بە مەبەستی ڕێکەوتن، دواجار لە 1985/3/21 یەکەم دانیشتن لە نێوان محەمەدی حاجی مەحمود بەرپرسی لقی سلێمانی (حسك)و شەوکەتی حاجی موشیر لە جیاتی (ی. ن. ك) لە گوندی دۆڵاش لە شارەزوور ئەنجام دەدرێتو هەر هەمان ڕۆژ لە گوندی ئاوگردان ڕێکەوتننامەیەکی ناوچەیی لە نێوان لقی سلێمانیو کەرکوکی (حسك) و مەڵبەندی یەكو دووی (ی. ن. ك)دا واژۆ دەکەنو لەسەر چەند خاڵێك ڕێکدەکەون[5].

([1]) بەیاننامەی کۆمیتەی سەرکردایەتی یەکێتی نیشتمانی کوردستان دەربارەی کۆتایی هێنان بە وتووێژ لەگەڵ حکومەتی عێراقدا، دەق لە فاتح ڕەسول: چەند لاپەڕەیەك...، بەرگی سێیەم، ل ل584- 589؛ ڕێباز: س. پ، بەشی یەکەمو دووەم، ل290؛ نەوشیروان مستەفا ئەمین: خولانەوە...، ل83.

([2]) فاتح ڕەسول: چەند لاپەڕەیەك...، بەرگی سێیەم، ل385.

([3]) بیان الجبهة الوطنية الديمقراطية العراقية (جود) حول وقف المفاوضات بين (اوك) والنظام الديكتاتوري، دەق لە فاتح ڕەسول: چەند لاپەڕەیەك...، بەرگی سێیەم، ل590.

([4]) بۆ دەقی هەردوو نامەکە بڕوانە، محەمەدی حاجی مەحمود: س. پ، بەرگی دووەم، ل ل681- 686.

([5]) محەمەدی حاجی مەحمود: س. پ، بەرگی دووەم، ل236- 243؛ صلاح الخرسان: م. س، ص ص498-499.

ئەوەش نارەزایی لایەنەکانی جودی جگە لە پاسۆك بە (حسك)یشەوە لێدەکەوێتەوە، لە کۆبوونەوەی بەرەی (جود)یشدا رەخنە لە سەرکردایەتی (حسك) دەگرن‌و داوادەکەن بەرەی (جود) یان (حسك) بەیانێك دەربکەن‌و سەرکۆنەی محەمەدی حاجی مەحمود لەسەر ئەو رێکەوتنە ناوچەییەی بکەن[1].

دواتر بە مەبەستی ئاشتبوونەوەی سەرتاسەری لەگەڵ یەکێتیدا، لە کۆبونەوەی مەکتەبی سیاسی (حسك)دا لە کانونی یەکەمی 1985دا، بڕیار دەدەن دەستپێشخەری بکەن‌و بۆ زەمینە سازکردن بۆ ئەو کارە، شێخ محەمەد شاکەلی سەردانی یەکێتی بکات[2]، ئەوەش بڕیارێکی ئاسان نەبوو، چونکە لایەنەکانی (جود) بەتایبەتی پارتی‌و (حشع) پێیانخۆش نەبوو و رێگر بوون لەوەی لایەنێك بە تەنیا لەگەڵ یەکێتی بۆ ئاشتبوونەوە گفتوگۆ بکات[3]، لەبەر ئەوەی لایەنەکانی (جود) رێکەوتنیان هەبوو، کە بەبێ ئاگاداری سەرکردایەتی (جود) هیچ لایەنێك بە تەنیا لەگەڵ یەکێتیدا ئاشتی نەکات، هەروەها هەڵوێستی ئێرانیش لەو بارەیەوە روون نەبوو[4]. هەرچەندە لەو کاتەدا گفتوگۆ لە نێوان یەکێتی‌و ئێراندا دەستی پێکردبوو، بەڵام تا ئەو کاتە نەگەیشتبوونە هیچ رێکەوتنێك، بۆیە ئێران پێی خۆش نەبوو پێش ئەوەی خۆی لەگەڵ یەکێتیدا رێکبکەوێت هیچ پارتێکی کوردی لەگەڵیدا ئاشت بێتەوە[5].

بۆ ئەوەش قسە لەگەڵ ئێرانیەکان دەکەن، پێیان رادەگەیەنن کە (حسك) گەیشتۆتە ئەو باوەڕەی کە لەگەڵ یەکێتیدا باری ناکۆکی نێوانیان بۆ ئاشتی‌و هاوکاری‌و کاری هاوبەش دژی رژێمی بەعس بگۆڕن، وەك جەماوەری کوردستانیش ئەو کارەیان پێخۆشە بۆ ئێوەش وا باشترە دژەکانی بەعس یەکگرتووبن، هەروەك ئەوەش بە لایەنی ئێرانی دەڵێن: "ئێمە بڕیاری خۆمانمان داوە، پێمان باشە ئێوەش رازی بن‌و ئاسانکاری هاتووچۆمان بۆ بکەن. خۆ ئەگەر رازیش نەبن، ئێمە هەر دەیکەین. دەشزانین قورس لە سەرمان دەکەوێت، بەڵام ئامادەین تەحەمولی ئەنجامەکان بکەین"[6]. هەرچەندە لایەنی ئێرانی وەڵامێکی رونیان نەبوو

([1]) محەمەدی حاجی مەحمود: س. پ، بەرگی دووەم، ل258.

([2]) بەهرۆز گەلاڵی: س. پ، ل129؛ محەمەد شاکەلی: س. پ، ل ل132- 133.

([3]) بەهرۆز گەلاڵی: س. پ، ل129؛ نەوشیروان مستەفا ئەمین: خولانەوە....، ل116.

([4]) محەمەد شاکەلی: س. پ، ل ل133، 140.

([5]) نەوشیروان مستەفا ئەمین: خولانەوە....، ل115.

([6]) محەمەد شاکەلی: س. پ، ل ل133- 134.

پەرۆشییشیان پیشان نەدا، بەڵام پێیان ڕاگەیاندن کە لارییان نییە ئاسانکاری هاتوچۆیان بۆ بکەنو هەرکات بیانەوێت ئۆتۆمبیلو پسوڵەی هاتوچۆیان بۆ دابین دەکەن[1].

دواجار شێخ محەمەد شاکەلی بە هاوڕێیەتی چەند پێشمەرگەیەك، دەچێت بۆ یاخسەمەرو لە 1986/1/10 لە یاخسەمەر بۆ کۆتاییهێنان بە شەڕو کوشتارو سەرەتایەك بۆ ئاشتبوونەوەی گشتی لە نێوان (حسك) و (ی. ن. ك)داو زەمینەسازکردن بۆ هاتنی وەفدی مەکتەبی سیاسی (حسك) لەگەڵ جەلال تاڵەبانی کۆبونەوەیەکی دووقۆڵی ئەنجام دەدەن[2]. دوای ئەو سەردانەش چەند جارێك محەمەدی حاجی مەحمود سەردانی سەرکردایەتی یەکێتی دەکاتو لەگەڵ جەلال تاڵەبانیو مەکتەبی سیاسی (ی. ن. ك)دا گفتوگۆ دەکات، هەموو ئەوانە زەمینەیان ڕەخساندا بۆ هاتنی دەستەی نوێنەرایەتی (حسك) بۆ یاخسەمەر بۆ ئەنجامدانی گفتوگۆی فەرمی لەگەڵ سەرکردایەتی یەکێتیدا[3].

لە ئەنجامدا وەفدێکی (حسك) کە پێکهاتبوون لە (قادر جەباری، محەمەد شاکەلیو خاڵە حاجی) لە 18- 1986/4/24 سەردانی یاخسەمەر دەکەنو لەگەڵ مەکتەبی سیاسی (ی. ن. ك)دا کۆدەبنەوە ڕێکەوتننامەیەکی گرنگ واژۆ دەکەنو لە ڕاگەیاندنەکانی هەردوولادا بڵاودەکرێتەوە[4]،

هەر لەو ماوەیەشدا، لە ڕۆژانی 10- 1986/5/12 دا وەفدێکی (پاسۆك) کە پێکهاتبوون لە (کەریم، شەماڵو بێستون) سەردانی مەکتەبی سیاسی یەکێتی لە یاخسەمەر دەکەنو ڕێکەوتننامەیەکی دووقۆڵی واژۆ دەکەنو بەیانێکی هاوبەش بڵاودەکەنەوە[5].

دواجار وەفدێکی باڵای (حسك) بە سەرۆکایەتی سکرتێری (حسك) ڕەسوڵ مامەند (1944- 1994) بۆ بەهێزکردنی ڕێکەوتنەکەی نێوانیان، لە 11- 1986/7/13 گەیشتنە سەرکردایەتی یەکێتیو لەگەڵ وەفدی یەکێتی بە سەرۆکایەتی جەلال تاڵەبانی

---

(1) محەمەد شاکەلی: س. پ، ل134.

(2) بەهرۆز گەلاڵی: س. پ، ل129؛ محەمەد شاکەلی: س. پ، ل ل134- 135.

(3) نەوشیروان مستەفا ئەمین: خولانەوە...، ل115.

(4) هـ. س، ل115؛ محەمەد شاکەلی: س. پ، ل ل142- 143.

(5) نەوشیروان مستەفا ئەمین: خولانەوە...، ل116.

کۆدەبنەوەو ڕاگەیەندراوێکی هاوبەشیان دەرکرد، کە چەند جارێك لە ئێزگەی یەکێتیو (حسك)ەوە بڵاو کرایەوە، ئەوەش بوو بە سەرەتایەك بۆ ئاشتبوونەوەی گشتی[1].

هەر لەو کۆبونەوەیەدا پێشنیارکرا (حسك) بۆ ئاشتبوونەوەی یەکێتیو لایەنەکانی (جود) هەوڵبدات[2]، بەتایبەتی هەستێت بە ناوبژیو سازدانی کۆبوونەوەی هاوبەش بۆ ئاشتبوونەوەی یەکێتیو پارتی، هەرچەندە وەفدەکەی (حسك) پێی وابوو کە یەکێتی بۆ ئاشتبوونەوەی لەگەڵ پارتیدا ساردەو پێویستە جدی تر بێت، بەڵام یەکێتی ڕایگەیاند کە چەند جارێك هەوڵی ئاشتی لەگەڵ پارتی داوەو بۆ ئەوەش نێردراویان بۆ لای پارتی ناردووە، بەڵام پارتی دەستی دەستی دەکاتو نایەوێت بەبێ ڕەزامەندی ئێران هیچ ڕێکەوتنێك لەگەڵ یەکێتی واژۆ بکات، بۆیە یەکێتی پێی وابوو، تا لەگەڵ ئێراندا ڕێکنەکەوێت، پارتی لەگەڵ یەکێتیدا ڕێکناکەوێت[3].

پێشتریش لە کاتی هاتنی حاجی مستەفوی بۆ یاخسەمەر بۆ گفتوگۆ لەسەر ڕێکەوتنی ئێرانو یەکێتی، باس لە ڕێکەوتنی یەکێتیو پارتی کرابوو، کە نەوشیروان مستەفا بەم شێوەیە دەیگێڕێتەوە:

پرسی: "بۆ لەگەڵ پارتی ڕێك ناکەون؟"

وتمان: "ئێمە ئەمانەوێ لەگەڵیان ڕێك بکەوین، هەتا ئێستەش چەند جارێ هەوڵمان داوە، بەڵام ئێوە نەتان هێشتوە ئێمە و ئەوان ڕێك بکەوین!"

پرسی: "ئامادەن لەسەر چی لە گەڵیان ڕێك بکەون"

وتمان: "هەر لەوەی مەرحەبای یەکتری بکەین و پێکەوە چایی بخۆینەوە تا ئەوەی هەمو داوودەزگاکانمان بکەین بە یەك و پێکەوە شەڕی بەعس بکەین!"[4].

هەرچەندە فاتیح ڕەسوڵ ئاماژە بەوە دەکات کە دوای ئاڵوگۆڕکردنی چەند نامەیەك بە میانگیری (حسك) لە نێوان سەرکردایەتی پارتیو یەکێتیدا، لە ڕۆژی 1986/5/27 نوێنەرانی سەرکردایەتی هەردوولا لە بارەگای سەرکردایەتی (حسك) لە گوندی (کاولان)

([1]) بەهرۆز گەلاڵی: س. پ، ل130؛ نەوشیروان مستەفا ئەمین: خولانەوە....، ل116؛ محەمەدی حاجی مەحمود: س. پ، بەرگی دووەم، ل ل341- 344؛ ڕزگاری، ژمارە (12)، تەموزی 1986، ل ل1، 11.

([2]) محەمەدی حاجی مەحمود: س. پ، بەرگی دووەم، ل334.

([3]) نەوشیروان مستەفا ئەمین: خولانەوە....، ل116.

([4]) خولانەوە....، ل105.

پەیوەندیەکانی نێوانیان تا ڕادەیەك ئاسایی کردەوە[1]، بەڵام هەوڵەکانی (حسك) لەم بوارەدا بێ ئەنجام بوو و هیچ ڕێکەوتنێکی فەرمی لێنەکەوتەوە، تا یەکێتی لەگەڵ ئێران ڕێکنەکەوت، ڕێکەوتنی نێوان پارتی‌و یەکێتی نەهاتە ئاراوە[2].

تا کاتێك جەلال تاڵەبانی سەردانی تارانی کردو دوای بەستنی ڕێکەوتننامەیەکی سیاسی‌و سەربازی لەگەڵ کۆماری ئیسلامی ئێراندا، لە ڕۆژانی 7-1986/11/8دا ڕێکەوتننامەی ئاشتی لە نێوان جەلال تاڵەبانی‌و ئیدریس بارزانیدا واژۆ دەکرێت.

سەرچاوەکان ئاماژە بە فشارو ڕۆڵی گرنگی ئێران دەکەن لە ئاشتکردنەوەی یەکێتی‌و پارتیدا: لەم بارەیەوە جەلال تاڵەبانی دەڵێت: "دیسان ئێمە بە ناوبژی کۆماری ئیسلامی لەگەڵیان ئاشت بووینەوە، ئەوە بوو لە تاران منو خالێخۆشبوو کاك ئیدریس بارزانی ڕێککەوتنامەیەکمان مۆر کرد"[3]. هەروەها نەوشیروان مستەفا دەڵێت " لەو سەفەرەدا کە مام جەلال بۆ تارانی کرد و، دوای ئەوەی گفتوگۆکانی لەگەڵ کاربەدەستانی ئێرانی بە ئیمزاکردنی ڕێککەوتنێکی سیاسی، عەسکەری تەواو بو، ئەوسا ئێران لە ڕۆژانی 7-986/11/8دا دانیشتنێکی هاوبەشی بۆ مامجەلال و ئیدریس بارزانی ڕێك خست و، لە ماوەی چەند سەعاتێك دا، ڕێککەوتنێکیان پێ ئیمزا کردن"[4]. هەروەها محەمەدی مەلا قادر لە بیرەوەرییەکانیدا دەڵێت: "ناکۆکی لە نێوان یەکێتی نیشتمانی کوردستان‌و بەرەی جود بەردەوام بوو، تا ئەو کاتەی وەفدی پارتی بە سەرۆکایەتی جوانە مەرگ ئیدریس بارزانی‌و وەفدی یەکێتی بە سەرۆکایەتیی مام جەلال لە تاران گەیشتنە یەکترو بە هاوکاری کۆماری ئیسلامی ئێران ڕێککەوتنی دووقۆڵی ئیمزا کراو ڕێك کەوتینەوە"[5].

هەروەك برایم جەلال دەڵێت: "لە ڕۆژانی (7-1986/11/8) پاش ڕێکەوتنی یەکێتی‌و کۆماری ئیسلامی بە بوونی مام جەلال لە تاران و بە بڕیار و هەوڵو فەرمانی کۆماری ئیسلامی ڕێکەوتننامەی نێوان یەکێتی‌و پارتی لەلایەن مام جەلالو ئیدریس بارزانی ئیمزا

([1]) فاتح ڕەسول: چەند لاپەڕەیەك...، بەرگی سێیەم، ل438.

([2]) نەوشیروان مستەفا ئەمین: خولانەوە...، ل117.

([3]) مام جەلال: سەروەری‌و یۆبیلی زیوین‌و ئەرکەکانی داهاتوو، لە بڵاوکراوەکانی دەزگای ناوەندی ڕاگەیاندنی یەکێتی نیشتمانی کوردستان، سلێمانی، 2000، ل38.

([4]) خولانەوە...، ل117.

([5]) سەربردە، کورتەیەك لە بیرەوەرییەکان، چاپی یەکەم، چاپخانەی ئاراس، هەولێر، 2009، ل163.

کرا"[1]. لەگەڵ ئەوەشدا لە بەلاغی کۆبونەوەکەی یەکێتیو پارتیدا هاتووە: "میوانداری کردنی کۆماری ئیسلامی ئێران لە هەردوو وەفدەکەو پشتیوانی کردنی لە یەکێتی هێزە شۆڕشگێرەکانی گەلەکەمانو خۆشحاڵیو دەوری ئیجابیان لە پیکهاتنی پارتی دیموکراتی کوردستان– عێراقو یەکیتی نیشتیمانی کوردستان، شایەنی سوپاسو ریز لی نانە"[2].

ئەوەش گۆڕانێکی گەورە بوو لە سیاسەتی کۆماری ئیسلامی ئێراندا، کە ساڵانێك بوو لە هەوڵدا بوو بۆ دوورخستنەوەی پارتە کوردییەکان لە یەکتریو ڕێگری لە ئاشتبوونەوەیاندا بوو، بەڵام لەو کاتەدا هاندەرو پشتگیری یەکگرتنەوەیان بوو، ئەو گۆڕانەش لە سیاسەتی ئێراندا بە دوور نازانرێت، بە هۆی گۆڕانی تەرازووی هێزەوە بووبێت لە بەرژەوەندی عێراق، بۆیە ئێران بە هیوای ئەوە بوو بە یەکپێگرتنی هێزە کوردییەکانی باشوری کوردستانو کردنەوەی بەرەیەکی جەنگی نوێ لە کوردستان، بەغدا ناچار بکات بە هێنانی بەشێك لە هێزەکانی ناوەڕاستو باشوری عێراق بۆ باکوری ئەو وڵاتە[3]. هەروەك ڕەفسەنجانی لە کۆبوونەوەکەدا پێی ڕاگەیاندبوون: "کورد بە یەکگرتنەوەیان یارمەتیەکی زیاتریان پێدەدرێت لەلایەن ئێرانەوە"[4]. هەروەها لە بەلاغی کۆبوونەوەی هاوبەشی یەکێتیو پارتیدا هاتبوو: "لەم کۆبوونەوە گرنگەدا وەفدی هەردوولا بە گیانی بەرزی هەست کردن بە مەسئولیەت و بە ڕاشکاوی لە مەسەلە گرنگەکانی کوردستان و عێراق و ناوچەکە دوان، بەر لە هەموویان پێویستی یەککخستنی هێزە شۆڕشگێڕەکانی کوردستانی– عێراق و پێکهێنانی بەرەی نیشتمانی فراوانی عێراق و کۆتایی هێنان بە جەنگی ناڕەوای عێراق دژی کۆماری ئیسلامی ئێران بە ڕووخاندنی ڕژێمی فاشی عێراق و ئەرکەکانی ئەمڕۆی خەبات و مافی ڕەوای گەلی کورد"[5].

شایانی باسە ئەگەر کۆماری ئیسلامی ئێران فشاریشی نەخستبێتە سەر یەکێتیو پارتی بۆ ڕێکەوتنو ئاشتبوونەوە، لانی کەم میوانداری کردنو وەك ڕێکەوتنەکانی تر

([1])چەپکێك...، ل488.

([2]) بەلاغی هاوبەشی کۆبوونەوەی یەکێتیو پارتی، بڕوانە پاشکۆی ژمارە (16).

([3]) کامەران قەرەداغی: س. پ، ل ل408- 409.

([4]) وەرگیراوە لە هـ. س، ل409.

([5]) بەلاغی هاوبەشی کۆبوونەوەی یەکێتیو پارتی، بڕوانە پاشکۆی ژمارە (16).

دژایەتی نەکرد، لە هەمانکاتدا هێزە کوردستانیەکانیش لەسەر ئاستی ناوخۆ گەیشتبوونە ئەو باوەڕەی کە پێویستە ئاشت ببنەوە[1].

واژۆکردنی ئەم ڕێکەوتننامەیە لە کاتێکدا بوو کە پێشتر چەند ڕێکەوتنامەیەکی تر لە نێوان یەکێتیو پارتیدا واژۆ کرابوو، بەڵام هیچیان سەریان نەگرت، وەك لە ساڵی 1977 لە دیمەشق بە میانگیری حکومەتی سوریا، ساڵی (1982) بە ناوبژی (حشع)، هەروەها ڕێکەوتننامەی تەرابلوس لە لیبیا ساڵی 1983، بەڵام ئەم ڕێکەوتننامەیەی تاران سەرکەوتوو بوو کۆتایی بە شەڕی ناوخۆی نێوانیان کە (10) ساڵ بەردەوامبوو (1976–1986) هێناو ئاشتی هێنایە ئارایەوەو تا چەند ساڵی دواتر بەردەوامبوو.

کاتێك بنکەکانی (حشع) لە ناوچەی پێنجوێن لە سەر سنور کەوتبووە نێوان هێزەکانی عێراق– ئێرانەوە، ئێرانیش لە بری ئاسانکاری تەنگی پێ هەڵچنیبوون، بۆ ئەوەی لەو دۆخە ناهەموارە دەربچن لە هەمولایەك زیاتر پێویستییان بە ئاشتبوونەوە لەگەڵ یەکێتی هەبوو تا هێزەکانیان بێنە خوارەوە بۆ ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی یەکێتی[2]. دوای ناردنی نامەی بۆ جەلال تاڵەبانی لە ڕێگەی (حسك)ەوە، مەلا ئەحمەدی بانیخێڵانی بە نوێنەرایەتی (حشع)، بە هاوکاری خاڵەحاجی لە سنوری ئێران دەپەڕێتەوە بۆ سەفرەو زەروون[3]، و لە حوزەیرانی 1986دا دەچێتە یاخسەمەر، هەرچەندە بانیخێڵانی ئەوە ڕادەگەیەنێت کە ئەو بۆ جەختکردنەوە لەسەر ئاشبونەی نێوانیان هاتووەو ئاشتبوونەوەی گشتی بۆ وەفدێکی فراوانتر دوابخەین، بەڵام لەسەر جەختکردنەوەی یەکێتی بۆ ئەوەی کۆبونەوەکەیان بانگەوازێکی بێ ناوەڕۆك نەبێت، هەروەها بانیخێڵانیش بۆ ئەوەی هێزەکانی (حشع) لەو دۆخە ڕزگاریان بێت کە بەهۆی جەنگی عێراق ئێرانەوە لە ناوچەکانی سەر سنور تێی کەوتبوون، پێی باش دەبێتو ڕێکەوتنێکی دووقۆڵی لەنێوان (ی. ن. ك) و بانیخێڵانیدا واژۆ دەکرێتو بە بێتەل بۆ سەرکردایەتی (حشع)ی دەنێرنو وەك هەواڵێکی سیاسیش لە ئێزگەی یەکێتیەوە بڵاو دەکرێتەوە[4].

([1]) چاوپێکەوتن لەگەڵ موحسین عەلی ئەکبەر.

([2]) ئەوشیروان مستەفا ئەمین: خولانەوە...، ل117.

([3]) فاتح ڕەسول: چەند لاپەڕەیەك...، بەرگی سێیەم، ل418؛ ئەحمەد بانیخێڵانی: س. پ، ل533.

([4]) ئەحمەد بانیخێڵانی: س. پ، ل534؛ ئەوشیروان مستەفا ئەمین: خولانەوە...، ل117.

بەڵام بە پاساوی ئەوەی ئەحمەد بانیخێڵانی سنوری ئەو دەسەڵاتەی تێپەڕاندووە کە پێی دراوە، و لەلایەکی ترەوە بەهۆی ئەوەی سەرکردایەتی (حشع) لەناو خۆیاندا ناکۆك بوون و هێشتا لەسەر ئاشتبوونەوەو بەستنی ڕێکەوتن لەگەڵ یەکێتیدا بۆچوونیان جیاواز بوو، هێشتا بانیخێڵانی لەلای یەکێتی بوو، ئێزگەی (دەنگی گەلی عێراق)ی (حشع) ڕێکەوتننامەکەیان ڕەت کردەوەو بە هەردوو زمانی کوردیو عەرەبی هێرشیان کردە سەر یەکێتی[1].

دواجار لەسەر پێشنیاری پارتی بۆ مەکتەبی سیاسی (حشع)، لە ناوەڕاستی کانوونی دووەمی 1987 نوێنەرانی (حشع) کە پێکهاتبوون لە (عەبدوڕەزاق سافیو ئەحمەد بانیخێڵانی) لەگەڵ (فەرەیدون عەبدولقادر) نوێنەری یەکێتی لە ڕاژان کۆدەبنەوەو کۆبوونەوەیەکی دووقۆڵی وازۆ دەکەنو ئاشت دەبنەوە[2]. بەوەش ڕێکەوتنو ئاشتبوونەوەی (حشع) لەگەڵ یەکێتی، کەوتە دوای ئاشتبوونەوەی یەکێتی لەگەڵ ئێرانو پارتیو لایەنەکانی تری جود.

ئەوەبوو دواجار دوای ئەنجامدانی چەندین کۆبوونەوە، لە 12ی ئایاری 1988دا بەرەی کوردستانی لە نێوان شەش پارتی کوردستانی کە بریتی بوون لە (پاسۆك، ی. ن. ك، حشع، حسك، پ. د. ك، پارتی گەلی دیموکراتی کوردستان) پێکهێنرا[3]. و دوای تێپەڕبوونی چەند مانگێك بەسەر دامەزراندنیدا، بۆ چارەسەرکردنی گرفتی سەرۆکایەتی بەرەی کوردستانی، ڕێکەوتن لەسەر دانانی جەلال تاڵەبانی بە بەرپرسی بەرەی کوردستانی لە دەرەوە، و مەسعود بارزانی بەرپرسی بەرەبێت لە کوردستان[4]. ئێران دانی بە (بەرەی کوردستانی)دا نەدەنا، لە کاتی سەردانیکردنەکاندا وەکو وەفدی بەرە پێشوازییان لێ نەدەکردن، بەڵکو وەك پارتە سیاسیەکان پێشوازییان لێدەکردن[5].

لە کانوونی یەکەمی 1986دا ئێران کۆنگرەیەکی فراوانی بۆ هێزە ئۆپۆزسیۆنەکانی عێراق لە ژێر ناوی "کۆنگرەی پشتیوانی گەلی عێراق– مؤتمر نصرة الشعب العراقی" لە

([1]) ئەحمەد بانیخێلانی: س. پ، ل535؛ نەوشیروان مستەفا ئەمین: خولانەوە...، ل117.

([2]) فاتح ڕەسول: چەند لاپەڕەیەك...، بەرگی سێیەم، ل419؛ ئەحمەد بانیخێلانی: س. پ، ل ل548، 550.

([3]) بەیاننامەی دامەزراندنی بەرەی کوردستانی عێراق، دەق لە حبیب محمد کریم، ص ص307- 315.

([4]) ئاراس عەبدولڕەحمان مستەفا: ڕاپەڕینی ئاداری (1991) لە باشووری کوردستان، لێکۆڵینەوەیەکی مێژوویی سیاسییە، چاپی یەکەم، چاپی دەزگای چاپو پەخشی حەمدی، سلێمانی، 2009، ل208.

([5]) محمد حاجی محمود: س. پ، بەرگی سێیەم، ل141.

تاران له ئوتێل ئیستقلال ڕێکخست، له نێو پارته کوردییەکاندا نوێنەرانی (یەکێتیو، پارتی، حسك، بزوتنەوەی ئیسلامیو ئاڵای شۆڕش) و چەند پارتێکی تری دەستکردی ئێران وەك: حیزبوڵلا، جوندوڵلاو ثەئروڵلا بانگهێشتکرابوون[1]. وەفدی پارتی بە سەرۆکایەتی ئیدریس بارزانیو وەفدی یەکێتی بە سەرۆکایەتی نەوشیروان مستەفاو وەفدی (حسك) بە سەرۆکایەتی ڕەسوڵ مامەند، کە ئەوەش بۆ یەکەمین جار بوو ئەو سێ پارتە، بە تەبابیو یەکگرتوویی لە کۆنگرەیەکی فەرمیدا لەگەڵ پارتو ڕێکخراوە شیعەکانی عێراقدا بەشداری بکەنو لە هەموو پرسەکاندا ڕاوێژ بە یەکتر بکەن[2].

ئامانج لەوەش کۆکردنەوەی پارتەکانی ئۆپۆزسیۆنی عێراقی بوو لە چوارچێوەی بەرنامەیەکی یەکگرتوو بۆ ڕووخاندنی حکومڕانی بەغدا[3]، و گفتوگۆ لەسەر چۆنیەتی پشتگیریکردنی گەلی عێراق دژی ڕژێمی بەعسو پشتگیری ئێران لە شەڕیدا لەگەڵ عێراق، کە خاڵی هاوبەشی نێوان ئێرانو ئۆپۆزسیۆنی عێراقی بوو[4].

لەلایەنی ئێرانی هەریەك لە سەرۆك کۆمار عەلی خامنەئی، سەرۆك وەزیران میر حسێن موسەوی، وەزیری کاروباری دەرەوە عەلی ئەکبەر ویلایەتیو چەندین بریکاری وەزیرو بەرپرسی تری ئێرانی لەو کۆنگرەیەدا بەشداربوون، ئەوەش نیشاندانی گرنگیدانی ئێران بوو بەو کۆنگرەیە، بەوەش دەیویست ئەو پەیامە بە جیهانو وڵاتانی دەوروبەر بگەیەنێت کە کارتی ئۆپۆزسیۆنی عێراقی لە دەستی ئێراندایە[5].

لەلایەکی ترەوە ئەو کۆنگرەیە بەشێك بوو لە ململانێی ئێرانو تورکیا لەسەر پرسی کوردو هەڵوێستی ئەو دوو وڵاتە لە کوردستاندا، هەروەك ئەوە بە ئاشکرا لە وتارەکانی سەرۆك کۆمارو سەرۆك وەزیراندا ڕەنگی دابووەوە[6].

لە کۆتاییدا دەگەینە ئەوەی کە ئێران ڕۆڵی گرنگی هەبوو لە ڕێکەوتنی پارتەکانی کوردستانو ئاشتکردنەوەی یەکێتیو لایەنەکانی بەرەی (جود) و ئاشتبوونەی گشتیدا،

([1]) نەوشیروان مستەفا ئەمین: خولانەوە...، ل119- 120؛ نادر ئینتیسار: ئیتنۆنەتەوایەتی کوردی، ل179؛ ڕەفعەتی مەلا: س. پ، ل91؛ محەمەد شاکەلی: س. پ. ل154.

([2]) نەوشیروان مستەفا ئەمین: خولانەوە...، ل120؛ کریس کۆچێرا: بزوتنەوەی نەتەوەیی...، ل78.

([3]) سامی شورش: کردستان والاکراد...، ص168.

([4]) محەمەد شاکەلی: س. پ. ل155.

([5]) نەوشیروان مستەفا ئەمین: خولانەوە...، ل120.

([6]) نادر ئینتیسار: ئیتنۆنەتەوایەتی کوردی، ل179.

لەنێو پارتە سەرەکیەکانی ناو بەرەی جوددا تەنها (حسك) پێش ڕێکەوتنی ئێرانو یەکێتی ئاشتبوونەوە، ئەویش ئێرانی لەو پرسە ئاگادار کردەوەو لەو کاتەشدا ئێرانو یەکێتی لە هاتووچۆو ناردنی وەفد بۆ لای یەکترو گفتوگۆدا بوون بۆ ڕێکەوتن، لە هەمانکاتدا (حسك)یش کاری دەکرد بۆ نزیککردنەوەی ئێرانو یەکێتی لە یەکترو هێنانی نوێنەرەکانی هەردوولا بۆلای یەکتر، بەتایبەتی هێنانی نوێنەرانی ئێرانی بۆ سەرکردایەتی یەکێتی، هەروەها تا یەکێتیو ئێران ئاشت نەبوونەوە، ئاشتی لە نێوان یەکێتیو پارتیو (حشع) نەهاتە ئاراوە، ئەوە بوو کاتێك یەکێتیو ئێران لە تاران ڕێکەوتن، هاوکات بە ناوبژی ئێران یەکێتیو پارتی ئاشتبوونەوەو ڕێکەوتن، ئەوەش تا چەند ساڵ بەردەوام بوو، دوای ڕێکەوتنی یەکێتیو پارتیش، بە پێشنیاری پارتی، یەکێتیو (حشع) ئاشتبوونەوە، و ئاشتبوونەوەی گشتیو قۆناغێکی نوێ لە خەباتی جوڵانەوەی ڕزگاریخوازی کورد هاتە کایەوە.

ب. ڕۆڵی ئێران لە کارەساتەکانی باشوری کوردستاندا:

لە سەروبەندی کۆتاییهاتنی دانوستاندنی یەکێتیو ڕژێمدا، کاربەدەستانی حکومەتی عێراقی هەڕەشەی ئەوەیان لە کورد کرد، ئەگەر لەگەڵ حکومەتی عێراقدا ڕێکنەکەوێتو هاوکاری ئێران دژی عێراق بکات، ئەوا دوای کۆتایهاتنی جەنگی عێراق– ئێران تۆڵە لە کورد دەکاتەوە[1].

دوای گۆڕانی ستراتیجی ئێرانو کردنەوەی بەرەی نوێ لە باکوری عێراق (باشوری کوردستان)و ئەنجامدانی ئۆپەراسیۆنی (فەتحی 1)، حکومەتی عێراق پێی وابوو ئەگەر بە ئەوپەڕی هێزو توانایەوە ڕووبەڕووی هێزەکانی ئێران نەبێتەوە، ئەوا بەرەو قووڵایی کوردستانو بەرەو ئەزمەڕو پاشان شاری سلێمانی پێشڕەوی دەکەن، لەبەر ئەوە حکومەتی عێراق دەستی بە دروستکردنی لەشکری نوێو بە جوڵاندنو هێنانی هێزی زیاتر بۆ ئەو ناوچانە کرد، تا بە هاوکاری ئەو جاشانەی لەو ناوچانەدا بوون ئاسایشی ئەو ناوچانە بپارێزن[2]. کە بە (100) هەزار سەرباز مەزەندە دەکرا[3]. کە کۆکردنەوەی

([1]) شۆڕش حاجی: س. پ، ل49- 50.

([2]) شلمچە تا حلبچە، ص173؛ سعید محمد پور: م. پ، ص95.

([3]) عەلی ئەتەر نیرویی: سیاسەتی حکومەتی عێراق...، بەرگی یەکەم، ل229.

زانیاری لەسەر جۆرو چۆنیەتیو چەندێتیو شوێنی جێگیربوونیـان، لەلایەن ئێرانـەوە لـە ئەستۆی قەرارگای ڕەمەزاندا بوو[1].

لـە 1986/10/22دا حکومـەتی عێـراق لـە چـەندین قۆڵـەوە هێرشـی بـۆ ناوچـە ئازادکراوەکـانی کوردسـتان دەسـتپێکرد، و سـەدان گونـدی ناوچـەی کـەرکوکیان چۆڵو پاشـان تـەخت کـرد، و تـا ناوەڕاسـتی سـاڵی 1988 زۆربـەی گونـدەکانی کوردسـتانی ڕاگواستو وێران کرد[2]. لە هەمانکاتدا لێدانی کەرکوکو هێنانی پاسدار بـۆ نـاو قـوڵایی عێراقو لێدانی سوپای عێراق، پاڵی بە (سەدام حسێن)ەوە نـا پـەنا بـۆ وڵاتـانی عـەرەبی ببات‌و داوای کۆمەکی سەربازییان لێبکات[3].

وەکو ئاماژەمان پێکرد هێنانی سـوپای پاسـداران بـۆ قـوڵایی کوردسـتانو گـەرمیانو لێدانی بیرە نەوتەکانی کەرکوک، بووە مایەی زیادکردنی ڕقو تورەبـوونی سـەرانی ڕژێمـی عێـراق، لـە ئـەنجامی ئەوەشـدا حکومـەتی عێـراق بڕیاریـدا بـە ڕاگواسـتنو وێرانکردنـی گوندەکانی کوردستان، بە پاساوی ئەوەی سوپای ئێرانو هێزەکانی کورد لەو گوندانـەوە دێن بۆ لێدانی کەرکوک[4].

لەگەڵ ئەو هەموو توندوتیژیەی حکومەتی عێراق لە کوردسـتاندا پیـادەی کـرد، بـەڵام چالاکی هێزی پێشمەرگە زیاترو گەورەتر دەبوو، دواجـار حکومـەتی عێـراق گەیشـتە ئـەو بڕوایەی کە محەمەد حەمزە زوبەیدی ئەندامی سەرکردایەتی هەرێمو بەرپرسی نوسینگەی ڕێکخسـتنی بـاکوری ئـەوکات نـەیتوانیوە هێـزی پێشـمەرگەو دانیشـتوانی گونـدەکانی کوردستان سەرکوت بکات، بۆیە لە شـوێنی نـاوبراو لـە ڕۆژی 1987/3/29 ئەنجومـەنی سەرکردایەتی شۆڕشی عێراق، بە بڕیاری ژمارە (160)، (عەلی حەسەن مەجیـد)ی کـردە ئەمینداری گشتی نوسینگەی باکوری ڕێکخستنی پارتی بەعس، بە مەبەسـتی گێڕانـەوەی ئاسایش بۆ ناوچەکەو دەسەڵاتێکی ڕەهای لە کوردستاندا پێـدرا[5]. ئـەوەش سـەرەتایەك بوو بۆ دەستپێکردنی شاڵاوەکانی ئەنفال[6].

---

(1) سعید محمد پور: م. پ، ص95.

(2) ڕێباز: س. پ، بەشی یەکەمو دووەم، ل389- 390.

(3) سابیر کۆکەیی: س. پ، ل272.

(4) فاضل الزهاوي: حرب الخليج وانتفاضة كردستان العراق، مطبعة روون، سليمانية، 2004، ص ص19- 20.

(5) شۆڕش حـاجی: س. پ، ل ل66- 67؛ ماریون فـاروق سـلوغلت، بیتر سلوغلت: م. س، ص352؛ جبار قـادر: قضايا كردية معاصرة، كركوك- الانفال- الكرد وتركيا، الطبعة الاولى، مطبعة وزارة التربية، اربيل، 2006، ص123.

(6) فەتاح تۆفیق فەتاح: س. پ، ل140.

ڕێباز ئاماژە بە ئەوە دەکات، کە پاش لیدانی کەرکوک کەسێکی تێکۆشەری ڕۆژهەڵاتی کوردستان، چاوی بە عەلی حەسەن مەجید دەکەوێتو داوای لێدەکات دەست لە وێرانکردنی گوندەکانی کوردستان هەڵبگرێت، لە وەڵامدا ناوبراو دەڵێت: "لەمێژ ساڵە سەرکردایەتی شۆڕش...!! پیلانی گواستنەوەی هەموو گوندەکانی کوردستانی داوە ماوەیەك لەبەر شەڕی ئێران دوامان خست. لێدانی کەرکوک وای لێکردین پەلە لەو مەسەلەیە بکەین"[1].

دوای ئەوەی یەکێتی هێزێکی زۆر لە سەرکردایەتی کۆدەکاتەوە تا لەگەڵ ئێرانیەکاندا چالاکیەکی هاوبەش ئەنجام بدەن، بەڵام ئێرانیەکان بە پاساوی ئاشکرابوونی کارەکە چالاکیەکەیان هەڵوەشاندبوەوە، و بە هۆی سەختی زستانی 1987- 1988 چالاکی پێشمەرگە کەمببووەوە، ئەوەش گومانی لەلای ئێرانیەکان دروستکرد، کە لەبەر هۆی سیاسی بێتو لەگەڵ ڕژێمی عێراقدا بە نهێنی لە گفتوگۆدا بن، بۆ ئەوەش چەند جار پرسیاریان لە نوێنەرانی یەکێتی لە تارانو سەقز کردبوو، لەبەر ئەوەش خەریك بوو پەیوەندی نێوانیان تێکبچێتو نوێنەرەکانیان لەلای یەکتر بکشێننەوە، پاشان بۆ وتووێژ کردن لەسەر ئەو پرسە فەرەیدون عەبدولقادر دەچێت بۆ ئێران. و بۆ گەرمکردنەوەی پەیوەندی نێوانیان وەفدێکی ئێرانی بە هەلیکۆپتەر لە 30 کانونی دووەمی 1988دا گەیشتە بەرگەلو، وێڕای ئەوەی چەند بەرپرسێکیان لە یاخسەمەر مانەوە، لە هەمانکاتدا بەڵێنیان دا لە یارمەتیدانی یەکێتی درێغی نەکەن، لەوە بەدوا ڕۆژانە چەند جارێك بۆ هێنانو گواستنەوەی کەلوپەل دەهاتنو دەگەڕانەوە، لە گەڕانەوەشدا بریندارەکانی هێزی پێشمەرگەیان بۆ ئێران دەبرد[2].

هەرچەندە ڕژێمی عێراق لەمێژ بوو پلانی ئەو کارەی داڕشتبوو و بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ وەزیری ناوخۆ لە پلانەکانی وەزارەتەکەی بۆ ساڵی داهاتوو ئاماژەی بەو کارە دابوو[3]، بەڵام وەك (عەقید روکن وەلید) بەڕێوەبەری بەشی سێیەمی هەواڵگری سەربازی لە کاتی دانوستانەکانی ساڵی 1991دا لە بەغدا بە نەوشیروان مستەفای

([1]) وەرگیراوە لە ڕێباز: س. پ، بەشی یەکەمو دووەم، ل391.

([2]) نەوشیروان مستەفا ئەمین: خولانەوە....، ل ل139- 141.

([3]) عەلی تەتەر نێرویی: سیاسەتی حکومەتی عێراق لە کوردستان، لە سایەی بەڵگەنامە فەرمییەکاندا 1975- 1991، بەرگی دووەم، چاپی یەکەم، چاپخانەی زانکۆی دهۆك، دهۆك، 2010، ل99.

وتبوو: "یەکێ لە هۆکارەکانی پەلەکردن لە هێرشی ئەنفال، ئەو هاتوچۆ زۆرە بو کە هالیکۆپتەرەکانی ئێران بۆ بەرگەڵویان ئەکرد"[1]. چونکە حکومەتی عێراقی پێی وابوو ئێران کەلوپەلو پێداویستی گرنگی سەربازیو چەکی ستراتیجیو پسپۆڕو شارەزا دەگوێزێتەوە، نەیدەزانی ئەو هەلیکۆپتەرانە مەسینە، جزمە، پێڵاو، بەتانیو خواردنی قوتویان دەهێنا[2]، بەتایبەتی کە نزیکەی هەزار پاسداریش لەو ناوچەیەدا بوونیان هەبوو[3].

ئەو هەلیکۆپتەرانەی ئێران بەکاری دەهێنان زۆر کۆنو هی سەردەمی شای ئێران بوون، کە دەنگێکی بەرزو بێزارکەریان هەبوو، کە بە وتەی سابیر کۆکەیی: "لە ئاسمانی شاری سەردەشتەوە دەنگیان دەگەیشتە دۆڵی جافەتیو لەو دۆڵەشەوە دەنگەکانیان دەگەیشتە شارۆچکەی چەمچەماڵ"[4].

زۆر کەس لەو بڕوایەدان ئەگەر هاتوچۆی زۆری ئەو کۆپتەرانەی ئێران بۆ سەرکردایەتی یەکێتی نەبوایە، ڕژێمی عێراق لەو دۆخەدا هێرشی نەدەکرد، چونکە ماوەیەك بوو سەرگەرمی مەشقو خۆئامادەکردن بوو بۆ گرتنەوەی فاو، کە لە ڕووی دەروونییەوە کاری کردبووە سەر سوپاو خەڵکی عێراقو تەنانەت وڵاتانی کەنداو و جیهانی عەرەبیش[5].

کۆماری ئیسلامی ئێران لەو هاتوچۆیەدا ئامانجی سیاسیو سەربازی خۆی هەبوو، لە ڕووی سیاسیەوە بە نیاز بوو هەوڵەکەی* د. موکەرەم تاڵەبانی تێکبدات، کە هێشتا لە سەرەتادا بوو، کە توانییان زۆر بە باشی ئەو ئامانجەیان بهێننەدی، لە ڕووی سەربازیشەوە، مەبەستی ڕاکێشانی هێزەکانی عێراق بوو بۆ ئەو ناوچەیە، لە ڕاستیشدا توانی زیاتر لە (20) لیوای عێراق بۆ کوردستان پەلکێش بکات[6].

([1]) وەرگیراوە لە نەوشیروان مستەفا ئەمین: خولانەوە...، ل141.

([2]) ڕێباز: س. پ، بەشی یەکەمو دووەم، ل429؛ نەوشیروان مستەفا ئەمین: خولانەوە...، ل141؛ سابیر کۆکەیی: س. پ، ل232؛ پشکۆ نەجمەدین: ئەزموونو یاد، ل311.

([3]) ڕێباز: س. پ، بەشی یەکەمو دووەم، ل429.

([4]) ناڵەی پێشمەرگەیەك بۆ مێژوو، ل231.

([5]) ڕێباز: س. پ، بەشی یەکەمو دووەم، ل429.

* بریتی بوو لە هەوڵێکی ناوبراو بۆ گفتوگۆی نێوان سەرکردایەتی پارتە کوردستانیەکانو حکومەتی عێراق، کە دواتر بە درێژی باسی دەکەین.

([6]) نەوشیروان مستەفا ئەمین: خولانەوە...، ل141.

شالاوەکانی ئەنفال لە کاتژمێر (12)ی شەوی 1988/2/22دا بە بۆردومانی گوندەکانی دۆڵی جافایەتیو بەری مەرگە بە تۆپی نەمساویو (175) ملم و ڕاجیمەی چلی دەستی پێکرد[1]، و لە کاتژمێر (4)ی بەیانی ڕۆژی 1988/2/23دا لە چەند قۆڵێکەوە هێرشی زەمینیو ئاسمانیو تۆپخانە بۆ سەر گوندەکانی هەمان ئەو ناوچانە دەستی پێکرد[2]. ئامانجی ئەم شالاوە بارەگاکانی سەرکردایەتی یەکێتی بوو لەو ناوچەیەدا، ئەوەش بە (ئەنفالی یەك) ناوزەند کرا[3].

ئەم هێرشە بۆ سەرکردایەتی یەکێتی بە پاڵپشتی هەلیکۆپتەری سەربازیو بەکارهێنانی فڕۆکەی میگو سۆخۆی بە سەختی بەردەوامبوو، جگە لەوەی چەکی کیمیایی بە شێوەیەکی فرلوان لەو شالاوەدا بەکارهێنرا، ئەوەش بووە هۆی کوژرانی ژمارەیەکی زۆر هاولاتیو ژنو منداڵو ئاوارەبوونیان هەروەها لەبەر ئەوەی لەو کاتەدا بەهۆی بەفرەوە ڕێگاکانی هاتوچۆ گیرابوون، تەنها توانییان خۆیان ڕزگار بکەنو مەڕو ماڵاتو سامانو ژیانیان بەجێهێشتو ڕوویان لە ئێران کرد[4].

لەسەر بڕیاری سەدام حسێن بوو، کە ئەگەر هەموو سوپای عێراقی لەناو چووە هەر دەبێت ئەو ناوچانە بگرن[5]. لە بەرپەرچدانەوەی هێرشی سوپای عێراق بۆ سەر سەرکردایەتی (ی. ن. ك) ئێرانی هاوپەیمان هیچ بەشدارییەکی لە شەڕەکەدا نەکرد[6]، لە کاتێکدا لە چەند شوێنێکدا هێزەکانی ئێرانی هاوپەیمانی تەنها چەند کیلۆمەترێکی کەم دوور بوون، بەلام هیچ هەڵوێستێکیان نەنواند، هیچ کام لە بەڵێنەکانیان نەهێنایەدیو لە کاتی کشانەوەی هێزەکانی پێشمەرگەشدا هیچ هاوکارییەکی ئەوتۆیان نەکرد[7].

لەگەڵ زیادبوونی فشاری سەر سەرکردایەتی یەکێتیو ترسی داگیر کردنی لەلایەن سوپای عێراقەوە، بیر لەوە کرایەوە بە هەر شێوەیەك بێت کارێك بکەن بۆ ڕزگارکردنی،

---

(1) سابیر کۆکەیی: س. پ، ل280.

(2) ڕێباز: س. پ، بەشی یەکەمو دووەم، 430؛ سابیر کۆکەیی: س. پ، ل280.

(3) جبار قادر: م. س، ص124؛ فایەق گوڵپی: س. پ، ل430.

(4) ڕێباز: س. پ، بەشی یەکەمو دووەم، 436؛ فەتاح تۆفیق فەتاح: س. پ، ل140.

(5) ئارات قارەمانی: س. پ، ل317.

(6) حازم صاغیە: م. س، ص103.

(7) ڕێباز: س. پ، بەشی یەکەمو دووەم، ل434.

بۆ ئەوە یەکێتی داوایان لە ئێران کرد، ئەرکی پارێزگاریکردن لە هەندێك لە شاخەکانی پشتی سەرکردایەتی لە هێرش‌و پەلاماری سوپای عێراقی بگرنە ئەستۆی خۆیان، تا هێزەکانی یەکێتی بتوانن بگوێزنەوە بۆ پاراستنی خەتی چەرماوەندو ژیلوان‌و ئاسۆ، بەلاَم ئێرانییەکان گیرانی رێگای هاتوچۆی زەمینییان بەهۆی بەفرەوە کردە بیانوو بۆ ئەنجامنەدانی ئەو کارە. هەروەها داوایان لێدەکەن لە شوێنێکی ترەوە بەرەیەکی نوێی شەڕ بکەنەوە بۆ سوککردنی فشاری سەر سەرکردایەتی تاوەکو عێراق ناچار ببێت بەشێك لە هێزەکانی بکێشێتەوە، بەلاَم بۆ ئەوەش پاساوی هێنایەوە، بە پێچەوانەی ئەو رێکەوتنەی لەنێوانیاندا واژۆ کرابوو، بەوەی ئەگەر لایەك کەوتە بەر هێرشی عێراق دەبێت لاکەی تر بۆ کەمکردنەوەی فشار لەسەری یارمەتی بداتو ئەگەر پێویستی کرد بەرەی نوێی شەڕ بکاتەوە[1].

یەکێتی هەر لە سەرەتای رێکەوتنی لەگەڵ ئێراندا، بە ناچاری لەسەر ئەنجامدانی چەند چالاکیەکی هاوبەش لەگەڵ ئێران رێکەوتبوو، چونکە ئێران بەو مەرجە نەبوایە لەگەڵی رێکنەدەکەوت: ئەویش بریتی بوو لە:

1. گرتنی شاری قەلاَدزێ بەرەو چیای هەیبەت سوڵتان.
2. گرتن‌و ئازادکردنی هەڵەبجەو شارەزوور تا دەربەندی بازیان.
3. لێدانی بیرە نەوتەکانی کەرکوك‌و دوزو ناوچەکانی تر.
4. چەندین چالاکی تری بچووك لە ناوچە جیاجیاکانی تری کوردستان[2].

بەو شێوەیە دانرابوو بە جێبەجێکردنی خاڵی یەکەم‌و دووەم وەك هەنگاوی یەکەم‌و دووەم، بتوانرێت شاری سلێمانی‌و دەوروپشتی ئازاد بکرێت‌و ئاوارەکان بگەڕێنەوە لەو ناوچانەدا نیشتەجێ بکرێن‌و ناوچە ئازادکراوەکانیش لەلایەن پارتە کوردستانیەکانەوە بە هاوکاری‌و پاڵپشتی کۆماری ئیسلامی ئێران بەڕێوەببرێن[3].

وەك دەرکەوت ئەو پلانە واقعی نەبوو و نەدەتوانرا بە ئاسانی جێبەجێ بکرێت، لە هەمانکاتدا نەخوێندنەوەی دۆخی هەرێمی‌و نێودەوڵەتی بوو، کە رێگەیان بە ڕوودانی

([1]) نەوشیروان مستەفا ئەمین: خولانەوە...، ل ل144- 145.

([2]) شەوکەت حاجی مشیر: کارەساتی کیمیابارانی هەڵەبجە بەهاری 1988 کورتەباسێکی جوگرافی- ئابووری- کۆمەلاَیەتی- سیاسی، چاپی یەکەم، سلێمانی، 1998، ل34.

([3]) هـ. س، ل ل79- 80.

کارێکی لەو شێوەیە نەدەدا، بۆ نموونە کاتێك هێزەکانی ئێران لە ساڵی 1986دا فاویان داگیر کرد، تورکیا هێزەکانی لەسەر سنوری عێراق کۆکردەوە، گوایە بۆ پاراستنی ناوچەکانی دەستڕۆشتویی خۆی لە باکور ئەگەر ئێران دەست بەسەر ناوەڕاستی عێراقدا بگرێت[1].

دوای دەستپێکردنی هێرشی سوپای عێراق بۆ سەر سەرکردایەتی یەکێتی، قسە لەگەڵ کۆماری ئیسلامی ئێران کرا کە بۆ سوککردنی فشاری سەر سەرکردایەتی، یەکێك لەو دوو بەرنامەیەی پێشتر دانرابوو (قەلادزێ و هەڵەبجە) ئەنجام بدرێت، کە زیاتر لە شەش مانگ بوو دیراسە کرابوون، دوای تاوتوێکردن بڕیار درا هەنگاوی یەکەمو دووەم ئاڵوگۆڕ پێبکرێو گرتنی هەڵەبجە بخرێتە پێش قەلادزێوە، چونکە قەلادزێ دەکەوتە پشتی سەرکردایەتیەوە هێزێکی زۆری عێراقیش لەو ناوچەیەدا بوو، لە هەمانکاتدا نەدەبووە هۆی سوککردنی فشاری سەر سەرکردایەتی یەکێتی، جگە لەوەی دەبووە هۆی دروستبوونی مەترسی بۆ سەر تاکە ڕێگای هاتوچۆی نێوان ئێرانو سەرکردایەتی یەکێتیو گەیاندنی ئازوقەو چەكو تەقەمەنیو ڕەوانەکردنی بریندارەکان بۆ ئێران، بەلام ناوچەی هەڵەبجە دوورتر بوو لە سەرکردایەتی یەکێتیو سوپای عێراقیش لەو ناوچەیەدا بێ ئاگاو لاوازتر بوون، بۆیە بڕیار لەسەر گرتنی هەڵەبجە درا[2].

هەرچەندە پێشتریش بۆ ئازادکردنی ناوچەی پشدەرو بتوێن تا چیای هەیبەت سوڵتان لەگەڵ 12 مستەشاری ناوچەکەدا ڕێکەوتبوون بە هاوبەشی ئەو ناوچانە ئازاد بکەن، بەلام هۆی تەواونەبوونی ڕێگای سەردەشت– قەلادزە دوایان خستبوو[3].

لە ناوچەی هەڵەبجەش ماوەیەکی زۆر بوو کار بۆ کۆکردنەوەی زانیاری کرابوو، تەنانەت بە هاوکاری لەگەڵ جاشەکاندا بە کامێرای ڤیدیۆ وێنەی سەربازگەی دەڵمەڕیان گرتبوو، بێجگە لەوەی ماوەی چەند مانگ پێشتر مەشقو ڕاهێنان بە هێزە کوردییەکان لە کرماشان کرابوو[4].

([1]) بۆ زانیاری زیاتر لەو بارەیەوە بڕوانە، خليل ابراهيم الناصري: التطورات المعاصرة في العلاقات العربية– التركية، مطبعة الراية، بغداد، 1990، ص ص239– 243.

([2])شەوکەت حاجی مشیر: س. پ، ل ل82– 83.

([3]) نەوشیروان مستەفا ئەمین: خولانەوە....، ل144.

([4]) حسێن سۆران: س. پ، ل ل257– 258.

نەخشەی ئازادکردنی هەڵەبجە لەمێژ بوو ئامادە کرابوو، بەڵام بەهۆی هێرشەکانی سەر سەرکردایەتی یەکێتییەوە، داوا لە فەرەیدون عەبدولقادرو د. فوئاد مەعسوم کە لەوکاتەدا لە ئێران بوون دەکەن پەلە بکەن لە جێبەجێکردنی[1]، بۆ کەمکردنەوەی فشاری هێزەکانی حکومەتی عێراق لەسەر سەرکردایەتی، یاخود لە باری داگیرکردنی سەرکردایەتیدا لەلایەن سوپای عێراقەوە، بارەگاکانی سەرکردایەتی بۆ هەڵەبجە بگوێزنەوەو لەوێوە درێژە بە خەباتو سەرکردایەتیکردنی شۆڕش بدەن[2].

لەلایەن یەکێتییەوە فەرماندەی سەربازی ئۆپەراسیۆنی گرتنی هەڵەبجە شەوکەتی حاجی موشیرو، لێپرسراوی سیاسی هەریەك لە فەرەیدون عەبدولقادرو د. فوئاد مەعسومو لێپرسراوی لۆجستیش ساڵح محەمەد ئەمین بوو[3]. لەلایەن ئێرانیشەوە (عەلی شەمخانی) فەرماندەی گشتی هێزە زەمینییەکانی ئێران، بەرپرسی یەکەمی ئۆپەراسیۆنەکە بوو[4].

لە ڕاستیدا گرتنی هەڵەبجە بەشێك بوو لە پرۆژەو نەخشەیەکی فراوانتر کە بۆ ئازادکردنی ناوچەکانی (هەڵەبجە، ڕانیە، قەڵادزێ، دوکانو چوارتا) کە بە هاوبەشی لە نێوان هێزی پێشمەرگەو سوپای پاسدارانی ئێراندا ئامادە کرابوو، بڕیار بوو ئەنجامی بدەن، بەڵام کاتێك ئازادکردنی هەڵەبجە بە کارەساتی کیمیابارانکردن کۆتایی هات، واز لە جێبەجێکردنی پرۆژەکە هێنرا[5]. تەنانەت لەو کۆبونەوەیەدا کە لە شاری کرماشان بۆ وتوویژ لەسەر گرتنی هەڵەبجە سازکرابوو، باس لە داڕشتنی نەخشەی گرتنی شاری سلێمانیش کرابوو، بە شێوەیەك کە لە سێ قۆڵەوە هەڵمەتی بۆ بەرنو ئازادی بکەن[6].

بۆ ئەنجامدانی کارەکە یەکەم کۆبوونەوەی هاوبەش لە نێوان نوێنەری کۆماری ئیسلامی ئێرانو یەکێتیدا لە ناوەڕاستی شوباتی 1988دا لە کرماشان دەکرێت، کە چوار

([1]) نەوشیروان مستەفا ئەمین: خولانەوە...، ل145.

([2]) هەس ؛ ئەرسەلان بایز ئیسماعیل، س. پ، بەرگی دووەم، ل ل115- 116؛ فایەق گولپی: س. پ، ل442.

([3]) نەوشیروان مستەفا ئەمین: لە هاوخەباتیەوە بۆ تەخوین، ل64.

([4]) شەوکەت حاجی مشیر: س. پ، ل125.

([5]) نەوشیروان مستەفا ئەمین: لە هاوخەباتیەوە بۆ تەخوین، ل63.

([6]) حسێن سۆران: لە مەنفاکانی ناسیۆنالیزمەوە بۆ کوشتنی زمانو جەستە، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕەهەند، سلێمانی، 2010، ل259.

ڕۆژ دەخایەنێت، پاش وتووێژێکی زۆر، لە کۆتاییدا لەسەر (17) خاڵ ڕێکدەکەونو ڕێکەوتنەکە بە نوێنەرایەتی ئێران لەلایەن (محەمەد تەهرانی) و بە نوێنەرایەتی یەکێتی لەلایەن (فەرەیدون عەبدولقادرو شەوکەتی حاجی موشیر)ەوە واژۆ دەکرێت[1].

لە دووەم کۆبوونەوەی هاوبەشدا لە کرماشان لە بارەگای ئێرانیەکان، کە ئەمجارەیان لە نێوان نوێنەرانی ئێرانو نوێنەرانی چوار پارتی کوردستانی وەك: (یەکێتی، پارتی، حسكو بزوتنەوەی ئیسلامی) ئەنجام درا، تیایدا باس لە هاوکاریو هەماهەنگی نێوانیانو زانیارییان لەسەر ناوچەکەو بەرنامەی داهاتوویان دەکەن، بێجگە لەوەی یەکێتی بەجیا لەگەڵ هەر یەك لە (حسك) و (بزوتنەوەی ئیسلامی لە کوردستان)دا کۆدەبێتەوە[2].

پاشان کۆبوونەوەیەك لە بارەگای پارتی لە پاوە لە نێوان نوێنەرانی هەر سێ لایەنی کوردستانی بەشدار بوو لە شەڕی گرتنی هەڵەبجەدا (یەکێتی، پارتیو حسك)دا ئەنجام دەدرێت، بۆ یەکخستنی هەڵوێستی هەر سێ لایانو دابەشکردنی ناوچەو قۆڵەکانی شەڕەکە لە نێوانیاندا، دوای گفتوگۆو وتووێژێکی زۆر، لەسەر دابەشکردنی قۆڵەکانی شەڕ بەپێی شارەزایی هەر لایەکیان لەو ناوچەیەدا ڕێك دەکەون، کە هەریەکەیان بەجیا لە ناوچەو سنوری خۆیدا لەگەڵ ئێرانیەکاندا ڕێکەوێت بۆ ئەنجامدانی کارەکەو بەرەکانی شەڕ لە نێوانیاندا دابەش دەکەن[3]. بەم شێوەیە:

بەرەی دەوروپشتی هەڵەبجەو شاخی شنرویو گرتنی ناو شاری هەڵەبجەو سیروانو تۆپخانەکانی دەڵەمەڕ بۆ یەکێتی، ئازادکردنی خورماڵو پشتی ئەحمەدئاواو بەرزاییەکانی ملەخورد بۆ پارتی، (حسك) بەرپرس بێت لە گرتنی ڕێگای سەیدسادق– هەڵەبجە (پردی زەڵم)، بۆ ڕێگرتن لە هاتنی یارمەتی سوپای عێراق بۆ هەڵەبجەو خورماڵ، هێزەکانی (فەیلەقی بەدر)یش گرتنی شاخی شنرویو باڵانبۆیان لەئەستۆ بێت، هێزەکانی بزوتنەوەی ئیسلامیش بەرپرس بن لە کاروباری لۆجستی[4]. لەگەڵ هەر بەرپرسێکی کورد سێ ئەفسەری پلەداری ئێرانیو لەگەڵ هەر یەك لە پارتە کوردیەکان (200–300) پاسدارو فەیلەقی 9ی بەدریان دانا[5].

([1]) بۆ خاڵەکانی ڕێکەوتننامەکە بڕوانە، شەوکەت حاجی مشیر: س. پ، ل ل90- 92.

([2]) هـ. س، ل ل93- 94.

([3]) هـ. س، ل94.

([4]) هـ. س، ل ل94- 96؛ نەوشیروان مستەفا ئەمین: خولانەوە...، ل145؛ حسێن سۆران: س. پ، ل260.

([5]) حسێن سۆران: س. پ، ل260.

هەرچەندە بزوتنەوەی ئیسلامی لەو کۆبوونەوەیەدا بەشدار نەبوو کە بەرەکانی شەڕی تیادا دابەش کرا، بەڵام دوای ئەوەی ئەنجامی ئەو کۆبوونەوەیەو دابەشکردنی ناوچەکان لە نێوانیاندا بە کاربەدەستانی ئێرانی ڕادەگەیەنن، بە وتەی شەوکەتی حاجی موشیر بەرپرسانی ئێرانی بە نوێنەرانی هەر سێ پارتە کوردستانیەکەی بەشداربووی کۆبوونەوەکەیان ڕاگەیاندووە: "بزوتنەوەی ئیسلامی هەموو بڕیارێکیان سەر بە ئێرانە لەم شەڕەدا، چونکە بزوتنەوەی ئیسلامی تەنها یەك ساڵ بوو دروست بوو بوو لەدوای ڕاپەڕینی 1987/5/13ی هەڵەبجەو هێزی شەڕکەرو شارەزایان نەبوو فەرماندەی سەربازی لێهاتووشیان کە بەرەیەك هەڵبژێرن، بۆیە ئێرانیەکان وتیان تەنها بۆ کاری پشتیوانیو "لۆجستیکی" لەگەڵ هێزی ئێراندا سوودیان لێ وەردەگرن"[1].

لایەنی ئێرانیو پارتە کوردییەکان لەسەر چەند خاڵێك ڕێکەوتبوون، گرنگترینیان:

1. ئەو ناوچە کوردیانەی ئازاد دەکرێن ڕادەستی هێزە کوردییەکان بکرێن.
2. دابینکردنی خواردنو سوتەمەنی بۆ ناوچە ئازادکراوەکان لەلایەن ئێرانەوە.
3. شەهیدانە بۆ بنەماڵەی شەهیدانو بڕێتەوەو بریندارەکان چارەسەر بکرێن.
4. کارەبا لە شاری پاوەوە بۆ هەڵەبجەو دەوروبەری ببرێت.
5. ئاوەدانکردنەوەی گوندە ڕاگوێزراوەکان.
6. دیلە عەرەبەکان ڕادەستی ئێرانو ئەنجومەنی باڵای شۆڕشی ئیسلامیو دیلە کوردەکانیش ڕادەستی پارتە کوردییەکان بکرێن.
7. چەکی قورس بۆ ئێرانو چەکی سوك بۆ هێزە کوردییەکان بێت.
8. حکومەتی ئێران بەبێ جوڵانەوەی کورد جەنگ ڕانەگەیەنێت[2].

هەرچەندە بزوتنەوەی ئیسلامی لە بەرنامەو ئامادەکارییەکان بۆ لێدانی هەڵەبجە بەشدار بوو، بەڵام لە کاتی جێبەجێکردنیدا بەشداری لێدانو گرتنی هەڵەبجە ناکات ئەویش بەهۆی نامەیەکی شێخ عوسمان ڕابەری بزوتنەوەی ئیسلامی (1987– 1997)، کە لە مێژووی 1988/3/12 بۆ بەرپرسی مەکتەبی عەسکەری بزوتنەوە، عەلی عەبدولعەزیز (1929– 2007)ی دەنێرێت، لە ترسی کاردانەوەی حکومەتی عێراقی داوا

([1]) شەوکەت حاجی مشیر: س. پ، ل 96– 97.

([2]) حسێن سۆران: س. پ، ل 258– 259.

دەكات بەشداری لەو كارەدا نەكەن[1]. شایانی باسە هەر یەك لە (حشع)و (پاسۆك) لەو كارەدا بەشدار نەبوون[2].

پاش رێكەوتنی لایەنەكان بە هەماهەنگی لەگەڵ بەرپرسانی سەربازی ئێرانیدا، شوێنەكانو كاتی دەستپێكردنی شەڕەكە دەستنیشان دەكەنو لە كاتژمێرا 1,5ی نیوەشەوی 14- 1988/3/15 بە پێی بەرنامەیەكی نەخشەبۆدارێژراو لە هەموو قۆڵەكانەوە بە پشتیوانی تۆپخانەی ئێرانی بۆ ئەنجامدانی كارەكە دەست بە هێرش كرا[3]، و لە قۆناغی دووەمی شەڕەكەدا لە كاتژمێر (3,5)ی عەسری رۆژی 1988/3/15 دا هێزەكانی یەكێتی وەك بۆیان دیاریكرابوو بە پاڵپشتی تۆپخانەی ئێرانی هێرش دەكەنە سەر شاری هەڵەبجەو لە ماوەی چەند كاتژمێرێكدا شارەكە ئازاد دەكەن، دوای كوشتارێكی زۆر لە هێزەكانی رژێم، ئەوانی تر هەڵدێن یان خۆیان رادەستی هێزەكانی پێشمەرگە دەكەن، هەروەها (3) پێشمەرگەی یەكێتی، (9) هاووڵاتی شاری هەڵەبجە دەكوژرێن كە هەندێكیان بە تۆپی ئێرانی دەپێكرێن[4].

لە راستیدا شكانی هێزەكانی عێراقو گرتنی شاری هەڵەبجە بەو خێراییە چاوەڕواننەكراو بوو، بەڵكو ئامانج لە شەڕەكەدا وەك چاوەڕوان دەكرا ناوچەكە ببێتە گۆرەپانی شەڕێكی فراوان لە نێوان هێزەكانی كوردو عێراقو ئێرانو عێراقدا، تا حكومەتی عێراق ناچار بكرێت هێزەكانی خۆی لە شەڕی سەركردایەتی یەكێتی (ئەنفالی 1) سوك بكات، بەڵام ئەم ئامانجە نەهاتەدی[5].

بە پێچەوانەی ئەوەی پێشبینی دەكرا، كاردانەوەی عێراق بۆ ئەو هێرشە وەك هێرشەكانی تری ئێران یاخود لەگەڵ كورد دەیكرد وەك لە فاو و حاجی ئۆمەران خێراو بە پەلە نەبوو، تەنها ئەوە نەبێت كە فەوجێكی تایبەتی لە گوندی عەنەبی نزیك هەڵەبجە

---

(1) ئیدریس سیوەیلی: لە هەناوی...، ل174- 175؛ نامەی شێخ عوسمان بۆ عەلی عەبدولعەزیز، بڕوانە پاشكۆی ژمارە (17).

(2) حەكیم مەلا صالح: هەڵەبجە لە ئامێزی مێژوودا، بەرگی یەكەم، چاپی دووەم، چاپخانەی چوارچرا، سلێمانی، 2011، ل340.

(3) شەوكەت حاجی مشیر: س. پ، ل ل129- 132.

(4) هـ. س، ل ل136- 140.

(5) نەوشیروان مستەفا ئەمین: خولانەوە...، ل ل145- 146.

دامەزراند، کە ئەوانیش دەستگیر کران، لەگەڵ لیوایەکی زرێپۆش لە قۆڵی دجیلە- هەڵەبجە هێرشی هێنابوو، ئەویش تێکشاو بەشێکی زۆری لیواکەش لەناوچوو[1]. جگە لە گواستنەوەی (4- 5) تیپ لە ناوچەکانی تری دەشتی شارەزوورگۆڕینی هێزی جاشەکان بە هێزی سوپایی لە هەندێ ناوچەدا هیچ هەوڵێکی تر لەلایەن عێراقەوە نەبینرا[2]. حکومەتی عێراق نەك هێزەکانیو شەڕەکانی (ئەنفالی 1)ی سەرکردایەتی لە دۆڵی جافایەتی سوك نەکرد، بەڵکو توندوتیژتری کرد[3]، و بەشێکی ئەو هێزەی بۆ ڕزگارکردنی فاو ئامادەی کردبوو لەگەڵ چەندین فەرماندەی سوپای عێراقی بە مەبەستی بەشداریکردن لە شەڕی سەرکردایەتی یەکێتی هەوڵدان بۆ گرتنی ئەو ناوچانە بۆ کوردستان هێنا[4].

دوای گیرانی هەڵەبجەش شەڕی سەرکردایەتی بە گەرمی بەردەوامبوو[5]، سەدام حسێن خۆی بۆ سەرپەرشتیکردنی دواقۆناغی (ئەنفالی 1) هاتبووە کوردستان، کە لەلایەن (سوڵتان هاشم، نزار خەزرەجیو کامیل ساچیت)ەوە سەرکردایەتی دەکرا، بۆیە لە ڕۆژی 1988/3/18 سەرکردایەتی یەکێتیو دانیشتوانی گوندەکان ناوچەکە چۆڵ دەکەن[6]، دانیشتوانی ناوچەکەش بە تراکتۆرو ئۆتۆمبێلی پاسداران بەرەو سنورەکانی ئێران دەڕۆنو لە گوندی (گۆمەزەل)یش هەلیکۆپتەرەکانی ئێران بریندارەکانیان بۆ ئێران دەگواستەوە[7].

لە 1988/3/19 دوای بیستو چوار ڕۆژ شەڕ، سوپای عێراق دەستی بەسەر بارەگای مەکتەبی سیاسیو سەرکردایەتی یەکێتیدا گرتو هەموو ناوچەکەیان داگیرکردو گوندەکانیان سوتاندو تەقاندەوەو سەرکردایەتی گشتی هێزە چەکدارەکانی عێراق لەو بارەیەوە بەیانی ژمارە (3087)ی دەرکرد[8]، کە تیایدا هاتبوو: "هێزەکانمان

([1]) عەلی تەتەر نێروەیی: سیاسەتی حکومەتی عێراق....، بەرگی دووەم، ل ل128- 129.

([2]) شلمچە تا حلبجە، ص230.

([3]) ئەرسەلان بایز ئیسماعیل: س. پ، بەرگی دووەم، ل118.

([4]) ڕێباز: س. پ، بەشی یەکەمو دووەم، ل434؛ شلمچە تا حلبجە، ل230.

([5]) ڕێباز: س. پ، بەشی یەکەمو دووەم، ل435.

([6]) نەوشیروان مستەفا ئەمین: خولانەوە....، ل151.

([7]) پشکۆ نەجمەدین: ئەزموونو یاد....، ل ل321- 325.

([8]) شۆڕش حاجی ڕەسوڵ: س. پ، ل ل90- 91.

هێرشیانکردە سەر بنکەو بارەگاکانی یاخیبووان، کە جەلال تاڵەبانیی خیانەتکارو بەکرێگیراوی ڕژێمی ئێران و دوژمنی عەرەب و کورد ڕابەرایەتیان دەکات، لە ناوچەکانی سەرگەڵوو، بەرگەڵوو، زێوەداو هەروەها لە ناوچە شاخاویە سەختەکانی سلێمانیدا. لە کاتژمێر 1300ی ئەمڕۆداو لەپاش نەبەردێکی ئازایانەو تۆڵەستێن لەگەڵ خیانەتکاراندا، بارەگای یاخیبوون دەستی بە سەردا گیرا. فەرماندەی ئەو هێزەی پاسی بارەگای یاخیبوونی دەکرد لەگەڵ ژمارەیەك خیانەتکاران و کەسانی سەر لێشێواودا دەستگیر کران، بە پشتیوانی خواو خواستی پیاوە دڵگەرمەکانی عێراق، بە عەرەب و کوردەوە. ئەمانە ژمارەیەکی زۆریان لێکوژراو ئەوانی تریش بە شەرمەزاری هەڵاتن"[1].

هەر لەو بایاننامەیەدا ئەو شاڵاوە ناونرا (ئەنفال) و حەوت قۆناغی تری لە ناوچە جیاوازەکانی کوردستاندا بە دوادا هات، کە لە میانەیدا (182) هەزار هاوڵاتی سڤیلی کورد بێسەروشوێن کران[2]، کۆتا قۆناغی ئەنفال (ئەنفالی 8) دوای وەستاندنی جەنگی عێراق– ئێران لە (28ی ئاب– 6ی ئەیلولی 1988) لە دەڤەری بادینان ئەنجام درا[3].

هەرچەندە ڕۆژێکیش بەر لە دەستپێکردنی هێرش بۆسەر هەڵەبجە لە ئێوارەی (3/13)دا شەوکەتی حاجی موشیر فەرماندەی سەربازی یەکێتی لە هێرشی هەڵەبجەدا لەسەر دەزگای بێتەل بە کراوەیی و بە ئاشکرا باسی هەموو ئامادەکارییەکان و قۆڵەکانی شەڕەکەی بۆ دەکات و دڵنیای دەکاتەوە لەوەی سبەی شەو دەستبەکار دەبن، مەبەستیشی لەوەدا ئەوە دەبێت کە سەر لە سوپای عێراق بشێوێنێت هێرش لەسەر سەرکردایەتی یەکێتی سوك بکەن، بەڵام لەگەڵ ئەوەی (ئینسات)ی عێراق گوێی لە هەموو قسەکان بوو بوو، بەڵام جگە لەوەی پاشنیوەڕۆی ڕۆژی دوایی (3/14) فەرماندەی فیرقەی یەك بە سێ کۆپتەر دێت بۆ سەر شاخی شنرویێ و نزیکەی (45) خولەك دەمێنێتەوە، هیچ کاردانەوەو ئامادەکارییەکی ئەوتۆ ناکەن[4].

([1]) بەیاننامەی فەرمانددەی گشتی هێزە چەکدارەکان لە 19ی مارتی 1988، دەق لە میدڵ ئیست ووچ: س. پ، ل ل169- 170.

([2]) بۆ زانیاری زیاتر لە بارەی ئەنفال و قۆناغەکانی بڕوانە، شۆڕش حاجی ڕەسوڵ: س. پ؛ فاتح محمد سليمان (فاتح سەنگاوی): عمليات الانفال في كوردستان العراق في ضوء مقاصد الشريعة والاتفاقيات والمواثيق الدولية، الطبعة الاولى، كركوك، 2010.

([3]) جبار قادر: م. س، ص125؛ فاتح محمد سليمان (فاتح سەنگاوی): م. س، ص122.

([4]) شەوکەت حاجی مشیر: س. پ، ل ل127- 128.

حکومەتی ئێرانیش لەلای خۆیەوە کە چاوەڕوانی ئەو سەرکەوتنە گەورەیەی نەدەکرد، بۆ ڕای گشتی خۆیان و بەرزکردنەوەی وورەی سوپاکەیان، هەرزوو لە دەزگاکانی ڕاگەیاندنی خۆیانەوە هەواڵەکەیان بڵاوکردەوەو ئەو شەڕەیان بە ئۆپەراسیۆنی (وەلفەجری 10) ناونا و ڕایانگەیاند کە هێزەکانی هەر سێ قەرارگای (قودس، فەتح و کازمین) بە هاوکاری ئۆپۆزسیۆنی عێراقی پێی هەستاون[1]. سەرەڕای هەڵەبجە (800) کیلۆمەتر چوارگۆشە خاک و (102) گوندی عێراقیان داگیر کردووەو ئامارەی بەوە کرد کە گەیشتوونەتە لێواری ڕۆژهەڵاتی دەریاچەی دەربەندیخان[2].

حکومەتی عێراق بە نیاز نەبوو لە شەڕی هەڵەبجەدا هێزی پیادە بەکاربهێنێت، چونکە ستراتیجێکی زۆر خراپتری لە هزردا بوو[3]، بە فەرمانی سەدام حسێن هەڵەبجە فەرامۆشکراو پڕوپاگەندەکانی ئێران هەموو بیانوویەکی دایە دەست کاربەدەستانی عێراق، کە لە بری ناردنی هێز بۆ گرتنەوەی[4]، هەر بە فەرمانی سەدام حسێن ئەو شارە کیمیاباران کرا[5]، لە ڕۆژی 16ی ئازاردا (50) فرۆکە کە هەریەکەیان 4 بۆمبای کیمیایی (500) کیلۆگرامیان هەڵگرتبوو، هەڵەبجەیان بۆمباران کرد،و کارەساتی کیمیابارانی هەڵەبجەیان خوڵقاند[6]. لە ئەنجامی ئەوەشدا نزیکەی (5) هەزار کەس کوژران و زیاتر لە (10) هەزار کەسی تریش بریندار بوون[7].

لەو کاتەدا دوو ئەفسەری ئێرانی (عەلی ڕەزاو دەهقانی) لەگەڵ پارتە کوردستانیەکاندا بۆ چارەسەرکردنی هەندێك پێشێلکاری لە بینای قایمقامیەتی هەڵەبجە لە کۆبوونەوەدا بوون[8].

---

(1) شلمچە تا حلبجە، ص222- 223؛ عملیات والفجر 10و تاپیر ان در ناکامی دشمن در جنگ شهرها، سایت جامع دفاع مقدس (ساجد)، &http://new.sajed.ir/menu1/index.aspx?T=274

(2) میدڵ ئیست ووچ: س. پ، ل161؛ عەلی مەحمود: س. پ، ل167؛ حسێن سۆران: س. پ، ل267.

(3) حسێن سۆران: س. پ، ل268.

(4) نەوشیروان مستەفا ئەمین: خولانەوە....، ل146.

(5) مایکل جی. کلی: نسل کشی در کردستان عراق، صدام حسین و یك محاکمە ناتمام، ترجمە، سیریس نظری، چاپ اول، چاپ واژەپرداز اندیشە، مؤسسة انتشارات امیر کبیر، تهران، 1390، ص43.

(6) وفیق السامرائی: م. س، ص104.

(7) ڕێباز: س. پ، بەشی یەکەم و دووەم، ل435؛ شەوکەت حاجی مشیر: س. پ، ل180؛ علی سنجاری: القضية الكردية وحزب البعث العربي الاشتراكي في العراق، الجزء الثاني، الطبعة الاولى، مطبعة خاني، دهوك، 2009، ص336.

(8) حسێن سۆران: س. پ، ل264.

له ڕاستیدا هاوکاری کوردو ئێران‌و ئەنجامدانی چالاکی‌و شەڕی هاوبەش، بوون بە پاساو و هۆکارێك بوو بۆ کیمیابارانکردنی گەلی کوردو ئەو کارەساتانەی لەلایەن ڕژێمی بەعسی عێراقەوە بەسەر کورددا هات، هەروەك شەوکەتی حاجی موشیر لە کتێبەکەیدا دەڵێت: "ئەم کارەساتانەی بەسەر گەلی کوردا هاتووە لەم سەردەمانەدا، بەشی هەرەزۆری لەسەر نزیك بوونەوەی لایەنە سیاسیەکان بوو لەگەڵ حکومەتی ئێران‌و شەڕو چالاکییە هاوبەشەکان دژی ڕژێمی عێراق"[1]. هەروەك هاشمی ڕەفسەنجانیش دەڵێت: "کیمیابارانکردنی هەڵەبجە لەبەر پێشوازی خەڵکی ئەو شارە بوو لە هێزەکانی ئێرانی"[2]. هەروەها حەبیبوڵڵا ئەبولحەسەن شیرازی‌و کامەران تارمی لە کتێبەکەیاندا ئاماژە بە ئەوە دەکەن کە کیمیابارانکردنی هەڵەبجە بەهۆی کۆمەکیەکانی ئێران بۆ کوردانی عێراق بوو[3].

هەروەها سەبارەت بە بڕیاری گرتنی هەڵەبجەو ئەو ئەنجامەی لێی کەوتەوە، جەلال تاڵەبانی دەڵێت: "ئەم بڕیارەش بەو شێوەیە، بەبێ لێکدانەوەی هەلومەرجی جەنگەکەو سروشتی فاشیانەی سەدامیەکان لە دوو ساڵی کۆتایی جەنگەکەدا، پاساوی دایە دەست سەدام کە سروشتە فاشیەکەی بەڕۆژی ڕوناك، بەبێ دوودڵی لە شاری هەڵەبجەدا جێبەجێ بکات"[4].

بڕیاری گرتنی هەڵەبجە لەلایەن پارتە کوردیەکانی باشوری کوردستان‌و کۆماری ئیسلامی ئێرانەوە، لە کاتێکدا بوو، کە بەرپرسانی کورد دەیانزانی پرۆسەیەکی دووردرێژی ئەنفال‌و کیمیاباران لەلایەن ڕژێمی بەعسەوە بۆ سەر ناوچە ئازادکراوەکانی کوردستان بەڕێوەیە[5]، لەبەر ئەوە نەوشیروان مستەفا لە 1988/2/18دا بروسکەیەکی بۆ پزیشکەکانی شۆڕش کردبوو کە تیایدا دەڵێت: "ڕژێمی بەعس بەرنامەی داناوە هەموو کوردستان کیمیاباران بکات، ئێوە ئاگاتان لێبێت‌و بەگوێرەی ڕێنمایی پزیشکی چارەسەری بریندارەکانی چەکی کیمیاوی بکەن"[6].

([1]) کارەساتی کیمیابارانی هەڵەبجە بەهاری 1988، ل194.

([2]) عملیات والفجر 10و تاثیر ان در ناکامی دشمن در جنگ شهرها، سایت جامع دفاع مقدس (ساجد)، &http://new.sajed.ir/menu1/index.aspx?T=274

([3]) نقش گروههای معارض در روابط ایران و عراق1375– 1378، ص153.

([4]) وەرگیراوە لە نەوشیروان مستەفا ئەمین: لە هاوخەباتیەوە بۆ تەخوین، ل60.

([5]) فایەق گوڵپی: س. پ، ل442.

([6]) وەرگیراوە لە هـ. س، ل459.

هەروەك جەلال تاڵەبانی لە ڕاپۆرتی خۆیدا لە پلنیۆمی چوارەمی (ی. ن. ك) دا (29-2009/10/31) دەڵێت: "حکومەت پێشتر هەڕەشەی بۆ ناردبوین کە هەر پەلامارێك لەگەڵ پاسداران بۆ سەر هەر شوێنێك، بە بەکارهێنانی چەکی کیمیاوی جوابی دەبێت، تەنانەت گەر شاری سلێمانیش بێت"[1]. لەگەڵ ئەوەی پێشتریش حکومەتی بەعس زۆر ناوچەی تری ئازادکراوی ژێر دەسەڵاتی هێزی پێشمەرگەی کیمیاباران کردبوو[2]. بۆیە دەبوو هەموو ئەو ئاماژەو ڕووداوانە لەلایەن سەرکردایەتی کوردەوە بە هەند وەربگیرانایە.

بەر لە کیمیابارانکردنی هەڵەبجە دانیشتوانی شارەکە لە ترسی کاردانەوەی توندی ڕژێمی بەعس کە چاوەڕێکراو بوو لەلایان، بەنیازبوون شارەکە چۆڵ بکەن، بەڵام لەلایەن بەرپرسانی کورد لە هەڵەبجەدا ڕێگەیان پێ نەدرابوو و بەڵێنی ئەوەیان پێدابوون کە پارێزگارییان لێدەکەن[3].

ئامانجی ستراتیژی نوێی ئێرانی لە کردنەوەی بەرەیەکی نوێ لە باکوری ڕۆژئاوای ئێران‌و باکوری عێراقدا، پێشبینی دەکرد بەکردنەوەی ئەو بەرەیە، دوژمنەکەی بەشێکی سوپاکەی لە باشورەوە بۆ ئەو ناوچانە بگوازێتەوە، لەگەڵ ئەوەی بەشێکی سوپاکەی پەرتەوازە دەکات، دەبووە سەرەتایەك بۆ ئەنجامدانی ئۆپەراسیۆنێك لە بەرەکانی باشوردا[4].

بەتایبەتیش لە ئۆپەراسیۆنی (وەلفەجری 10)دا، کە لەلایەن ئێرانەوە بە ماوەیەکی کورت‌و خێرا ئامادەکاری بۆ کراو ڕاستەوخۆ لەلایەن فەرماندەی گشتی سوپاوە سەرپەرشتی دەکرا، وێڕای ئامانجی سیاسی، سێ ئامانجی سەربازی هەبوو کە بریتی بوون لە:

1. ئازادکردنی شارەکانی هەڵەبجە، خورماڵ، سیروان، تەوێڵەو بیارە.
2. فەراهەمکردنی پێشەکییەك بۆ گرتنی بەنداوی دەربەندیخان.
3. بڕینی ڕێگەی سەرەکی پارێزگای سلێمانی[5].

([1]) وەرگیراوە لە ئەوشیروان مستەفا ئەمین: لە هارخەباتیەوە بۆ تەخوین، ل60.

([2])هـ. س، ل63؛ حەکیم مەلا صالح: س. پ، ل340.

([3]) سابیر کۆکەیی: س. پ، ل285؛ حسێن سۆران: س. پ، ل263.

([4]) شلمچە تا حلبجە، ص187.

([5]) هـ. م، ص222؛ هاشمی رفسنجانی: دفاع‌و سیاست، ص527.

یەکێکی تر لە ئامانجەکانی ئێران لەو ئۆپەراسیۆنەدا لێدانی هێزە کوردییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بوو، کە لەو کاتەدا لە سنوری هەڵەبجەو ناوچەی هەورامانـدا، چەندین بنکەی سەربازی (حدکا) و (کۆمەڵە) بوونیان هەبوو، هاوکات لەگەڵ هێرشی سوپای پاسداران‌و هێزەکانی پێشمەرگەی کوردستان بۆ سەر هەڵەبجە، هێزێکی تایبەتی سوپای پاسدارانی ئێران هێرشی کردبووە سەر بنکەکانی (کۆمەڵە) و (حدکا)[1].

بە هەوڵی یەکێتی‌و بەتایبەتی بە هەوڵی (حسك) کە شارەزای ناوچەکە بوون، توانرا هێزەکانی (حدکا) کە نزیکەی (800) کەس دەبوون لە گەمارۆ دەرباز بکەن‌و لە ناوچەکە دووریان بخەنەوە[2]، بەڵام هێزێکی کۆمەڵە بە ناوی (گوردانی شوان) دوای ئەوەی لە بیارە بەدەم شەڕەوە پاشەکشە دەکەن، تا ئاوی دەربەندیخان لەناو بیشەلاندا خۆیان دەشارنەوە بەو هیوایەی شەو لە ئاوەکە بپەڕنەوەو خۆیان دەرباز بکەن، بەڵام لە ڕۆژانی 16و 1988/3/17دا لە شەڕێکی نابەرامبەردا لە کۆی نزیکەی (70) پێشمەرگە (58) یان دەکوژرێن‌و ئەوانی تریان بە دیلی بۆ زیندانی سنە دەبرێن‌و لەوێ لەسێدارە دەدرێن، تەنها دووان لەوانە دەتوانن خۆیان ڕزگار بکەن‌و بەناو ئێراندا دەگەڕێنەوە بۆ لای هاوڕێکانیان لە (کۆمەڵە)[3]. بەمەش قڕکردنی (زد ئینقلاب) وەك یەکێك لە دەسکەوتە گەورەکانی ئۆپەراسیۆنی (ولفجری 10) ل قەڵەم دراو وەك مژدە لەلایەن عەلی خامنەئییەوە لە وتاری نوێژی هەینیدا بە نوێژخوێنانی تاران دراو ڕایگەیاندو وتی: "کۆتاییمان پێیان هێنا"[4].

لەدوای کارەساتی هەڵەبجە کۆماری ئیسلامی ئێران بە هانای خەڵکی ناوچەکەوە هات‌و ڕۆڵێکی بەرچاوی بینی لە ڕزگارکردنیان، بۆ ئەوەش ژمارەیەکی زۆر ئامبولانس‌و دکتۆر هاتنە ناوچەکەو لە چەند شوێنێکیشدا بنکەی تەندروستی‌و تیمی پزیشکیان دانا بۆ کۆکردنەوەو تیمارکردنی بریندارەکان، و بە ئۆتۆمبێل‌و ئامبولانس‌و هەلیکۆپتەریش دەستیان کرد بە گواستنەوەو دەربازکردنی بریندارەکان‌و دانیشتوانی ناوچەکە بۆ ئێران،

([1]) فایەق گوڵپی: س. پ، ل444- 445.

([2]) هەیاس کاردز: س. پ، ل406- 407.

([3]) عەلی مەحمود: کوردز ساید، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕۆمان، سلێمانی، 2008، ل166.

([4]) وەرگیراوە لە هـ. س، ل167.

به ماوەیەکی کەم دانیشتوانی ناوچەکەی بۆ ئێران گواستەوە، بێگومان گەر بەو شێوەیە نەبوایە ژمارەی کوژراو و بریندارەکان زیاتر دەبوون[1].

هەروەها دەستبەجێ ئێران لە ڕێگەی مانگی سوری ئێرانیو نوێنەری ئەوکاتی ئێران لە نەتەوە یەکگرتووەکان، داوای هاوکاری نێودەوڵەتی بۆ چارەسەرکردنی بەرکەوتووانی چەکی کیمیایی کردو ڕایگەیاند کە ئێران بە مەبەستی چارەسەرکردنی بریندارەکان هەموو هاوکارییەك وەردەگرێت، چونکە ئێران توانای پێویستو کەرەستەی باشی بۆ ئەو کارە نییە[2].

لەلایەکی ترەوە هەوڵیدا بۆ ناساندنی ئەم تاوانەی ڕژێمی بەعس بە جیهان، بۆ ئەوەش دەزگاکانی ڕاگەیاندنی کۆماری ئیسلامی بە باشی ڕوماڵی ئەو ڕووداوەی کردو بەکارهێنانی چەکی کیمیایی بە جیهان ڕاگەیاند[3]، جگە لەوەی هەر لە سەرەتاوە چەند وێنەگرێکی تەلەفزیۆنی ئێرانی لەناو ڕووداوەکانو لەگەڵ هێرشەکاندا بوون، وێنەی ڕووداوەکانو کارەساتی هەڵەبجەیان دەگرت[4]، دەرگای بۆ میدیاو ڕۆژنامەنووسانی ئێرانیو بیانی کردەوە بۆ گرتنی وێنەی ڕووداوەکانی کارەساتی هەڵەبجەو گواستنەوەی بۆ بەر چاوی جیهان هانی دەدان[5]. بەوەش لە ڕێگەی ئێرانەوە ڕۆژنامەنوسانی ڕۆژئاوا توانییان بگەنە هەڵەبجەو بە چاوی خۆیان کارەساتەکەو قوربانیەکانی ببینن‌و وێنەکانی بۆ جیهان بگوازنەوە، بێجگە لەوەی پەیامنێرانی ئەمریکیو ئەورووپی سەردانی نەخۆشخانەکانی ئێرانیان کردو چاوپێکەوتنیان لەگەڵ بەرکەوتووانی چەکی کیمیایی هەڵەبجەدا ئەنجام دا[6]. بەوەش کارەساتی کیمیابارانی هەڵەبجە بە جیهاندا بڵاو بووەوە[7].

([1]) نەوشیروان مستەفا ئەمین: خولانەوە...، ل147؛ شەوکەت حاجی مشیر: س. پ، ل ل167- 168؛ مایکل جی. کلی: م. پ، ص ص38- 39.

([2]) شلمچە تا حلبجە، ص ص239- 240.

([3]) ئەرسەلان بایز ئیسماعیل: س. پ، بەرگی دووەم، ل116.

([4]) شەوکەت حاجی مشیر: س. پ، ل180.

([5]) هـ. س، ل180؛ فایەق گوڵپی: س. پ، ل446.

([6]) سەمانسا پاوەر: ئەمریکاو ئەنفال، وەرگێڕانی، بەختیار کەریم، چاپی یەکەم، دەزگای چاپو پەخشی سەردەم، سلێمانی، 2008، ل49.

([7]) فایەق گوڵپی: س. پ، ل446.

هاوکات کۆماری ئیسلامی ئێران داوای لە نەتەوە یەکگرتووەکان کرد لیژنەیەکی پسپۆڕ بۆ لێکۆڵینەوە لە ڕووداوەکە ڕەوانەی ناوچەکەی بکات، بۆ ئەو مەبەستە لە ڕێی بەرپرسانو نوێنەری ئێران لە نەتەوە یەکگرتووەکانەوە فشاری خستە سەر ئەو ڕێکخراوە، تا لە 29ی مایسی 1988دا دوو پسپۆڕی نەتەوە یەکگرتووەکان سەردانێکی سێ ڕۆژییان بۆ ئێران ئەنجام داو لە میانەیدا چاویان بە سەدان کەس لە بەرکەوتووانی چەکی کیمیایی کەوتو سەردانی شارەکانی نەوسودو مەریوانیان کرد[1].

لەگەڵ ئەوەی ئەو کارەی ئێران بە قازانجی دۆزی کوردو ناساندنیو ستەمدیدەیی کورد شکایەوەو پرسی کوردی لە ڕاگەیاندنو میدیاکانی جیهانیو کۆڕە نێودەوڵەتیەکاندا بردە پێشەوە، بەڵام ئێران لەوەدا مەبەستی ڕیسواکردنی ڕژێمی عێراقی دوژمنی بوو لە جیهاندا، چونکە ئێران بۆ یەکەمجارو دواجار بوو کارێکی لەو شێوەیە بکات[2]. بە هیچ بەڵێنێکی تریەوە پابەند نەبوو.

دوو ڕۆژ دوای کیمیابارانکردنی هەڵەبجە ئێرانیەکان هێزێکی تری گەورەی چەند هەزار کەسی دەهێنن بۆ ناوچەکەو جێ پێی خۆیان قایم دەکەنو وردە وردە دەست دەکەن بە ناڕەحەتکردنو تەنگ پێ هەڵچنینی سەرجەم لایەنە کوردییەکان، بازگەکانی پێشمەرگە لەسەر ڕێگاوبانەکان دادەخەن بنکەو بارەگاکانیان لە ناو شارو لەسەر شەقامەکان دوور دەخەنەوە، پاشان هاتوچۆی هێزە کوردییەکان بە هەموو شێوەیەك بە شەو قەدەغە دەکەن[3].

لە هەمانکاتدا هەڵەبجەیان کرد بە شارێکی ئێرانیو کەسێکی ئێرانییان بە ناوی (عەبدوڕەزاق) کرد بە قائیمقامی هەڵەبجە[4]، و ناوی ڕێگاوبانو شوێنە گشتیەکانیان بۆ ناوی فارسی گۆڕی[5].

بێجگە لەوەی دەستیان کرد بە گواستنەوەی کەلوپەلی ماڵانو دوکانو کۆگاکانو فەرمانگە حکومیو شوێنە گشتیەکانو مزگەوتو کتێبخانەی گشتی شارەکەو کارگە

([1]) شلمچە تا حلبجە، ص ص240- 244.

([2]) نەوشیروان مستەفا ئەمین: خولانەوە...، ل147.

([3]) شەوکەت حاجی مشیر: س. پ، ل ل193- 194.

([4]) حسێن سۆران: س. پ، ل 262.

([5]) شەوکەت حاجی مشیر: س. پ، ل194.

تایبەتو گشتیەکانو عەمودی کارەبای ناوچەکەو تەنانەت دانەوێڵەی ناوچەکەشی درووێنە کرد[1]. هەروەها هەوڵیان دەدا ناوچەکە لە خەڵکو دانیشتوانەکەی چۆڵ بکەن لەبەر ئەوە هیچ کۆمەکی ئەوانەیان نەدەکرد کە لە ناوچەکەدا مابوونەوە لە ڕووی دابین کردنی خواردنو کۆمەکی تەندروستیو پێداویستیەکانی تری ژیان، تاوەکو ناچاریان بکەن بۆ ئێران بگوێزنەوە، لە ئێران لە ئۆردوگاکاندا نیشتەجێی دەکردنو ژیانێکی سەرەتایی بۆ دابین دەکردن، ئەوەش گۆڕانێکی گەورە بوو لە هەڵوێستی ئێرانیەکاندا[2]، لە هەموو بەڵێنەکانی پێشوویان پەشیمان بوونەوە کە بە سەرکردایەتی کوردیان دابوو.

ڕژێمی بەعس لە کیمیابارانکردنی هەڵەبجەدا چەند مەبەستو ئامانجێکی هەبوو، لەلایەك دەیویست پەیامی ئەوە بە ئێرانیەکان بگەیەنێت، لە باری زیاتر نزیکبوونەوەیان لە بەنداوی ستراتیژی دەربەندیخان، ئەگەری ئەوە هەیە عێراق مووشەکی هەڵگری کڵاوەی کیمیایی لە بۆردوومانکردنی شارەکانی ئێراندا بەکار بهێنێت، لەلایەکی تریشەوە دەیویست ئەو پەیامە بە کورد بدات کە هەرکەس بیەوێت لە کۆمەڵگەی عێراقی جیابێتەوە ڕووبەڕووی سزای توندی لەو جۆرە دەبێتەوە[3].

بێجگە لەوەی هەڵەبجە ناوەندێکی گرنگی جوڵانەوەی کوردی بوو دژی ڕژێمی بەعس، هاوکات گۆڕەپانی سەرکەوتنی هێزەکانی ئێرانو کورد بوو بەسەر هێزەکانی عێراقدا، بۆیە خەڵکی هەڵەبجە بە مەبەست لەلایەن ڕژێمی عێراقەوە دەستنیشان کران بۆ ئەوەی بکرێن بە نموونە بۆ ئەوانەی لەگەڵ ئێران دەچنە یەك بەرەوە بزانرێت چییان بەسەر دەهێنرێت[4].

لەلایەکی ترەوە عێراق دەیویست بەو کارەی ئێرانیەکانو کاربەدەستانی بترسێنێت، تا ناچاریان بکات شەڕ ڕابگرنو پەلکێشیان بکات بۆ سەر مێزی گفتوگۆو ڕاگرتنی شەڕ، چونکە هەر ماوەیەکی کەم دوای هەڵگیرساندنی شەڕ، کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی داوای ڕاگرتنی شەڕی دەکرد، بەڵام ئێران ڕازی نەدەبوو و مەرجیان دادەنا، هەرچەندە پێشتریش چەکی کیمیاییان دژی سوپای پاسداران بەکار هێنابوو، بەڵام زیانەکانی هێندە نەبوو کاریگەری بکاتە سەر دابەزینی وورەی ئێرانیەکان[5].

([1])شەوکەت حاجی مشیر: س. پ، ل ل191- 193؛ نەوشیروان مستەفا ئەمین: خولانەوە...، ل147؛ حسێن سۆران: س. پ، ل262.

([2]) شەوکەت حاجی مشیر: س. پ، ل194.

([3]) شلمچە تا حلبجە: س. پ، ص245.

([4]) نادر ئینتصار: ئیتنۆ نەتەوایەتی کوردی، ل184.

([5]) حسێن سۆران: س. پ، ل266؛ فایەق گوڵپی: س. پ، ل440.

سەدام حسێن لە چاوپێکەوتنێکیدا لەگەڵ ڕۆژنامەی (الاهرام)ی میسریدا وتبووی: "هەر کاتێك کە ئێران هەستی بەوە کرد کە زەرەرو زیانەکانی جەنگ مەترسی هەیە بۆی، ئەوا دەستی ئاشتیو ڕێکەوتن درێژ دەکات"[1].

بۆیە کیمیابارانکردنی هەڵەبجە بوو بە خاڵێکی وەرچەرخان لە مێژووی جەنگی عێراق- ئێراندا، چونکە ئێران لەبەر لاوازیو کەمتوانایی لە بەرامبەر ئەو چەکەدا، نەیدەتوانی وەکو پێویست سەربازانی ئێرانی لە کاریگەری چەکی کیمیایی بپارێزێت، بۆیە لەوە بەدوا ئێران بە شێوەیەکی جدیی بیری لە ڕاوەستاندنی جەنگی لەگەڵ عێراق کردەوە[2].

بۆیە دوای دەرکەوتنی ئەندازەی زیانەکانی بەکارهێنانی چەکی کیمیایی لە هەڵەبجە، کۆمەڵەی بەرگری لە ئازادیو سەروەری ئێران (جمعیت دفاع از ازادیو حاکمیت ایران) لە 19ی ئازاری 1988دا یاداشتێکیان بۆ خومەینی نوسیبوو، تیایدا داوایان لێکردبوو بە بێ مەرج جەنگ ڕابگرێت[3].

کەواتە وەك دەردەکەوێت ئێران ڕۆڵی سەرەکی خۆی هەبوو لە خوڵقاندنی کارەساتەکانی باشوری کوردستاندا، لە ئەنفالو کیمیابارانکردنی هەڵەبجەو ناوچەکانی تری باشوری کوردستاندا، چونکە لەگەڵ نزیکبوونەوەی پارتەکانی جوڵانەوەی ڕزگاریخوازی کورد لە ئێران، هەڵوێستی حکومەتی عێراق بەرامبەری توندتر دەبوو، ڕژێمی بەعس لە بەرامبەر ئەنجامدانی هەر چالاکیەکی هێزی پێشمەرگەی کوردستاندا کاردانەوەی هەبوو، بەڵام کاردانەوەی بەرامبەر ئۆپەراسیۆنی هاوبەشی کوردو ئێران توندتر دەبوو، کە ئەوە لەلایەن سەرانی ڕژێمی عێراقەوە بە خیانەت لە قەڵەم دەدرا، بۆیە دوای ئەنجامدانی ئەو چالاکیە هاوبەشانە، بە پاساوی ئێرانو سوود وەرگرتن لە چاوپۆشیو بێدەنگی نێودەوڵەتی ڕژێمی عێراق دەستی بە تۆڵەسەندنەوە لە کورد کرد، بە ڕاگواستنی گوندەکانو پێشخستنی شاڵاوەکانی ئەنفالو کیمیابارانکردنی هەڵەبجەو ناوچەکانی تری کوردستان، کە بێگومان لەو هاوکاریو کارە هاوبەشانەشی لەگەڵ جوڵانەوەی کورددا، ئێران ئامانجو بەرژەوەندی تایبەتی خۆی هەبوو.

([1]) وەرگیراوە لە شلمچە تا حلبجە: س. پ، ص235.

([2]) عەلی تەتەر نێرویی: سیاسەتی حکومەتی عێراق، بەرگی دووەم، ل130.

([3]) هـ. س، ل145.

باسی سێیەم: وەستاندنی جەنگی عێراق- ئێران و کاریگەری لەسەر جوڵانەوەی ڕزگاریخوازی کورد لە باشوری کوردستان:

لە 20ی تەمموزی 1987دا، ئەنجومەنی ئاسایش بڕیاری (598)ی دەرکرد، داوای دەستبەجێ ڕاگرتنی شەڕو پاشەکشەکردنی هێزەکانی ئێران و عێراقی کرد بۆ سنوری دانپێدانراوی نێودەوڵەتی نێوانیان، عێراق پێشوازی لە بڕیارەکە کرد، بەڵام ئێران ڕەتیکردەوە، چونکە بڕیارەکە عێراقی بە دەستدرێژیکەر لەقەڵەم نەدابوو[1]، بێجگە لەوەی داوای (250) بلیۆن دۆلار قەرەبووی بۆ پڕکردنەوەی زیانەکانی دەکرد، بەڵام عێراق لە حوزەیرانی 1982ەوە بەردەوام داوای ڕاگرتنی جەنگی دەکرد، بەڵام بەبێ ئەوەی بەرپرسیارێتی جەنگەکە لەئەستۆ بگرێت و بچێتە ژێر باری هیچ قەرەبوویەکەوە[2].

دوای کارەساتی هەڵەبجە بە مانگێك، هێزەکانی عێراق لە نیسانی 1988دا هێرشیان کردە سەر نیمچەدورگەی (فاو) لە ماوەیەکی کورتدا توانییان بیگرنەوە، ئەوەش دوای ئەوەی زیاتر لە دوو ساڵ بوو ئێران دەستی بەسەردا گرتبوو. هاوکات لەگەڵ ئەوەشدا لە هەمان ڕۆژدا لە 18ی نیسانی 1988دا کەشتیگەلی دەریایی ئەمریکا دوای لەکارخستنی ڕاداری ئێرانی هێرشی کردە سەر چەند ئامانجێکی دەریایی ئەو وڵاتە لە ناو کەنداودا، ئەوەش زیانێکی گەورەی بە بەرهەمهێنانی نەوتی ئێران گەیاند، و کاریگەری لەسەر خومەینی بۆ ڕاگرتنی جەنگ دانا[3].

دوا بەدوای ئەوەش لە 20ی نیسانی 1988دا ڕادیۆی (دەنگی کوردستان)ی (پ. د. ك) هێرشی کردە سەر ئەم هەڵوێستەی ئەمریکا، چونکە ئەو هەڵوێستەی ئەمریکا کاریگەری دەبوو لەسەر دیاریکردنی چارەنوسی جەنگی عێراق– ئێران بە پێچەوانەی بەرژەوەندییەکانی گەلی کورد، بەتایبەتی کە لەو کاتەدا گەلی کورد لەلایەن ڕژێمی عێراقەوە ڕووبەڕووی شاڵاوەکانی ئەنفال بووبوەوە[4].

دواتر لە 3ی تەمموزی 1988دا فڕۆکەیەکی ئێرباسی نەفەرهەڵگری ئێرانی کە 298 سەرنشینی هەڵگرتبوو لە بەندەر عەباسەوە بەرەو دوبەی دەچوو لەلایەن هێزی دەریایی ئەمریکا لە کەنداو بۆ ناو ئاوی کەنداو بەردرایە خوارەوەو سەرجەم سەرنشینەکانی

---

(1) Efraim Karsh: Essential Histories, The Iran- Iraq War 1980- 1988, Osprey publishing, p11.

(2) کمال مجید: م. س، ص89.

(3) م. ن، ص ص89- 90؛ عەلی تەتەر نێروەیی: سیاسەتی حکومەتی عێراق....، بەرگی دووەم، ل146.

(4) عەلی تەتەر نێروەیی: سیاسەتی حکومەتی عێراق....، بەرگی دووەم، ل147.

گیانیان لەدەستدا، ئەوەش ئەگەری ڕووبەڕووبوونەوەی سەربازی لە نێوان ئەمریکاو ئێراندا هێنایە ئاراوە[1].

پاش تێپەڕبوونی چەند ڕۆژ بەسەر ئەو ڕووداوەدا، لە 16ی تەمموزی 1988دا لە نامەیەکی خومەینیدا کە بۆ بەرپرسانی سوپای ئێرانی نوسیبوو، دوای ئەوەی سەرانی سوپای پاسداران خومەینییان ڕازی کردبوو کە ئەوان ناتوانن لەم شەڕەدا سەربکەون، لەبەر ئەوەی پێداویستیەکانی جەنگیان لەبەر دەستدا نییە، بڕیاری ڕاگرتنی جەنگ دەدات، بەکارهێنانی چەکی کیمیایش کاریگەری هەبوو لەسەر دەرکردنی ئەو بڕیارە: کە لە نامەکەدا نوسیبووی: "لەبەر کەڵک وەرگرتنی فراوانی دوژمن لە چەکی کیمیاییو نەبوونی ئامێرەکانی بەرگری بۆیە من ڕازیم ئاگربەست بکەین"، هەروەها دەڵێت "ئێوە ئازیزان لە هەموو کەس باشتر دەزانن کە ئەو بڕیارە بۆ من وەکو ژەهر کوشندەیە بەڵام ڕازیم بە ڕەزای خوای گەورە بۆ پاراستنی دینو پاراستنی کۆماری ئیسلامی چیم لە دەست بێت ئەنجامی دەدەم"[2].

بۆ ئەو مەبەستە سەرۆك كۆماری ئیسلامی ئێران (عەلی خامنەئی) لە 17ی تەمموزی 1988دا لە نامەیەك بۆ (پێرێز دی کویلار)ی سکرتێری گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان (1982- 1992) دەنێرێت، تیایدا بە فەرمی ڕایگەیاند كۆماری ئیسلامی ئێران بڕیاری (598)ی ئەنجومەنی ئاسایش پەسەند دەکات[3]، ئەوەش پێچەوانەی ڕێکەوتنی تشرینی دووەمی 1986ی نێوان یەکێتیو ئێران بوو[4].

([1]) نیفین عبدالمنعم مسعد: م. س، ص219؛ حسین دهشیارو دیگران: مسائل ایرانو عراق، چاپ اول، مؤسسة فرهنگی مطالعاتو تحقیقات بین المللی ابرار معاصر، تهران، 1382، ص11؛
مرکز اسناد انقلاب اسلامی، سقوط هواپیمای مسافربری جمهوری اسلامی ایران توسط ناو امریکایی.http://www.irdc.ir/fa/calendars/default.aspx

([2]) نامەی خومەینی لە 16ی تەمموزی 1988، دەق لە هاشمی رفسنجانی: پایان دفاع اغاز بازسازی، کارنامەو خاطرات سال 1367، چاپ چهارم، چاپو صحافی سپە، تهران، 1390، ص ص578- 581.

([3]) نیفین عبدالمنعم مسعد: م. س، ص219؛ نامەی عەلی خامنەئی بۆ سکرتێری گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان، دەق لە علی اکبر ولایتی: م. پ، ص279؛ میدڵ ئیست ڕۆچ: س. پ، ل277.
.Efraim Karsh: op. cit, p11

([4]) علی نبی صالح دوسکی: عملیات الانفال فی کردستان العراق، الطبعة الاولی، مطبعة حجی هاشم، اربیل، 2006، ص ص194- 195.

جەلال تاڵەبانی لە ئەیلولی 1988دا بە پەیامنێری ڕۆژنامەی (السفیر)ی لوبنانی وتبوو: "لەوە پێش ئێمەیان ئاگادار نەکردبوو (لە بڕیاری تەقەوەستاندن). دیارە ئێمە ئەم بڕیارە ئێرانییە (بۆ تەقەوەستاندن) بە بڕیارێکی تاکڕەوانە و هەڵوەشاندنەوەی ڕێککەوتنیان لەگەڵ ئێمە دادەنێین، بەڵام ئێمە لەو هەلومەرجەش دەگەین کە بەسەر کۆماری ئیسلامیدا سەپێندراوە، لەوانە هەلومەرجی نێوخۆیی و نێودەوڵەتانو، ئێمە ئەو (هەنگاوەی ئێران) بە کارێکی غەدارانە و دۆست کردنە قوربانی دانانێین. ئێمە پێمانوایە کە هەلومەرجی زۆربایی بوو ئەوەی بەسەر ئێراندا سەپاند، لەگەڵ ئەوەشدا پێمانوایە کە دەبوو ئەوان بەر لەوەی بڕیار بدەن پرسێکیشیان بە ئێمە بکردایە"[1].

لە ڕۆژی دواتر لە 18ی تەمموزدا ڕادیۆی تاران هەواڵەکەی بڵاو کردەوەو ئامادەیی ئێرانی بۆ ڕاگرتنی شەڕ نیشاندا، ئەوەش کاریگەری کردە سەر جوڵانەوەی کوردو ورەی خەڵکی کوردستان، لە بەرامبەردا ورەی سوپاو جاشی عێراقی بەرزکردەوە، ئەو هێزەی یەکێتیش کە لە ناوچەی خۆشناوەتی بوو دەستیان کرد بە کەمکردنەوەی قەبارەی خۆیانو خۆئامادەکردن بۆ چۆڵکردنی ناوچەکە، چونکە هیچ هیوایەك بۆ بەرگریکردن نەمابوو. هاوکات لە هەمان ڕۆژدا ئێران هێزەکانی خۆی لە هەڵەبجەو شلێرو شارباژێرو شارەزوورو هەورامان کشاندەوە[2].

کشاندنەوەی هێزەکانی ئێران لەو ناوچانەدا بە شێوەیەکی کتوپڕو چاوەڕواننەکراو بوو، بە بێ ئەوەی پێشتر هێزە کوردییەکانی لێ ئاگادار بکرێتەوە، یاخود لە کاتی کشانەوەدا ئەو شوێنانە ڕادەستی هێزە کوردییەکان بکات، بەوەش دۆخەکە لە بەرژەوەندی هێزەکانی سوپای عێراق گۆڕاو کورد جارێکی تر هەستی کرد خیانەتی لێکراوە[3].

تەنها یەك ڕۆژ دوای ئەوە لە 19ی تەمموزی 1988دا حکومەتی عێراق هێرشێکی توندی بۆ سەر هێزە کوردستانیەکان لە ناوچە جیاوازەکانی کوردستان دەستپێکرد، بەتایبەتی بۆ سەر پارتی لە ناوچەی سیدەکانو مێرگەسور، لە هەمانکاتدا هێرشێکی توندی کردە سەر ناوچەی خواکورکو شەڕێکی گەورە ڕوویدا[4]، و لە 1988/8/8دا

([1]) وەرگیراوە لە جەمال نەبەز: ئێستەو پاشەڕۆژی...، ل125.

([2]) محمد حاجی محمود: س. پ، بەرگی سێیەم، ل ل135- 137.

([3]) کریس کۆچێرا: بزوتنەوەی نەتەوەیی...، ل ل85، 89.

([4]) ڕاپۆرتی سیاسی کۆمیتەی ناوەندی لە کۆنگرەی دەیەمی پارتی دیموکراتی کوردستان- عێراق 2-1989/12/12، دەق لە حبیب محمد کریم، م. س، ص431.

ئێران سکرتێری گشتی نەتەوە یەکگرتووەکانی لە نواندنی ڕەزامەندی لەسەر بڕیارەکە ئاگادار کردەوە[1]، لە 20ی ئابی 1988دا ئاگربەست خرایە بواری جێبەجێکردنەوەو شەڕی عێراق– ئێران ڕاگیراو لە 24ی ئابدا وەزیرانی دەرەوەی هەردوو وڵات دەستیان بە گفتوگۆی ئاشتی لە جنێف کرد[2].

هەرچەندە جوڵانەوەی کورد داوای کرد کە پرسی کوردیش بخرێتە بەرنامەی دانوستاندنی عێراق– ئێرانو چارەسەرێکی ئاشتیانەی بۆ بدۆزرێتەوە، بەڵام داواکەی کورد پەسەند نەکراو بە شێوەیەکی بەربڵاوتر کەوتە بەر پەلاماری چەکی کیمیایی ڕژێمی عێراق[3].

دوای وەستانی جەنگ عێراق دەستی بەتاڵ بوو و باشترین دەرفەتی دەستکەوت تا گورزێکی کوشندە لە جوڵانەوەی کورد بدات، گەلی کوردیش بێ پشتیوان مابووەوە، سوپای عێراقیش هەموو چەکێکی کوشندەی بەکار دەهێنا[4]، بەتایبەتی کە سوپای عێراق لە قۆناغی کۆتایی جەنگی لەگەڵ ئێراندا لە ڕووی سوپاییەوە توانیبووی هێزو توانایەکی گەورە بەدەست بهێنێتو هێزێکی زیاتر ئاراستەی ناوچەکانی کوردستان بکات، تا گورزێکی تر لە جوڵانەوەی کورد بدات[5]. بۆ ئەوەش هێزەکانی بەرەی جەنگی لەگەڵ ئێران لە باشوری عێراق بۆ کوردستان ڕەوانە کرد[6].

وێڕای ئەوەی بەردەوام بوو لەسەر بەکارهێنانی چەکی کیمیایی، لەوکاتەدا کە هەردوو دەوڵەت خەریکی گفتوگۆی ئاشتی بوون لە جنێف، حکومەتی عێراق هێرشێکی پەرتو بڵاوی کردە سەر ئەو ناوچانەی لەژێر دەستی هێزی پێشمەرگەدا بوون[7]، لە بانگەوازێکی مەسعود بارزانیدا کە باس لە کارەساتی گەلی بازی دەکات دەڵێت: "ڕۆژی 1988/8/29 بووە هۆی لەناوبردنی (200) خێزانی کورد بە چەکی کیمیایی کە لەلایەن فڕۆکەکانی ڕژێم بە سەر ئەو خێزانە لێقەوماوانەی دا داباراند"[8].

([1]) مجموعة من الباحثين: العرب وايران مراجعة فی تاريخ والسياسة، الطبعة الاولى، مطبعة الدار العربية للعلوم، بيروت، 2012، ص20.

.([2]) Efraim Karsh: op. cit, p11

([3]) جاسم خۆشناو: س. پ، ل411- 412.

([4]) ڕێباز: س. پ، بەشی یەکەمو دووەم، ل ل446- 447.

([5]) کامەران قەرەداغی: س. پ، ل409.

([6]) مایکل جی. کلی: م. پ، ص33.

([7])جاسم خۆشناو: س. پ، ل233.

([8]) وەرگیراوە لە فەتاح تۆفیق فەتاح: س. پ، ل144.

له ڕاستیدا نواندنی ڕەزامەندی ئێران لەسەر ڕاگرتنی جەنگ، خورپە (صدمة) بوو بۆ ئۆپۆزسیۆنی عێراقیو ئێرانیو لە نێویاندا بۆ هێزەکانی جوڵانەوەی ڕزگاریخوازی کورد لە باشوری کوردستان، کە سەرکردایەتی ئەو لایەنانە بڕیان لە ڕەزامەندی ئێران لەسەر ڕاگرتنی جەنگ نەکردبووەوە، بەڵکو گرەویان لەسەر جەنگو ئەنجامەکانی دەکرد، بۆیە ئامادە نەبوون بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ئەو دۆخە نوێیە، کە هەردوو دەوڵەت خۆیان بۆ دژایەتیکردنو لەناوبردنی جوڵانەوەی کورد تەرخان کرد، ئاکامی ئەوەش هەرەسێکی نوێی جوڵانەوەی ڕزگاریخوازی کوردی لێکەوتەوە[1]. ئەوە بوو سوپای عێراق بە هەموو توانای جەنگیو چەکە کوشندەکانیەوە، پەلاماری هێزەکانی پێشمەرگەو دانیشتوانی ناوچە ئازادکراوەکانی داو لە ماوەی مانگێکدا هەموو لایەنە سیاسیو هێزەکانی پێشمەرگەو دانیشتوانی ئەو ناوچانەیان ئاودیوی ئێرانو تورکیا کرد[2].

دوای وەستانی جەنگی عێراق– ئێران، جوڵانەوەی ڕزگاریخوازی کورد لە باشوری کوردستان پێی نایە قۆناغی خامۆشبوونەوە، ڕۆژانە پێشمەرگە خۆیان ڕادەستی حکومەتی عێراق دەکردەوە، بێ ئومێدیو ڕەشبینیی باڵی بەسەر کوردستاندا کێشابوو، هێزی پێشمەرگە لە ناوچەکانی سەر سنوری عێراق– ئێران بارەگایان داناو ئەوانەشی خاوەن خێزان بوون لە ناوچە سنوریەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا نیشتەجێ بوون[3].

ئێران جارێکی تر پشتی لە جوڵانەوەی کورد کرد، کە پێشتر پرسی کوردی بۆ دژایەتیکردنی سوپای عێراق بەکار هێنابوو[4]، بەوەش جوڵانەوەی ڕزگاریخوازی کورد تووشی شکستێکی گەورەی سەربازی بوو، بەڵام لە ڕووی سیاسییەوە، چەندین دەستکەوتی بەدەستهێنا، بەهۆی نارەزایی جیهانی لە دژی بەکارهێنانی چەکی کیمیایی لە ئاستی نێودەوڵەتیدا پرسی کوردی بەرەو پێشەوە برد[5].

([1]) دلیر اسماعیل حقی: العامل الکردی فی الحرب العراقیة– الایرانیة، مجلة العلوم الانسانیة لجامعة صلاح الدین، المجلد1، العدد2، اربیل، 1998، ل12.

([2]) حیکمەت محەمەد کەریم (مەلا بەختیار): شۆڕشی کوردستانو گۆڕانکاریەکانی سەردەم "خەباتی شاخەکان یان ڕاپەڕینی شارەکان"، چاپی سێهەم، چاپخانەی ڕۆشنبیری، هەولێر، 2004، ل254.

([3]) ئاوات ئارەمانی: س. پ، ل354؛ ئایدق گوڵپی: س. پ، ل445.

([4]) ڕێباز: س. پ، بەشی سێیەم، ل114.

([5]) کریس کۆچێرا: بزوتنەوەی نەتەوەیی...، ل88.

له ئەنجامی وەستانی جەنگی عێراق– ئێران، سوپای عێراق بە پاڵپشتی تۆپخانەو فڕۆکە جەنگیەکانی هێرشێکی فراوانی کردە سەر ناوچەکانی کوردستانو بەردەوام بوو لەسەر بەکارهێنانی چەکی کۆکوژ، و لە ئەنجامی وێران کردنی گوندەکانی کوردستان سەدان هەزار کەس بەرەو ئێرانو تورکیا ئاوارە بوون[1].

نزیکەی (100) هەزار کەس ئاوارەی ئێران بوون، لە کاتێکدا نزیکەی ئەوەندەی تر لە سەرەتای ساڵی 1988ەوە ئاوارەی ئەو وڵاتە بووبوون[2]، بە پێچەوانەی ئێرانەوە لە سەرەتادا تورکیا ڕێگەی نەدا ئاوارەکانی باشوری کوردستان بچنە خاکی وڵاتەکەیەوە، تا لەلایەن نەتەوە یەکگرتووەکانو کۆمەڵی نێودەوڵەتییەوە فشاری خرایە سەر[3]، ژمارەی ئەو کوردانەی ئاوارەی تورکیا بوون بە نزیکەی (60) هەزار کەس مەزەندە دەکرێن[4]، کە لە دۆخێکی سەختدا ژیانیان دەگوزەراند، تەنانەت هەزار کەس لەو پەنابەرانە لەلایەن پیاوانی ڕژێمی عێراقەوە بە هاوکاری کاربەدەستانی تورکیا ژەهرخوارد کران، بێجگە لەوەی حکومەتی تورکیا ڕێگەی بە نەتەوە یەکگرتووەکانو ڕێکخراوە مرۆییە نێودەوڵەتیەکانو کۆمیتەی خاچی سوری نێودەوڵەتی نەدا سەردانی ئۆردوگای پەنابەران لەو وڵاتەدا بکەن بە مەبەستی لێکۆڵینەوە لە بەکارهێنانی چەکی کیمیایی، و بۆ ئەوەی ڕاستەوخۆ یارمەتیو هاوکارییەکانیان بگەیەننە دەستی پەنابەران[5]. پاشان هەزاران کەس لە پەنابەرانی کورد لە تورکیاوە بۆ ئێران چوون[6].

دوای گرتنی سەرکردایەتی یەکێتی لەلایەن سوپای عێراقیەوە، هێزەکانیان بۆ بناری قەندیل کشاندەوە، پاشان سوپای عێراق هێرشی کردە سەریانو بە ناچاری لە سنور بەرەو ئێران پەڕینەوە[7]. لە 1988/8/26 پاشماوەی هێزەکانی پێشمەرگە لە دۆڵی بالیسان بارەگاکانیان تەقاندەوەو بۆ ئێران پاشەکشەیان کرد[8]، بەگشتی لە ئابی

([1]) جاسم خۆشناو: س. پ، ل177؛ فەتاح ترفیق فەتاح: س. پ، ل148.

([2]) محمد احسان: م. س، ص57.

([3]) فەتاح تۆفیق فەتاح: س. پ، ل148.

([4]) نادر ئینتسار: ئیتنۆ نەتەوایەتی کوردی، ل185؛ حبیب الله ابو الحسن شیرازی و کامران طارمی: م. پ، ص153.

([5]) جاسم خۆشناو: س. پ، ل ل282- 283.

([6]) جاسم خۆشناو: س. پ، ل177؛ نادر ئینتسار: ئیتنۆ نەتەوایەتی کوردی، ل185.

([7]) ئاوات قارەمانی: س. پ، ل352.

([8]) علی نبی صالح دوسکی: م. س، ص ص195– 196.

1988دا هێزی پێشمەرگەی لایەنە کوردستانیەکان بەرەو ئێران پاشەکشەیان کرد، بەوەش جگە لە چەند مەفرەزەیەکی پارتیزانی هێزی پێشمەرگە لە باشوری کوردستاندا نەما[1].

بێجگە لە شەڕی خواکوڕك کە لە 19ی تەمووزی 1988ەوە دەستی پێکردبوو، وێڕای بەکارهێنانی چەکی قورس‌و چەکی کیمیایی تا 5ی ئەیلولی 1988 بەردەوام بوو، پاشان ناچار بوون بۆ ئێران پاشەکشە بکەن، بەوەش جارێکی تر سوپای عێراق دەستی بەسەر هەموو ناوچەکانی کوردستاندا گرتەوە، جارێکی تر خەباتی جولانەوەی ڕزگاریخوازی کورد لە باشوری کوردستان تووشی شکست‌و پاشەکشەکردن بووەوە[2].

کاتێك ژمارەیەکی زۆری خەڵکی باشوری کوردستان لە دوای ئەنفال‌و کیمیاباران ئاوارەی ئێران بوون، لە چەند ئۆردوگایەکدا نیشتەجێ کران[3]، و جارێکی تر ئۆردوگای زێوە کە لە ئەنجامی بۆمبارانکردنی لەلایەن ڕژێمی عێراقەوە لە 9ی حوزەیرانی 1985ەوە چۆڵ بوو بوو قەرەباڵغ بووەوە[4]، هەرچەندە لە مایسی 1988ەوە خاچی سوری ئێرانی دەستی بە دروستکردنی (20) ئۆردوگا کردبوو، بەڵام تا تشرینی دووەمی 1989 تەواو نەکرابوون[5].

لەگەڵ ئەوەی کۆماری ئیسلامی ئێران دەرگاکانی سنوری بە ڕووی پەنابەرانی باشوری کوردستاندا کردەوەو هەندێك یارمەتیشی پێدەدان، بەڵام بە گشتی ڕەوشی ژیان‌و گوزەرانیان لە ڕووی خۆراك‌و پەروەردەو تەندروستی‌و پێداویستیەکانی ژیانەوە لە ئاستێکی باشدا نەبوو[6].

دوای وەستانی جەنگ، ئێران هەڵوێستی بەرامبەر جولانەوەی ڕزگاریخوازی کورد گۆڕا، بە وەرەقە نەبوایە ڕێگەی نەدەدا هیچ کەس یان پێشمەرگە لە سنوری بپەڕێتەوە

([1]) علی نبی صالح دوسکی: م. س، ص196؛ فەتاح تۆفیق فەتاح: س. پ، ل144؛ فایەق گولپی: س. پ، ل445.

([2]) کریس کۆچێرا: بزوتنەوەی نەتەوەیی....، ل 86- 87.

([3]) ئاوات قارەمانی: س. پ، ل350؛ فایەق گولپی: س. پ، ل446.

([4]) کریس کۆچێرا: بزوتنەوەی نەتەوەیی....، ل87.

([5]) جاسم خۆشناو: س. پ، ل280.

([6]) ڕێباز: قەندیل بەغدای هەژاند، بەشی سێیەم، چاپی دووەم، چاپخانەی پەیوەند، سلێمانی، 2011، ل114- 115؛ جاسم خۆشناو: س. پ، ل 280- 281.

یاخود بێتەوە باشوری کوردستان[1]، جگە لەوەی بە نیاز بوو ئەو ماڵە پێشمەرگانەی لە شارو ناوچە سنورییەکاندا مابوونەوە بۆ ئۆردوگاکان دووریان بخەنەوە[2].

ئێران بە چاوی گومانو نەیارانە سەیری پێشمەرگەی یەکێتیان دەکرد، حسابی کۆنیان لەگەڵدا زیندوو دەکردنەوە، کاتێك پێشمەرگەیەك ئیشی تێیان بکەوتایە، یان لە کاتی گیرانیدا لێیان دەپرسی بەشداری شەڕی ئێران (هێزی پشتیوان)ت کردووە، یاخود گومانیان لێبکردایە بە پاساوی بەشداریکردن لە شەڕی دژی ئێران دەیانگرت[3].

هەندێك پێیان وایە ئەوەی لە دوای وەستانی جەنگی عێراق– ئێران بەسەر کوردو جوڵانەوەکەیدا هات دووبارەبوونەوەی هەمان ڕووداو و چارەنووس بوو کە لە ساڵی 1975دا بەسەر کوردو شۆڕشی ئەیلولدا هات، لەو بارەیەوە کامەران قەرەداغی دەڵێت: "ئەوەی لە 1988دا بەسەر بزوتنەوەی کوردیدا هات، لە ڕوویەکەوە، دووبارەبوونەوەیەکی دەقاودەقی بارودۆخەکەی 1975 بوو؛ لە هەردوو جاردا، چارەنووسی کورد لە بازاڕی پەیمانسازی ڕاستەوخۆی نێوان عێراقو ئێراندا فرۆشرا"[4]. سامی عەبدولڕەحمان پێی وایە کە پاشەکشەی 1988 لە زۆر لایەنەوە لە شکستی 1975 ترسناکتر بوو و دەڵێت: "لەوکاتەدا کوردەکان لەسەر خاکی خۆیان مابوونەوە، ئەگەری سەرهەڵدانەوەی خەبات هەبوو. ئەمڕۆ هەلومەرجی ئێمە زۆر دژوارترە. خەڵك یان لە شارە گەورەکانە یان لە ئۆردوگاکاندایە: لە پانتایی هەشتا هەزار کیلۆمەتری چوارگۆشە لە کوردستانی عێراق، ئێمە تەنها هەندێك شوێنی نا گونجاومان بە دەستەوەیە. ئاشکرایە کە ڕەوشەکە لە ڕوانگەی ڕۆحیو دەروونییەوە لەبارە. ڕابەران سوورن لەسەر بەردەوام بوونی خەبات، بەڵام لەبارەی ستراتیژی یەوە سەرهەڵدانەوەی بەرگری زۆر لەجاران دژوار ترە"[5].

بەڵام بە وتەی کریس کۆچێرا زۆربەی بەرپرسانی کورد لەگەڵ ئەو بۆچوونەدا نینو پێیان وایە دوای ڕێکەوتنی جەزائیری ساڵی 1975 ڕابەرانی جوڵانەوەی کورد لە سەروو ئەوانیشەوە

([1]) فەتاح تۆفیق فەتاح: س. پ، ل91- 92؛ ئارات قارەمانی: س. پ، ل349- 350، 364.

([2]) ئارات قارەمانی: س. پ، ل360.

([3]) ڕێباز: س. پ، بەشی سێیەم، ل114؛ سابیر کۆکەیی: س. پ، ل359.

([4]) دوو جەنگی کەنداو...، ل411.

([5]) وەرگیراوە لە کریس کۆچێرا: بزوتنەوەی نەتەوەیی...، ل ل87- 88.

بارزانی وازیان لە بەرگری هێنا، بەڵام لە ساڵی 1988دا هەڵوێستەکە بەو شێوەیە نەبوو لە ناوەڕاستی مانگی تەمموز تا ئەیلول جەنگ بەبێ وەستان بەردەوام بوو[1].

وەك دەردەکەوێت وەستاندنی جەنگی عێراق- ئێران کاریگەری گەورەی لەسەر جوڵانەوەی ڕزگاریخوازی کورد هەبوو، بە شێوەیەك دوای وەستاندنی ئەو جەنگە لە ڕووی خەباتی چەکدارییەوە جوڵانەوەی ڕزگاریخوازی کورد تووشی شکست هاتو جگە لە چەند مەفرەزەیەکی پارتیزانی هیچ هێزێکی پێشمەرگە لە باشوری کوردستاندا نەما، هەرچەندە لە دوای نواندنی ڕەزامەندی لە سەر ئاگربەست بە فەرمی لە 1988/8/8 لەلایەن ئێرانەوە، بۆ ماوەی نزیکەی مانگێك تا 1988/9/5 شەڕو بەرگری هێزی پێشمەرگە لە ناوچەی بادینان بەردەوام بوو، بەڵام دواجار نەتوانرا بەردەوامی پێ بدرێت، بۆیە هێزی پێشمەرگەی لایەنە کوردستانیەکانو دەیان هەزار خەڵکی ناوچە ئازادکراو و کارەساتبارەکانی کوردستان ئاوارەی ئێران بوون، هەرچەندە کورد هاوپەیمانی ئێران بوو بەڵام ئێران بۆ ڕاگرتنی جەنگ نەك پرسو ڕای پێنەکرد، بەڵکو ئاگاداریشی نەکردەوە، ئەوانەش چەند وێنەیەکی هاوشێوەی هەرەسی شۆڕشی ئەیلولی بوو لە ساڵی 1975دا، بەوەش جارێکی تر جوڵانەوەی ڕزگاریخوازی کورد لە باشوری کوردستان تووشی هەرەس هات، بەڵام ئەمجارەیان بە شێوەیەکی ڕانەگەیەنراو.

لە ڕۆژی 10ی شوباتی 1988دا، د. موکەرەم تاڵەبانی بە مەبەستی ڕێکەوتنو گفتوگۆی هەمەلایەنەی نێوان پارتە کوردستانیەکانو حکومەتی عێراقیدا، دوای وتووێژکردن لەگەڵ سەدام حسێن بۆ ئەو مەبەستە نامە ئاراستەی سکرتێرو سەرۆکی هەریەك لە (پارتی، یەکێتی، حشع و حسك) دەکات[2].

ڕەسوڵ مامەند سکرتێری (حسك) بە نامەیەك بە مێژووی 1988/3/12 وەڵامی د. موکەرەم تاڵەبانی دەداتەوە، هەرچەندە پێی وایە کارەکە ئاسان نییە، بەڵام ئەستەمیش نییە، هەروەها دەڵێت: "دیارە بەڕێزتان ئاگادارن لەو وەزعەی ئێستا لە کوردستانو هێرشی توندوتیژی ڕژێم بەرامبەر خەڵکی کوردستان. ئەم هەڵوێستانەش بەڕاستی

([1]) بزوتنەوەی نەتەوەیی...، ل88.

([2]) مکرم طالباني: مراحل تطور الحركة القومية الكردية "مسيرة الحركة التحررية الكردية"، المجلد الثاني، مؤسسة حمدي للطباعة والنشر، السليمانية، 2010، ص515؛ نامەی د. موکەرەم تاڵەبانی بۆ ڕەسوڵ مامەند، دەق لە محەمەد شاکەلی: س. پ، ل ل181- 184.

خزمەتی ئاشتیو گەشبینی ناکات. بەرامبەر نیەتی ڕاستی حکومەت، ئەگەر نیەتی باشو ڕاستی هەبێت، دەتوانێت موبادەرەیەك بکات..."[1].

عەزیز محەمەد سکرتێری (حشع) بە نامەیەك بە مێژووی 1988/3/25 وەلامی دەداتەوە، وێڕای ئەوەی ڕایدەگەیەنێت کە دژی گفتوگۆ نین، بەلام دەلێت ئەوەی بەلای ئێمەوە گرنگە زانینی بۆچوونی کۆمەلەکەی لای ئێوەیە. ئەوان بۆ چی ئامادەن، چۆن لە ئاشتەوایی نیشتمانی تێگەیشتوونو دەگونجێت لەسەر چ بنەمایەك بکرێت دوای هەموو ئەوانەی ڕوویدا؟! پاشان ئایا ئەوەی لە هەلەبجە ڕوویدا لەگەل ئەو مەبەستەدا دەگونجێت؟ ئێمە پێویستمان بە تێگەیشتنی ئەوەیە تاوەکو لەبەر ڕۆشنایی ئەوەدا لە مەکتەبی سیاسی تاوتوێی بکەینو لە ئایندەیەکی نزیکدا لەگەل هاوپەیمانەکانمان تاوتوێی ئەو کارە دەکەین لە هەموو لایەنەکانیەوە، پاشان لەو بۆچوونەی پێی دەگەین ئاگادارت دەکەینەوە"[2].

بەپێی وتەی چەند ئەندامێکی مەکتەبی سیاسیو سەرکردایەتی یەکێتی، (حشع) نامەکەی موکەرەم تالەبانی ناگەیەننە دەست سەرکردایەتی یەکێتی تا 1988/5/20، ئەو کاتەش چوار قۆناغی ئەنفال کۆتایی هاتبوو[3]، بەلام موکەرەم تالەبانی ئاماژە بەوە دەکات کە عومەر عەبدوللا، ئەندامی مەکتەبی سیاسی یەکێتی بە نامەیەك بە مێژووی 1988/5/5 وەلامی دەداتەوە، وێڕای ئەوەی ڕایدەگەیەنێت لەگەل شەڕدا نین، یەکێتی داوا دەکات شەڕ لە نێوان حکومەتو ئۆپۆزسیۆندا ڕابگیرێت تا ببێتە بەلگەیەك لەسەر نیەتباشی حکومەتو جدییەتی لە ئاشتبوونەوەی نیشتمانیدا[4].

بە وتەی ڕێباز لە ڕێگەی د. موکەرەم تالەبانیەوە ئالوگۆڕکردنی نامە لە نێوان نەوشیروان مستەفاو حکومەتی عێراقیدا هەبوو، لەلایەکی تریشەوە بەهۆی (حاجی عبد) برای (عەلی حەسەن مەجید) و سەرۆکی شوعبەی سێی ئاسایشی گشتی (امن العامة) هاتووچۆ هەبوو، لەو میانەیەشدا داوایان لە حکومەتی عێراق کردبوو هێرشەکانی بۆ سەر مەلبەندی سێ ڕابگرێت، ئەوەش لەلایەن حکومەتەوە جێبەجێ کرا، بە بڕوای ڕێباز ئەگەر

([1]) نامەی ڕەسول مامەند بۆ د. موکەرەم تالەبانی، دەق لە محەمەد شاکەلی: س. پ، ل186.

([2]) نامەی عەزیز محەمەد بۆ د. موکەرەم تالەبانی، دەق لە مكرم طالباني: م. س، ص ص517– 518.

([3]) وەرگیراوە لە شۆڕش حاجی شۆڕش: س. پ، ل81.

([4]) وەرگیراوە لە مكرم طالباني: م. س، ص ص518– 519.

ئێران بڕیاری (589)ی ئەنجومەنی ئاسایشی تایبەت بە ئاگربەستی پەسەند نەکردایە، حکومەتی عێراق لەگەڵ یەکێتی ڕێکدەکەوت[1].

هەرچەندە موکەڕەم تاڵەبانی داواکاری لایەنە کوردییەکان بە چەند خاڵێك دەخاتە بەردەم حکومەتی عێراقی بۆ ڕەخساندنی زەمینە بۆ ئەنجامدانی دانوستاندن، وەك:

1. دەستبەجێ شەڕ ڕابگیرێت یان ئاگربەستێکی ڕانەگەیەنراو بکرێت بۆ ئاسانکاری بۆ دەرکردنی بڕیارێك لەمەڕ ئاشتەوایی.
2. دەرکردنی لێبووردنێکی گشتیو ئازادکردنی زیندانیو ڕاگیراوەکان.
3. دەست هەڵبگیرێت لە وێرانکردنی گوندو کێڵگەکانو شاڵاوەکانی ئەنفال ڕابگیرێن.

لە پەیوەندییەکی تەلەفۆنیدا سەدام حسێن وەڵامی موکەڕەم تاڵەبانی دەداتەوەو دەڵێت:

1. ڕازی نابین لەسەر ڕاگرتنی جەنگ لەگەڵ تێکدەرەکاندا دوای ئەوەی ئەو ڕێگە لادەرەیان گرتەبەر لە مامەڵەکردن لەگەڵ بێگانەدا دژی عێراق.
2. کێ ئێرانیەکانی هێنا بۆ هەڵەبجە؟
3. ئاگات لە لێدوانەکانی جەلال تاڵەبانیە کە دەیوت لەگەڵ ئێرانیەکان لەسەر دامەزراندنی دەوڵەتی کوردی ڕێکەوتوون؟
4. لە ئێستا بەدواوە ڕێگەی کارکردنیان پێنادەین، بەڵام ئەگەر دەیانەوێت لەگەڵ کاروانەکە بن، دەبێت ئەوە بسەلمێننو بەرنامەکەیان ڕابگەیەنن، ئەو کاتە دەڵێین بەڵێ یان نەخێر.
5. ئێمە تەکتیکمان ناوێتو داوای وردیو ڕوونییان لێدەکەین[2].

پاشان دوای کۆتاییهاتنی شاڵاوەکانی ئەنفالو خامۆشبوونی جوڵانەوەی کوردی. لەژێر کاریگەری ناڕەزایی جیهان بەرامبەر سیاسەتی قڕکردنو فشاری نێودەوڵەتیدا لە 6ی ئەیلولی 1988دا ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش بڕیاری لێبووردنی گشتی بۆ هەموو کوردانو ئازادکردنی زیندانیەکانی دەرکرد، کە ئەم لێبووردنە جەلال تاڵەبانی نەدەگرتەوە[3]. پاشان چەند جارێکی تر لێبووردنی گشتی بۆ پێشمەرگەو ئاوارە کوردەکان دەرکرد[4].

([1]) قەندیل بەغدای هەژاند، بەشی یەکەمو دووەم، ل446.

([2]) وەرگیراوە لە مکرم طالبانی: م. س، ص524.

([3]) مکرم طالبانی: م. س، ص ص528– 529؛ عەلی تەتەر نێرویی: سیاسەتی حکومەتی عێراق...، بەرگی دووەم، ل180.

([4]) جاسم خۆشناو: س. پ، ل283.

هەر بۆ ئەو مەبەستە موكەڕەم تاڵەبانی لە 14- 1988/9/15دا لە لەندەن بە جیا چاوی بە هەریەك لە ئیبراهیم ئەحمەدو هۆشیار زێباری نوێنەری پارتی دەكەوێت، بۆ ڕۆژی دواتریش (9/16) لە پراگ چاوی بە عەزیز محەمەد دەكەوێت، بێجگە لەوەی پەیوەندی بە هەریەك لە مەسعود بارزانیو جەلال تاڵەبانیەوە دەكات[1].

ئێرانو سوریا هەڵوێستیان نەرێنی بوو بەرامبەر پرسی كوردو ژمارەیەكی زۆر لە كوردانی باشوریش لە ئێران بوون[2].

بێجگە لە (حشع) كە هەڵوێستی ڕوون نەبوو هەرچەندە گفتوگۆشی ڕەت نەدەكردەوە، بە شێوەیەكی گشتی هەموو لایەنە كوردستانیەكان لەگەڵ گفتوگۆدا بوون، و ڕەزامەندییان لەسەر ئەنجامدانی بەبێ هیچ مەرجێكی پێشوەخت لە لایەن هەردوولاوە دەربڕیبوو، هەروەها داوایان كردبوو بە شێوەیەكی نهێنی ئەنجام بدرێت، بە هۆی هەڵوێستی ئێرانو سوریاوە[3].

لە سەرەتای كانوونی دووەمی 1989دا بە ئاشكرا باس لە دانوستاندن دەكرا، بۆ ئەوەش حكومەتی عێراق هەڵبژاردنی (ئەنجومەنی نیشتمانی) بۆ ماوەی مانگێك دواخست[4]، یەكێتی نیشتمانی داوای دڵنیایی لە حكومەتی عێراقی بۆ گواستنەوەی لە ئێرانەوە بۆ باشوری كوردستانو كۆبوونەوەیان لە ناوچەی "شێنێ" لەسەر سنور دەكرد، بەڵام سەدام حسێن ڕەتیكردەوە[5].

پارتیش ڕووبەڕووی فشاری ئێران دەبووەوە، چونكە بارزانیەكانو هێزی سەرەكیو خەڵكێكی زۆریان لە ئێران بوو، حكومەتی عێراقیش پێش دەركەوتنی ئەنجامەكانی گفتوگۆ ڕێگەی نەدەدا بگەڕێنەوە بۆ ناوچەكانیان، مەسعود بارزانی لە 1989/1/29دا لە ڕۆژنامەی (السفیر)ی لوبنانیدا وتبووی: "پرسی كورد چارەسەر ناكرێت تەنها لەگەڵ ڕژێمێكی جێگرەوەی ڕژێمی ئێستادا نەبێتو بەرەی ئۆپۆزسیۆنی عێراقی نزیكە پێكبێت

([1]) مكرم طالباني: م. س، ص529.

([2]) م. ن، ص538.

([3]) م. ن، ص ص545، 558.

([4]) ڕێباز: س. پ، بەشی یەكەمو دووەم، ل467.

([5]) مكرم طالباني: م. س، ص ص541- 542.

بۆ ڕووخاندنی ڕژێمی عێراق". ئەوەش پێچەوانەی هەڵوێستی هۆشیار زێباری بوو، کە پێشتر ڕەزامەندی لەسەر ئەنجامدانی گفتوگۆ دەربڕیبوو[1].

بەم شێوەیە دەنگۆو ئاڵوگۆڕی نامەو گۆڕینەوەی بیروڕا لەسەر گفتوگۆ نزیکەی ساڵێکی خایاند، دواجار ئەنجامیش نەدرا، هەرچەندە پارتە کوردستانیەکان ئامادە بوون بەبێ مەرج لەگەڵ ڕژێمدا بچنە گفتوگۆوە، بەڕای ئێمە ئەوەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی حکومەتی عێراق خواستێکی جدیی بۆ ئەنجامدانی گفتوگۆ نەبوو، تەنها مەبەستی دەستخستنی کات بوو بۆ جێبەجێکردنی پلانەکانیو چۆڵ کردنی گوندەکانو کۆتایهێنان بە جوڵانەوەی کورد، پێشنیارکردنی گفتوگۆ لە مانگی شوباتی 1988دا لە گەرمەی توندوتیژترین هێرشو شاڵاوەکانی ئەنفالدا بۆ سەر کوردستان، ئەویش بۆ سەرقاڵ کردنو بیرکردنەوەی پارتەکانی جوڵانەوەی ڕزگاریخوازی کورد بە گفتوگۆو ساردکردنەوەیان لە بەرگری بوو، لەلایەکی ترەوە ئێران هۆکار بوو لە ئەنجامنەدانی گفتوگۆو گفتوگۆی ئاشکرا، چونکە ئێران دژی ئەنجامدانی گفتوگۆ بوو و ژمارەیەکی زۆری خەڵکی کوردستانو سەرکردایەتیو هێزی پێشمەرگەی کوردستان ئاوارەی ئەو وڵاتە بوو بوون، ڕژێمی عێراقیش ڕێگەی نەدەدا بە گەڕانەوەیان بۆ باشوری کوردستانو ناوچەکانی خۆیان پێش ئەنجامدانو ئەنجامەکانی گفتوگۆ.

---

[1] وەرگیراوە لە مکرم طالبانی: م. س، ص ص557– 558.

ئەنجام

لە کۆتایی ئەم توێژینەوەیەدا گەیشتینە ئەم ئەنجامانەی خوارەوە، کە لەم چەند خاڵەدا دەیانخەینە ڕوو:

1. هەڵگیرساندنەوەی شۆڕش لە دوای ڕێکەوتننامەی جەزائیرو هەرەسی شۆڕشی ئەیلول لەلایەن پارتە سیاسیەکانی باشوری کوردستانەوە، دەستکەوتێکی گرنگو خاڵێکی وەرچەرخان بوو لە مێژووی کوردو بە سەرەتای قۆناغێکی نوێ لە مێژووی خەباتی جوڵانەوەی ڕزگاریخوازی کورد لە باشوری کوردستان دادەنرێت، کە هەستیارترینو پرکارەساتترین قۆناغ بوو.

2. سیاسەتی ئێران بە گشتی دژی هەڵگیرساندنەوەی شۆڕش بوو، هاوکات بە پێی ڕێکەوتننامەی جەزائیر هاوکاری حکومەتی عێراقی بۆ لەناوبردنی ئەو شۆڕشە دەکرد، بە ئەندازەی حکومەتی عێراق دژی هەڵگیرساندنەوەی شۆڕش بوو لە باشوری کوردستاندا.

3. لە ئەنجامی هەرەسی شۆڕشی ئەیلول لە ساڵی 1975دا سەدان هەزار کەس وەك پەنابەر ڕوویان لە ئێران کرد، کە ڕووبەڕووی سیاسەتی توندی ڕژێمی شای ئێران بوونەوە، لە ئەنجامی ئەوەشدا زۆربەی ئەو پەنابەرانە خۆیان ڕادەستی حکومەتی عێراق کردەوە، ئەوانەشی بە پەنابەری لە ئێران مانەوە لە دۆخێکی سەختدا لە ڕووی سیاسیو ئابوریو کۆمەڵایەتیو پەروەردەییەوە، ژیانیان دەگوزەراندو هەرگیز وەك پەنابەر لەلایەن ئێرانەوە وەرنەگیرانو مافەکانیان بۆ دابین نەکرا، بەڵکو لە دەرەوەی یاسا نێودەوڵەتیەکانی تایبەت بە پەنابەران لەلایەن ڕژێمی شای ئێرانەوەو بە پێی بەرژەوەندییەکانی ئەو وڵاتە مامەڵەیان لەگەڵ دەکرا.

4. سەرهەڵدانو سەرکەوتنی شۆڕشی ئێران بە ڕووداوێکی گرنگ لە ئێرانو ناوچەکەو ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دادەنرێت، لە سەر ئاستی ناوخۆی ئێران، کۆتایی بە ڕژێمی شاهەنشاهی هاتو کۆماری ئیسلامی لەو وڵاتەدا لێکەوتەوە، کە گۆڕانکاری گەورە لە سیاسەتی دەرەوەیدا هاتە ئاراوەو کاریگەری لەسەر گۆڕانکاری لە وڵاتانی ناوچەکەدا هەبوو، کە جوڵانەوەی ڕزگاریخوازی کوردیش لە باشوری کوردستان لەو کاریگەریە بەدەر نەبوو.

5. سەرکەوتنی شۆڕشی ئێران کاریگەری گەورەو ڕاستەوخۆی لە سەر جوڵانەوەی ڕزگاریخوازی کورد لە باشوری کوردستان هەبوو، بێجگە لەوەی کۆتایی بە ڕژێمێکی نەیاری جوڵانەوەی کورد هێنا، هاوکات بووە هۆی هەڵگرتنی گەمارۆ لەسەریو کردنەوەی

دەروازەیەك بۆ پەیوەندیکردن بە دەرەوە، دواجار بووە هۆی گەشەسەندنو بوژاندنەوەی جوڵانەوەی ڕزگاریخوازی کورد لە باشوری کوردستان.

6. گەڕانەوەی خومەینی بۆ ئێرانو بوونی بەڕابەری شۆڕشی ئیسلامی ئێران دوای سەرکەوتنی شۆڕش، لە بەرامبەردا بوونی سەدام حسێن بە سەرۆك كۆماری عێراق لە چوارچێوەی ئەو گۆڕانکاریانەی لە ژێر کاریگەری شۆڕشی ئێران لە عێراقدا هاتە ئاراوە، دواتر شەڕی عێراق– ئێرانی لێکەوتەوە کە بۆ ماوەی هەشت ساڵ بەردەوامبوو، کە کورد بە یەکێك لە هۆکارە گرنگەکانی ئەو شەڕە دادەنرێت، چونکە ئەو شەڕە لە ئەنجامی هەڵوەشاندنەوەی ڕێکەوتننامەی جەزائیرەوە بوو، وێڕای ئەوەی پاساوەکانی سەدام حسێنو حکومەتی عێراق بۆ هەڵوەشاندنەوەی ڕێکەوتننامەی ناوبراو یارمەتیدانی کورد بوو لەلایەن ئێرانەوە، لە بنەڕەتدا بەستنی ڕێکەوتننامەکەش بە کوردەوە پەیوەست بوو.

7. دوای سەرکەوتنی شۆڕشی ئێران پارتەکانی باشوری کوردستان، کە لەنێو خۆیاندا یەکڕیزو یەك هەڵوێست نەبوون، بەڵکو هەندێکیان نەیاری یەکتر بوون، کەوتنە کێبەرکێی یەکتر بۆ دروستکردنی پەیوەندی لەگەڵ ڕژێمی نوێی ئێراندا، هەرکام لەو پارتانە کە دەچوونە لای کاربەدەستانی ئێران هێرشی دەکردە سەر لایەنەکانی تر، ئەوەش وای لە کاربەدەستانی ئێران کردبوو بە چاوێکی کەم لەو پارتانە بڕوانن.

8. بە هەڵگیرساندنی شەڕی عێراق– ئێران، جوڵانەوەی کورد لە سەرەتادا گەشەی بەرچاوی بەخۆوە بینیو فشارەکانی حکومەتی عێراق لەسەر هێزەکانی پێشمەرگە سووك بوو، حکومەتی عێراق بەشێکی زۆری هێزەکانی بۆ ناوچەکانی باشوری عێراق گواستەوەو بە جەنگی ئێرانەوە سەرقاڵ بوون. بەوەش دەرفەتێکی زێڕین بۆ کورد هاتە ئاراوە تاوەکو بتوانێت سوود لە ناکۆکی ئەو دوو وڵاتە وەربگرێت بۆ دەستەبەرکردنی مافو داواکارییەکانی، بەڵام بەهۆی شەڕی ناوخۆوە نەیتوانی ئامانجەکانی بە دەستبهێنێتو ئەو دەرفەتەی لەدەست دا.

9. ئێران بەرژەوەندیو مەرجی خۆی هەبوو لە دروستکردنی پەیوەندیو هاوکاری لایەنە کوردییەکاندا، بەبێ جیاوازی بیرو بۆچوونو ئایدۆلۆژیا یارمەتی هەموو لایەکی دەدا، بۆ سوود وەرگرتن لە ئەزموونو توانای جەنگیو شارەزاییان لە ناوچەکانی کوردستانداو بەپێی ئاستی جێبەجێکردنی مەرجەکانو باوەڕی ئەو هێزانە بە دۆستایەتی لەگەڵ ئێرانو ئەنجامدانی کارو چالاکی هاوبەش دژی عێراق.

10. دروستبوونی هەردوو بەرەی (جوقد) و (جود) کە (جوقد) لەلایەن سوریاو لیبیاو (جود) لەلایەن ئێرانەو پشتگیری دەکرا، بوون بە هۆی زیاتر قوڵبوونەوەی ناکۆکیەکانو پەرەسەندنی شەڕی ناوخۆی نێوانی هێزە کوردییەکان، کە ئێرانیش لەوەدا ڕۆڵی هەبوو پشتگیری لایەکی دژی لاکەی تر دەکرد.

11. دروستنەبوونی پەیوندی بەهێز لە نێوان ئێرانو یەکێتی لە سەرەتاداو پچڕاندنی پەیوەندی نێوانیان، بوو بە هۆکارێك بۆ دانوستاندنی یەکێتیو حکومەتی عێراق، بەتایبەتی کە لەو کاتەدا حکومەتی عێراق لاواز و لە بەرامبەر هێزەکانی ئێراندا لە شکستدا بوو، بەوەش پارتەکانی جوڵانەوەی ڕزگاریخوازی کورد بەسەر هەردوو وڵاتی بە شەڕ هاتوودا دابەش بوون، پارتە سیاسیەکانی کورد نەیانتوانی ئەو دەرفەتەی ڕەخسابوو لە بەرژەوەندی جوڵانەوەی کورد بیقۆزنەوە.

12. دوای کۆتایهاتنی دانوستاندنی یەکێتیو ڕژێمی عێراق لە کانوونی دووەمی 1985دا و هەوڵی یەکێتی بۆ دروستکردنی پەیوەندی بەهێز لەگەڵ ئێراندا، لە کۆتاییدا لە سەرەتای تشرینی دووەمی 1986دا ڕێکەوتننامەیەکی سیاسیو سەربازی لە نێوانیاندا واژۆ دەکرێتو چەندین ئۆپەراسیۆنی سەربازی هاوبەش دژی حکومەتی عێراق ئەنجام دەدەن، بەوەش کورد بەگشتی بوو بە هاوپەیمانی ئێرانو کوردستان بوو بە بەشێك لە گۆڕەپانی جەنگی عێراق- ئێران، لەلایەکی تریشەوە دوابەدوای ئەو ڕێکەوتننامەیە، یەکێتیو پارتی لەسەر دەستی ئێران ئاشت دەبنەوە، بەوەش ئاشتبوونەوەی گشتی هاتە کایەوەو بوو بە سەرەتایەکیش بۆ دروستبوونی بەرەی کوردستانی لە ساڵی 1988دا.

13. هێنانی سوپای پاسدارانی ئێران بۆ باشووری کوردستانو ئەنجامدانی ئۆپەراسیۆنی هاوبەش دژی حکومەتی عێراق، بوو بە مایەی زیاتر تووڕەکردنی ڕژێمی عێراقو نیشاندانی کاردانەوەی توندتر لەلایەن ڕژێمی عێراقەوە دژی خەڵکی کوردستانو جوڵانەوەی کوردی، ئەوەش لەلایەن حکومەتی عێراقەوە قۆزرایەوەو کرا بە بیانوو بۆ ئەنجامدانی شاڵاوەکانی ئەنفالو کیمیابارانکردنی هەڵەبجەو ناوچەکانی تری کوردستانو ڕاگواستنی زۆربەی گوندەکانی کوردستانو وێرانکردنی. بێگومان ئەوەش بە سوودوەرگرتن لە بێدەنگی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بەرامبەر بە قڕکردنی کوردو بە کارهێنانی چەکی کۆکوژی قەدەغەکراو بەپێی یاسا نێو دەوڵەتیەکان، چونکە لەو کاتەدا زۆربەی وڵاتانی ڕۆژئاوا پشتگیری عێراقیان لە جەنگدا دژی ئێران دەکرد.

14. ئێران لە ئەنجامدانی ئۆپەراسیۆنی هاوبەش لەگەڵ لایەنە کوردییەکاندا ئامانجو بەرژەوەندی تایبەتی خۆی هەبوو، کە دەیویست بۆ سووککردنی فشاری سەر هێزەکانی لە بەرەکانی جەنگی باشووردا بەرەیەکی نوێی شەڕ لە باکور بکاتەوە، هەروەها لەکاتی یاخود لەدوای ئەنجامدانی چالاکیە هاوبەشەکاندا پابەند نەدەبوو بەو بەڵێنانەی کە بە هێزە کوردییەکانی دەدا.

15. وەستانی جەنگی عێراق– ئێران لە ئابی 1988دا کاریگەری لەسەر جوڵانەوەی ڕزگاریخوازی کورد لە باشووری کوردستان هەبوو، بە جۆرێك بە ماوەیەکی کورت لە دوای وەستانی ئەو جەنگە کۆتایی بە شۆڕشی کورد هات، و جارێکی تر خەباتی جوڵانەوەی ڕزگاریخوازی کورد لە باشووری کوردستان تووشی هەرەس هات، جگە لە چەند مەفرەزەیەکی کەمی پارتیزان هێزی پێشمەرگە چوونە ناو خاکی ئێرانو خەڵکی ناوچە ئازادکراوەکانی بندەستی شۆڕشیش ئاوارەی وڵاتانی تورکیاو بەتایبەتی ئێران بوون.

لیستی سەرچاوەکان

یەکەم: بەڵگەنامەکان:-

أ- بڵاونەکراوەکان:

1. نامەی نەوشیروان مستەفا بۆ د. کەمال فوئاد، 1978/5/16.
2. بەیاننامەی کۆمەڵەی مارکسی لینینی کوردستان ئەبێتە کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستان، ئاياری 1979.
3. B.N.A, File No. 245/3, F.C.O, (Baghdad) Frob I. Mccluney, (Middle East, Dept), to P. Westmacott, Esq., Tehran and British Embassy, Baghdad,22/12/1976.
4. B.N.A, File No. 245/3, F.C.O, (London) From I.T.M Lucas (Middle East Department) to Mr. P. L. Taylor (Home Office), 29/12/1976.
5. B.N.A, F.C.O, 8/ 2307 From British Embassy (Tehran) to T.J. Clark, MED (Fo), 13/6/1974.
6. B.N.A, F.C.O, 8/ 2308, From Lieut – General Sir Alexander Drummond to Patrick Wright (F.O) (not dated).
7. B.N.A, F.C.O, 8/ 2308, Report of Sir Alexander Drummond on his visit in October 1974 to the Comps of the Kurdish Refugees in Iran.
8. B.N.A, File No. 245/1, F.C.O, (London) From H.D.A.C. Miers, (Middle East, Dept), to John Graham KCMG (Tehran), 21/2/1980.
9. CIA: PA 79- 10330D AuRust 1979, The Kurdish problem in perspective.
10. CIA: DC1/ N10, 1039- 75,1 May 1975, The Implications of Iran- Iraq Agreement.

ب. بڵاوکراوەکان:

11. اسناد لانه جاسوسی: کردستان (1) شماره (31) دانشجویان مسلمان پیرو خط امام، د. م، د. ت، شماره سند (1)، موضوع، نظری کلی بر مسئله کردها، اوت 1979.
12. اسناد لانه جاسوسی: کردستان (1) شماره (31) دانشجویان مسلمان پیرو خط امام، د. م، د. ت، شماره سند (10)، موضوع، سیاست دولت ایران در کنترل کردن کردها، 16 اکتبر 78.

13. بەلاغی هاوبەشی کۆبوونەوەی یەکێتیو پارتی 1986/11/7.

14. بەیاننامەی بزوتنەوەی ئیسلامی لە کوردستانی عێراق، 6ی جەمادی یەکەمی 1408 ك.

15. بەیاننامەی دامەزراندنی (ی. ن. ك)، 1975/6/1.

16. بەیاننامەی دامەزراندنی بەرەی (جود)، 1980/11/28.

17. بەیاننامەی دامەزراندنی بەرەی (جوقد)، 1980/11/12.

18. بەیاننامەی دامەزراندنی سەرکردایەتی (پ. د. ك)، 1975/12/10.

19. بەیاننامەی دامەزرانی یەکێتی شۆڕشگێڕانی کوردستان، ئەیلولی 1982.

20. بەیاننامەی شۆڕشی کوردستان سەرکەوتووانە ساڵێك لە تەمەنی تەولو ئەکات، ئابی 1977.

21. بەیاننامەی لیژنەی ئامادەکاری بزوتنەوەی سۆسیالیستی دیموکراتی کوردستان، ئابی 1976.

22. خطەی رزگاری.

23. نامەی پیرۆزبایی بارزانی بۆ ئیمام خومەینی، 1979/2/11.

24. نامەی جەلال تالەبانی بۆ د. فوئاد مەعسوم، 1979/12/14.

25. نامەی سەدام حسێن بۆ پەنابەران، 1975/4/30.

26. نامەی شێخ عوسمان بۆ عەلی عەبدولعەزیز، 1988/3/12

27. نامەی مەکتەبی عەسکەری لەشکری ئیسلام بۆ لقی سلێمانی حزبی سۆسیالیستی کوردستان، 1982/6/23.

28. ناوەڕۆکی ڕێکەوتننامەی جەزائیر، 1975/3/6.

دووەم: بڵاوکراوەو ئەرشیفی پارتو ڕێکخراوەکان:-

1. چاپو بڵاوکراوەکان:

أ- بە زمانی کوردی:

29. حزبی سوسیالیستی کوردستان- عیراق ئیتیجاهی شورشگیر: هەڵوێستی شۆڕشگێری نەك لادانو پاشگەزبوونەوە، ب. ش، ب. س.

30. عێراقو مەسەلەی کورد، (کۆمەڵە وتارێکی ساڵی 1984ی رادیۆی دەنگی گەلی کوردستان)، چاپی دووەم، سلێمانی، 2003.

31. مەکتەبی سیاسی یەکێتی نیشتمانی کوردستان: گفتوگۆی شۆڕش لەگەڵ میری، چاپخانەی شەهید جەعفەر، 1985.

32. وتارو یادگارییەکانی هەڤاڵ جەلال تاڵەبانی بە بۆنەی سی‌و حەوتساڵەی دامەزراندنی ی. ن. ک، لە کەناڵی کوردسات، 2012/6/1.

33. وتاری سکرتێری گشتی (ی. ن. ک) لە نەورۆزی 1984، لەسەر (CD) لەلای توێژەرە.

ب. بە زمانی عەرەبی:

34. الاتحاد الوطنی الکردستانی المکتب العسکری: بلاغ عن العملیات الفدائیة التی نفذتها فصائل الانصار الکردستانیة، عدد (1)، تشرین الاول 1979.

35. التقریر السیاسی للقیادة الموقتة للحزب الدیمقراطی الکوردستانی والمصادق علیة من قبل کونفراس الحزب المنعقد من 11 الی 15 اب 1976. .

36. الحزب الدیمقراطی الکردستانی اللجنة التحضیریة: تقییم مسیرة الثورة الکردیة وانهیارها والدروس والعبر المستخلصة منها، الطبعة الثانیة، د. م، 1997.

37. عزیز محمد: تقریر اللجنة المرکزیة الی المؤتمر الوطنی الرابع للحزب الشیوعی العراقی، 10- 15 تشرین الثانی 1985.

سێیەم: یاداشت‌و بیرەوەری:-

أ- بە زمانی کوردی:

38. ئاوات قارەمانی: ڕێگا باریکەکان، یاداشتە ڕۆمانی ڕووداوەکانی (1963- 1999)، چاپی دووەم، چاپخانەی کوردستان، سلێمانی، 2009.

39. ئەحمەد بانیخێڵانی: بیرەوەرییەکانم، سوید، 1997.

40. ئەرسەلان بایز ئیسماعیل: ڕۆژانی سەخت، بەرگی دووەم، چاپخانەی ڕوون، سلێمانی 2005.

41. ئەرسەلان بایز ئیسماعیل: ڕۆژانی سەخت، بەرگی یەکەم، چاپخانەی مەکتەبی ناوەندی ڕاگەیاندن، 2002.

42. ئیبراهیم جەلال: خوارووی کوردستان‌و شۆڕشی ئەیلول بنیاتنان‌و هەڵتەکاندن 1961- 1975، دەزگای چاپ‌و بڵاوکردنەوەی شێنێ، بەرلین، 1998.

43. برایم جەلال: چەپکێك لە مێژووی کۆمەڵە، چاپخانەی ڕوون، 2011.
44. پشکۆ نەجەدین: ئەزموون‌و یاد، ئاڵای شۆڕش‌و حیکایەتەکانی زیندان، بەرگی یەکەم‌و دووەم، ب. ش، ب. س.
45. جەلیل گادانی: پەنجا ساڵ خەبات کورتە مێژوویەکی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران، بەرگی یەکەم، چاپی دووەم، چاپخانەی خانی، دهۆك، 2008.
46. حەسەن بابەکر: هەورازو نشێو کەمێك لەوەی لەبیرمە لە جموجوڵی ئیسلامی لە کوردستانی عێراق دا 1983- 1991، چاپی یەکەم، چاپخانەی سیما، سلێمانی، 2011.
47. ڕەفعەتی مەلا: ڕۆژە تەماوییەکان، بەرگی یەکەم، چاپی یەکەم، چاپخانەی کارۆ، سلێمانی، 2008.
48. رفیق حلمی: یادداشت، کوردستانی عێراق‌و شورشەکانی شیخ مەحمود، بەشی دووەم، ب. ش، ب. س.
49. ڕێباز: قەندیل بەغدای هەژاند، بەشی سێیەم، چاپی دووەم، چاپخانەی پەیوەند، سلێمانی، 2011.
50. ڕێباز: قەندیل بەغدای هەژاند، بەشی یەکەم‌و دووەم، چاپی دووەم، چاپخانەی پەیوەند، سلێمانی، 2008.
51. زرار سلێمان بەگ دەرگەڵەیی: بیرەوەرییەکانم لە ساڵانی 1943-1977، چاپخانەی ڕەهەند، سلێمانی، ب. س.
52. سابیر کۆکەیی: ناڵەی پێشمەرگەیەك بۆ مێژوو، بەشی یەکەم، ب. ش، 2001.
53. سەید کاکە: بیرەوەری پێشمەرگەیەك، چاپی یەکەم، چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری، 1997.
54. شاخەوان عەباس: سەفەری کوردایەتی بیرەوەرییەکانی شارو شاخ 1974- 1980، ب. ش، 2002.
55. شەوکەت حاجی مشیر: کارەساتی کیمیابارانی هەڵەبجە بەهاری 1988 کورتەباسێکی جوگرافی- ئابووری- کۆمەڵایەتی- سیاسی، چاپی یەکەم، سلێمانی، 1998.
56. عبداللە ئاغای پشدەری: نسکۆی شۆڕشی ئەیلول بەشێك لە بیرەوەرییەکانی عبداللە ئاغای پشدەری، بەرگی سێیەم، چاپی یەکەم، چاپخانەی شەهاب، هەولێر، 2009.

57. عبدالله احمد رسول پشدەری: یاداشتەکانم لە کۆماری کوردستان، چاپی دووەم، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر، 2009.

58. عەبدوڵڵا ئەحمەد رەسول پشدەری: شۆڕشی ئەیلولی سالی 1961 دژی ڕژێمی قاسم، بەشی دووەم، چاپی دووەم، چاپخانەی شەهید ئازاد هەورامی، سلێمانی، 2007.

58. مەلا شێم حەمەدی حاجی تۆمەرانی: سەرەتای شۆڕشی نویَ ی سالی 1976 چۆن دەستی پێکرد؟!، پێداچوونەوەو دووبارە دارشتنەوەی مومتاز حەیدەری، چاپی یەکەم، چاپخانەی زانکۆی صەلاحەدین، هەولێر، 1992.

59. محەمەد مەلا قادر: سەربردە کورتەیەك لە بیرەوەرییەکان، چاپی یەکەم، چاپخانەی ئاراس، هەولێر، 2009.

60. محمد حاجی محمود: ڕۆژ ژمێری پێشمەرگەیەك، باسی روداوەکانی (20) سالی خەباتی شۆڕشی نوێی گەلەکەمان دەکات 1976-1996، بەرگی یەکەم 1976-1981، چاپی یەکەم، چاپخانەو ئۆفسێتی بێسارانی، سلێمانی، 1999.

61. محمد حاجی محمود: ڕۆژ ژمێری پێشمەرگەیەك، باسی ڕووداوەکانی (20) سالی خەباتی شۆڕشی نوێی گەلەکەمان دەکات 1976- 1996، بەرگی دووەم، 1982-1986، ب. ش، ب. س.

62. محمد حاجی محمود: ڕۆژ ژمێری پێشمەرگەیەك، باسی ڕووداوەکانی (20) سالی خەباتی شۆڕشی نوێی گەلەکەمان دەکات 1976- 1996، بەرگی سێ یەم، 1987-1991، چاپی یەکەم، چاپخانەی تیشك، سلێمانی، 2001.

63. موحسین دزەیی: وێستگەکانی ژیانم، وەرگێڕانی، ئیسماعیل بەرزنجی، بەشی دووەم، چاپی یەکەم، دەزگای ئاراس، هەولێر، 2009.

64. نەوزاد عەلی ئەحمەد: پشکۆیەك لە خۆڵەمێشدا بەشێکی گرنگ لە ژیاننامەی هۆمەر شێخموس، چاپی یەکەم، سوید، 2010.

65. نەوشیروان مستەفا ئەمین: پەنجەکان یەکتری ئەشکێنن، دیوی ناوەوەی روداوەکانی کوردستانی عێراق 1979- 1983، بەرلین، 1997.

66. نەوشیروان مستەفا ئەمین: خولانەوە لە ناو بازنەدا، دیوی ناوەوەی رودلوەکانی کوردستانی عێراق 1984- 1988، بەرلین، 1999.

67. نەوشیروان مستەفا ئەمین: کارەساتی هەکاری، چاپی چوارەم، ب. ش، 2011.

68. نەوشیروان مستەفا ئەمین: لە کەناری دانوبەوە بۆ خڕی ناوزەنگ، دیوی ناوەوەی ڕوداوەکانی کوردستانی عێراق 1975-1978، بەرلین، 1997.

ب. به زمانی عەرەبی:

69. أسدالله علم: الشاه..وأنا، المذكرات السرية لوزير البلاط الايراني "أسد علم"، اعداد، علي ناغي علي خاني، ترجمة، فريق من الخبراء العرب، اشراف وتقديم، رفعت سيد احمد، الطبعة الثانية، مكتبة مدبولي، القاهرة، 2011.

70. بهاءالدين نوري: مذكرات، الطبعة الثانية، مطبعة جامعة صلاح الدين، اربيل، 1995.

71. توفيق السويدي: مذكراتي نصف قرن من تاريخ العراق والقضية العربية، المؤسسة العربية للدراسات والنشر، لبنان، 2011.

ج. به زمانی فارسی:

72. ايت الله حاج شيخ صادق خلخالي: خاطرات ايت الله خلخالي، اولين حاكم شرع دادگاههاى انقلاب، چاپ سيزدهم، چاپو صحافى مؤسسة هادى، تهران، تابستان 1389.

73. عبدالله شهبازى: ضهورو سقوط سلطنت پهلوى، خاطرات ارتشبند سابق حسين فردوست، چاپ بيستو هفتم، انتشارات اطلاعات، تهران، 1378.

74. هاشمى رفسنجانى: اميدو دلواپسى كارنامهو خاطرات سال 1364، چاپ سوم، چاپو صحافى اوام، تهران، 1387.

75. هاشمى رفسنجانى: اوج دفاع كارنامهو خاطرات سال 1365، چاپ هشتم، چاپخانه مركز اسناد انقلاب اسلامى- معين، تهران، 1389.

76. هاشمى رفسنجانى: دفاعو سياست كارنامهو خاطرات سال 1366، چاپ اول، چاپو صحافى اوام، تهران، 1389.

چوارەم: نامەو چاوپێکەوتن:-

77. چاوپێکەوتن لەگەڵ موحسین عەلی ئەکبەر، سلێمانی، 2012/12/3.

78. چاوپێکەوتن لەگەڵ شێخ محەمەد بەرزنجی، سلێمانی، 2013/1/1.

79. چاوپێکەوتن لەگەڵ عەبدولڕەحمان نەورەسی، سلێمانی، 2013/1/2.

80. نامەی قادر عەزیز بۆ توێژەر لە ڕێگەی پۆستی ئەلکترۆنییەوە، 2013/1/6.

پێنجەم: کتێبەکان:-

چاپ نەکراوەکان:

81. عبدالمصـور البـارزاني: المسـالة الكورديـة البـديل الـديمقراطي تجـارب سياسـية 1974- 2009، مطبوع بالكومبيوتر على قرص سيدى لدى المؤلف.

چاپکراوەکان:

أ- بە زمانی کوردی:

82. ئـاراس عەبـدولڕەحمان مسـتەفا: ڕاپـەڕینی ئـاداری (1991) لـە باشـووری کوردستان، لێکۆڵینەوەیەکی مێژوویی سیاسییە، چاپی یەکەم، دەزگـای چـاپو پەخشـی حەمدی، سلێمانی، 2009.

83. ئـازاد کاکـل: ئازارەکـانی شـەڕی نـاوخۆ لـە یاداشـتی پێشـمەرگەیەك 1982- 1983، بەرگی یەکەم، چاپی یەکەم، چاپخانەی ماردین، هەولێر، 2011.

84. ئـاکۆ عەبدولکـەریم شـوانی: شـاری سـلێمانی 1932-1945، چـاپی یەکـەم، چاپخانەی تیشك، سلێمانی، 2008.

85. ئامانج حەسەن ئەحمەد: برایم ئەحمەد ڕۆڵی لە بزاڤی ڕزگاریخوازیو ڕووناکبیریی گەلی کورددا 1914-2000، چاپخانەی ڕەنج، مەڵبەندی کوردۆلۆجی، سلێمانی، 2009.

86. ئەحمەد حەمەدئەمین: چەند لاپەڕەیەك لـە مێـژووی نـوێ و هاوچـەرخی عێـراق، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕۆژهەلات، هەولێر، 2010.

87. ئەحمەد محەمەد ناسر بـاوەڕ: دۆزی کـورد لـە پەیوەندییـەکانی عێـراق- ئێرانـدا (1937-1947)، سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجی کوردستان، سلێمانی، 2010.

88. ئەمین قادر مینـە: ئـەمنی سـتراتیجی عێـراقو سێکوچـکەی بەعسـیان: تـەرحیل تەعریب تەبعیس، چاپی دووەم، سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجی، سلێمانی، 1999.

89. ئیدریس سیوەیلی: ڕەوتـی ئیسـلامی لـە باشـوری کوردسـتان 1946- 1991 توێژینەوەیەکی مێژوویی لـە کـارو چـالاکی پـارتو کۆمەڵـە ئیسـلامیەکان، چـاپی دووەم، 2009.

90. ئیدریس سیوەیلی: لە هەناوی ئیخوانەوە بۆ چەخماخەی چەك، کۆمەڵە دیدارێکە دەربـارەی مێـژووی ڕەوتـی ئیسـلامی کوردسـتان، چـاپی یەکـەم، چـاپخانەی شـڤان، سلێمانی، 2009.

91. بەهرۆز گەلالی: رەسوڵ مامەند 50 ساڵ تەمەن‌و 33 ساڵ خەبات، چاپی دووەم، چاپخانەی سەفوەت، سلێمانی، 1998.

92. پشکۆ نەجمەدین: دیوی ناوەوەی ڕووداوەکان، وەڵامێك بۆ نەوشیروان مستەفا، چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری، هەولێر، 1997.

93. پیتەرو گالبریت: کۆتایی ئێراق چۆن کارنارێکی ئەمریکا شەڕێکی بێ کۆتایی بەرپا کرد، وەرگێڕانی، مامکاك، چاپی یەکەم، دەزگای چاپ‌و بڵاوکردنەوەی ئاراس، هەولێر، 2007.

94. جاسم تۆفیق خۆشناو: مەسەلەی کوردو یاسای نێو دەوڵەتان، سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجی کوردستان، سلێمانی 2002.

95. جەرجیس فەتحوڵلا: وریابوونەوەی کورد مێژووی سیاسی 1900- 1925، بەشی یەکەم، وەرگێڕانی، حەسەن جاف، چاپی یەکەم، چاپخانەی خانی، دهۆك، 2009.

96. جەزا تۆفیق تالب: بایەخی جیۆپۆلەتیکی دانیشتوانی هەرێمی کوردستانی عێراق، چاپی یەکەم، چاپخانەی دلێر، سلێمانی، 1999.

97. جەلال تاڵەبانی: کوردستان‌و بزوتنەوەی نەتەوەیی کورد، وەرگێڕانی، ح-ا، کتێبخانەی جەمالی عەلی باپیر، 2011.

98. جەمال نەبەز: ئێستەو پاشەڕۆژی نەتەوەی کورد لەبەر گڕی ئاگری جەنگی عێراق‌و ئێران دا، چاپی دووەم، هەولێر، 2008.

99. حەسەن ئەرفەع: کوردەکان، لێکۆڵینەوەیەکی مێژوویی‌و سیاسی، وەرگێڕانی، سامان عەبدوڵلا، چاپی یەکەم، چاپخانەی گەنج، سلێمانی، 2009.

100. حەسەن بارام: مەوسوعەی پارتە سیاسیەکانی کوردستان‌و عێراق 1908- 2005، چاپی یەکەم، چاپخانەی رەهەند، سلێمانی، 2012.

101. حەکیم مەلا صالح: هەڵەبجە لە ئامێزی مێژوودا، بەرگی یەکەم، چاپی دووەم، چاپخانەی چوارچرا، سلێمانی، 2011.

102. حسێن سۆران: لە مەنفاکانی ناسیۆنالیزمەوە بۆ کوشتنی زمان‌و جەستە، چاپی یەکەم، چاپخانەی رەهەند، سلێمانی، 2010.

103. حوسێن محەمەد عەزیز: پێنج کاتژمێر لەگەڵ (برایم ئەحمەد)دا، چاپی سێیەم، چاپخانەی سیما، سلێمانی، 2002.

104. حوسێن محەمەد عەزیز: سنوورە قەدەغەکان مەشکێنن، دەقی چاوپێکەوتنو دەمەتەقێیەک، لەگەڵ میری (کۆمەڵی ئیسلامی لە کوردستان/ عێراق- عەلی باپیر)، چاپی دووەم، چاپخانەی سیما، سلێمانی، 2004.

105. حیکمەت محەمەد کەریم (مەلا بەختیار): شۆڕشی کوردستانو گۆڕانکاریەکانی سەردەم "خەباتی شاخەکان یان ڕاپەڕینی شارەکان"، چاپی سێیەم، چاپخانەی ڕۆشنبیر، هەولێر، 2004.

106. خەلیل عەبدوڵلاو شیلان ئەحمەد: بزوتنەوەی سۆسیالیستی کوردستان، لە کتێبی یەکێتی نیشتمانی کوردستان سەرهەڵدان.. نوێبوونەوە، 2005.

107. دیڤید مەکداول: مێژووی هاوچەرخی کورد، وەرگێڕانی، ئەبوبەکر خۆشناو، چاپی دووەم، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر، 2005.

108. ڕەفیق ڕەحمان مام خول: مستەفا بارزانی، ژیانو ڕۆڵو هەڵوێستی لە پێشهاتە سیاسیەکاندا 1958- 1970، چاپی یەکەم، چاپخانەی شەهاب، هەولێر، 2012.

109. ڕەهبەر سەید ئیبراهیم: ڕزگاری دەنگی یەکێتی شۆڕشگێڕانی کوردستان، ژمارە (1- 25)، ئابی 1985- کانوونی دووەمی 1988، چاپخانەی حەمدی، سلێمانی، 2011.

110. سۆزان کەریم مستەفا: بەعسیزمو کورد 1947-1975، چاپی یەکەم، دەزگای چاپو پەخشی حەمدی، مەکتەبی بیروهۆشیاری (ی.ن.ک)، سلێمانی، 2007.

111. سامی شۆڕش: عێراقو دەوروبەری کورد لەو ناوەندەدا، چاپی یەکەم، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر، 2002.

112. سەروەر عەبدوڕەحمانو دلێر ئەحمەد: دانوستاندنی یەکێتی نیشتمانی کوردستان لەگەڵ حکومەتی عێراق 1984، چاپی یەکەم، چاپخانەی هێڤی، هەولێر 2011.

113. سەروەر عەبدولرەحمان عومەر: یەکێتی نیشتمانی کوردستان دامەزراندن و دەست پێ کردنەوەی شۆڕش 1975-1976 لێکۆڵینەوەیەکی مێژوویی/ سیاسییە، چاپی یەکەم، سەنتەری چاپ و پەخشی تەما، سلێمانی، 2002.
114. سەعید بەرزین: باڵە سیاسییەکان لە ئێران، وەرگێڕانی، موسڵح عەبدولقەهار ئیروانی، چاپی یەکەم، چاپخانەی خەبات، دهۆک، 2000.
115. سەلام عەبدولکەریم: ژیانی سیاسی لە باشووری کوردستان 1975-1991 "سەرهەڵدانی رەوتی سۆسیالیستی و دروستبونی حزبی سۆسیالیستی کوردستان وەک نمونە" چاپی یەکەم، چاپ و بڵاوکردنەوەی چوارچرا، 2011.
116. سەمانسا پاوەر: ئەمریکاو ئەنفال، وەرگێڕانی، بەختیار کەریم، چاپی یەکەم، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی، 2008.
117. سدیق ساڵح: حکومەتی کوردستان1918- 1924، چاپی دووەم، چاپخانەی شڤان، سلێمانی، 2006.
118. شۆڕش حاجی رەسوڵ: ئەنفال- کوردو دەوڵەتی عێراق، چاپی دووەم، چاپخانەی شڤان، سلێمانی، 2003.
119. شاخەوان شۆڕش: قادر شۆڕش چل ساڵ خەبات و تێکۆشان دیوی ناوەوەی هەندێ لایەنی مێژووی خەباتی نەتەوەی کورد لە نێوان ساڵانی 1946-1983، چاپی دووەم، کوردستان، 2002.
120. گوینتەر دێشنەر: کورد: گەلێکی لە خشتەبراوی غەدرلێ کراو، وەرگێڕانی، حەمە کەریم عارف، چاپی دووەم، چاپخانەی وەزارەتی رۆشنبیری، هەولێر، 1999.
121. عبدالرحمن قاسملو و عبداللە حسن زادە: کورتە مێژووی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران، چاپی یەکەم، 2002.
122. عبدالرحمن قاسملو: کوردستان و کورد لێکۆڵینەوەیەکی سیاسی و ئابوری، وەرگێڕانی، عبداللە حسن زادە، چاپی دووەم، چاپخانەی منارە، هەولێر، 2006.
123. عەلائەدین سەجادی: مێژووی راپەرینی کورد، چاپی دووەم، چاپخانەی شاری کورد، ئینتیشاراتی محەمەدی، سەقز، 1996.

124. عەلی تەتەر نێروەیی: بزاڤی ڕزگاریخوازی نەتەوەی کورد لە کوردستانی عێراق لە ساڵەکانی جەنگی عێراقو ئێران دا (1980– 1988)، چاپی یەکەم، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر، 2008.
125. عەلی تەتەر نێروەیی: سیاسەتی حکومەتی عێراق لە کوردستان لە سایەی بەڵگەنامە فەرمییەکاندا 1975–1991، بەرگی یەکەم، چاپی یەکەم، چاپخانەی زانکۆی، دهۆك، 2010.
126. عەلی تەتەر نێروەیی: سیاسەتی حکوومەتی عێراق لە کوردستان لە سایەی بەڵگەنامە فەرمییەکاندا 1975– 1991، بەرگی دووەم، چاپی یەکەم، چاپخانەی زانکۆی دهۆك، دهۆك، 2010.
127. عەلی کەریمی: ژیانو بەسەرهاتی عەبدولرەحمان زەبیحی (مامۆستا عولەما)، چاپی دووەم، چاپخانەی کاربین، سلێمانی، 2005، چاوپێکەوتن لەگەڵ جەلال تاڵەبانی
128. عەلی مەحمود: کوردۆ ساید، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕۆمان، سلێمانی، 2008.
129. عوسمان عەلی: ئایندەی پەیوەندییەکانی ئەمریکاو کورد ئایا کوردستان دەبێتە کۆلۆنییەکی ئەمەریکی، وەرگێڕانی، بەرزانی مەلا تەها، چاپی یەکەم، چاپخانەی سیما، سلێمانی، 2010.
130. عومەری سەید عەلی: هەندێ لایەنو ڕەوتی مێژووییو سەرەتای دامەزراندنی سەکێتی نیشتمانی کوردستان لە کتێبی چەند لاپەرەیەك لە مێژووی یەکێتی نیشتمانی کوردستان کۆمەڵێك گوتارو چاوپێکەوتن، چاپی دووەم، ب. ش، 2005.
131. عیسمەت شەریف وانلی: کوردستانی عێراق، لە کتێبی گەلێکی پەژموردەو نیشتمانێکی پەرت (کوردو کوردستان)، وەرگێرانی، م. گۆمەیی‌و حەوێزی، سوید، 1998.
132. عیسی پەژمان: نهێنیەکانی پەیمانی شومی ئەلجەزائیر– 1975، وەرگێرانی: ناصری ئیبراهیمی، سوئید، 1997.
133. فاتح ڕەسول: بنچینەی مێژووی بیرۆکەی چەپ لە کوردستاندا، چاپی یەکەم، ستۆکهۆلم، 2001.

134. فاتح ڕەسول: چەند لاپەڕەیەك لە مێژووی خەباتی گەلی کوردمان "هێندێ بەڵگەنامەو ڕووداوی گرنگی ساڵی 1979"، چاپی دووەم، بنکەی چاپەمەنی ڕۆژ، سوید، 1998.

135. فاتح ڕەسول: چەند لاپەڕەیەك لە مێژووی خەباتی گەلی کوردمان ڕووداو و بەڵگەنامە 1982- 1990، بەرگی سێیەم، چاپی یەکەم، سوید، 1994.

136. فاتح ڕەسول: چەند لاپەرەیەك لە مێژووی خەباتی گەلی کوردمان، ڕووداو و بەڵگەنامە 1980- 1981، بەرگی دووەم، چاپی یەکەم، سوید، 1992.

137. فایەق گوڵپی: سیاسەتی نەتەوەپەرستیی داگیرکەرانو پەرچەکرداری خێڵەکی کورد، چاپخانەی ڕەنج، 2010.

138. فتاح تۆفیق فتاح: حەفتاو شەش ساڵ ژیانو پەنجاو نۆ ساڵ تێکۆشان/ بیرەوەریەکانی خەباتی مەلا حەسەن، چاپی یەکەم، چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری، هەولێر، 2008.

139. فەرەیدون عەبدولقادر: لە زەمینەو سەرەتاو دامەزراندنی یەکێتی نیشتمانی کوردستان دەدوێ، لە کتێبی چەند لاپەرەیەك لە مێژووی یەکێتی نیشتمانی کوردستان کۆمەڵێك گوتارو چاوپێکەوتن، چاپی دووەم، ب. ش، 2005.

140. فەرەیدوون عەبدولرەحیم عەبدوڵڵا: بارودۆخی سیاسی کوردستان- عێراق 11ی مارتی 1970-11ی مارتی 1974، چاپی یەکەم، چاپخانەی منارە، هەولێر، 2008.

141. فەرید ئەسەسەرد: کوردستانو مەسەلەکانی ئەمنی قەومی، چاپی یەکەم، سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجی، سلێمانی، 1998.

142. فوئاد سدیق: گەردەلوولی سیاسەت، بەشی دووەم، چاپی یەکەم، چاپخانەی خانی، دهۆك، 2009.

143. فوئاد سدیق: گەردەلوولی سیاسەت، بەشی یەکەم، چاپی دووەم، چاپخانەی خانی، دهۆك، 2008.

144. فوئاد مەعسوم: یەکێتی نیشتمانی کوردستان .. سەرەتاکان، لە کتێبی چەند لاپەرەیەك لە مێژووی یەکێتی نیشتمانی کوردستان کۆمەڵێك گوتارو چاوپێکەوتن، چاپی دووەم، ب. ش، 2005.

145. فیبی مار: مێژووی نوێی عێراق، وەرگێڕانی، حەمە شەریف حەمە غەریب‌و شێرکۆ ئەحمەد حەوێز، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر، 2011.

146. کۆماری عێراق، وەزارەتی ڕۆشنبیری‌و ڕاگەیاندن، دەزگای ڕۆشنبیری‌و بڵاوکردنەوەی کوردی: بۆچی ڕێککەوتننامەی جەزائیر لە نێوان عێراق‌و ئێراندا هەڵوەشایەوە ؟، دار الحرية للطباعة، بغداد.

147. کاکل ئەحمەد (کاکلە ڕەش): یەکێتی‌و ململانێ توێژینەوەیەکی سیاسی ڕەخنەییە لە بەشێکی گرنگی شۆڕشی ڕزگاریخوازی گەلی کوردستان، چاپی یەکەم، چاپخانەی شەهاب، هەولێر، 2011.

148. کامەران ئەحمەد محەمەد ئەمین: کوردستان لەنێوان ململانێی نێو دەوڵەتی‌و ناوچەییدا 1890-1932، چاپی یەکەم، دەزگای چاپ‌و پەخشی سەردەم، سلێمانی، 2000.

149. کامەران قەرەداغی: دوو جەنگی کەنداو: کورد لەسەر شانۆی جیهانیدا 1979- 1992، لە کتێبی گەلێکی پەژموردەو نیشتمانی پەرت (کوردو کوردستان)، وەرگێڕانی، م. کۆمەیی‌و حەوێزی، سوید، 1998.

150. کەمال فوئاد: سەرەتاکانی دامەزراندن‌و دەستپێکردنەوەی شۆڕش، لە کتێبی چەند لاپەرەیەك لە مێژووی یەکێتی نیشتمانی کوردستان کۆمەڵێك گوتارو چاوپێکەوتن، چاپی دووەم، ب. ش، 2005.

151. کەمال مەزهەر: چەند لاپەڕەیەك لە مێژووی گەلی کورد، بەرگی دووەم، چاپی یەکەم، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر، 2001.

152. کەمال مەزهەر: کوردو کوردستان لە بەڵگەنامە نهێنییەکانی حکومەتی بەریتانیادا، بەرگی یەکەم، چاپی دووەم، چاپخانەی گرین گلۆری، لوبنان، 2009.

153. کەمال نوری مەعروف: یادداشتەکانی شێخ لەتیفی حەفید لەسەر شۆڕشەکانی شێخ مەحموودی حەفید، چاپی یەکەم، ب. ش، 1995.

154. کرمانج گوندی: سی 30 سالْ خەبات‌و وڵاتێکی وێران 1961-1990، سوید، 1990.

155. کریس کۆچێرا: بزوتنەوەی نەتەوەیی کوردو هیوای سەربەخۆیی، بەرگی یەکەم، وەرگێڕانی، ئەکرەمی میهرداد، سەنتەری چاپ‌و پەخشی تەما، سلێمانی، 2002.

156. كريس كۆچێرا: كورد له سەدەی نۆزدەو بيستەم دا، وەرگێرانی، حمه كريم عارف، چاپی سێيەم، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر، 2006.
157. كوردۆ عەلی: سۆڤيەتو بزوتنەوەی نيشتمانی كورد هەڵسەنگاندنو پێداچوونەوەيەكی رەخنەگرانە بە كارنامەی دكتۆراكەی كاك (فازڵ ڕەسوڵ) دا، چاپی دووەم، دەزگای چاپو پەخشی حەمدی، 2009.
158. م. ر. هاوار: شێخ مەحمودی قارەمانو دەوڵەتەكەی خوارووی كوردستان، بەرگی دووەم، چاپی يەكەم، لەندەن، 1991.
159. مام جەلال: سەروەریو يۆبيلی زيوينو ئەركەكانی داهاتوو، لە بڵاوكراوەكانی دەزگای ناوەندی راگەياندنی يەكێتی نيشتمانی كوردستان، سلێمانی، 2000.
160. مەسعود بارزانی: بارزانیو بزوتنەوەی رزگاريخوازی كورد شۆڕشی ئەيلول 1961- 1975، بەرگی سێيەم، بەشی يەكەم، چاپی يەكەم، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر، 2004.
161. مەعد فەياز: بەشێك لە بيرەوەرييەكانی مام جەلال، وەرگێرانی، سۆران عەلی، چاپی يەكەم، چاپخانەی ئاراس، هەولێر، 2009.
162. مەعروف چياوك: كارەساتی (بارزان)ی زوڵمليكراو، وەرگێرانی ئەبوبەكر ساڵح ئيسماعيل، چاپی دووەم، چاپخانەی رۆشنبيریو لاوان، هەولێر، 2009.
163. مەلا بەختيار: ياخی بوون لە مێژوو (لێكدانەوەی ئاوەژوو نەكردنی راستيەكان)، بەرگی يەكەم، چاپخانەی داناز، 1998.
164. مەهدی محەمەد قادر: پێشهاتە سياسيەكانی كوردستانی عێراق 1945-1958، سەنتەری لێكۆڵينەوەی ستراتيجی كوردستان، سلێمانی، 2005.
165. محەمەد شاكەلی: لە بزوتنەوەوە بۆ حزبی سۆسياليستی كوردستان 1976- 1993 لاپەڕە هەڵنەدراوەكان، چاپخانەی كارۆ، كەركوك، 2011.
166. محەمەد فاتيح: حزبو رێكخراوە سياسيە عيراقييەكان 1910- 2010، ئەكاديميای هۆشياریو پێگەياندنی كاديران، سلێمانی، 2012.
167. محەمەد مەلا قادر: خەباتنامە كورتە مێژووی پارتیو كولتوری بارزانی نەمر، چاپی دووەم، چاپخانەی دەزگای ئاراس، هەولێر، 2007.

168. محمد رەسوڵ هاوار: سمكۆ (ئیسماعیل ئاغای شكاك) و بزوتنەوەی نەتەوایەتی كورد، چاپی دووەم، چاپخانەی شڤان، سلێمانی، 2005.
169. مراد خۆشەڤی حسۆ: گۆڕانكارییەكانی كوردستانی عێراق‌و پەیوەندییەكانی توركیاو عێراق 1990- 2005، چاپی یەكەم، چاپخانەی دەزگای ئاراس، هەولێر، 2008.
170. مسعود بارزانی: بارزانی‌و بزوتنەوەی رزگاریخوازی كورد شۆڕشی ئەیلول 1961-1975، بەرگی سێیەم، بەشی یەكەم، چاپی یەكەم، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر، 2004.
171. مسعود بارزانی: بارزانی‌و بزوتنەوەی رزگاریخوازی كورد شۆڕشی ئەیلول 1961-1975، بەرگی سێیەم، بەشی دووەم، چاپی یەكەم، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر، 2004.
172. مسعود بارزانی: بارزانی‌و بزوتنەوەی رزگاریخوازی كورد، بەرگی دووەم 1958- 1961، ب. ش، هەولێر، ب. س.
173. مسعود بارزانی: بارزانی‌و بزوتنەوەی رزگاریخوازی كورد، بەرگی یەكەم 1931- 1958، ب. ش، هەولێر، ب. س.
174. مسعود عبدالخالق: ناسنامەی حزبە كوردستانیەكان، ڕەوتیان- ئایدیۆلۆژیان- هەڵسەنگاندنیان، چاپی یەكەم، چاپخانەی هێڤی، هەولێر، 2012.
175. میدڵ ئیست ووچ: جینۆسساید لە عێراقدا..پەلاماری ئەنفال بۆ سەر كورد، وەرگێڕانی، محەمەد حەمەساڵح تۆفیق، بێ ژمارەی چاپ، چاپخانەی تیشك، سلێمانی، 2004.
176. نادر ئینتیسار: ئیتنۆ نەتەوایەتی كوردی، وەرگێڕانی، عەتا قەرەداخی، چاپی یەكەم، چاپخانەی قانع، سلێمانی، 2003.
177. نازناز محەمەد عەبدولقادر : سیاسەتی ئێران بەرامبەر بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی نەتەوەیی كورد لە كوردستانی عێراق 1961-1975، لێكۆڵینەوەیەكی مێژوویی- سیاسییە، چاپی یەكەم، دەزگای ئاراس، هەولێر، 2008.
178. نەجاتی عەبدوڵلا: شێخ مەحمودی حەفید زادە لە بەڵگەنامەی فرانسیدا 1919-1934، بەرگی یەكەم، چاپخانەی شڤان، سلێمانی، 2006.

179. نەوزاد عەلی ئەحمەد: سەرەتای کاروانەکە، باری نوێنیی خەباتی یەکێتی نیشتمانی کوردستان لە کۆمەڵێك بەڵگەنامەی گرنگدا 1975- 1980، چاپی یەکەم، چاپخانەی شەهید ئازاد هەورامی، 2011.
180. نەوشیروان مستەفا ئەمین: حکومەتی کوردستان کورد لە گەمەی سۆڤێتی دا، چاپی دووەم، سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجی، سلێمانی، 2006.
181. نەوشیروان مستەفا ئەمین: کوردستانی عێراق سەردەمی قەڵەمو موراجەعات 1928-1931، چاپی یەکەم، دەزگای چاپو پەخشی سەردەم، سلێمانی، 1999.
182. نەوشیروان مستەفا ئەمین: کوردو عەجەم مێژووی سیاسی کوردەکانی ئێران، چاپی دووەم، سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجی، سلێمانی، 2005.
183. نەوشیروان مستەفا ئەمین: لە هاوخەباتیەوە بۆ تەخوین، چاپی یەکەم، ب. ش، 2010.
184. نیاز سەعید: دیاردەی ئیسلامی سیاسیو رەوتی ئیسلامی سیاسی لە کوردستانی عێراق، چاپی یەکەم، چاپخانەی روون، سلێمانی، 2010.
185. هۆشمەند عەلی مەحمود: رۆژهەلاتی کوردستان، لێکۆڵینەوەیەکە لە دۆخی سیاسی بزوتنەوەی رزگاریخوازی کورد (01979- 1989)، چاپی یەکەم، چاپخانەی شەهاب، هەولێر، 2012.
186. هۆشمەند عەلی مەحمود: عەبدولرەحمان قاسملوو، ژیانو رۆڵی سیاسی لە بزوتنەوەی رزگاریخوازی کورددا 1930- 1989 "توێژینەوەیەکی مێژوویی سیاسییە"، چاپی یەکەم، چاپخانەی شەهاب، هەولێر، 2007.
187. هاوڕێ باخەوان: ئالای کورد کورتە لێکۆڵینەوەیەکی مێژوویی، کۆمەلایەتی، رامیارییە، دەزگای چاپو پەخشی سەردەم، سلێمانی، 2001.
188. هاوکار کریم حمە شریف: شۆرشی ئەیلول، لێکۆڵینەوەیەکی مێژوویی لە رێکخستنو چالاکیە سەربازییەکان (1961- 1970)، چاپی یەکەم، چاپخانەی زانکۆی سەلاحەددین، هەولێر، 2012.
189. هەژار عەزیز سورمێ: کوردو جینۆسایدو ئیبادەکردن هەڵوێستی یاسای نێودەوڵەتی (چەند ئاماژەیەکی نموونەیی لە کورتە لێتوێژینەوەیەکدا)، ب. ش، ب. س.

190. هەیاس کاردۆ: ئەزموونی خەبات ئاوڕێك لە ژیانو خەباتی عەبدوڵلا حەسەن زادە، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕۆژهەلات، هەولێر، 2011.
191. هێرش عەبدوڵلا حەمە کەریم: پەیوەندییە سیاسییەکانی نێوان هەرێمی کوردستانو تورکیا 1991- 1998، مەڵبەندی کوردۆلۆجی، 2007.
192. واحید عومەر محێدین: دانوستانەکانی بزوتنەوەی رزگاریخوازی نەتەوەیی کوردو حکومەتەکانی عێراق (1921-1968)، سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجی کوردستان، سلێمانی، 2006.
193. یاسین سەردەشتی: کوردستانی ئێران لێکۆڵینەوەیەکی مێژوویی لە جووڵانەوەی رزگاریخوازی نەتەوەیی گەلی کورد (1939-1979)،چاپی دووەم، چاپخانەی سیما، سلێمانی، 2011.
194. یوست هیلتەرمان: کارێکی ژەهراوی ئەمەریکاو عێراقو گازبارانی هەڵەبجە، وەرگێرانی، محەمەد حەمەساڵح تۆفیق، چاپخانەی کۆمپانیای ئاوێنە، 2008.

ب- بە زمانی عەرەبی:

195. ابراهيم خليل احمد و خليل علي مراد: ايران و تركيا دراسة في التاريخ الحديث والمعاصر، دار الكتب للطباعة والنشر، الموصل، 1992.
196. ابو سيد قطب فاتح كريكار: الحلقة المفقودة بين بن لادن و صدام حسين، الطبعة الاولى، الدار الاندلسية، لندن، 2004.
197. اسماعيل صبري مقلد: العلاقات السياسية الدولية، دراسة في الاصول والنظريات، الطبعة الخامسة، منشورات ذات السلاسل، الكويت، 1987.
198. أسيمة جانو: التاج الايراني، الطبعة الاولى، مكتبة مدبولي، 1987.
199. امال السبكي: تاريخ ايران السياسي بين الثورتين، (1906-1979)، سلسلة عالم المعرفة 250، الكويت، 1999.
200. ايوب بارزاني: الحركة التحررية الكوردية و الصراع القوى الاقليمية والدولية 1958-1975، دار نشر حقائق المشرق، جنيف، 2011.
201. بيتر جي. لامبرت: الولايات المتحدة والكورد دراسة حالات عن تعهدات الولايات المتحدة، ترجمة، مركز الدراسات الكوردية وحفظ الوثائق/ جامعة دهوك، الطبعة الاولى، مطبعة خاني، دهوك، 2008.

202. تشارلز تريب: صفحات من تاريخ العراق، بحث موثق في تاريخ العراق المعاصر منذ نشوء الدولة الحديثة حتى اواسط 2002، ترجمة، زينة جابر ادريس، الطبعة الاولى، الدار العربية للعلوم، بيروت، 2006.

203. تيرى كوفيل: ايران الثورة الخفية، ترجمة، خليل احمد خليل، الطبعة الاولى، دار الفارابى، بيروت، 2008.

204. بيروز مجتهد زاده: الخلافات الحدودية والاقليمية بين العرب والايرانين، الورقة الايرانية، فى كتاب العلاقات العربية- الايرانية الاتجاهات الراهنة وافاق المستقبل، بحوث و مناقشات الندوة الفكرية، الطبعة الثانية، مركز دراسات الوحدة العربية، بيروت، 2001.

205. جبار قادر: قضايا كردية معاصرة، كركوك- الانفال- الكرد وتركيا، الطبعة الاولى، مطبعة وزارة التربية، اربيل، 2006.

206. جرجيس حسن: تركيا فى الاستراتيجية الاميركية بعد سقوط الشاه، الطبعة الاولى، د. م، 1990.

207. جليلى جليل واخرون: الحركة الكردية فى العصر الحديث، ترجمة، عبدى حاجى، الطبعة الاولى، دار الارزى، بيروت، 1992.

208. جمال نبز: المستضعفوت الكرد واخوانهم المسلمون، الطبعة الاولى، من منشورات كوردنامه، لندن، 1997.

209. جواد هاشم: مذكرات وزير عراقى مع البكر وصدام ذكريات فى السياسة العراقية: 1967- 2000، الطبعة الاولى، دار الساقى، بيروت، 2003.

210. حازم صاغية: بعث العراق، سلطة صدام قياما وحطاما، الطبعة الثانية، دار الساقى، بيروت، 2004.

211. حامد محمود عيسى: القضية الكردية فى العراق من الاحتلال البريطانى الى الغزو الامريكى 1914- 2004، الطبعة الاولى، مكتبة مدبولى، القاهره، 2005.

212. حامد محمود عيسى: المشكلة الكردية فى الشرق الاوسط منذ بدايتها حتى سنة 1991، مكتبة مدبولى، مطبعة اطلس، القاهرة 1992.

213. حبيب محمد كريم: تاريخ الحزب الديمقراطى الكوردستانى- العراق (فى محطات رئيسية) 1946- 1993، الطبعة الاولى، مطبعة خەبات، دهوك، 1998.

214. حسن كريم الجاف: الوجيز في تاريخ ايران، دراسة في التاريخ السياسي من سقوط الدولة القاجارية وظهور رضاه شاه الى سقوط النظام البهلوي في عهد محمد رضا شاه وقيام الجمهورية الاسلامية، الجزء الرابع، الطبعة الاولى، مطبعة مؤسسة اراس، اربيل، 2008.

215. خالد يحيى العزي: مشكلة شط العرب في ظل المعاهدات والقانون، دار الحرية للطباعة، بغداد، 1980.

216. خليل ابراهيم الناصري: التطورات المعاصرة في العلاقات العربية- التركية، مطبعة الراية، بغداد، 1990.

217. ديفيد ادامسن و جرجيس فتح الله: الحرب الكردية وانشقاق 1964، الطبعة الثانية، مطبعة الوزارة التربية، اربيل، 1999.

218. رشيد الخيون: لاهوت السياسة الاحزاب والحركات الدينية في العراق، الطبعة الاولى، منشورات الجمل، بغداد، 2009.

219. ريبوار كريم محمود: العلاقات العراقية- الامريكية منذ عام 1989و افاقها المستقبلية، مركز كردستان للدراسات الاستراتيجية، السليمانية، 2007.

220. سالار اوسي: جلال طالباني احداث ومواقف، الطبعة الاولى، دار ابعاد للطباعة والنشر، بيروت، 2008.

